# واتە

10

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

ئایار ٢٠١١

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن : 35 49 224 66 (0) 00964

*واتە بۆ ئەوانەیە کە*
*دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان*

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل
بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد. بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## شاعیرێکی هەجووکاری کورد

س. ج. ئەدمۆندس

١

لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم بنەماڵەی سەربەخۆی بەبە لە کوردستانی خوارووی خواروودا فەرمانڕەوا بوو. ئەو درەختە (شەجەرە)ی خوارەوە کە بەشی زۆری لەسەر زانیارییەک هەڵچنراوە، لە کتێبی "مێژووی فەرمانڕەوایانی بابان(*) لە شارەزوور و ئەردەڵان"ی سەیید حوسەین موکریانی (ڕواندز، ١٩٣١) وەرگیراوە، پێوەندی و زنجیرەی جێگرتنەوەی ئەمیرە هەرە گرنگەکان پێشان دەدات.

لە خاناوە ئیتر هەموو فەرمانڕەوایەک لەقەبی پاشای هەبوو. مێژووەکان تەنیا وەک نیشانەی گشتی دیاری کراون. ماوەی حوکمڕانییەکان بەردەوام و پێوەست نین؛ لە گۆڕینی ساڵی کۆچی (هیجری)دا بۆ ساڵی مەسیحی هەمیشە دەشێ یەک ساڵ هەڵە ڕوو بدات، مەگەر ڕۆژی مانگەکە بزانرێت؛ لە هەندێ باری دواتردا، لێتێکچوون لەنێوان کۆچی و ساڵنامەی تورکیی ڕوومیدا ڕەنگە ببێتە هۆی (هەڵەی) ساڵێکی تریش. بە هۆی ناکۆکیی ناوخۆی بنەماڵەکەوە، وەک ئەنجامێکی دوژمنایەتیی تورکیا و ئێران، گەلێ لە حوکمڕانییەکان لە جارێک زیاتر ناوبڕ کراون؛ زۆر لە فەرمانڕەواکان لە جارێک زیاتر دەستەڵاتیان گرتووەتە دەست. بەو جۆرە وا ڕووی داوە کە حوکم لەناو حوکمدا هەبووە و دیارە کە لەوانەیە بیر و بۆچوونی جیاوازیش هەبێت لەسەر ئەوەی کە چی بە جیابوونەوەی کاتەکی دابنرێت و کارکردی دانیشتن لەسەر تەخت چییە. گۆڕانی بەردەوام لە ١٧٦٣وە تا ١٧٧٨ و لە ١٨١٣وە تا ١٨٤٧، بە تایبەت، بە هیچ جۆرێک هیی هەڵاواردن نییە. هەندێ لەو مێژووانەی دراون بە دڵنیاییەوە ڕاستن؛ دەکرێ دانیشتنی ئەحمەد پاشا لەسەر تەخت

................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد شاکەلی

باس بکرێت چونکە لەم مێژوونیگارەدا کە نالیی شاعیر داینـاوە ئەوە چەسپێنراوە:

شاهی جەمجا نالییا، "تەئریخی جەم" تەئریخییە

بەپێی سیستێمی (حیسابی) ئەبجەد تێکڕای نرخی حەرفە عەرەبییەکان کە لە وشەکانی (تەئریخی جەم: تاریخ جم)دا هەن، کە بە گوێرەی بنەماکانی نووسینی فارسی، نەک کوردیی تازە، نووسراون، دەکاتە ١٢٥٤، واتە ١٨٣٨ی زایین.

ناوەندی یەکەمینی حوکمی بەبە قەڵاچوالان بوو، کە هێشتایش کەلاوەکانی لە نزیکی دێی چوارتا، کە ئێستا بارەگای کارگێڕیی قەزای شارباژێڕە، دەبینرێن. ئیبراهیم پاشا، کە ساڵی ١٧٨٣ چووە سەر تەخت، نزیکەی دوانزدە میل پێتەختەکەی بەرەو باشووری ڕۆژاوا گواستەوە، لەودیوی زنجیرە شاخی ئەزمڕەوە، بۆ گوندی مەڵکەندی، لە دەشتی بە پیت و بەرەکەتی شارەزوور، و شارێکی تازەی دامەزراند، بە گشتی وا باس دەکرێ کە خۆی، بە ناوی پاشای ئەو کاتەی بەغدادەوە، ناوی ناوە سولەیمانی؛ قسەیەکی وا لەناو کورددا هەیە و ماوەتەوە گوایە جێگاکە هیی سولەیمانییەکی پێشتر بووە کە سولەیمانی بەبە دایمەزراندووە؛ مەڵکەندییش هێشتا ماوە و گەڕەکێکی شارەکەیە.

لە ماوەی دووەمی ئەو هەرا و ئاشووبەی لە سەرەوە باس کرا سەربەخۆییی کورد زیاتر و زیاتر سازشی لەسەر کرا. لەگەڵ ئەوەیشدا هەتا دوایی سیمای کارگێڕییەکە هەر بە دەست بەبەوە مایەوە و حاکمەکان لەشکری ڕێکخراوی خۆیان و نیشانە ڕواڵەتییەکانی پاشانشینێکی بچکۆلەیان هەر هێشتەوە. لە کۆتاییدا، ساڵی ١٨٤٧، ئەحمەد پاشا لە نزیکی کۆیە بەرانبەر نەجیب پاشای بەغداد شکا و خانەدانی ئەمیرانی بەبە گەیشتە کۆتایی. عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد، کرا بە فەرمانداری سلێمانی، بەڵام وەک کارمەندێکی تورک، بە پلەی قایمەقام؛ ساڵی ١٨٥١یش لەسەر کار لا برا و تورکێک لە جێگەکەی دانرا.

کلاودیوس جەیمس ریچ، نوێنەری شکۆمەندی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندستان لە بەغداد، کە ساڵی ١٨٢٠ سەری لە سلێمانی داوە، لە کتێبی "چیرۆکی مانەوەیەک لە کوردستان"دا گێڕانەوەیەکی زیندووی دیوانی بەبەی سەردەمی حوکمڕانیی مەحموود پاشای بۆ بە جێ هێشتووین. (جێگای تێڕامانە کە دەبینین لە تۆماری "تاریخ و ڕاستی لەبارەی مێژووی کوردستانەوە" کە لە لاپەڕەی ٣٨٥–٣٨٧ی بەرگی یەکەمدا تەرجەمە کراوە، لە ساڵی ١١٩٩ی کۆچیدا، کە دەکاتە ١٧٨٤ی زایین، نووسراوە "دامەزراندنی سولەیمانییە بۆ جاری دووەم". کاپتێن ڕ. میگنانی سوپای بۆمبای، لە بەهاری ١٨٣٠دا، چاوی بە سولەیمان پاشای برای مەحموود کەوتووە کە لەسەر تەخت بووە؛ لە گێڕانەوەیەکی لاوازی کەمبەخشدا دەڵێ حوکوومەتەکە "لەلایەن پاشایەکەوە دەبرێ بە ڕێوە، کە لە بنەچەدا کوردە و نە ژێردەستەی تورکە و نە هیی ئێران" (سەفەرێکی زستانە، پاژی دوانزدە). ج. بەیلی فرەیزەر لە بەهاری ١٨٣٤دا وەسفی "دەوڵەتی بچکۆلە"ی سولەیمانی دەکات وەک "نێچیری کۆمەڵێک بەدبەختی و نەکبەتی کە هیچی لێ نەهێشتووەتەوە و کردوویەتی بە هەژاری و ناکامییەکی

تەواو،" لە وەسفی سولەیمان پاشایشدا دەڵێ "کەسێکی دۆستانە بوو" بەڵام بە دەست داوا ناکاتەکانی ئێرانەوە هەراسان بووە (سەفەر بۆ کوردستان، میسۆپۆتامیا، هتد، نامەی شەشەم).
فێلیکس جۆنز بە هاوڕێتیی سێر هینری ڕاوڵینسۆن لە ئەیلوولی ١٨٣٤دا چووەتە سولەیمانی و لە "سەفەر بەناو چەند بەشێکی ئێران و کوردستاندا" بە باشە باسی حوکمڕانی ئەو کاتە، ئەحمەد پاشا دەکات و ئەوە لەبارەیەوە دەگێڕێتەوە کە لە ماوەی ساڵێکدا کە هاتبووە سەر تەخت "هێزێکی شایانی ڕێزی پێکەوە ناوە، بەپێی تاکتیکی ئەوروپایی ڕێکی خستووە، لەم کاتەدا دەگاتە نزیکەی هەشتسەد پیاو."

کوردی شارەزوور لەو ڕووەوە لە دەراوسێ فارسەکانیان دەچن کە وا دیارە بەهرەی "وتن"ی شیعرێکی تا ڕادەیەک باش لەناو خوێندەوارەکاندا بڵاوە و هەیە، بەڵام لەناو نەخوێندەوارەکانیشدا دەگمەن نییە. لە سەردەمی حوکمڕانیی بەبەدا دەستەیەکی چاکی شاعیران لە دیوانی سولەیمانی و لە ناوچەکانی سەر بە سولەیمانیدا گەشەی کرد. شیعرە چاک و خۆشویستراوەکان یا بە شێوەی دەفتەری دەستنووس، کە پێی دەگوترێ بەیاز، یا بە زارەکی گەیشتووەتە ئێمە. دیوانی، واتە سەرجەمی کارەکانی، دوو لەم شاعیرانە، مەولا خزر "نالی" (١٧٩٧-١٨٥٥)، کە پێشتر لە باسی ئەو مێژوونیگارەدا کە کاتی ئەحمەد پاشای دیاری کردووە، ناو برا، هەروەهایش موستەفا بەگ "کوردی" (١٨٠٩-١٨٤٩)، لەم ماوەیەدا لە چاپخانەی داروسسەلام لە بەغداد بڵاو کرانەوە. دیوانی دوو شاعیری دیکەیش لە عیراق بڵاو کراونەتەوە: هیی شێخ موحەممەد "مەحوی" (١٨٣٥-١٩٠٩)ی خەڵکی سولەیمانی، لە چاپخانەی حوکوومەت، سولەیمانی، ساڵی ١٩٢٢؛ هەروەهایش دیوانی حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٤)، کە بەشی زۆرترینی ژیانی خۆی لە کۆنستانتینۆپڵ بردە سەر و هەر لەوێیش مرد، لە چاپخانەی داروسسەلام، لە ساڵی ١٩٢٥دا.

قوتابخانەی تازەی خاوێنخوازانی کورد خۆشەویستییەکی کەمیان لا ماوە بۆ پارناسییانی پێش شەڕ بە شێوەی نەگۆڕی شیعر و زمانی تێکەڵ لە وشەی عەرەبی، فارسی و تورکییانەوە شانبەشانی وشەی کوردی. بەڵام، بە لای کەمەوە، دوو لەو شاعیرانە وا دیارە هێشتا هەر خۆشەویستن: حاجی قادری کۆیی کە لە سەرەوە باس کرا، لەبەر هیچی دیکەی تایبەت نەبێت لە شیعرەکانیدا، لەبەر ئەو نیشتمانپەروەرییە بەهێزەی کە ئاوازێکی دەگمەن دەدا بە گوێی کوردیدا لە هەژارترین جێگەدا لەناو گردەکاندا؛ هەروەهایش شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کە بابەتی ئەم نووسینەیە.

٢

شێخ ڕەزا بە زمانانی فارسی و عەرەبی و تورکی، هەروەهایش بە کوردی دەینووسی. سەرجەمی کارەکانی چاپ نەکراوە، بەڵام چەند نموونەیەکی شیعرەکانی لە گۆڤاری "دیاریی کوردستان"دا هەن، کە لە بەغداد، لە مارتی ١٩٢٥ەوە تا مایسی ١٩٢٦ بڵاو کرایەوە، هەروەهایش لە "ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد"دا، ئانتۆلۆگییەکی شاعیرانی کورد، ئەمین فەیزی ئامادەی کردووە و

له کۆنستانتینۆپڵ، ساڵی ١٩٢١، بڵاو کراوەتەوە؛ لەمەی دواییدا پانزدە شیعری شێخ ڕەزا بە کوردی، چەند نامەیەکی کێشدار بە فارسی و هەندێ پارچە بڵاو کراونەتەوە. شیعرە کوردییەکانی کە لە بەردەستدان وا دیارە دەکرێن بە پێنج بەشی سەرەکییەوە: (١) ژیننامە و بیرەوەری؛ (٢) دڵداری؛ (٣) هەجوو و دوژمنایەتیی عەشیرەتی؛ (٤) نامەی سواڵکردن، زۆرجار لەگەڵ مەدح و پەسندان یا هەڕەشەدا؛ (٥) هەجووی خەڵکی پیسکە. ناوبانگی گەورەی ئەو، ئەو شتەیە کە ڕەخنەگرانی فارس پێی دەڵێن ''زور کلام''، واتە هێزی وشە و دەربڕین. بە داخەوە ئەم تایبەتمەندییە ڕەنگە بە تەواوی ون ببێت لەو وەرگێڕانە نزیک و وشە بە وشەیەدا کە پێڕۆیی دەکەم، بۆ ئەوەی دڵکێشییەکی زیاتر بۆ تێکستی کوردی لای خوێنەرانی زۆروزەبەندی گۆڤارەکە دروست بکەم، ئەوانەی فارسی یا پەشتۆ دەزانن.

لە کوردستان لەقەبی ''شێخ'' وەک ئەوە نییە کە بە عەرەبی بە کاری دەبەن، واتە ئەندامی بنەماڵەیەکی حوکمداری خێڵەکی، بەڵکە مەعنای مامۆستای دینییە، بە زۆری لە یەکێک لە تەریقەتەکانی دەروێشیدا، یا نەوەی ئەمانە. شێخ، وەک مامۆستایەک، مورشیدە، واتە ڕێشاندەری ڕۆحی؛ شاگردەکەی موریدە؛ فێربوونەکە تەریقەتە، واتە ''ڕێگە، ڕێچکە''. مورید، شاگرد، دوای ئەوەی پەشیمانیی خۆی ئاشکرا دەکات (تەوبە)، تەریقەت لە مورشید ''وەردەگرێت'' و مورشید تەریقەت دەدات؛ کاتێک بە تەواوی شارەزایی لە زانیاری و کرداری تەریقەتدا پەیدا دەکات، لەوەیە ئیجازەنامەی پێ بدرێت و بەو جۆرە ببێتە خەلیفە، واتە جێنشین یا جێگرەوەی مورشیدەکەی؛ ئیتر ئەویش دەتوانێت تەریقەت بڵاو بکاتەوە و بەو شێوەیەیش دەبێتە ڕێشاندەری ڕۆحیی نەوەیەکی نوێی شاگرد و موریدان؛ ئەگەر خەلیفەی تازە مامۆستایەتییش بکات، بە گشتی لەقەبی شێخ وەردەگرێت. هەموو ئیجازەنامەیەکی وەها دەبێ زنجیرەی تەواوی خەلیفەکانی تێدا بێت تا دەچێتەوە سەر ئەبووبەکر یا عەلی بن ئەبی تالیب، ئامۆزا و زاوای موحەممەدی پەیامبەر، دەستەڵاتی هەرە بەرزی هەموو تەریقەتەکان. شێخێک کە شێخایەتیی لە باوک و باپیرانەوە بۆ مابێتەوە، هەر لەبەر ئەو هۆیە ناتوانێ ببێتە مورشید و بەو شێوەیەی باس کرا شاگرد وەربگرێت. سەیید، نەوەکانی پەیامبەر، وەک چاوەڕوان دەکرێت، زۆرجار تەریقەتێک وەردەگرن و زۆری پێ ناچێت دەبنە شێخ؛ ئەو شێخانەی کە هاوکات سەیید نین لە کوردیدا بەوە جیا دەکرێنەوە کە پێیان دەگوترێت شێخی بەرماڵ.

تەریقەتە دەروێشییەکانی کوردستان کە زۆرترین خەڵکیان هەیە قادری و نەقشبەندین. چەند ساڵێک لەمەوبەر لە کەرکووک هەندێ ئەندامی تەریقەتی ریفاعی هەبوون، بەڵام چونکە خەلیفەیەکی دەستەڵاتداریان نەبوو چراکە بگرێتە دەستەوە، ئەم تاقمە خەریکە لە خوارووی کوردستان لە ناو بچیت، ئەگەر نەڵێم هەر پێشتر لە ناو چووە. دەڵێن ڕیفاعییەکان هونەری سەیر پێشان دەدەن و بە تایبەت بەوە ناسراون کە مارگەزراو و هار چاک دەکەنەوە.

شێخانی تاڵەبانی قادرین. ڕەزا خۆی دامەزرانی ئەم بنەماڵە شێخەی تۆمار کردووە:

خودا، وەختێ کە حەز کا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنوود
لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقسوود
لە هیندستانەوە شەش مانگە ڕێ تا خاکی کوردستان
خودا شێخ ئەحمەدی هیندیی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود،

مەلا مەحموودی زەنگەنە...

شاعیر لە سەری دەڕوا و وەسفی ئەوە دەکات چۆن حەوش و دیواری گۆڕەکەی مەلا مەحموود بەردەوام بە زیکری دەروێشانەی یا هوو (ئەی ئەو) و یا مەعبوود (ئەی پەرستراو) دەنگ دەداتەوە و چۆن ئەو خەرقە (پاڵتۆ)ی شێخایەتییەی لە شێخ ئەحمەد وەرگیراوە، لە باوکەوە بۆ کوڕ ماوەتەوە تا گەیشتووەتە شێخ عەلیی برای؛ بەوەیش شیعرەکە دەبڕێنێتەوە داوای لێبووردن لەوە بکات کە ئەو خۆی شایانی ئەوە نییە سەر بەو خانەدانە بێت:

ڕەزاش لەو نەسلەیە؛ ببەخشە، یا ڕەب؛ چونکو قەت نابێ
گوڵی بێخار و بەحری بێبوخار و ئاگری بێدوود

لە کوردستان مامۆستایانی دینی، حەز دەکەن، یا حەزیان دەکرد، سامان کۆ بکەنەوە و دەسەڵاتی دنیایی وە دەست بهێنن. دوای دوو یا سێ نەوە ئەندامانی بنەماڵەی تاڵەبانی (ناوەکەیان لە ناوی دێی تاڵەبانەوە هاتووە، ئەو جێیەی مەلا مەحموودی لێ مرد و کوڕەکەی و خەلیفەکانی لە سەرەتاوە وەک مامۆستا دەستیان پێ کرد) خۆیان دامەزراند و بوون بە خاوەنی چەند گوندێک لە ناوچەی قەرەحەسەن، گل و تاوق، ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک، ئەمبەر و ئەوبەری ڕووباری سیروان (دیالا)، لەنێوان کفری و خانەقیندا و، لە سەرەوە لە کۆیە؛ بەو شێوەیەیش سیفەتی سەرۆکخێڵ و سەرۆکعەشیرەتیان وەرگرت. کاتێک هێزەکانی بریتانیا ساڵی ١٩١٨ کەرکووکیان داگیر کرد، شێخ حەمیدیان دۆزییەوە، کوڕەزای مولا مەحموود و ئامۆزای هەقی شێخ ڕەزا، کە وریاترین و کاریگەرترین کەسایەتیی هەرێمەکە بوو.

بەپێی قسەی خزمەکانی، شێخ ڕەزا ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی (١٩١٠ی زایین) لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا مردووە. بەم جۆرە ساڵی لەدایکبوونی دەبێتە ١٨٤١ یا ١٨٤٣، بە گوێرەی ئەوەی تەمەنی بە ساڵی هەتاوی یا مانگی بژمێردرێت. لەبەر ئەوە لەوانەیە هەندێک بیرەوەریی منداڵانەی لەبارەی شکۆمەندییەکانی دیوانی بەبەوە لە بیر مابێت، وەک لەم شیعرەدا وای نیشان دەدات:

لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو؛
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو.
لە بەر قاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید؛
موتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو.
لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا؛
سەدای مۆزیقە وو نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو.

دریّغ بۆ ئەو زەمـــانە، ئەو دەمــە، ئەو عــەســـرە، ئەو ڕۆژە،
کــە مــەیدانی جـریدبازی لە دەشــتی کـانیـئـاسکان بوو.
بە زەربی حــەملەیێ بەغدایی تەسـخـیـر کـرد و تێی هـەڵدا
سلێـمــانـی زەمــان، ڕاســتت دەوێ، باوکی سلێـمـــان بوو.
عـــەرەب! ئینکاری فـــەزڵی ئێـــوە ناکـــەم؛ ئەفـــزەڵن ئەمما
سـەلاحەددین، کە دنیای گرت، لە نەسلی کوردی بابان بوو.
قـــوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحـــمـــەت بێ؛
کـە بارانی کـەفی ئیـحـسـانیـان وەک هەوری نیـسـان بوو.
کــە عــەبدوڵلاهـ پاشــا لەشکری والیی سنەی شـــڕ کــرد،
ڕەزا ئەو وەختـە عومـری پێنج و شەش، تفڵی دەبستـان بوو.

گردی سـەیوان گردێکی بچکۆلەیە لە دەرەوەی سولەیمانی، کاتی خۆی، وەک ناوەکەی پێشانی دەدات، ئەو جـێیـە بوو کـە خـێوەتە گـەورەکـەی مـیـوانداریی لێ هـەڵدرابوو، ئێـستـا گـۆڕستـانە. کانیئاسکان، ئێستا بووەتە ناوی گەڕەکێکی شارەکە. ئەوڕەحمان پاشا، باوکی پاشایان سولەیمان و مەحـموود، ئەندامی سـەرەکیی هاوپەیمانییـەک بوو، کە سـاڵی ١٨١٠، بەغدادی گرت، کـوچک سولەیمان پاشای لەسـەر تەخت لابرد و عەبدوڵلا ئاغای لە جێگەکەی قـوت کردەوە، بەم ئاغـایە دەگـوترا توتونچی. ئەم ڕووداوە لەلایەن ج. م. کینـنەیرەوە باس کـراوە لە کـتێبی "بیـرەوەرییـەکی جیـۆگرافیی ئیـمپـراتۆریای ئێران، ١٨١٣"دا. سـەیید حوسـەین موکریانی مێژووی سـەرکـەوتنی عەبدوڵڵا پاشـا بە سـاڵی ١٨٣٩ی زایین دادەنێت، کە دەکاتە دوو سـاڵ پێش لەدایکبوونی شـاعیـر؛ ئەو ئازادییەی لە دیاریکردنی ڕاستییە مێژووییەکاندا بە کار هێنراوە، بۆ لێبووردن دەشێت لەبەر کەفوکوڵی نیشتمانپەروەرییانەی.

شێخ ڕەزا، کە گەنج بوو، بە گوێرەی سەردەمی خۆی سەفەرێکی زۆری کردووە. نزیکەی هەشت ساڵی لە کۆنستانتینۆپڵ بردووەتە سەر، لە سایەی سەروەریی کامیل پاشای گەورەوەزیردا؛ ماوەی دوو سـاڵ مامۆستـای فارسیی کوڕەکانی خدێویی میسر بوو؛ چوو بۆ مـەککەیش بۆ بەجێهێنانی ئەرکی حەج. لە دواییدا لە شاری کەرکووک، لەناو خزمەکانیدا، نیشتەجێ بوو.

ئەم چیرۆکەی خوارەوە، کە دژی خۆیشیەتی، لەبارەی ڕووداوێکەوە لەگەڵ برازاکەیدا، وەک ئەو دوو شیعرەی پێشووتر، دەکەوێتە بەر بەشی یەکەم:

برازا عەزیزەکەم
ڕووم کـردە بەزمی خـاسی برازا عــەزیزەکــەم
ئەمشەو، بە سەد تەوازوع و ئیخلاس و سەرکزی.

نوارِیم لە درزی قـاپیــیـەوە، خــۆی و تابیــعــان
دانیــشــتــبـوون دووڕیزە لە دەوری خلەی کــەزی.
دەتوت تەمێ کـرابوو بە مـەخـسـووسـی قـاپیـەوان؛
خۆی کرد بە نێرەتورک و وتی: "کیم بیلیر سزی؟"
پێم وت: "مـنم، فـلانەکـەسم، مـامـە شـێخ ڕەزام؛
بیلمەزمیسین، خومەییس ئەفەندی، مەگەر بیزی؟
ئەم ســەددی بابە بۆ منـە؟ ئیــزهـار کــە تـا بڕۆم،
یان مەرحـەمەت کە، حیزە، لە سەرما گونم تەزی.
وەختێ کـە لەم مـوعـامـەلە زانیم غـەرەز چییـە،
دەرحـــاڵ گـــەڕامــە دواوە، ئەمما بـە عــاجـــزی.

ئەم خـزرە حـەکایەتخـوێنێکی نـاودار بوو، چیرۆکی خۆشی دەگێڕایەوە. لەو وڵاتانەدا کـە ناسناو (پاشناو، نـاوی خـانەوادە) نییـە، ئاسـاییـە پیـاوێک بە ناوی خـۆی بناسـرێتـەوە و بە دوویدا نـاوی باوکی بهـێنرێت. لە کـوردسـتـان، نائـاسـایی نیـیە، وەک لەم بارەدا، کـە پیـاوێک بە نـاوی دایکیـەوە بنـاسـرێت. زانـای کــورد ســەرنجی ئەوەی داوە کـــە دوو جـار ئازادیی بچــووکم داوە بـە خـــۆم لە تەرجەمـەکردنی دێڕی پێش دوایین بەیتدا. ئەو جۆرەی کە ئێمـە شێخ ڕەزا دەناسین، وای بۆ دەچین ئەو کەمتر بە هەڵسوکەوتی بێڕێزانەی برازاکەی تووڕە بووە، وەک لەوەی چیرۆکەکـانی خزری لە دەست دەرچوون.

لەو تاکە شیعری دڵدارییەدا کـە لە ئەنجومـەندا بڵاو کراوەتەوە، هیچ شـتێکی ڕەسـەن و خۆش نییە کە تایبەتی بێت.

بنەماڵەی تاڵەبانی تـەقریبـەن هـەمیشـە دوژمنایەتیی لەگەڵ دراوسێ خێڵـەکییـەکانیدا هـەبووە. ڕەنگە یەکـێک لە بـەرهـەمـە هـەرە ناودارەکـانی شـێخ ڕەزا دانـەیەک بێت سـەر بە بەشی سـێـیـەمـە، شـیـعـرێکە لە ١٠٢ دێڕ پێک هاتووە، وای پێـشـان دەدات کـە باسی باوەڕ و بۆنە دینییـەکـانی کۆمەڵگەی ئەهلی حەق دەکات، کە لەناو خەڵکدا بە عەلیئیلاهی ناسراون (یەکێ لە هاوسێکان سەر بەم کـۆمـەڵگەیە بوو)، بەوە تەواو دەبێ کـە وەسـفـێکی بەزم و عـەیش و نۆشی ئەو کـۆمـەڵگەیە لە تاریکیدا دەکات. ئەوان و زۆربەی گرۆ نهێنییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕۆژاوا، پێم وایە، بە هەڵە تاوانبـار دەکرێن. من هـەرگیز لە هیچ ئـەدەبێکدا پارچەشیعرێکی وەسفکردنی وەهام نەبینیوە کـە هـاوکـات هێندە (دەبێ پێی لێ بنرێت) بە شـێـوەیەکی سـەرنجـڕاکێش بەهێـز بێت و هێندەیش ئاوڕووبەرانە بێت. زۆر چاکە، کە لە هیچ کام لەو کۆمەڵە بەرهەمـانەدا کە بـاس کران، نەبینراوە، بەڵام دەگوترێت ساڵی ١٩١٩ لە کۆنستانتینۆپڵ، لە وەرزنامەی کوردستاندا بـڵاو کراوەتەوە. دەبێ لە دڵەوە هیوادار بین ئـەم شیعرە حەیابەرە، ئەو ڕۆژەی کاتی ئەوە دێت، ئەگەر وا ڕووی دا، دیوانی

شێخ ڕەزا بڵاو بکرێتەوە، جارێکی دیکە بە چاپکراوی نەکەوێتە بەرچاو. ئەو نوسخە دەستنووسەی لای منە، بە هەر حاڵ، بە وریایی قایم دەکرێت و هەڵدەگیردرێت. لە ئەنجومەندا شیعرێکی کورتی هەر لەم بابەتە هەیە باسی سەرکەوتنی تاڵەبانی دەکات بەسەر هاوپەیمانییەکی سێ عەشیرەتدا. بەڵام ئەمەیش، بە هۆی ئەوەوە کە لە دیمەنی پیلانگێڕییەکەدا هێمای بریندارکارانەی بۆ دینی ئەهلی حەق تێدایە، هەروەها لەبەر وەسفکردنی ناشیرینی نیشانەکانی ترس کە لە هاوپەیماناندا دەرکەوتن کاتێ گەنجانی تاڵەبانی هێرشیان کردە سەریان، من ناتوانم بیگوێزمەوە ئێرە.

لە خوارەوە سێ نموونەی کورتی نامەی داواکردنی کۆمەک (نامەی سواڵکردن)، کە سەر بە بەشی چوارەمن، دەخوێنینەوە. یەکەمیان پارچەیەکی هەڕەشەکارییە؛ سێیەم، ئەگەر هەڕەشەیش نەبێت، وای دادەنێت کە ملدان شتێکە بێ ئەملا و ئەولا؛ پەسندان (مەدحکردن) هەر بە سروشتی خۆی دڵکێش نییە و هیچ نموونەکیش نییە بە تایبەت شایانی بڵاوکردنەوە بێت.

بەرخەنێر

قەومەکان، بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخەنێریێ گەر نەنێریێ هەر کەسێ خاوەنمەڕە،
دێم بە گژیا، دەیدڕم، گەر فیلمەسەل شێری نەڕە.
با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بزنێ شەل و کاوڕێ گەڕ و بەرخێ لەڕە.

کەڵەشێرێ

کەڵەشێرێ بە ڕەزا لازمە، کرماشانی
زیرەک و چابوک و دەمگەرم و دڕ و شەڕانی؛
کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر،
پڕ بە دەم بیپچڕێ وەک سەگی هەورامانی
کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف
ڕایرفێنێ بە شەقێ میسلی کەری تاڵانی؛
بە درێژی وەکو مەولان بەگەکەی میری بەیات
بە جەسامەت وەکو کوێخا زلەکەی بیبانی.
ئەی نەقیبزادە، بنێرە کەڵەشێرێکی وەها
بۆ ڕەزاکەی سەگەکەی قاپییەکەی گەیلانی

هەورامان ئەو بەشەی زاگرۆسە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دۆڵی شارەزوور؛ لە مەودایەکدا لووتکەی شاخەکە بووەتە سنووری نێوان عیراق و ئێران. مەبەست لە ئیشارەتکردن بۆ کەری

تالآنی ئەوەیە کە لە هەموو کاتێکدا زەحمەتە زۆری لێ بکەیت بڕوات؛ هەموو منداڵێکی کوردی خوێندنگە ئەمە دەزانێت، هەوڵێکی گەورەی مرۆڤانەی دەوێت، بتوانیت کەرێکی تالآنکراو بدەی لە بەر، پێش ئەوەی ئەوانەی کەوتوونەتە دوای تالآنکاران (خاوەنەکان) بیانگەنێ. بەیات خێڵێکن دەڵێن لە بنەچەدا لە خۆراسانەوە هاتوون، ئێستا بەشێکیان بە تورکی قسە دەکەن و بەشێکیان بە عەرەبی، لە نزیکی تووزخورماتوو، باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووک دەژین. بیبانی گوندێکە لەنێوان کەرکووک و ئاڵتوون کوێپرو. لەو بەیازەدا کە لە پاشنووسی ئەم وتارەدا باس کراوە چوار دێڕی زیادە هەیە لەنێوان دێڕی هەشت و دێڕی نۆدا، کە ئەمین فەیزی، دیارە جێیی سەرسووڕمان نییە، لە ئانتۆلۆگییەکەی خۆی دەریهاوێشتووە. نەقیبزادە، کە نامەکەی بۆ نێردراوە، سەیید نووریی نەقیبە، کە ئێستایش لە سلەیمانی دەژی. ئارامگا و مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا بارەگای تەریقەتی دەروێشانەی قادرییە.

تووتن

تۆ کەمنەزەری دەرهەقی من ئێستەکە ئاغا؛
من ماوە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا؛
بۆ تووتنەکەی بێشەمە وو شاور و شێتنە
شێت بووم و نەهات؛ وەختە دڵم دەرچێ لە داغا؛
جاران چ بە جاغ و چ بە بار بۆت ئەهەناردم
نایەنێری ئەمێستە نە بە بار و نە لە جاغا.
ڕێی نەوتەکە، باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی،
ڕێی خاسە بە شەو خاڵییە، با بێ بە بلاغا.

دەڵێن ئەم نامەیە بۆ حاجی ئەسعەد ئاغای حووەیزیی کۆیسەنجاق نووسراوە. شاور دۆڵێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کۆیەوە و تووتنی شاور بەرزترین پلەی تووتنی کوردییە. شێتنە دێیەکە؛ بێشەمە ناوی تووتنێکە بۆنێکی تایبەتی خۆشی هەیە. ڕێگای چاڵەنەوتەکە لە ڕۆژاواوە دەهاتە ناو کەرکووک، لەو جێگایەوە کە ئێستاکە کێڵگەی کۆمپانیی نەوتی عیراقە. خاسە ئەو چەمە پان و بەردینەیە کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دێت و بەناو کەرکووکدا دەڕوات، زۆرجار وشکە. بلاغ کانییەکە لە داوێنی ئەو گردەدا کە کڵێسا کۆنینەکەی شەهیدانی کەرکووکی بەسەرەوە بوو. کڵێساکە ساڵی ١٩١٨ بە تەواوی ڕووخا کاتێک سەرانگوێلکی جبەخانەیەکی تورکی تەقییەوە. گەڕەکی ژووروی شارەکەیش بە ناوی ئەو کانییەوە ناو نراوە. دێڕی پێنج و شەش لە ئانتۆلۆگییەکەدا نین؛ لەبەر ئەوەی لە بەیازەکەدا هەبوون، لێرەیش زیاد کراون. هەر بە یارمەتیی ئەو بەیازە یەک دوو وشەیەک ڕاست کراونەتەوە لە جێگەی دیکەدا.

لە کۆتاییدا، بۆ پێشاندانی بەشی پێنجەم، لە خوارەوە نموونەیەکی ڕێزنەگرانە دەگوێزمەوە، لەبارەی ئەسپێکەوە بە دیاری بۆی هاتووە:

ئێستری دیاری

میر بە سەد مننەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
چوارپەلی سست و سەقەت، ئەندامی هەر وەک عەنکەبووت.
خاوەنی ئالیکی، ناڵێم، پێ نەداوە موتڵەقا
داویەتێ، ئەمما، وەکو بیستوومە قووتی لایەموت.
پشتی ڕێش و شانی زامدار و جەدەو بوو، ناعیلاج
چەند قرووشێکم هەبوو بۆم دا بە نەوت و عەنزەرووت.
سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بە حیججەت لێی نەوی،
کلکی دەرهێنا لە بن، ئەنجا بە ئاستەم گوێی بزووت.
گەرچی ناتوانێ ببزوێ، هێند لەڕ و کەمقووەتە،
دەنکەجۆیێکی نیشان دەی، تا قیامەت دێ لە دووت.
پووش لە لای حەڵوایە، حەتتا گەر پەڵۆشەی چنگ کەوێ،
بای دەدا، لوولی دەدا، قووتی دەدا مانەندی حووت.
گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجیننەی نێرە، چار ناکرێ مەگەر
شێخی ڕەففاعی عیلاجی کا بە ئەسمای جەلجەلووت،
مەسڵەحەت وایە هەتا نەیخواردووم، بینێرمەوە؛
زۆر دەترسم دەفعەیێ قووتم بدا، بمکا بە قووت.

ئەوەی ئەم نامەیەی بۆ نووسراوە میرانی خزر بەگی عەشیرەتی خۆشناوە، باپیرەی میرانی قادر بەگ، کە ئێستا وەک نوێنەری هەولێر ئەندامی پارلەمانە. مەبەستی دێڕی یەکەم ئەوەیە کە هێسترەکە نە لغاو و نە زین و نە جلێکی لەگەڵ نەبوو. دەڵێن عەنزەرووت گیایەکە گوڵێکی زەردی ژاراویی هەیە، لە شێوەدا لە گوڵی تووتن دەچێت؛ بە گشتی بۆ ئەم مەبەستە بە کار دەبرێت کە لێرەدا باس کراوە. تەریقەتی دەروێشانەی ڕیفاعی لە سەرەوە باس کرا. جەلجەلووت وا پێ دەچێت یەکێک بێت لە هەبووە ناسروشتییەکان کە لەبەر هێز و توانستیان بانگ دەکرێن (پەنایان بۆ دەبرێ).

٣

گیبۆن (لە کتێبی لاوازبوون و ڕمان، پاژی ٣٤دا) لەناو حەکایەتە بێتامەکانی سەرەتای مێژووی مەسیحایەتیدا، حەکایەتی لەبیرنەکراوی حەوت خەوتووەکەی ئێفێسوس جیا دەکاتەوە، ئەو حەوت گەنجە مەسیحییەی لە لایەن ئیمپراتۆر دێکیووسەوە، لە ئەشکەوتێکدا بەند دەکرێن و ئەوانیش ماوەی سەد و هەشتاوحەوت ساڵ دەخەون تا سەردەمی حوکمڕانیی تیۆدۆسیووس. ئەمە لە سوورەتی هەژدەیەمینی قورئاندا، سوورەتی ئەشکەوت، بە چاککارییەوە دووبارە کراوەتەوە. لەوێدا ماوەی خەوتنەکە کراوە بە سێسەد و نۆ ساڵ و وێنەیەکی جوانی لێ زیاد کراوە: ''سەگەکەیشیان

له بەردەرگا پاڵ کەوتووە و چوار پەلی لێ ڕاکێشاوە." لەبارەی ژمارەی "هاوڕێیانی ئەشکەوت"ەوە، کە ناوی خەوتووەکانە لەوێدا، قورئان دەڵێ:

هەندێ دەڵێن: "خۆیان سێ بوون؛ سەگەکەیشیان چوارەمین"؛

هیی دیکە دەڵێن: "پێنج بوون، سەگەکەیان شەشەم"؛

هیی دیکەیش دەڵێن: "حەوت، سەگەکەیشیان هەشتەم."

مەلایانی موسڵمان ئەمەیان وا تەفسیر کردووە کە ژمارەی هاوڕێیان سەگەکەیش دەگرێتەوە و لەبەر ئەوە، ئەویش بەر ئەو دڵنیاییە دەکەوێت کە دەچنە بەهەشت.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە بەغداد مرد و لە بارەگای مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا نێژراوە. بەردەنووسی کێلی گۆڕەکەی بە فارسییە و خۆی پێش مردنی هۆنیبوویەوە و ئیشارەت بۆ ئەم داستانە دەکات:

یا رسول الله! چه باشد، چون سگ اصحاب کهف

داخل جنت شوم در زمرهء احباب تو؟

او رود در جنت و من در جهنم کی رواست؟

او سگ اصحاب کهف و من سگ اصحاب تو.

## پاشنووس

دوای تەواوکردنی ئەم وتارە دەستم گەیشتە بەیازی شیعرەکانی شێخ ڕەزا کە لای شێخ حەبیبی تاڵەبانیی هاوڕێم بوو (شێخ حەبیب، وەک خۆی دڵنیای کردم، برای بچووکتری "برازا عەزیزەکەم"ـە، نەک خۆی). شێخ حەبیب وەک نوێنەری کەرکووک ئەندامی پارلەمانە و ئێستا (١٩٣٤) سەرۆکی شارەوانیی ئەو شارەیە. زەحمەتە یەکێک لە بنەماڵە گرنگەکانی باکووری عیراق، کورد بن یا هیی تر، لە زمانی تیژی ڕەزا ڕزگاری بووبێت. من لێرەدا تەنیا کارم لەگەڵ شیعرە کوردییە "هێمن"ـەکانیدا کردووە، ئەوانەی لە ئانتۆلۆگییەکە و لە دیاریی کوردستاندا هەبوون. خوێندنەوەی وردی بەیازەکە ئەوە پیشان دەدات کە شێخ ڕەزا هەموو ئەو شتانە بووە کە باسم کردن و بگرە زیاتریش. مرۆڤ سەری سڕ دەمێنێت لە وزەی نووسین، لە شارەزاییی وەستایانەی هونەری شیعر و لە بیری هێرشبەرانە کە هەر هەموو لەم پیاوە نائاساییەدا کۆ بوونەتەوە.

سەرچاوە:

C. J. Edmonds: A Kurdish Lampoonist: Shaikh Riza Talabani, Royal Central Asian Journal, Volume: 1935, number 1, February 1935, pp. 111-123

پەراوێز:

(*) شێوەی ڕاستینی کوردی(ی وشەکە) بەبەیە؛ بابان گۆڕانێکی فارسی یا تورکییە.

# سیاسەت و تەكنەلۆجیا و دیموكراسی

# "هزرگەلێكی بەرایی"

د. شێرزاد نەجار

پێشەكی

كۆمـەڵگەی هـاوسـەردەم بەوە دەناسرێتـەوە كە كۆمـەڵگەیەكی ئاڵۆز و تێكاڵاوە Complex و ژینگە مادی و كولتوورییەكەی (واتە بەها و بیروباوەڕ و ئاراستەكانیان)، بەخێرایی دەگۆڕێن.

لە سـەدەی نۆزدەمـەوە، مـەیلی تاكایـەتی (فـەردی) و بەهاگـەلی كێبـەركێ، ئەو شـێوازە باوەڕ و هزرییـانەن كە لەنێو ئەم كۆمەڵگانـەدا باڵادەستن. هـەروەها، چەمكەكانی دیموكراسی و بەشـداریی سیاسی و ئازادی، باوەڕە بنچینەیییەكانی هـاووڵاتییان پێك دێنن.

یەك لە ئەنجـامـەكانی دووەمین شـەڕی دنیایی، تـەقینەوەی شـۆڕشی زانسـتی بوو كە ڕێی خـۆش كرد بۆ قەڵەمبازێكی گەورەی تەكنەلۆجی و ئامێر و داهێنانی زۆر سەرنجڕاكێش كە گۆڕینێكیان لە چەندان چەمـكی سیاسـیدا لەگـەڵ خـۆیاندا هێنا (سـەرهـەڵدانـی چەمكی دەوڵەتی خـۆشگوزەرانی دەوڵەتی ڕەفـاهییـەت) و دیموكراسی (بادانـەوە بەرەو دیموكراسـیی كۆمـەڵایەتی و دیموكراسـیی ڕاوێژكاری).

ئەو گۆڕانـكارییـانە پێـوەندیی نێـوان سـیاسـەت (نەخـاسـمـە دیموكـراسی) و تەكنەلۆجـیا ڕوون دەكەنەوە، ئەو توێژینەوەیە، هـەوڵ دەدات ئەو پێوەندییە ڕوون بكاتەوە.

...............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدورەزاق عەلی

## واتەی سیاسەت

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا زۆر کەس هەوڵ دەدەن خۆیان لە دارەتی سیاسەت بدەن و بگرە "فەلسەفەش لێ دەدەن"، وەلێ، چونکە پسپۆڕ نین، بۆچوونەکانیان لەگەڵ واتەی ڕاستەقینەی سیاسەتدا نایەتەوە، بۆیە زەرووره واتەی سیاسەت ڕوون بکرێتەوە. سیاسەت، وەک فەیلەسووفی بەناوودەنگی یۆنانی ئەرستۆ تالیس (ساڵی ٣٢٢ پ. ز مردووە)، ناوی ناوە، شای زانستان، ئەم ناولێنانە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانستێکە کۆمەڵگەی پێ بەڕێوە دەبرێ کە باڵاترین و شەرفمەندانەترین کار و ئەرکە. لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، پێویستە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە لە بەرچاو بگیرێ، هەر بۆیە سیاسەت پێوەستە بەبەرژەوەندیی هاوبەش و قازانجی هاوبەشەوە. سیاسەت، واتە؛ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتیی هاوولاتییان کە (وەک فەیلەسووفی فرەنسایی جان جاک ڕۆسۆ جەخت دەکاتەوە)، ئیرادەیەکی هاوبەشیان هەیە کە پێوەستە بەقازانجی هاوبەش و بوونی هاوبەش و داکۆکی لە کۆمەڵگە، بێ ڕەچاوکردنی ئەو بەرژەوەندیی و قازانجە هاوبەشە، قسەکردن لەبارەی سیاسەتەوە، قسەیەکە لەبارەی هەموو شتێکەوە، سیاسەت نەبێ.

بەجێگەیاندنی ئەرکە سیاسییەکان، واتە؛ دەستپێوەگرتنی قازانجی گشتی، ئەمەش، پێویستی بەوەیە کە ئەوانەی سیاسەت دەکەن چەند خەسڵەتێکیان تێدا بێ، گرینگترینیان: ئەخلاقە، ئاخر جێبەجێکردنی بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی، بۆ خۆی ئەخلاقە.

بەم شێوەیە، سیاسەت، چالاکییەکی مرۆڤانەیە لە پێناو قازانج و بەرژەوەندیی گشتیی هاوبەش و پاراستنیدا[١].

## واتەی تەکنەلۆجیا

تەکنەلۆجیا، وەک دەستەواژە، هی ئەم سەردەمە نییە، بگرە هێندەی کۆنی مرۆڤ کۆنە، مرۆڤ، پشتی بەهونەری تەکنەلۆجی بەست کە ئاماژە دەکات بەو کەرەسانەی لە بەرهەمهێناندا بەکاری دەهێنان و هەر بەو هۆیەشەوە ژیان بەردەوام بوو[٢]. ئیتر زنجیرەیەکی دوور و درێژ لە پێشڤەچوونی تەکنەلۆجی لە ژیانی مرۆڤدا دەستی پێ کرد، لە دۆزینەوەی کەرەسە بەردینەکانەوە کە پاش بەسەرچوونی ماوەیەکی درێژ، مرۆڤایەتی کەوتە قۆناخی کشتوکاڵی و دواتر پیشەسازی و ئێستەش "شۆڕشی تەکنەلۆجی، وەک هزرڤانی ناوداری کەنەدی ئەڵفن تۆفلەر (Toffler) لە کتێبەکەیدا (شەپۆلی سێیەم _ The Wave The) دا دەڵێ. هەڵم، ڕۆڵێکی دیار و گرینگی هەبوو لە داهێنانی ئەو دەستگەیەی دەروازەگەلی زیادبوونی بەرهەم و دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤی کردەوە، ئیتر بەدوای ئەودا داهێنانەکان، بوارگەلی زۆری ژیانی مرۆڤگەلیان گرتەوە تا گەیشتە ئەمڕۆ کە تەکنەلۆجیا زۆر چووەتە پێش لە بوارەکانی زانستە تەکنەلۆجییەکان و کیمیا و فیزیا و زانستە کارگێڕی و دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا.

بەم شێوەیە، تەکنەلۆجیا، لەگەڵ مرۆڤدا پەیدا بووە، وەلێ ئەوەی ئەم سەردەمە لەوانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، ئەم سەردەمە، تەکنەلۆجیا پرەنسیپەکانی خۆی بەزاندووە و بوارەکانی زۆر بوون، ئەمڕۆ بوارێکی مرۆڤانی نەماوە تەکنەلۆجیا پەی پێ نەبردبێ، لەم بارەیەوە پرۆفیسۆری فرەنسایی پسپۆڕ لە زانستی سیاسەتدا، جۆرج بیردۆ Burdeau، دەڵێ: "ئەمڕۆ، هیچ بوارێکی چالاکیی مرۆڤانی نییە تەکنەلۆجیا پشکی زۆری تێیدا نەبێ، لە ئەنجامی خێرایی و چاکیی خزمەتگوزارییەکانیشی، متمانەی زیادی کردووە، خەڵکەکەش چەند هێندە لە ژیاندا پشتی پێ دەبەستن".

بەم تێگەیە و لەسەر بنچینەی ئەم ئاستە پێشڤەچووە، تەکنەلۆجیای نوێ، ڕۆڵێکی تازەی وەرگرتووە، لە پاشکۆیەکەوە (بۆ بەجێگەیاندنی مەبەستەکانی ئەوانی تر)، سەربەخۆ بووە (ئامانجە تایبەتەکانی بەسەر مرۆڤایەتیدا دەسەپێنێ)، وای لێ هاتووە، مرۆڤگەل، ڕێگە و بەرنامەکانی ژیانیان بەگوێرەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی دەستنیشان دەکەن، لە بواری سیاسیشدا، تەکنەلۆجیا، سروشتی بڕیارە سیاسییەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەستنیشان دەکات.

بەڵام سەرەڕای ئەو پێشڤەچوونە، ئەو شێوازە زۆر پێشکەوتووەی تەکنەلۆجیای ئەمڕۆ، بوەتە مایەی مەترسیگەلێکی جۆراوجۆر، وەک ئەوەی، ڕۆژگارێک بێ، نەتوانرێ تەکنەلۆجیا بەو هێز و دەست و بازووەوە، کۆنترۆڵ بکرێ، وای لێ بێ، بەرەنگاربوونەوەی ئاکام و ئاسەوارەکانی ئەو هێز و توانایانە، لە توانای مرۆڤ دەرچێ.

## واتەی دیموکراسی

دیموکراسی، وشەیەکی بەبنەچە یۆنانییە، لەگەڵ سەرەتاکانی هزری سیاسیی مرۆڤدا لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین، سەری هەڵدا، ئەودەمەی شارستانییەتی یۆنانی گەشایەوە و دەستەیەک لە فەیلەسووفگەلی مەزن پەیدا بوون، لەوانە: سوقرات، ئەفلاتون و ئەرستۆ. دیموکراسی، لە نێوەڕۆک و کاکڵدا، واتەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە هاوولاتی لەنێو پرۆسێسی سیاسیدا بێ نەک لە دەرەوەی. کەواتە، دیموکراسی، مانای بەشداریی کارای هاوولاتییە لە پرۆسێسی سیاسیدا بەجۆرێک کە مافەکانی دابین بێ. لەبەر ئەوە، دیموکراسی، مانای دەسەڵات و فەرمانڕەواییی گەل، هەر بەو مانایەش جێبەجێ کراوە لە "دیموکراسی ڕاستەخۆ"دا لە سیستەمی "دەوڵەت شار"ی یۆنانیدا بەر لە دەوروبەری ٢٥٠٠ساڵ[٣]. بەدرێژاییی پێشڤەچوونی هزری سیاسی، تێگەگەلی زۆر و زەوەند بۆ دیموکراسی ڕەپێش کراوە، وەلێ هەر هەموویان پێ لەسەر دەسەڵات بۆ گەل دادەگرن، هەروەها یەکسانیی سیاسیی نێوان هاوولاتیان و پشتبەستنی بەپرەنسیپی زۆرینە و پێوەستبوونی بەلێپێچانەوە لە فەرمانڕەوایان لە لایەن هاوولاتییانەوە. بۆیە، تیۆری دیموکراسی، شێوەگەلێکی زۆری وەرگرتووە، گرینگترینیان: تیۆری ئابوورییانەی دیموکراسی، تیۆری دیموکراسیی دەستەبژێر، تیۆری دیموکراسیی فرەیی، تیۆری سۆسیالیستی دیموکراسی، تیۆری

دیموکراسیی بەشداری، تیۆری ڕەخنەییانەی دیموکراسی، تیۆری دیموکراسیی ڕاوێژکاری (ئەمەش پرسی پێوەندیی سیاسەت و تەکنەلۆجیا دووپات دەکاتەوە)[٤].

پاش ئەوەی واتەکانی هەریەک لە: سیاسەت، تەکنەلۆجیا و دیموکراسیمان ڕوون کردەوە، دەگەینە ئەنجامێکی گرینگ کە بریتییە لە بوونی پێوەندی لە نێوان ئەو چەمکانەدا و دەکرێ ئەو پێوەندییانە بەم شێوازە دیاری بکەین: پێوەندیی نێوان تەکنەلۆجیا و کۆمەڵگە و پێوەندیی نێوان تەکنەلۆجیا و سیاسەت. بۆیە زەرووره ئەو پێوەندییانە ڕوون بکەینەوە.

## پێوەندیی نێوان تەکنەلۆجیا و کۆمەڵگە

بەبۆچوونی هزرڤانی فەرەنسایی "باشلار"، تەکنەلۆجیای نوێ واتە: "تەواوی ئەو ئامراز و هەڵسوکەوتانەی ڕێگە بۆ مرۆڤ خۆش دەکەن دەستی بگاتە چاکترین دەرامەت تا پێداویستییە مادییی و نموونە باڵادەستەجەمعییەکانی تێر بکات. بەم مانایە، تەکنەلۆجیا، تەنیا بۆ بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە نییە"[٥].

واتە؛ تەکنەلۆجیا، ڕۆچووەتە تێکڕای کایەکانی ژیان و کۆمەڵگە، هەروەها لە پێناو بەدەنگەوەچوونی پێداویستییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا، تەکنەلۆجیا، لە دۆخێکی بزۆز و داینەمیکیدایە لە پەرەسەندن و پێشڤەچوون کە دەبێتە هۆکاری کارلێکێکی بەردەوام لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەدا لەلایەک و تەکنەلۆجیا لەلایەکی ترەوە. ئەم کارلێکە لە چەندان نموونەدا دیارن:

* باڵەخانە زۆر بەرزەکان.

* دەستگە ئاڵۆزەکان.

* ئامرازە خێراکانی گواستنەوە.

* کەناڵە جۆرەوجۆرەکانی پێوەندی.

*س مووشەکە زەبەلاحەکان.

* کەشتییە ئاسمانییەکان.

* بۆمبە ئەتۆمییەکان.

* وزەی ئەتۆمیی ئاشتییانە.

سەرباری ئەوانەی سەرەوە، تەکنەلۆجیا، لە زۆر لە ئامراز و میتۆدە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار دەهێنرێ (وەک سیستەم و پرۆسێسەکانی کارگێڕی و دەروونناسیی پیشەسازی و شیکاریی سیستمەکان و... تد).

لە سۆنگەی ئەوەی لە پێشەوە باس کرا، دەشێ بگوترێ، کۆمەڵگە، لەگەڵ زنجیرەیەکی پێکەوەگرێدراوی ئامرازگەلی تەکنەلۆجیدا مامەڵە دەکات لە ڕێی بەکارهێنانی کەرەسە و

ئامرازگەلەوە یان سیستمگەلێکی تەکنیکییەوە.

لەبەر ئەوە دەشێ بگەینە ئەو ئەنجامەی مرۆڤی هاوسەردەم، ناتوانێ لە "ژینگەیەکی سروشتی رووت"دا بژی، چونکە لە کاری رۆژانەی ژیانیدا پشت بەپێشڤەچوونە تەکنەلۆجییەکان دەبەستێ، بۆیە لە "کۆمەڵگەیەکی تەکنەلۆجی"دا دەژی، هەرچی رێکخستنە کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سیاسییەکانیشە، بەشێوەیەک لە شێوەکان، کەوتوونەتە بەر کاریگەری تەکنەلۆجیا. ئەم دۆخە دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی گرینگ کە بریتییە لە: هەردەم تەکنەلۆجیا لەباریدایە چارەسەری تەکنەلۆجییانە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە بدۆزێتەوە، لە تەک جەختکردنەوە لەسەر ئەنجامێکی گرینگی تر کە دەڵێ، تەکنەلۆجیا، لەو کاتەدا کە کێشەکان چارەسەر دەکات، هاوزەمان، کێشەی تر دەخوڵقێنێ، بەم شێوەیە، دەکەوینە بازنەیەکەوە بەکێشەگەلێک دەست پێ دەکات، ئەوجا چارەسەری ئەو کێشانە و بەرەنگاربوونەوەی کێشەگەلی تازە. لێرەدا زانای بەناوودەنگی سیاسەت "داڤید ئیستن" ئاماژە دەدا کە ماریفەتی زانستی، بەکەڵکی چارەسەری کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە دێ[٦].

## پێوەندیی نێوان سیاسەت و تەکنەلۆجیا

لە دیاریکردنی پێوەندیی نێوان سیاسەت و تەکنەلۆجیادا، دوو گێرمە (ئیشکالییەت) دێنە پێش:

١ - کاریگەری سیاسەت و حکوومەت لەسەر تەکنەلۆجیا و پێشڤەچوونی تەکنەلۆجی، پراکتیکی تەکنەلۆجی، دیاریکردنی قازانج و تێچوونەکان.

٢- کاریگەرییەکانی تەکنەلۆجیا، وەک (تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب...) لەسەر پرۆسێسی سیاسی و رێوشوێنەکانی، لەوانە هەڵبژاردنەکان.

گەر باش جەخت بکرێتە سەر پێوەندیی نێوان دیموکراسی (وەک یەک لە رووکارە ناو کرۆکەکانی پرۆسێسی سیاسی) و تەکنەلۆجیا، چەند خاڵ و پرسیارگەلێک زەق دەبنەوە:

* تا چەند بڕیارەکانی حکوومەت لەبارەی تەکنەلۆجیاوە، دیموکراتییان پێوە دیارە؟ ئاخۆ هاووڵاتییان و کارگێرانی هەڵبژێردراو و تەنانەت پسپۆڕانیش لەو بڕیارانەدا بەشدارن؟ بڕیارەکان بە روونی و بەراوێژ بوون؟ ئاخۆ کۆمەڵگەکان کوێرانە و بێ راوێژکردن ملیان لەبەر ئاراستەگەلێکی تەکنەلۆجی دەستنیشانکراو ناوە؟
* ئاراستە زۆر دیموکراسییەکان چەند کار لە تەکنەلۆجیا دەکەن و بڵێی خەڵکەکە ئەو کاریگەری و ئاراستانەیان بەدڵ بێ؟ (بۆ نموونە بەکام شێوەیە ئاراستەی پێشڤەچوون و بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای بایۆلۆجی biotechnology دیموکراتییانەتر دەبێ)
* بەلەبەرچاوگرتنی کاریگەری تەکنەلۆجیا لە سیاسەت دەپرسین: ئاخۆ داهێنان و نقارگەلی وەک (تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، فەیسبووک، تیوتەر، یوتیوب...) رووە گرینگەکانی دیموکراسی وەک:

یەکسانی، ئازادی، بەشداری، بەهێز دەکەن یان لاواز؟

لە بەردەم ئەم پرسیارانەدا، ئەمڕۆ ئەم وێنەیە لە دنیای هاوسەردەمدا دەردەکەوێ:

١- تێکڕای حکوومەتانی دنیا بە"حکوومەتگەلێکی شۆڕشگێڕ" دێنە ژماردن، بەواتەی تەکنەلۆجییانەی شۆڕش، ئاخر ئەم حکوومەتانە، تەکنەلۆجیایەکی تازەیان دۆزیوەتەوە کە سەردەکەوێ، وەلێ زۆرجارانیش لە گۆڕینکاریگەلێکی چاوەڕوان نەکراودا خۆی دەنوێنێ. بەڵام لە بەرانبەردا، هاوزەمان لە تەک ئەوەی ئەو گۆڕینکارییانە قازانجی زۆریان دەبێ، کێشەگەل و ناکۆکیش لەگەڵ بەها کولتوورییە چەسپیوەکاندا دەخولقێن. لەو کێشانە، سەرهەڵدانی ناکۆکیی سیاسی لەسەر ئەوەی داخۆ کێ کۆنترۆڵی ئەو تەکنەلۆجیایە بکات. هەر بۆیە، پرسی ڕێکخستنی تەکنەلۆجیای تازە و خۆگرتن لەبەر ئاسەوارەکانیدا، تەحەدای سەرەکیی بەردەم کۆمەڵگە و حکوومەتانی هاوسەردەمە.

٢- لە سیاسەتی تەکنەلۆجیدا، هەردەم دڕدۆنگییەک هەست پێ دەکرێ لە نێوان سیاسییەکان و هاووڵاتییاندا لەلایەک و پسپۆڕانی تەکنەلۆجیش لەلایەکەی تر. سەرکردە سیاسییەکان، پلانی سیاسیی دووربینانە دادەڕێژن لە ڕێگەی پشتیوانیی یەکەمینەکان و ڕێکخراوەکان و هیی ترەوە بەڵام هاوزەمان پێویستە وردەکارییە تەکنەلۆجییەکان لێ گەڕێن بۆ پسپۆڕان و دەستە حکوومەتییەکان و ڕێکخراوەکانی توێژینەوەی زانستی و دەستەکانی تر. بەڵام پسپۆڕان لای خۆیانەوە، لە سەربەخۆیی دەگەڕێن، واتە؛ سەربەخۆیی لە پێڕەوکردنی چالاکیگەلی تەکنەلۆجی بێ "دەخاڵەتی سیاسی". جاری وا هەیە لە پێناوی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی خۆیان، هاوپەیمانییەکی سیاسی پێک دێن تا ئەو سەربەخۆییە فرەوانەیان بۆ دەستەبەر بکات کە جاری وا هەیە ئەنجامگەلێکی تا بڵێی سەرکەوتووی لێ دەکەوێتەوە (بەرنامەکانی بۆشاییگەڕی ئەمەریکا وەک نموونەیەکی دیار) یان دوور نییە شکست بێنێ بەهۆی بۆچوونگەلێکی تەکنەلۆجییانەی بەرتەسکەوە. بۆیە، هەڵسوکەوتی سەرکردە سیاسییەکان لە تەک پسپۆڕاندا و کارلێککردنیان، پرسێکی تا دەست هەڵگری گرینگە.

٣- تەکنەلۆجیای نوێ کاریگەریی زۆری لەسەر سەرلەبەری کۆمەڵگە هەیە (کاریگەری لەسەر دیاریکردنی ئەو کەسانەی سەرمایەیان دەکەوێتە دەست، هەژموونی سیاسی، ئاسانیی گەیشتن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن... هتد)، نەخاسمە سیاسەت (بۆ نموونە هاووڵاتییان چۆن مامەڵە لەگەڵ سیاسەتدا دەکەن و بەشداریی تێدا دەکەن). بەڵام ئەم تەکنەلۆجیا نوێیە، دەشێ ئەنجامگەلی چاوەڕواننەکراوی هەبێ. بۆ نموونە، ئینتەرنێت ڕێ خۆش دەکات بۆ پێوەندیی تازە کە وا دەکات هاووڵاتیان ئاگەداری زانیاری تازە بن و پێوەندییەکانی نێوانیان ئاسانتر بێ، بەتایبەتی لە نێوان ئەوانەدا کە هاوڕان، بەڵام دەشێ ببێتە هۆکاری پچڕانی پێوەندی و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو هاووڵاتییانەدا کە ڕای جیاوازیان هەیە. هەر بۆیە ئەم پرسانە توێژەران ناچار دەکەن لەبارەی ئەم پرسانەی خوارەوە پرسیاریان لا دروست بێ:

* جۆرگەلی ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانە چین کە لەبارەی تەکنەلۆجیاوە لە نێو کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا بەرپا دەبن؟

* سیاسەت، چۆن شێوە و وێنەیەک بۆ تەکنەلۆجیا دادەڕێژێ؟ لێرەدا پرسیارەکان بەم شێوازە دەبن:

بۆچی لەگەڵ تەکنەلۆجیا ڕووبەڕووین و کێ ئەو بڕیارە دەدا؟ لێرەشدا ئەم گفتوگۆیە دێتە ئارا:

* ڕووە ناو کرۆکەکانی سیاسەتی حکوومەت.

* تیۆری و ئاراستەگەلە باوەکانی حکوومەتگەل بەرانبەر تەکنەلۆجیا.

* پسپۆڕان چۆن لە سەربەخۆیی سیاسی دەکۆڵنەوە و چۆن چۆنی ئەم سەربەخۆییە دەبێتە زەوینەسازیی ئەنجامگەلێکی ئەرێنی و نەرێنی بۆ کۆمەڵگە.

* دیراسەتکردنی کێشەگەلی وزەی ئەتۆمی و پرۆگرامی ئاسمانگەڕی و بۆچوونە دژبەرەکان دەهەمبەر سیستمی بەرگریی ڕۆکیتی و ئاخۆ کێ کۆنترۆڵی تەکنەلۆجیای بایۆلۆجی دەکات.

* ململانێ لەسەر کۆنترۆڵکردنی پیشەسازیی گەیاندنی تازە.

* گۆڕینکارییە تەکنەلۆجییەکان دەشێ بەڕێگەگەلێکی جیاواز کار لە سیاسەت بکەن:

– لە ڕێگەی گۆڕینی کۆمەڵگە و ئابوورییەوە (گۆڕینەکان دابەشکردنی سامان و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری دەگرێتەوە).

– لە ڕێگەی گۆڕینی سروشت و بایەخی دەسەڵات و ئەو دەسەڵاتانەی بەدەزگە حکوومەتییەکان دەدرێ.

– لە ڕێگەی گۆڕینی پێوەندیی هاوولاتییان و ڕێکخستنی بەشدارییان لە سیاسەتدا بەتایبەتی هەڵبژاردنەکان.

– گۆڕانکارییە تەکنەلۆجییەکان چۆن کار لە دەسەڵاتداران دەکەن و سەرکردەگەل چۆن بڕیار دەدەن و تۆڕی پێوەندیی نێوان ئەوان و هاوولاتییان چییە؟

– لەم پرسانەدا پێویست بەدیراسەتگەلێکی مەیدانی هەیە کە پێویستە ئەمانە لەخۆ بگرێ:

_ تەکنەلۆجیای زانیاری چۆن کار لە پەرلەمان دەکات.

_ کاریگەری تەکنەلۆجیای زانیاری چییە لەسەر ئابووری و پێگەی سیاسیی کرێکاران.

_ ئینتەرنێت و فەیسبووک و تیوتەر و یوتیوب چۆن کار لە پرۆسێسی سیاسی دەکەن.

_ کاریگەری میکانیزمی دەنگدانی ئەلیکترۆنی لەسەر ژیانی سیاسی و متمانەی کۆمەڵایەتی چییە؟

* مەودا و قەوارەی دەستڕۆیشتوونی دەزگە دیموکراتییەکان بەسەر تەکنەلۆجیادا و ئاخۆ ئەو دەستڕۆیشتن و کۆنترۆڵکردنە تا چەند دەویسترێ یان حەزی پێ دەکرێ.

* دەزگە حکوومەتییەکان، شێوەی تەکنەلۆجیا بە سێ ڕێگە دادەڕێژن:

+ دابینکردن و پاڵپشتی تەکنەلۆجیا.

+ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا.

+ ڕێکخستنی تەکنەلۆجیا.

سەرجەم ئەم پرسانە وامان لێ دەکات بڵێین، دەوڵەت، وەک سیاسەتێکی گشتی و لە چوارچێوەی ستراتیجییەتی پێشڤەبردنی توێژینەوەی زانستی و کۆمەڵگەدا، پشتیوانی لە تێکڕای زانستە جیاوازەکان دەکات، بۆیە ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: ئاخۆ دەبێ دەوڵەت زانستگەل و توێژینەوەی زانستی کۆنترۆڵ بکات و دواجار کار لە پێشڤەچوونی تەکنەلۆجی بکات و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی؟. بەواتەیەکی تر، پرسیارەکە لەبارەی مەودای کاریگەرییە سیاسییەکان لەسەر تەکنەلۆجیا و کۆمەڵگەگەلە، ئاخۆ چۆن چۆنی جۆری تەکنەلۆجیای خۆیان هەڵدەبژێرن، دروست ئا لێرەدا، ئەو پێوەندییەی نێوان تەکنەلۆجیا و دیموکراسی، وەک زەروورەتێک، بەدیار دەکەوێ.

ڕاستییەکەی، تەکنەلۆجیای تازە، پێوەستە بەململانێی ڕاستینە لەسەر ژینگە و تەندروستی و بوارە زیندووەکانی تری ژیانی هاووڵاتییان.

خاتوونە توێژەری ئەمەریکایی "سبار"، ئاماژە دەدات کە پیشەسازییە تازەکان هەوڵ دەدەن حکوومەتان ڕێیان پێ نەگرن (تەنیا تا ئەو ئاستەی کە پێویستی بەتەکنەلۆجیایە تا خۆی بپارێزێ و ململانێکان ڕێک بخات).

بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە:

– ئەو ڕێوشوێنانە چۆن دەبن؟

– کێ بنەماکان دیاری دەکات؟

– کێ قازانجیان لێ دەکات؟

پیشەسازییە پێوەستەکان بەتەکنەلۆجیای زانیارییەوە، بەدەست ململانێی سیاسییانەوە گیریان خواردووە، چونکە کۆمپانیاکان بەدوای بنەما و ڕێکخستنەگەلێکدا دەگەڕێن یارمەتییان بدەن، ئێستە، کۆمپانیا گەورەکان هەوڵ دەدەن ڕێوشوێنی سیاسی بگرنە بەر بۆ هەڵاوێرکردن و پێداچوونەوەی بنەما باوەکانی بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆجیایە.

پرۆفیسۆری ئەمەریکایی زانستی سیاسەت لە زانکۆی بەناوودەنگی هارڤارد "ڕۆبیرت پوتنام Putnam" لەو باوەڕەدایە، بەشدارییی ئەمەریکاییەکان لە ڕێکخستنە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بەشێوازێکی دراماتیکی ڕووی لە دابەزین کردووە لەم دەیانەی دواییدا، بەڵام بۆچی؟

پرۆفیسۆر "پوتنام" دەڵێ، تەلەڤزیۆن کە هۆکاری سەرەکیی دابڕانی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتییان بوو، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ تەکنەلۆجیای تازە (تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، فەیسبووک، تویتەر،

یوتیوب)، بۆ دیموکراسییەتی ئەمەریکا، باشە یان خراپە؟ (دەکرێ ڕووی ئەم پرسیارە لە هەمووان بکەین: کاریگەری تەکنەلۆجیای تازە کاریگەرییەکی ئەرێنییە یان نەرێنی؟).

هێشتە گفتوگۆکان لەبارەی ئەوەی ئاخۆ زانیاریگەلە تازەکان کار لە داگرتنی سیاسی (التعبئە السیاسیە) و ستراتیجییەتی هەڵبژاردنەکان و سروشتی دیموکراسییەتی ئەمەریکا دەکەن؟

هاوولاتییان هەموو ئەو تەکنەلۆجیا تازەیە بەکار دێن تا دەستیان بگاتە زانیاریگەلی زیاتر لە پێناو ئاسانکردنی پرۆسێسی داگرتنی سیاسی، ئەوەش، دەرفەتێکی چاک و گرینگە بۆ پشتیوانیی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس و سەرۆکایەتی.

ئەم پرسانە، پێوەندییان هەیە بەکاکڵی پرسیارەکانەوە کە دەڵێ: کام جۆر لە دیموکراسی، تەکنەلۆجیا و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە کۆنترۆڵ دەکات، ئاخۆ کۆنترۆڵکردن هەروا ئاسانە و خەڵکەکە حەزی پێ دەکەن یان نا؟ بۆیە دواتر دەپرسین کێ بڕیاری پێشڤەبردنی تەکنەلۆجیا دەدات؟

هەموو ئەم پرسیارانەش دەچنە چوارچێوەی پرسیارە سەرەکییەکەوە: چۆن سیستمی هەرە فرەوانی دیموکراسی بۆ ئاراستەکردنی تەکنەلۆجیا سەرهەڵدەدات، واتە؛ ئاخۆ بواری زیادبوونی بەشداریی گشتی (بەشداریی هاوولاتییان) لە ئارادایە؟ واتە؛ ئاخۆ دەشێ سەروسیماکانی دیموکراسییەتی ڕاوێژکاری (بەگوێرەی تێڕوانینی فەیلەسووفی هاوسەردەمی ئەڵمانیایی هابەرماز) لە پێوەندیی نێوان دیموکراسی و تەکنەلۆجیادا ببینرێن؟

پەراوێزەکان:

١- للمزید أنظر: د. شیرزاد النجار، ما معنی السیاسە، منشورە فی: دەنکی داد، کلیە القانون والسیاسە، العدد١، ١٠ نیسان ١٩٩٧، ص٢٦.

2- Elliott and Elliott, The Control of Technology,London,1979,p.1

٣- د. شیرزاد النجار، دراسات فی علم السیاسە، عمان، ٢٠٠٥، ص١٢٣.

٤- نفس المصدر اعلاه، ص١٢٦.

٥- نقلا عن: د. أحمد عباس عبدالبدیع، حکومە الفنیین، القاهرە، ١٩٨٢، ص١٧.

6- David Easton, The Political System, 1953

# کۆچ
# بەرەو بەدیهێنانی خەونەکان

محەمەد فەریق حەسەن

هەر مێینەیەکی ئەم وڵاتە بگریت، خەون بەوەوە دەبینێ، ڕۆژێک لە ڕۆژان لاوێک لەوانەی لە ئەوروپاوە بە سەردان دەگەڕێتەوە، بیخوازێ و لەگەڵ خۆیدا بەرەو ڕۆئاوا بیفڕێنێ. تاکو لەم دۆخە ناجۆرەی کوردستان ڕزگاری بێت.

لاوی کورد هەتا ئاستی فانتاسیا، کە سنوور ناناسێ، سەری تژییە لە خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگ. ئەو میللەتەی زۆرتر شەیدای سەفەر بێت زیاتر هەڵوەدای خۆپێگەیاندن و گەیشتن بە ئازادییەکانیشە. بێگومان کورد لەو میللەتانەیە، کە لاوەکانی خەون بە ئازادییەوە دەبینن. خەونی پێوە دەبینن بەدڵی خۆیان شوو بکەن و ژن بهێنن. خەونی پێوە دەبینن لە هەڵبژاردنی ڕشتەکانی خوێندندا ئازاد بن. لاوی کورد خۆزیا و بریایەتی ببێتە مەل، جووتێک باڵی لێ بڕوێت و بفڕێ، تاکو دنیای بەرین کەشف بکا. لاوی کورد بەگشتی تاکێکی ئەزموونگەرە، دەخوازێت خۆی دنیا تاقی بکاتەوە. بەچاوی خۆی دیاردەکان ببینێ، نەک وەک حیکایەت، کەسی دووەم بۆی بگێڕێتەوە.. تۆی خاوەن ئەزموون و دنیادیوە، دەیان جاری ئاگەداری بکەرەوە، پێی بڵێ، ئەو سەفەرەی تۆ بەنیازی بیکەیت، دووبەختییە، ڕەنگە لەنێو شەپۆلانی دەریادا بخنکێیت و ببیتە خۆراکی شارکەکان. لەوانەیە لە ناکاو مینێک لەبن پێتا ناڵە بکا و تۆزت بە ئاسماندا بەرێت! وڵاتانی ئەوروپا، چیی تر مافی پەنابەری بە کوردی عێراق نادەن، چونکە ئێستا باشووری کوردستان بە زۆنێکی ئارام حسێب دەکرێ... هتد. بەڵام ئەم جۆرە قسانە وەک بایە و بەلای گوێی لاوی کورددا ڕەت دەبێت. ئەو لەسەر ڕای خۆی مکوورە و هەر دەڕوات. سەرێکە هێناویتی، ناگەڕێتەوە. ئەو حەزی بە سەرەڕۆییە و بەختی خۆی تاقی دەکاتەوە.

ئەو لە نیشتمانە کەلاوەکەی خۆیدا داهاتووی نادیار و لێڵە، ئیدی بۆچی لەوێ بژی؟ بەدیار چییەوە دابنیشێ؟ ئەوێک، کە نەتوانێ ژن بهێنێ و ببێتە خاوەنی ماڵی خۆی و کەچە ئۆتۆمۆبیلێک

بکرێت. ئەوێک، لە کوردستان هاوولاتیی پلە سێ بێت؛ ئیتر لەپای چی دابنیشێ؟ خۆ هیچ نەبێت لە هەندەران شیمانەی ئەوە هەیە ببێتە هاوولاتیی پلە دوو. لە ولاتانی کەنەدا و ئوستراليا و ئەمەریکا، کۆچبەر هەر ئەوەندەی بوو بەخاوەنی ڕەگەزنامە، ئیتر لەگەڵ هاوولاتییەکی ئەوێدا جیاوازییان مەگەر هەر ئەوەندە بێت، ئەوان چەند ساڵێک پێش ئەم گەیشتوونەتە جێ. چونکە ئەو ولاتانە کۆچبەران ئاوەدانیان کردوونەتەوە. واتە هەموو وەک ئەو کۆچبەرن.

لە کوردستان، نابەرابەری لە هەلی پەیداکردنی کاردا، دیاردەیەکی ئەوەندە زەقە. تۆ ئەگەر سەر بە خێڵی سەرەکوەزیران یان سەرکۆمار، یان بەرپرسێکی دەستڕۆیشتووی حزبی فەرمانڕەوا نەبیت، ئەوا دەبێ تا ماویت وەک کارەکەر و خزمەتکار بژیت. لەوێ هەر بەرپرسێک لیستێک ناوی لە باخەڵیدایە، گوێ هەڵدەخات و چاو دەگێڕێ. هەر جێیەک چۆڵ بوو، یان هەر کارێکی نوێ ڕەخسا، بەخزمی خۆی و بەو لیستەی نێو تەنکەی باخەڵی پڕی دەکاتەوە. ئەو لیستە هێندە درێژە تەواوبوونی نییە، چونکە بەردەوام ناوی تری دێتە سەر.

ئەم لاوە بێ پشت و پەنایە، مافی بنیاتنانەوەی ولاتی خۆی نییە، بۆیە دڵی دەڕەنجێ. دەتۆرێ، بەو نیازەی ولاتێکی تر بکاتە نیشتمان و لەوێ کەرامەتی زەوتکراوی بەدەست بهێنێتەوە.. کاتێک هاوپۆلەکانی دابمەزرێن و ئەو هەر لە دوورەوە زرتەی چاوی بێت، واتە ئەو تاکێکی تەپەسەرە و ناتوانێ بەکەرامەتەوە لە ولاتی خۆی بژی. بەعس بە درێژاییی حوکمی خۆی، کاری بۆ وێرانکردنی ژیری و کلۆرکردنی ناخی تاکی کورد دەکرد. بەعس بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراوی درێژخایەن. تاکی کوردی دەکردە دوژمنی (خاک و مرۆڤ)ی کورد، کە زۆرێک لەوان بەجۆرێک لە جۆرەکان، بە چەک و بە وشە لە دۆخی بەرگریدا بوون. پڕۆژەکەی بەعس سەرکەوتوو دەبوو، ئەگەر خودی سەدام دووچاری بوغرایی نەهاتایە و ئەمەریکای لێ نەهاتایەتە دەست.

ڕاڕاییی ئەوێتی (شوناس) تاکی کوردی وێران کردووە. مرۆڤ لەوێ، هەردەم خاوەن ئەوێتییەکی ناتەواوە. هەر بۆ نموونە، تۆ ئەگەر فەیلی بیت لە نێوان شیعەبوون و کوردبووندا تێداماوی. ئەگەر ئێزدی بیت، ئەوا لە نێوان ئێزیدیایەتی و عەرەببوون و کوردبوون و عێراقیبووندا تێداماوی. تا ئێستا کارێکی جیدیی وا نەکراوە، ئەو سنوورانە لە نێوان ئۆل و ئاینە جیاوازەکاندا کاڵ بکرێنەوە و هەموو لایەک چونیەک بن. (من و ئەو) یان (ئێمە و ئەوان) لە کوردستان نەمێنێ.

دەکرا زۆر ڕێکخراوی مەدەنیی وەها هەبوونایە کاریان بۆ سڕینەوەی ئەو سنوورانە بکردایە. تۆ ئەگەر کوردبیت و لە سلێمانی بژیت، یان کورد بیت و لە دهۆک بژیت دیسان لە نێوان کوردبوون و یەکێتیبوون لە سلێمانی، پارتی بوون لە دهۆک ونبوویت و ئەوێتیت نوقسانە. چونکە هیچ لایەکیان تۆ بەکورد حسێب ناکەن ئەگەر لە خۆیان نەبیت. لە دۆخی وەهادا چۆڵکردنی کوردستان، بەلای تاکی ئازادەوە، تاکە چارەسەرە، کە لەم سەردەمەدا فریادڕەسێک لە ئاردا نییە بارودۆخەکە بەلای چاکەی تاکدا بشکێنێتەوە.

حاڵی حازر لە کوردستاندا ڕۆژانە ژن دەکوژرێت، یان ناچار بە خۆکوشتن و خۆ سووتاندن

دەکرێ. وەک ئەوەی ژن و پیاو دوو بەرەی جیاواز، یان دوو میللەتی جیاوازبن و لە تافی شەڕدا بن، یان وەک ڕابەرانی مارکسیزم باسی دەکەن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیوە؛ تیژبوونەوەی ناکۆکیی چینایەتی، نێوانیان گەیشتبێتە دۆخی پێکدادان و کێشەی ئافرەت لەوێ بە بنجبەست گەیشتبێ. هۆیەکەیشی ئەوەیە، لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا توغیانی خێڵ، بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم گەڕاوەتەوە. هەر سەرخێڵێک بگریت (برایم پاشای میللی) یەکە بۆ خۆی. هەر سەرخێڵێک بگریت دەوڵەتۆکەیەکە لەنێو دەوڵەتدا. چەک و چەکدار و بودجەی خۆی هەیە. ئۆرتی هەر چەکدارێک لە ئۆرتی مامۆستایەکی زانکۆ بەرزتر و لە پێشترە.

لە ڕۆئاوا، ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەک بێکارین و نەتوانن سەرەگوریسێک بگرنە دەست، باربوو دەکرێن، بەڵام لە کوردستان ئەو توێژە بلا بمرن. لەوێ (ئاغا و خان و بەگ و شێخی خاوەن تەکێ) مانگانە بە هەزاران دۆلار بەناوی دیوەخانانەوە وەردەگرن. واتە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یان دیموکراسیی ئابووری، کە پایەیەکی هەرە گرینگی دیموکراسییە، لە ئارادا نییە.

تۆ ئەگەر کەسێکی نیشتمانپەروەر بیت و بەشێوەیەک لە شێوەکان، لە دەورانی بەعسدا بەرگریت کردبێ، دیسان هەست بە ونبوویی شوناسی خۆت دەکەیت. چونکە تۆیان پشتگوێ خستووە و ڕسوایان کردوویت. کاتێک جووتە پارتی فەرمانڕەوای خاوەنماڵ، کوردی خاوەنماڵ بە میوان ڕانەگرن، ئەوا ئەو میوانە ناچارە سەری خۆی هەڵبگرێت و لەوێ، لە هەندەران بەو هیوایەوە بژی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، وەک کوڕی نێو حیکایەتە میللییەکان، بەڕێزەوە بە سەرکەوتوویی و بە کاروانی زێڕوزەمبەرەوە، بۆ باوەشی نیشتمان بگەڕێیتەوە.

## پەراوێزخستن و بێبەشکردن

کۆچ لە باشووری کوردستانەوە بەرەو ئەورووپا هێشتا درێژەی هەیە. ئەگەر خەڵکی کوردستان جاران بە تاک کۆچیان کردبێت، ئێستا بە خێزان کۆچ دەکەن. واتە، ئەم دیاردەیە پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێوە. لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ دا، ئاژانسەکان هەواڵی گەیشتنی سەد هاووڵاتیی کوردیان بە دوورگەی کۆرسیکای فەرانسی بڵاو کردەوە. (٣٠) کەس لەوانە، تەمەنیان لە دە ساڵ کەمتر بوو، پێنج ژنی دووگیانیشیان لە تەکدا بوو. لە سەروبەندێکدا، کە کوردی باشوور خۆی حوکمی خۆی دەکات، دیاردەی کۆچکردنی خێزان، جێی ڕامان و لەسەر وەستانی جیدییە و گۆڕانێکی چلۆنایەتیشە لە دیاردەی کۆچکردندا. هاوکات نیشانەی ئەوەیشە، لەم دەڤەرەدا خێزان بەرەورووی کێشەی ئەوتۆ دەبێتەوە، لە توانایدا نییە خۆی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. بۆیە بەلای ئەو خێزانانەوە، چار هەر ئەوەیە، شرەوشاتاڵیان هەراجفرۆش بکەن و بە ژنی دووگیان و منداڵە وردەکانەوە کۆچ بکەن. ئەم دیاردەیە ئەوەیش دەگەیەنێ، کە میللەتێک لەسەر کۆچە.

شتێکی بەڵگەنەویستە، هیچ مرۆڤێک لەم دنیایەدا پێی خۆش نییە وڵاتی خۆی جێ بێڵێ. هەر دەبێت هۆکارێک، یان کۆمەڵە هۆکارێک لە پشت ئەم دیاردەی کۆچەوە هەبێت. جاران بەعس بە

تۆپزی کۆچی بە خەڵک دەکرد، ئێستا خەڵک خۆی هاتووەتە سەر ئەو ڕایەی، دەرگەکانی تری ژیانیان لێ داخراوە و تەنیا دەرگەی سەرهەڵگرتنیان لە پێشدا ئاوەڵایە.

بۆچی لە سایەی حوکمڕانی نیشتمانیدا خێزانی کورد کۆچ دەکات؟ کێن ئەوانەی سەریان لە کۆچکردن دەخورێ؟ پێم وایە تەنگژەکە لە بنیاتی کۆمەڵگەدایە، کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا، زۆر بە خێرایی گۆڕانی چاوەڕواننەکراوی بەسەردا هاتووە. دیارە هەندێک لەو گۆڕانکارییانە لە بەرژەوەندیی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵدا نین. ئەوەتا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، جیاوازیی چینایەتی ڕووی لە زیادبوونە. چین و توێژەکان چیی تر پێکەوە ناگونجێن. بگرە بە خێرایی لە یەک دوور دەکەونەوە. نەهۆ لێکدابڕانێکی ترسناکی ئەوتۆ لە ئارادایە، کە کۆمەڵگەی کوردەواری، لە مێژووی کۆن و نوێیدا، بە خۆیەوە نەدیوە.

لەپڕێکدا، دوو خێزانی دراوسێ، کە جاران تەبا و ئاشنا بوون و دەرامەتیشیان لە یەکەوە نێزیک بووە، ئێستا یەکێکیان بووە بە ملیۆنێر و دووەمیان بە هەزار ناری عەلی ئەوجا دەتوانێ بژێوی ڕۆژانە پەیدا بکات. تەواوی ئەندامانی خێزانی یەکەم لە کاردان، نەک لەبەرئەوەی ئەوان زاناتر و کاراترن، بگرە لەبەرئەوەی، تۆڕێک لە پێوەندییان دۆزیوەتەوە، کە ڕاستەوخۆ بە کەسانی دەستڕۆیشتووەوە گرێیان دەدات. کەچی تەواوی ئەندامانی خێزانی دووەم بەتاڵەن، چونکە کەسێکی ئەوتۆ گومان نابەن لێیان بپرسێتەوە. واتە، چیی تر بوار بۆ ئەوە نەماوەتەوە، ئەم دوو خێزانە، وەک جاران پێکەوە بنووسێن و بچنە سەردانی یەکدوو.. بگرە بەشی ئەوەندەیشی تێدا نەماوە، ئەندامانی ئەم دوو خێزانە لە شەقام و ڕێوبانان، کاتێک بەیەک دەگەن، سڵاویش لە یەکدوو بکەن. چونکە ئەوان بە ڕادەیەکی ئەوتۆ لە یەکتری دوور کەوتوونەتەوە، چیی تر زمانی هاوبەشیان لە نێواندا نەماوە و لە یەکتری حاڵی نابن. ئەوان بەرژەوەندییەکانیان، دید و بۆچوونیشیان، ئاسمان و ڕێسمان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و خەرەندێک کەوتووەتە نێوانیان.

خێزانێکیان بە قەڵەمبازێکی ئەفسانەیی، چینێک یان دوو چینی کۆمەڵایەتی سەرکەوتووە، خێزانی دووەمیش، چینێک داچووە. ئێستا ئیتر ئەم دوو خێزانە شیروتیر لەیەک دەسوون.. بەگشتی، سۆزبەندی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا ڕووی لە کزی کردووە. ئەو پێوەندییە گەرموگوڕەی جارانی خزمایەتی، سۆزبەندی، ڕەحم و بەزەیی، دۆستایەتی و بەتەنگەوەهاتن، تەواو کاڵ بوونەتەوە. ئەم هەموو جیاوازییە زۆر و لەپڕە چلۆن دروست بوو؟ خۆ هەتا ماوەیەکیش لەمەوبەر هەردوو لایان لە یەک ئاستدا بوون. ئەوان وەک یەک ڕەنجیان داوە و کاریان کردووە؟ ڕەنگە خێزانە هەژارکەوتووەکە، پتریش ڕەنجی دابێت. دیارە هەردوو لاشیان سەر بەهەمان جڤاکن و لە یەک سەردەمدا دەژین.

پێویست ناکات، لێرەدا ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارەیان بدەینەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت ئەوەیە کە، ئەمڕۆ واقیع لە جێیەکە، دید و بۆچوونی بەرپرسانیش لە جێیەکی ترە. دەتوانم بڵێم، ئەم دیاردەیەیان گەلێک لە دوورکەوتنەوەی بێ سنووری نێوان چینەکان خەتەرناکترە. چونکە دۆخی

وەها ناکۆک، توندوتیژی و کینە بەرهەم دێنێ. ئەم دۆخە ناجۆرە، ئەگەر چارەسەری حەکیمانەی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە، کە لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵیشدا، لە فۆرمی جیاوازدا، توندوتیژی سەرهەڵدەدات و ئاسایشی هەرێم دەشێوێنێ. حاڵی حازر، لەوە ناچێت هەوڵی ئەوە لە ئارادا بێت، هارمۆنیایەک لە نێوان خێزان و دەستەڵاتدا، لە نێوان تاک و دەستەڵاتدا کاری ئەتۆی بۆ کرابێت، یان پرۆژەی بەو ئاقارە لە نەخشە و پلانی داهاتووی نێزیکدا هەبێت.

بەو ڕاستەوخۆییە لە هیچ شوێنێک نەنووسراوە (ئێمە بێلایەنمان ناوێت!)، بەڵام ئەمە دروشمێکی باوی ناڕاستەوخۆیە و بە (ئەمری واقیع) بووە. تۆ دەتوانی لە ڕوو و دەمودووی هەر بەرپرسێکدا بیخوێنییەوە، کاتێک ئیشێکت تێی دەکەوێت. توێژێکی کۆمەڵایەتیی بنکە بەرفراوان هەیە، هیچکام لە جومگەکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گرینگیی پێ نادەن و بەسەری ناکەنەوە. یان وەک وتە میللییەکە دەڵێت، (نایخوێننەوە).

لێرەدا، تاک وا هەست دەکات بەزۆر خۆی بەم جڤاکەدا هەڵواسیوە. دەنا ئەو تاکێکی نەخوازراوە و لە هیچ داوودەزگایەکدا خێرئامای لێ ناکرێ. هۆیەکەیشی تەنیا ئەوەیە، مامێک، خاڵێک، کەسێکی نێزیک، کە باڵادەست بێت، گومان نابات، تاکو پەلی بگرێت و هەنگاوێک بیباتە پێش. یان بە پەیژەی کۆمەڵایەتیدا پلەیەک سەری بخات. کەواتە ئەو، هاووڵاتییەکی کورد نییە و بێهوودە خۆی بە کورد لە قەڵەم دەدات.

ئەو تاکە، هەست بەوە دەکات فەرامۆش کراوە. فەرامۆشکردنیش لە خۆیدا سزایەکی زۆر سەختە و سوێیەکەی لە دڵ دەرناچێ. تاکی فەرامۆشکراو، لە جێی خۆی دەچەقێت و ناتوانێت بستێک لە بوارەکانی ژیاندا بچێتە پێش. ئەلفی پێ ناگاتە بێ. کارێکی سوودگەیێنی بۆ مەیسەر نابێت. ئەم دۆخە نەرێنییە، لە ناخەوە تاکی کوردی ماندوو کردووە. بە خۆیدا دەشکێتەوە و هەستی کێماسی و ڕەفیقکەمی تێی دەئاڵێت. چونکە ئەو لەنێو جەنگەی ژیان و ڕووداوەکاندا نییە، بگرە تاکێکی بێزراوی پاسیڤی پەراوێزخراوە.

ئەو تاکە تەپەسەرە، پسووڵەیەکی ئەوتۆی پێ نییە تاکو پاڵپشتی بێت. پسووڵەیەک، کە بەپێی ڕەنگەکەی، هێز و کاریگەریی جیاوازی هەیە. کەواتە ئەو تاکە پسووڵەی دەستکەوتەکان و پەڕینەوە لە تەنگژەکان گومان نابات. تاک و تەنیا باڵ دەکەوێتەوە، وەک ئەوەی بە هێزی دوژمن دۆڵپێچ کرابێت و تەنیا قاچاخە ڕێیەکی مینڕێژکراوی لە پێشدا مابێتەوە، ناچاربێت بۆ دەربازبوون و سەردەرکردن هەر ئەو ڕێیەیان هەڵبژێرێت، کە ئەویش ڕێگەی هەندەرانە، کە ڕێگەی سەرهەڵگرتنی یەکجارەکی و ڕێی هاتونەهاتە. واتە ئەم سەرهەڵگرتنە، لە نێوەڕۆکدا، پشتکردنە نیشتمانێکە، یان پشتکردنە دایکێکی دڵڕەقە، لایەکی بەخێر لە جگەرگۆشەی خۆی ناکاتەوە و پەراوێزی خستووە.

تۆ هەروا بیهێنە پێش چاوی خۆت، مامۆستایەک، لە پۆلێکدا چەند قوتابییەکی خۆی فەرامۆش بکا و پەراوێزیان بخات. لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا، بۆ سەر تەختەی ڕەش هەڵیان نەسێنیت، لێیان نەپرسێتەوە و پرسیاریان بەرەوڕوو نەکاتەوە. دەفتەرەکانیان چێک نەکات و ئافەرینێکیان

نەکات. داخۆ ئەو قوتابییانە چییان لێ دێت و هەست بە چی دەکەن؟ بیهێنە پێش چاوت، تۆ لە دیوەخانێکدا میوان بیت، وەلێ خاوەنماڵ بەخێرت نەهێنێ و دوو قسەت لە تەکدا نەکات، هەڵوێستت چۆن دەبێت؟ ئەو حەلە تەنیا یەک ڕێگەت لەبەرە. ئەویش ئەوەیە، تۆ دەبێ هەرچی زووە، بە حەیای خۆتەوە چۆڵی کەیت.

تاک کاتێک دەترنجێنرێتە گۆشەیەکی وەها تەنگەبەرەوە، وەک ئەوەیە بە خورتی گوێڕایەڵییان بۆ خاک و زێدی خۆی لێ سەندبێتەوە. تاکی وەها ئەرکی دەکەوێتە سەرشان بەڵام مافی پێ ڕەوا نابینرێت. تاکی وەها دڵەڕاوکێ تێی دەئاڵێت و دەپرسێ: بۆچی وەهای بەسەر هاتووە؟ تاکی وەها، نازانێت چلۆن پێناسەی شوێن و پێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵدا بکا.

دانیشتوانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی کەناری شارە گەورەکان؛ ئەوانەی لە خانووی چینکۆ و کووخ و لە ژێر چادردا زستانی سارد و هاوینی گەرم بەسەر دەبەن و لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێ بەشن. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر ڕۆژە لایەنێک دەکاتە سەریان و دووایان لێ دەکات چۆڵی کەن. لەنێو ئەم توێژەی کۆمەڵدا و لە پێناوی ژیاندا، ناچار دەبن منداڵەکانیان لەبەر خوێندن هەڵبگرن. واتە ئەوانە هەموو کات لەژێر پاڵەپەستۆدا. بەزۆری پیاوخراپ و ئەلکولی و بەکاربەری مادە هۆشبەرەکان و بازرگانی پێوەکردنیان، لەنێو ئەم توێژەدا پەیدا دەبن.

هەندێک لەو پەراوێزخراوانە، تێکەڵ بە باندە تیرۆریستییەکان دەبن. بە توندوتیژی و وێرانکاری وەڵامی ئەو دۆخەی تێی کەوتوون دەدەنەوە. بێ لانەوبانە، خاوەن عەربانەی دەستی و دەستفرۆش، دەچنە خانەی پەراوێزخراوەکانەوە. لە وڵاتێکدا، وەک پێویست بیمەی کۆمەڵایەتی نەبێت، ئیدی بێکار و کەیبانوی ماڵ و خاوەن پێداویستیی تایبەت و کرێچی و بێ لانەوبانەکان، دەچنە خانەی مرۆڤی پەراوێزخراوەوە.

ئەوان بەرەورووی دڵڕەقی سروشت و پۆلیسی سنوور و خاڵی پشکنینەکان دەبنەوە و قاچاخەڕێ مینرێژکراوەکان دەبڕن؛ بەڵام لە توانایاندا نییە کۆمەڵگەی خۆیان بگۆڕن. ئەوان لە زەینی خۆیاندا دەستیان لە گۆڕینی کۆمەڵ شۆردووە. ئەوانە وڵات جێ دێڵن، چونکە دەبینن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لە سەنتەری دەستەڵات دوور دەکەونەوە و چیی تر چاوی دەستەڵات ئەمان نابینێ. جیاوازییەکانیش تا دێت پەرەدەستێنن و خەڵکەکە لە یەک دەترازێن و لەیەک دوور دەکەونەوە. چادر لە کوێ و کۆشک لە کوێ! مۆنیکا لە کوێ و عەرەبانەی دەستگێڕ لە کوێ!

تۆ هەروا سەرنج بدە، هەر شار و شارۆکەیەک، پرۆژە روویان تێ نەکات و ڕۆڵەکانیان بێکار بن، لەوێ دیارەی کۆچ لە لووتکەدایە. بێ مەلامەت نییە کە گەنجانی شارەدێی (تەکێی بەردەربەند) و کوێ و کوێ، بەو ژمارە زۆرە بەرەو هەندەران سەری خۆیان هەڵدەگرن.

جێی وتنە، لە کوردستاندا توێژی رووناکبیری پەراوێزخراویش هەیە. هۆی پەراوێزخستنیشیان تەنیا ئەوەیە، ڕەنگ و پسوولەی هیچ لایەنێکیان لە باخەڵدا نییە و عیزەتی نەفسی خۆیان ڕاگرتووە. بۆیە ناڕاستەوخۆ، بەم شێوەیە وەڵامیان دەدرێتەوە: (ئێمە ڕۆشنبیری بێلایەنمان

ناوێت)، ئەم ڕایەیش یەکسانە بە: ئەم وڵاتە تەنیا موڵکی ئەندامانی دوو حزبە گەورەکەیە.

پەراوێزخستن، هەژاری بەرهەم دێنێت. ئەمەیش لە وڵاتێکی دەوڵەمەندا دیاردەیەکی خەتەرناکە، چونکە تاکی هەژار ناتوانێ بە سەرچاوەکانی ژیان و داهات بگات. پەراوێزخستن دەلاقەیەکە، کینە و توندوتیژی لەوێوە دزە دەکات و پەرە دەسێنێ.. مرۆڤ ناچارە شەرم دابگرێت، کاتێک دەبیستێ، هاوکاریی مانگانەی خێزانێکی لێقەوماو، جا لە هەر سۆنگەیەکەوە بێت، بریتی بێت لە تەنیا پەنجا هەزار دیناری بریمەر!

بێبەشکردن و بەخورتی دابڕینی تاک لە مافە سەرەتاییەکانی، یەکسانە بە کوشتنی. بگرە خراپتریش. چونکە ئەو حاڵی حازر تاکێکی کوژراوە. ئەوەندە هەیە بەبان جادەکاندا دەڕوات و دەخوات و دەبینێت و بۆن دەکات. دەشێ ئەم دۆخە دەیان ساڵ بخایەنێ، واتە تاکو ئەو ڕۆژەی ئەم تاکە کوژراوە دەنێنە ژێر گڵ درێژە بکێشێ. بۆیە ژیانی ئەو کوشتنێکە، بێ ئەوەی تاوانێکی لە دەست قەومابێت. ئاخر ئەو، هیچ دامەزراوەیەک لەوانەی وا دەیانبینێ و ڕوویان تێ دەکات بە موڵکی خۆی نازانێت. بۆیە کوشتنی ئەو تاکە، لە مردن و کۆشتنی ئاسایی سەختترە. سوێیەکەی لە دڵ دەرناچێ و زامێکە سارێژ نابێ.

ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لە تەک نەوەی نوێدا، کە تۆی کورد جێبەجێی دەکەیت نەک داگیرکەر، سەختترین مەرگ و مەرگەساتە. چونکە ئەو تاکانە بەزیندوویی، بەکاڵە و پێتاوەوە لە گوڕ نراون. بێ ئەوەی گیانیان دەرچووبێت، کفن و دفن کراون.

ئەو تاکێکە گوێی لێ ناگیرێ. مرۆڤێکە هێندەی کێوێک، بەڵام چاوی کاربەدەستان نایبینێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا داوای لێ کراوە، بە برسێتی و ڕووتوڕەجاڵی و بێ مافی و هاوسەرکەمی، چەپڵەیان بۆ لێ بدات. لەبەر گەورەپیاوان هەڵبسێت. دەستی ئەشهەدومابیلای درۆ بە گێزەرەی ملی خۆیدا بکێشێ. شاهیدیی ناهەق بدات و پاساوی درۆیان بۆ بهێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، کەچی دەسەڵات دەیەوێت، تاکی وەها بەدبەخت، تێکەڵ باندە توندڕۆکان و تلیاکفرۆشی و چی و چی نەبێت. نارەزایی دەرنەبڕێت و خۆی نەتەقێنێتەوە و ئاکاری جوان بێت.

باشە ئەوێک کە بە کوژراوی بەسەر شەقامەکاندا بسووڕێتەوە، ئیتر چی تێدایە ئەگەر خۆی بتەقێنێتەوە و دنیاش بە خۆیەوە وێران بکا؟ ئەوێک، کە پێشوەخت کوژرابێت و ئینسانەتیان لێ زەوتکرد بێت و لە تەواوی مافەکانی ڕووتیان کردبێتەوە، ئیتر چ باکی بە ڕەوشتبەرزی و ژینگەپارێزی و پاراستنی مافی ئەوانی تر و تەندروستیی ئەم و ئەوە؟ ئەو کە خۆی لەمێژبێت کوژرابێت، ئیتر بۆچی داوای لێ دەکەن لە مەرگ سڵ بکاتەوە؟ ئەوان کاتێک داوا لەو تاکە بە ڕق و تووک و نەفرین بارگاوییە دەکەن خۆی نەتەقێنێتەوە، لە یادیان چووە، کە هەر خۆیان بوون ئەو تاکەیان بە بۆمب کردووە. ژیان و مەرگیان لەلای ئەو یەکسان کردووە. کاتێکیش مافی هاووڵاتیبوون، خۆشەویستی، بەتەنگ یەکەوە هاتن و سۆزبەندی دابەش کران، بەشی ئەویان تێدا نەبوو. بۆیە ئەو ئێستا، خۆی بووە بە هاوواتای مەرگ.

ئەوان بواریان بۆ نەهێشتەوە خەونیش بەدنیایەکی یەکسان و ئازادەوە ببینێ. دنیایەک دادپەروەری تێیدا براگەورە بێت. ئەو تاکێکی خەونکوژراوە. ئێوە خۆتان بەو پشتگوێخستنە، بەو بێبەشکردنە، بۆ نێو جەنگەی باندی دزی و کوشتن و تلیاک و تەقینەوە، پەلکێشتان کردووە. ئیتر گلەیی چیی لێ دەکەن؟

لاوان لە کوردستان بەهای کەسیەتیی خۆیان دۆڕاندووە. لەوێ نک و نائومێدن. ڕۆشناییەک لە ئاسۆدا بەدی ناکەن. داهاتوویان تەمومژاوییە. زۆر لە پێغەمبەرانیش بە ناچاری وڵاتی خۆیان جێ هێشت، وەلێ ئەوان دوای ئەوەی لە غەریبی کاروباری خۆیان ڕێک خستەوە، بەسەرکەوتوویی گەڕانەوە زێدی خۆیان. سەمتی حیکایەتە کوردییەکان و هی حیکایەتی هەموو دنیاش وەهایە؛ کاتێک کوڕی نێو هەقایەت بێبایەخ سەیر دەکرێ. باوک و برا و خێڵەکەی هیچ ئۆرتێکی بۆ دانانێن، ئەویش بەناچاری وڵات جێ دێڵێت. سەرکردەکانی ئێستاش، کاتی خۆی هەستیان بەو ڕاستییە کردبوو، کە هەم تەواوی میللەتەکە و هەم خۆیان لە نیشتمانی خۆیاندا بێ ڕێز و بێ ئیعتیبار کرابوون. بۆیە ئەوانیش وەک کوڕی حیکایەت کوردستانیان جێ هێشت. ئەنجام وەک کوڕی حیکایەتیش گەڕانەوە. ئەی ئەوە نەبوو ئەوانیش سەردەمێک سەری خۆیان هەڵگرت و ڕێی هاتونەهاتیان بەرەو چیا و بۆ ئێران و هەندەران گرتە بەر؟ کەچی ئەوەتا ئەوان دوای گەڕانەوەیان، ئەو ڕابردووە نێزیکەی خۆیان لە یاد نەماوە. مێژوو وامان پێ دەڵێت، کە خەڵک ئەوسا و ئێستایش لە باشووری گۆی زەوییەوە بەرەو باکور ڕەوییان کردووە و ڕەو دەکەن.

## ئەو ئیسلامییانەی دەگەنە ئەورووپا

تەنانەت ئەو ئیسلامییانەی، کە لە نیشتمانی خۆیانەوە لە ڕۆهەڵات، تەواوی ئەورووپایان پێ کافرستانییە، کاتێک گوشاریان بۆ هات، ئەوانیش هەر بەرەو ئەورووپا کۆچ دەکەن. لەوێ لە سایەی سیستەمی دیموکراسیی ڕۆئاوادا خەنی دەبن. هەر ئەو ئیسلامییانەی، کە لە مەفتەنی خۆیان، بە خوێنی سەری چەپ و مارکسییەکان تینوو بوون و تەنانەت کەیفیان بە ڕەوتی سۆسیال دیموکراتیش نەدەهات، هەر ئەوەندەی گەیشتنە ئەورووپا و مافی پەنابەرییان وەرگرت و بوون بە خاوەنی مافی دەنگدان؛ ئیدی بێ سێ و دوو دەنگ بەم ڕەوتانە دەدەن. لە تەک چەپەکاندا بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمان ڕێک دەکەون و هاریکاری دەکەن.. بۆیە پێت سەیر نەبێت کاتێک توندڕۆیەک لە سکەندناڤیا دەنگ بە لیستی یەکگرتوو (ئەوپەڕی چەپی دانیمارک) یان، پارتی ژینگە و سۆسیال دیموکرات و پارتی چەپی سوێدی بدات. ئەم دیاردەیەت بە لاوە بانێک و دوو هەوا نەبێت، چونکە لە ئەورووپا چەپەکانن بەرگری لە مافی پەناهەندە دەکەن.

ئەوەتا مەکە و مەدینە لە پاڵیاندایە، بەڵام ئەوان بەنیازی ژیان و وەرگرتنی مافی پەنابەری بۆ ئەوێ کۆچ ناکەن. چونکە ئەوان ئەو سیستەمەشیان بەدڵ نییە، کە ئەو جێگە پیرۆزانە بەڕێوە دەبات.

ئەوەتا ئەگەر شیعەن نەجەف و کەربەلا و قوم لەوانەوە گەلێک نێزیکترە تا ئەوروپا، بەڵام کێ بۆ ژیان ڕوویان تێ دەکات؟ ئەوان هەموویان بە ئیماندار و عەلمانییەوە، ڕوو لە ئەوروپا دەکەن.

## کاڵبوونەوەی گوێڕایەڵیی تاک بۆ نیشتمان، دەنگۆیە یان ڕاستی؟

هاووڵاتیبوون واتە ڕەگوڕیشەی هاوبەش لە نێوان خاک و تاک و ئەوێتیدا. هاوسۆزی لە نێوان هەموو ئەو مرۆڤانەدا کە لەسەر خاکێک، یان نیشتمانێکی دیاریکراودا نیشتەجێن، باوجوودی جیاوازیی چینایەتی، ئاین، هزر، ئایدیۆلۆجیا و خێڵ و ناوچە. چونکە وەها چاوەڕوان دەکرێت ئەو جیاوازییانە نەبنە باعیسی لێکترازان، ئەگەر کاریگەریی نەرێنییان لەسەر مافەکانی تاک دانەنابێت. واتە ئەگەر ئەوان بەتەواوی جیاوازیی بیروڕاوە، لە ڕووی ئەرک و مافەوە یەکسان بن و یاسا و دەستوور لەوێ سەروەر بێت. چونکە دیسان وەها چاوەڕوان دەکرێت دەسەڵاتی یاسایی و دادوەران بێلایەن و ئازاد بن.

ئەگەر هەموو ئەو گرووە جیاوازانەی لەسەر ئەم خاک و بوومە دەژین، بەشێوەی کۆنکریتی و بەقووڵی دەرکیان پێ کردبێ و لە بەرچاویان، لەسەر زەوینەی واقیع، ئەرک و مافەکان بەیەکسانی پیادە کرابن و یاسا بۆ کوڕە شوانێک و کوڕە وەزیرێک وەک یەک بێتەڕەدا. دەرفەتی پەیداکردنی کار، کە لە هەموو ڕەگەزەکانی تر گرینگترە، لە پێش هەمووواندا یەکسان بێت و بەگوێرەی لێوەشاوەیی تاک بێت، ئەوسا هەموو لایەک هەست بەوە دەکەن، کە ئەوان هاووڵاتین. ئەوسا هەموو لایەک شانازی بە هاووڵاتیبوونی خۆیانەوە دەکەن. کاتێک ئەوان لیستی ماف و ئەرکەکانیان هەمان لیست بێت، گوێڕایەڵیشیان بۆ نیشتمان، لە دڵەوە و بە قەناعەتەوە دەبێت. ئەو کاتە نیشتمان دەبێتە موڵکی گشت نەک تەنیا گرووپەک. ئەو دەمە کوڕە شوانێکیش، کە سەر بە هیچ حزب و گرووپەکی سیاسی نییە، خۆی بەقوربانی وڵات دەکات. ئەوسا ئیتر پێوەستبوونی ڕوحی لەگەڵ خاک و نیشتماندا چێ دەبێت.

ئەو دەمە کەسیەتیی زاڵ، خێڵ و گرووی دەستڕۆیشتووش نامێنێت. وەلێ ئەگەر تاک لەچاو ئەوانی تردا هەستی کێماسی بەسەریدا زاڵ بوو. ئەوا نیشتمانی لە بەرچاو دەبێتە دۆزەخ. یان لە زێد و ماڵەباوانی خۆیدا دەبێتە پەنابەر. ئەو حەلە پێوەستبوونە ڕوحییەکە بۆ نیشتمان لە دەست دەدات. ئەو حەلە ئەوی تاک، هەست بەوە دەکات، کە ئەو ئەگەرچی لە زۆریان زاناتر و لە پێشتریشە، کەچی پشتگوێ خراوە. لەبەر هەر هۆیەک بوو‌بێت جێگەکەی ئەو، بە تاکێکی تری ناقابیل دراوە. لێرەوە سۆزبەندیی بۆ نیشتمان لەلای ئەو کاڵ دەبێتەوە. لەسەر خاکی خۆی دەبێتە میوانێکی کاتی و ڕەوتەنی. بوون بەخاوەنی دەفتەرنفووس و ڕەگەزنامە مەرجی دانە پاڵ وڵاتێک، یان گوێڕایەڵی بۆ نیشتمانێک ناگەیەنێ.

تاک دەبێت لە ناخەوە، لە هزرەوە، هەست بە دانەپاڵ و هاووڵاتیبوونی خۆی بکا. بۆیە هەر کاتێک لەنگەری ئەم هاوکێشەیە تێک چوو، ئیدی تاک پشت دەکاتە وڵاتی خۆی و بەناچاری جێی

دێڵێت. لێرەوە لە زەینی ئەودا، سۆزبەندیی بۆ وڵات کاڵ دەبێتەوە، یان لەوانەیە هەر بەتەواوی نەمێنێ.

با نموونەیەکی زیندوو بهێنمەوە. لە سەردەمی حوکمڕانیی بەعسدا، سۆزبەندیی تاکی کورد بە دەوڵەتی عێراقەوە بە ڕادەیەک کاڵ بووبووەوە، باوەڕ ناکەم کوردێکی ساغوسەلیم پێی خۆشبووبێت تەنانەت تیپی تۆپی پێی عێراق، لە هیچ یارییەکدا بیباتەوە. چەند یاریزانەکان جوان یارییان بکردایە، هێشتا هەر ئێمەی کورد پێمان خۆشبوو هەڵبژاردەی عێراق، بە بێهێزترین تیپی ئەم جیهانەی بدۆڕێنێت. چونکە عێراق بۆ ئێمەی کورد نەبوو. بەعس بە مرۆڤی حسێب نەدەکردین و مافی خواردبووین. تکایە ئێوەیش، کارێکی وەها مەکەن لاوی کورد ئاوات بە دۆڕاندنتان بخوازێت.

خۆشەویستی بەسەر زارەکی نابێت. زۆرمان دیت گوایە دەیان ساڵ پێشمەرگە و سەرکردەیش بوونە، وەلێ لە ڕاستیدا لەبنەوە چەشنی کەو، برای خۆیان، واتە پێشمەرگەیان بۆ دوژمن خستووەتە داو. ئەو خەڵکەش ناتۆرەی فایلڕەشیان پێ ڕەوا بینیون. ئێستا با بپرسین، ئاخۆ شوانە نەخوێندەوارەکان (لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆیان)، کە بەلایەنی کەمەوە زیانێکیان بەم وڵاتە نەگەیاندووە جێی ڕێز و بەتەنگەوەهاتنن، یان سەرکردە فایلڕەشەکان؟ بێ لانەوبانەکان جێی ڕێزن، یان گەندەڵکاران؟

مرۆڤ لە مێژووی سەرهەڵدانییەوە، بە دوو ڕەگەز وا بەستەیە، شوێن و کات. بەڵام لاوانی کورد لەگەڵ ئەوەدان، کورد لە هەر جێیەک بن بەمافەکانی خۆیان بگەن. کەرکووک و شار و گوندە داگیرکراوەکان بگەڕێنەوە سەر خاکی کوردستان. ئەوان هیچ لارییان لەوە نییە، کوردی باشوور هێزی بەرگریی خۆی هەبێت و بودجەی بۆ دابین بکرێ. تاکی کورد لەگەڵ ئەوەدایە کورد دەستی بگاتە پیشەسازیی نەوت و خاوەنی سامانی سەرزەمین و بن زەمینی خۆی بێت. لەگەڵ ئەوەیشدایە، کە دێهات ئاوەدان بکرێتەوە. خەڵکی گوندەکان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان و بتوانن بەشی ژیانی خۆیان بەروبوومی کێڵگە بەرهەم بهێنن. لە ڕووی دابینکردنی دانەوێڵەوە بەخۆیان پشتئەستوور بن و خاوەنی ئاسایشی خۆراکی بن.

واتە ئەو قسەیەی، کە دەڵێت لاوان گوێڕایەڵییان بۆ نیشتمان لەدەست داوە. بناخەیەکی لە ڕاستیدا نییە. بگرە پێچەوانەکەی ڕاستە. وەلێ لە هەر سۆنگەیەکەوە بێت، نیشتمان بەیەکسانی مامەڵە لە تەک ڕۆڵەکانی خۆیدا ناکات. لاوان گلەییان لە گوێڕایەڵیی پارتەکان بۆ نیشتمان هەیە و لە ئەدای حزبەکان نارازین، پێشیان وایە چارەسەرەکە هیندە قورس بووە، لە دەستی ئەوان دەرچووە. یان ئەوان پێیان وایە ناتوانن چارەیەکی ئەفسوونی بۆ هەموو ئەو کێشانەی سالانێکە لەسەر یەک کەڵەکە بوونە بدۆزنەوە و هەرچییەک بکەن و هەر هەوڵودەوڵێک بدەن، ئاسنی سارد دەکوتن. بۆیە بەشێکی ئەو خەڵکە پشتی تێ دەکەن و لێی دەردەچن. واتە لاوان خۆیان لە کاڵبوونەوەی گوێڕایەڵیی بۆ نیشتمان بەرپرس نین. بگرە ئەوان ناچارکراون و کاڵبوونەوەی گوێڕایەڵییان بەسەردا سەپاوە.

# بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامیدا

# کولتوور و دەوڵەت

بەشی دووەم

د. عەبدولحوسێن شەعبان

پاژی یەکەم

ئێستە و مێژوو لە پرسی لێبووردەییدا

"بێ لێبووردەیی، ئاشتی ناچەسپێ،

بەبێ ئاشتی، گەشەپێدان و دیموکراسی نابێ."

ڕاگەیاندنی یونسکۆ لەبارەی لێبووردەییەوە

١- ڕۆئاوا و بیرۆکەی لێبووردەیی

ڕووداوەکانی ١١ ئەیلوول/سێپتێمبەر٢٠٠١ی تیرۆریستی، کاریگەری لەسەر تێکڕای دۆخی نێودەوڵەتی هەبوو. ڕەنگە بشێ ئەو کاریگەرییە نەرێنی و پاشەکشە ترسناکانە، لە ڕووداوەکانی دواییدا بخوێنینەوە وەک وێستگەیەکی تازە لەبارەی سووربوونی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەسەر بەکارهێنانی هێزێکی بێ سنوور، هێندێک جار، بێ کۆکردنەوەی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیش، وەک ئەوەی لە لێدانی عێراقدا ساڵی ١٩٩١، پاش ئەوەی عێراق ساڵی ١٩٩٠، پەلاماری کوێتی دا. ئەوە بوو بوش، سەرۆکی ئەودەمی ئەمەریکا، ڕای گەیاند، لەوانەیە ئەمەریکا ناچار بێ بەتەنیا یان بەهاوپەیمانییەک لە دۆستانی لە عێراق بدات، ئەگەر ئەنجوومەنی ئاسایش، ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی نەدات بەبڕیارێکی میکانیکی کە پێویست نەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنەکە. هەمان ئەو گفتوگۆیانەی پێش و پاش بڕیاری ١٤٤١ی سەرەتای تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری٢٠٠٢ بەرپا بوو.

ئەوە بوو ئەمەریکا و بەریتانیا بڕیاری شەڕی عێراقیان دا، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەنجوومەنی

..............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدورەڕاق عەلی

ئاسایشی نێودەوڵەتی، کاتێک نەیانتوانی مۆڵەتێک بەنێوی (شەرعییەتی نێودەوڵەتی)یەوە بەدەست بێنن، پاش ڕازینەبوونی فرەنسا و ڕووسیا و دەنگنەدانی چین، سەرباری هەڵوێستەکانی ئەڵمانیا و دەوڵەتانێکی تری یەکەتی ئەوروپا کە دژی شەڕەکە بوون. هەروەها چەندان دەوڵەتی دنیا، بێ لە خۆپیشاندانی خەڵک لە ٤٠٠ شاری سەرەکی ئەوروپا لە ١٥ شوبات/فێبرایەر٢٠٠٣، کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستەکانی ڕای گشتی، بۆ سەرکۆنەکردنی شەڕ دژی عێراق و ڕاگەیاندنی هاوکاری لەگەڵ گەلی فەڵەستیندا، ڕێکیان خستبوو.

ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوول/سێپتێمبەر، ڕاستەوخۆ، کاریان کردە سەر دۆخگەلی مافەکانی مرۆڤ لە سەرلەبەری دنیادا، بووە هۆی پاشەکشەی بیرۆکەی لێبووردەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. شۆکەکە زۆر گەورە بوو، ئاخر نەدەشیا مەزەندەی پەلامارێکی ئەوهای ئەمەریکا بکەین لەنێوماڵی خۆیدا و بریندارکردنی بە سەختییە و بەو مانا قووڵە، مەگەر لە فیلمێکی هۆلیۆددا، دەنا بەبەرترین خەیاڵدان، بۆ ئەوە ناچێ برێک چەقۆ و گوێزان، ئەو زەبرە گورچکبڕە بسرەوێنێتە ئاسایشی ستراتیجی گەورەترین دەوڵەت لە دنیادا، ئەو زەبرەی بووە هۆی چاوگێڕانەوە بەتیۆریی تۆقاندنی ئەتۆمی و چەکی کۆمەڵکوژ یان هاوسەنگی تۆقاندن، نەخاسمە چەکی تیرۆر و ئەوەی لە ١١ی ئەیلوول/سێپتێمبەر ڕووی دا، بەهەنگاوگەلی درێژخایەن و چارەسەری ڕیشەیی نەبێ، ڕێ لە تەشەنەکردنی ناگیرێ.

دووبارە دەپرسمەوە: ئاخۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە نێوان ڕۆئاوا و ئیسلامدا هەیە؟ سەرەڕای ئەو کارەساتانەی لە ئەمەریکا ڕوویان دا بەهۆی ئەو کارە تیرۆریستییانەوە کە مایەی سەرکۆنەکردنن لە ڕووی مافناسی و ئاینی و مرۆڤانی و ئاکارییەوە، زیانمەند، تەنیا ئەمەریکا نەبوو، بگرە ئیسلام و موسڵمانان، بوونە زیانمەندی سەرەکی ڕووداوەکان، نەخاسمە ئەو وێنە شێواوەی هەوڵی زۆر درا بەعەرەب و موسڵمانانەوە بلکێندرێ (لێرەدا سەرنج لە پاساوگەل شەڕی ئەفغانستان و دواتر عێراق و دانانی ئێران لە تەوەری شەڕ (بەرەی خراپەکار) و هەڕەشەکردن بەیاسای لێپێچینەوە لە سووریا)، بەو پێیەی ئەو دوو دەوڵەتە، لەسەر توندوتیژی و تیرۆر ڕاهاتوون و ڕێنوێنییەکانی ئاینەکەیان هانیان دەدا؛ دوا جار کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان، بێ لە سیستەمگەلی پەروەردە و خوێندن، بەتایبەتی ئاینی، لانەیەکی چاکی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی تیرۆرە، بۆ نەهێشتنی ڕکابەر و دوژمن و ئەوی تر و ڕیشەکێشکردنیان.

هەمان ئەم شێوازە بەزاری شێخ ئوسامە بن لادندا هات کاتێک دنیای بۆ دوو بەرە (فسطاطین) دابەش کرد، وەک چۆن سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش، کردی بە دوو فەیلەق یان دوو سەربازگە، یەکێکیان سەربازگەی شەڕ و تاریکی، ئەوی تریان سەربازگەی خێر و ڕووناکی یان فەیلەقی ستەمکاری و فەیلەقی ئازادی. بەم شێوەیە، دنیا بەسەر ئەم دووانە سەیرەدا دابەش کرا بۆ دوو دنیا: دنیای شارستانیەت و دنیای کێوی (عالم الحضاره وعالم الهمجیه)[١].

وێنەی ئەو لێبووردەییەی ڕووخساری دیاری ژیانی سیاسی ڕۆئاوا بوو، لەرزی، بەتایبەتی لە

ئاستی نێوخۆدا، رووخساری بژاردەییانەی رۆژئاوا بەرانبەر ئیسلام سەری هەڵدا، ئەفغانییەکان (موجاهید) بوون ڕۆژگاری داگیرکاری سۆڤییەت، وەلێ کاتێک بەرەنگاری سیاسەتی ئەمەریکا دەبنەوە؛ (ئیبلسن). موسڵمانانی شیعەمەزەبی ئێران و باشووری لبنان؛ (تیرۆریستن)، بەڵام ئەگەر هاوکاری ئەمەریکایان کرد؛ ئەو نین، وەک کۆمەڵ و لایەنە ئیسلامییەکانی عێراق.

ئەو دەوڵەتانەی ئیسلامی (سوونی ئسوولی)یان دەپاراست و بێدەنگەی لێ کرابوو، بوونە لانەی هاندان و هەڵهێنان و ناردنە دەرەوەی، بۆیە پێویستە هاوکاری ئەمنی و لۆجیستی رۆژئاوا بکا و پرۆگرامەکانی پەروەرد و خوێندن و سیستەمگەلی ئاینیان بگۆڕن، دەنا دەخرێنە ریزی (دەوڵەتانی شەڕخواز) یان (دەوڵەتانی بێزەوەر)ەوە و ناویان دەچێتە لیستەکەی ئەمەریکاوە کە دەگاتە نێزیکەی ٦٠ بزاڤ و تەوژمی سیاسی و ئاینی لە سنووری ٤٠ وڵاتدا(٢).

بەیاننامەی شەست ڕۆشنبیرە ئەمەریکاییەکەی پاش ڕووداوەکانی سێپتێمبەر دەرچوو بەپێی بنەماکانی تیۆریی سامۆئێل هینتینگتۆن "پێکدادانی شارستانییەتەکان" و تیۆریی "کۆتایی مێژوو"ی فرانسیس فۆکۆیاما، بەڵگەی نەمانی پێوەرەکانی لێبووردەیی بوو بەرانبەر ئەوەی رووی دا، بەشێوەیەک، نێزیکەی ملیارێک ٢٠٠ملیۆن تا ٤٠٠ملیۆن موسڵمان کە بەسەر ٦٠ وڵاتدا دابەش بوون لە نێویاندا ٥٧ دەوڵەتی ئەندامی کۆنگرەی ئیسلامییە و نێزیکەی سێیەکی ژمارەی دەوڵەتانی دنیا کە ١٩٢ دەوڵەت، پێک دێن و نێزیکەی پێنجیەکی دانیشتوانی دنیان و تا دێت زیاتریش دەبن بەتایبەتی لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی پێشووەوە، کورت بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەمانە تەنیا کۆمەڵگەگەلێکن هانی تیرۆریزم دەدەن و لە رووی هزری و میناکی (مادی)یەوە هاوکاری دەکەن.

کێماسی تێڕوانین بۆ موسڵمانان هەر مایەوە کە وەک بارستەیەک تەماشا دەکرێن بەو پێیەی ئیسلام یەک شتە، هێندێک جار جیاوازی ناکرێ لە نێوان ئیسلامییەکان و ئیسلامدا، یان لە نێوان ئیسلامییەکان و مەیلەوئیسلامییەکاندا (الاسلامیین والاسلامویین)، زۆر باس لە "هەڕەشەی ئیسلامی" و (مەترسی ئیسلامی) دەکرێ، هەمووان دەخرێنە خانەیەکەوە، وەک ئەوەی تیرۆریزم، قەدەری ئیسلام بێ، وەک ئەوەی زۆربەی موسڵمانان، بەتیرۆر ڕاهاتبن. ئەم دوژمنکاری یان (تیرۆریزمە) وای کرد زۆربەی تیرۆریستان لەسەر ئیسلامییەکان و موسڵمانان بێنە ژماردن، بێ جیاکردنەوە و لێوردبوونەوە یان هەوڵی تێگەیشتن لە بناوانەکانی ئاین و یاسا و ڕێسا بەرکارەکان و سیاسەتە پێڕەوکراوەکان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بێ لەو جۆراوجۆری و جیاوازییەی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان وەک کۆمەڵگەکانی تر(٣).

سەیرەکە لەوەدایە، ئەمەریکا و هێندێک حکوومەتانی ڕۆژئاوا، سەرپەرشتی بیرۆکەی (هاوپەیمانی ئیسلامی)یان دەکرد لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆ وەستانەوە بەرووی تەوژمی نەتەوەیی ــ عەرەبی ئازادیخوازی چەپڕۆدا، کەچی نها، هەر خۆیان لە پشت ئەو بانگێشتنە توندڕەوانەوەن بەدژی ئیسلام و موسڵمانان.

ئیسلامیگەل و موسڵمانان، خودان بۆچوونی خۆیانن لەبارەی سیاسەت و کۆمەڵگە و

پێوەندییەکانەوە کە جیاوازە بەگوێرەی جیاوازی بەرژەوەندی و ئامانج و مەزەندەکان. نە هەموو ئیسلام و تەنانەت موسڵمانان ڕێکخراوی قاعیدەن، یان وەک حکوومەتی تالیبانی ئەفغانی پێشوو، یان نموونەکەی بن لادن، بیر دەکەنەوە، بگرە زۆر لە ئیسلامییەکان، ئەوە موسڵمانان با لەوێ بوەستن، پشتیوانی ڕێوشوێنەکانی حکوومەتی تالیبان و دەمارگیریی بن لادن و ئاراستە توندوتیژەکەیان، نەکردووە، بگرە زۆر دژین، لەوانە تێکدانی پەیکەرە بوداییەکانی بامیان، بەو پێیەی گوایە نائیسلامین، کە هەڵوێستێکە زۆر لە پووچگەرایی و نەبوونی سەلیقە و هەستی جوانی تێدایە، جیا لە بەفیڕۆدانی سامانێکی مێژوویی کە مافی حکوومەتی تالیبان یان ڕێکخراوی قاعیدە یان تەنانەت ئەفغانستان نییە بەو شێوە نابەرپرسانەیە ڕەوتاری لە تەکدا بکا.

ڕۆئاوا، تەنیا وەک (ئیسلام)ی بێ جیاوازی و ڕەنگاوڕەنگی و فرەپێکهاتەیی، تەماشای ناوچەکەی ئێمەیان کردووە، ڕاستییەکی زۆر زەقیان بیر کردووە کە ئێمەش گەلانێکین وەک گەلانی تر، ڕاستە ئاینمان ئیسلامە، وەلێ خودان شارستانیەت و مێژوو و کۆمەڵگە و ئاراستەی هزری و نەتەوەیی و جیاوازیی سیاسی و قوتابخانەگەلی تیۆرین لەبارەی گەشەپێدان و پێشڤەچوونەوە، زانست و شارستانیەتی دنیا و دەوروبەرمان و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجی و هزرگەلی دنیا، کارمان تێ دەکەن.

ڕاستە هەر موسڵمانێک، بڕوادار بێ یان نا، ئایندار بێ یان نا، ئسووڵی بێ یان لیبرالی، عیلمانی بێ یان داخراو، ڕاسترۆ بێ یان چەپڕۆ، هەست دەکات بەشێکە لە پێناسەیەکی گەورە کە ناوی ئیسلامە، جەژنە ئیسلامییەکان دەگێڕێ و ناوی ئیسلامییانە لە ڕۆڵەکانی دەنێ، ناشتنی مردووان و پرسەکانیان ئیسلامییانە بەڕێوە دەبات، بگرە زۆربەیان گۆشت ناخۆن ئەگەر دڵنیا نەبن کە بەڕێی ئیسلامییانە سەربڕاوە، وەلێ ئەمانە شتێکن و ڕێکخراوی قاعیدە و پێڕەوکانی حکوومەتی تالیبان، یان بزاڤ و حکوومەتە ئیسلامییەکان کە شەرعیەتییان لە ئاین وەردەگرن، شتێکی ترن. ئاخر دوا جار، ئیسلام، شارستانیەت و پێناسەی نەتەوەگەل و گەلان و پێکهاتە ڕەگەزی و ئێتنیگەلی جۆراوجۆرە، ڕۆڵی زۆری گێڕاوە لە ئاراستەی ژیانی هەموویاندا، بەڵام ئیسلام ئاستەنگی لە پێش دانەناون کە نەچنە کاروانی دنیاوە بەرەو نوێگەری و دیموکراسی و مافەیلی مرۆڤ.

هەروەها وا سەیری تەوژمی مەیلەوئیسلامی (دەمارگیر و توندڕۆ) ناکرێ کە دۆخێکی ئامادەیە وەک دۆخەکانی تری نێو کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی، وەک تەوژمە دەمارگیرە توندڕۆ مەسیحی و جووەکانی کۆمەڵگەکانی تر، نوێنەری هەموو موسڵمانان ناکەن، وەک چۆن تەوژمە جووە داخراو و تیرۆریستییەکان و تەوژمە مەسیحییە داخراوەکان، نوێنەری جوولەکە و مەسیحی نین. هەموو توندڕۆی و دەمارگیرییەک، دژبەرە لەگەڵ نوێگەری و بنەماکانی لێبووردەییدا، لە دنیای ئیسلامیدا بێ یان کۆمەڵگە مەسیحی یان جوولەکەکاندا.

کێشەی کردەنی بەرەم هێندێک هزرڤانی ڕۆئاوایی، نەخاسمە لای سیاسەتی باڵادەستی ڕۆئاوا، (ئسووڵیەتی ئیسلامی) و کردەوە توندڕۆ و دەمارگیرییەکان نییە، بەقەدەر ئەوەی ئیسلام خۆیەتی

وەک ئاین و ڕێنوێنی، وڵاتانی ئیسلامین وەک نەتەوە و گەلانیان کە ئەو سیاسەتە ڕۆئاواییییە دەیەوێ بیانخاتە بندەستی خۆی لە پێناو بەرژەوەندی و جێبەجێکردنی پلانەکانی و گەیشتن بەئامانجەکانی. ئەو باڵە مەیلەوئیسلامییانەی ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەکی دەمارگیر و توندڕۆ بەکار دەهێنن، هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە عەرەبی و ئیسلامییەکان دەکەن، بەر لەوەی هەڕەشە بن بۆ سەر ڕۆئاوا، نەخاسمە بانگەوازیان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی و ڕێوشوێنی تیرۆریستییانەی لە یاسا دەرچوو، بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ حکوومەتی وڵاتەکانیاندا[٤]. کەچی قەت لەلایەن سیاسەتگەلی ڕۆئاواوە، وەک پێویست، سەرکۆنە نەکراون، بگرە هێندێک جار ژێربەژێر هانیش دراون بۆ لاوازکردنی هەر دەوڵەتێکی عەرەبی یان ئیسلامی کە بەرانبەر سیاسەتی ڕۆئاوا وەستابێتەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە گەلانی ئەو وڵاتانە و پەرۆشییان بۆ ئازادی و دیموکراسی و گەشەسەندن و نوێگەری و مافەیلی مرۆڤ.

بەیاننامەکەی ڕۆشنبیرانی ئەمەریکا، هێندێک لێکەوتەوەی لەبارەی بەنموونەکردنی تیرۆریزم و بەستنەوەی بەئیسلامەوە هەبوو، تا ئەوەی ئەدوارد سەعید، هزرڤان و ئەکادیمیستی فەڵەستینی، بەڕوونییەکی نێزیک لە تۆمەتبارکردن، ئاماژەی دا بەهەوڵی هێندێک لەو ڕۆشنبیرانە بۆ هێشتنەوەی (مەترسی ئیسلام و سەرکۆنەکردنی و لکاندنی توندوتیژی و ستەمکاری و تیرۆریزم بەئیسلامەوە)، لەوانە: جۆدی میلەر، ساموئێل هینتینگتۆن، مارتن کرایمەر، بێرنارد لویس، دانیال بایس، ستیڤن ئەمرسۆن و باری ڕۆبن، سەرباری کۆمەڵێک ئەکادیمیستی ئیسرائیلی کە ئیسلامیان خستە خانەی شتێکی تۆقێنەری بێ وێنەوە[٥].

لەوانەیە، بڕێک لێڵی و تێکئالاوی هەبێ لە ناوکۆیی مرۆڤانی ئیسلامدا (المشترک الانسانی للاسلام) کە پێناسەی کولتووری و ئاینی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان پێک دێنێ، بێ ڕەچاوکردنی زمان و میللەت. ئەگەر ئەم پرسە لە بیرکردنەوەی هاوولاتییانی ئاساییی ڕۆئاوا دوور بن، ئەوە دوور نییە لە بیرکردنەوە و پلانگەل و زانینی بژاردەی سیاسیی فەرمانڕەوا و بەرژەوەندییەکانی، وەلێ ڕەنگە برەودان بەو تێگەیشتنەی کە مەیلەوئیسلامییەکان و توندڕۆیان و دەمارگیران، نموونەی ئیسلامن، لە پێناو ئامانجگەلی تر و سەپاندنی شوێنکەوتەیدا بێ، نەک لە پێناو لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی دیاردەکە و خۆپاراستن لە مەترسییەکانی و گەیشتن بەڕێوشوێنی سەرکەوتوو بۆ نەهێشتنی.

لەم سۆنگەیەوە، دەمانەوێ لەبارەی بیرۆکەی لێبووردەیی و بنەما نێودەوڵەتییەکەی و مانا و ئیشکالییەتەکانی، گفتوگۆ بکەین، پاش هەڵوەستەیەکی کورت لە ئاست فەلسەفەی نوێگەریدا، ئەوەش دەبێتە دەروازەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی ـ ئیسلامی هاوسەردەمدا[٦]، بەئامانجی تەواوکردنی وێنەکە و هەڵاوێردی ڕەنگەکانی و زانینی پێکهاتە و خەسڵەتەکانی.

بڵاوکردنەوەی کولتووری لێبووردەیی و چەسپاندنی، پێویستی بە کرانەوە و ژینگەیەکی لەبارە

کـە ئازادی و مـافی دەربڕین و مـافی جـیـاوازی بێ ترسـان لە سـزایە، هەمـدیس، پێـویسـتی بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە هاوبەشێکی کارای دەوڵەت بێ کە دەبێ بەپێی یاسا و یەکسانی نێوان هاووڵاتییان و نەبوونی جیاکاری بەهۆی ڕەگەز و ئاین و زمان و نەتەوە و پاشخانی کۆمەڵایەتی و بۆچوونی سیاسی یان بە هەر هۆیەکی ترەوە، کار بکا.

٢- لێبووردەیی و فەلسەفەی ڕۆشنگەری

ڕۆشنگەری Enlightenment، وەک تەوژم و دواتر وەک دەستـەواژە، دەگەڕێتـەوە بۆ سـەدەکانی حـەڤـدە و هـەژدە، ئـەو دەمـەی لە ئەوروپا، وەک گـوزارەکـردن لە پێـشـڤـەچوونی هزری لیـبـرالی و سەرهەڵدانی مەیلی مرۆڤانی پێشبەستوو بەعەقڵ و بەرەنگاربوونەوەی لاهووت، بڵاو بووەوە. جیا لە عـەقڵ، ڕۆشنگەری، لە ڕێی تاقـیکردنەوەگـەلەوە، پشـتی بەسـروشت بـەست لە بەرەنگاربوونەوەی تەفسیر و لێکدانەوەی غەیبییانە بۆ دیاردە سرووشتییەکان[٧].

بەهۆی پەککەوتن و شکستی تاقیکردنەوە هزری و سیـاسـیـیە، نەتەوەیی و سـۆشیـالیـستی و ئیـسـلامـیـیـەکـانەوە، گفتوگۆ و مشـتومـڕێکی زۆر لە گۆڕەپانـی هزری و ڕۆشنبیریدا بەرپا بوو. مـشـتـومـڕێکی بێ برانـەوە، بابەتەکـەی، ڕەگـوریشــەی هزری لیـبـرالی و پرسی ڕۆشنگەری و هەستانەوە و سەرەتاکانی هزرڤانان و چاکسازیخوازانی عەرەب و موسڵمان.

ئەوە بوو دوا جـار، دەسـتـەواژەی (ڕۆشـنگەری) برەوی سـەند، برەوسـەندنەکـەشی هاوکـات بوو لەگەڵ هەڵنووتانی ئەو پرۆژە سیاسییانە، نەک هەر تەنیا لە دنیای عەرەب و ئیسلامدا، بگرە لە ئاستی دنیادا لە (تاقیکرنەوە ڕەسەنەکان)دا، مەبەستم، وڵاتانی سۆشیالیست هەروەها لە (وڵاتانی لق)، مەبەستیشم لەمانە، ئەو وڵاتانەی پێمان دەگوتن بزاڤی ڕزگاری نیشتمانی.

کـاتێک بـەشـوێن مـاناکـانی دەسـتـەواژەی (تنویر ـ ڕۆشنگەری)دا گـەڕاین، بینیـمـان ئەو دەسـتـەواژەیە، لای ئیـبنو مـەنزور هاتووە، بەڵام بەمـانای (دەرکـەوتنی ڕووناکی بەیانیـان)، لە مـوعـجـەمی (وەسـیـت)یشـدا وشـەی (اسـتـنار ـ ڕووناکـایی تێکەوت) هاتووە، دەگـوترێ، گـەل ڕووناکایی تێ کەوت، واتە وریا و چاوکراوە و ڕۆشنبیر بووە، خوا دڵی ڕووناک کردەوە، واتە؛ چووە سەر ڕێی چاکە[٨].

ڕووناکی، ڕێنوێنییـە، (خـوا ڕووناکی ئاسـمانەکان و زەوییـە)، واتە ئەو ڕێگە ڕووناک دەکاتەوە و ڕێنوێنی دەکات. کتێبی (کولیات) دەڵێ: ڕووناکی واتە گەوهەری ڕووناککەرەوە[٩].

ڕۆشنگەری[*]، لە ڕووە ڕۆشنبیرییـەکەیەوە، نەخاسمە لەو قۆناخەی پێیان دەگوت قۆناخی عەقڵ The Age of Reason، لەسـەر سێ پایە ڕاوەستا بوو: عەقڵ، سروشت و پێشکەوتن، لێ مەبەست لە ڕۆشنگەری لە سـەدەی حـەڤدە و هـەژدەدا واتە؛ ڕزگاربوون لە بەها و دابە بۆماوەکان و سـەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ژیان لەسەر بنەمای عەقڵ و ئیرادەی کارکردن[١٠].

دەکرێ بگوترێ، یەکەمین کـەس کە دەستـەواژەی ڕۆشنگەری بەکار هێنا، فەیلەسووفی ئەڵمانی

(کانت) بوو، ئەوەش، وەک گوزەرکردنێک لەو بزاڤەی ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەدا دەستی پێ کرد و لە سەدەی هەژدەدا تەواوی کرد.

کانت، لە دوا چارەکی سەدەی هەژدەدا، هزرگەلە ڕۆشنگەرییەکانی فرەنسای قۆستەوە، کاتێک ساڵی ١٧٤٨، وەڵامی پرسیاری پیاوێکی سادەی ئاینی دایەوە کە پرسی: ڕۆشنگەری چییە؟[١١]، لێکدانەوەکەی (کانت) بۆ ڕۆشنگەری، بۆشاییەکی فراوانی گۆڕەپانی هزری ئەڵمانیای پڕ کردەوە، چونکە گۆمێکی مەنگی شڵەقاند و عەقڵگەلێکی چەقیوی بزواند.

ڕۆشنگەری بەلای (کانت)ەوە، مانای؛ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە دۆخێکی لە خوار لە باری زەینییەوە کە بەدەستی خۆی، خۆی تێ هاویشتووە، واتە؛ مرۆڤ خۆی دەبەستێتەوە، کانت لەو بڕوایەدایە، کە هەستکردنی مرۆڤ بەبێدەسەڵاتی، بەرەو ترسنۆکی و نەبوونی توانای بڕیاردانی دەبات. ئاخر تەمبەڵی و ترسنۆکی، وا دەکەن خەڵکێکی پێگەیشتوو، بێ ئەوەی دەرک بەخۆیان بکەن، لە بن سەرپەرشتی کەسێکی تردا نەبێ کاریان پێ نەکرێ، خەڵکانێک دەڵێی تەنیا بۆ ئەوە دروست بوون و ڕاهێنراون کە سەرپەرشتیار بن.

کانت، تا ئەو جێیە دەچێ کە یەکەمین ئەرکی هەر دەوڵەتێکی بەرچاوڕوون ئەوەیە، خەڵکەکەی لەسەر چەمکی ئازادی، پەروەردە بکا. بەلای (کانت)ەوە، ڕێزگرتنی ڕەخنە و سەربەخۆیی هزری، یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی بوون (الوجود).

دەگوترێ، سوکرات، فەلسەفەی یۆنانی کردووە بەدوو کەرتەوە، واتە پێش سوکرات و پاش سوکرات، ئەم گوتەیە بۆ (کانت)یش هەر وایە، کانت، بە (باوکی فەلسەفەی نوێ) دەناسرێ، هێندێک پێیان وایە، کانت، تخوبی نێوان کۆن و تازەیە لە پێشڤەچوونی هزری ئەوروپاییدا.

هەرچی (دیکارت)ە، وای دەبینێ، خوا، هەموو ڕاستییە جیاوازەکانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، هەر ئەویش عەقڵ دەداتە مرۆڤ. دیکارت، سێ جۆر هزرگەل جیا دەکاتەوە، هزرگەلی هەست پێکراو یان هەڵێنجراو (الأفكار الحسيه أو الأنطباعيه)، هزرگەلی خەیاڵی، هزرگەلی خۆڕسکی. بنچینەکانی میتۆدی دیکارتی لەسەر بەڵگەنەویستی و هەڵێنجان دەوەستن، لە کاتێکدا بنەماکانی میتۆدی دیکارتی لەسەر بنەماگەلی؛ ڕاستیی (بڕواهێنانی تەواو- اليقين)، شیکاری، پێکهێنان (التركيب) و بنەمای لێخوێندنەوە (الاستقراء)[١٢].

بەم مانایە، دەکرێ بگوترێ، کانت، لە دووکەرتکردنی فەلسەفەی نوێدا بەشدارە، زۆری لەوانەی پێش خۆی؛ دیکارت، هیوم و ڕۆسۆ، وەرگرت و لە کەناڵەکانی ئەواندا کاری کرد و بۆچوونی تازەی گەڵاڵە کرد، بەجۆرێک، جێ دەستی بە سەدەی نۆزدەوە دیار بێ، وەک چۆن دواتر فەلسەفەی مارکس، کاری لە دواچارەکی سەدەی نۆزدە و نێزیکەی هەموو سەدەی بیست کرد.

فەیلەسووفانی یۆنان زانستیان دەکرد بە سێ بەشەوە: سرسوشت، ئاکار و لۆجیک. هەموو ماریفەتێکیش، یان میناکییە یان وێنایی. یەکەمیان، باس لە بابەتێک دەکات وەک یاساکانی سروشت یان یاساکانی ئازادی یان ئەوەی کانت، پێی دەڵێ، زانست یان تیۆریی ئاکار، لێ

دووەمیان، باس لە وێنەی عەقڵ دەکات، ئەمەشە کە پێی دەگوترێ "لۆجیک".

ئەم شێوە دابەشکردنە، پاش ئەرستۆ، ڕواقییەکان لەسەری دەڕۆیشتن و لە هەموو بارێکیشدا بەڕاشکاوی و بەناڕاستەوخۆ، لەسەر ئەرستۆ دێتە ژماردن[١٣].

دامەزراندنی میتافیزیکی ئاکار، دادەنرێ بەبەرێکی پێگەیشتوو لە بەرەکانی قۆناخی ڕەخنەگرانە لە فەلسەفەی کانتدا، ئەم کتێبەی پاش کتێبی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی پەتی (نقد العقل الخالص)، بڵاو کردەوە.

دوکتۆر عەبدولغەفار مەککاوی پێی وایە، کانت، شۆڕشێکی لە زانستە عەقڵییەکاندا بەرپا کرد، کە لە شۆڕشەکەی کۆپەرنیکۆس دەچێ لە زانستی گەردووناسیدا. ئەو شۆڕشەش لە میتۆدی هزری مرۆڤانیدا بوو، میتفیزیکی باڵادەستی ئەو ڕۆژگارەی ڕووخاند و بینایەکی تۆکمەی لە جێی ئەو ڕۆنا و بنەماگەلی ئاکارێکی نوێی دامەزراند کە ڕەگوڕیشەی گەیشتە خاکی ڕەخنە[١٤].

بەڵام ڤۆڵتێر[١٥]، بەقوتابیی لۆک و نیوتن دادەنرێ، ئاخر لە کتێبەکانی کۆڵینەوە لەو سێ ساڵەدا (١٧٢٦ – ١٧٢٩)کە لە ئینگلتەرا نیشتەجێ بوو، هەر لەوێ کتێبی نامەگەلێکی فەلسەفییانەی نووسی کە ساڵی ١٧٣٤ بێ مۆڵەتی بڵاو کرایەوە، بۆیە دەسەڵاتداران سووتاندیان.

ڤۆڵتێر، لەگەڵ بۆچوونەکانی دیکارتدا ناکۆک بوو، بڕوای بەمەزەبی تاقیگەری (ئەزموونگەری ـ التجریبیە...) فەیلەسووف فرانسیس بیکۆن[١٦] و لۆک[١٧] و نیوتن[١٨]، هێنا، لە بەرانبەر فەلسەفەی دیکارتدا، فەلسەفەی لۆک و لە بەرانبەر زانستی دیکارتدا، زانستی نیوتنی پێشکێش کرد.

بیرۆکەی لێبووردەیی، بەناوی ڤۆڵتێرەوە نووساوە کە لێی کۆڵیوەتەوە و برەوی پێ داوە و داکۆکی لێ کردووە، بۆیە ئەوەی لەم باسە ماوە بۆ هزرگەلی ڤۆڵتێری تەرخان دەکەین.

ڤۆڵتێر، دادەنرێ بەدیارترین داکۆکیکارانی ڕۆشنگەری، بزاڤی دژ بەچەقبەستوویی باوەڕی ئاینی، بەتایبەتی هزرگەلە داخراوەکان. سەرەڕای ئەوەی هەوڵی دا بەجۆرێک لە جۆرەکان، دان بەخالق و داپەروەریی خواییدا بنێ، بەڵام زۆربەی باوەڕە ئسوولییەکانی مەسیحییەتی ڕەت کردەوە. لە جیاتی ئەوانە، ڤۆڵتێر، جەختی لەسەر قبوولکردنی مرۆڤ بۆ مرۆڤەکەی تر دەکردەوە. ڤۆڵتێر، لەو بڕوایەدایە، باوەڕە ئاینییەکان بەکەڵکن، وەلێ مەرج نییە ڕاست بن. تێزەکانی ڤۆڵتێر لەبارەی ئازادیی ئاینییەوە، بوونە پرسگەلێکی باو لە دنیای تازەی ڕۆئاوادا، تەنانەت لەنێو بڕوادارە میانڕۆکاندا.

ئەو هۆکارانە چین کە ڤۆڵتێر بۆ قبوولکردنی یەکتری پێشکێشی دەکات؟ ئەگەر مانەوەی خەڵک لەسەر باوەڕە ئەفسانەییەکانیان کەڵکێکی هەبێ: وەک (مرۆڤانی لاواز)، (سەرلێشێوانی مرۆڤانی)، خۆ گومان نەخستنە سەریان چاکترە لەوەی بکەوێتە بەر شاڵاوی گریمانەکانی ئەو ئەفسانانە، مادامەکی کوشندە نین و لەوە باشترە بێ ئاین بژین. مرۆڤ، هەردەم پێویستی بەشتێکە کەوی و هێوری بکاتەوە، هەرچەندە لەوانەیە زۆر دەستبڵاوانە لە پێناو ڕازیبوونی خوادا قوربانی بدات.

بەرزڕاگرتنی ئەو وێنە و تێڕوانینە جوانانە لەبارەی خوا و ئاسمانەوە، عەقلانیترە لە نغرۆبوون لە بێئاینیدا. ئاخر ڕەنگە بێئاین، عەقلانی، بەهێز یان توندوتیژ بێ، لەوانەیە ئەو زیاتر لە بڕواداڕێک بەئەفسانەکان مایەی مەترسی بێ.

کاتێک مرۆڤ هزرگەلی دروستی لەبارەی شتگەلی خواییەوە نەبێ، وەهمگەلێکی هەڵە جێیان دەگرێتەوە. وەک مرۆڤ کە لات بوو، ناچار پارە دەسکار دەکات. بتپەرست، لە ترسی خواوەندێکی وەهمی ناوێرێ تاوان ئەنجام بدات... تا کۆمەڵگە بمێنێ، ئاین زەرووریە؛ ئاخر یاساگەل، مامەڵە لەگەڵ تاوانە ڕاگەیەندراو یان ئاشکراکان دەکەن، وەلێ ئاین، مامەڵە لەگەڵ تاوانە نهێنی و شاراوەکانیشدا دەکات.

وەلێ کاتێک بیروباوەڕی مرۆڤ دەگاتە وەرگرتنی ئاینێکی پیرۆز و پاک، ئەفسانەگەل، جێی هیچ ناگرن و مەترسیداریش دەبن. نابێ بەڕووبکەینە پێخۆر لە کاتێکدا خوا نانی داوینەتێ، ڤۆڵتێر وا دەڵێ. بەگوێرەی ڤۆڵتێر، ئەفسانە و ئاین وەک فاڵگرتنەوە و زانستی گەردووناسی وایە. ئاخر کە مرۆڤایەتی، کێوییانە دەژیا، ئەو ڕۆژگارە ئەفسانەگەل و فاڵگرتنەوە بالادەست بوون. ئەو دەمەی بەدەگمەن دوو دەرەبەگت دەست دەکەت (سەردەمی تازە)یان هەبێ. لەوانەیە هەڵبەستنی ئەفسانە و گێڕانەوەی بەخەڵکە ڕەشوڕووتەکە، شایانی لێبووردن بێ، وەک ئەوەی پیاوێک بەگێلەژنەکەی یان خزمەتکارەکەی یان لایەنگرە نەزانەکانی دەڵێ، گوایە قدیس کریستۆفەر، مەسیحی مەلۆتکەی لەمبەری ڕووبارەکەوە بۆ ئەوبەر پەڕاندووەتەوە.

عەقڵی ئەو خەڵکە بەچیرۆکگەلی سیحربازی و فاڵچێتی و توانا ڕوحانییەکانیان ئاخنراوە. تا ئەو ئاستەی بڕوا بکەن، قدیس جینۆ، نەخۆشی دەردەشایان چاک دەکاتەوە و خاتوونەقدیس کلێر، چاوان ساغ دەکاتەوە. بەم شێوەیە منداڵان بڕوا بەئەفسانەگەل دەکەن و کوڕان بڕوا بەجلکەکەی قدیس فرەنسیس دەکەن. ئیتر شوێنەواری قدیسەکان و بۆماوە و چیرۆکەکانیان، هێندە زۆرن نایەنە ژماردن، ڕەنگە ئەو (باوەڕانە)، وا دیارە لە هەموو ئاینەکاندا هەیە، نەخاسمە دوعا و نزای (ئەولیاکان و پیاوچاکان و هاوڕێیان و ئیمامگەل).

بەگوێرەی ڤۆڵتێر، خۆڵ و خاشاکی ئەم ئەفسانانە هەر لەنێو خەڵکدا ماون، تەنانەت لەو ڕۆژگارەی ئاین زۆر پاک و بێگەردیش بوو. دەشێ لەگەڵ ڤۆڵتێردا بڵێین، ئەو ئەفسانەگەلە، تایبەت نییە بەکۆمەڵگە یان گەل و نەتەوەیەک، بگرە لەنێو هەموو کۆمەڵگە و گەلاندا، بەربلاوە، لە هەر کوێیەک دواکەوتن هەبێ، تا ئەو ئاستەی هێندێکیان بوونەتە (بۆماوەیەک) لە کولتووری باودا تا وایان لێ هاتووە لە پیرۆزی و مووجیزە نێزیک بوونەتەوە.

بەم شێوەیە ڤۆڵتێر دەگاتە ئەو بەرئەنجامەی: بڕێک دەمارگیر و سەغڵەت لە کونج و کەلەبەری گەڕەکە دوورەدەستەکاندا ماون، لێ ئەم دەردە تەنیا لە خەڵکە هیچەکە دەدات. هەر ڕۆژێک، لۆگیکی عەقلانی و ڕاست بەفەرەنسادا بلاو دەبێتەوە _ لە دووکانی بازرگاناندا وەک کۆشکی لۆردەکان، دەبێ بەری ئەم لۆجیکە عەقلانییە بچنینەوە، نەخاسمە، زەحمەتە ئاستەکەی بزانین،

چونکە کەسێک ناتوانێ دەستی بەسەر هەموو فرەنسادا بڕوات، وەک سەردەمی کاراسیێ دۆمینۆ، پاش ئەوەی بەهزرگەلی باسکاڵ، نیکۆڵ، ئارنۆ، دیکارت، گاسیندی، ڤۆنتنێل و ئەوانی تر، ڕووناک بووەتەوە. هەرچەندە ئەفسانەگەل هیچ سوودێکیان نییە، وەلێ ئەفسانەگەلی ڕۆما زیانی زۆر گەورەی هەیە، ڤۆڵتێر لەسەر بەرئەنجامەکانی دەڕوا و دەڵێ: لەنێو تێکڕای ئەو ئەفسانەگەلەدا، هیچیان لەوە ترسناکتر نین کە ڕقت لە دراوسێیەکت ببێتەوە سەبارەت بەبۆچوونەکانی؟

لە بەشی تایبەت بە (چاکەکاری باشترە لە زانست)دا، ڤۆڵتێر، لەسەر بۆچوونە سەرنجکێشەکانی دەڕوات لەبارەی لێبووردەیییەوە و ئاماژە دەدات: باوەڕی دواکەوتووی کەمتر، ناکۆکی کەمتر، کارەسات و ژانی کەمتر. ئەگەر ئەمە ڕاست نەبوو، کەواتە من هەڵەم. ڤۆڵتێر وا دەڵێ.

ڤۆڵتێر وای دەبینێ، ئاین بۆیە هاتووە تا ژیانمان لەمدنیا و لەودنیا خۆش بکا. باشە بۆ ئەوەی لێرە و لەوێ خۆشبەخت بین دەبێ چی بکەین؟ دەبێ چەندی پێمان دەکرێ دادپەروەر بین؟ دەبێ لێبووردە بین.

ئەگەر بهێنرێتە پێش چاو کە پێشڤەچوونی هزری مرۆڤ، گەیشتووەتە ئاستێک، تێڕوانینیان بۆ غەیبانییەت وەک یەکە، فرە نەزانییە، کۆنترۆڵکردنی هەموو گەردوون بەزەبری چەک، ئاسانترە لە کۆنترۆڵکردنی عەقڵی دانیشتوانی گوندێکی بچووک؛ جیاوازی، خەسڵەتێکی مرۆڤانییە.

وەلێ لەبارەی لێبووردەیی دنیاییەوە، ڤۆڵتێر دەڵێ: هونەرێکی مەزن و قسەزانی و ڕەوانبێژییەکی زۆری گەرەک نییە تا بیسەلمێنی کە پێویستە مەسیحی یەکتری قبووڵ بکەن. من زۆر واوەتر دەچم و دەڵێم، دەبێ هەموو مرۆڤ بەبرا بزانین. چی؟ تورکی برامە؟ چینی برامە؟ جوو؟ سیامی؟ بەڵێ، بێ گومان، ئەدی کوڕی یەک باوک نین، ئەدی خوایەک خەڵقی نەکردووین؟

دیسان ڤۆڵتێر دەڵێ: وەلێ ئەو خەڵکە سووک سەرنجمان دەدەن و وەک بتپەرستان مامەڵەمان دەکەن. باشە، من پێیان دەڵێم زۆر هەڵەن. وا دیارە من، بەلایەنی کەمەوە، (مسوڵمان) یان (قەشەیەکی بودایی) سەرسەختی داخراوی شانازی بەخۆوەکەر، سەری دەسوڕمێ، ئەگەر گوێی لێم بێ پێی دەڵێم: ئەم دنیا بچووکە، تەنیا خاڵێکە، بەبۆشاییەکدا دەسوڕێتەوە کە دنیاگەلی تریشی تێدا دەسوڕێتەوە، ئەم گەردوونە هێندە گەورەیە، ئێمە وێڵ و سەرگەردانین. باڵای هەر یەکێکمان پێنج پێیە کە هیچ نییە لە چاو ئەو بوونەوەرەدا. یەکێک لەو خوڵقێنراوانە، بەهاوسێکانی لە دوورگەی عەرەبی یان باشووری ئەفریقیا دەڵێ: گوێم لێ بگرە، چونکە خوای ئەو هەموو دنیاگەلە ڕێگەی ڕووناک کردوومەتەوە، نۆسەد ملیۆن مێرووی چکۆلەی وەک ئێمە لەسەر گۆی زەوی هەیە، بەڵام تەنیا من لای خوا خۆشەویستم، ئەوانی تر تا هەتایە بێزراون، مێرووەکەم، تاکە مێرووی خۆشبەختە، ئەوانی تر، تا هەتایە نەفرەت لێکراون.

ئەوانە قسەکەم پێ دەبڕن و هەواڵی ئەو گێلەپیاوە دەپرسن کە ئەم قسە بێسەروبەرانە دەکات، ناچارم وەڵام بدەمەوە: (ئێوە خۆتان). دوای ئەوە هەوڵ دەدەم بیانهێنمەوە سەرخۆ، ئەوەش ئەرکێکی زۆر گرانە.

دواتر دەچمە لای مەسیحیگەل، پێ لە جەرگی خۆم دەنێم قسان لە تەک مەسیحییەکی دۆمینیکانی ئەندامی دادگەکانی پشکنین دەکەم (ئەوانە سەرپەرشتی دادگە بەدناوەکانی پشکنیان دەکرد، بۆ دادگەییکردنی هەر لادەرێک لە کاتۆلیکییەتی کلاسیکی و دارکارییان دەکردن و سزای مردنیان دەدان): (برام، دەزانی هەر دەڤەرێکی ئیتالیا بەزمانێکی تایبەت قسان دەکەن، خەڵکی ڤینیسیا یان پەرکامۆ، بەشێوەی خەڵکی فلۆرەنسا نادوێن؟).

ئەکادیمیای گروسکا، نێزیک فلۆرەنسا، بنەماگەلی زمانی جێگیر کردووە و قامووسێکی داناوە کە کەس بۆی نییە لێی لابدات. دیسان ڕێزمانی بۆنماتی کردووەتە ڕێنوێنێکی زمانەوانی کە لێلادانی تێدا نییە. بەڵام پێت وایە ئەنجوومەنی ئەکادیمیای گروسکا، هەڵە ناکەن، بۆنماتی، دەتوانێ زمانی هەموو خەڵکی ڤینیسیا و بێرگاما ببڕێ، چونکە سوورن لەسەر قسەکردن بەشێوازاری خۆیان!، ئەندامەکەی دادگەی پشکنین وەڵام دەداتەوە: لە نێوان نموونەکەی تۆ و سرووتەکانی ئێمەدا جیاوازن، سرووتەکانمان بۆ ئێمە، پرسێکی پێوەستە بەسەلامەتی گیانمانەوە.

بیرۆکەکە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ: لە بەرژەوەندی تۆدایە، سەرۆکی دادگەکەی پشکنین، بەگوێرەی شایەتی تاکە کەسێک حوکمی خۆی بدات، با ئەو کەسە چەند بەدناو و تەنانەت تاوانباریش بێ، نابێ پارێزەریشت هەبێ، ئەو کەسەش ناناسی کە تۆمەتبارت دەکات، ئەو ئەندامەی دادگەکە بۆی هەیە بەڵێنی لێخۆشبوونت پێ بدات یان دەمودەست حوکمت بدات، لەولاوە پێنج کەسی جۆراوجۆر دارکاریت بکەن، دارکاری بکرێی و بنێردرێی بۆ بەردەم پەتەکە یان بەڕێوڕەسمێک بتسووتێنن؛ ئاخر بابە ئیگۆنت، دوکتۆر کۆشالۆن و کەسانی تریش زۆر ڕوون و ئاشکرا قسانیان کردووە کە دەڵێن ئەو سرووت و ڕێوڕەسمانە خواناسییە و خواپەرستییە و هیچ دژبەرییەکیان تێدا نییە.

بۆ تەواوکردنی ئەم دەقە، ڤۆڵتێر لەسەر وەرزشە هزرییەکەی خۆی دەڕوا و دەقێکی لێبووردەییانە پێشکێش دەکات، کاتێک دەڵێ: مافی وەڵامدانەوە بەخۆم دەدەم: براکەم، ڕەنگە بڕوات کردبێ و من دڵنیام داوای خێر و خۆشیم بۆ دەکەی، بەڵام ئاخۆ ناکرێ بێ ئەم هەموو شتە، بمپارێزی و ڕزگارم بکەی؟

ئەم هەموو سزا بێهوودە و تۆقێنەرە، بڵێی ڕۆژانە زەوی پیس نەکەن، کەچی دەبن و دووبارەش دەبنەوە، لەوانەیە بەرگگەلە کتێبێک پڕ بکەنەوە زۆر لەو ئینجیلانە گەورەتر کە تۆ سەرکۆنەیان دەکەی و پێیان ناڕازیت، ئاخۆ ئەوپەڕی دڵڕەقی نییە لەم ژیانە کورتەدا خەڵکانێک بچەوسێنینەوە کە وەک ئێمە بیر ناکەنەوە، بەڵام نازانم ئاخۆ وێرانە یان بێمنەتییە ئەگەر بەئاشکرا سەرکۆنەی بکەین، سەرکۆنەیەکی هەتاهەتایی ئەوتۆ .. خوا قەزا و حوکمی خۆی لەسەر بدات(١٩).

پەراوێزەکان:

١- أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام والارهاب الدولى، ثلاثيه الثلاثاء الدامى، دار الحكمه، لندن، ايلول/سيبتمبر٢٠٠٢، ص٩ وما بعدها.

٢- أنظر: هاليداى، ساعتان هزتا العالم، ١١أيلول/سيبتمبر ٢٠٠١، الأسباب والنتائج، ترجمه: عبدالاله النعيمى، دار الساقى، بيروت، لندن، ٢٠٠٢، ص١٩ وما بعدها، وقد استخدم الكاتب محمود حيدر مصطلح "الدوله المستباحه" وأحيانا تعبير الأمميه المستباحه عند الحديث عن الحرب علىٰ العراق. أنظر: حيدر، محمود، الدوله المستباحه، من نهايه التأريخ الىٰ بدايه الجغرافيا، دار رياض نجيب الريس، بيروت، ٢٠٠٤.

٣- قارن: مقاله غوستاف نيبور فى صحيفه نيويورك تايمز بعنوان "العرب المسيحيون ايضا، يضايقون باستمرار" فى ١٥/١٠/٢٠٠١. كذلك: نظام الدين، عرفان، العرب والغرب بعد الزلزال، بيروت، ٢٠٠٢.

٤- قارن: شعبان، عبدالحسين، "الغرب ووجهه الحوار، الاسلام أم التيارات الاسلاميه؟"، صحيفه الحياه اللندنيه، العدد ١٤٣١٢، ٢٧آيار/مايو٢٠٠٢، وقد استعاض الباحث عن كلمه "الاسلاميه" ب"الاسلامويه" فى الفتره التى نشرها فى كتابه، الاسلام والارهاب الدولى، مصدر سابق، ص١٢٢.

٥- قارن: محاضره القصيبى، د. غازى، لندن، جامعه وستمنستر، المنشوره فى صحيفه الحياه، ١٠تموز/يوليو٢٠٠٢. كذلك قارن: العجلونى، ابراهيم، "بيان المثقفين الأمريكيين"، صحيفه الرأى الأردنيه. اما نص البيان، فقد نشرته صحيفه السفير فى ١١شباط/فبراير٢٠٠٢، وقام بترجمته رولا الأيوبى ووسام سعاده. أنظر: كذلك: د. حرب، على، "رد علىٰ رساله المثقفين الأمريكيين، بشأن أحداث ١١أيلول/سيبتمبر"، صحيفه الرأى الأردنيه، ٩نيسان/ابريل٢٠٠٢.

٦- أنظر: شعبان، عبدالحسين، الاسلام وحقوق الانسان، المشترك الانسانى للثقافات والحضارات المختلفه، مؤسسه حقوق الانسان والحق الانسانى، ط١، بيروت، ٢٠٠١، وط٢، كردستان، اربيل (العراق)، مؤسسه موكريانى للطباعه والنشر، ٢٠٠١.

٧- لم يرد اصطلاح التنوير فى القرآن ال كريم، لكن كلمه النور تكررت ثلاثا واربعين مره، وهو ما سنأتى علىٰ ذكره.

٨- أنظر: المعجم الوسيط، مجمع اللغه العربيه، القاهره، ج٢، ص٩٦٢، نقلا عن التويجرى، د. عبدالعزيز بن عثمان، مفهوم التنوير فى التصور الاسلامى، المنظمه الاسلاميه للتربيه والعلوم والثقافه، ايسيكو، الرباط، ٢٠٠٢، ص١١.

٩- الكفوى، أبو بقاء، كتاب الكليات، معجم المصطلحات والفروق اللغويه، مؤسسه الرساله، بيروت، ١٩٩٢، ص٩٠٩. قارن: المصدر السابق.

١٠- أنظر: زقزوق، د. محمود حمدى، الدين وفلسفه التنوير، دار المعارف، القاهره، ١٩٩٦، ص٧٩. كذلك أنظر: الحفنى، د. عبدالمنعم، موسوعه الفلسفه والفلاسفه، مكتبه مدبولى، ج١، القاهره، ١٩٩٦، ص٤٠٥. قارن: التويجرى، د. عبدالعزيز بن عثمان، مصدر سابق، ص١٣.

١١- كانت، ايمانوئيل، هو أحد رواد الفكر النقدى، عاش للفتره بين ١٧٢٤ _ ١٨٠٤، من كتبه الأساسيه: نقد العقل الخالص، ونقد العقل العملى، ونقد ملكه الحكم، وتأسيس ميتافيزيقا الأخلاق. أنظر: العريس، ابراهيم، "ما هو التنوير؟"، أواخر كانون الأول/ديسمبر٢٠٠٢. كذلك: كرم، يوسف، تأريخ

الفلسفه الحديثه، دار المعارف، القاهره، ١٩٨٦، ص٢٠٨ وما بعدها.

١٢- أنظر: فضل الله، د. مهدى، فلسفه ديكارت ومنهجه، دار الطليعه، بيروت، ط٢، ص ٨٧-١١٨.

١٣- أنظر: كانت، ايمانوئيل، تأسيس ميتافيزيقيا الأخلاق، ترجمه وتقديم: د. عبدالغفار المكاوى، مراجعه: د. عبدالرحمن البدوى، منشورات الجمل، كولونيا ٢٠٠٢، ص ١٩-٢٠.

١٤- المصدر السابق، (مقدمه المترجم).

١٥- ولد فولتير فى فرنسا ١٦٩٤ _ ١٧٧٨ ويعتبر من أشهر الكتاب واهتم بالنثر والشعر والفلسفه وكان أحد دعاه التسامح. وسنتناول بالعرض فى الفتره اللاحقه أفكار فولتير الخاصه بالتسامح والتنوير والفلسفه. من أهم كتب فولتير: الرسائل الفلسفيه، رساله فى التسامح، القاموس الفلسفى و غيرها.

١٦- ولد فرنسيس بيكون بلندن ١٥٦١ وتوفىّ ١٦٢٦، وكان أبوه حامل الخاتم الأكبر فى خدمه الملكه أليزابيث، دخل جامعه كامبردج دون أن يتخرج منها. رحل الىّ فرنسا واشتغل بالسفاره البريطانيه فى باريس ثم عاد الىّ وطنه بعد وفاه والده ١٥٩٧، حيث درس القانون وانتظم فى سلك المحاماه، اعتمد المنهج الاستقرائى وتنويع التجربه وتناول ثلاثه موضوعات هى فلسفه الطبيعه والانسان والله. حاول مماله الملكه وحصل علىّ أعلىّ المناصب، لكن ذلك لم يمنع تعرضه الىّ حمله شديده أبعدته من البرلمان والوزاره والوظائف العامه. انظر: كرم، يوسف، تأريخ الفلسفه الحديثه، مصدر سابق، ص ٤٤-٥٧.

١٧- ولد جون لوك بالقرب من مدينه بريستول البريطانيه، وكان أبوه محاميا خاض غمار الحرب الأهليه مدافعا عن البرلمان ونشأ علىّ حب الحريه وظل متعلقا بها حتىّ آخر يوم من حياته. يعتبر جون لوك ١٦٣٢ _ ١٧٠٤، أحد كبار ممثلى النزعه التجريبيه الانكليزيه وجاء بعد هوبز وبيكون، حيث تعمق فى المذهب الحسى واعتبر زعيمه فى العصر الحديث. فى كتابه "ماهيه الحقيقه ١٦٤١، يذهب الىّ ان التجربه لا توفر لنا المعرفه الحق وان العقل حاصل منذ الأصل علىّ المعانى العليا الضروريه للعلم والأخلاق، فان العلم يرتفع بالفعل فوق الحس... وان الأخلاق تدور علىّ ما يجب ان يكون لا علىّ ما هو كائن... وأن العقل لا يجد اطمئنانه النهائى الا بمعرفه العله الأولىّ للموجودات... وان معرفتنا وحده الموجودات فى الله تبرئنا من الحسد وتعلمنا ان سعاده القريب سعادتنا. من كتبه: محاوله فى الفهم الانسانى. ويعتبر لوك ان للانسان حقوقا مطلقه لا يخلقها المجتمع وأن حال الطبيعه تقوم علىّ الحريه أى أن العلاقه الطبيعيه بين الناس هى علاقه كائن حر بكائن حر تؤدى الىّ المساواه، وينحصر حق الناس فى تنميه الحريه والدفاع عنها وعلىّ كل مايلزم منها من حقوق قبل حق الملكيه وحق الحريه الشخصيه... الخ. ودعا الىّ فصل الدوله عن الكنيسه. أنظر: كرم، يوسف، تأريخ الفلسفه الحديثه، مصدر سابق، ص ١٤١-١٥٢.

١٨- يعد نيوتن (١٦٤٢-١٧٢٧) من أشهر علماء الرياضيات والفلسفه الطبيعيه والبصريات، وهو خريج جامعه كامبردج. أثرت مكتشفاته العلميه فى الفلسفه وخصوصا "قانون الجاذبيه". منطقه الرياضى قاده الىّ القول بمكان مطلق وزمان مطلق. والاطلاق صفه من صفات الله. المكان المطلق هو الواسطه التى يتجلىّ بها حضور الله، والزمان المطلق هو أبديه الله؛ وبذا جعل نيوتن من المكان والزمان شيئين ثابتين.

١٩- حاولنا قدر الامكان الاستعانه بنصوص من فولتيرمت بمساعدتنا فى التدقيق ومراجعه الترجمه ال،

# کەسێتیی تاکی عێراقی

باقر یاسین

بەشی شەشەم:

دیکتاتۆری لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا

ئاخۆ کەسێتیی عێراقی بەدەسەڵاتخوازی دەناسرێتەوە؟

٥- عێراقی لە متمانە پێدان و دوژمنکاریدا زیادەڕەوی دەکات:

هاوشان لەگەڵ خەسڵەتی توند تەبیعەتی و زوو هەڵچوون، تاکی عێراقی ڕوو لە زێدەڕۆیی لە متمانە پێدان و لە دوژمنکاریدا دەکات، ئەو زێدەڕۆیی و توندڕۆی دەکات کاتێک هەڵوێست و پێگەی لە چوارچێوەی متمانەدا دەبێت و ئەم متمانە پێدانە کورت نابێتەوە لە وەسفکردنی پشتگیری، یاخۆ سەرسامی بەکەسێک یا بەرپرسێک، یان فەرمانڕەوایەک، بگرە هەموو ڕاستییەکان دەگرێتەوە لە ناویاندا زێدەڕۆیی لە دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕ، یا ئاین، یاخۆ حزبی سیاسی، یان ڕێکخراو، یاخۆ تایەفە، یا شار، یاخۆ خێڵ، یا دەستەی کۆمەڵایەتی، یان دەزگای ئابووری... هتد.

بۆ جەختکردنەوەی هێزی دڵسۆزییەکەی شانازی دەکات و لە دەرخستنی ئەوپەڕی حەماسەتەوە دەنەڕێنێت و تاودانی پڕ لە زێدەڕۆیی بەچەندان وێنە و شێوەی جیاجیا، زۆر جاریش ئەم هەڵکوتانەی مایەی ڕەخنە و ڕقلێبوونەوەی ئەوانی ترە، هەروەها ئەم زێدەڕۆیی و تاودان و شێلگیرییە دەست بەسەر تاکی عێراقیشدا دەگرێت، هەینێ لە هەڵوێستی دوژمنکارانەدایە، ئەو کاتێک هەڵوێستی ناحەزی و دوژمنکاری وەردەگرێت، سڵ ناکاتەوە لە پێڕەوکردنی دڕندانەترین هەڵسوکەوتی دڵڕەقانە و خۆخستنە ناو دوژمنکاری و ئازاردان، لە کاتی ڕوودانی ناحەزی و

..............................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

سزادانداً، کەسی عێراقی بەخێرایی بەهەڵچوونێکی توندەوە تاو دەدات بۆ وێرانکردنی ئەوی هەیە لە خزمایەتی و پێوەندی و هاوبەندی و پردی کۆن لە خۆشەویستی و بڕوا لە نێوان خۆی و ئەوی لەگەڵیدا تێکی دا، هیچ شتێکیش ناهێڵێتەوە تا بە بەری بمێنێتەوە، یاخۆ پردێک بەسەریدا بپەڕێتەوە لە کاتی نەمانی ناحەزییەکەدا، ئیدی دەگەڕێتەوە دۆخی ئاشتەوایی و لێبوردن و لێخۆشبوون.

بەدەیان ڕووداو و بوویەر لەبارەی متمانە پێدان، یاخۆ دوژمنکاری هەن (تاک یاخۆ کۆ) دەکرێ بەنموونە بهێنرێنەوە، سا ئیتر لە مێژووی هاوچەرخ بێت، یا مێژووی کۆن، ناتوانین زۆر لەسەر نموونە هێنانەوە لەم بارەیەوە بڕۆین، چونکە دەبنە هۆی درێژدادڕی و ڕوودانی ناتەواوی لە هاوسەنگیدا، کە پێویستە لە ڕووبەری تایبەت بەهەر یەک لە بابەتی توێژینەوە و ناونیشانەکانیدا هەبێت، کەچی واپێویست دەکات بەلای هەندێک نموونە لە واقیعی عێراقیدا لابدەین، کە دەکۆشین هەڵیان بژێرین و لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژوودا و بەوپەڕی کورتییەوە هەڵیان بگرینەوە.

بەر لەوەی بگوازینەوە بۆ ناوهێنانی بەڵگەکان و وردەکارییەکانیان شی بکەینەوە، پێویستە ئاماژە بەتێبینییەکی گرینگ و زیندوو لەم بارەیەوە بکەین:

بەگشتی هەڵوێستی تاکی عێراقی، یاخۆ عێراقییەکان چ لە متمانە پێدانەوە بێت، یاخۆ دوژمنکاری، هەڵوێستێکە مایەی دڵنیایی نییە و زۆر پشتی پێ نابەسترێت، چونکە گەلێک جار دەبێتە هۆی ماڵوێرانی و بێ ئومێدی و سەرشۆڕی، بەتایبەت لای ئەوانی شارەزاییيان هەیە و خودان ئەزموونی پراکتیکی و زانستیی واقیعین بەشێوە ئاکاری باو لە کۆمەڵگەی عێراقیدا. هۆی ئەوەشی کە بڵاو و ناسراوە لە دۆخی تاودان و هەڵچوون و پەلەپەلکردن و دڵەڕاوکێ و وەرچەرخان و گۆڕان لە میزاج و گۆڕانی لە ناکاو لە سۆز و هەڵوێستەکانی تاکی عێراقیدا و بەشێوەیەکی خێرا، کە هیچ دەرفەتێک بۆ دەرککردن بەهەڵوێست و چارەسەری خەوشەکە ناهێڵێتەوە.

ڕەنگە بتوانین بڵێین وەرچەرخانە سیاسییە دڕندانە و ڕامالەکەر و خوێناوییەکان لە عێراق و ئەوی بەدوایدا دێت دەبنە شایەدحاڵێکی ئاشکرا لەسەر ئەوەی پێشتر باسمان کرد.

بۆ نموونە شاری بەغدا، کە هێمای فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتە لە عێراقدا لە سەردەمی عەباسییەکانەوە تاکو ئەمڕۆ پتر لە بیست و یەک جار تووشی ڕووخان و داگیرکردن هاتووە، هەر لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی ٧٦٢ز دا، تاکو دوا ڕووخانی لە ساڵی ٢٠٠٣ز دا، لە هەر جارێکدا شارەکە داگیر بکرێت، ئەوا دەسەڵاتی سیاسی دەڕووخێ و بەهێز دەسەڵاتێکی تر دێتە شوێنی، زۆرجاریش ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆری و خوێناوی و ستەمکار دەبێت، هەرچی ئەو هاوبەشەیە کە سەرجەم ڕووداوەکان لە مێژووی عێراقدا پێکەوە دەبەستێتەوە، شێوازی توندوتیژیی خوێناوییە، کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی سیاسی دەگۆڕێت.

لە هەر جارێکیشدا دەسەڵاتە کۆنەکە بڕووخێنرێت و دیکتاتۆریی خونخواریی نوێ دامەزرێت، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لەوانەی چەپڵەلێدەر و سەرزەنشتکار و هەلپەرست و سوود وەرگرن،

لەوانەی پێشبڕکێ لەسەر بەرژەوەندی و تالآن دەکەن و وا نیشان دەدەن پشتگیری و متمانە و حەماسەت و تاودانی زێدەڕۆیان هەیە پێوەندی بەو دەستە سەرکەوتووەوە دەکەن، هەروەها لەگەڵیاندا هەزارانی تر لە ماستاوچی و دووڕوو پێوەندی دەکەن، لەوانەی زێدەڕۆیی دەکەن لە ستایش و بەرزکردنەوە و هەر کارێکیش بۆ بەرپرسە نوێیەکان بکەن، جا ئیتر باش بێت، یا خراپ، یا شەرمهێن بێت، پاساو بۆ کارەکانیان دێننەوە، جا با درێو، یا تۆڵەسێن، یاخۆ نایاساییش بن...

بەتێپەڕبوونی ڕۆژ و ساڵ و سەدەکان و دووبارەکردنەوەی بەردەوام بۆ ئەم جۆرە ڕووداوە هاوشێوانە سەیر و بەدوور نازانرێت ئەم خەسڵەتە ئاکارییە هەلپەرستانە خراپە بگۆڕێت بۆ تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتیی باو و جێگیر و ئاشنا بەرۆکی ئاکاری تاک لە کۆمەڵگەی عێراقیدا بگرێت و ببێتە بەشێک لە سروشتی، یاخۆ بەشێک لەو وەڵامە کەسێنییە نەشیاوە بەخەسڵەت زۆرەملێ و دەستبەسەرداگرانە.

بەڵام لەلایەکی ترەوە، واتا زێدەڕۆیی لە ڕقلێبوونەوە و ناحەزی، هێندە بەسە ئەوە بیر خۆمان بهێنینەوە، کە بوونی دیاردەی ڕاکێشان (واتا ڕاکێشانی تەرمی مردوو دوای کوشتنی، یا لەداردانی) شێوەیەکە لە شێوەکانی زێدەڕۆیی لە دوژمنکاری و تۆڵەسەندنەوە، دیاردەی ڕاکێشان لە عێراقدا خەیاڵ، یاخۆ کۆمەڵە ڕێکەوتێک، یا هەڵەی نائەنقەست نییە! بگرە دیاردەیەکە مێژووی خۆی هەیە و لە ڕووداوی هەمەجۆر و زانراو و دیارکراو بەناو و مێژوو دەستنیشان کراو بەرجەستە دەبێت، دووبارە دەبێتەوە و دابەش دەبێت بەسەر قۆناخی جیاجیا و دوور لە یەکتر لە مێژووی عێراقدا، ئەگەر لەبەر بێ بواری لە توانامان‌دا نەبێت لێرەدا بە فراوانی قسەی لەسەر بکەین، بەناو هێنانی هەندێک ڕووداوی دیارکراو واز دەهێنین، کە دەچنە خانەی ئەم دیاردە نامرۆیییە خراپەوە، کە دەڵێی جێ چرنووکی ناشرین و قێزەونن بەڕووی مێژووی عێراقەوە.

کۆنترین ڕووداوی ڕاکێشان لە عێراقدا ڕووداوی ڕاکێشانی شا شەهربەرازە لە ساڵی ٦٣٠ز دا لە مەدائین"[٧] (نزیکەی ٦٠ کیلۆمەتر لە خوارووی ڕۆهەڵاتی بەغدای ئێستا)، دوای مردنی شا کیسرا نەوشیروان، ئەوەش پێش فەتحی ئیسلامی بوو بەماوەیەکی کەم... دوا ڕووداوی بەناوبانگ و زانراو و تۆمارکراوی ڕاکێشان، ڕاکێشانی ژمارەیەک سەربازی ئەمەریکاییە دوای کوشتن و سووتاندنیان لە نێزیک پردی فەلوجە لە ساڵی ٢٠٠٤ز دا.

لە نێوان ڕووداوی ڕاکێشانی یەکەمدا لە مەدائین لە ساڵی ٦٣٠ز و ڕووداوی ڕاکێشانی دوامین لە ساڵی ٢٠٠٤ز دا لە نێزیک پردی فەلوجە، زنجیرەیەک ڕووداوی ڕاکێشان لە مێژووی عێراقدا تۆمارێکی شەرمهێن بۆ ئەم جۆرە ئاکارە دوژمنکارییە پێک دەهێنن، کە مرۆڤی عێراقی پیادەی کرد، ئەمەش بەئەوپەڕی زێدەڕۆیی لە ناحەزی و ڕقلێبوونەوە دەناسرێتەوە، بۆ ئەوەی وێنەکە دوورکەوتنەوەی یەکجارەکی لە نێوان زێدەڕۆیی لە متمانە پێدان و زێدەڕۆیی لە ناحەزیدا تەواو بێت، لێرەدا بۆ خوێنەر ئەوە دەهێنینەوە، موسلیم بن عەقیل (ڕەزای خوای لێ بێت)، کە ئامۆزای ئیمام حوسێن (سلاوی خوای لێ بێت) و نێرراوی بوو بۆ خەڵکی عێراق، دوای لەداردانی لە شاری

کوفەدا ڕایان کێشا، پەتیان بەپێیەکانییەوە بەستبوو لە بازاڕی ئەلکەناسە لە کوفە، هەروەها لە هەمان کاتدا هانی کوڕی عەروەشیان (ڕەزای خوای لێ بێت)[8] لەگەڵیدا ڕاکێشا، عێراقییەکان بەهەزارانیان لە دوای موسلیمەوە نوێژیان دابەست، ئەو کاتی گەیشتە لایان و زێدەڕۆییان کرد لە متمانە پێدان و پشتگیرییان بۆی، بەر لەوەی لێی هەڵگەڕێنەوە، ئەمەش پێش چەند ڕۆژێکی کەم لە گرتن و لەداردانی، پاشان ڕاکێشانی تەرمەکەی بەناو بازاڕی کوفەدا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بناخەی توێژینەوەکەمان، ئەوا دەڵێین زۆری ژمارەی ئەوانەی متمانە بەهەر ڕێژیمێکی نوێ و دەسەڵاتێکی تازە لە عێراق دەدەن، لە هەر جارێک و لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەو کارەدا جار لە دوای جار، وا لە مرۆڤ دەکات وا مەزەندە بکات سەرجەم میللەتی عێراق (بەپێی ئەم دیاردانە) بەخۆی پێڕەوی ئەم هەڵسوکەوتانە دەکات و خۆیشی ئەم ئاکارە جێبەجێ دەکات، کاتێکیش جارێکی تر دەسەڵات بەدەست تاقمێکی تر دەڕووخێ، ئەو دەستە بەرینە ستایشکار و چەپڵەلێدەرانەی لە گشت لایەکەوە بەدەوری گەورەکانی دەوڵەتەوەن دەتوێنەوە و دەبن بەهەڵم، تاکو دەستەیەکی نوێی تر شوێنی دەگرێتەوە و دەست بەڕاوەدوونانی گرووهی پێشوو دەکات و لەناوی دەبات و متمانە پێدانە هەرزان و دەمودەستەکەی ڕادەگەیەنێ و ئامادە دەبێت بۆ هەستان بەهەمان ڕۆڵی ئاکاریی خراپ، کە تاقمە دۆڕاوەکەی پێشوو پیادەی کرد.

جار لە دوای جاریش لەم ئاهەنگە خوێناوییە کارەساتبارەدا ڕەوتی تر لە ڕۆڵەکانی گەلی عێراق، کە لە جارەکانی پێشوودا بەختیان یار نەبووە بۆ پیادەکردنی ئەم ئاکارە خراپە بەشدار دەبن..

بەم ئاوایە و پێ بەپێ و دوا بەدوای یەک و بەبەردەوامی ژمارەیەکی گەلێک زۆر لەو عێراقییانەی بەم کارە ناشرینانە لە ئاکاری تژی لە زێدەڕۆیی لە متمانە پێدان و لە ناحەزی دەلەوتێن.

ئەگەر بمانەوێت لە گۆشەنیگایەکی هێمنانەوە سەرنج لە مێژووی عێراق بدەین، ئەوا دەبینین ئەم دۆخە دەروونی و ئاکارییە خراپ و شێوە دووبارەیە، هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی بێکەڵک و ئاست نزم لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا، کە پشتیان بەپیاهەڵدان و مەرایی ساختە و ستایشی زێدەڕۆ و بەخواکردنی فەرمانڕەوایان و کەسەکان، ئەو دیاردەیەی هەموو چەشنەکانی داهێنانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، وەکو شیعر و پەخشان و ڕۆمان و دانان و گۆرانی و هونەرەکانی تری بۆ مەبەستە ناشرین و بێنرخەکانی تەرخان کردن.

دەتوانین بڵێین دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیری، کە سەردەمی عەباسییەکان بۆ ماوەی پێنج سەدەی بەردەوام بەخۆوەیانی بینی، وای لە عێراق کرد ببێتە دایەنێک دیاردەی ئەدەبی خراپ و ڕۆشنبیریی پشت بەستوو بەبەکرێگیراوی و مەرایی و ئەوپەڕی زێدەڕۆیی لە بەرز بەبالابرین و ستایش و خۆ نێزیککردنەوە لە فەرمانڕەوا و سوڵتانەکان بەمەبەستی ڕیایی، لەبەر دەستیدا سەرهەڵبدەن و گەشە بکەن و پێش بکەون، تا ئێستاش کتێب و سەرچاوە ئەدەبییە دێرینەکان پڕن لە تێکست و بەڵگە و گێڕانەوەی سەرنجڕاکێش، کە هەموویان جەخت لەسەر دیاردەی زێدەڕۆیی دەکەنەوە، کە دەشێت تاکی عێراقی بۆ دەرخستنی متمانە بیگرێتە بەر.

ڕەنگە باشترین نموونە لەسەر ئەم هەڵسوکەوتە ناکۆکە لە نێوان زێدەڕۆیی لە متمانە پێدان و زێدەڕۆیی لە ناحەزی لە سەردەمی نوێدا، هەڵوێستی سەرۆک عەبدولسەلام عارفە، کە یەکەمین کەس بوو دروشمی (ماکو زعیم الا کریم)ی هێنایە گۆڕێ و داوای کرد، ئەمەش لە قۆناخی کاری نهێنیی ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا، لەوەیە زۆرێک لە عێراقییەکان ئەم ڕاستییە نەزانن، بەڵام ئەو شێلگیر و سەرگەرم بوو و زێدەڕۆیی دەکرد لە متمانە و پشتگیری بۆ عەبدولکەریم قاسم لە ماوەی کاری لە لیژنەی باڵای ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا.

ئەو هۆیەی وای لێ کرد هوتاف بەم دروشمە بکێشێ، ئەوە بوو لە یەکێک لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی لیژنەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا قسانی دەکرد (عەبدولکەریم قاسم بەخۆی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوو)، بەئامادەبووانی وت: ئێمە، من و عەبدولکەریم قاسم بڕیارمان دا ڕۆژی شەمووی داهاتوو کودەتا بکەین...

هەندێک لە ئەندامانی لیژنە هەستیان بەسووکایەتی کرد و بەتوندی ناڕەزاییان دەربڕی، گوتیان ناکرێت بڕیارەکان بەم شێوەیە وەرگیرێن. بەڵام عارف لە هەڵوێستی خۆی نەهاتە خوارێ و بەرپەرچی دانەوە: یان شەموو، یانیش هیچ (داوا لە خوێنەری خۆشەویست دەکەین لەم ڕستەیەی دواییدا سەرنجی دیکتاتۆرییەتی تاقە ڕا بدات)، پاشان عەبدولسەلام عارف هاواری کرد: (برایان پێتان دەڵێم ماکو زعیم الا کریم)[٩]...

بێگومان ئەمە زێدەڕۆییە لە متمانە... (ڕۆژەکان تێ دەپەڕن و شۆڕشیش بەسەرکەوتنی خۆی دەگات)، عەبدولسەلام نێوانی لەگەڵ عەبدولکەریمدا تێک دەچێت و کۆمۆنیستەکانیش بۆ لابردنی عەبدولسەلام عارف ئەم دروشمە بڵند دەکەنەوە (ماکو زعیم الا کریم)، ئیدی عارف لە پۆستەکانی دادەماڵرێت و لە سوپا ئازادی دەکەن و دەیدەنە دادگە و حوکمی لەداردانی بەسەردا دەدەن... عەبدولکەریم قاسم و کۆمۆنیستەکان حوکم بەدەستەوە دەگرن و هەڵەی زۆر دەکات و پرتە و بۆڵە ئەفسەرەکانی سوپا دەگرێتەوە... لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا حوکمی عەبدولکەریم قاسم دەڕووخێت و سەرۆک قاسم و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی بۆ ئیستگە ڕاپێچ دەکرێن، دوای ئەوەی پێوەندیی بەکودەتاگێڕەکانەوە کرد بەخۆبەدەستەوەدانی لە بەرابەر پاراستنی ژیانی، لەناو ئیستگە و بەبڕیارێکی دەمودەستی عێراقی فەرمانی لەداردانی سەرلەبەریان دەردەچێ، لەو ساتە یەکلاکەرەوەیەدا عەبدولکەریم قاسم داوا لە عەبدولسەلام عارف دەکات لە فەرمانی لەداردان ئاوارتەی بکا و دەڵێت: لەدارم مەدە، چونکە من لەدارم نەدایت...

کەچی عەبدولسەلام عارف گوێی بەم تکا برایانەیە نەدا، بەڵکو وەڵامی بەهەوەسی عێراقییانە دا لە زێدەڕۆیی لە ناحەزی و سوور بوو لەسەر لەداردانی و هیچ هەوڵێکی نەدا تەنانەت بۆ هەڵگرتنی جێبەجێکردنی لەداردانەکەی بۆ کاتێکی تر، ئەوە بوو عەبدولکەریم قاسم گوللەباران کرا، لەکاتێکدا عەبدولسەلام عارف لە ژوورەکەی تەنیشت لەگەڵ ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی دانیشتبوو.

عەبدولسەلام عارف زێدەڕۆیی دەکرد لە متمانە پێدان، وەک چۆن تا ئەوپەڕی زێدەڕۆیی دەکرد لە ناحەزی، میانڕۆیی نەدەزانی، با تەماشای ئەم ڕووداوەش بکەین:

لە نیسانی ساڵی ١٩٦٠دا جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت بەڕێز میکۆیان سەردانی عێراقی کرد، کۆمۆنیستەکانی عێراق زێدەڕۆییان کرد لە پێشوازیکردنی میوانە کۆمۆنیستەکە، حەشاماتێکی زۆر خۆیان بۆ پێشوازیی میوانەکە تاودا، تەنانەت ئەو ئۆتۆمۆبێلەی کە سەرۆک عەبدولکەریم قاسم و بەڕێز میکۆیانی میوانی سواری بووبوون، بەزەحمەت دەجووڵا، پتر لە سەعاتێکی برد بۆ برینی ڕێگەی نێوان فڕگە (فڕگەی کۆنی بەغدا) و کۆشکی زهور، کە لەو ڕۆژانەدا پتر لە دە خولەکی نەدەبرد، هەینێ میکۆیان لە ١٢ی نیسان سەردانی وەرشەکانی ئاسنەڕێی کرد، دەسەڵاتداران ڕێنوێنیی توندیان دەرکرد بۆ پابەندبوونی کرێکاران بەڕێکوپێکی لەو داوودەزگایانەی سەر بەئاسنەڕێن، کەچی ئەم فەرمانانە پشتگوێ خران و کرێکاران کار و شوێنەکانیان جێ هێشت، تاکو بەدەوری میوانەکەدا ئاپۆرە ببەستن، لە هەوڵێکیاندا بۆ جەختکردنەوە لەسەر متمانە پێدان پێی و پێناسەکردنی بەوەی ئەمانە لە کۆمۆنیستەکانن....

زێدەڕۆیی لە متمانە پێدان دەگاتە ئەوپەڕی هەینێ یەکێک لە کرێکارە کۆمۆنیستەکانی عێراق هاتە سەرچۆک و دەستی میکۆیانی ماچ کرد.

ئەوە زێدەڕۆیی عێراقییە لە متمانە پێدان، بەڵام (مایەی قێزەونی...)[١٠] بوو، وەکو بەڕێوەبەری گشتیی ئاسنەڕێ لە یاداشتنامەیەکدا لە دوای ئەو سەردانە دەری بڕیبوو.

هەرچی ئەو سەدان قوربانە بوو کە لە بەردەم کاروانی شا فەیسەڵی دووەم دەدرانە زەوییا بۆ هەر کوێیەک بجووڵایا و بڕۆیشتایا لەمیانەی سەردانەکانیدا بۆ شارە جیاجیاکانی عێراق و خۆ فشکردنەوە لە نێوان عێراقییەکاندا لە پێشکێشکردنی دیاردەی متمانە پێدانی پڕ لە زیادەڕۆیی بۆ شا (خاوەن شکۆ) و جێنشین میر عەبدولئیلاهی خاڵی و دەست و پێوەندەکانی شا. هەروەها عێراقییەکان زێدەڕۆییان کرد لە متمانەدان بۆ خانەوادەی شا و ڕێزلێنان لە شوێنکەوتووانیان، زێدەڕۆییان کرد لە کوشتنیان و برینی چوارپەلیان و ڕاکێشانی تەرمەکانیان و تەرمی شوێنکەوتووان و داردەستانیان و سەماکردن لەسەر پارچەکانیان هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕووخانی ڕێژیمی پاشاییەوە. ئیتر پاشماوەی چیرۆکەکە زانراو و دووبارەیە لەگەڵ فەرمانڕەوایانی تری سەر خاکی عێراق.

ئا لێرەدا (بەداخەوە) بەناچاری دەبێ بڵێین، ئەو هەڵوێستانەی لە عێراقییەکانەوە دەردەچن لە زێدەڕۆیی لە پشتگیری و کوڵ و بەتوندی تاودان لە متمانەدان، زۆرجار سەرکردە و پاشا و خەلیفە و میر و فەرمانڕەوایانی بەدرێژایی مێژوو تەفرەداون و گەیاندوونیەتییە قەناعەت و بڕیار و ئەنجامێلێکی هەڵە و دۆڕاو، کاتێکیش پاش ئەوەی هەموو شتەکان بەسەرچوونە، ئەوی بیستوویانە و بینیویانە و بەسەریان کردەوە لە دیمەنی پڕ لە کوڵی (حماس) هەڵچوو و پشتگیریی بەهەڵپە و متمانەی زێدەڕۆیی ئامێز، کارێکی ناڕاستەقینە و ناڕاستگۆیە و ناچێتە باری دووڕوویی و

درۆکردن، ئەوان بەهۆی شۆک و کارەسات و بێ ئومێدییەوە پەنا بۆ دەرکردنی بڕیاری دڵڕەقانە و ڕیسوایی دەبەن دژ بەوەی ناوی دەهێنن بەتەبیعەتی خەڵکی عێراق و غەدرکردن و دووزمانی و ڕەوشت خراپییان.

٦- عێراقی زۆر تێک دەچن و بەزەحمەت بەڕێوە دەبرێن و شەیدای دووبەرەکین:

عێراقی ئەندامێکی کاریگەرە لەو کۆمەڵەیەی لەگەڵیدا، یاخۆ لە ڕیزەکانی کار دەکات، ئیدی ئەو گرووپە هەر کێیەک بن (سیاسی، یا کارگێڕی، یاخۆ کۆمەڵایەتی، یانیش ئابووری) لێ بەهۆی زاڵیی سیفەتە تاکڕەوی و پەلەکردن و ئارەزووی دەسەڵاتگەری لە هەڵسوکەوت و ئاکاری گشتی، ئەوا لە زۆربەی کاتەکاندا لە دۆخی نێزیک لە جیاوازی و ناڕازیبوون دەوەستێت، تا ئەو ڕادەیەی خەریکە ئەو جیاوازبوونەی بیگەیەنێتە لێواری جیاکاری و جیابوونەوە لە گرووپەکەی، چونکە حەزی خۆیی و زاڵ بەسەر ناخیدا ڕای دەکێشێ بۆ سەپاندنی ئەو جیاکارییە کەسێنییەی و ڕاگەیاندنی تاکڕەوی بەڕا و بۆچوونی تایبەت و خۆ فشکردنەوە بەهێزی تاکەکەسیی لە توانا بەدەر و لە هەمووان باشتر بۆ داگیرکردنی شوێنی پێشەوە. کاتێک لەگەڵ ئەوانی تردا لەبارەی هەر شتێک جیاوازی دەکەوێتە نێوانەوە، زیاتر دەکۆشێت بۆ گۆڕینی ئەو جوداییە بۆ دۆخی دووبەرەکی، یا گرووپگەرایی و بەهیچ شێوەیەک لێی پەشیمان نابێتەوە، بەتایبەت لە نائامادەیی دەسەڵاتی سزادانی یەکلاکەرەوە، چونکە بەردەوام ڕا و بۆچوونە تاکەکەسییە جیاوازەکانی بەوڕکی بێزارکەر و بێ ماندووبوون دژ بەبڕیاری گشتی ڕادەگەیەنێت، تا دەگاتە قایلکردنی ئەوانی تر ئەگەرچی تاکەکەسی بێت لە بۆچوونە تایبەتەکانیدا، بێ ئەوەی زۆر دۆزی پاراستنی یەکەتیی ئەو گرووپەی لەگەڵیدا، یا لە چوارچێوەیدایە (لە حزب، یا لە بارستەیەکی سیاسی، یاخۆ وەزارەت، یا دەزگا، یاخۆ کۆمپانیا... هتد) کار دەکات، هێند سەرقاڵی بکا، دووریش نییە لە چالاکیی تاکەکەسی، یا جیابوونەوە واز نەهێنێت، تەنیا لەو دۆخانەدا نەبێت، کە ئەو سزایەی تووشی دێت لە جۆری توند، یاخۆ مرێنەرە.

کاتێک ناتەباییەکەی دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە دۆخی لێک دابڕان، سڵ ناکاتەوە لە بەردەوامبوون لە کەڵەکەکردنی ئەم دۆخی گرووپگەرایییە و پاڵپشتکردن و جووڵاندنی بۆ ڕادەی دروستکردنی لەمپەر لە بەردەم ئەوانی تردا و سستیکردن لە جێبەجێکردنی کار بۆ دەرخستنی بێتوانایی ئەوی تر و ژماردنی ناتەواوی و کەموکوڕییەکانی و لاوازیی توانا (کارگێڕی، یا ڕابەری، یاخۆ هونەرییەکەی) و زۆر لەسەر ڕۆیشتن لە گەورەکردنەوەی هەڵەکان و بەردەوامی ئاراستەکردنی تۆمەت بۆ ئەوانەی ڕای لەگەڵیاندا جودا بوو، ئەگەر لە ژێریشەوە بێت، ئەگەر بەڕێکەوت دەسەڵاتێک، یا دەستەیەکی جێبەجێکاری یەکلاکەرەوە هەبوو، ئامادەیی تێدا بوو بۆ ئاراستەکردنی سزای مرێنەر دژ بەدۆخەیلی کەرتبوون و گرووپگەرایی و یاخیبوون، یا بەکارێکی وێرانکەرانەی پیلانگێڕی دادەنێت، ئەو کات ئەم عێراقییە بەپێی خۆی و ئارەزوومەندانە بەرەو مەرگ ڕێ دەکات، لە سۆنگەی سووربوونییەوە لەسەر ڕۆیشتن بەڕێگەی کەرتبوون و گرووپگەرایی،

وا دەزانێت دەتوانێت بەردەوامی بدات بەچالاکیی گرووپگەرایی، یا جیابوونەوە بێ ئەوەی سزا، یاخۆ لێپرسینەوە بیانگرێتەوە.

بۆیە بەم ڕێگەیە لە درێژدادڕی و مکوڕبوونی گەمژانە بەسەدان عێراقی لەژێر سایەی ڕێژیمی توندڕۆی پێشوو بەسەرۆکایەتیی سەدام حوسێن گەیشتنە لەداردان، وایان دەزانی دەتوانن چالاکیی درزتێکەوتنیان بشارنەوە و لە سزا قوتار بن، بەگرتنەبەری هەندێک تەکتیکی ڕووکەشانەی بێ مانای سادە لە تەفرەدانی لایەنە پێوەنددارەکان بە ڕوانین و بەدواداچوون.

هەینێ جیاوازی لە نێوان عێراقییەکاندا دەگاتە دۆخی درزتێکەوتن، ئەوا زۆر جاران هەوڵی دیالۆگ و قایلکردن سەرجەم هەوڵەکانی سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، گەڕانەوە بۆ تەبایی و دۆستایەتی و هۆگربوون زەحمەت دەبێت، بەتەواوی ئامرازەکانی ئاشتەوایی و ژن و ژنخوازی و لێک نێزیکبوونەوەی ڕایەکان بۆ بڕیاردانی چارەسەرە ناوەڕاستەکان، ئیدی تۆمەتە پڕ لە بوختانە سووک و وەسفە گاڵتەئامێزەکان دژ بەڕای میانڕەوی ئاشتەوایی و گونجان بەرجەستە دەبن و بەوەی وەسف دەکەن کە هەڵوێستی ڕاڕا و دوودڵی و هەلپەرستی لاواز و شلوشاو و نابنجبڕن.

ئیدی لە حوکمی سەد لە سەد دەبێت، کە درزتێکەوتن (لە وڵاتی عێراق) ڕواڵەتی تێکچوونی توند و پڕ لە توندوتیژی دوور لە سازان وەربگرێت، کە هەندێک جار بەلێکدابڕانی دوژمنکارانە کۆتایی دێت، یاخۆ بەدابەشبوونی پاکتاوی، یا خوێناویی برایانی یەک ڕەوت دەرگیری دەبن...

خەریکە زۆرێک لەو جیابوونەوانەی لەناو حزبە عێراقییەکاندا ڕوویان دا بەگشت ئاراستە هزرییەکانەوە ئاماژە بەم ڕێبازی لەناودانی یەکە دەکەن، بەسەدان نموونەی واقیعیی خەمهێنەر و ورووژێنەر لەسەر ئەم ئاراستە بەرابەر یەککگرانە هەن، کە جیابوونەوە لە ڕیزەکانی حزبە عێراقییەکاندا ڕووی دا، هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ، وەکو ئەو ململانێیانەی لە سەردەمی پاشاییدا لە نێوان حزبەکاندا ڕوویان دا، هەروەها ئەو جیابوونەوە مەترسیدارەی لەناو حزبی کۆمۆنیستی عێراقیدا ڕووی دا، لە نێوان ئەوەی بەسەرکردایەتیی ناوەندی و لیژنەی ناوەندی ناوبران لەگەڵ کاری ناوزڕان و بەپەندبردن و بەناپاک دەرکردن، کە لە نێوان هەردوو لای جیابووەوە ڕوویان دا.

هەروەها جیابوونەوەی ململانێکەر، کە لە ڕیزەکانی نەتەوەپەرستەکان و ناسرییەکاندا ڕووی دا لەو کاتی لەسەر حوکم بوون، کە لەم جۆرە جیابوونەوەیە لە ڕیزی نەتەوەیی تا ڕوودانی دوو کودەتای سەربازیی سەرنەکەوتوو، کە ئەفسەرە ناسرییەکان بەڕابەریی عارف عەبدولڕەزاق لە دوو قۆناخی جیاوازدا دژ بەحوکمی هەردوو برا عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان عارف ئەنجامیان دا، سەرەڕای ئەوەی هەردوو لا سەر بەڕەوتی نەتەوەییی ناسری بوون.

هەروەها ئەو جیابوونەوەیەی لە ڕیزەکانی حزبی بەعسدا ڕووی دا دوای هەستانی عەبدولسەلام عارف بەلادانی بەعسییەکان لە دەسەڵات لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا و دەرکەوتنی ڕەوتێکی فراوان لە حزبی بەعس جیابووەوە لەژێر ناوی لیژنەی ڕێکخستنی هەرێم، کە دوای ئەوە پێشکەوت

تا ببێته حزبێک ناوی حزبی کرێکارانی شۆڕشگێڕ بێت، سەرجەم هەوڵەکان بۆ یەکخستنی حزبی بەعس لە دوای ئەو جیابوونەوەیە هەرەسیان هێنا. هەروەها ئەو جیابوونەوەیەی لە بزووتنەوەی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لە عێراقدا ڕووی دا و پاش ئەوە یەکگرتنەوەی بزووتنەوەکە ئەستەم بوو.

هەروەها ئەو جیابوونەوەیەی لە سایەی سەرکردایەتیی سەدام حوسێن لە حزبی بەعسدا ڕووی دا بووە هۆی لەداردانی نیوەی سەرکردایەتیی حزبی دەسەڵاتدار... وێڕای ئەو دنەدانەی بووە ئەگەری لەداردانی عەبدولخالق ئەلسامەرائیی بەندکراو و سەرکردەی ناسراوی بەعسی، لەو دۆزە ناسراوەی زۆربەی عێراقییەکان دەیزانن، بێ ئەوەی ڕۆڵی کردەنی لە جیابوونەوەکەدا هەبێت.

هەروەها دەست لە کار کێشانەوە یەک بەدوای یەکەکان، کە ژمارەیەک ئەندامی دامەزرێنەری ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵانی هەشتاکاندا ئەنجامیان دا، وێڕای ڕەوشی خەباتی قورس و ڕەتکردنەوەی گەڕانەوە بۆ کارکردن لە سەرکردایەتیی ئەنجوومەنەکە دوای ئەوەی ئەو هەوڵانەی کە شەهید محەمەد باقر ئەلحەکیم پێیان هەستا بۆ قایلکردنیان بەگەڕانەوە بەو پێیەی سەرۆکی ئەم سەرکردایەتییە بوو.

هەروەها ئەو جیابوونەوەیەی لە بەرەی کوردستانیدا لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستدا ڕووی دا و گۆڕا بەشەڕێکی خوێناویی ماڵوێرانکەر لە نێوان هەر دوو حزبە تەباکەی ناو ئەو بەرەیە (یەکەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە بەدەیان شەڕوانی کورد تێدا تێچوون.

هەروەها ئەو دابەشبوونە ئەمیبییە لەتبوونانەی ئێستا، کە زۆربەی ئەو حزب و بزافە سیاسییە عێراقییانەی تازە دروست بوونە بەدەستییەوە دەناڵێنن، کە بەتەواوی کەس هۆ و مەبەستەکانی نازانێت.

ئەو هەموو بەڵگە و سەدانی تریش نیشانەن بۆ بوونی ئەم دیاردەیە و جەخت دەکەنەوە لەسەر بەردەوامیی ئەم ڕێبازی جیابوونەوە پاکتاوییەی لە واقیعی سیاسیی عێراقیدا هەیە، چونکە ستەمی تاکڕەوییی دەسەڵاتخوازانە لای تاکی عێراقی کارێک وا دەکات خەبات و کۆشش بۆ چاکسازی شێوازێکی کۆمەڵایەتیی سەرتاپاگیر وەرناگرێت، بگرە لە چوارچێوەی خودی و تاکی و کەسێنیی تەنگەتاوکراو لە کۆشش لە پێناو خستنی کەس، یاخۆ بەرپرس، تاکو تاک یاخۆ کەسێکی تر شوێنی بگرێتەوە.

تاکڕەوی و خودپەرستیی لە حەزی دەسەڵاتخوازی لە ئاکاری تاکی عێراقییەوە دەردەپەڕن، ئەوە سروشتی ئەم جۆرە لە ململانێ، یا نارەزاییی دژ بەستەمەکان جیا دەکاتەوە، (زۆرجار) پرۆژەی بەکۆمەڵی سەرتاسەری بۆ ڕاستکردنەوە و پەرەپێدان بوونی نییە، وەکو ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ئەوەی هەیە لە بەرنامە، یاخۆ کاری پڕ لە هەڵە، بەڵکو ناوی کەسەکان هەن لەبری بەرنامە، ڕاستتر ئەوە کەسی شێلگیر و داواکاری گۆڕانە دەکۆشێت بۆ پۆست داگیرکردن، یا پلەیەک کە ڕەخنەی ئاراستە دەکات، هێندە نابات دەردەکەوێ دیکتاتۆرێکی باشە و بەهیچ گۆڕان یا پەرەپێدانێک، کە

وەکو دەسەڵاتخوازێکی نوێ سنوورێک بۆ دەسەڵاتەکانی دادەنێن ڕازی نابێت و قبووڵ ناکات.

دەتوانین بڵێین بەدەگمەن ئەگەر جیابوونەوە لە حزبێکی عێراقیدا ڕوو بدات، پاشان بەشێوەیەکی بابەتییانە و ڕوحیی برایانە دەگەڕێتەوە دۆخی تەبایی و یەکەتیی و گونجان و پێکەوەژیان و زاڵبوون بەسەر بابەتی جیابوونەوەکە، بێ ئەوەی بەلەناودانی یەکتر و پێکدادان کۆتاییی نەیەت، یان لە چاکترین دۆخدا جیابوونەوە بۆ دوو حزب هەر یەکێکیان ناوێکی جیا هەڵدەگرێت.

ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەم بابەتە بەڵگە لە ڕووداوی مێژووی دێرینی عێراق بهێنینەوە، ئەوا دەبینین لاپەڕەکانی مێژووی عێراق تژین لە بەڵگەی پشتگیری و دڵنیاییکردنەوە بۆ ئەم شرۆڤەکردنەی لێرەدا دەیهێنینەوە و پێوەندە بەپێکهاتەی سایکۆلۆجی و ئاکاریی تاکی عێراقیی پێوەند بەناونیشانی ئەم توێژینەوەیەمان "دەسەڵاتخوازی" لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا.

ئەو ناکۆکییە هزری و تیۆرییانەی لە نێوان گرووهە ئیسلامییەکانی عێراقدا سەریان هەڵدا، بۆ نموونە نێزیکەی هەموویان بۆ ململانێی پێکدادان گۆڕان، پاشان لە کۆتاییدا ئەم ململانێیانە پەرەیان سەند بۆ شەڕی یەکتر لەناودانی خوێناوی، کە بەشێوازی دزێو و ناڕەوشتیی پڕ لە دڕندەیی ئەنجام دران، یا بەشەڕی ڕاگەیەندراوی سەربەخۆ، یان بەلەداردان، یا بەکوشتنی نهێنی، یاخۆ بەپیلان و دەسیسە نانەوەی کوژەر...

ئەو خەواریجانەی ئیمام عەلییان کوشت لە توندترین لایەنگر و پێڕەو و پشتگیریکەرانی بوون لە عێراقدا، بەر لە ناکۆکییان لەگەڵیدا، دواتر جیابوونەوەیان لێی و پاشان گۆڕانیان بۆ گرووهێکی سەربەخۆی خاوەن ڕا و هەڵوێست لە زۆر کێشەی عەقیدەی ئیسلامی، ئینجا هەڵسانیان بەکافرکردنی و سەرەنجام کوشتنی.

هەرچی گرووهی ئەلموعتەزیلە بوو ئەوا بیردۆزە هزریە عەقیدەییەکەی لە پرسی خەلقی قورئاندا گۆڕی بۆ خراپترین دیکتاتۆرییەتی پراکتیکی، ئەوە بوو لە خەلافەتی مەئموونەوە (٨١٣ _ ٨٣٣ز) گۆڕا بۆ سیستەمی عەقایدی، کە ئەم بیردۆزە (بیردۆزی خەلقی قورئان) بەزۆر و بەسزای پەند پێدانی خوێناوی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، ئەوە بوو هەر لەگەڵ یەکەم هەلیدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی حوکم لە کاتی بەفەرمی هاتنە سەر دەسەڵاتی مەئموون لە دەوڵەتی عەباسیدا ئەو دیکتاتۆرییەتەی سەپاند.

ئەوە بوو بەسەدان موسڵمان لە نێویاندا ژمارەیەک بیرمەند و زانا و فەرموودە گێڕەرەوە کەوتنە بەر تەوری خوێناوی و شێوازە دیکتاتۆرییە لەناوبەرەکەیان.

ئەم ئاکارە جیابوونەوە خوازییە لەناوبەرە نەک هەر بەسەر ڕەوتی سیاسیی بەکۆمەڵی گشتی، بگرە تەنانەت بەسەر ئاستی کەسێنی، بۆ نموونە هەینێ ناکۆکی یا مشتومڕ لە نێوان خەلیفە واسق و ئیمام ئەحمەدی کوڕی نەسری خوزاعی یەکێک لە ناودارترین فەرمووده گێڕەرەوەکانی سەردەمی عەباسی توند بووەوە، مکوڕ بوو لەسەر ئەو باوەڕەی قورئان دروست کراوە، بەهەموو شێوەیەک دەکۆشا خەڵکەکە ناچار بەوە بکا بڕوا بەم قەناعەتە بهێنن، واسق داوای کرد و لەژێر

چاودێریدا بۆ سامەڕا بۆیان هێنا، تا گفتوگۆی لەگەڵدا بکا و قایلی بکا، کاتێک لەسەر ڕایەکەی سوور بوو، کە قورئان دروستکراو نییە و وتەی خوایە، واسق فەرمانی دا بەگوریس بەئامێری کەوڵکردنەوە (ئامێری لەداردانی ئەو کاتەیە) شەتەکیان دا، ئامادەبووانی ئەو دانیشتنە، کە لە گرووهی ئەلموعتەزیلە بوون هاواریان کرد (شایانی لە ملدانە)... ئەمەش وای لە واسق کرد و هانی دا بۆی هەستێت و بەشمشێر لە ملی بدات. لە بری ئەوەی ئەو عێراقییانەی لای خەلیفە کۆ بووبوونەوە واسق سارد بکەنەوە و لە توورەییەکەی کەم بکەنەوە بەو پێیەی خودان ڕێبازی هزرین و لەباتی هەوڵیان بۆ ئاراستەکردنی ناکۆکی و مشتومڕیان بەرەو گفتوگۆیەکی فەلسەفی و قایلکردن، ئەوان ناکۆکییەکەیان بەرەو چوارچێوەی پاکتاوکردن برد، ئەمەش بەدنەدانی فەرمانڕەوا، تاکو کارەکە بەوە گەیشت ئیمام خوزاعی بکوژرێت و بەکارێکی تۆڵەسێنەرەوەی تەڵەکەبازانە ملی بپەڕێنرێت.

کەواتە بەم ئاوایە ناکۆکی و جیابوونەوەکان لە عێراقدا کۆتاییان دێن، ئەو کاتی لە چوارچێوەی یەک ڕەوت و یەک حزب و یەک ئایندا دەست پێ دەکات و سەرهەڵدەدات.

تەنانەت ئەگەر ناکۆکییەکە عەقائیدی و هزری و تیۆریش بێت بەدرێژایی دەیان سەدە و تا ئەمڕۆ.

هەرچی هۆی بوونی ئەم جۆرە ئاکارەیە، کە لەوە دەکات پڕ بێت لە مەترسی و گرفت و ئاشوب و دووزمانی و چاودێری بەئاگەدارییەوە و وا دیارە زۆرجار بەزۆرە و دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی من (الانا)ی تاکرەوی زاڵ لای عێراقی و لەمیانەی ئەوەوە دەکۆشێت بۆ هەژموون و دەسەڵاتخوازی و زاڵی بەسەر ئەوانی تردا و هێنانەدی ئاواتەکان، یا بەلای کەمەوە تەرخانکردنی هێزی خودی تاکرەو، لەو هۆیانەوە کە ئەم ڕەوشەیان دروست کرد ئەوا ماندووبوونێکی زۆری دەوێت لەگەڵ تاکی عێراقیدا بۆ گەیاندنی بەدۆخی قایلی و پابەندبوون بەڕا، یاپێشنیاز، یان ئیجتیهادی نوێ و سەیر لای ئەو، دەشێت بەرپەرچدانەوەکەی، یا نارەزاییەکەی، یان بۆچوونە جیایەکەی پرۆژەیەکی ئەڵتەرناتیڤ بێت بۆ هەموو ئەو پێشنیازانە، یا داخوازی، یاخۆ ڕێنوێنییانەی بیستنی، کارەکان سەرلەنوێ دەگەڕێنێتەوە بۆ خوولانەوە لە گێژەنێکی ناسەرەکی ناکرێت لێی ڕزگار بیت، یا لێی دەرچیت.

ئەم شێوە ئاکارە بەجۆرێکی پراکتیکی لای عێراقییەکان بەرجەستە بووە، لەوەی کە لە شەڕی ناسراوی سەفەیندا ڕووی دا، کە لە نێوان لەشکری معاویە و ئەو سوپایەدا ڕووی دا، کە ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب ڕابەرایەتی دەکرد و بە سوپای خەڵکی عێراقیان ناو دەبرد. ئەوە بوو ئەو عێراقییانەی جیا بوون لە ئیمام عەلی سەبارەت بەکێشەی دادکاری لەم شەڕەدا خۆیان بەفەرماندە و دادوەر دانا و ئەو مافەیان بەخۆیان دا ئەو بڕیارانە دەربکەن کە بەشیاوی دەزانن لەبارەی بەردەوامیی شەڕ، یا بەردەوام نەبوونی، بێ ئەوەی هیچ بەتەنگەوەهاتنێکیان هەبێت بۆ پابەندبوون بەفەرمان و ڕێنوێنییەکانی ئیمام عەلی، کە ئیمام و خەلیفەی شەرعی و فەرماندەی سەربازی ئەو

لەشکرە بوو کە لە ڕیزیدا کاریان دەکرد، بۆیە ئەم عێراقییانە و دواکەوتووانییان کەمترین بنەمای پابەندبوونیان نەپاراست، کە زامنی پاراستنی یەکەتیی سوپای شەڕوان و یەکێتیی هەڵوێستی سیاسییە، ئەنجامەکەشی دابەشبوونی لەشکری ئیمام عەلی و لەدەستدانی سەرکەوتنی سەربازی بوو، کە هێندەی نەمابوو بەدەستی بهێنن، هەروەها لەدەستدانی سەرکەوتنی سیاسیشی بەدوادا هات.

زۆرجار عێراقی ئومێدی ئەوە دەکات (گەر بتوانێت ڕەتی بکاتەوە) ڕای خۆی تێکەڵ بەهەر پلان و فەرمانێک، یا ئاراستەکردنەکان بکا کە دەکرێت بۆی دەرچن، یا دەستەکانی سەرەوە لە هەر ئاستێکدا بێت داوای لێ بکەن، کە پێویست وایە (بەلای کەمەوە لە ناخی خۆیدا) هاوبەش بێت لە دروستکردن و بڕیار دانان، نەک تەنیا جێبەجێکار بێت هەوڵی ئەوە بدات هاوبەش بێت تەنانەت لەو دۆخ و ڕەوشانەی جێگەکەی، یا پلە و پایەکەی، یا پێگەی ڕێگە نادات لە بڕیارداندا هاوبەش بێت، کە زۆرجار (لە سۆنگەی حەزی خۆبەزلزانینەوە) بەباشی ڕێز لە شوێن و گرینگییەکەی لە نێوان بەرپرسەکانی تردا ناگیرێت.

حەزکردن بەجیاوازی و لەخۆڕازیبوون و ڕوحی بەرەنگاری و ڕابەری نەکردن، ئەوانەن هانی تاکی عێراقی دەدەن بۆ ئەم جۆرە لە ئاکاری یاخیبوون، یا جیابوونەوە، یا خۆبەزلزانی، ئەگەرچی بەپلەی جۆربەجۆریش بێت بەو پێیەی دۆخ و ڕەوشەکە ڕێ دەدات، ئیدی هەوڵ دەدات ڕا و قەناعەت و ئیجتیهاداتی بکاتە ئەمری واقیع، یاخۆ تا بۆی بکرێت بیسەپێنێت بەسەر ئەوانی تردا، ڕەنگە لەم گرێیەدا زۆربەی هۆیەکان خۆیان حەشار دابێت، کە دەبنە شیمانەی ناتەبایی و جیابوونەوە لە ڕیزەکانی حزب و بزووتنەوە و بارستە سیاسییە عێراقییەکانی کۆن و نوێ.

بابڕوانینە ئەم ڕووداوە مێژووییەی عەبدوڵڵای کوڕی موسلمی کوڕی قوتەیبە[11] لە کتێبی (الامامە والسیاسە)دا باسی دەکات، دەڵێت: (هەروەها باسی ئەوەیان کرد عەلی ناردی بەدوای زەحری کوڕی قەیس و پێی گوت: هەندێک لەم ڕەوە ئەسپە ببە بۆ قوتقوتانە[12] و ئازووقەش لە معاویە ببڕە، کەس نەکوژیت، ئەوانە نەبێت کە کوشتنیان بەحەلاڵ دەزانیت و شیرەکەت لە کالآن دانێ، ئەمەیان بە معاویە ڕاگەیاند، ئەویش ناردی بەدوای زەحاکی کوڕی قەیس و فەرمانی پێ دا زەحری کوڕی قەیس بدۆزێتەوە و لەگەڵیدا بجەنگێت، زەحاک کەوتە ڕێ، قەیس تووشی هات و بەزاندی و هاوەڵانی کوشت و ئازووقەی لە خەڵکی شام بڕی، زەحاک بەدۆڕاوی بۆ لای معاویە گەڕایەوە، معاویە خەڵکەکەی کۆ کردەوە و گوتی: هەواڵم لە شوێنێک لە شوێنەکانەوە پێ گەیشتووە، تابڵێن تاڵە، گوتیان: ئەی میری موسڵمانان لەوی پێت گەییوە هیچمان بەدەست نییە، ئێمە لەسەرمانە گوێڕایەڵی تۆ بین... بۆ ئاسانکردنەوە و پتر ڕوونتر ئەوا قسەی خەڵکی شام ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە نامانەوێت خۆمان لەو کارانە هەڵقورتێنین، کە پێت گەیشتوون، تەنانەت مافی ئەوەشمان نییە، چونکە کارێلێکن تایبەتن بەسەرۆک و سەرکردایەتییەوە، ئەوە کاری ئێمە نییە و پێوەندیشمان بەوردەکاریەکانییەوە نییە، تەنیا لەسەرمانە گوێڕایەڵ بین. وەکو ڕوون و ئاشکرایە

ئەم قسەیە مافی تەواو بەسەرۆک دەدات هەڵسوکەوت بکا و بڕیاری گونجاو وەرگرێت، چونکە پێویستی ئەرک و ماندووبوون نییە بۆ قایلکردنی هەر یەکێک لە دواکەوتووانی لەوەی ڕووی دا و ئەوی پێویستە ڕوو بدات.

قسەی معاویە و قسەی خەڵکی شامیان بەعەلی ڕاگەیاند، ویستی بزانێت ڕای خەڵکی عێراق چییە، کۆی کردنەوە و پێی گوتن: خەڵکینە هەواڵێکم لە دەڤەرێک لە دەڤەرەکانەوە بۆ هاتووە. دەیویست هەواڵی سەرکەوتنی هاوەڵەکەی پێیان ڕابگەیەنێت، کە ڕەوانەی کرد تا ئازووقە لە معاویە ببڕێت، ئیبنو ئەلکەووا و هاوەڵەکانی گوتیان:

بەر لەوەی بەو بابەتە بزانن، کە ئیمام عەلی دەیەوێت قسەی لەبارەوە بکا: (ئەگەر لە گشت ڕایەک مافی قسەمان هەیە، ئەی بۆ پێمان ناڵێیت، تا ئێمەش شتێک بڵێین).

لێبووردەیی و بەزەیی و ڕوحی قایلکردن و گفتوگۆ، کە ئیمام عەلی لە مامەڵەکردن لەگەڵ پیاو و هەوادارانی لە خەڵکی عێراق دەینواند، ئەو هەلەی پێ دان بۆ نەشونما و تەرخانکردنی ئەو جۆرە ئاکارەی زاڵە بەسەر کەسێتیی تاکی عێراقیدا و لە هەزاران ساڵەوە بۆی ماوەتەوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێوەندە بەخەسڵەتی تاکەکەسی و دەسەڵاتخوازی، واتا بەحەزی دیکتاتۆرییەوە کە هەناسەیەکی لە سیاسەتی گفتوگۆکردن و برایەتی و ڕاشکاویی پشت بەستوو بەڕوحی ئیسلامەوە لە لەخۆبوردەیی و یەکسانی، کە ئیمام عەلی لەگەڵ خەڵکی عێراقدا گرتییە بەر، ئەمەش بووە هۆی سەرکردن و تەشەنەکردنی ئەو حەزە لە نێوان عێراقییەکاندا بەشێوەی یاخیبوونێکی قبووڵ نەکراو.

لەم ڕووداوە مێژووییەوە بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێت تاکی عێراقی چەند پابەندە بەحەزی تاکگەرایی زاڵ و خۆبەزلزانین و هەڵگەڕانەوەی دواکەوتن، ئیبن ئەلکەووای ناوهێنراو لە ڕووداوەکە (بەچاوپۆشین لە بەها و گرینگی و ڕۆڵی، ئەگەر نەناسراو بێت، یاخۆ فەرماندەیەکی مەترسیدار) قبووڵی نییە مەگەر هاوتا، یا هاوبەشی عەلی کوڕی ئەبو تالیب بێت لە سەرکردایەتی و دروستکردنی بڕیاردا... بۆمان هەیە بێنینە بەرچاوی خۆمان چۆن دەکرێت ڕابەرێتی لەشکرێک بکرێت بەسەدان، یاخۆ بەهەزارانی لە چەشنی ئەم عێراقییەی (ئیبن کەووا) تێدابێت، کە ئاشوفتەی جیاوازی و خۆبەزلزانی و هەڵگەڕانەوە لە ڕابەرایەتیکردنی و یاخی لە فەرمانێلێک هێشتا پێی ڕانەگەیەندراوە و لە بابەتێک هێشتانەکینێ نەیبیستووە و بەر لەوەی پێی بڵێن نارازییە، ئەو ئەگەرچی لە پێگەی متمانەیە، بەڵام نێزیکە لە دۆخی یاخیبوون و جیابوونەوە و هەڵگەڕانەوەی بێ هۆ.

ئیبن کەووا نموونەی دەیان و سەدانە لەوانەی ئیمام عەلی لە عێراق تووشیان هات، تووڕە و شەکەتیان کرد و پلانەکانیان شێواند و ڕایەکانیان تێک دا وەک لە یەکێک لە گوتارەکانیدا باسی دەکات، کاتێک هەموو کات ڕاوێژی پێ دەکردن و گوێی لە پێشنیازەکانیان دەگرت و لەگەڵ ڕایەکانیاندا بەگفتوگۆکردن و وتوویژ و بەڵگەهێنانەوە ڕاهاتبوو.

لە بری ئەوەی بەڕێز و پابەندبوونی زیاترەوە پێشوازی لێ بکەن، خەسڵەتی ئاکاری زاڵ بووبوو بەسەریاندا، کە پێشتر باسمان کرد، وەک خووگرتن بەهۆیەکانی جیاوازی و یاخێتی و جیابوونەوە و ئاژاوەگێڕی و سەرپێچیی فەرمانەکانی و هیچ هەلێکیان بۆ نەهێشتەوە، تا کارێک، یا پڕۆژەیەکی گرینگ لە ماوەی حوکمەکەی جێبەجێ بکا، تاکو کار بەوە گەیشت سەرەنجام کوشتیان لەو کاتی لە میحرابی نوێژکردنەکەیدا بوو.

ڕەنگە ئەم سیفەتانە هێشتا هاوشان بن لەگەڵ ئاکاری تاکی عێراقیدا تاکو ئەمڕۆ، بەتایبەت لە کاتی بزریی دەسەڵاتی هێز و سزای یاساییی توند.

ئەو سیاسەتەی ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا لە عێراق گرتییە بەر پشتی بەستبوو بەپرەنسیپی ئازادی و لێخۆشبوون و لێبووردەیی و دادپەروەری و برایەتیی ئیسلامیی پشت بەستوو بەپابەندبوونی ڕەوشتیی ئارەزوومەندانە و بڕوای عەقیدەیی ڕاستگۆیانە بەڕێنوێنییەکانی ئیسلام.

لەبەر ئەمە ئیمام عەلی ئامرازە ستەمکارییەکانی دەسەڵاتی بەکار نەهێنا و پەنای نەبرد بۆ زەبروزەنگ و هێزی ستەمکاری. بەهۆی ئەمەشەوە لای عێراقییەکان کۆمەڵێک شێوازی ئاکاریی خراپی متبوو لە کەسێتیی عێراقی و بۆماوە لە دەیان سەدەوە سەریان هەڵدا، کە بواری ڕاستکردنەوە و توندوتۆڵکردن و ئامادەکردنیان نەبووە و بوونە بەشێک لە خەسڵەتی کەسێتیی عێراقی، بەڵام بەتایبەتمەندیی سایکۆباتی (واتا کەسێتیی دەروون نەخۆش) لە ئەنجامی ڕەوش و ڕووداوی مێژوویی گوشارهێنەر، کە بەپشێوی و شەڕ و کوشتار و هێرش و توندوتیژیی خوێناویی بەردەوام لە عێراقدا دەناسرێتەوە.

لەبەرئەوە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی ئیمام عەلی لە عێراقدا گرتییە بەر ئاژاوە و دووبەرەکی و یاخیبوون بەسەر دەسەڵاتی خەلافەتدا تەشەنەیان کرد و دیاردەی هەڵگەڕانەوە و لاملی و لە فەرمانی خەلیفە دەرچوون و پابەند نەبوون بەڕێنوێنییەکانییەوە بوونە باو، هەروەها دەستدرێژیکردنە سەر خەلیفە خۆی (ئیمام عەلی کوڕی ئەبوتالیب)، تا ئەو ئاستەی لە کۆتاییدا گەیشتە تیرۆرکردنی.

هەڵبەت ئیمام عەلی لە هەڵبژاردنی ئەم ڕێبازە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا لەسەر هەڵە نەبوو، دەبوو ئەم شێوازە لە سەرکردایەتیی دەسەڵاتی گونجاو لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی ئیسلامدا، کە لەسەر بنەمای دادپەروەری و لێبووردەیی و بەزەیی پێدا هاتنەوە و ڕاوێژکردن بنیات نراوە، سەرکەوتوو و ئایدیال بووایە لە سیستەمێکی سیاسی ئاینێک دەنوێنێت لە ڕێنوێنییە سەرەکییەکانیدا بانگەشەی دادپەروەری و لێبووردەیی و بەزەیی هاتنەوە و ڕاوێژکردن و یەکسانی و گوێڕایەڵی بۆ کاربەدەستان.

بەڵام ئیمام عەلی بایەخی پێویستی بەقەبارەی وێرانکاری و نەخۆشیی دەروونی نەدا، کە کەسێتیی مرۆڤی عێراقی گرتبووەوە، بەهۆی ئەو سەدان ساڵە بەردەوامە لە زەبروزەنگی خوێناوی

و کوشتار و پەلاماری دەرەکی و چەوسانەوە و ستەمکاریی زۆر، کە خەڵکی عێراق بەدەست ئیمپراتۆرییەکان و فەرمانڕەوا ستەمکار و سوپا داگیرکەرەکانەوە دەیانناڵاند.

سروشتی نەخۆشیی دەروونی کە ئەو چەند سەدەیە بەجێیان هێشت، بەڕووداوە خوێناوییە کارەساتبارەکانییەوە وای لە کەسێتیی عێراقی کرد ناتەواوی و چۆنێتیی (کەسێتیی سایکۆباتی) هەڵبگرێت، کە تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە ناسەقامگیرە و لەگەڵ دەورووبەرەکەیدا کە لێی دەژێ ناگونجێ و بارگاوییە بەسادەیی لە سۆزداری و دڵڕەقی و دوور نەبینی لە ئەنجام و خێرا تووڕەبوون و هەڵچوون و گۆڕان لە میزاجدا[١٣].

جێگەی داخە کەسێتییەکی لەم چەشنە بەو تایبەتمەندییانەوە کە باسمان کردن، ئاوا ڕووبەڕووی ئیمام عەلی لە عێراقدا وەستابێت، کە ناچار بوو مامەڵەی لە تەکدا بکا، بۆیە لای ئیمام عەلی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، هەروەها هەژێنێکی گەورەش بوو بەلایەوە لە ئاست خەڵکی عێراقدا، کە لە گوتار و قسە بەناوبانگەکانیدا وەسف و بڕیاری توند و دڵڕەقانەی بەسەردا داون، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی بەدەست ئاکار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستە بێ ئومێدانە و چاوەڕوان نەکراوەکانیانەوە دەیناڵاند.

ناوەکان هەرچییەک بن کە دەروونزانی، یاخۆ پزیشکیی دەروونی ناویان لێ ناون، ئەوا ئەنجام و ڕەنگدانەوە و کاردانەوەکان یەک و لەیەکچوون لە بەرابەر ئەوەی دەکرێت ئەم جۆرە ئاکارانە دەری بدەن، کە ئیمام عەلی و کوڕەکانی (حەسەن و حوسێن) لە عێراق بەدەستیانەوە گرفتار بوون، هەروەها سەرجەم ئەو سەرکردە و فەرمانڕەوایانەی بەدوایاندا هاتن لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ.

ئەوی ڕاستی و دروستیی شیکردنەوەکەمان سەبارەت بەپاڵنەرەکانی ئەم جۆرە ئاکارە دەردەخات، کە زانستی دەروون دەستنیشانی دەکات، بەیاخیبوون و پشێوی و جیاوازی و حەزی جیابوونەوە و ئاژاوەگێڕی و نادیسپلینی و تەمبەڵی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا و خاوەخاوکردن لە گوێڕایەڵی دەناسرێتەوە، ئەمە لە ماوەی فەرمانڕەواییی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا بەیەکجاری ون بوو، بگرە نێزیک بەنەمان بوو، هەڵبەت حەجاج بەخۆڕسکە دەشتەکییانەکەی پەی بەم دۆخە تایبەتە برد، کە خەڵکی عێراق پێی دەناسرێنەوە، بۆیە ئەوی پێویست بوو پێی هەڵسێت دەستنیشانی کرد، تاکو هەموو ئەو شیمانانە بسڕێتەوە و وەلایان بنێت، کە دەکرێت ببنە هۆی لەدەست دەرچوونی خەڵکی عێراق، کە بەشۆڕش و ئاژاوە و یاخیبوون وەسف دەکرێن و ڕێی لە دەستدرێژیکردنە سەر حوکم و بەڕێوەبردن و بڕیارەکانی گرت، بۆیە دەستپێشکەری لە شەڕ کرد بەر لەوەی شەڕەکە ڕوو بدات، تاکو دەسەڵاتی ڕەهای بەسەریاندا بسەپێنێ و بتوانێ سەرکردایەتییان بکا بێ ئەوەی پابەند بێت، یا زۆر ببەستریتەوە بەوەی ئاینی ئیسلامی دەیسەپێنێت لە کۆت و بەند و ڕێنوێنی بەسزادان و دوورخستنەوەی گومان و زۆری تریش.

تەواو وەکو مەزەندەی کردبوو، هەندێک لە عێراقییەکان هەوڵیان دا دەستدرێژی بکەنە سەری

بەتێگرتنی وردە بەرد لێی، ئەو کاتی بەر لەوەی لە مزگەوتی کوفە دەست بەگوتارە خوێناوییەکەی بکا، بەئەنقەست درێژەی بەبێدەنگی دا، ڕەنگە ئەو ڕەفتارە لەوانەوە بەمەبەستی تاقیکردنەوە بووبێت بۆ زانینی ئەو کاردانەوەیەی لەم فەرمانڕەوا نوێیەوە دەردەچێ، هەروەها بزانن چۆن بتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و تا چ ئاستێک دەبێت، کەچی ئەوی ڕووی دا دوورتر و مەترسیدارتر بوو لە گشت ئەوەی مەزەندەیان دەکرد.

نێزیکەی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی قسەیان هەمبەر ئەو گوتارە بەناوبانگە کردووە، لەسەر ئەوە کۆکن کە بڕگەیەک هاتووە دەڵێت، سەرجەم ئەوانەی لەو دانیشتنەدا بوون لە خەڵکی کوفە ترس دای گرتوون و هەر کەس وای زانیوە حەجاج بەو هەڕەشە خوێناوییانەی لە گوتارەکەیدا هاتوون مەبەستی ئەوە.

حەجاج پرەنسیپی هێدمەی بەکار هێنا، پاشان لەو هەڵوێستە بەردەوام بوو بەجێبەجێکردنی کردەنی سزادانی خوێناوی تا ئەوپەڕی دڵڕەقی.

حەجاج دۆخێکی وای بۆ خۆی خوڵقاند بتوانێت ڕووبەڕووی هەموو ئەو ناکۆکییە نەرێنییانە ببێتەوە، کە کەسێتیی تاکی عێراقی بەڕێوە دەبەن، لەگەڵ دەرهاویشتەکانی وەک هەڵوێست و خوو و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و شتی لە ناکاوی هەڵاواردە، کە ڕەنگە ببنە شیمانەی بەربەرەڵایی و ئاشووب و هەڵگەڕانەوە و دەستدرێژی و گوێ پێ نەدان.

وێڕای ئەمانەش پاشان حوکمی حەجاج خاڵی نەبوو لە هەندێک شۆڕش و یاخیبوون لە عێراقدا، کە ناچار بوو بەشێوەیەکی دڵڕەقانە و دڕندانەی بێ وێنە تێکیان بشکێنێ.(١٤)

هەروەها لە چاخی نوێشدا ئەو شێوە ئاکارییە لە یاخیبوون و شۆڕش و ئاژاوە و دەستدرێژیکردنە سەر دەوڵەت بەدرێژایی حوکمی سەدام حوسێن ون بوو، چونکە ئەو وەکو دیاردەیەکی مێژوویی هەبوو لە سروشتی ڕەوتە ئاکارییەکانی عێراقییەکان گەیشتبوو، بەشێوەیەکی نوێی نائاشنا ئامادەبوونی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی وەرگرت، ئەو وێڕای پشتبەستنی بەڕێبازی دڵڕەقیی خوێناوی و کوشتن لەسەر گومان بۆ تەمێکردنی ئەوانەی ڕێیان بەخۆیان داوە دەستدرێژی (بەنەزانی و بەئەنقەست) بۆ پیادەکردنی شێوەکانی گرووپگەرایی، یا جیابوونەوە، یاخۆ یاخیبوون، یان سەپاندنی ڕا بەپاساوی جیایی یاخۆ خۆبەگەورەزانین، یان پشتگوێخستن و گوێ پێنەدان و خۆهەڵکێشان بەسەرپێچیکردنی فەرمانەکان، یاخۆ شانازیکردن بەدەستکەوت و تاکڕەویی بلیمەتانە، یا خۆ بەگەورەزانین...

لەژێر پاڵەپەستۆی پاڵنەری بەزۆر و نەویستانە لەم جۆرە ئاکارە چێنراوە بەدرێژایی مێژوو لە ڕۆشنبیریی تاکی عێراقی و بنیاتە دەروونییەکەی، دەڵێین سەرەڕای ئەو ڕێبازە خوێناوییە زۆر دڵڕەقانەیە، ئەوا مامەڵەی لەگەڵ ئەم دۆخە ناچارییە کرد لە سیفەتە ئاکارییەکانی تاکی عێراقی بەدەرخستنی پتر لە سووک تەماشاکردن و گاڵتە پێکردن و قەشمەریی بێ سنوور بەهەر عێراقییەک بیەوێ پابەند بێت، یا وا نیشان بدات پابەندە بەیەکێک لە شێوەکانی ئاکاری باس

کراو، مەبەستیشمان شێوەکانی نەساغییە، پاشان دەرگەیەکی کراوەی هێشتەوە بۆ خۆ قوتارکردن لە مەرگ، یا ڕێزلێنان و پاداشتکردن و داهێنان، ئەم دەرگەیەش مافی جیاوازی و تاکایەتی و هەمەجۆرییە لە بەرز ڕاگرتن و ستایشکردن و گەورەکردنی ڕایەکانی سەدام حوسێن و قسەکانی و کەسایەتی و لادانی.

ئەوی ویستبێتی لەم ڕێبازە، یا ئاراستەیە هەڵگەڕێتەوە و پابەندی نەبێت، لەسەریەتی بەرگەی ئەنجام و سزا چاوەڕوانکراوەکان بگرێ.

پاشان وتەکەیان بەکردارەوە گرێ دا، تاکو گومان لە مێشکی هەر گومانکارێک لە گوڕی ڕێبازە نوێیەکە لابەرێ.

پلە بەپلە پاش کەوتنی ژمارەیەک قوربانی، لەوانەی بڕوایان بەشێلگیریی ئەو ئاگەدارکردنەوەیە و شیمانەی پراکتیزەکردنی ئەو جۆرە سزا یەکلاکەرەوە ناماقووڵانە نەکرد، کوژران و بوونە پەند بۆ ئەوانی تر، دەڵێین دوای ئەوەی ئەوە ڕووی دا، گەلی عێراق بەڕەوشتی نوێ خۆی ڕێک خست و بەناچاری لە ژیانیدا سەرجەم ئەو شێوازە ئاکارییە بەزۆر و دوور لە زۆرییەی پێشووی ڕەت کردەوە، کە پێشتر باسمان کرد و بەپێی پێویست و فەرمان بەجێگەیاندن بەچاکترین شێوە لە ڕێکخستن بەڕێوە چوو، گۆڕا بەمیللەتێک لە چەپڵەلێدەر، کە پێشبڕکێیان دەکرد لە بەرزڕاگرتنی سەرۆکی ڕەمز، کە لە بەرابەر فەرمانەکان و ڕێنوێنییەکانیدا هەموو شێوەکانی ئاکار توانەوە، کە عێراقییەکان لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ بۆیان مابووەوە، ڕەنگە ڕزگاری نەبووبێ لە چالاکی، یا سرووتی چەپڵەلێدان و پیاهەڵدان و سەما و شایی و پێشبڕکێی هێستریانە بۆ پێشکێشکردنی متمانە، یان بەلای کەمەوە نزا و پیرۆزباییکردن لە سەرۆک، تەنیا هەندێک عێراقیی هەڵاتوو بۆ هەندەران نەبێت، ڕەنگە مافی خۆمان بێت بپرسین (بێ ئەوەی کەس لە پرسیارەکەمان تووڕە بێت) ئەرێ ئەو چەند ملیۆنەی کە پێشبڕکێیان دەکرد لە چەپڵەلێدان و هوتاف کێشان و قوون بادان و بەرزڕاگرتنی سەرۆک چییان لێ هات؟

وا بزانم ئەو عێراقییەی قسانی بۆ کردین و سوێندی بۆ دەخواردین زۆر لەسەر هەڵە نەبوو، کە تووڕە بوو لەوانەی متمانە و ڕوو و پێست و دەنگ و هەڵوێستی خۆیان دوای ڕووخانی ڕێژیم گۆڕی و زێدەگۆییان دەکرد لە جوێندان بەسەرۆک سەدام حوسێن و ڕێژیمەکەی و باسی پاڵەوانێتیی خۆیان دەکرد لە بەرەنگاربوونەوە و دژوەستانەوەی ڕێژیمی سەدام حوسێن، کاتێک دەیگوت: لەو دەمی ئەستەغفیروڵای دەکرد کە قسەکانی کفر، یا دەرچوون لە ئاین نەبێت: من بەدرێژاییی حوکمی ڕێژیمی پێشوو عێراقم جێ نەهێشت، دەتوانم گەواهی ئەوە بدەم کە تەنیا خوای گەورە لە عێراقدا چەپڵەی لێ نەداوە یا سەدام حوسێنی بەرز ڕانەگرتووە. پاشان دەگەڕایەوە و ئەستەغفیروڵایەکی دەکرد.. ئەم عێراقییە ڕاستگۆیە لەگەڵ خودی خۆیدا ئەو ڕاستییە دەڵێت، کە بینیویەتی.

لەلایەکی ترەوە ڕاستییەکی مێژوویی تر هەیە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسمان کردن، پێویستە

لەسەرمان باسی بکەین و بیزانین و ڕای بگەیەنین، ئەویش ئەوەیە ئەو شێوەیە لە ئاکار، کە بەکەسێتیی تاکی عێراقییەوە نووساوە، کە لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەوە دووبارەمان کردەوە و باس و وەسفمان کرد و ژماردمان، دەشێت لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی سزادانی یەکلاکەرەوە و شمشێری ستەمکاری و دڵڕەقی و ترسدا دەرکەوێتەوە و بڵاو ببێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە بوون و چوونە ناو بنیاتی تاکی عێراقیی دەروونی و ئاکاری و ڕۆشنبیرییەوە، ڕەنگە لە ماوەی چەندان سەدەدا، دوور نییە بگاتە پەنجا سەدە خۆی پێک بهێنێتەوە و بەردەوام بێت، بۆیە نەمان و سڕینەوە و گۆڕانی پێویستی بەکات و کۆششی میتۆدیی ئاراستەکراو و ڕێک هەیە.

وێڕای ئەوەی ئەم شێوازە لە ئاکار وا دیار دەدات دژوار و خوازراو نییە، یا زەحمەتە و مایەی سەرسوڕمان و ناکۆکە، بەڵام لە لایەنێک لە لایەنەکانەوە شێوەیەک لە شێوەکانی هێزی کەسێتیی عێراقی دەنوێنێ، پێوەند بەچەمکی ئازادیی ڕەها و بەسترا و بەحەزی سەربەخۆیی بەدەست هێنانی هەمیشەیی و ڕەتکردنەوەی سەردانەواندن بۆ فەرمان و سیستەم و کۆتوبەندەکان، کە لەگەڵ ئاوەزی عێراقیدا بەدرێژاییی هەزاران ساڵ جووتبوونێکی مەرجدار جووتبوونە لەگەڵ فەرمان و ڕێنوێنییەکانی دەرچوو لە سوپای بێگانەی داگیرکەری چاوچنۆکەوە، کە هاتە خاکی عێراقەوە و داگیری کرد، بەشێوەی یەک لە دوای یەک و نیمچە بەردەوام لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین ئیمپراتۆرییەت لە مێژوودا لە کۆتاییی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین تاکو ئەمڕۆ. تا وای لێ هاتووە دەرکردنی فەرمان تەنیا داگیرکەر و بێگانە دێنێتەوە بیری عێراقییەکان.

کەچی ئەمڕۆ لە بەردەممماندا (بێ ئەوەی خۆمان ماندوو بکەین بۆ گەڕان بەدوای هۆ و پێکهاتەکاندا) جگە لە تاکێکی عێراقیی چەپخوونی ڕقن نابینینەوە، کە بەزەحمەت دەدرێتە پێش و لە زۆر کاتدا جیاوازە، مەیلی جیابوونەوە و تاکڕەوی و یاخیبوونی هەیە، گوێڕایەڵ نییە، وەڵامدانەوەی بۆ فەرمانەکان سستە، کەمتەرخەمە لە سەرکەوتنی لایەنەکەی تر دوور نییە لە قووڵاییی ئاوەزیدا داگیرکەر بگرێتەوە، شەیدای بەرابەر وەستانەوە و خۆ بەگەورە زانییە...

ئەم سیفەتە پڕ لە دژوارییە بووە مایەی سەراسیمەییی فەرمانڕەوایان و تووڕەییی سەرۆکەکان، ئەوانەی لە سەردەمەکانی کۆنی مێژوودا لە عێراق دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت و نەیانتوانی هۆیەکانی شی بکەنەوە، یاخۆ بزانن پاڵنەرە دەروونی و ئاکارییەکانی چین، بۆیە بەدەرکردنی بڕیاری توند و دڵڕەقانە و پڕ لە ڕیسوایی وازیان هێنا، دژ بەم گەلە داهێنەرە بارگاوییە بەهێز و چالاکی، کە مەزنترین سەرکەوتنی ژیاریی لە مێژوودا خوڵقاند...

ڕەنگە ئەو ڕوونکردنەوەیە لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا پێویست بێت، کە دیاردەی ملدان و سەرشۆڕی و خۆدانەدەست و قبووڵکردنی دیفاکتۆ (ئەمری واقیع)، کە گەلی عێراق لە هەندێک کاتی مێژووییدا دەینوێنێ، بەهۆی بەکارهێنانی نامرۆییانەی ئامرازەکانی سەرکوت و دڵڕەقی و سزادانی خوێناویی ستەمکارانە و بەپەندبردنی، دیاردەیەکە ناجێگیرە و ناشێت بکرێتە پێوەر، هەروەها نابێتیش وای بۆ بچین ئەم میللەتە تەنیا لەگەڵ دەسەڵاتدارە ستەمکارەکاندا ڕاست ڕای

دەکێشێ و تەنیا وەڵام بەرێژیمە دیکتاتۆرییە خوێنرێژەکان دەداتەوە.

ئەم شێوە قەناعەتە زۆر هەڵەیە، نابێت هیچ بڕیارێکی یەکجارەکی و ڕەهای لەسەر بنیات بنرێ، چونکە دەبێتە بڕیارێکی ناڕاست و ناواقیعی، بێدەنگی و ملکەچی و سەرشۆڕی و سەراسیمەیی کە گەلی عێراق لە قۆناخێک لە قۆناخەکاندا بۆ ڕێژیم و فەرمانڕەوا زۆردارەکان دەینوێنێ، یا ئەوانەی ئەوپەڕی پلەی توندوتیژیی خوێناوییان بەکار هێنا بۆ ملدانی، ئەوە ئاکارێکە لە ناواخنیدا گەلێک شتی چاوەڕوان نەکراوی ورووژێنەر و تۆقێنەر لە خۆ دەگرێت، چونکە ئەو بەدوای یەکدا هاتنەی ئاڵوگۆڕی نێوان شکست و بێبەری و بێ ئومێدی لە لایەک و یاخیبوون و شۆڕش و تۆڵە و زوبرووزەنگی خوێناوی لە لایەکی ترەوە، دوور نییە هێور ببنەوە و بۆ ماوەیەک بوەستن، ئەمەش بەهۆی فاکتەرەکانی پاڵەپەستۆ و دڵڕەقیی زۆر و لەناودانی خوێناویی بەکۆمەڵ، بەڵام دەگەڕێتەوە سەر کارلێککردن و جووڵە و شۆڕش، لەم دۆخەدا تەقینەوەکەی وێرانکەر و خوێنین و ئەوپەڕی دڵڕەقیی دەبێت بەشێوەیەکی تۆقێنەر، لەبەر ئەمە دڵڕەقی و توندوتیژی و سزادانی یەکلاکەرەوەی خوێناوی چارەسەر نین بۆ ئاکاری یاخیبوون، کە گەلی دۆڵی ڕافدێن بەگشتی پێی دەناسرێتەوە.

ئەم ناکۆکییە بەرچاوە لە شێوەی ئاکاری گشتیی گەلی عێراقدا لە نێوان پەتای ئاژاوە و پشێوی و شۆڕش و یاخیبوون و جیابوونەوە و ئەو ناتەواوییانەی کۆتاییان نایەت، لەگەڵ نێوان بێدەنگی و ملکەچی و ملدان و متمانەی ڕەها بۆ گشت ئەوانەی فەرمانڕەوا و دەوڵەت دەیانسەپێنێ و ئارەزوویان دەکات، ئەمەشمان لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باس کردووە و هۆ و پاڵنەرەکانیمان بەپێی ڕا و تیۆرەکانی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی ڕوون کردووەتەوە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(٧) سقوط المدائن ونهايه الدوله الساسانيه. احمد عادل كمال. دار النفائس. بيروت. ص, ٣١١

(٨) البدايه والنهايه. ابن الكثير. ج ٨. ص١٨٢.دار احياء التراث العربى، بيروت.

(٩) حنا بطاطو. العراق. الكتاب الثالث. ترجمه: عفيف الرزاز. مؤسسه الابحاث العربيه. ص١٠٨.

(١٠) حنا بطاطو. العراق. الكتاب الثالث. ص٢٥٦. ترجمه عفيف الرزاز. مؤسسه الابحاث العربيه.

(١١) عەبدوڵڵای کوڕی موسلمی کوڕی قوتەیبە، لە کوفە لەدایک بووە و لە بەغدا لە ساڵی ٢١٣ ک/٨٢٨ ز دا لە دوادواییەکانی سەردەمی ئەلمەئموندا کوژراوە.

(١٢) قوتقوتانە: دەڤەرێکی نێزیکی کوفەیە.

(١٣) زانستی دەروون کەسێتیی سایکۆباتی ئاوا وەسف دەکات: کەسێتیی ئەو تاکەیە، کە بەدەست بێ ئۆقرەیی سۆزدارییەوە دەناڵێنێ، تا ئەو ڕادەیەی لە دۆخی نەساغی نێزیک دەبێتەوە... کەسی سایکۆباتی سادەیی سۆزداریی هەیە لەگەڵ پێنەگەیی لە ڕەوشتدا، دوور نەبینە، زوو تووڕە دەبێ و هەڵدەچێ./ موسوعه علم النفس. د. اسعد رزوق. المؤسسه العربيه للدراسات والنشر. ص١٦٧.

(١٤) لێرەدا مەبەستی سەرەکی شۆڕشی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشعەسە دژ بەفەرمانڕەوایی حەجاج و ئەو کۆتاییە دڵتەزێنەی بەکوشتاری دێر ئەلجەماجم دوماهی هات.

# ئەو بەرهەمانەی
# لە ناوەندی ئاینیی دنیای ئیسلامدا
# هەرایان ناوەتەوە

عومەر عەلی غەفوور

ئاین و ئاینزا جیاوازەکان بەدرێژاییی مێژوو لە ململانەدا بوون و تا ئێستەیش لەو ململانەیە بەردەوامن. لەو ململانەیەدا چەکی هزر و مەعریفە و ئەدەب و هونەریان بۆ تانەلێدان و رەخنەلێگرتنی یەکتر بەکار هێناوە.

ئەڵبەت بەدەر لەو ململانەیەی بەهۆی جیاوازییە لاهوتی و فیکرییەکانی نێو ئاین و ئاینزاکانەوە رووی داوە، بەهۆی ئەوەی ئاین و ئاینزاکان بوونەتە یەکێک لە سیمبوڵە روحییەکان و یەکێک لە سەرچاوەکانی (هێز) بۆ گرووپەکانیان، بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیش تێکەڵ بە پرسەکە بوون و زۆرجار رووی داوە و روو دەدات هێزێکی سیاسیی نائاینی و سیکیولار و رەنگە فوول ماتریالیستیش بکەوێتە ئەو ململانەیەوە و سەنگەری شەڕ لە دژ یان بۆ ئاین/ئاینزایەک بگرێ کاتێ بزانێ ئەو کارە بەرژەوەندییەکی بۆ دەستەبەر دەکات.

هەروەها روویش دەدات لەنێو ئاینزاکانی هەمان ئایندا هەمان حاڵەتی ململانێ و دژایەتی پەنای بۆ ببرێ و لەو شەڕەیشدا چەکی مەعریفە و هزر و هونەر بەکار بێ. هەروەک روو دەدات ئەو ململانەیە لەنێو هەمان ئاینزایشدا بەهۆی خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقە بنچینەییەکان و تێگەیشتن لە ئاینەکە روو بدات و بگاتە حاڵەتی تانەدان لە راستی و رەواییی ئینتیمای یەکتر بۆ ئاین یان ئاینزاکە.

ئەگەرچی ئەو ململانەیە (مەبەست لێرەدا ململانەی مەعنەوییە لە رێی رەخنە و تانەلێدانەوە)، بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئاینەکان، بە ئاینی ئیسلامیشەوە، دەگەڕێتەوە، بەڵام ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە دنیای ئیسلامی زەقتر لە جاران لەم ململانەیەدا دەژی، چ لەسەر ئاستی دەرەوە و چ لەسەر ئاستی ناوەخۆدا.

## مێژووی ڕەخنەگرتن لە پێغەمبەر محەمەد(د.خ)

سەرەتای ڕەخنەگرتن لە کەسایەتیی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئیسلام لە مەکە دەگەڕێتەوە. بەپێی قورئان و سیرە یەکەمین سووکایەتی پێکردنەکان بە پێغەمبەر لە کەسە نێزیکەکان و هاوشارییەکانی خۆیەوە بووە. هەندێ لە شاعیرەکان لە شیعرەکانیاندا هەجووی پەیامە نوێیەکە و پەیامبەرەکەیان دەکرد، لە بەرامبەردا هەندێ شاعیری بڕواداریش وەڵامیان دەدانەوە و هێرشیان دەکردە سەر بیروباوەڕەکانی ئەوان. حەسانی کوڕی سابیت (کە بە شاعیری پێغەمبەر ناسرابوو)، یەکێک بوو لەوانەی ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو شەڕە ئیعلامییەدا هەبووە و ریوایەت هەیە کە ئاماژە بەوە دەدات (شیعری حەسان لە حەفتا پیاوی شەڕوان لەسەر قورەیشییەکان کاریگەرترە).

دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ئیسلامی لە مەدینە هەندێ لە جوولەکەکان محەمەدیان تۆمەتبار کرد بەوەی بەدەسکاریکراوی دەقەکانی لە تەوراتەوە وەرگرتووە و لەبەر چەند ئامانجێکی تایبەتیی خۆی چاوی لەوەیە دەست بەسەر شاری یەسریبدا بگرێ. هەروەها بۆ ئەوەی لە ئاینەکەیان شارەزا بێ خۆی لە جوولەکەکان نێزیک دەکاتەوە و لاساییی سرووتە ئاینییەکانیان دەکات، بەڵام دواتر کاتێ ئیشی پێیان نەما لێیان هەڵگەڕایەوە. هەرچی ڕەخنەی مەسیحییەکانە لە کەسایەتیی پێغەمبەر بۆ پێش لە سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و لەلایەن یۆحەنا دیمەشقی (٦٧٦-٧٤٩ز) دەستی پێ کرد، کە هەندێ پێیان وایە لە یەکەمین ئەو کەسانەیە کتێبێکی تەواوی لە دژی کەسایەتیی پێغەمبەر و ئاینی ئیسلام نووسیوە. ناوبراو لە کتێبی De Haeresbius ئاماژە بەوە دەدات کە (بوحەیرای ڕاهیبی نەستووری لە نووسینی قورئاندا یارمەتی محەمەدی داوە)، هەروەها پێغەمبەری تۆمەتبار کردووە بەوەی (هەندێ لە نووسینەکانی وەرەقەی کوڕی نەوفەلی وەرگرتووە).

لە ماوەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە ئیسپانیا کڵێسا چەند نووسینێکی بڵاو کردەوە کە وای نیشان دەدا پێغەمبەر (شەیتان)ی لەناودایە و دژی مەسیحە، ئەم بیر و بۆچوونانە لە تەواوی ئەورووپادا بڵاو بوونەوە و ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە یەکخستنی ریزەکانی ئەورووپاییەکان لە شەڕەکانی خاچدارەکاندا. لە دیارترین ئەوانەی شتیان لە دژی پێغەمبەر نووسیوە لەو ماوەیەدا مارتن لۆسەر (١٤٨٣-١٥٤٦)ە کە چەندان تۆمەتی دایە پاڵ پێغەمبەر وەک ئەوەی لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێ (محەمەد پەرکەمی هەبووە و ئەو دەنگانەی بیستوونی و وای زانیوە وەحییە، بەرەنجامی نەخۆشییەکەی بووە).

### لە سەرەتای بانگەوازدا

خەڵکی مەکە، ئەوانەی دژی بیروباوەڕەکەی پێغەمبەر بوون بە چەندان جۆر و شێواز دژایەتیی پێغەمبەریان دەکرد و لە کەسایەتیی ئەویان دەدا، لەوانە سووکایەتی و گاڵتەپێکردن، بەدرۆخستنەوە و لاقرتێ پێکردن، دروستکردنی تۆمەت و ناووناتۆرە بۆی، تۆمەتبارکردنی بەوەی

جۆرێک لە شێتی هەیە، هەندێ دەیانوت جنۆکە یان شەیتانێکی هەیە کە دێنە لای وەک چۆن دەچنە لای کاهینەکان، هەروەها هەوڵیان دەدا رێگری لەوە بکەن کە خەڵک گوێ لە قورئان بگرن، لە پاڵ ئەوانەدا و بۆ سەرخستنی پلانەکەیان دەستیان بە ئەشکەنجەدانی موسڵمانان کرد.

کاتێ ئایەتی (وانذر عشيرتك الاقربين) داوای لە پێغەمبەر کرد خزمە نێزیکەکانی بۆ سەر ئاینەکەی بانگ بکات و ئەویش کۆی کردنەوە و باسی ئاینەکەی بۆ کردن، ئەبولەهەبی مامی وتی (بەنەفرەت بیت! بۆ ئەمە کۆت کردینەوە). هەروەها وتی (کەسێکم نەدیوە شتێکی بۆ بنەماڵە و هۆزەکەی هێنابێ خراپتر لەوەی تۆ هێناوتە). ئەبولەهەب و ئەروای کچی حەربی هاوسەری لەو کەسانە بوون زۆر دژایەتیی محەمەد و هاوەڵەکانیان دەکرد و سوورەتی (المسد) لەسەر ئەوان دابەزی. بێباوەڕەکان بەشێوازی جۆراوجۆر ئازاری پێغەمبەریان دەدا. جارێکیان عوقبەی کوڕی ئەبوموعیت ریخی ئاژەڵی سەربڕاوی لە کاتی سوژدەبردندا بەسەر پێغەمبەردا کرد و ئەوانی تریش پێی پێ دەکەنین تا فاتیمەی کچی هات و پیساییەکەی لەسەر شان و ملی لابرد.

ئومەیەی کوڕی خەڵەف هەر کاتێ پێغەمبەری بدیایە گاڵتە و لاقرتێی پێ دەکرد، لەسەر ئەو کارە ئایەتی (وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ) دابەزی.

## لە مەدینە

پێوەندیی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ هۆزە جوولەکەکانی بەنو قورەیزە و بەنو قەینوقاع و بەنو نەزیر لە مەدینە لە سەرەتاوە باش بوو، بەتایبەت دوای ئەوەی بەڵگەنامەی (مەدینە)ی لەگەڵدا مۆر کردن. بەڵام بە تێپەڕینی کات ناکۆکییەکان دەرکەوتن. رۆهەڵاتناسان پێیان وایە ئەو ناکۆکییانە بوونە سەرەتای سەرهەڵدانی هەڵمەتی تانەدان لە کەسایەتیی پێغەمبەر لەلایەن جوولەکەکانی مەدینەوە. بۆ نموونە جوولەکەکان پێغەمبەریان تۆمەتبار کرد بەوەی هەوڵ دەدات جڵەوی دەسەڵات لە مەدینەدا بگرێتە دەست، هەروەها بەوەی زاناکانی جولەکەی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتر لە ئایندا پەیدا بکا و ریزبەندیی زەمەنیی دەرکەوتنی پێغەمبەرەکان بزانێ و دوای ئەوەی کاری بە جوولەکە نەما لەو رووەوە، پاکسازیی کردن.

سەحیحی بوخاری گێڕاویەتییەوە کە شاعیرێکی جوولەکە بەناوی (کەعبی کوڕی ئەشرەف) چامەیەکی لە داشۆرین و گاڵتەپێکردنی پێغەمبەردا نووسی، دواتر ئەو شاعیرە لەلایەن موسڵمانێکەوە بەناوی محەمەد کوڕی ئەسلەمەوە کوژرا.

## پێش سەدەکانی ناوەڕاست

لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە وڵاتی شام و بەتایبەت لە سەردەمی ئومەوییەکاندا، کەسێکی ئاینی بەناوی یۆحەننا دیمەشقی John of Damascus دەرکەوت، کە باوکی مەسیحی و خاوەن پلە و پایە بوو لای ئومەوییەکان و پۆستێکی بەرزی لە داراییی خەلافەتی ئومەوی لە سەردەمی

عەبدولەلیکی کوڕی مەرواندا هەبوو. باوکی دیمەشقی بەدوای مامۆستایەکدا گەڕا تا کوڕەکەی فێری بنەماکانی ئاینی مەسیحی بکا، بە ڕێکەوت یەکێک لەو دیلانەی دۆزییەوە کە لە کاتی فتوحاتە ئیسلامییەکان لە کەنارەکانی ئیتاڵیا بە دیل گیرابوو و توانی هەژموونی خۆی لای ئومەوییەکان بەکار بێنێ و ئەو دیلە ئازاد بکا کە ناوی کۆسماس Cosmas بوو، دواتر دەرکەوت ئەو دیلە قەشەیەکی بەناوبانگی سەقلییەیە و ئەو قەشەیە یۆحەننا دیمەشقیی فێری ئاینی مەسیحیی کرد.

دوای مردنی باوکی، یۆحەننا دیمەشقی پۆستەکەی باوکی لە داراییی دەوڵەتدا وەرگرت. سەرچاوە مێژووییەکان باس لە هەندێ ڕووداو دەکەن کە وایان لە دیمەشقی کرد بۆ بەجێهێنانی نەزرێکی خۆی و بۆ بەرگریکردن لە ئاینی مەسیحی دەست بداتە نووسینی چەند بابەتێک لە دژی پێغەمبەری ئیسلام. دەگێڕنەوە دیمەشقی زنجیرەیەک کتێبی نووسی، لە نێویاندا کتێبێک بەناوی (هەرتەقە) یاخۆ بێباوەڕی، تێیدا هێرش دەکاتە سەر کەسایەتیی پێغەمبەر و لای خۆیەوە مێژوویەک لەبارەی سەرهەڵدانی ئیسلام و ژیانی پێغەمبەر دەنووسێ، تێیدا تۆمەتی ئەوەی دەخاتە پاڵ کە ئاینی بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار هێناوە و بوحەیرای ڕاهیبی نەستووری لە نووسینی قورئاندا یارمەتیی داوە.

## لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

لە کاتی باڵادەستیی موسڵمانان لە ئیسپانیا، سیاسەتی موسڵمانان بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی مەسیحییەکان بریتی بوو لە زەقکردنەوەی لایەنە هاوبەشەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت، بەڵام ئەم سیاسەتە لەلایەن ژمارەیەک لە ناوە دیارەکانی کڵێسای ئیسپانییەوە بەرەنگاری دەکرا، کە مەترسییان لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام هەبوو لە ئیسپانیا، بۆیە هەندێکیان کەوتنە دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ئاینەکە، لە ناوبانگترینی ئەوانەی بەم کارە هەستان ئیلۆجیس Eulogius بوو، کە سەرنجی خستە سەر ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی سێدانەیی (الثالوث) و سەیرکردنی مەسیح بەوەی تەنیا پێغەمبەرێکە.

ئیلۆجیس چەندان پەیامی نووسی و تێیاندا تانەی لە ڕاستیی بانگەوازی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەری ئیسلام دا، هەروەها سەرنجی خستە سەر هاوسەرگیریکردنی پێغەمبەر لەگەڵ زەینەبی کچی جەحش. ئیلۆجیس لە نووسینەکانیدا پشتی بە چەند دەستنووسێکی نووسەرێکی نەناسراو بەستووە کە لە (دێر)ێکدا لە بامبلونا بەردەستی کەوتوون.

نووسینەکانی ئیلۆجیس هاوکات بوون لەگەڵ هەوڵێکی تری هاوشێوە لەلایەن قەشەیەکەوە بەناوی فاروس Alvarus.

(بۆ زانیارییەکانی ئەم سەربابەتەی سەرەوە (واتە مێژووی ڕەخنەگرتن لە پێغەمبەری ئیسلام) سوود لە ماڵپەڕی ویکیپیدیا وەرگیراوە).

***

## (رەخنە) و (سووکایەتییەکان) لە سەردەمی نوێدا

## کتێبی (ئایاتی شەیتانی)ی سەلمان روشدی

لە سەردەمی نوێدا زۆر بڵاوکراوە دەرچوون کە تانەیان لە کەسایەتیی پێغەمبەر یاخۆ ئیسلام داوە یان رەخنەیان لێ گرتووە، کە هەندێکیان لەناو خودی موسڵمانانادا بووە و هەندێکی تریشیان لە وڵاتانی رۆئاوادا بووە.

دیارترینی ئەو کتێبانەی ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە مشتومڕی لەسەرە و بەهۆی کتێبەکەیشەوە و بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوە لە ئاینی ئیسلام فتوای کوشتنی نووسەرەکە لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینی رابەری کۆچکردووی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٨٩دا دەرچووە و تا ئێستەیش فتواکە کاری پێ دەکرێ و نووسەرەکەی تا ئێستە لەژێر پاسەوانییەکی تونددایە، کتێبی رۆمانی (ئایاتی شەیتانی) نووسەری بەریتانی بە رەگەز هیندی سەلمان روشدییە، کە لە ٢٦ ئەیلوول/سێپتەمبەری ١٩٨٨دا لە لبنان دەرچوو.

دوای ٩ رۆژ لە دەرچوونی کتێبەکە، هیندستان (روشدی)ی لە چوونە نێو وڵاتەکە قەدەخە کرد و ئەو خانەی بڵاوکردنەوەیەی کتێبەکەیشی بۆ چاپ کردبوو هەزاران نامەی هەڕەشە و پێوەندیی تەلەفۆنیی بۆ کێشانەوەی کتێبەکەی پێ گەیشت. هەریەک لە وڵاتانی بەنگلادیش، سوودان، باشووری ئەفریقیا، کینیا، سریلانکا، تایلاند، کۆماری تەنزانیای یەکگرتوو، ئەندەنووسیا، فەنزویلا و سەنغافوورە کتێبەکەیان قەدەخە کرد و چەندان خۆپیشاندان لە دژی کتێبەکە لە ئیسلام ئاباد، لەندەن، تاران، بۆمبای، دەککا، ئەستەنبووڵ، خەرتووم و نیویۆرک ئەنجام دران.

لەو پەرەسەندنانەدا دوو رووداو سەرنجی دنیایان راکێشا، ئەوانیش سووتاندنی ژمارەیەکی زۆر لەو کتێبە بوو لە برافۆرد لە شانشینی یەکگرتوو لە ١٤ی کانوونی دووەم/یەنایەری ١٩٨٩، رووداوی دووەمیش دەرچوونی فتوای خومەینی بوو لە ١٤ی فێبرایەری ١٩٨٩ بە حەڵاڵکردنی خوێنی سەلمان روشدی، ئەم دوو رووداوە لەلایەن میدیاکانی رۆئاواوە تیشکی زۆری خرایە سەر و موسڵمانەکان بە (دژایەتیکردنی ئازادیی دەربڕین) تۆمەتبار کران.

سەلاحەدین جمجە و جوبرائیل فریشتە دوو کەسایەتیی سەرەکیی رۆمانەکەن. جمجە پیاوێکی هیندییە و هەر لە منداڵییەوە لە شانشینی یەکگرتوو ژیاوە و لەگەڵ کۆمەڵگەی رۆئاوادا جۆشی خواردووە و پشتی کردووەتە رەچەڵەکە هیندییەکەی. فریشتە ئەکتەرێکی هیندیی تایبەت بە فیلمە ئاینییەکانە، کە دوای ئەوەی تووشی نەخۆشییەکی مەترسیدار دەبێ و نزا و لاڵانەوەکانی شیفایان بۆ نەهێناوە ئیدی باوەڕی بە ئاین نەماوە. جمجە و فریشتە لەنێو فڕۆکەیەکدا کە لە گەشتێکدایە لە بۆمبایەوە بۆ لەندەن لە تەنیشت یەکەوە دادەنیشن، بەڵام فڕۆکەکە بەهۆی کارێکی تێکدەرانەی (گرووپە توندڕۆ)کانەوە دەتەقێتەوە، لە کاتی کەوتنە خوارەوەی ئەو دوو کەسەدا گۆڕانکاری لە سیمایاندا روو دەدات، سەلاحەدین جمجە دەگۆڕێ بۆ بوونەوەرێک لە شێوەی شەیتان، جوبرائیل

فریشتـەیش دەگـۆڕێ بۆ بوونەوەرێک لە شـێوەی فریشتـە (مـەلائیکە). لە یەکـێک لە خـەونـەکانی جوبرائیل فریشتەدا سەلمان روشدی خوێنەر دەگێڕێتەوە بۆ کاتی سوڵحی حودەیبییە و فەسڵێکی رۆمانەکە دەست پێ دەکات بەناوی (ماهۆند). ئەوەی هـەستی موسڵمانانی بریندار کرد ئەو بەشەی رۆمـانەکـەیە. مـاهۆند نـاوێکە لەلایەن مـەسـیـحـیـیـە توندرۆکـانی سـەدەکـانی ناوەڕاسـتـەوە بۆ وەسـفکردنی پێغەمـبـەر محـەمەد بـەکار هـاتووە. چنینـی سـەرەکیی ئەم بەشـەی رۆمانەکە پشـتی بـە ریوایەتێک بەستووە لە ژیاننامەی پێغەمبەردا کە ئیبن ئیسحاق باسی کردووە، تێیدا ئیبن ئیسحاق دەگێڕێتەوە کاتێ ئـایەتەکانی(أَفَرَأَيْتُمُ الّلاتَ وَالْعُزَّى، وَمَنَاةَ الثالِثَةَ الأُخْرَى، أَلَكُمُ الذكَرُ وَلَهُ الأُنْثَى)ي سوورەتی (النجم) دابەزینە سەر پێغەمبەر، شەیتـان ئەم رستەیەی بە گوێیدا چرپاند و تێهەڵکێشی ئایەتەکانی کرد (تلك الغرانيق العلي وإن شفاعتهن لترتجي)، بەم پێیە قـورئان بە (باشـە) باسی بتەکانی قورەیشی کردووە و شەفاعەتیان قبووڵە.

ئەو ریوایەتەی ئیبن ئیسحاق لە رووی مێژوویـیـەوە زۆر لاوازە و کۆدەنگییـەکی تەواو لە نێوان زانایانی مـوسـڵـمـانانـدا هەیە کـە راست نییـە. ئەبوجـەعـفـەری تەبەریی مـێـژوونووسـیش کـاتێ ژیاننامەی پێغەمبەری نووسیوەتەوە، وەک مێژوونووسێک کە پێویستە هەموو ئەو شتانەی بەرگوێی دەکەون تۆمار بکا، لە پەراوێزدا ئەم رووداوەی تۆمار کردووە.

## کتێبی (شەرمەزاری)ی تەسلیمە نەسرین

یەکێکی تر لەو کتێبانەی کە لەلایەن موسڵمانانەوە نووسراوە و بە سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر و پەیامـەکەی و مـوسـڵـمـانان تۆمـەتبار کـرا و بەهۆیەوە نووسـەرەکەی لەتاو نارەزایی و هـەڕەشـەی شـەقام رووی لە ئەوروپا کرد، رۆمانی شەرمەزاری (العار)ی ژنە نووسەری بەنگلادیشی تەسلیمە نەسرینە، کە لە ساڵە بەراییەکانی نەوەدەکاندا دەری کرد.

نەیارانی نـەسرین ناوبراویان تۆمەتبـار کرد بەوەی لە چـەند کـتـێـبێکیدا، لەوانە کـتـێـبی (بای سەرشێت)، کتێبی (ئەمار مـایبولا) یاخۆ (منداڵێتیم)، بەتایبەتتر لە رۆمانی (لاجا) یاخۆ (عار)دا، داوای پێـداچـوونەوەی قـورئانی کـردووە تا مـافی زیـاتر بە ئافـرەتـی مـوسـڵـمـان بـدرێ، هەروەها موسڵمانانی بە چەوساندنەوەی هیندۆسەکان تۆمـەتبار کردووە. بەو هۆیەوە و لەژێر پاڵەپەستۆی خۆپێشاندانـی نارەزایی و هـەڕەشـەی هێزە ئاینییەکاندا تەسلیمە نەسرین لە ١٩٩٤ەوە لە دەرەوەی بەنگلادیش دەژی.

لە ساڵی ٢٠٠٢دا دادگـەیەکی بەنگلادیشی سزای ساڵێک بەندکردنی بەسـەر تەسلیمـە نەسریندا سەپاند، ناوبراو خرایە بەندیخانەوە و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا، ئەویش بەربوونەکەی قۆستەوە و خۆی گەیاندە ئەوروپا.

حکوومـەتی بەنگلادیشی هـەرسێ کـتێبـەکـانی ناوبراوی قـەدەخـە کرد. تەسلیمـە رەتی کردەوە سووکایەتیی بە ئیسلام کردبێ.

سووکایەتیی بە ئیسلام کردبێ.

## رۆمانی (خوانێک بۆ گژوگیاکانی دەریا)ی حەیدەر حەیدەر

رۆمانی خوانێک بۆ گژوگیاکانی دەریا (ولیمە لاعشاب البحر)ی نووسەری سووری حەیدەر حەیدەر، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٢ لە بەیرووت دەرچووە و لەو کاتەدا هیچ هەرایەکی لێ نەکەوتەوە. بەڵام کاتێ لە ساڵی ١٩٩٢دا وەزارەتی رۆشنبیریی میسری کتێبەکەی چاپ کردەوە و بەدوای ئەوەیشدا دوکتۆر محەمەد عەباس وتارێکی رەخنەیی لەسەر کتێبەکە لە رۆژنامەی (الشعب)ی میسریدا لەسەر بڵاو کردەوە و ناوەرۆکەکەی شی کردەوە، بڵاوکردنەوەی کتێبەکە هەرایەکی گەورەی نایەوە و بە سووکایەتیکردن بە پیرۆزیی ئاین و زاتی ئیلاهی تۆمەتبار کرا و داوای کێشانەوە لە بازاڕ کرا، هەروەها مەجمەعی توێژینەوە ئیسلامییەکانی زانکۆی ئەزهەر وەڵامی دایەوە، لە کۆتاییدا وەزارەتی رۆشنبیری کتێبەکەی لە بازاڕ کێشایەوە.

پێشتریش چەند کتێبێک بەهۆی ناکۆکیی بۆچوونەکانیان لەگەڵ عەقڵی ئاینیی باودا کێشە و هەرایان ناوەتەوە، لەوانە کتێبی (الاسلام و اصول الحکم)ی شێخ عەلی عەبدولڕەزاق، کتێبی (فی الشعر الجاهلی)ی تەها حوسێن و رۆمانی (أولاد حارتنا)ی نەجیب مەحفووز.

## دوای ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١

لە دوای رووداوی ١١ی سێپتەمبەرەوە شاڵاوێک نووسین و چالاکی لە دژی پێغەمبەر و ئیسلام سەریان هەڵدا، بەتایبەت لە ئەوروپا و ئەمەریکا. لە دیارترین ئەو کتێبانەی دەرچوون کتێبی (پێغەمبەری وێرانە) Prophet Of Doom بوو لەلایەن (کریک ونن)ەوە، کە پێغەمبەری ئیسلام تۆمەتبار دەکات بەوەی توندوتیژی کردووەتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی رەها.

## فیلمی (ملکەچی)

لە ٢٠٠٤ دا ئەیان ماجان لەگەڵ فیلمسازی هۆڵەندی سیۆ ڤان کوخ هەستان بە نووسین و وێنەگرتنی فیلمی (ملکەچی) کە باس لەو (ستەم)انە دەکات کە بەبۆچوونی ئەوان لەنێو کولتووری ئیسلامیدا لە ئافرەت دەکرێ. فیلمەکە رەخنەی توندی لەلایەن موسڵمانەکانی هۆڵەنداوە لێ گیرا و بەهۆی ئەو فیلمەوە دەرهێنەری فیلمەکە (سیۆ ڤان کوخ) لە ٢ی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠٠٤دا لەلایەن (محەمەد بوێری) ناوێکەوە کوژرا.

## وێنە کاریکاتێرییەکانی رۆژنامە دانیمارکییەکە

لە ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥دا رۆژنامەی (یۆلاندس بۆستن)ی دانیمارکی ١٢ وێنەی کاریکاتێریی

پێغەمبەری ئیسلام محەمەدی کوڕی عەبدوولای بڵاو کردەوە و دوای کەمتر لە هەفتەیەک و لە ١٠ی یەنایەری ٢٠٠٦دا ڕۆژنامەکانی (مەگەزینێت)ی نەرویجی و (دی فیلت)ی ئەڵمانی و (فرانس سۆیەر)ی فرەنسی و چەندان ڕۆژنامەی تری ئەوروپی ئەو وێنە کاریکاتێرییانەیان بڵاو کردەوە.

ئەو کارە کاردانەوەی توندی لەسەر هەردوو ئاستی میللی و ڕەسمی لە دنیای ئیسلامیدا دروست کرد و بەو هۆیەوە گەورە نووسەری ڕۆژنامەی فرانس سۆیەر لەلایەن سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکەوە لە کارەکەی لابرا. لە دیمەشق لە ٤ی فێبرایەری ٢٠٠٦دا خۆپێشاندەران ئاگریان بەردایە ئەو تەلارەی هەردوو باڵوێزخانەی دانیمارک و نەرویجی تێدا بوو، لە ٥ی فێبرایەر کونسڵخانەی دانیمارک لە بەیرووت سووتێنرا.

## فیلمی (فیتنە)

لە ٣ی ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠٠٦دا خەیرەت فیلدرز /٤٤ ساڵ/ سەرۆکی حزبی ئازادیی ڕاستڕەوی هۆڵەندی فیلمێکی ١٥ خولەکیی بەناوی (فیتنە)وە دەرکرد و لە ٢٧ی ئادار/مارسی ٢٠٠٨ دا لە ئینتەرنێت بڵاوی کردەوە.

لەو فیلمەدا هەندێ لە ئایەتەکانی قورئان بە هەندێ لەو ڕووداوە توندوتیژییانەی هەندێ لە گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکان ئەنجامیان داوە بەستراونەتەوە، وەک پەلامارەکەی سەر هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانیی جیهانی لە نیویۆرک لە ١١ی ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠٠١دا، هەروەها بە هەندێ لە گوتارە ئاگرینەکانی هەندێ لە گوتاربێژە موسڵمانەکانەوە کە نزای شەڕ و فەوتان لە ناموسڵمانەکان دەکەن.

بەڵام ئەم فیلمە ئەو کاردانەوە گەورەیەی لێ نەکەوتەوە کە لە وێنە کاریکاتێرییەکان کەوتەوە و هەندێ لە باڵوێزانی موسڵمان گوتیان (فیلمەکە بەو خراپییەیش نییە).

پیتەر بالکانندا سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندی ڕای گەیاند حکوومەتەکەی ئەو جۆرە تەفسیرە بۆ ئیسلام ڕەت دەکاتەوە کە لە فیلمی (فیتنە)دا بۆ ئیسلام و پەیوەندیی ئەو ئاینە بە ئیرهابەوە کراوە.

بالکننادا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ٢٨ی ئادار /مارسی ٢٠٠٨ گوتی (ئەو فیلمە ئیسلام یەکسان دەکات بە توندوتیژی، ئێمە ئەو ڕاڤەیە ڕەت دەکەینەوە).

هەروەها گوتی (ئەو فیلمە خزمەتی هیچ ئامانجێک ناکات جگە لە خراپ مامەڵەکردن، بەڵام نابێ هەستکردن بە سووکایەتی بکرێتە بیانوو بۆ ئەنجامدانی دەستدرێژی و هەڕەشەکردن).

هەروەها کویشیرۆ مانسورا سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یۆنسکۆ) ڕەخنەی لە بڵاوکردنەوەی فیلمی (فیتنە) گرت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت و لە بەیاننامەیەکدا ڕای گەیاند (هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەم جۆرە گوزارشتکردنە لە ڕق

و هاندان بۆ توندوتیژی). هەروەها داوای لە شوێنکەوتوانی ئاین و کولتووره جیاوازەکان کرد خۆ لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە دوور بگرن.

## موسڵمانان و قبووڵکردنی مامەڵەی هاوشێوه

دوای ئەو هەرایەی لەسەر وێنە کاریکاتێرییەکان دروست بوو، ماڵپەڕێکی قیبتییەکانی میسر نووسیویەتی (موسڵمانان بەو جۆرە کاردانەوەیەیان جیهان بەرەو شەڕێکی خاچپەرستانەی نوێ پاڵ دەنێن، چونکە ئەوان لە کاتێکدا لە رۆئاوای مەسیحیدا مافی ئازادیی دەبڕینیان بۆ دەستەبەر کراوە، کەچی ئامادە نین هەمان ماف بە بەرامبەرەکانیان بدەن، بەوەیش دەمارگیریی ئاینیی مەسیحییەکانیش دەبزوێنن).

هەروەها نووسیویەتی (شتێکی بێعەقڵانەیە موسڵمانان داوای پۆزش هێنانەوە لە دانیمارکییەکان بکەن لە کاتێکدا خۆیان ئاڵاکانی وڵاتەکە دەسووتێنن کە وێنەی خاچی لەسەرە، لە عێراق شیعەکان بەپێڵاوەکانیان لەسەر ئاڵای دانیمارک وەستان، بەوەی لە رووی سیاسییەوە سووکایەتی بە دەوڵەتی دانیمارک دەکەن، هەروەها سووکایەتی بە ئاینی مەسیحییەت و هەموو مەسیحییەکانی دنیا دەکەن، کە هیچ پێوەندییەکیان بە دانیمارکەوە نییە، ئەویش لە رێی سووتاندنی ئاڵایەکەوە کە وێنەی خاچی لەسەر کێشراوە).

لە ٨ی فێبرایەری ٢٠٠٦دا ئاژانسی دەنگوباسی عەرەبی بڵاوی کردەوە کە یەکێک لە وەزیرە ئیتاڵییەکانی سەر بە حزبی رابیتەی باکوری دژ بیانییەکان داوای کردووە هێز لە دژی موسڵمانەکان بەکار بێ و بۆ ئەوە داوای دەستوەردانی پاپا بنیدکتی شازدەیەمی کردووە، وەک لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکاندا کراوە.

رۆبەرتۆ کالدیرۆلی وەزیی ریفۆرمە دەستوورییەکان بە رۆژنامەی (لاریبۆبلیکا)ی راگەیاند کە دۆخەکە مەترسیدارە. رقێکی شێتانە لەلایەن گەلە موسڵمانەکانەوە هەیە و کاتی ئەوە هاتووە دژە رێوشوێن لە دژیان بگیرێتە بەر، چونکە ئەوانە بەهێز نەبێ راناوەستن. پێویستە هاوشێوەی پاپاکان لە هەردوو سەدەی شازدە و حەڤدەمدا پاپا بێتە سەر خەت. هەروەها گوتی لە کاتی هەردوو شەڕی ڤیەننا و لیبانتی (دژ بە تورکەکان لە هەردوو ساڵی ١٦٨٣ و ١٥٧١دا) پاپاکان جێی حکوومەتەکانیان گرتەوە و هاوپەیمانیی گەورەیان بۆ بەرگرتن بە (مەترسیی ئیسلامی) پێک هێنا. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ پێویستە پاپا بنیدکتی شازدەیەم ئاڵای مەسیحییەت بەرامبەر هەڕەشەی ئیسلام بەرز بکاتەوە، گوتی: بەڵێ و زۆر بەپەلەیش.

لای خۆیەوە مۆنسینیۆر جوفانی لاجولو وەزیری دەرەوەی ڤاتیکان گوتی (ئەو وڵاتە رۆئاواییانەی ئازادیی بیروباوەڕ و دەربڕین بۆ هەمووان دەستەبەر دەکەن، پێویستە داوا لە دەوڵەتە ئیسلامییەکان بکەن ئەوانیش بەهەمان شێوە ئازادیی بیروباوەڕ و دەربڕین بۆ هەموو لا دەستەبەر بکەن).

هەروەها مۆنسینیۆر فیلاسیۆ دی پاولیس سکرتێری دادگەی باڵای ڤاتیکان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (ستامبا) بە توندی رەخنەی لە کاردانەوەی ئەوروپاییەکان لە ئاست خۆپێشاندانە توورەکانی دنیای ئیسلامی گرت کە بەهۆی وێنە کاریکاتێرییەکانەوە ئەنجام دران و گوتی (ئەگەر لێبووردەیی مەسیحی واتای خۆفەرامۆشکردن بێ، ئەوە مەترسیی هەیە). هەروەها گوتی (بەرگری لەخۆکردن پێویستە، راستی بە زەبری هێز ناسەپێ، بەڵام ئەگەر رێزگرتنی ئەویدی واتای خۆفەرامۆشکردن بێ، ئەوە ئیتر هیچ واتایەک بۆ گفتوگۆ نامێنێتەوە).

هەروەها جەختی لەوە کرد کە دنیای ئیسلام تا ئەو رادەیە داخراوە کە لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا قبووڵی مامەڵەکردنی هاوشێوە ناکات و هەر کاتێ کڵێسا باسی خۆی بکا دەستبەجێ بە تەبشیر تۆمەتبار دەکرێ. هەروەها گوتی (مەترسییەکە لەوەدایە موسڵمانەکان تەنیا ئەو کاتە داوای گفتوگۆ دەکەن کە کەمینە بن).

ڤاتیکانیش داوای لە سەرکردە ئەوروپاییەکان کرد لە کاتی سەردان و وتوێژەکانیاندا لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەرگری لە ئازادیی بیروباوەڕ بکەن.

## قەشە تێری جۆنز و رۆژی سووتاندنی قورئان

لە درێژایی کاردانەوەکانی رۆئاواییەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١دا کە رێکخراوی قاعیدە بەسەرۆکایەتیی ئوسامە بن لادن بەرپرسیارێتیی ئەنجامدانی گرتە ئەستۆ، ماوەیەک بەر لە نۆیەمین ساڵەوەگەڕی هێرشەکان لە ساڵی ٢٠١٠دا، قەشەیەکی ئەمەریکایی بەناوی تێری جۆنز لە ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکا داوای کرد رۆژی ١١ی سێپتەمبەر بکرێتە رۆژی جیهانیی سووتاندنی قورئان و لای خۆیشییەوە سوور بوو لەسەر ئەوەی لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٠دا دانەیەک لە قورئان بسووتێنێ.

جۆنز لە لێدوانەکانیدا ئاماژەی بەوە دا کە پاڵنەری ئەو بڕیارەی بریندارکردنی هەستی موسڵمانان نییە، بگرە پەرچەکردارێکە بۆ کارەکانی (ئیسلامی توندڕۆ) تا بەو کارە پێیان بڵێن (ئەگەر ئێوە سووکایەتی بە کتێبی پیرۆز و ئاڵای وڵاتەکانی ئێمە دەکەن، ئێمەیش دەتوانین ئەزیەتی ئێوە بدەین و سووکایەتی بە ئاینەکەتان بکەین).

بڕیارەکەی تێری جۆنز لەلایەن ڤاتیکان و دەسەڵاتدارانی ئەمەریکاوە رەخنەی لێ گیرا و بە مەترسی بۆ سەر گیانی سەربازانی ئەمەریکایی لە عێراق و ئەفغانستان دانرا، بۆیە ناچار کرا بڕیارەکەی جێبەجێ نەکات. دەنگۆی ئەوەیش بڵاو بووەوە کە جۆنز بەو مەرجە لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەتەوە کە موسڵمانەکانیش دەستبەرداری داواکاریی دروستکردنی مزگەوتێک لە جێی دوو تاوەرە رووخاوەکەدا بن، کە لە هەمان سەروبەنددا مشتومڕێکی زۆری نایەوە و ئەگەرچی لە راپرسییەکدا زۆرینەی خەڵکی نیویۆرک دژ بە دروستکردنی مزگەوتەکە بوون لەو جێیەدا، بەڵام باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا جەختی لەوە کرد کە موسڵمانەکان وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی

ئەمەریکایی مافی دروستکردنی ئەو مزگەوتەیان هەیە.

بەڵام دوای نزیکەی شەش مانگ لەو وادەیە و لە ئادار/مارسی ئەمساڵدا (٢٠١١) تێری جۆنز بڕیارەکەی جێبەجێ کرد و لە کڵێسایەکی ویلایەتی فلۆریدادا قورئانێکی سووتاند، ئەوەیش کاردانەوەی توندی لە هەندێ وڵاتی ئیسلامی لێ کەوتەوە، بەتایبەت لە ئەفغانستان کە لە خۆپێشاندانێکی نارەزاییدا لە شاری قەندەهار، زیاتر لە ١٠ کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان کوژران و باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا سەرکۆنەی کارەکەی قەشە جۆنز و پەلامارەکەی خۆپێشاندەرانی ئەفغانی کرد.

## (رەخنە) و (سووکایەتییەکان) لە کوردستان

کوردستانیش خاڵی نەبووە لەو کتێب و بەرهەمە هونەری و ئەدەبییانەی کە لەلایەن ناوەندە ئاینییەکەوە بە بەزاندنی هێڵە سوورەکانی ئاین و سیمبوڵە ئاینییەکان تۆمەتبار کراون و لەو رووەوە رەخنەیان لێ گیراوە.

رەنگە دێرینترین مادەی لەو شێوە کتێبی (ئادەمیزاد لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا)ی عەبدولخالق مەعرووف بێ، کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دەری کرد و تۆمەتی رەخنەگرتن لە (ئیسلام)ی درایە پاڵ بەتایبەت لە پرسی مافەکانی ئافرەتدا، دواتر نووسەر لە رووداوێکی تەمومژاویدا تیرۆر کرا و زۆر کەس هۆکاری کوشتنەکەی بۆ نووسینی ئەو کتێبە دەگێڕنەوە و هێزە ئاینییەکانی تێدا تۆمەتبار دەکەن، ئەگەرچی تا ئێستە ئەو تۆمەتە بەبەڵگە ساغ نەبووەتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٩دا مستەفا سەید عەلی ناوێک لە قەڵادزێ ئیدیعای ئەوەی کرد ئەو هەمان ئەو محەمەدی مەهدییەیە کە لە حەدیسدا پێشبینی هاتنی کراوە لە ئاخرزەماندا و زۆر کەسیش باوەڕیان پێ کردبوو، دواتر کتێبێکی بەناوی (کلمات الله) بڵاو کردەوە، تێیدا جگە لە هێنانەوەی بەڵگەکانی لەسەر راستیی بانگەشەکەی، هاوکات کۆمەڵێ دەقیشی بڵاو کردەوە کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەوانە ئایەتن و لە کاتی جیاوازدا لەلایەن خواوە بە وەحی بۆی هاتوون.

بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە هەرایەکی لەنێو ناوەندە ئاینییەکە و مەلاکاندا دروست کرد، بەتایبەت کە کتێبەکە لەلایەن چاپخانەی زانکۆوە چاپ کرابوو (خۆم ئامادەی وتارێکی هەینی بووم لە دژی چاپکردنی ئەو کتێبە). زۆری نەبرد ناوبراو لە رووداوێکی تەمومژاویدا تیرۆر کرا و بانگەوازەکەی ناوی نەما.

هەر لە ناوەڕاست و نیوەی دووەمی نەوەدەکاندا، ژمارەیەک بڵاوکراوە بەتۆمەتی (سووکایەتیکردن بە ئاین و پیرۆزییەکان) داخران، لەوانە رۆژنامەی (بۆ پێشەوە)ی پارتی کۆمۆنیستیی کرێکاریی عێراق و کۆواری لێکۆڵینەوەی (نقار) کە لە سلێمانی دەردەچوو.

لە سەدەی نوێیشدا، واتە دوو هەزارەکان، چەند کتێبێک بە تۆمەتی (سووکایەتیکردن بە

پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام) بە توندی رەخنەیان لێ گیرا، لەوانە کتێبی (خوێننامە)ی سەردەشت ناوێک، کتێبی (سێکس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا)ی مەریوان هەڵەبجەیی و بەرگی یەکەمی کتێبی (الکرد فی التاریخ)ی د. جەمال رەشید، کە بڵاوبوونەوەی ئەم دوو کتێبەی دوایی هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانی دانیمارک، هەر بۆیە لەو خۆپیشاندانانەی لە هەولێر و سلێمانی دژ بە وێنە کاریکاتێرییەکان ئەنجام دران وێنەی ئەو دوو کتێبەیش وەک بەشێک لە هەڵمەتەکانی سەر پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) بەرز دەکرانەوە و سەرکۆنە دەکران.

ساڵی ٢٠١٠ ساڵی هەرا و کێشەی نێوان زانایانی ئاینی و ژمارەیەک لە نووسەر و بڵاوکراوەکان بوو لەسەر هەندێ لەو بابەتانەی بڵاو دەکرانەوە و زانایانی ئاینی بە سووکایەتییان دادەنان بە پیرۆزییەکانی ئاینی ئیسلام و موسڵمانان و کۆی ئاینە ئاسمانییەکان، ئەو هەرایە لە چەند مانگی رابردوودا پەرەسەندنێکی جۆرایەتی بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەک بەرپرسانی باڵای هەرێم و حزبەکانیش هاتوونەتە سەر خەت.

لە مانگی شوباتدا کۆواری (خەڵک)، کە سەردەشت حەمە ساڵح، سەرنووسەری ماڵپەری چاودێر، بەشێک لە کتێبی (ئایەتە شەیتانییەکان)ی سەلمان روشدی بە کوردی بڵاو کردەوە، ئەوەیش نارەزاییی توندی ئێران و ناوەندی ئیسلامیی کوردستانی لێ کەوتەوە.

لە ئەنجامدا مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەکەتی لە روونکردنەوەیەکدا لە ٢٨ی شوباتدا رای گەیاند ئەو کۆوارە هیچ پەیوەندییەکی بەو حزبەوە نییە، دواتریش لە ١ی ئادار/مارسی هەمان ساڵدا سەرنووسەری "خەڵک" لە روونکردنەوەیەکدا رای گەیاند بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە (هەڵە)یەک بووە بەسەریاندا تێپەڕیوە و داوای (لێبووردن)ی لە خوێنەران کرد.

لە سەرەتاکانی ساڵدا بوو زانایانی دهۆک لە دژی بڵاوکردنەوەی شیعرێک لە رۆژنامەی (چاڤدێر)دا سکاڵایان لەسەر شاعیرەکە و سەرنووسەری رۆژنامەکە تۆمار کرد.

لە نیسان و ئایاری ٢٠١٠دا دوای بڵاوبوونەوەی چەند بابەتێکی ئیرۆتیکی لە ژمارەیەکی کۆواری (وێران)دا، کە فەرهاد پیربال سەرنووسیاری و لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)ەوە دەردەچوو، لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان و یەکەتیی زانایان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە کۆوارەکە هاتنە دەنگ و سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف لە دادگەی هەولێر سکاڵای لە دژی سەرنووسیاری کۆواری ناوبراو تۆمار کرد.

ئەو بابەتەیش مشتومڕێکی گەورەی لە نێوان هەوادارانی هەردوو لا لە میدیاکاندا دروست کرد و دەیان وتاری دژ بە یەک بڵاو کرانەوە، بەتایبەت لە ماڵپەری (کوردستان نێت)دا کە بەبێ سانسۆر وتارەکانی هەردوو لای بڵاو دەکردەوە.

دواتر و لە ١٩ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ٢٠١٠دا دادگە فەرهاد پیربالی بە غەرامەکردنی ٥ ملیۆن دیناری عێراقی و ٦ مانگ گرتن (لەگەڵ جێبەجێنەکردنی سزای گرتنەکە) سزا دا و بەو هۆیەوە پیربال نامەیەکی درێژی بۆ مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێم نارد و داوای کرد کار بۆ

وەستانی کارکردن بە یاسای ژمارە (٤٠٣)ی یاسای سزادانی عێراقی بکا و لە دادگەکاندا تایبەتمەندیی بە سکاڵاکانی دژ بە بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکان بدرێ.

لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ٢٠١٠دا یەکەتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان بەیاننامەیەکی لەدژی هەفتەنامەی (چاودێر) بڵاو کردەوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی تەعبیریی رووداوی ئیسرا و میعراج لەگەڵ بابەتێکی "سەروەر پێنجوێنی"دا لەبارەی ئیسرا و میعراجەوە، کە زانایان ئەو کارەیان بە سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر لەقەڵەم دا.

لە ١٠ی تشرینی دووەم/نۆڤێمبەری ٢٠١٠ یەکەتیی زانایانی ئاینی ڕای گەیاند بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە سەرجەم ئاینەکانی کوردستان لە ژمارە (٦٧٣)ی رۆژنامەکەدا، سکاڵایەکی لەسەر رۆژنامەی (هاوڵاتی) تۆمار کردووە.

دوای پەلامارەکەی کەنیسەی نەجات لە بەغدا لە ٣١ ئۆکتۆبەری رابردوودا، بەدران ئەحمەد حەبیب لە رۆژنامەی (بزاو) وتارێکی بەناونیشانی (ئیسلام رسوامان دەکات) بڵاو کردەوە. لە ٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠دا یەکێتیی زانایان بەیاننامەیەکیان لە دژی وتارەکە دەرکرد.

لە ٢٣ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ٢٠١٠یشدا (عارف قوربانی) سەرنووسەری رۆژنامەی (ئاسۆ)، داوای لێبووردنی کرد لە بڵاوکردنەوەی شیعرێکی (حەمە کاکەڕەش) لە پاشکۆی ئەدەبی رۆژنامەکەدا لە رۆژی پێشتردا، کە وەزارەتی ئەوقاف و یەکەتیی زانایان شیعرەکەیان بە سووکایەتیکردن بە بەها ئاینییەکان لە قەڵەم دابوو.

دواترینی ئەو هەرایانە ئەو هەرایەیە شیعرێکی نێو دیوانە شیعری (ستیانی بەفر پڕ لە ڕیشۆڵە) بەناوی (خوا دەیەوێ پشوو بدات)، کە لە سەرەتاکانی کانوونی دووەم/یەنایەری رابردوودا لە دەزگای ئاراس چاپ کراوە، دروست بووە، کە بەشێکی زۆر لە مەلاکانی کوردستان، لە پێشیانەوە مەلا مەسعوود کانی کوردەیی وتارخوێنی مزگەوتی (محەمەد فەوزی) قسەیان لەسەر کرد و تا ئێستەیش کۆتای پێ نەهاتووە.

کێشەی دیوانەکەی قوبادی جەلیزادە هاوکات بوو لەگەڵ کێشەیەکی تر لە نێوان مەلاکان و رۆشنبیرانی سیکیولار و هەندێ لە رێکخراوە (فیمینیست)ەکانی ئافرەتاندا لە کوردستان لە کانوونی یەکەم/دیسەمبەری رابردوودا، ئەویش دوای ئەوەی بەکارهێنانی وشەی (جێندەر) لە پرۆژەیاسایەکی وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا مشتومڕێکی گەورەی لە نێوەندی ئاینی و رۆژنامەوانیی کوردستاندا نایەوە، کاتێ مەلاکان ئەو زاراوەیەیان بە هاوواتای (هاورەگەزبازی) لە قەڵەم دا.

بەدوای ئەوەیشدا مەلا فەرمان خەرابەیی نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە بەناونیشانی (راستییەکی ونبوو)، کە رێکخراوە (فیمینیست)ەکانی ئافرەتانی بە "تێکدانی رەوشت"ی کۆمەڵگەی کوردەواری و (هاندانی تەڵاق و خۆسووتاندن و نانەوەی کێشەی خێزانی) تۆمەتبار کرد، ئەوەیش کاردانەوەی توندی رێکخراوەکانی لێ کەوتەوە و لە دادگە سکاڵایان لە دژی تۆمار کرد.

هەرای (جێندەر) و ناميلكەی (راستييەكی ونبوو) لەگەڵ هەرای ديوانە شيعرييەكەی قوبادی جەليزادە تێكەڵ بوون و هەراكەی قووڵتر كردەوە.

جەليزادە لە لێدوانێكيدا بۆ (ئاكانيوز) رەتی كردەوە (سووكايەتی) بە خوا كردبێ و گوتی (من لەو شيعرەدا وتوومە خوا لە مرۆڤەكان بێزار بووە بەهۆی خراپە و كوشتن و توندوتيژييانەوە، خوا دەيەوێ پشوويەك بدات، ئەم وشەی (پشوو)ەم لە تەوراتەوە هێناوە، كە يەكێكە لە كتێبە ئاسمانييەكان و دەڵێت دوای ئەوەی خوا زەوی و ئاسمانەكانی بە شەش شەو و رۆژ درووست كرد، خوا پشوويەكی دا).

بەمەبەستی هێوركردنەوەی دۆخەكە لە ٩ی يەنايەردا مەسعوود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەئامادەبوونی ژمارەيەك لە گەورە بەرپرسانی حكوومەت و پەرلەمانی كوردستان و وەزارەتە پێوەنديدارەكان كۆبوونەوەيەكی لەگەڵ سەرۆك و جێگری سەرۆكی يەكەتيی زانايانی ئاينی و نەقيبی سەنديكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ساز دا.

سەرۆكی هەرێم لە كۆبوونەوەكەدا گوتی "ئێمە دژی تەشهيركردنی بە ئاين، ئاين شتێكی پيرۆزە و دەبێ هەموو كەس رێزی لێ بگرێ و ئەو كەسەی تەشهير بە ئاين دەكات پێويستە سزا بدرێ، ئەمەش نەك هەر بۆ ئاينی ئيسلام، بەڵكو بۆ ئاينەكانی تريشە"

هەروەها داوای لە زانايانی ئاينی كرد بۆچوونی خۆيان بەسەر كەسانی تردا نەسەپێنن و لەخۆوە فتوا نەدەن.

دواتر يەكەتيی زانايان و لێژنەی ئەوقافی پەرلەمان و دەزگای ئاراس لەسەر ئەوە رێك كەوتن كتێبەكەی جەليزادە لە بازاڕ بكێشرێتەوە.

## ئەو كتێب و نووسەرانەی دنيای عەرەبی كە هەرايان ناوەتەوە

لە سەدەی بيستەمدا ژمارەيەك كتێب بەتۆمەتی بەزاندنی هێڵی سوور لەلايەن ناوەندە ئاينييە ئيسلامييەكانەوە سەركۆنە كراون و بە بێڕێزيكردن بەرامبەر بە ئيسلام و سيمبوڵ و ياسا و رێنوێنييەكانی تۆمەتبار كراون و هەندێ جار گەيشتووەتە رادەی بەكافردانانی نووسەرەكە و دەرچوونی لە بازنەی ئيسلامەتی، كە ئەوەيش هەندێ جار لە حەلاڵكردنی خوێنيان ياخۆ جياكردنەوەيان لە هاوسەرەكانيان، يان بەلايەنی كەمەوە شێواندنی كەسايەتيی ئەو نووسەرانە لە ناوەندە كۆمەلايەتييەكەدا و هەندێ جار لە قەدەخەكردنی كتێبەكانياندا بەرجەستە بووە.

ماڵپەڕێكی ئينتەرنێت ناوی ١٣١ كتێبی بڵاو كردووەتەوە كە بڵاوكردنەوە و دەستاودەستكردنيان لە وڵاتە عەرەبييەكاندا قەدەخەيە، لەوانە ژمارەيەك لە كتێبەكانی نەسر حامد ئەبوزەيد، عەبدووڵا ئەقەسيمی، نەجيب مەحفووز، فەرەج فۆدە، فاتيمە دنيامەرنيسی، تەسليمە نەسرين، سەلمان روشدی، نەوال سەعداوی، خەليل عەبدولكەريم، ئەلساديق ئەلنيهۆم و حەيدەر حەيدەريان تێدايە.

دیاره هەموو ئەو کتێبانە لەسەر (سووکایەتیکردن) بە ئاین تابۆیان نەخراوەتە سەر، بەڵکو هەندێکیان زیاتر هەڵگری پەیامێکی تایبەتیی سیاسی یان فیکرین کە بە سیاسەت و فیکری باو نامۆ بوون.

ئەو نووسەرانەی هەلا لەسەر کتێبەکانیان بەرپا کراوە، هەندێکیان لە دەستەبژێری سیکیولاری کۆمەڵگە بوون، وەک تەها حوسێن، نەجیب مەحفووز، سادق جەلال ئەلعەزم، فەرەج فۆدە، نەسر حامد ئەبوزەید، محەمەد شەحرور و حەیدەر حەیدەر و چەندانی تر. بەڵام هەندێکیان کوڕی ناوەندە ئاینییەکەیش بوون، وەک شێخ عەلی عەبدورەزاق دانەری کتێبی (الاسلام و اصول الحکم) کە خۆی زانایەکی ئەزهەر بووە، هەروەها وەک مستەفا مەحموود، عەبدولسەبور شاهین، حەسەن تورابی، جەمال بەننا و ئەحمەد سوبحی مەنسوور، کە ئەمانە لە کەسایەتییە فیکری و زانستییە دیارەکانی ناوەندە ئیسلامییەکە بوون، کە بەهۆی هەندێ لە بۆچوونەکانیانەوە لەلایەن ناوەندە خانەخوێ کلاسیکەکەوە تۆمەتی شێواندنی ئاینیان دراوەتە پاڵ و سەرکۆنە کراون.

## نووسەرە عەلمانییەکان

### تەها حوسێن (١٨٨٩-١٩٧٣)

تەها حوسێن لە ساڵی ١٩٢٦دا کتێبی (فی الشعر الجاهلی) دەرکرد، بەو هۆیەوە لە ئایار/مایۆی هەمان ساڵدا دوای سکاڵای قوتابییەکی ئەزهەر کە نووسەری بە نکولیکردن لە راستیی هەندێ لە رووداوە مێژووییەکانی ناو قورئان و بەدرۆخستنەوەی قورئان تۆمەتبار کرد و ئەزهەریش لەوەدا پشتگیریی سکاڵاکاری کرد، دادگەیی کرا، بەڵام دواتر لە ٣٠ی ئادار/مارسی ١٩٢٧دا دادگە بەبێتاوان دەری کرد بەپاساوی ئەوەی (مەبەستی تاوانکارانە) لە کارەکەدا نەبووە.

### نەجیب مەحفووز (١٩١١-٢٠٠٦)

کوڕانی گەڕەکەکەمان (أولاد حارتنا) رۆمانێکە لە نووسینی نەجیب مەحفووز، ئەو تاکە نووسەرە عەرەبەی توانی لە ساڵی ١٩٨٨دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات وەربگرێ. یەکێکە لە رۆمانە بەناوبانگەکانی کە لە کاتی بەخشینی خەڵاتەکەدا ئاماژەی پێ دراوە. ئەو رۆمانە هەر لەو کاتەی بۆ یەکەم جار رۆژانە لە رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری بە زنجیرە بڵاو کرایەوە هەرایەکی بەرفراوانی نایەوە. کتێبەکە یەکەم جار لە (دار الاداب) لە بەیرووت لە ساڵی ١٩٦٢ چاپ کراوە و تا کۆتاییەکانی ٢٠٠٦ لە میسر بڵاو نەکرایەوە.

هەر لەو کاتەی لە رۆژنامەی ناوبراودا بڵاو کرایەوە لەلایەن شێخەکانی زانکۆی ئەزهەرەوە بەتوندی هێرشی کرایە سەر و داوای راگرتنیان کرد، بەڵام محەمەد حەسەنێن هەیکەل کە ئەو کاتە سەرنووسەری (الاهرام) بوو ئەو داوایەی رەت کردەوە و تەواوی رۆمانەکەی بە زنجیرە بڵاو کردەوە، بەڵام لە میسر وەک کتێب بڵاو نەکرایەوە. سەرەنجام مەحفووز و حەسەن سەبری خولی،

نوێنەری تایبەتی جەمال عەبدولناسر، ڕێک کەوتن بەبێ مۆڵەتی ئەزهەر بڵاو نەکرێتەوە. بۆیە لە لبنان چاپ کرا بەڵام ڕێی پێ نەدرا بە ئاشکرا بێتە ناو میسر.

مەحفووز بەهۆی ئەو ڕۆمانەوە کافر کرا و تۆمەتی ئیلحاد و زەندەقەی درایە پاڵ. هەندێ لە زانایانی ئاینیی میسری، هەمان حوکمی هەڵگەڕانەوەی سەلمان روشدی خاوەنی کتێبی (ئایات شەیتانی)یان بۆ نەجیب مەحفووزی دانەری (أولاد حارتنا) داناوە بە دوور نازانرێ ئەو فتوایە کاریگەریی هەبووبێ لەسەر هەوڵی کوشتنی مەحفووز بە چەقۆ لەلایەن لاوێکەوە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٤دا.

ڕەخنەی مەلاکان لە ڕۆمانەکە لەو ڕووەوەیە کە کارەکتەری خوای لە کەسایەتی جەبلاویدا بەرجەستە کردووە، ئەمە جگە لە کەسایەتییەکانی پێغەمبەران ئادەم و ئیدریس و پێغەمبەری ئیسلام و هەندێ لە هاوەڵەکانی.

لە ڕۆمانەکانی: عبث الأقدار/ رادوبيس (١٩٤٣)/ كفاح طيبه (١٩٤٤)/ القاهره الجديده (١٩٤٥)/ خان الخليلى (١٩٤٦)/ زقاق المدق (١٩٤٧)/ السراب (١٩٤٨)/ الطريق (١٩٦٤)/ الشحاذ (١٩٦٥)/ أولاد حارتنا/ يوم مقتل الزعيم (١٩٨٥).

فەرەج فۆدە (١٩٤٥- ١٩٩٢)

نووسەر و بیرمەندێکی عەلمانیی میسرییە. داوای جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت لە یەکتر دەکرد. بۆچوونەکانی فۆدە جێی مشتومڕ بوو لەنێوان ڕۆشنبیران و بیرمەندان و پیاوانی ئاینیدا. لە ساڵی ١٩٩٢دا بەرەی زانایانی ئەزهەر لە بەیاننامەیەکیدا لە ڕۆژنامەی (النور)دا حوکمی کافرکردنی ناوبراوی دەرکرد. لە کتێبەکانی (الحقيقه الغائبه، زواج المتعه، نكون أو لا نكون، النذير، الإرهاب، حوار حول العلمانيه، قبل السقوط). لە ٨ی حوزەیرانی/یۆنیۆی ١٩٩٢دا لە بەردەم نووسینگەکەی خۆیدا لە قاهیرە تیرۆر کرا. توانرا بکوژەکەی دەستگیر بکرێ و لە بەردەم دادگەدا ڕای گەیاند بۆیە فۆدەی کوشتووە چونکە کافر بووە. کاتێ لێی دەپرسن: لە کام کتێبیدا زانیت کافرە؟ وەڵامی دایەوە کە کتێبەکانی نەخوێندووەتەوە، چونکە ئەو (نەخوێندەوار)ە.

نەسر حامد ئەبوزید (١٩٤٣ - ٢٠١٠)

بیرمەند و ئەکادیمییەکی میسرییە، پسپۆڕی توێژینەوە ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی و زانستە مرۆڤایەتییەکان بوو.

لە ناوەڕاستەکانی نەوەدەکاندا کتێبەکانی هەرا و مشتومڕێکی ئیعلامیی گەورەیان نایەوە، بە ئیلحاد و هەڵگەڕانەوە لە ئاین تۆمەتبار کرا و بەو هۆیەوە بەپێی یاسای حیسبە لە یاسای باری کەسایەتی بەپێی مەزهەبی ئیمامی حەنەفی، کە لە میسر کاری پێ دەکرێ، دادگە بە زۆر خێزانەکەی (د. ئیبتیهال یونس) خێزانی لێ جیا کردەوە بەو پاساوەی (ناکرێ ئافرەتی موسڵمان مێرد بە ناموسڵمان بکات). دواتر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا چوونە هەندەران و لە هۆڵەندا گیرسانەوە.

له ٢٠١٠دا بەهۆی ڤایرۆسێکی نامۆوە گیانی لەدەست دا.

له کتێبەکانی: الاتجاه العقلی فی التفسیر/ فلسفه التأویل/ نقد الخطاب الدینی/ النص السلطه الحقیقه/ التفکیر فی زمن التکفیر.

محەمەد شەحرور (١٩٣٨-)

بیرمەند و ئەندازیارە لە زانکۆی دیمەشق. لە ساڵی ١٩٩٠ کتێبی (الکتاب و القرآن)ی دەرکرد کە تێیدا هەندێ لە تەکنیکە زمانەوانییەکان لە راڤەکردنی ئایەتەکانی قورئاندا بەکار دێنێ و واتای نوێ و ناباو بە چەمک و ئایەتەکانی قورئان دەدات، لەوانە واتاکانی (کتاب، قلم، حجاب، نساء، طاعه الرسول و... هتد). ئەوەیش مشتومڕێکی گەورەی نایەوە و چەندان کتێب و لێکۆڵینەوە بۆ ڕەتدانەوەی دەرچوون.

له کتێبەکانی

الکتاب والقرآن _ قراءه معاصره ١٩٩٠.

دراسات إسلامیه معاصره فی الدوله والمجتمع ١٩٩٤.

الإسلام والإیمان _ منظومه القیم ١٩٩٦.

القصص القرآنی _ قراءه معاصره -المجلد الأول: مدخل إلیٰ القصص وقصه آدم ٢٠١٠.

## نووسەرە ئاینییەکان

شێخ عەلی عەبدولرازق (١٨٨٨-١٩٦٦)

یەکێک بوو لە زانا ئاینییەکانی میسر و بڕوانامەی پلەی جیهانیەتی (العالمیه)ی لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرت. لە ساڵی ١٩٢٥دا و لە سەروبەندی رووخانی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانیدا کتێبی ئیسلام و بنەمانی حوکم (الاسلام و اصول الحکم)ی دەرکرد، کە تێیدا بانگەشە بۆ جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت دەکات و هەوڵ دەدات بە پشتبەستن بە خوێندنەوەیەکی تایبەتی خۆی بۆ دەقە دامەزرێنەرەکانی ئاینی ئیسلام بیسەلمێنێ کە خەلافەت و دەوڵەتداریکردن بەشێک نین لە ئەرک و ئامانجەکانی ئیسلام.

ئەم کتێبە هەرایەکی گەورەی لە ناوەندە زانستییە ئاینییەکەی ئەو کاتەدا نایەوە و ئەزهەر بەڕەسمی لە کتێبێکدا بەناونیشانی (نقد کتاب الاسلام واصول الحکم) وەڵامی شێخ عەبدوڕەزاقی دایەوە و شاڵاوێکی گەورەی کردە سەری تەنانەت بڕوانامەی عالەمییەتەکەیشی لێ کێشایەوە.

هەندێ لە توێژەرانی ئیسلامیی هاوچەرخ سڵ ناکەنەوە لەوەی بڵێن ئەو کتێبە شێخ عەلی عەبدولرازق نەینووسیوە، بگرە نووسەرێکی رۆژئاوایی نووسیویەتی و بەپێی رێکەوتنێک دراوەتە پاڵ ئەو زانایەی ئەزهەر، ئەویش تا قبووڵکردنی بیرۆکەکانی لای خەڵکە موسڵمانەکە ئاسانتر بێ،

بەڵگەیشیان ئەوەیە پێشتر نووسەر ئەو جۆرە بۆچوونەی لەبارەی خەلافەتەوە نەبووە و تەنانەت پاش دەرچوونی ئەو کتێبەیش هەندێ بەرهەمی هەن کە تێیاندا هەمان بۆچوونە کلاسیکییەکەی ناوەندە ئاینییەکەی هەیە.

مستەفا مەحموود (١٩٢١-٢٠٠٩)

یەکێکە لە زانا و بیرمەندە ئیسلامییەکانی میسر. لە سەردەمی جەمال عەبدولناسردا لەسەر کتێبی (الله والانسان) بەتۆمەتی کافربوون لەلایەن ئەزهەرەوە درایە دادگە، بەڵام دادگە تەنیا بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی کتێبەکەی دەرکرد. دواتر ئەنوەر سادات هات و پێی راگەیاند کە موعجیبە بە کتێبەکە و جارێکی تر چاپی کردەوە.

دووەم تەنگژە کە بەهۆی نووسینەکانیەوە تووشی بوو، ئەو هەرایە بوو کە بەهۆی کتێبی (الشفاعە)وە لە دژی بەرپا کرا. لەو کتێبەدا نووسەر جەختی لەوە کرد شەفاعەتی راستەقینە ئەوە نییە کە زانایانی حەدیس باسی دەکەن. بەو هۆیەوە بەتوندی هێرشی کرایە سەر و تەکفیر کرا و ١٤ کتێب لە دژی دەرکرا، لە سەروویانەوە کتێبێکی د. محەمەد فوئاد شاکر مامۆستای شەریعەتی ئیسلامی بوو، کە مەحموودی تۆمەتبار کرد بەوەی ئەو تەنیا پزیشکێکە و پێوەندیی بە زانستی شەرعییەوە نییە. بەهۆی ئەو هێرشەوە وازی لە نووسین هێنا و گۆشەگیری هەڵبژارد، تا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا تووشی جەڵتەی دەماغ بوو.

مستەفا مەحموود ٨٩ کتێبی زانستی و ئاینی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی نووسیوە و نێزیکەی ٤٠٠ ئەڵقە لە بەرنامەی زانست و باوەڕ (العلم والایمان)ی لە تەلەڤزیۆنی میسرەوە ئامادە و پێشکێش کرد، کە جەماوەرێکی بەرفراوانی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هەبوو.

لە کتێبەکانی: زیارە للجنە والنار، علم نفس قرآني جدید، الإسلام السیاسي والمعرکە القادمە، الله والإنسان، لغز الموت، لغز الحیاە، أینشتین والنسبیە، رحلتي من الشک إلی الإیمان، الروح والجسد، الوجود والعدم، جهنم الصغرێ، الشفاعە.

عەبدولسەبور شاهین (١٩٢٨-٢٠١٠)

بیرمەندێکی ئیسلامییە و لە دیارترین بانگخوازە ئیسلامییەکانە لە میسر و جیهانی ئیسلامیدا.

ماوەیەک مامۆستای بەشی دیراساتی ئیسلامی و عەرەبی بوو لە زانکۆی شافەهد بۆ پێترۆڵ و کانزاکان بووە، نێزیکەی ٦٠ کتێبی هەیە، دیارترینیان کتێبێکە لەبارەی قورئانی پیرۆزەوە کە لە ١٠ بەرگ پێک دێ، هەروەها زنجیرە کتێبێک بەناوی (نساء وراء الاحداث) کە ١١٠ کتێبە.

بڵاوکردنەوەی کتێبی باوکم ئادەم (ابی ادم) لەلایەن شاهینەوە لە کۆتاییی نەوەدەکاندا هەرایەکی گەورەی نایەوە و بەهۆیەوە لەسەر سکاڵایەکی شێخ یوسف ئەلبەدری، دادگە بڕیاری دا ژنەکەی لێ جیا بکرێتەوە.

سەیر لەوەدایە شاهین یەکێک بوو لەو کەسانەی بەتۆمەتی کفرکردن سکالاَیان لە دژی نەسر حامید ئەبوزەید تۆمار کرد و بەهۆیەوە دادگە بڕیاری جیاکردنەوەی ئەبوزەید و ژنەکەی دەرکرد.

عەبدولسەبور شاهین لەو کتێبەدا پێی وایە ئادەم بابەگەورەی مرۆڤە نەک بابەگەورەی بەشەر کە بوونەوەرێکی ئاژەڵین و پێش لە مرۆڤ هەبوون، لەنێو ئەواندا خوا ئادەمی هەڵبژارد تا ببێتە باوکی مرۆڤ، کە قورئان بە نەفخی روح (النفخ فی الروح) ناوی دەبات، خوا رەگەزی بەشەری لەناو برد و کەس نەمایەوە جگە لە ئادەم. شاهین چەندان ئایەت بە بەڵگە دێنێتەوە کە بەشەر پێش مرۆڤ هەبوون، بەلاَم بەهۆی نەفخە خواییەکەوە رێک نەخرابوون، هەر ئەوەیش وای کرد فریشتەکان بە سەرسوڕمانەوە بە پەروەردگار بڵێن (ئاخۆ تۆ کەسێک دەکەیتە جێنشین کە خراپەکاری بکا و خوێنڕێژی بکات) (أتجعل فیها من یفسد فیها ویسفک الدماء)، شاهین پێی وایە ئەم قسەیە پێش هەڵبژاردنی ئادەم و رێکخستن و رۆحبەبەرداکردنی بووە، کە بەو هۆیەوە عەقڵی پەیدا کرد و بوو بە شارستانی. بۆیە خوا دەڵێ: (ئەگەر رێکم کرد و لە رۆحی خۆم فووم پێدا کرد سوژدەی بۆ ببەن). بەکورتی ئادەم لە باوک و دایکێکی بەشەر لەدایک بووە، دواتر پەرەی سەندووە و بووەتە مرۆڤ و عەقڵی پەیدا کردووە و خۆی پابەندی یاساکان کردووە.

لە کتێبەکانی: أبی آدم، دستور الأخلاق فی القرآن، مفصل آیات القرآن، ترتیب معجمی، تاریخ القرآن.

حەسەن تورابی (١٩٣١- )

لە دیارترین بیرمەند و سەرکردە ئیسلامییەکانی دنیایە و یەکێکە لە موجتەهیدەکان لە بواری فیکر و فیقهی ئیسلامیدا، خاوەنی چەندان بۆچوون و ئیجتیهادی نوێ و نامۆیە بە بیرکردنەوەی کلاسیکیی ناوەندە زانستی و سیاسییە ئاینییەکانە.

لەو بیر و بۆچوونانەی کە مشتومڕ و هەرایان لە ناوەندە ئاینییەکەدا دروست کردووە فتوایەکیەتی کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە کۆبوونەوەیەکدا ئاشکرای کرد، کە تێیدا رێگە بە شووکردنی ئافرەتی موسڵمان بە پیاوی ئەهلی کیتاب دەدات، کە ئەوە پێچەوانەی هەر چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننەیە. لەسەر ئەو بۆچوونانەی لەلایەن هەندێ لە زانایانی موسڵمانی سوودانی بە زەندیقی و کافربوون و دەرچوون لە ئیسلام تۆمەتبار کرا.

جەمال بەننا (١٩٢٠-)

بیرمەندێکی ئیسلامیی میسرییە و برای حەسەن بەننای دامەزرێنەری کۆمەڵی برایانی موسڵمانی میسرییە، بەلاَم فیکری لەگەڵ ئەو گرووپەدا جیاوازە.

خاوەنی چەندان بۆچوون و ئیجتیهادی فیقهییە کە جیاوازە لە بۆچوونی باوی زانا موسڵمانەکان، بۆ نموونە پێی وایە ئافرەت بۆی هەیە ئیمامەتی نوێژ بکا ئەگەر زاناتر بوو لە قورئاندا. هەروەک پێی وایە حیجاب لەسەر ئافرەت فەرز نییە و قورئان ئەو حوکمەی تایبەت بۆ

ئافرەتانی پێغەمبەر هێناوە. پێی وایە چوونە سەر ئاینی جوولەکایەتی و مەسیحییەت حەدی کوشتنی لەسەر نییە. هەروەک پێی وایە جگەرەکێشان رۆژوو ناشکێنێ بەتایبەت بۆ ئەوانەی ناتوانن وازی لێ بێنن. بۆچوونەکانی جێی مشتومڕێکی بەرفراوانن.

له کتێبەکانی: المرأه المسلمه بين تحرير القرآن وتقييد الفقهاء، الحجاب، جواز إمامه المرأه الرجال، الإسلام والعقلانيه، حريه الاعتقاد فى الإسلام، مسؤوليه فشل الدوله الإسلاميه فى العصر الحديث، قضيه الحريه فى الإسلام، قضيه القبلات، هل يمكن تطبيق الشريعه؟، الإسلام دين وأمه وليس دينا ودوله، تفنيد دعوى حد الرده.

ئەحمەد سوبحی مەنسوور ( ١٩٤٩-)

بیرمەندێکی ئیسلامیی میسرییە، مامۆستا بوو لە زانکۆی ئەزهەر، بەهۆی نکوولّیکردنی لە سوننە و دانانی قورئان بە تاکە سەرچاوەی یاسادانانی ئیسلامی لە هەشتاکاندا لە کارەکەی دوور خرایەوە.

له ساڵی ١٩٧٧ەوە بزاوتەکەی خۆی بۆ کردنی قورئان بە تاکە مەرجەع دەست پێ کردووە، بەو هۆیەوە هەندێ لە کتێبەکانی دەستیان بەسەردا گیراوە و خۆیشی لە مزگەوتێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە ناوەندێکی فیکرییەوە بۆ یەکێکی تر دوور دەخرایەوە، تا لە سەنتەری ئیبن خەلدوندا گیرسایەوە و ٥ ساڵ تێیدا مایەوە تا حکومەتی میسری سەنتەری ناوبراوی داخست و دوکتۆر ئەحمەدی سوبحیش دەرکرا و رووی کردە ئەمەریکا. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لە ئینتەرنێتدا بیر و بۆچوونەکانی لەبارەی پرسە جۆراوجۆرەکانی بیر و فیقهی ئیسلامی بڵاو دەکاتەوە.

بە باوکی روحیی (قورئانییەکان) و میتۆدی تەنیا پشتبەستن بە قورئان دادەنرێ. لە دیارترین بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی مەنسوور ئەمانەن: دابەشکردنی کوفر بۆ کوفری سلوکی و کوفری عەقائیدی، سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر بە واتای بەسەرمەشقکردنی پێغەمبەر دێ، شایەتیدان بۆ پێغەمبەر لە شایەتوماندا بە جۆرێک لە شیرک دادەنێ، بوونی ناوی پێغەمبەر لە بانگداندا بە شیرک دادەنێ، پێغەمبەری ئیسلام باشترینی پێغەمبەرانی خوا نییە، فتوحاتە ئیسلامییەکان پرۆسەیەکی داگیرکاری بوون لە پێناو بەژەوەندیی مادیدا، دەکرێ ئافرەتی موسڵمان مێرد بە پیاوی جوولەکە و مەسیحی بکا.

بسەنت رەشاد

لە ٢٠٠٤دا بسەنت رەشاد، کە ژنە نووسەرێکی گەنجی میسرییە کتێبێکی بەناوی (الحب والجنس فى حياه النبى) بڵاو کردەوە و هەرایەکی گەورەی لە میسردا بەرپا کرد و بە سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر لە قەڵەم درا، بەڵان بسەنت رەشاد لە دیمانەیەکی کەناڵی عەرەبییەدا لە ١١-٤-٢٠٠٨ کە (ترکی الدخيل) لەگەڵی ئەنجامی دا رەتی کردەوە کتێبەکەی سووکایەتی تێدا بێ، گوتی (هیچ کەسێک چەندە زانا و ئازاد بێ بۆی نییە سووکایەتی بە پێغەمبەر بکا، چونکە ئەو

# مێژووی
# ساڵانی شا و پێغەمبەرانی سەر زەوی

**حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی**

**بەشی یەکەم**

دوو سێ وشەی وەرگێڕ

ئەمە کتێبێکی کەلەپووری دێرینە، بە کتێبێکی مێژوویی چاک دادەنرێ، وەک لە خوێندنەوەیدا دەبینن، نووسراوێکی سەردەمانی کۆنە، کە نووسەر هەوڵێکی زۆری داوە بۆ دەرخستن و خستنە پێش چاوی مێژووی ڕاستەقینە. هەروەها کتێبێکە پێوەندیی بە کەلەپوور و زمانی ئاریایی ئەوساوە هەیە کە کوردیش بەشێکە لەوان. ئەگەرچی وەک هەندێک هەڵەی باو هەر هەموویان بە (فارس) ناو دەبا.

کتێبەکە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، ناوونیشانەکەشی بەم جۆرەیە: (تأريخ سنی ملوك الأرض والأنبياء).

یوسف یەعقووب مەسکۆنی-ی (ئەندامی یەکەتیی ئەدەبی نوێ لە قاهیرە)، لە پێشەکیی ئەم چاپی سێیەمەی کتێبەکەی لە بەردەستماندایە، لە (ئاداری ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا) نووسیویەتی، دەڵێ: (ئەم کتێبەم خوێندەوە کە لە بابەتی خۆیدا دانسقە و یەکتایە و لە بابەتەکانیدا تاکە، ڕوانیم کتێبێکی شایستەی خوێندنەوە و خوێندنە، بەتایبەتی بۆ هەر کەسێک مێژووی وڵاتەکەی بەلاوە بایەخدارە، بابەتی جۆراوجۆر و مێژووگەلی لە دەوڵەت و شارە جۆراوجۆرەکانی لە دێرزەمان و کۆنەوە بە خۆوە گرتووە.)

هەروەها دەڵێ:

................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

(ئەگەر بایەخی ئەم کتێبە بە نرخە نەبووایە گۆتواڵدی فرەزانای خۆرهەڵاتناس لە شاری لایبزکی ئەڵمانیدا ساڵی (١٨٤٤ ی ز = ١٢٦٠ ی کۆچی) دا لێی نەدەتۆژییەوە. بەمەش سەد و حەڤدە ساڵ بەسەر چاپی یەکەمی ئەم دەستنووسە نایابەی حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانیی فرەزانای مێژوونووسدا ڕەت دەبێ، لەبەر دەگمەنی و تەواوبوونی ئەو چاپە، چاپخانەی «کاویانی» لە بەرلین ساڵی (١٣٤٠ ی کۆچی = ١٩٢١ _ ١٩٢٢ ی ز) بە بەراوردکاری و ڕاستکردنەوەی سەید جەوادی ئێرانیی تەوریزی چاپی دووەمی ئەنجام داوە، بەمەش پتر لە چل ساڵ بەسەر چاپی دووەمیدا ڕەت دەبێ، کە وەچەکان پێویستیان بە زانینی مێژوو و پێگەیینی لە سەدان ساڵەوەی نەتەوەکەیان هەیە، چونکە هەواڵە مێژووییەکان باشترین بەڵگەی مرۆڤن بۆ زانینی ڕەسەن و پێگەیینی خۆی، ئەو زانستەی ڕێبازێک بەبەرچاوەوە دەگرێ بەسەریدا ڕێ بکا و کەلەپووری نەتەوایەتیی بپارێزێ، هەروەها کەلەپوورێکە ئەگەر ڕۆڵەکانی ئەم وەچەیە پاراستیان بەشێوەیەکی دروست پەروەردە دەبن.... هتد.)

چاپخانەی کاویانی لە بەرلین، کە چاپکەرەوەی دووەمی کتێبەکەیە لە پێشەکیی چاپەکەیاندا دەڵێن: یەک لە چاکترینی کتێبە مێژووییەکان و پشت پێ بەستراوترینیان لەبەر کۆنیی، ئەو کتێبە مێژووییەیە کە حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی دای ناوە، کە لە زانا گەورەکانی مێژوو و ئەدەب بووە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە، لەبەر ئەو سوودە زۆرانەی تێیدایەتی و بە تایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە مێژووەکانی نەتەوە کۆنە ڕۆهەڵاتی و ڕۆئاواییەکانەوە هەیە و ناوی (مێژووی ساڵانی شا و پێغەمبەرانی سەرزەوی)ی لێ ناوە.

حەمزە " ئەبو عەبدوڵا " ی کوڕی حەسەن خەڵکی ئەسفەهان بووە، باوکی هەر لەو شارەدا پەروەردەکار بووە. حەمزە لە دەوروبەری (٢٧٠)ی کۆچی، یان هەندێک پێشتر لەدایک بووە، چونکە بە پیری ڕووداوەیلێکی گەورەی ساڵی (٢٩١)ی ئەسفەهانی بەبیردا دەهاتەوە، ئەوەش ئەوە بوو کە دەغڵ پێش دروێنە کەوتبوو و زیانی لێ کەوتبوو، هەمووی پووچ کردبوو، کە دوورابووەوە. دانی تێیاندا نەبووە. هەروەها قوتابێتیی (شاگرد)ی عەبدانی جەوالیقیی کردووە کە (٣٠٦) کۆچی دواییی کردووە. حەمزە چەند جارێک لە بەغداوە باری کردووە، ساڵی (٣٠٨) لەوێ بووە کە وەک بە خۆی دەیگێڕێتەوە یەک لە زانا جووە پسپۆڕەکانی مێژووی خۆیانی لەوێ چاو پێ کەوتووە. بۆ جاری سێیەمیش لە ٣٢٣ دا لەوێ بووە. بەڵام هەر ئەو ساڵەش و سەرەتای ساڵی دواتر لە ئەسفەهانی زێدی خۆیدا بووە و برسێتییە گەورەکەی بینیوە. وا پێ دەچێ لە ساڵانی دواییی ژیانیشیدا هەر لە ئەسفەهان بووە و ساڵی ٣٥٠ لەوێ بووە و لە ٣٦٠ دا کۆچی دواییی کردووە.

لە چەند جێیەکی گوتەکانییەوە دیارە حەمزە ئەم کتێبەی ساڵی ٣٥٠ داناوە و هەروەها چەند کتێبێکی تریشی هەیە تەنیا دووانیان نەبێ ئەوانی تر بە ئێمە نەگەیشتوون، کە ئەمانەش: (کتێبی گەورەکانی مرۆ – كتاب كبار البشر) و (کتێبی پەندەکانی لەسەر کێشی ئەفعەل – كتاب الأمثال على أفعل)... هتد. "

بەپێویستم زانی (ئەوەندەی بە من دەکرێ) هەندێک تێبینی و پەراوێز و ڕوونکردنەوەی بۆ بکەم، دەنا لێکۆڵینەوەیەکی قووڵتر و فراوانتری ئەم دەقە سوودێکی باشی بۆ گەلێک لایەنی وەک زمان و مێژووی ناوە دێرینەکان و ئەوانەی بە هۆی ڕۆژگارەوە پێمان گەیشتوون و گۆڕاون و لایەنی تر، کە دەبێتە بنچینەیەک بۆ ڕۆشنبیریمان. جگە لایەنە مێژووییە دێرینەکەی.

کتێبەکە شایستەی ئەوەیە بەهەموو بەشەکانییەوە لە کتێبێکی سەربەخۆدا بڵاو بکرێتەوە، من لێرەدا وەک سەرەتایەک بەشێکی لێ بڵاو دەکەمەوە.

ئەحمەد تاقانە – کەرکووک / شوباتی ٢٠١١

## مێژووی ساڵانی شا و پێغەمبەرانی سەر زەوی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب□ العالمين والعاقبه للمت□قين، والصلاه علیٰ نبي□ه و حبيبه محم□د وآله أجمعين.

حەمزەی کوڕی حەسەنی ئەسفەهانی، خوا بەزەیی پێدا بێتەوە، گوتی: ئەمە کتێبێکە، مێژووی ساڵانی شا و پێغەمبەرانی کاربەدەست _ سڵاویان لێ بێ _ م تێدا ڕاسپاردووە و بەسەر دە بەشانمدا بەش کردووە:

- بەشی یەکەم: لەبارەی مێژووی ساڵانی پاتشایانی فارس.
- بەشی دووەم: لەبارەی مێژووی ساڵانی پاتشایانی ڕۆم.
- بەشی سێیەم: لەبارەی مێژووی ساڵانی پاتشایانی یۆنان.
- بەشی چوارەم: لەبارەی مێژووی ساڵانی پاتشایانی قیبتییان.
- بەشی پێنجەم: لەبارەی مێژووی ساڵانی ئیسرائیلییان.
- بەشی شەشەم: لەبارەی مێژووی لەخمییانی پاتشایانی عێراق.
- بەشی حەوتەم: لەبارەی مێژووی غەسسانییانی پاتشایانی شام.
- بەشی هەشتەم: لەبارەی مێژووی حیمیەریانی پاتشایانی عەرەبی یەمەن.
- بەشی نۆیەم: لەبارەی مێژووی پاتشایانی کیندە.
- بەشی دەیەم: لەبارەی مێژووی قورەیشی پاتشایانی عەرەبی موسڵمان.

هەروەها پێشەکییەک لەبارەی ئەم مێژووانەوە پێشکێش دەکەم، بەرچاوڕوونییەکی پێ بکرێ بۆ ئۆقرەنەگرتنی مێژوو، بۆ ئەوەی ئەو تێکچوون و گومانەی تێی کەوتووەی پێ بزانرێ، هەروەها نەخشەی نەتەوە گەورەکانی تێدا باس بکەم لەلایەن ڕووی زەوییەوە و شوێنی نەتەوە گچکەکانی نێوانیان ڕوون بکەمەوە. بۆ دەرخستنی شکانی توانای هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریان و سڕانەوەی دەوڵەتی هەندێکیان بە کۆتایی هاتنەوەی سەردەمیان، بە هاتنی دەوڵەتی نەتەوەی تر، تا

وای لێهاتووه ئەم ڕووداوانە ببنە هۆی گەندەڵیی مێژوو. ئینجا گێڕانەوەی ئەو بەشانەی پێشەکی باسیان لێوە کرا و دە بەشەکە بە بەشێک داخرا کە هونەرگەلێکی مێژوویی تێدا بێ، کە دەستی نەدەدا تێکەڵی ئەوانە بکرێن کە لە بەشە پێشینەکاندا هەن، ئەگەر خوا حەزی لێ بێ (إنشاء الله عز□ وجل).

بزانە کە، چواریەکی مرۆ تێدا نیشتووی زەوی، بە جیاوازیی وڵاتانیانەوە، لە نێوانی حەوت نەتەوەی گەورەدا بەش کراون ئەوانەش: چین و هیندستان و سوودان و بەربەر و ڕۆم و تورک و ئاریانن. کە ئاریانی فارس یشیان لەناودایە، لە ناوەڕاستی ئەم وڵاتانەدان، ئەو شەش نەتەوانە دەورەیان داون، چونکە باشووری خۆرهەڵاتی زەوی بە دەست چینەوەیە و باکوریشی بەدەس تورکەوەیە و ناوەڕاستی باشووری زەوی بەدەس هیندەوەیە و بە تەکیشیانەوە ڕۆم لە ناوەڕاستی باکوری زەویدان، سوودانیش لە باکوری ڕۆئاوایی زەویدان و بەربەریش بە تەکیانەوە لە باکوری ڕۆئاوای زەویدان. شوێنی ئەم شەش وڵاتانە هەموو لە کەنارەکانی ئاوەدانیی زەویدان، لە دەوروبەری وڵاتی ئاریاندا، ئاریانیش لە ناوەڕاستدا لە نێوانیاندان. ئەم حەوت نەتەوانە مێژووی ساڵانی فەرمانڕەواییی پاتشاکانیان هەیە، جیاوازییەکی زۆر لە ڕێکیی ساڵان و نێوانی تەمەنی ڕۆژانی ڕابردووی جیهان و ئەوەی لە سەرەتای زاوزێوە باس دەکرێ هەیە، هەر نەتەوەیەک لە مانە کە باسی ئەوەی دوای ئەو دێ بە ناڕاستی، چون خەونی نووستوو باس دەکا.

منیش لە قسەڵۆکی ئەم تیپانە کۆمەڵێک دەگێڕمەوە جێی باسی بە دوور و درێژی دەگرێتەوە، ئینجا بەشگەلی ڕووتی مێژوو دوای ئەمانە دەخەم، بە لاساییکردنەوەی گێڕەرەوەکانیان باسیان لێوە دەکەم و دەڵێم: خەڵکی ئەوەند سەریان بەرەو مانگ بەرز کردووەتەوە لە ڕووی سەردەمدا مانگەکانیان لە گەرمەی دەماندا زانیوە، ساڵانیشیان بە گۆڕانکاریی ئەو وەرزانەی بەسەریاندا ڕەت بوون، بە گوازرانەوەی خۆر لە چواریەکەکانی گەردوون و بە سەریانەوە سووڕانەوەی یەک لە دوای یەکیاندا زانیوە. ئینجا لەبەر درێژە پێ دانی ڕۆژان و زۆربوونی و دژواریی کار بەسەریانەوە لە دەستنیشانکردنی ساڵانیان بە مێژوو تۆمار کردووە و هەموو ئەو نەتەوانەی سەر ڕووی زەوی مێژووی ساڵانیان لە ڕێکردنی دوو ڕووناکیدەرەوەکەوە وەرگرتووە، واتە لە خۆر و مانگ. ئەو نەتەوانەی بە ڕێڕۆیشتنەوەی خۆریان وەرگرتووە پێنج نەتەوەن، کە ئەمانەن: یۆنانی و سریانی و قیبتی و ڕۆمەکان و فارسەکانن. ئەوانەشیان بە ڕێڕۆیشتنەوەی مانگیان وەرگرتووە پێنج نەتەوەن کە ئەمانەن: هیند و عەرەب و جوو و خرستیان و موسڵمانن.

هەموو ئەم نەتەوانە لە سەردەمی کۆندا بەر لە پەیدابوونی یاسا (شەریعە) تە ئاینییەکان یەک پۆل بوون، دوو ناویان لێ نرابوو: سیمینییەکان و کلدانییەکان. سیمینییەکان خەڵکی لای ڕۆهەڵات بوون، کە ئەمڕۆ پاشماوەکانیان لە دەوروبەرەکانی هیندستان و چیندان، خەڵکی خوراسان ئەمڕۆ شەمنانیان پێ دەڵێن، بە یەکێکیشیان دەڵێن شەمەن. کلدانییەکانیش خەڵکی لای ڕۆئاوا بوون، پاشماوەکانیان ئەمڕۆ لە شارەکانی حەڕان و ڕەها دان، ئەم ناوەشیان لە ڕۆژگاری مەئموونەوە لە

خۆیان لابردووه و ناوی سابیئەیان لە خۆ ناوە لەبەر هۆگەلێک، باسکردنی درێژە دەکێشێ، لە تەوراتدا باسیان کراوە و بە سریانی ناویان کلدایە و بە یەکێکیان دەگوترێ کلدایا. ئەم دە نەتەوانەش ساڵەکانیان لە سالآنی بەڕێوەڕۆیشتنی خۆر کەمترە کە شەو و ڕۆژی پێ دێتە دی. ساڵەکانیان لەبەر کەمییان لە بەڕێوەڕۆیشتنی خۆر خولێک لە خولەکانیان پێویستیان بە (کەبیسە) هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی چوار وەرزەی کات. سەرەتای هەر وەرزێک بۆ هەر کاتە و بە کوێ دەگا بگا لە ڕۆژێکی دەستنیشانکراوی دەمدا،... گەڕانەوە سەریان لە سالآنی بەسەرچوودا دەبێ.

لەم سەردەمەماندا کەبیسە تەنیا لەلای ئەسکەندەرییانی یۆنانییان و هەروەها لە سالآنی ئەو عەرەبە موسڵمانانەی موعتەزیدییان[١] پێ دەڵێن و لە سالآنی ئیسرائیلییانیشدا بەکار دەهێنرێ.

فارسەکانیش کەبیسەیان هەبووە لە سەرەتای سەردەمەوە بەردەوام بوو تا ڕۆژگاریان بە عەرەب بەسەر چوو، هەروەها عەرەبی جاهیلییش کەبیسەیان بووە و پێیان گوتووە نەسی، ئیسلام لای بردووە، بەم جۆرە دوو سەد و هەشتا و یەک ساڵ لە سالآنی فارس بەبێ کەبیسە بەسەر چووە، تا موعتەزید لە دووسەد و هەشتا و دوو - دا کەبیسەی داناوەتەوە، بەمەش ڕاست بووەوە و خەڵکی عێراق پشت بە سالآنی موعتەزید دەبەستن، ئەوەی نەتەوەکانیش ناچاری پەنابردنە بەر کەبیسە دەکا لە سالآنیاندا ئەوەیە کە ڕۆژان و شەوان بە بزاوتی خۆر پێک دێ هەر لە هەڵهاتنیەوە لە ڕۆژی سەردەمدا تا هەڵهاتنەوەی لە ڕۆژی دواییدا. ئەگەر خۆر گەڕایەوە و لە شوێنەیلی گەردوونەوە لە ڕۆئاواوە بەرە و ڕۆهەلآت، بە سێسەد و شەست و پێنج ڕۆژ و چارەکە ڕۆژێکدا دەگەڕێتەوە هەر ئەو شوێنە. ئەم چارەکەش لە هەر چوار ساڵدا دەبێتە ڕۆژێک و دەبێ بخرێتە سەر ڕۆژانی چوار ساڵەکە. ئا ئەم چارەکە، نەتەوەکان ناچار دەکا کەبیسە بخەنە سالآنیانەوە.

وشەی (تاریخ)یش لە زمانی عەرەبیدا تازەیە، چونکە بە عەرەب کراوەی ماه روز (مانگ _ ڕۆژ)ە. هەر بەمجۆرەش گێڕراوەتەوە، فوراتی کوڕی سەلمان لە مەیموونی کوڕی میهرانی گێڕاوەتەوە، چەکێکی داوەتە عومەری کوڕی خەتاب کاتەکەی لە مانگی شەعباندا بووە و گوتوویەتی: ئەمە کام شەعبانە؟ ئەمەی تێیداین یان ئەوەی دێ؟ ئەوجا کەسانی یاوەرانی کۆ کردووەتەوە و گوتوویەتی: پارە زۆر بووە و ئەوەی دابەشمان کردوون کاتی لەسەر دانەنراوە، چۆن ئەمە ڕێک بخەین؟ گوتوویانە: دەبێ ئەمە لە باجەکانی فارسەکانەوە بزانین. دوای ئەوە (هورمزان)ی[٢] بانگ کردووە و ئەوەی لێ پرسیوە، گوتوویەتی: ئێمە ژمارەیەکمان هەیە پێی دەڵێین (ماه روز) و واتە ژماردنی مانگەکان و ساڵەکانە، ئینجا وشەکەیان عەرباند و گوتیان: موئەررەخ (مۆرخ). ئینجا چاوگەکەیان کردە تاریخ و بەکاریان هاورد. دواتر بە دوای کاتێک گەڕان بیکەنە بنچینەی دەوڵەتی ئیسلام و بۆچوونیان جیابوو، ئینجا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن سەرەتای سالآنیان لە ساڵی کۆچەوە بێ، ئەمەش کۆتایی کتێبە و سەرەتای باسکردنی بەشەکانە.

# بەشی یەکەم

## لە باسی مێژووەکانی ساڵانی پاتشایانی فارس بە هەرچوار چینیانەوە، لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی فەرمانڕەواییان، لە دەرکەوتنی پێغەمبەرانەوە لەلای ڕۆئاوادا

### ئەمەش پێنج بەشە

### بەندی یەکەمی

### بەشی یەکەم

لە باسی چوار چینی پاتشایانی فارس باسێکی دوور لە هەواڵ و ژیننامە و پەسنەکانیان. پاتشایانی فارسیش لەگەڵ درێژیی ڕۆژگاری فەرمانڕەواییان و یەکەتیی گوفتیان، چوار چینەکەیان چوار ناویان پێویست بووە: پیشدادی و کەیانی و ئەشکانی و ساسانی، مێژووەکەشیان بەیەکدا چووە و ڕاست نییە، چونکە دوای سەد و پەنجا ساڵ لە زارێکەوە بۆ زارێک گوێزراوەتەوە، لە دەستخەتێکی ژمارە لێکچووی نمرە و دەیەکان بۆ خەتێکی لێکچووی نمرە و دەیەکان، بە کۆکردنەوەی ڕوونووسە جیاکانی گوازتنەوە نەبێ چاری ترم بۆ باسکردنی ئەم بەشە نەبوو، بەم جۆرە هەشت ڕوونووسم بۆ ڕێک کەوت: کتێبی ژیننامەکانی پاتشایانی فارس لە گوازتنەوەی (ئیبنولموقەففەع)[٣] و کتێبی ژیننامەی پاتشایانی فارس لە گوازتنەوەی محەمەدی کوڕی جوهەمی بەرمەکی و کتێبی مێژووی پاتشایانی فارس کە لە گەنجینەی کتێبخانەی مەئموونەوە[٤] دەرهێنراوە و کتێبی ژیننامەی پاتشایانی فارس لە گوازتنەوەی زادوەیهی کوڕی شاهوەیهی ئەسبەهانی ئەسفەهانی و کتێبی ژیننامەی پاتشایانی فارس لە گوازتنەوەی یا کۆکردنەوەی موحەمەدی کوڕی بەهرامی کوڕی میهیاری ئەسبەهانی و کتێبی مێژووی پاتشایانی ساسانییان، لە گوازتنەوەی یان کۆکردنەوەی هیشامی کوڕی قاسمی ئەسبەهانی و کتێبی مێژووی پاتشایانی ساسانییان لە پێکەوەنانەوەی بەهرامی کوڕی مەردانشای مووبەدی (کوورە)ی شاپووری وڵاتی فارس. کە ئەم ڕوونووسانەم بۆ کۆکرایەوە، هەندێکم بە وانەی دی بەراورد کردەوە تا بایی ئەم بەشەم لێیان دەست کەوت.

ئەبومەعشەری ئەستێرەناس[٥] گوتی: مێژووگەل زۆربەیان بەیەکدا چووە و تێک چووە، تێکچوونیش لەوەوە تێیان دەکەوێ کە دێتە سەر باسی ساڵانی نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی سەردەمان و ڕۆژگارەکەی درێژە دەکێشێ، کە لە کتێبێکەوە دەیانگوازنەوە کتێبێکی تر، یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بە خستنەسەر، هەڵەیان تێ دەکەوێ، یان بە لێ کەمکردنەوە، وەک ئەو هەڵەیەی لە ساڵانی نێوانی ئادەم و نووح و هی تر تووشی خەڵکی میللەتی جوو، کە باسی مێژووی نەتەوەکان و پێغەمبەرانیان گێڕاوەتەوە، کە جیاوازییان لەنێودا هەیە. زۆربەیەکی خەڵکانی سەر

زەویش لەوەدا جیاوازییان لەگەڵیاندا هەیە، هەروەها ساڵانی پاتشایانی فارس و مێژوویان هەرچەند فەرمانڕەواییشیان لە سەرەتای ڕۆژگارەوە پێوەستە تا کۆتاییهاتنی فەرمانڕەواییان، ئاڵۆزییەکی زۆر و تێکچوونی تێدا دەرکەوتووە. ئەوان دەڵێن زەوی ساڵانێکی زۆری یەک لە دوای یەکی بە سەردا ڕەت بووە کە نە لە خۆیان و نە لە خەڵکی تر پاشایەکی تێدا نەبووە.

جاری یەکەم دەڵێن زەوی دوای مردنی (گیومەرت)ی باوکی مرۆیان سەد و حەفتا و ئەوەندە ساڵ بەبێ شا ماوەتەوە تا هۆشەنگی فیشداد پاتشایەتیی کردووە. دووەم جاریش دوای ئەوە بووە کە ئەفراسیابی تورک لە جاری یەکەمیدا گەڕاوەتەوە خاکی تورک، کە دوازدە ساڵ پاتشایەتیی زەویی کردووە، وڵاتی ئاریان چەند ساڵێک بێ شا ماوەتەوە، نازانرێ چەندە. جاری سێیەمیش کە (زاب) دەمرێ جیهان چەند ساڵێکی ژمارە نەزانراوی تێدا دەشڵەژێ و پاتشای نەبووە تا (کەیقوباد)ی بووەتە شا. هەروەها دەڵێن لە سەرەتای ڕۆژگارەوە چەند جارێک پاتشایەتییان لە دەس دەرچووە تا کەوتووەتە دەست عەرەب، خەڵکانی تریان بووەتە پاتشا لە خۆیان نەبوون و لەبەر ئەوە ساڵانی مێژووی پاتشا کۆنەکانیان لێ تێک چووە، لەوانە جاری یەکەم لە سەردەمی (فیووراسب) بووە، دووەمین جاریش لە سەردەمی (ئەفراسیاب) و سێیەمین جار لە سەردەمی (ئەسکەندەر) و جاری چوارەم لە گواسترانەوەی فەرمانڕەوایی بووە بۆ عەرەب. ئەبومەعشەر دەڵێ: هەروەها لە تەمەنی پاتشایانیشیاندا جیاوازن، هەندێکیان گوتوویانە (کەیقوباد) سەد و بیست ساڵ پاتشایەتیی سەر زەویی کردووە، هەندێکیش دەڵێن تەنیا چەند دە ساڵێک پاتشایەتیی کردووە.

ئەبومەعشەر دەڵێ: هەروەها ساڵانی یۆنانییانیش وەک ساڵانی فارسەکان جیاوازییان تێدایە، ئەوەش لەوەوە هاتووە کە ساڵان و مێژووە دێرینەکانیان لە عیبرانییەوە گوازراوەتەوە و عیبرانییش(٦) جیاوازیی تێدایە، چونکە ئەوەندەکەی لە بەردەستی سامیرییەکاندایە(٧) لەوەی بە دەستی ڕەمەکی جووەکاندایە جوداوازە و ئەوەی بۆ یۆنانی گوازراوەتەوە دیسان جیاوازیی تێدایە، چونکە گوازتنەوەی حەفتاکان (ئەلسەبعین) لە هی تر جیاوازە.

گوتی: جیاوازی لە ژمارەی ساڵان لە سەرەتای زاوزێوە تا ساڵی کۆچی (هیجرە) دایە. جوولەکە ئەوە لە تەوراتەوە بە چوار هەزار و چل ساڵ و سێ مانگ دەگێڕنەوە. نەسرانییەکانیش (خرستیان) ئەوە هەر لە تەوراتەوە بە پێنج هەزار و نۆسەد و نەوەد ساڵ و سێ مانگ دەگێڕنەوە. فارسیش ئەوە لەو کتێبەوە دەگێڕنەوە کە (زەردەشت) بۆیانی هاوردووە و ئابێستا (ئاڤێستا ـ ئاوێستا)ی پێ دەڵێن کە کتێبی ئایینییانە لە سەردەمی گیومەرتی باوکی مرۆیانەوە تا ساڵی پاتشایەتیی (یەزدگورد) چوار هەزار و سەد و هەشتا و دوو ساڵ و دە مانگ و نۆزدە ڕۆژە.

گوتی: ئەستێرەناسانیش شتی وەها دەڵێن هەموو بگرێتەوە و دەبێژن لە یەکەم ڕۆژەوە کە ئەستێرەکانی لێ لە سەرە کارژۆڵەوە(٨) کەوتوونە گەڕ تا ئەو ڕۆژەی موتەوەککیلی(٩) لێ بەرەو دیمەشق چوو، چوار هەزاران هەزار هەزار سێ جار و سێ سەد هەزار هەزار و بیست هەزار هەزار لە ساڵانی خۆر بە سەر تەمەنی زەویدا بەسەر چووە. ئەوەی لە تۆفانیشەوە بەسەر چووە، تا

سەرلە بەیانیی پاتشایەتیی یەزدگوردی کوڕی شەهریار ڕۆژی سێشەمەی مانگی فەروەردین ڕۆژی هورمز لە هەڵهاتنی خۆرەوە تا هەڵهاتنەوەی خۆر، لە یەکەم ڕۆژی موحەڕەمی ساڵی دووسەد و چل و چوار، کە یەکەم ڕۆژی بەرەو دیمەشق چوونی موتەوەککیلە، کە لە مانگی فەروەردین و ڕۆژی هورمزدا بووە، دیسان سێ هەزار و پێنجسەد و سی و پێنج ساڵ و دە مانگ و بیست و دوو ڕۆژ بووە. ئەمەش دەمێکی تەمەنی جیهانە، ئا لێرەوەش باسی مێژووەکانی ساڵانی پاتشایانی فارس بە ناوی خودا دەست پێ دەکا. فارس هەر هەموویان دەڵێن گوایە سەرەتای زاوزێ لە پیاوێکەوە بووە گیومەرتی شای قوریان پێ گوتووە واتە: (گڵ شا)، کە چل ساڵ لەسەر زەویدا ماوەتەوە.

چینی یەکەم: فیشدادییان

نۆ کەسن، ماوەی پاتشاییان لەگەڵ ساڵانی هەر شایەکیان

دوو هەزار و چوار سەد و حەفتا ساڵە

ئەوجا ئۆشەنگ (هۆشەنگ) چل ساڵ پاتشاییی جیهانی کرد، ئەمیش یەکەمی پاتشایانە، ئینجا تەهموورتی کوڕی یونجان سی ساڵی پاتشایی کرد. پاشان جەمی کوڕی یونجانی برای حەوتسەد و شازدە ساڵ. ئینجا بیوراسبی کوڕی ئەروەنداسب هەزار ساڵ. ئینجا فەرەیدوونی کوڕی ئاتەفیان " پێنجسەد ساڵ. دوای ئەو مەنوچیهر سەد و بیست ساڵ. دواتر ئەفراسیابی تورک، دوازدە ساڵ. ئینجا زابی کوڕی سوماسب سی ساڵ. پاشان کرشاسف لەگەڵ (زاب) دا، نۆ ساڵ پاتشاییان کردووە. (ڕاستییەکەش هەر بە خۆی دەیزانێ) واتە خوا.

چینی دوورم: کەیانییان

دە کەسن، ماوەی پاتشایەتیشیان حەوتسەد و حەفتا و هەشت ساڵ بووە

ئەوجا کەی قوباد سەد و بیست و شەش ساڵان. ئینجا کەی کاوس سەد و پەنجا ساڵ. ئینجا کەی خوسرەو هەشتا ساڵ. ئینجا کەی لوهراسب سەد و بیست ساڵ. ئینجا کەی گوشتاسب سەد و بیست ساڵ. ئینجا کەی بەهمەن سەد و دوازدە ساڵ. ئینجا هومای شەهرازاد جەهرازاد! سی ساڵ. پاشان دارای کوڕی بەهمەنی برای هوما، دوازدە ساڵ. ئینجا دارای کوڕی دارا چواردە ساڵ. دواتر ئەسکەندەر چواردە ساڵ پاتشاییان کردووە.

چینی سێیەم: ئەشکانییان

یازدە کەسن، ماوەی پاتشایەتیشیان سێ سەد و چل و چوار ساڵە

ئەشکی کوڕی ئەشک پەنجا و دوو ساڵ. ئینجا شاپووری کوڕی ئەشک بیست و چوار ساڵ. ئینجا گۆدەرزی کوڕی شاپوور پەنجا ساڵ. پاشان وەنحەنی کوڕی بلاشی کوڕی شاپوور بیست و یەک ساڵ. ئینجا گۆدەرزی گچکەی کوڕی وەنحەن نۆزدە ساڵ. ئینجا نەرسیی کوڕی وەنحەن سی ساڵ. ئینجا هورموزانی کوڕی بلاشی کوڕی شاپوور حەڤدە ساڵ. ئینجا فەیروزانی کوڕی

هورمـوزان دوازده ســاڵ. ئینجـا خـوسـرەوی کـوڕی فـەیرووزان چل ســاڵ. ئینجـا بـلاشی کـوڕی فـەیرووزان بیـست و چوار سـاڵ. دواتر ئەردەوانی کـوڕی بلاشی کـوڕی فـەیرووزان پەنجـا و پێنج ساڵیان پاتشایەتی کردووە.

چینی چوارەم: ساسانییان
بیست و هەشت کەسن، ماوەی پاتشایەتیشیان
چوار سەد و بیست و نۆ ساڵ و سێ مانگ و هەژدە ڕۆژە

ئەوجا ئەردەشیری کوڕی بابەک چواردە ساڵ و شەش مانگ پاتشایی کردووە. ئینجا شاپووری کوڕی ئەردەشیر سی ساڵ و مانگێک دوو ڕۆژ کەم. ئینجا هورموزی کوڕی شاپوور ساڵێک و دە ڕۆژ. ئینجا بەهرامی کوڕی هورموز سێ ساڵ و سێ مانگ و سێ ڕۆژ. دواتر بەهرامی کوڕی بەهرام حەڤدە ساڵ. پاشان بەهرامی کوڕی بەهرامی کوڕی بەهرام چوار مانگ. ئینجا نەرسیی کوڕی بەهرامی برای بەهرام نۆ ساڵ. پاشان هورموزی کوڕی نەرسی حەوت ساڵ و پێنج مانگ. ئینجا شاپووری کوڕی هورموز حەفتا ساڵ. ئینجا ئەردەشیری کوڕی هورموزی برای شاپوور، چوار ساڵ. پاشان شاپووری کوڕی شاپوور پێنج ساڵ و چوار مانگ. ئینجا بەهرامی کوڕی شاپوور یازدە ساڵ. ئینجا یەزدگوردی گوناهباری کوڕی بەهرام بیست و یەک ساڵ و پێنج مانگ و شازدە ڕۆژ. دواتر بەهرام گووری کوڕی یەزدگورد بیست و سێ ساڵ. ئینجا یەزدگوردی کوڕی بەهرام گوور هەژدە ساڵ و چوار مانگ و هەژدە ڕۆژ. ئینجا فەیرووزی(١٠) کوڕی یەزدگورد بیست و حەوت ساڵ و ڕۆژێک. ئینجا بلاشی کوڕی فەیرووز چوار ساڵ. ئینجا قوباد کوڕی فەیرووز چل و سێ ساڵ. ئینجا کیسرا نەوشیروانی کوڕی قوباد چل و حەوت ساڵ و حەوت مانگ. پاشان هورموزی کوڕی کیسرا یازدە ساڵ و حەوت مانگ و دە ڕۆژ. ئینجا کیسرا پەرویزی کوڕی هورموز سی و هەشت ساڵ. ئینجا شیرووییەی کوڕی کیسرا هەشت مانگان. ئینجا ئەردەشیری کوڕی شیرووییە ساڵێک و شەش مانگ. ئینجا بووران دوخت (بووران)ی کچی کیسرا ساڵێک و چواردە مانگ. ئینجا حوشنوشبەندە، کە لە بنەماڵەی پاتشایان نەبووە، دوو مانگ. ئینجا ئورز میدوخت (ئورزمی)ی کچی پەرویز ساڵێک و چوار مانگ. دواتر خورزاد خوسرەو یەک مانگ. ئینجا یەزدگوردی کوڕی شەهریار پەرویز بیست ساڵ. پاتشایەتییان کردووە.

کە هەر هەموو پاتشایانی فارس، چوار هەزار و حەفتا و یەک ساڵ و دە مانگ و نۆزدە ڕۆژ، پاتشایەتییان کردووە، شێست شای تێدا پاتشایەتییان کردووە.

## بەندی دووەمی

### بەشی یەکەم

لە دووبارەکردنەوەی هەندێک لەو مێژووانەی لە بەشی یەکەمدا باسیان لێوە کرا، لەگەڵ ڕاڤە

کردنەوەیان، کە " مووسای کوڕی عیسای کیسرەوی لە کتێبەکەیدا باسی لێوە کردوون. گوتی: بەو کتێبەمدا ڕوانی کە ناوی (خوای نامە)یە و ئەو کتێبەیە وا لە فارسییەوە کراوەتە عەرەبی، ناوی مێژووی پاتشایانی فارس (تاریخ ملوک الفرس)ی لێ نراوە، چەند جارێکی تر بە ڕوونووسەکانی ئەم کتێبەدا چوومەوە و بەچاوی توێژینەوەوە لێیم کۆڵییەوە سەیرم کرد جیاوازییان تێدایە، تەنانەت دوو ڕوونووسیشیم لێ نەکەوتە بەردەست کە لەگەڵ یەکدا ڕێک بن، ئەمەش لەبەر تێکچوونی کارەکە لە وەرگێڕەوەکانی ئەم کتێبەوە بووە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر. لەگەڵ حەسەنی کوڕی عەلیی هەمەدانیی نووسەرەوەی دەستنووسان، لە مەراغە لەلای عەلای کوڕی ئەحمەدی سەرۆکیدا کۆ بوومەوە و لە زاناترینی ئەوانە بوو لەم بارەیەوە بینیومن و سالانی شانشینیی چینی سێیەم و چینی چوارەمی پاتشایانی فارسمان بەراورد کرد کە دوای ئەسکەندەر پاتشاییان کردووە، کە ئەشکانییەکان و ساسانییەکان بوون لەگەڵ مێژووی ئەسکەندەرمان بەراورد کردەوە کە بە ژماردنی ئەستێرەناسان لە (زیج) دا(١١) ڕێک بوو. نێوانی سەرەتای سالانی ئەسکەندەر، تا دەستپێکی کۆچمان ئامادە کرد تا بیکەینە بنچینە، ڕوانیمان ئەوە لە زیجی ڕوانگەدا چەسپێنراوە، هەر وەک ئەوەی لێرەدا دەیگێڕمەوە. ئەستێرەناسان دەڵێن ئەوەی لە نێوانی سالانی ئەسکەندەر و سالانی کۆچیدایە، لە نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمەی یەکەم ڕۆژی تشرینی یەکەمەوە تا نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەمەی موحەرەم، دەکاتە سێسەد هەزار و چل هەزار و نۆسەد ڕۆژ و ڕۆژێک. ئەم ڕۆژانە دەبنە سالانی هەیڤی، نۆسەد و شێست و یەک ساڵ و سەد و پەنجا و چوار ڕۆژ. سالانی کلدانی، بەوەی کە ساڵ سێسەد و شەست و پێنج ڕۆژ و چارەکە ڕۆژێکە، دەبێتە نۆسەد و سی و دوو ساڵ و هەشتا و نۆ ڕۆژ، ئەم ڕۆژانە دەبنە نۆ مانگ و نۆزدە ڕۆژ. ئەوەمان نایە سەر لە نێوانی سەرەتای کۆچەوەیە تا دەوڵەتی فارس بە سەرچووە، یەزدگوردی پاتشایان چل ساڵ پاتشایی کردووە. بەم جۆرە ئەو ماوەیە بووە نۆسەد و حەفتا و دوو ساڵ و دوو سەد و هەشتا و نۆ ڕۆژ. دووسەد و شەست و شەش ساڵمان بۆ ماوەی پاتشاییی ئەشکانییان لێ داگرت. ماوەی پاتشاییی ساسانییان لە سەرەتای پاتشایەتیی ئەردەشیرەوە تا مردنی یەزدگورد بووە حەوتسەد و هەشتا و شەش ساڵ و دووسەد و هەشتا و نۆ ڕۆژ.

کە بە گشتی سالانی پاتشاییی ساسانییانمان بۆ ساغ بووەوە، دەستمان بە باسی تێکڕایی کرد، ژمارەی پاتشاکانیانمان وەرگرت و ئینجا ناوەکانیان و ئینجا ماوەی ساڵەکانی هەر پاتشایەکیان، سێ ناویشمان خستنە سەر کە وەرگێڕەکان باسیان نەکردبوون. بەڵکو لەبەر ئەوە هاتوون ناوی گۆکراویان لە یەکتری چووە، وەک یەزدگورد و یەزدگورد، بەهرام و بەهرام. ئەوەش چونکە یەزدگوردی گوناهکاری باوکی بەهرام گوور کە یەزدگوردی کوڕی یەزدگوردی کوڕی بەهرامی کوڕی شاپوورە، کە ئەو یەزدگوردەی پشتگوێ خراوە و ناوی لێ دەرکراوە لە یەزدگوردی کوڕی بەڕێزتر بووە، ئەمیش هاوڕێکەی شەروینی دەستەنی بووە نەک گوناهکار. بەپێچەوانەی کوڕەکەی، خاوەن ڕامیارییەکی پەسند و بە بەزەیی و دڵفراوان بووە. وەفادارییەکەی گەیشتبووە ڕادەیەک کە پاتشایەک لە پاتشایانی ڕۆم لە سەردەمیدا لە سەرەمەرگدا بووە و کوڕێکی منداڵی

بووە، بەم یەزدگوردەی ڕاسپاردووە کە جێنشینێکی خۆی بنێرێتە وڵاتی ڕۆم، ئاگەداریی کاروباری کوڕەکەی بکا تا دەکاتە تەمەنی پیاوەتی. ئەمیش شەروین بەرنیانی سەرۆکی شاری (دەستەنی) دەنێرێ و دەیکاتە پاتشای وڵاتی ڕۆم و بیست ساڵی بە سەردا ڕاگەیی. ئینجا ئەمانەتەکەی دایەوە و شانشینیی ڕۆمی دایەوە کوڕەکە و شەروینی لێ کێشایەوە، دوای ئەوەی شارێکی لەوێ بنیات نا و ناوی نا (باشروان)، ئەویش ئەوەیە کە ناوەکەی عەرەبێنرا باجەروانی پێ گوترا. هەروەها وەرگێڕەکان لە دوو ناوی لە یەکچوو یەکیان لابردووە، کە بەهرامی کوڕی بەهرامی کوڕی بەهرامە و هەروەها بەهرامێکی تریشیان لابردووە، ئەویش بەهرامی کوڕی یەزدگوردی کوڕی بەهرام گووری باوکی فەیرووزە. من ساڵانی پاتشایانی ساسانییان بە سەرە دەهێنمەوە تا لار و خواریی ڕوونووسەکانی لێ بەدەرکەوێ، گەر خوای بەرز و پیرۆز حەزی لێ بێ.

## بە ناوی خودای دڵنیاییگەیێن و باڵا

ئەردەشیری کوڕی بابەک " نۆزدە ساڵ و شەش مانگ پاتشایی کردووە، دواتر شاپووری سەربازان (جنود)، سی و دوو ساڵ و چوار مانگ، ئینجا هورموزی کوڕی شاپوور " ساڵێک و دە مانگ. ئینجا بەهرامی کوڕی هورموز نۆ ساڵ و سێ مانگ. ئینجا بەهرامی کوڕی بەهرام بیست و سێ ساڵ، کەسی تریش دەڵێن: حەڤدە ساڵ. ئینجا بەهرامی کوڕی بەهرامی کوڕی بەهرام سێزدە ساڵ و چوار مانگ. ئینجا نەرسیی کوڕی بەهرامی کوڕی بەهرام نۆ ساڵ. ئینجا هورموزی کوڕی نەرسی سێزدە ساڵ. دواتر شاپووری (شان کونکەرەوە)ی کوڕی هورموز حەفتا و دوو ساڵ.

ئەوجا ئەردەشیری کوڕی هورموز " تا کوڕەکەی پێگەیی و تەمەنی منداڵیی جێ هێشت، چوار ساڵ. ئینجا شاپووری کوڕی شاپوور، ئەمەش ئەوەیە کە تانجەکەی لەسەر زگی دایکیدا بۆ هەڵبەستراوە، هەشتا و دوو ساڵ. ئینجا بەهرامی کوڕی شاپووری کوڕی شاپوور، دوازدە ساڵ. پاشان یەزدگوردی هێوری کوڕی بەهرامی کوڕی شاپووری شەروینی دەستنی، هەشتا و دوو ساڵ. ئینجا یەزدگوردی زبری کوڕی یەزدگورد " بیست و دوو ساڵ. ئینجا بەهرام گووری کوڕی یەزدگورد بیست و سێ ساڵ. ئینجا یەزدگوردی کوڕی بەهرام گوور هەژدە ساڵ و پێنج مانگ. ئینجا بەهرامی کوڕی یەزدگورد بیست و شەش ساڵ و مانگێک. ئینجا فەیرووزی کوڕی بەهرام بیست و نۆ ساڵ و یەک ڕۆژ. ئینجا بلاشی کوڕی فەیرووز سێ ساڵ. دواتر قوبادی کوڕی فەیرووز شەست و هەشت ساڵ. بەم جۆرە لە ژیننامەی گەورەدا وا باس کراوە و لە ژیننامەی بچووکیشدا چل و سێ ساڵە. دواتر کیسرا ئەنوشیروان[١٢] نەوشیروانی کوڕی، چل و حەوت ساڵ و حەوت مانگ و چەند ڕۆژێک. ئینجا هورموزی کوڕی کیسرا بیست و سێ ساڵ، هەندێکیش دەڵێن سێزدە ساڵ. ئینجا کیسرا پەرویزی کوڕی هورموز سی و هەشت ساڵ. ئینجا شیروەیهی کوڕی کیسرا هەشت مانگ. دواتر ئەردەشیری کوڕی شیروەیە یەک ساڵ. پاتشایەتییان کردووە.

شەهریزاد، کە لە وەچەی پاتشاکان نەبووە، سی و هەشت ساڵ. دواتر بووران دوخت بوورانی

کچی کیسرا پەرویز "، ئەمەش ئەوەیە کـــــە تەختەی خاچی عیسای داوەتەوە جاتلیق[١٣]، ساڵێک و چەند ڕۆژێک. دوای ئەو حوشنوشبەندە کە لە وەچەی پاتشا نەبووە، دوو مانگ. پاشان خوسرەوی کوڕی عادی کوڕی هورموزی کوڕی نەوشیروان دە مانگ. ئینجا (فەیرووز) کە یەکێک بوو لە منداڵەکانی ئەردەشیری کوڕی بابەک، دوو مانگ. ئینجا " ئەرزەمین دوخت (ئەرزەمین)ی کچی کیسرا پەرویز چوار مانگ. ئینجا فەڕوخی کوڕی خوسرەو پەرویز مانگێک و چەند ڕۆژێک. دواتر یەزدگوردی کوڕی شەهریار بیست ساڵ پاتشایەتییان کردووە. هەرهەموو ئەوانەی دوای کیسرا پەرویز پاتشایەتییان کردووە، لە ماوەی چوار ساڵان و شەش مانگدا هەشت کەسن نۆیەمیان یەزدگوردی کوڕی شەهریارە. ئا ئەمە هەموو مێژووەکانی پاتشایانی ساسانییانی فارسن، لە بەدوایان گەڕاندا زۆر ماندوو بووم تا بەم جۆرە ڕاڤەیەدا ڕێکم خستن.

بەڵام کارم لە مێژووەکانی پاتشا ئەشکانییەکانی پێش ساسانییاندا نەکرد، لەبەر ئەو هەڵانەی تێیدا دەهاتنە پێش، لە سەردەمی ئەو پاتشایانەدا بوو، ئەوەش چونکە کاتێک ئەسکەندەر دەستی بەسەر خاکی بابلدا گرت[١٤] و خەڵکەکەیی بەزاند ئیرەییی پێیان برد لەسەر ئەو زانستانەی کۆیان کردبوونەوە و هیچ نەتەوەیەک لە نەتەوەکان پێیان کۆ نەکراوەتەوە، بۆیە ئەو کتێبانەی سووتاندبوو کە کەوتبوونە بەر دەستی، ئینجا کەوتە کوشتنی مووبەدەکان[١٥] و هیربەدەکان[١٦] و زاناکان و داناکان و هەر کەسێک کە زانست و مێژووەکانیان دەپاراست، تا گشتیانی قڕ کرد، ئەمەش دوای وەرگێڕانی ئەوەی پێویستییان پێی هەبووبێ لە زانستەکانیان بۆ سەر زمانی یۆنانی و دوای ئەوە بە درێژاییی ڕۆژگاری ئەشکانییان، کە پێیان دەگوترا پاتشاکانی تایەفەکان، کەسیان نەبووە زانستەکانیان بگەڕێنێتەوە یان بایەخ بە دانست بدا، تا دەرکەوتنەوەی ئەردەشیر و گەڕانەوەی دەوڵەتیان.

کاتێک ئەردەشیر دەستی بە پاتشایییەوە گرتووە، دەمەکە بە دەستپێکی ڕۆژگاری پاتشاییی تۆمار نەکراوە، دوای ئەویش پاتشایانی ساسانییان لەسەر ڕێچکەی ئەواندا ڕۆیشتن و هەر پاتشایە و بە ساڵانی پاتشاییان تۆماریان کردووە، بەم جۆرە مێژووەکەیان تێک چووە. پاتشایانی عەرەب زۆر چاکیان کرد و لەسەر ئەوە ڕێککەوتن مێژووی ساڵانی ڕۆژگاریان لە سەرەتای کۆچەوە دەست پێ بکەن تا ئەو ساڵانەی دەیگەنێ.

ئەمە کۆمەڵێک لەو باسانەیە کە کیسرەوی گێڕاویەتییەوە و گوتوویەتی، بۆ بەڕاستی گەیشتن لێم کۆڵیونەتەوە تا ماوەی ساڵانی ساسانییان، تەریبی ساڵانی ئەوەندەی ئەوانی ئەسکەندەری بۆ ساغ بووەتەوە. ئەوەی کیسرەوی باسی کردووە و دەڵێ ئەم ڕاست کردنەوەیەی لە ئەستۆ گرتووە، دیسانەوە تێکەڵە و لەگەڵ مێژووی ساڵانی ئەسکەندەردا ڕێک نییە، چونکە لە تێکڕاییییەکەدا ساڵەکانی هێناوەتەوە تا دەگاتە شەشسەد و نەوەد و شەش ساڵ و نۆ ڕۆژ. جیاوازیی ئەوەی بۆ من ساغ بووەتەوە لە ژماردنی (زیج) دا و ئەوەی کیسرەوی گوتوویەتی نەوەد ساڵ و نۆ مانگ و دە ڕۆژە.

## بەندی سێیەمی

### بەشی یەکەم

لە دووبارەکردنەوەی ئەو مێژووەی لە بەندی یەکەمدا باس کرا لەگەڵ لێکدانەوەی، کە (بەهرامی کوڕی مەردان شاه)ی مووبەدی کوورە شاری شاپووری وڵاتی فارس.

بەهرامی مووبەدانی دەڵێ: بیست و ئەوەندە ڕوونووسی کتێبی (خوای نامە)م کۆ کردووەتەوە تا مێژووەکانی پاتشایانی فارسم لێ ڕاست کردوونەتەوە هەر لە گیومەرتی باوکی مرۆڤانەوە تا دوارۆژانیان و لەدەس دەرچوونی پاتشاییانەوە بۆ عەرەب.

یەکەم مرۆ لەسەر ڕووی زەویدا بووە، پیاوێک بووە فارس بە گیومەرت (گڵ شا) یان[17] ناو دەبرد، واتە: شای قوڕ، کە، سی ساڵ پاتشایەتیی تەنیا بەسەر گڵەوە بووە، کوڕ و کچێکی لێ جێ ماوە (مەشی و مەشیانە)، حەفتا ساڵیان بەسەردا دەچێ منداڵیان نابێ، ئینجا لە ماوەی پەنجا ساڵدا هەژدە منداڵی نێرینە و مێیینەیان دەبێ، ئینجا دەمرن و جیهان نەوەد و چوار ساڵ و هەشت مانگ بەبێ پاتشا دەمێنێتەوە. بەم جۆرە سەردەمی بێ پاتشایی، هەر لە پاتشایەتیی گیومەرتەوە تا دەستپێکی پاتشایەتیی ئۆشەنگ هۆشەنگ فیشداد پیشداد، دووسەد و نەوەد و چوار ساڵ و هەشت مانگە. ئینجا هۆشەنگی کوڕی فەرواڵی کوڕی مەشیی کوڕی گیومەرت چل ساڵ پاتشایی کردووە. ئینجا تەهمورتی کوڕی نەوبەجانی کوڕی ئیوەنکەهدی کوڕی هونکەهد ـ ی کوڕی هۆشەنگ سی ساڵ پاتشایی بەسەر حەوت هەرێماندا کردووە. ئینجا براکەی، جەمی کوڕی نەوبەجان شازدە ساڵ پاتشایی بەسەر حەوت هەرێماندا کرد. ئەوجا سەد ساڵی لەدەست بیوراسف هەڵاتندا بەسەر بردووە. ئینجا بیوراسف هەزار ساڵ پاتشایی بەسەر حەوت هەرێماندا کرد. ئینجا فەرەیدوونی کوڕی ئەتەفیان پێنجسەد ساڵ پاتشایی هەرێمی هەنیرەی کرد. دوای ئەو ئینجا مەنوچیهری[18] لەگەڵ ئەوەی ئەفراسیابی تورکدا سەد و بیست ساڵ پاتشایی شانشینییەکەی بە زەبروزەنگ بەڕێوە برد. پاشان زووی کوڕی تەهماسب پاتشایی کردووە و لە ڕۆژگاری ئەمدا کرشاسب چل ساڵ پاتشایی بەسەر هەندێک لادا کردووە. ئیدی ئەوە ماوەی چینی یەکەمی پاتشایانی فارسە کە نۆ شا بوونە، دەکاتە دوو هەزار و حەوتسەد و سی و چوار ساڵ و شەش مانگ.

### چینی دووەم

ئینجا قوباد سەد ساڵ پاتشایی کرد، دواتر کەیکاوسی کوڕی کەیقوباد سەد و پەنجا ساڵ. ئینجا کەیخوسرەوی کوڕی سیاوەشی کوڕی کەیکاوس شەست ساڵ. ئینجا کەیلوهراسب " سەد و بیست ساڵ. ئینجا کەیەشتاسفی کوڕی کەیلوهراسف سەد و بیست ساڵ. ئینجا کەیئەردەشیری کوڕی ئەسفەندیار گوشتاسب، کە بەهمەنیشی[19] پێ دەڵێن، سەد و دوازدە ساڵ. ئینجا هوما

شـەهرازادی کچی بەهمـەنی کوڕی ئەسفەندیار " کە زگی بە " دارای کوڕی بەهمـەن پڕ بووە، سی ساڵ. ئینجـا دارای کوڕی بەهمـەن دوازدە ساڵ. دواتر دارای کوڕی دارای کوڕی بەهمەن، چواردە سـاڵ. ئەمەش هەمـوو چینی دووەمی پاتشـایانە، کە نۆ کەس بوون و فەرمانڕەواییـیان حەوتسـەد و هەژدە ساڵی خایاندووە.

ئینجـا ئەلکسـاندر ئەسکەندەری ڕۆمی، چواردە سـاڵ. دواتر بۆ مـاوەی پەنجـا و چوار سـاڵ، کۆمەڵێک لە ڕۆمـەکان پاتشاییان کـردووە کە وەزیرەکانیان فارس بوونە. ئەمـەش دەکاتە شەست و هەشت ساڵ، (خۆشی چاکتری دەزانێ).

## چینی سێیەم

دوای ئەوانیش ئەشکی کوڕی دارای کوڕی دارا بیست سـاڵی پاتشاییی کـردووە. ئینجـا ئەشکی کوڕی ئەشکان بیست سـاڵ. پاشـان شاپووری کوڕی ئەشکان شەست سـاڵ. ئینجا بەهرامی کوڕی شـاپوور یازدە سـاڵ. ئینجا بلاشی کوڕی بەهـرام پانزە ساڵ. ئینجا هورمـوزی کوڕی بلاش نۆزدە ساڵ. ئینجا نەرسیی کوڕی بلاش چل ساڵ. ئینجا فەیرووزی کوڕی هورموز حەڤدە ساڵ. پاشان بلاشی کـوڕی فـەیرووز دوازدە سـاڵ. ئینجا خـوسرەوی کـوڕی مـلادان چل سـاڵ. ئینجا بـلاشـان بیسـت و چوار ساڵ. دواتر ئەردەوانی کوڕی بلاشان سێزدە ساڵ. ئینجا ئەردەوانی مـەزنی کوڕی ئەشکانان بیست و سێ ساڵ. ئینجا خوسرەوی کوڕی ئەشکـانان پانزە سـاڵ. ئینجا بێهافریدی کوڕی ئەشکانان پازدە ساڵ. ئینجا بلاشی کوڕی ئەشکانان بیست و دوو سـاڵ. ئینجا گۆدەرزی کوڕی ئـەشکانان سی ساڵ. ئینجا بەرسی کوڕی ئـەشکانان بیست سـاڵ. ئینجا دوا ئەردەوان، کە بە فارسی پێی دەڵێن ئەفدەم سی و یەک ساڵ پاتشاییان کردووە.

ئەوەی ماوەی چینی سێیەمە، کە لەگەڵ ئەسکەندەر بیست شـا بوون، چوارسـەد و شەست و سێ ساڵە وەک لە کتێباندا نووسراوە.

## چینی چوارەم

ئینجا ئەردەشـیری کـوڕی بابەک، دوای ئەوەی سی سـاڵ لە شـەڕی پاتشـایانی تایەفـەکاندا بووە، چواردە سـاڵ و دە مـانگان پاتشـایی کردووە. ئینجا شـاپووری کوڕی ئەدەشـیر سی سـاڵ و پازدە ڕۆژ، ئینجا هورمـوزی کوڕی شاپووری کوڕی ئەردەشیر دوو سـاڵ. ئینجا بەهرامی کوڕی هورموز سێ سـاڵ و سێ مـانگ. ئینجـا بەهرامی کـوڕی بەهرام حـەڤـدە سـاڵ. ئینجـا بەهرامی کـوڕی بەهرامی کوڕی بـەهرام چل سـاڵ و چوار مـانگ. ئینجا نەرسـیی برای بەهرامی کوڕی بوهرام نۆ سـاڵ. ئینجا هورمـوزی کوڕی نـەرسی حەوت سـاڵ. ئینجا شـاپووری کوڕی هورمـوز حەفتـا و دوو سـاڵ. ئینجا ئەردەشـیری بـرای شـاپوور چوار سـاڵ. ئینجا شـاپوور پێنج سـاڵ. ئینجا بەهرامی کوڕی شـاپوور یـازدە سـاڵ پاتشـایی کرمـانشـاە کرمـاشـانی کردووە. ئینجا یەزدگوردی گوناهکار

بیست و یەک ساڵ و پێنج مانگ و هەژدە ڕۆژی پاتشایی کردووە. ئینجا بەهرامی گووری کوڕی یەزدگورد نۆزدە ساڵ و یازدە مانگ پاتشایی کردووە.

ئینجا یەزدگوردی کوڕی بەهرام گوور چواردە ساڵ و چوار مانگ و هەژدە ڕۆژ. ئینجا فەیرووز پیرووز پیرۆزی کوڕی یەزدگورد حەڤدە ساڵ ئینجا بلاشی کوڕی پیرووز چوار ساڵ. ئینجا قوبادی کوڕی پیرووز چل و یەک ساڵ. ئینجا کیسرای کوڕی قوباد چل و هەشت ساڵ. ئینجا هورمزی کوڕی کیسرا دوازدە ساڵ. ئینجا کیسرای کوڕی هورمزی کوڕی کیسراپەرویز سی و هەشت ساڵ. ئینجا قوبادی کوڕی کیسرای کوڕی شیروویێ هەشت مانگ. ئینجا ئەردەشیری کوڕی شیروویێ ساڵێک و شەش مانگ. ئینجا بووران دوخت (بووران)ی کیژی کیسرا ساڵێک و چوار مانگ. ئینجا پیرووز، کە حوشنوشبەندە ــ یان پێ گوتووە، چەند ڕۆژێک. ئینجا ئەرزەمین دوخت (ئەرزەمین)ی کچی پەرویز لەگەڵ ماوەی حوشنوشبەندە، شەش مانگ. ئینجا خورزادخوسرەوی کوڕی پەرویز یەک ساڵ. دواتر یەزدگوردی کوڕی شەهریار بیست ساڵ پاتشاییان کردووە.

ئەمەش هەموو ماوەی چینی چوارەمە، کە بیست و هەشت شا بوونە، جگە لە سی ساڵی سەردەمی شەڕی ئەردەشیری کوڕی بابەک بووە لەگەڵ پاتشایانی تایەفەکان. کە دەکاتە چوارسەد و پەنجا و شەش ساڵ و مانگێک و بیست و دوو ڕۆژ.

هەموو ئەمانەش، لە سەردەمی دەستپێکردنی زگوزاوە تا دوایین ڕۆژانی پاتشا فارسەکان، کە شەشت و شەش شا بوونە، چوار هەزار و چوارسەد و نۆ ساڵ و نۆ مانگ و بیست و دوو ڕۆژە.

پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

(١) ئەلموعتەزید بیللاه " المعتضد بالله"، ئەبولعەباس، ئەحمەدی کوڕی تەلحە، شازدەمین خەلیفەی عەباسییان، ساڵی ٢٤٢ ی کۆچی لە بەغدا لە دایک بووە و ساڵی ٩٠٢ی زاین مردووە.

(٢) هورموزان: لە سەردەمی شەڕەکانی ئیسلامیدا فەرماندەی لەشکری خووزستانی ئێران بووە، دوای بەرگرییەکی زۆر و شکستخواردنی لەشکرەکەی هەڵاتووە و چووەتە (شوشتەر) و دواتر ئەویش دوای هەژدە مانگی گەمارۆو بە دیل گیراوە و براوەتە لای عومەری کوڕی خەتاب، داوای ئاو دەکا ئاوی دەدەنە دەست و عومەر پێی دەڵێ تا ئەم ئاوەت نەخواردووەتەوە، ناکوژرێی، هورموزانیش ئاوەکە دەڕێژێ و نایخواتەوە، عومەر ناچار دەبێ بەڵێنی بەجێ بهێنێ. دواتر ئیسلامەتی پەسند دەکا و دەبێتە ڕاوێژکاری عومەر لە کاروباری ئێراندا. کە پیرۆزی نەهاوەندی عومەر زامدار دەکا عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەر لە تۆڵەیدا هورموزان دەکوژێ.

http://fa.wikipedia.org/wiki/

(٣) ئیبنولموقەففەع: " إبن المقفع " (٧٢٤ – ٧٥٩ ی ز) بە ڕەسەن فارسە، ناوی (ڕۆزبێ) بووە، لە گوندی (گوور)ی ئێراندا لەدایک بووە، کە بووەتە موسڵمان ناوی کراوەتە (عەبدوڵڵا) و موقەففەعیش نازناوی بووە. نووسەر و وەرگێڕ و عەرەبی و فارسیزانێکی بە ناوبانگە و چەندین کتێب و دانراوی هەیە.

(٤) ئەلمەئموون (المأمون): ئەبولعەباس، عەبدوڵڵای مەئموونی کوڕی (هارووندەڕەشید)ە، ساڵی١٧٠ی کۆچی

لەدایک بووە و ٢١٨ ی کۆچی مردووە. دایکی لە فارس (کورد)ە بەرمەکییەکان بووە و ناوی (مەراجل) بووە. سەردەمەکەی سەردەمی زانست بووە لە ئیسلامدا.

(٥) ئەبومەعشەری فەلەکی (أبو معشر الفلكی): جەعفەری کوڕی عومەری بەلەخییە، لە گەورە زانایانی ئەستێرەناسی و ئەستێرەژمێرانی ئیسلامەتییە و لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە، بەناوبانگترینیانە لە ئەورووپا، کە بە ئەلبوماسەر Albumasar دەناسرێ. یەکێک بووە لە فەرموودەناسان و لێکۆڵەرەوانی مێژووی گشتی و بەتایبەتیش هەواڵەکانی فارس، لەلایەنە جوداکانی مێژوو و ئەستێرەناسیدا پتر لە سی کتێبی داناوە.

(٦) عیبرانی: یان عیبری، زمانی ئیسرائیلییانە.

(٧) سامیری: چینێکن لە جوولەکە، گوایە ئەمانە دوای دیلێتیی بابلیان گۆڕاون و تەوراتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە پێی دەگوترێ تەوراتی سامیری کە ئەمە بە تەوراتە ڕەسەنەکە دادەنێن، بەشە جووەکانی تر دانیان پێدا نانێن.

(٨) واتە: لە دەستپێکی کەلووی کارژۆڵەی گەردوونییەوە.

(٩) ئەلموتەوەککیل (المتوكل): ئەبولفەزڵ جەعفەر ئەلموتەوەککیل عەلاللاهـ ی کوڕی موعتەسیمی کوڕی ڕەشید ٢٠٥ – ٢٤٧ ی کۆچی ، دایکی تورک بووە، سەردەمەکەی بە سەرەتای لاوازی و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عەباسییان بووە، کە لەسەر دەستی تەتەر ساڵی (٦٥٦ی کۆچی / ١٢٥٨ ی زاین) کۆتاییی پێ هاتووە.

(١٠) لە کۆن و نوێدا ئەم وشەیە بە هەردوو شێوەی (فەیرووز) و (پیرۆز)یش بەکار هاتووە، لەناو دەقەکەدا، کە فەیرووز نووسراوە دەستکاریم نەکردووە.

(١١) (زیج)ی گەردوونناسی: خشتەگەلێکی تایبەتە بە گەردوونناسی، بۆ دەرخستنی شوێنی ئەستێرەکان و ڕەوتیان بەپێی وەرز و ساڵان، بە ژماردنێکی بیرکارییانە (ماتماتیکی).

(١٢) لە کتێبەکە ناوەکە بەشێوە عەرەبێنراوەکە ئەنووشیروان (أنوشیروان) نووسراوە، من بە (نەوشیروان)ی شێوە ڕەسەنەکەی خۆیم نووسییەوە.

(١٣) جاتلیق (جاثلیق): پلەیەکی زانایانی ئاینیی دیانانە.

(١٤) بابل: ئەمە ناوێکە بە ناوچەیەکی ڕۆئاوای ئێران گوتراوە، نەک بابلی کۆنی ناو عیراق.

(١٥) مووبەد: یان موویید: زانا، پاسەوانی ئاتەشکەدە.

(١٦) هیربەد: دادوەر، قازیی زەردەشتییان.

(١٧) گڵ شا: لە ئیسلامدا (ئادەم) ە، وشەی (آدم) لە وشەی (أدیم)ی عەرەبییەوە هاتووە، واتە گڵ، یان خاک، بەرگی زەوی، ئەبولعەلائولمەعەرری ی شاعیری گەورەی عەرەب لە دێرە شیعرێکیدا دەڵێ:

" صاح ما أظن أديم الأرض إلا من هذه الأجساد "

واتە: هاوڕێ ڕووی زەوی و بەرگەکەی لەم تەنانە نەبێ بەهیچی تر نازانم، واتە گڵ و خاکی زەوی هەر لە تەنی مردووان پێک هاتووە.

(١٨) مەنوچیهر: واتە: ڕووبەهەشتی. لە کوردیی ئێستادا لە شێوەی "مەنووچەر" دا ماوەتەوە.

(١٩) بەهمەن: لە شێوەی بێهمەنیش بەکار دەبرێ.

# مامۆستایەکی جوولەکە چی لە محەمەد فێر دەبێ

## پەروەردەی هاوپشکیی ئاینەکان

مالم – ئالان س. مایەر

٥٠ سال بەر لە ئێستا لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆزانجلز قوتابی بووم کە بۆ یەکەم جار ئیسلامەتیم خوێند. پاشان لە قوتابخانەی مالمان (حاخامان) بووم کە دووبارە خوێندمەوە. ئینجا بەدرێژاییی سالآن بەردەوام قورئان و کتێبەکانی ترم خوێندوونەتەوە. ئەو کتێبانە بەم شێوەیە دەخوێنمەوە کە پێغەمبەر بەفەرمووده بە یاوەرەکانی خۆی گوتووە، "نە وەک کەسێک دەیانخوێنمەوە کە باوەڕی پێی هەبێ و نە وەک کەسێکیش کە باوەڕی پێیان نەبێ." ئەوە چ دەگەیەنێ؟ دیارە کە قورئان کتێبی پیرۆزی موسڵمانانە.

فەرمووده گێڕەوەیەکی محەمەد کە ناوی ئەبوهورەیرەیە دەگێڕێتەوە کە "ئەهلی کتاب تەوراتیان بە عیبری دەخوێندەوە و پاشان بە عەرەبی بۆ موسڵمانان شرۆڤەی دەکرد." پێغەمبەری خوا (بە موسڵمانانی) گوت. "نە باوەڕ بە ئەهلی کتاب بکەن و نە باوەڕیشیان پێ مەکەن، وەلێ بڵێ، ئێمە باوەڕمان بە خوا و بە هەموو ئەوانە هەیە  کە بۆت ئاشکرا دەکرێ. " منیش لە دوای ئەو دەرسەی لە محەمەدی فێر بوومە دەچم و نە باوەڕ بە قورئان دەکەم و نە باوەڕێشی پێ ناکەم. ئەگەر باوەڕ بە قورئان بێنم ئەوە دەبمە ئەندامێک لە ئوممەتی ئیسلام. بەڵام ناشتوانم باوەڕ بە قورئان نەهێنم چونکە باوەڕم ئەوەیە کە محەمەد پێغەمبەرە و ئیحتیرامیش لە قورئان دەگرم چونکە وەحییەکی خاوێنە و بۆ ئوممەتێکی باش هاتووە و بەزمانێکی پاراو نووسراوەتەوە. لە ڕاستیدا، گەلەکە و زمانەکە و دینەکە لە هەموو نەتەوە و زمان و ئاینەکانی تری سەر ئەم زەوینە، لە زمانەکەم و لە دینەکەم نزیکترن.

پێم خۆشە بەچەند حەدیسێک لەو حەدیسانە دەست پێ بکەم کە شتیان لەبارەی دینەکەی

........................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک

خۆمەوە فێر کردووم و وەک حاخامێکی لیبراڵی ڕیفۆرمخواز، بەشێوەیەکی پرشنگدار لە بۆچوون و تێگەیشتنەکانی خۆمدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەموو فەرموودەکانیش لە بوخارین:

ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر فەرمووی: دین زۆر ئاسانە و هەر کەسێکیش باری خۆی بە دینی گران بکات، ناتوانێ لەو ڕێیەدا بەردەوام بێ. بۆیە نابێ توندڕۆ بن، بگرە کۆشش بکەن تا لە کەمال نزیک ببنەوە و گوێ لەو قسانە ڕابگرن کە پاداشتتان بۆ دێنێ. (بەرگی یەکەم، کتێبی یەکەم، ژمارە ٣٨)

ڕۆشنایی: ئەم ڕێنوێیکردنە لە دژی توندڕۆیی پێویستە لە هەموو ماڵێکی سەر ئەم زەوییەدا فێر بکرێ. بێگومان ئەمە توندڕۆیی سیاسی و هی ئاینیش دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوانەشێتی کە هەموو کات تەسکترین ڕێ لە بریی نەرمترین ڕێباز هەڵدەبژێرن. بۆ نموونە، هەردووک ئاینی ئیسلام و جوولەکە قوربانیکردنیان پێ گرینگە و بە ئەرکیشیان زانیوە و گۆشتی هەندێ ئاژەڵیش نابێ بخۆن. لە ئیسلامەتیدا ئەو ڕێسایانە سادەتر و کەمترن لەوەی کە لەناو جوولەکایەتیدا هەیە. زۆربەی ماڵە لیبراڵ و چاکسازەکان ئەو پێشڤەچوونانەی لە کاشروت (قانوونەکانی خۆراکی جوولەکە)دا دەکرێن، بەتایبەتیش ئەوانەی بۆ جەژنی فیسح دەکرێ، بەبێ سوود دەزانن چونکە ئەرکەکە ئاسان ناکەن و پێشیان وایە کە زێدە ئیسرافی لە بۆنەکانی شابات (شەمو)دا کە بەدرێژایی سەدان ساڵە دەکرێ، بێ سوودە و بارەکە هەندە گران دەکات، چێژی ئاهەنگی شابات ناهێڵێ. محەمەد ژیرانە توندڕۆیی جودا کردووەتەوە لەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ ئەوەی لە کەماڵ نزیک ببنەوە (کەس کەماڵ نییە) و ئەمەش ڕەفزکردنی توندڕۆییە و بەو پێیە بەتەنیا هەوڵدان بۆ ئەوەی چاکە بکەی، پاداشتت دەدرێتەوە.

عائیشە و ئیبن عەباس دەگێڕنەوە: پەیامبەری خوا، لەناو نوێنی مردنیدا بوو کە پارچەیەکی خستە سەر ڕووی و کە گەرم داهات، پارچەکەی لە ڕووی خۆی هەڵماڵی. لەو حاڵەتەیدا بوو (پارچەکەی دادەنا و لایدەدا) کە گوتی: نەفرەتی خوا لە جوولەکە و لە دیانان بێ چونکە شوێنی خواپەرستییان لە تەک گڵکۆی پێغەمبەرەکانیان دروست دەکەن. بەمە ویستی (موسڵمانان) ئاگەدار بکاتەوە نەچن ئەوەی (جوولەکە و دیان) کردوویانە ئەوانیش بیکەن. (بەرگی ٤، کتێبی ٥٦، ژمارە ٦٦٠). (بەرگی ٤، کتێبی ٥٦، ژمارە ٦٦٠)

ڕۆشنایی: پەیامبەری خوا بەتوندی دژایەتیی ئەوەی کردووە کە لە غەیری خوا ڕێز لە کەس بگری یان کەسێکی تر بپەرستی. دیانەکان و تەنانەت جوولەکەکانیش، دەستیان پێ کردووە لە تەک قەبری پیاوچاک و قدیس و پێغەمبەراندا خواپەرستی دەکەن. هەرچەندە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە تەنیا خوا دەپەرستن، لێ ئەوەی ئەوان لە دڵیانەوە باوەڕی پێ دەکەن ئەوەیە کە نوێژەکانیان لەو شوێنانە خێریان پترە، محەمەد نەفرەتی لێی کردووە.

لەو سەد ساڵانەی دواییدا، موسڵمانانیش دەستیان پێ کردووە لەسەر قەبری پیاوچاکان نوێژ دەکەن و شوێنی خواپەرستیش لە نزیکی ئەو گڵکۆیانەدا دروست دەکەن. ماڵە لیبراڵ و

چاکسازەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پەیامبەری خواش دڵنیا بووە کە کۆمەڵی موسڵمانیش پیاوچاکی ئاوایان لێ دەبێ کە لەبەر چاکی و خواپەرستییان دەبنە هۆی ئەوەی ئەم چەشنە هەڵەیە بکرێ کە لە حەدیسەکەدا باسی کردووە.

ئەبوسەعید گێڕاوێتییەوە: پێغەمبەر فەرمووی: ئێوە هەندە بە پوختەیی و بە تەواوەتی بەو ڕێیە چەوتانەدا دەچن کە پێشینەکانتان پێیاندا چوون تا ئەو ڕادەیەی ئەگەر ئەوان بچنە نێو کونی بزنمشکی، ئێوەیش دەیچنێ – ئێمەش گوتمان: یا رسول الله، ئاخۆ لەگەڵ جوولەکە و دیانەکانتە؟ لە وەڵامدا فەرمووی: لەوان بترازێ کێ هەیە؟ (بەرگی یەکەم، کتێبی ٥٦، ژمارە ٦٦٢)

ڕۆشنایی: محەمەد ڕەخنەی لەو نسکۆیانە گرتووە کە تووشی گەلەک کۆمەڵی جوولەکە و دیانەکان هاتووە (پێغەمبەری بەنوئیسرائیلییانیش وای کردووە) بەڵام پێغەمبەری ئیسلام ئەو ڕاستییەی زانیوە کە خەڵکی مرۆڤن و پێ ناچێ کە زۆربەیان لە نسکۆیەکانی کەسانی تر پەند وەربگرن.

ئومێدیشی خواستووە موسڵمانان پاکیی خۆیان بپارێزن، بەڵام پێشبینیی ئەوەی کردووە کە بەپێی زەمان و لە ئەنجامی دەسەڵات: گەندەڵی و خراپەکاری و درۆ پەیا دەبن. جا گومان لەوەدا نییە کە ئەو کاتی پێغەمبەر چۆن پەلاماری کوشتنی کچانی دا، ئێستاش بەهەمان شێوە پەلاماری ئەوانەی دەدا کە ئەمڕۆ لە ئەفریقیا، ئەندامی مێیینەی کچان دەشێوێنن. جێی شەرمەزارییە کە زۆر لە سەرکردە ئاینییە ئیسلامەکان لە ئەفریقیا بەتوندی ئەم کارە قێزەوەنە ڕیسوای ناکەن. بەڵام ئەو کاتی، زۆر لە سەرکردە جوولەکە ڕۆژئاواییەکان بە توندی ئۆرتۆدۆکسەکانیان ڕیسوا نەکرد چونکە ڕێیان نەدا ئافرەتە جوولەکەکان بتوانن شووەکانیان تەڵاق بدەن. پێویستە ئێمە هەموومان هەوڵ بدەین بارەکە باشتر ببێ.

ئەبو هورەیرە گێڕایەوە: دوو پیاو یەکێکیان موسڵمان و ئەوی تریان جوولەکە بوو، ئازاری یەکترییان دا. موسڵمانەکە گوتی: بەو خوایەی محەمەدی لە هەموو کەسێک گەورەتر کردووە. لەوێدا جوولەکەکە گوتی: بەو خوایەی مووسای لە هەموو کەسێک گەورەتر کردووە. موسڵمانەکە لە قسەکەی تووڕە بوو و شەقەزللەیەکی لە بناگوێی جوولەکەکە دا. جوولەکەکە چووە لای پێغەمبەری خوا و تێی گەیاند لەگەڵ موسڵمانەکە چی لێ قەوما.

پێغەمبەری خوا فەرمووی: من لە مووسا گەورەتر مەزانە، چونکە ڕۆژی قیامەت مرۆ بێ هۆش دەبێ و من یەکەم کەس دەبم وەئاگا دێمەوە و ئیتر هەستی خۆی ڕاگرت! مووسا لەوێیە و لە تەک عەرشی خوا ڕاوەستاوە. نازانم مووسا لەناو ئەوانە بوو کە بوورانەوە و پاشان بەر لە من ئاگای بووەوە، یان لەناو ئەوانەدا بوو کە خوا جودای کردنەوە و لە خۆنەچوون. (بەرگی ٨، کتێبی ٧٦، ژمارە ٥٢٤)

ڕۆشنایی: هەندە بەچاکی ناسرابوو کە پەیامبەری خوا لایەنگری ڕاستی دەکا، بۆیە جوولەکەیەک هاواری بۆ برد، هەرچەندە هاوارەکەیشی لە دژی کابرایەکی موسڵمان بوو. کارێکی

سروشتییه كه پیاوێكی جوولەكه وا بزانێ كه مووسا له هەموو كەس باشتره و سروشتیشه كه ئینسانی موسڵمان محەمەدی پێ له هەموو كەسێك باشتر بێ.

محەمەد كابرای موسڵمان ڕادەگرێ و پێی دەڵێ نەكا بڵێ محەمەد له مووسا گەورەتره چونكه تەنانەت له ڕۆژی قیامەتیشدا، محەمەد خۆی نازانێ شوێنەكەی له كوێ دەبێ، هەرچەنده محەمەد یەكەم كەس دەبێ كه زیندوو دەكرێتەوه، مووسا لەوێ ڕادەوەستێ و لایەكی عەرشی خوا هەڵدەگرێ. محەمەد فێرمان دەكات كه بەراوردكردنی ئاینەكان لەگەڵ یەكتری هەڵەیه، چونكه نەك هەر لەم دنیایه، ڕەنگه لەو دنیاش كه دێ، كەس نییه بزانێ كێ له كێ باشتره یان كێ له هەر هەمووان چاكتره.

زۆر لەو ئەمەریكاییانەی تا ئێستا قسەم لەگەڵیاندا كردووه، سەریان سوڕ دەمێنێ كه دەزانن ئەم قسه لیبراڵه نەرمانه هی دینێكه كه وایان لێی زانیوه كه توند و ڕەقەكاره. بەڵام ئەو ئیسلامه سیاسییەی كه بەم شێوەیه سەرنجی دنیای ئیسلامی ڕاكێشاوه، بەرەنجامی دوو فاكتەره: بەهۆی ئەو پشێوییه له ڕادەبەدەرانەی ناو كۆمەڵی سەدەی ٢٠ و ٢١ەـ، مرۆ كاردانەوەی دژی ڕۆئاوای دەبێ و قوربانی دەدات.

له ئەنجامی خراپیی باری كۆمەڵایەتیی ئابووریی ڕۆهەڵاتی ناڤینی ئەم چەند سەدەی ڕابردووه، كه خەڵكی لەناو پێستی خۆی خەریكه تەق دەكا. هەرچەند جوولەكایەتی و دیانایەتی (مەسیحییەت) بزووتنەوەی چاكسازیی خۆیان كردووه و ئێستێكه وا بەروبوومی دەبێ ... ئیسلام هەنووكه خەریكه دەبووژێتەوه و دەست بەچاكسازی دەكات. پێغەمبەر پێشبینیی ئەوەی كردووه كه چەند سەدەیەك له دوای خۆیدا، موسڵمانان توندتر و دەمارگیر تر orthodox و وەك پێشانی جوولەكه و دیانەكانیان لێ دێ.

ئەبوسەعید ئەلخودری له پەیامبەری خوا دەگێڕێتەوه كه فەرموویەتی: ئێوەش بەهەمان ئەو ڕێگەیەدا دەڕۆن كه ئەوانی پێشی ئێوەی پێدا ڕۆیشتوون، گرێ بەگرێ و هەنگاو بەهەنگاو، تا ئەگەر ئەوان بچنه ناو كونی بزنمشكێك، ئێوەش به دوویاندا دەچن. ئێمەیش گوتمان: ئاخۆ نیازت جوولەكه و دیانەكانه؟ ئەویش فەرمووی: كەسی تر هەیه؟ محەمەد گەلەك هۆشمەند بوو بۆیه زانی كه ئوممەتی ئەویش وەبن باری مێژوو دەكەوێ.

هەرچۆنێك بگوترێ، من وەك حاخامێمی چاكساز، ئەو ڕاستییه دەزانم كه محەمەد، له دوورگەی عەرەبی، ڕێی بەجوولەكەكانی سەدەی حەڤدەمین نیشان دا كه چۆن چاكسازی له جوولەكایەتیی دەمارگیر بكەن بۆ ئەوەی بەرەو شێوازه سادەترەكانی تەوراتی ببەنەوه..

مالە لیبراڵ / چاكسازەكان وەك مالە دەمارگیرەكان نین و بنەمای هەڵوەشاندنەوه قبووڵ دەكەن واته دەشێ ئایەتێك له دەقی تەورات ئایەتێكی تر هەڵوەشێنێتەوه و بەم پێیەش حوكمی ئایەتەكە، بەگوێرەی باروودۆخه نوێیەكە، دەگۆڕێ. محەمەد نموونەیەكی نایابی لەم لایەنەوه پێشكێش كردووه. پێغەمبەر له سەرەتادا به ژنانی گوت نەچن سەردانی گۆڕستانەكان نەكەن، لێ

لە نزیکی کۆتاییی ژیانی پێی گوتن: پێم گوتبوون، نەچن سەردانی گۆڕستانان نەکەن، بەڵام ئێستا وا پێتان دەڵێم، بڕۆن سەردانییان بکەن. هۆیەکەیشی ئەوە بوو کە ژنە عەرەب فێر بوون لەسەر قەبران سەردولکەیان دەگوت.

پێغەمبەر ویستی ئەم ناورانەوەیە نەمێنێ. بۆیە ئافرەتانی لە سەردانیکردنی گۆڕستانان قەدەخە کرد نەکا بچن لەوێ بنووزێنەوە. پاش ماوەیەک، کە ئافرەتی ئیسلام فێر بوو لە هەر دۆخێک چ بکا، پێغەمبەر ڕێی دانێ هێشتا لە جاران پتر سەردانییەکانیان بکەن. لە ڕاستیدا، پێغەمبەر هانی سەردانیکردنی گۆڕستان دەدات، چونکە ئەم کارە مردن وەبیری مرۆڤ دێنێتەوە و وەبیریش دێنێتەوە کە دەبێ لە بەرانبەری خوا بوەستن بۆ ئەوەی چاکە و خراپەیان بێننەوە پێشێ و لە دوای لە دادگەدانەکە یان پاداشت وەردەگرێ یان دەپانشێ (سزا دەدرێ). زانایانی وەک ئیبن قودامە، کە سەر بەقوتابخانەی فیقهی حەنبەلییە، ڕوونی کردووەتەوە کە ئامانجی سەردانیی گڵکۆکان ئەمە بووە و ژنان و پیاوانیش پێویستە ئەم سەردانییانە بکەن.

شتێکی گرینگی تریش لە قورئان فێر دەبین، ئەویش ئەوەیە کە خوا نەیویستووە مرۆڤ هەموو بە یەک نەتەوە دروست بکات یان تەنیا یەک ئاینیان هەبێ بۆ ئەوەی ئاینەکان پێشبڕکێی یەکتری بن تا بزانن کام دین لە هەموو ئەوانی تر ڕەوشتی بەرز و مرۆڤی زیندوو زار و زیندوو هزر و زیندوو نیهاد پەیا دەکات (٤٨ ,٥) "بۆ هەریەک لە ئێوە یاسایەک و ڕۆژێکمان دیاری کردووە. ئەگەر خوا ویستبای هەمووتانی دەکردە یەک نەتەوە، بەڵام (کە وای نەکرد) ڕەنگە تاقیتان بکاتەوە لەوەی کە پێی داون. بۆیێ لە پێناوی کاری کۆکدا پێشبڕکێی یەکتری دەکەن، هەمووتان بۆ بەردەستی خوا دێنەوە و ئیتر ئەو خۆی پێتان دەڵێ چتان لەسەر چ ناکۆکیتان بووە." ئەمەش پێشڤەچوونێکی گەورەی وانەکانی تەوراتە کە لەسەر زانی میخا پێغەمبەرەوە بەم شێوەیە هاتووە (٤:٥) کە لەسەردەمی دیانایەتی "خەڵکی هەموو دەڕۆن، هەریەکە بەناوی خوای خۆیەوە دەڕوا، ئێمەیش بەناوی خوای گەورەی خۆمانەوە دەڕۆین."

لەوێ لە نێوان جوو و ئیسلام ڕکەبەری نییە، ململانێ نابێ. ململانێی نێوان ئیسرائیلییان و فەلەستینییان لەسەر خاکە. کەسانێک هەنە دەیانەوێ ئەم ڕکەبەرییەی سەر خاک بگۆڕن و بیکەنە ململانێیەکی دینی بۆ ئەوەی پشتیوانی بۆ کێشەکەیان پەیا بکەن. پێویستە ئێمەمانان بەرگری لەمە بکەین. من لەو باوەڕەدامە کە خودی قورئان پێشبینیی ئەوە دەکات کە شەعبی ئیسرائیلی دەگەڕێنەوە سەر ئەو خاکەی خوا بە باپیرانی ئیبراهیم و دوو کوڕەکەی داوە.

من باوەڕم بەوە هەیە کە لە سورەتی پێنجەمی قورئاندا هاتووە، کە خوا بە مووسا و بە گەلی یەهوودی دەڵی: "يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَلاَ تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ " – واتە "گەلۆ! بچنە ئەو سەر زەوینە پیرۆزەی خوا بۆ ئێوەی بڕیار داوە و بۆ و نووسراوە و بەرەو پاش مەگەڕێنەوە. گەر لە پەیمان خۆ ببوێرن بەزیانتان تەواو دەبێ." ٥:٢١ لەمەش گرینگتر بۆ ئێمە ئەمڕۆ گۆتێنەکەیە: "وَقُلْنَا مِن بَعْدِهِ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ اسْكُنُواْ الأَرْضَ فَإِذَا جَاء وَعْدُ الآخِرَةِ جِئْنَا

بِكُمْ لَفِيفًا ١٠٤:١٧ لەمەش واتە لە ئەویش بە بەرەی ئیسرائیلیمان گوت: نیشتەجێ بن لەم وڵاتە و هەردەمێکیش سەڵا ڕابوو، ئەوسا گشت و پێکەوە کۆ دەکەینەوە. ئەمەش ئاماژەیە کە جوو دەگەڕێنەوە خاکی ئیسرائیل کە ئەمەش بەشێکە لەو ئاژاوە نەقوڵایەی لە پێش ڕۆژی قیامەتدا دێ. ئەم سەردەمەی کە ئێمەی تێدا دەژین. وشەی: "لفیفا" ئاماژە بەو ئیسرائیلی و فەلەستینییانەیە کە وێکرا لەسەر خاکی پەیمان (أرض المیعاد – Promised Land دا وێکڕا دەژین.

هیچ لایەکیان ناتوانێ باسێنە (ئیدیعا)ی بکا کە تەواوی خاکەکە تەنیا مافی ئەوە یان هەر خۆی ڕاستە چونکە ئێمە لە ئەبوهوڕەیرە فێر بووین کە لە فەرموودەدا هاتووە: پێغەمبەر خۆی پێی گوتین کە تەنانەت لە ڕۆژی قیامەتیشدا دیار نییە ئاخۆ مووسا یان محەمەد پایەدارتر دەبێ. هەریەکێکیان لە لایەنی باوەڕی ئوممەتی خۆیەوە باڵاتر دەبێ.

موسڵمان ئەو کەسەیە کە ملکەچی ویستی خوایە و باوەڕی وایە کە، لەم دنیایەدا، خوا چەندان پێغەمبەری بۆ چەندان نەتەوە ناردووە. منیش چونکە حاخامێکی لیبراڵی / ڕیفۆرمخوازم، باوەڕم وەتۆیە کە محەمەد پێغەمبەرە و بۆ نەتەوەی عەرەب هاتووە، وەک لە ئایەتی ١٤ی سورەتی ئیبراهیمدا فەرموویەتی: "وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ فَيُضِلُّ اللّهُ مَن يَشَاء وَيَهْدِي مَن يَشَاء وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحْكِيمُ." ئەمەشیان مامۆستا هەژار لە وەرگێڕدراوەکەیدا ئاوا کوردانددوویەتی هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد مەگین بە زوان گەلەکە خۆی: تا هەقیان بۆ ڕوون کاتەوە. خوا هەر کەسێ حەز بکا گومڕای دەکا و کێشی بووێ شارەزای ڕاستەڕێی دەکا و هەر خۆی خاوەن دەسەڵاتی لە کار زانە. بۆیە من باوەڕم وایە کە تەورات چەند ڕاستە بۆ جوولەکان، قورئانیش هەندە بۆ موسڵمانان ڕاست و دروستە. لە ڕاستیدا من ئەو فەرموودەیەم خۆش گەرەکە کە ئەبوهوڕەیرە گێڕاویەتییەوە و دەفەرمووێ: "ئەهلی کیتاب لێ ڕاهاتبوون تەوراتیان بە عیبری دەخوێندەوە و پاشان بۆ موسڵمانان بە عەرەبی شرۆڤەیان دەکرد. پێغەمبەری خوا فەرمووی. "نە باوەڕ بە ئەهلی کیتاب بکەن، نە باوەڕیشیان پێ مەکەن، بەڵکە بڵێن، ئێمە باوڕ بە خوا دەکەین، باوەڕ بەوە دەکەین بۆمان ئاشکرا کراوە و بەوەی کە بۆ ئێوەش ئاشکرا کراوە." منیش بە قسەی محەمەد دەکەم، نە باوەڕ بە قورئان ناهێنم و نە باوڕیشی پێ دێنم. من لە یەقینەوە ڕێزی زۆر لە قورئان دەگرم چونکە دڵنیام لەوەی کە وەحییەکی بێ هاوتایە و بۆ نەتەوەیەکی باش هاتووە و بە زمانێکی پاراویش دابەزیوە. لە ڕاستیشدا گەلەکە و زمانەکە و دینەکە لە گەل و زمان و دینەکەی من لە هەموو ئەوانەی سەر ڕووی زەوین نزیکترن. ئەو پشتیوانییە توندەی قورئان لە فرە ئاینی دەکا، دەرسێکە ئەمڕۆ تا بڵێی پێویستە و دەبێ هەموو ئەوانەی پێڕەوی ڕێبازی ئاینی توند دەکەن ئەمە بزانن. وەک ئەوەی باش زاندراوە کە حەدیس دەفەرمووێ: "پێغەمبەرەکان هەموو برای یەکن، کوڕی یەک باوکن و چەندان دایکیان هەیە. دایکەکانیان جودانە بەڵام دینەکەیان یەکە." بوخاری و موسلم.

# داهاتووی کوردستان
# بەرەو کوێ دەچێ؟

مارک دوهارست

کوردەکان بە ٢٥ تا ٢٨ ملیۆن کەس گەورەترین نەتەوەی بێ حکوومەت لە دنیان و هاوولاتییانی کورد لە ناوچەیەکی جوگرافیاییی کەم بەناوی کوردستان نیشتەجێن. پاش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە مانگی نیسان/ئەپریلی ٢٠٠٣، دەستووری نوێی عێراق لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ خرایە دەنگدانەوە و هەڵبژاردنی سەرکەوتووی ئەو وڵاتە لە مانگی دیسێمبەری ٢٠٠٥ بەڕێوە چوو. ئەمڕۆ کوردەکان کاریگەری زیاتریان لە داهاتووی عێراق و کوردستاندا هەیە. کوردەکانی باکوری عێراق لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پاڵپشتییان لێ کرا و بوونە خاوەنی ناوچەیەکی تەناهی وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ و ئەمەریکا و بەریتانیا فڕینیان لەو ناوچەیەدا قەدەخە کرد.

کوردەکانی عێراق لە ڕێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جۆرێک لە سەربەخۆییان لە باکوری کوردستان دامەزراند و ئەم ڕووداوانە بۆی هۆی بەرزبوونەوەی چاوەڕوانی سەربەخۆخوازانەی کوردەکان و بەلانی کەم بووە هۆی بیرکردنەوە لە دامەزراندنی عێراقێکی فیدراڵ. سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەو جۆرەی کە ناتوانێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و متمانەی ئەمەریکا لە دنیادا لە بیر بکات، هەر بۆیە ناتوانێ لە بەرامبەر کوردەکاندا هیچ هەڵوێستێکی نەبێ.

لەم بابەتەدا تیشک دەخرێتە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بەرامبەر کوردەکان و داهاتووی عێراق. ئاخۆ عێراق دەتوانێ سەرەڕای دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان شیعە، عەرەبە سوننەکان و کوردەکان بگاتە یەکگرتن؟ ئەگەر عێراق نەتوانێ بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە ئاخۆ

.............................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فوئاد ڕەحیم

دابەشکردنی ئاشتییانەی عێراق جێگری ناوچەکە دەشێوێنێ؟ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەبێ لەم بارەوە چی بکات. ریفراندۆمی دەستووری عێراق کۆنترۆڵی کوردەکان لە ناوچەی کوردستاندا بەرەسمی پەسند کرد. ریفراندۆمی دەستووری عێراق بووە هۆی جێگیرکردنی چۆنیەتیی دابەشکردنی قازانجەکانی نەوت و غاز لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا. سەرەڕای هەموو ئەمانە ناکۆکیی هەرێمی لە نێوان کوردەکان و عەرەبەکانی عێراقدا لەسەر ناوچەکانی خاوەن نەوت بەتایبەت شاری دەوڵەمەندی کەرکووک هەیە و ئەو شارە ناکۆکییەکی گەورەیە بۆ داهاتووی عێراق.

## ئەزموونی مێژوویی

بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد دەبێ جارێک سەیری مێژووی کوردەکان، ئەو شەڕانەی کە بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەیان کردوویانە. کوردەکان کۆمەڵگەیەکی هۆزنشینی مێژوویی لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونە و هیچ حکوومەتێکیان بۆ پاراستنی خۆیان و مێژووەکەیان نەبووە. کوردستان کەوتووەتە وڵاتانی عێراق، سووریا، تورکیا و ئێران. کوردەکان زۆربەیان موسڵمانی سوننەن. کوردەکان لەلایەن ئێرانییەکانەوە وەک کەمینەیەکی بێگانە و پڕ کێشە سەیر دەکرێت. عەرەبەکان، کوردەکان دوور لە خۆیان دەزانن و تورکەکانیش بەچاوی خەڵکێکی جیا لە خۆیان سەیریان دەکەن. لە مێژووی کوردەکاندا دەسەڵاتدارانی ناکورد لە خاکەکەیان بۆ لەناوبردنی



کوردەکان هەوڵیان داوە، بەجۆرێک بەردەوام پێناسەی کوردەکان بخەنە مەترسییەوە. بۆیە کوردەکان بەردەوام لە بەرامبەر یەکڕیزیی نیشتمانەکەیان بەرگرییان کردووە و لە بەرامبەر شەڕە سەربەخۆخوازەکانیان زۆر زیانیان بەرکەوتووە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتانەی خاوەنی کەمینەی کورد، ڕێگەی ئیستیعمار دژ بەکوردەکان بگرنە بەر.

پێش دەسپێکردنی شەڕی یەکەمی دنیا، کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و قاجار دابەش بوو.هەرچەند کە ئەو دوو وڵاتە بەشێوەی ئاشکرا کوردستان بەپرسێکی کێشەدار نازانن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی شەڕەکان لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییە لەسەر کوردستان یا لە ناوچەی کوردستاندا بوو. دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی کوردستان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان و بەرەچاوکردنی دۆخی ویلایەتەکەی خۆیان هەرجارە و پاڵپشتییان لە یەکێک لە ئیمپراتۆرییەکان دەکرد. پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ناوچەی کوردستان تووشی شڵەژان و ناکۆکی بووەوە و تەنیا چەند ویلایەتێک کە لەلایەن سەرکردەی هۆزە ناوەخۆییەکانەوە کۆنترۆڵ دەکران، توانییان سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن. بڵاوبوونەوەی یاسای ١٤ خاڵییەکەی ویدرۆ ویلسۆن لە ساڵی ١٩١٨دا شێوازێکی ئاشتیخوازانە دەخاتە بەردەم دنیا و کوردەکان بەگەشبینییەوە سەیریان کرد و ئەوەیان بەگڵۆپێکی سەوز بۆ سەربەخۆیی کوردستان دانا. لە خاڵی ١٢ی یاسای ویلسۆن ئاماژە بەوە کراوە کە بەشی تورکنشینی ئیمپراتۆری عوسمانی مافی پاراستنی دەسەڵاتداری خۆیان هەیە، بەڵام نەتەوەکانی تر کە تورک نین و لەژێر دەسەڵاتداری ئیمپراتۆری عوسمانی دان دەبێ تەناهیی گیانیان هەبێ و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆدا هەبێ و ئەگەر بیانەوێ سەربەخۆ بن دەبێ بەبێ هیچ گرفتێک دۆخی سازکردنی سەربەخۆییان بۆ ئەنجام بدرێ. ئەمە یەکەمین خاڵ بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردی بوو.

لە بەشێک لە ڕێککەوتننامەی "سوور" لە ساڵی ١٩٢٠دا کە لەلایەن حکوومەتەکانی ئەندام لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیمزا کراوە، مافی سەربەخۆیی دراوەتە کوردەکان و بەمافی خۆیان دانراوە کە ئەم بەشە لە ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ نەکرا. لێرەدا ئەمەریکا خۆی تووشی گرفت ناکات، چونکە هێشتا سیاسەتی خۆی لە بەرامبەر دنیادا لانەبردووە و هەروەها کوردستان هەموو لایەکی وشکایی گرتوویەتی و هەروەها بەریتانیاش بەشێک لە کوردستانی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. بەدەسەڵاتداری کەمال ئەتاتورک لە تورکیا و بەپێی ڕێککەوتننامەی "لۆزان" لە ساڵی ١٩٢٣، تورکیا سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنا. لەو ڕێککەوتننامەیەدا هیچ ئاماژەیەک بەکوردەکان نەکراوە.ئەم پرسەش بەدامەزراندنی وڵاتی نوێی عێراق، هیوای سەربەخۆیی کوردەکانی سڕییەوە. هەرچەندە خاڵی ١٤ی یاسای ویلسۆن ڕاگەیاندنێکی ئازادیخوازانە بۆ هەموو دنیا بوو، بەڵام بەرەچاوگرتنی سیاسەتی ئەمەریکا و دۆخی کوردستان کە لەو کاتەدا ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا بوو، وڵاتانی زلهێزی ئەوروپا و ئەمەریکا هیچ هەنگاوێکیان بۆ دامەزراندنی وڵاتی کوردستان هەڵنەگرت و ئەمە تا ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم بەردەوام بوو و پاش ساڵی حەفتا



سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرامبەر بەکوردەکان گۆڕا و ئەمە سەرەتای گرینگیدانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەکوردەکان بوو. هەرچەند ئەم سیاسەتە لە سەرەتادا بیرۆکەیەکی یەکڕیزیی پێوە دیار نەبوو، بەڵام هەڵوێستی ئەمەریکا لە بەرامبەر کوردەکانی تورکیا و عێراقدا جیاواز بوو.

بەرەچاوکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕووی کوردەکانی تورکیا نێگەتیف و ڕووی کوردەکانی عێراق پۆزەتیف پێشان درا و بەهۆی هاوپەیمانیی تورکیا و ئەمەریکا و هەروەها بەهۆی ئەندامبوونی چالاکانەی تورکیا لە پەیمانی ناتۆ، وڵاتە یەکگرتووەکان بە بەردەوام پاڵپشتیی لە سیاسەتەکانی تورکیا لە بەرامبەر کوردەکانی تورکیادا کردووە. کوردەکانی تورکیا خوازیاری بەرەسمی ناسینی پێناسەی کوردی خۆیانن و ئەو مافە بە بەردەوام لەلایەن حکومەتی تورکیا ڕەت کراوە. لە ساڵی ١٩٧٨دا عەبدوڵڵا ئۆجەلان پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک)ی دامەزراند و پاش ماوەیەک ئەو پارتەی کردە ڕێکخراوێکی توندڕۆ. لە ساڵی ١٩٨٤دا ئەو پارتە چالاکییە چەکداری و شۆڕشەکەی خۆی ئاشکرا کرد. ئەمەریکا ئۆجەلان و پارتەکەی بەتیرۆریست ناوبرد، لەبەرئەوەی هەوڵی دەدا تورکیا نائارام بکات و ئەو وڵاتە بکاتە شوێنێک بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٨دا ئۆجەلان ناچار بوو شوێنی خۆی لە سووریا بەجێ بێڵێت و ببێتە شەڕوانێکی بێ نیشتمان. ئەمەریکا لە هەوڵدا بوو ئۆجالان بکێشێتە بەردەم دادگە و هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ئەوەی هیچ وڵاتێک مافی پەنابەریی پێ نەدات و دواتر ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٩ بەهاوکاریی دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا و تورکیا لە غینیا گیرا. بەم گرتنە، ئەمەریکا بۆ پاڵپشتی لە ناوچەی باکوری عێراق پێویستی بەبنکە ئاسمانییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا بوو. لەو کاتەدا تورکیا و عێراق چەندان وتووێژیان بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنی ئەمەریکا بۆ بنکەکانی تورکیا ئەنجام دا، هەر بۆیە گرتنی ئۆجەلان گڵۆپێکی سەوز بوو بۆ چوونە

ژوورەوەی ئەمەریکا و دروستکردنی بنکەی ئاسمانی لە تورکیا تا بتوانێ بەو جۆرە باکوری عێراق و کوردەکانی ئەو وڵاتە بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بەرامبەر کوردەکان لە عێراقدا بەتەواوی لەگەڵ سیاسەتی ئەو وڵاتە لەبارەی کوردەکانی تورکیاوە جیاواز بووە. لە ساڵی ١٩٧٠ نیکسۆن سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا و هێنری کسینجەر راوێژکاری تەناهیی نیشتمانی ئەو کاتی ئەمەریکا، مستەفا بارزانییان بۆ شەر دژی حکوومەتی عێراق هان دا. لە ساڵی ١٩٧٥ بەدانیشتنەکەی ئەمەریکا، شای ئێران و سەدام حوسێن کۆتا بەم پاڵپشتییانە هات و ئێرانیش سنوورەکانی خۆیان بە ڕووی کوردەکان داخست. لەو کاتەدا عێراق هێرشی کردە سەر کوردەکان و کەرەستە و توانای سەربازیی کوردەکانی لەناوبرد. هێنری کسینجەر ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەڕای پەسەندکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردەکان، ئەمەریکا لەبارەیانەوە کاری کەم کردووە. ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێگەگرتن لە هاتنەژوورەوەی بیرۆکەی شیوعییەت و بەهێزکردنی شای ئێران بوو و بەم بیرۆکەیە دەتوانرێ بوترێ کوردەکان ئەو شۆڕشوانانە بوون کە دەتوانرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی سەدام بەکار بهێنرایەن. نە ئەمەریکا و نە شای ئێران خوازیاری سەربەخۆیی کوردەکان نەبوون. بۆیە کوردەکان بەتەنیا مانەوە و بەهۆی نەبوونی پاڵپشتییان لەلایەن ئەمەریکاوە تووشی کێشە و گرفتێکی زۆر بوون و ژمارەیەکی زۆریش لە کوردەکان گیانیان لەدەست دا و هەرگیز کوردەکان ئەو بێ وەفاییەی ئەمەریکا لە بیر ناکەن.

بەدەسپێکردنی شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١دا، جۆرج بوش عێراقییەکان بەشۆڕش دژ بەرێژیمی سەدام هان دەدات، ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو کە تەنیا بەلابردنی سەدام حوسێن لە دەسەڵات دەتوانێ جێگری لە ناوچەکەدا دروست بکات. کوردەکان لە باکوری عێراق و شیعەکانیش لە باشووری عێراق رەزامەندیی خۆیان بۆ داواکارییەکەی بوش پێشان دا. شۆڕشی شیعەکان لە باشووری عێراق خێرا سەرکوت کرا و کوردەکان بۆ جارێکی تر پەیمانشکێنی ئەمەریکاییەکان دەبینن. هەرچەند کۆڵن پاول چەند جار لەبارەی سەرکوتکردنی کوردەکان لەلایەن سەدام حوسێنەوە هۆشداری دەدات، بەڵام هاوکاری و پاڵپشتییەکانی ئەمەریکا بەس نەبوو. لە ڕاستیدا ئەمەریکا ڕێگەی بەعێراق دا باوەشێنکە و ئۆتۆمۆبێلی سەربازی دژ بەکوردەکانی باکوری عێراق بەکار بێنێت.

دوو سەرکردەی کوردی عێراق، مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوای لە بوش سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا کرد کە هاوکارییەکانی خۆیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە شەڕی دژ بەسەدام وەبیر خۆی بێنێتەوە کە لەو کاتەدا دوو ملیۆن کورد ئاوارەی سنوورەکانی ئێران و تورکیا بوون. هەرچەند سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە باکوری عێراق و باشووری تورکیا بووەتە هۆی جێگربوونی تەناهی، بەڵام ئامانجی ئەمەریکا لە ناوچەکە زیاتر ڕەچاوکردنی پرسە مرۆڤایەتی، مافی مرۆڤ و

مافی کەمینەکان و پاراستنی دەسەڵات لە ناوچەکەدا بووە.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی سەر بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبینینی ئەو دۆخە، بڕیارنامەی ٦٨٨ی خۆی بەمەبەستی تاوانبارکردنی عێراق لە سەرکوتکردنی کەسانی سڤیل بەتایبەت لە ناوچە کوردنشینەکان دەرکرد و دواتر کوردستانی وەک ناوچەکی ئەمن ناو برد. لە کوردستاندا چالاکیی دابینکردنی تەناهی "ئۆ پی سی" جێبەجێ کرا و فڕینی باڵەفڕی تێدا قەدەخە کرا. بەم کارەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کوردەکان توانییان بۆ خاکی خۆیان بگەڕێنەوە و ئەمەش گرفتێکی نوێی خستە بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا. ئەم بڕیارنامە کوردەکانی وەک کەمینەیەکی زوڵم لێکراو و پێویست بەهاوکاری بەدنیا ناساند.

تورکیا پاڵپشتی لە چالاکیی دابینکردنی تەناهی لە عێراق کرد و ڕێگەی بەچالاکیی ئەمەریکا لە بنکەکانی خۆی دا، لەو کاتەدا تورکیا تووشی تەنگژەی "پ ک ک" و ئاوارەکانی باکوری عێراق بوو. ئەو کارەی تورکیا دوو شێوازی سەیری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە دروست کرد. ئەگەر تورکیا پاڵپشتی لە دابینکردنی تەناهیی عێراق نەدەکرد، ئەمەریکای لەدەست دەدا و پاڵپشتی لەو پرۆسەی بەمانای کاریگەری زیاتری وڵاتەکەی لە ڕووداوەکانی عێراق و سەرکوتکردنی هێزەکانی "پ ک ک" بوو. پرۆسەی دابینکردنی تەناهیی لەلایەکەوە پاڵپشتیی کوردەکانی عێراق لە بەرامبەر حکوومەتی ناوەندی بوو و لەلایەکی ترەوە بۆ هێرشکردنە سەر کوردەکانی تورکیا لە باکوری عێراق بوو. ناوچەی باکوری عێراق کە یاسای قەدەخەکردنی فڕینی باڵەفڕی بوو و پرۆسەی دابینکردنی تەناهیی تێدا جێبەجێ دەکرا کە دواتر بەناوی پرۆسەی چاودێریی باکور و بەکوردستانی عێراق ناوبراو و لە ساڵی ١٩٩١ەوە خاوەنی حکوومەتێکی کوردییە.

لە ساڵی ١٩٩٢دا دوو حزبی ڕکابەری کوردستانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بیری جێگیرکردنی پێناسەی نوێی خۆیان بەسەدام حوسێن بوون. هەرچەند گرێبەستێک لە نێوان دوو لایەن ئیمزا نەکرابوو، بەڵام سەدام حوسێن بەکێشانی هێڵی سنووری، هەرێمی کوردستانی لە ناوچەکانی تری عێراق جیا کردەوە و کوردەکان ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانیان پێک هێنا و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانیان ئەنجام دا. لە هەڵبژاردنەکان پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتنی بەدەست هێنا و گرینگیی دا بەپێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. جارێکی تر هەستی کوردستانی سەربەخۆ لە نێوان کوردەکان زیندوو بووەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە وەک حکوومەتێکی سەربەخۆ ڕەسمییەتی پێ نەدرا، چونکە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەقامگیریی ناوچەکە لە قەڵەم دەدرا. عێراق هێشتا حکوومەتی نیشتمانیی یاسایی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو و تورکیاش هەڕەشەی کردبوو کە ئەگەر سەربەخۆیی کوردەکان لە کوردستان ڕابگەیەنرێ، دەستێوەردانی سەربازی ئەنجام دەدات.

سیاسەتی ئەمەریکا لە بەرامبەر کوردەکان بەدەسپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتی

دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٤ ڕووبەڕووی گرفتی زۆرتر بووەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان لە کاتی شەڕی ناوخۆی کوردەکان دژی خۆی لە پاڵپشتیی قەدەخەکردنی فڕین بەشڵەژاوتر دەزانی، هەروەها بەردەوامبوونی ئەم شەڕە دەبووە هۆی زیاتر بوونی گرفتی پارتی کرێکارنی کوردستان لە تورکیا. "پ ک ک" دژ بەپارتی دیموکراتی کوردستان دەستی دایە توندوتیژی و هەر بۆیە ئەو پارتەش پاڵپشتی لە چالاکییەکانی تورکیا لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیا دژ بە "پ ک ک" کرد.

سووریا، ئێران و حزبی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بۆ ماوەیەکی کاتی پارتی کرێکارانی کوردستانیان بە بەردەوام بوون لە شەڕی دژ بەپارتی دیموکراتی کوردستان هان دا. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تورکیای بەپاڵپشتیی چەکداری لە پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمەتبار کرد و لە بەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان ئێرانی بەپاڵپشتیی چەکداری لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تۆمەتبار کرد. لە ساڵی ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ شەڕ دژی یەکێتیی نیشتمانی داوای هاوکاریی لە سەدام حوسێن کرد. وڵاتە یەکگرتووەکان سەرقاڵی ئەوە دەبێت چۆن ناوچەی قەدەخەکراوی فڕین ئارام بکات ئەگەر بێتو خەڵکەکە بانگهێشتنی سوپای سەدام حوسێن بکەن. پاش ماوەیەکی زۆر بەهاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێوان دوو پارتی ڕکابەری کورد ئاگربەست کرا و دواتر ڕێککەوتننامەی واشنتۆن کۆتاییی بەدژایەتییەکانی نێوان هەردوولا هێنا. بەڵام سەرەڕای بوونی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان هەردوو پارتەکەی کوردستان، کوردستانی عێراق توانی ببێتە ناوچەیەکی ئاوەدان بەشێوەیەک کە لە ژێر چاودێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان توانی ١٣٪ی پارەی نەوت بەدەست بێنێت.



پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان توانییان دەست بدەنە دامەزراندنی پۆلیس، سوپا دەرفەتی خوێندن، ئازادیی ئابووری، دابینکردنی کارەبا، چاکسازیی دادوەری بەپێی یاسا و تۆڕەکانی پێوەندی.

کوردستانی عێراق هەرچەند بەهەشتێک نییە، بەڵام بێگومان سەقامگیرترین ناوچە لە پاش دەسەڵاتی سەدام حوسێن لە عێراقدایە.

## پرۆسەی ئازادکردنی عێراق

پێش هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە مانگی ئادار/مارسی ٢٠٠٣، تورکیا بنکە سەربازییەکانی خۆی نەدەدا بەئەمەریکا بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر عێراق. ئەم کارەی تورکیا وای کرد کوردەکان بەشێوەی راستەوخۆ ببنە یەکێک لە هاوپەیمانە بەهێزەکانی ئەمەریکا. ئەمەریکاییەکان توانییان بەهاوکاریی پێشمەرگەکانی کورد، بەرەی باکور لە عێراق و چاڵە نەوتەکانی کەرکووک کۆنترۆڵ بکەن. "پێشمەرگە" لە زمانی کوردەکان بەواتای خۆبەختکەر دێ یانی ئەو کەسەی کە ئامادەیە گیانی خۆی پێشکێش بکات و ئەو وشە بەشەڕوانانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان دەوترێ. هێزەکانی پێشمەرگە رۆڵێکی گرینگیان لە سەرکەوتنی ئەمەریکاییەکان لە باکوری عێراقدا بینی. ئەم چالاکییانە و پاڵپشتییەکانی تر کوردەکان لە ئەمەریکا، کاریگەرییەکی زۆری کوردەکانی لە داهاتووی عێراقدا مسۆگەر کردووە.

لە کاتێکدا عێراق و ئەمەریکا خەریکی سەرکوتکردنی نائارامییەکان و پێکهێنانی حکوومەتی نوێ لە ناوخۆی وڵاتدا بوون، کوردەکانیش نایانەوێ هیچ یەک لە دەسکەوت و سەرکەوتنەکانی حکوومەتی کوردی لە دەست بدەن. کوردەکان شوێنپێیەکی بەهێز لە داهاتووی عێراقدا بەجێ دەهێڵن. جەلال تاڵەبانی وەک سەرۆکی عێراق و مەسعوود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردران. لە راپرسیی ساڵی ٢٠٠٥دا کوردەکان رەزامەندیی خۆیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پێشان دا، بەڵام دواتر بەکەمترین خواستی خۆیان یانی مانەوەیان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا رازی بوون، عێراقێکی فیدراڵ کە تێیدا هێزی ئابووری بدرێتە هەموو ناوچەکانی عێراق و حکوومەتی ناوەندیی عێراق تەنیا لە بواری سیاسەتی دەرەوە و پرسی بەرگریی نیشتمانی دەستتێوەردان بکات. لە ساڵی ٢٠٠٥دا عێراقییەکان راپرسییان لەبارەی دەستووری نوێی عێراقەوە ساز کرد. کوردەکان لەم راپرسییەدا لە چوار پرسی فیدراڵیزم، مافی ئافرەتان، ئازادیی کەسایەتی و جێبەجێکردنی یاسا لە بەرامبەر قوربانییانی رژێمی سەدام سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. دەستووری نوێی عێراق بەرەسمی دانی بەبوونی حکوومەتی کوردستاندا ناوە و لە هەرێمی کوردستان زمانەکانی کوردی و عەرەبی بەرەسمی دەناسرێ و قازانجەکانی نەوت و گاز بۆ هەموو عێراقییەکانە. بەپێی دەستووری نوێی عێراق، عێراق وڵاتێکی فیدراڵ و پەرلەمانییە.

## شوێنی پارێزگا و شاری کەرکووک

چارەسەرکردنی پرسی کەرکووک کاریگەرییەکی قووڵی لە داهاتووی عێراقدا دەبێ. پارێزگای کەرکووک کە ناوەندەکەی شاری کەرکووک یەکێکە لە پرکێشەترین ناوچە ئازادەکانی عێراق. دەستبەسەراگرتنی کەرکووک یانی دەسگرتن بەسەر یەدەکی گەورەی نەوت لەو شارەدا. کوردەکان خوازیاری چوونە سەر کەرکووک بۆ سەر کوردستانن و پێیان وایە کەرکووک لە روانگەی مێژوویی، جوگرافیایی، رەگەزی بەشێکە لە کوردستان کە جیا ناکرێتەوە.

کەرکووک چوارەمین شاری گەورەی عێراقە کە ژمارەی دانیشتوانی نێزیکەی یەک ملیۆن کەسە. ئەم شارە خاوەنی دانیشتوانی جۆرەوجۆر لە عەرەب، ئاشووری، کورد و تورکمانن. شێوازی وردی دانیشتوانی گرووپە قەومییەکانی کەرکووک ئاشکرا نییە. بەپێی دواین سەرژمێری کە لە ساڵی ١٩٥٧دا ئەنجام دراوە، تورکمانەکان بەرێژەی (٣٧,٦ تا ٣٩,٨٪) زۆرترین رێژەی دانیشتوانی کەرکووکی پێک هێناوە و پاش ئەو کورد بەرێژەی (٣٣,٣ تا ٣٥,١٪) لە پلەی دووەم و عەرەبەکان بەرێژەی (٢٢,٥ تا ٢٣,٨٪) لە پلەی سێیەمدان. بەپێی ئەو سەرژمێرییە ٤٨٪ دانیشتوانی ئەو کاتی کەرکووک کورد بوونە. بەجێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن، کوردەکان لە کەرکووک دەرکران و عەرەبەکانی ناوچەکانی تر خرانە جێگەیان. سەرژمێرییەکی ساڵی ١٩٧٧ ئەو گۆڕانکاری شێوەی دانیشتوانی کەرکووک بەباشی پێشان دەدات کە تێیدا رێژەی دانیشتوانی عەرەب گەیشتووەتە سەرەوەی ٤٤٪ و رێژەی دانیشتوانی کورد لە کەرکووک گەیشتە ٣٨٪. ئەم کارە تا ساڵی ١٩٩٠ لەژێر ناوی "چاککردنەوەی نیشتمانی" بەردەوام بوو کە تێیدا ئەو کەسانەی کە عەرەب نەبوون دەبووایە پێناسە و زمانی خۆیان بۆ عەرەب بگۆڕیایە. لەو کاتەدا کوردەکان ئەگەر پێناسە و زمانی خۆیان بۆ عەرەبی نەگۆڕایە، موڵک و ماڵیان دەستی بەسەردا دەگیرا و لە کەرکووک دەردەکران. بۆیە بەهۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەلایەن بەعسییەکانەوە ئەو سەرژمێریانەی کە پاش ساڵی ١٩٥٧ ئەنجام دراون روون نییە و جێی متمانە نین. کوردەکان دەڵێن زیاتر لە ٢٢ هەزار کورد لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری دەرکراون و لە جێگەیان ١٢٠ هەزار عەرەب کە کەرکووکی نەبوونە لە کەرکووک جێگیر کراون. ئەم گرفتانە بوونە هۆی دروستبوونی کۆسپ لە بەردەم سەرژمێری دانیشتوانی کەرکووک. بەرچاوکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق پێ دەچێ ئەو بڕوایەی کە زۆربەی دانیشتوانی کەرکووک عەرەب و کورد بن و دوای ئەوان تورکمانەکان لە پلەی سێیەمدا دێن تا رادەیەک دەتوانین قەبووڵی بکەین.

پاش رووخانی حکوومەتی سەدام حوسێن، هەزاران کورد بۆ پارێزگای کەرکووک گەڕانەوە و بەدوای وەرگرتنەوەی ئەو موڵک و ماڵانەیان کە بەزۆر دەستیان بەسەردا گیرابوو. کوردەکان پێیان وایە کە عەرەبەکان دانیشتوانی سەرەکیی کەرکووک نین و بۆ کەرکووک ڕاگوێزراون و دەبێ

کەرکووک چۆڵ بکەن. ئەم بۆچوونە دەبێتە هۆی دروستبوونی نادادپەروەری لە کەرکووک، چونکە عەرەبەکان بۆ ماوەی ٣٠ ساڵە لە کەرکووک ژیان دەکەن. تاڵەبانی و بارزانی هیچ یەک ئامادە نین لە خواستی خۆیان لەبارەی کوردستانیبوونی کەرکووک پاشەکشێ بکەن و کوردەکان کەرکووک بە "قودس" ناو دەبەن. تورکیا هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر چالاکییەکانی کوردەکان بۆ زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی تورکمانەکانی کەرکووک بێ، لە ماوەی ١٨ ساتدا هێزی سەربازیی خۆی بۆ پاڵپشتی لە تورکمانەکانی کەرکووک دێنێتە ئەو شارە. لە هەمان کاتدا پارتە سیاسییە کوردەکان دەستیان دایە گۆڕانکاری لە شێوازی دانیشتوانی کەرکووک و ژمارەیەکی زۆر خانوویان لەناو و دەوروبەری شاری کەرکووک دروست کرد. ئەو خانووانە لە ژێر چاودێریی ئەندازیارانی سەر بەدوو پارتی سیاسیی کورد دروست کران و بەهەر بنەماڵەیەکی گەڕاوە کە خۆی لە بنچینەدا خەڵکی شاری کەرکووک بوو وەک هاوکاری ٥ هەزار دۆلاری ئەمەریکایی بەشێوەی قیست و لە چەند قۆناخدا دەدرا. دوو پارتە کوردییە کە دەڵێن بەهۆی نەبوونی توانای حکوومەتی ناوەندیی عێراق بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارە کەرکووکییەکان خۆیان دەستیان داوەتە ئەو کارە. ئەمەش کاتێک دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت کە عەرەبەکانی کەرکووک سوور بن لەسەر خاوەنداریەتیی نیشتمان و داراییەکانیان. بەپێی دەستووری عێراق دەبێ دۆخی کەرکووک لە سێ قۆناخدا دیاری بکرێ: یەکەم سنووری دانیشتوان دەبێ بۆ سەردەمی پێش سەدام حوسێن بگەڕێنرێتەوە. دووەم راپرسی لەبارەی چوونە سەر کوردستان یا نەچوونی لە کەرکووک ئەنجام بدرێ. خاڵی سێیەم کە لەلایەن بەرپرسانی کوردەوە پێشنیاز کراوە ئەوەیە کە کەرکووک بەشێک لە کوردستان بێ، بەڵام بەڕێوەبردنی بەدابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەموو گرووپە قەومییەکانی ئەو پارێزگەیەدا بێ. ئەم رێگەچارە لە گونجاو دەچێ. بۆیە پارتە کوردەکان هەوڵ دەدەن پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکووک بەقازانجی خۆیان بگۆڕن. بڕیاردان لەبارەی کەرکووکەوە، شادەماری ژیانی داهاتووی عێراقە.

## وڵاتە یەکگرتووەکان و کوردەکان

ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکان دروستکردنی عێراقێکی دیموکراتیکە. ئەمەریکا دەیەوێ عێراقی نوێ، وڵاتێک بۆ هەموو گرووپە عێراقییەکان بێت. هەرچەند کە عێراق پاش سەدام پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینیوە، بەڵام نائارامییەکان و کوژرانی سەربازانی ئەمەریکایی هەروا بەردەوامە. رای گشتی بۆ بەردەوامبوون لە شەڕ کەمڕەنگ بووە و سیاسەتوانانی ئەمەریکایی خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقن. راپرسییەکان لە عێراقدا ئەوە پێشان دەدەن کە عێراقییەکان زۆر حەزیان لە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا نییە. هەروەها وڵاتانی هاوپەیمان کە پێشتر هێزەکانی خۆیان بۆ سەرکوتکردنی نائارامییەکان رەوانەی عێراق دەکرد، ئێستە خەریکی کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراقن و بۆیە عێراقێکی سەقامگیر هێشتا گرفتی

گەورەی ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیی لە بەردەم ماوە. لەلایەکی تر دەستووری عێراق دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازیی زیاتر لە نێوان عەرەبە سوننەکان، عەرەبە شیعەکان و کوردەکانی عێراق. زۆربەی تورکەکان و عەرەبەکان پێیان وایە ئەمەریکا بەدابەشکردنی ئاینی و نەتەوەیی لە عێراقدا هەوڵ بۆ سەربەخۆیی کوردەکان دەدات. کوردەکان بەپێچەوانەی گرووپەکانی تری عێراق لایەنگری لە ئەمەریکا دەکەن و خۆیان بەهاوپەیمانی ئەو وڵاتە دەزانن. ئەمەریکاش لە هاوکارییە سیاسی و سەربازییەکانی کوردەکان بۆ دروستکردنی سەقامگیری لە بەشێکی زۆر لە ناوچە جۆرەوجۆرەکانی عێراق کەڵکی وەرگرتووە. لە مێژوودا سیاسەتی پاڵپشتیی ئەمەریکا لە کوردەکان بەشێوەیەکی نەگونجاو بووە و کوردەکان وەک ئامێرێک بۆ سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە بەکار هێنراون و هەروەها دەسەڵاتدارانی ناوچەکەش بەردەوام کوردیان بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکار هێناوە. مێژوو و رووداوەکانی ئەم دواییە دەبێ تێگەیشتن و بیرکردنەوەی سیاسەتوانانی ئەمەریکایی بۆ دیاریکردنی سیاسەتی نوێیان بۆ عێراق، قووڵتر بکاتەوە.

ئەم بەشەی بابەتەکە تیشک دەخاتە سەر جیایی و ئەو تەنگژانەی کە لە بەردەم عێراقێکی فیدراڵدا دەبن و ئاماژە بەشیمانەی هەڵوەشانەوەی کوردستان دەکات.

## جۆری حکوومەتی ناناوەندێتی

سیاسەتە نوێیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراقدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە نابێ سەربەخۆیی کوردەکان و عەرەبە شیعەکان رەت بکاتەوە، بگرە دەبێ بەجۆرێک بێ کە لەگەڵ حکوومەتی جۆری ناناوەندێتیی خۆی بگرێتەوە. ئەمە بەو مانا نییە کە تەنیا دوو پرسی سەرەوە تەنیا رێگەی چارەسەرین، بگرە بەو مانایەیە کەو ئەو دوو رێگەیە زیاتر شیمانەی روودانیان هەیە. هەڵبژاردنی "ستراتیجیی نیشتمانی بۆ سەرکەوتن" یا "فیدراڵیزم" بەمانای کەمبوونەوەی دەسەڵاتی حکوومەت نییە. لە فیدراڵیزم دەسەڵاتی ناوەندی بەپێدانی دەسەڵاتی تایبەت بەناوچەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە. گرفتی بەردەم فیدراڵیزم لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتە ناوەخۆییەکانە. لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ رەشنووسی دەستووری عێراق، حکوومەتی ناوەندیی فیدراڵ و حکوومەتە ناوەخۆییەکانی فیدراڵی وەک حکوومەتێکی هاوبەش و خودموختار بەرەسمی ناساند. لەو دەستوورەدا چەند خاڵێکی دژ بەیەکتر بوونیان هەیە کە دەتوانن ببنە هۆی مەترسیی پارچەپارچە بوونی عێراق. دەستووری عێراق دەسەڵاتی حکوومەتە ناوەخۆییەکانی تا ڕادەیەکی زۆر مسۆگەر کردووە.

ئەلیکساندەر داوودی لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێکی دەستووری عێراق لەبارەی حکوومەتە ناوەخۆییەکان دەکات:

– مادەی ١٣ و ١٦ی دەستووری عێراق دژی یەکن، ئەو دژایەتییە بەرەچاوکردنی فەرمانەکانی دەستووری فیدراڵ و دەسەڵاتی حکوومەتە ناوەخۆییەکان لە رێگەی چاکسازیی یاسای فیدراڵ

ئاشكرا دەبێ.

– ئەم دەستووره لەبارەی چۆنیەتیی دامەزراندنی سوپا ئاشكرا نییە. ئەم دەستووره دامەزراندنی هێزی سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی هێزه چەكدارییەكانی عێراق قەدەغە دەكات، بەڵام رێگەی بەچالاكیی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردی لە ناوەخۆی كوردستاندا داوه.

– لە دەستووری عێراقدا دابەشكردنی قازانجی نەوت و غاز بەشێوەی یەكسان هاتووه، بەڵام چارەنووسی خاوەن ئیمتیاز و مافی دەرهێنانی نەوت ئاشكرا نییه.

– بەپێی دەستوور خاوەنداریی موڵكی تایبەت كە موڵكدارییەتییەكە بۆ بەهێزكردنی گۆڕانكاریی بەكۆمەڵ بێ قەدەغە دەكات. ئەمە یانی گرووپێكی قەومیی تایبەت ناتوانێ لە ناوچەی گرووپێكی قەومی تردا موڵك و ماڵی بێت.

– دەستووری عێراق، هەرێمی كوردستان و حكومەتەكەی بەڕەسمی دەزانێ. حكومەتی كوردستان هەروەها دەتوانێ خاوەنی یەک یا چەند پارێزگا بێت. ئەمەش رێگە بەچوونە سەر پارێزگای كەركووک بۆ سەر كوردستان دەدات.

چاكسازیی ئەو خاڵانەی كە دژ بەیەكەن بۆ دیودەرایەتی و یاسا و دامەزراندنی حكومەتێكی فیدراڵی سەركەوتوو پێویستە. حكومەتی نوێ دەبێ یاسایەكی دیاریكراوی بۆ بەكارهێنانی هێزه سەربازییەكان و هێزەكانی پێشمەرگە هەبێ. لە عێراقدا هەر گرووپێكی قەومی هێزی تایبەت بەخۆی هەیە كە لەناویان هێزەكانی پێشمەرگە لە هەموویان گرینگترە و ئەو هێزانە ئەركی بەرگری و دابینكردنی تەناهیی ناوچەی خۆیان لە ئەستۆیە، ئەمەش لە كاتێكدا كە ئەو هێزه سەربازییانەی كە لە هەموو گرووپەكان پێک دێن لە كاتی پەلاماری دەرەكی و هەڕەشەی نیشتمانی لە وڵاتەكەیان بەرگری دەكەن. ئەو هێزه سەربازییانە لە قۆناخی یەكەمدا بەرپرسن لە ناوچەی خۆیان. زۆربەی هێزەكانی پێشمەرگە كە لە پارتە سیاسییە كوردەكان فەرمان وەردەگرن و بۆیە بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی فیدراڵ باشتر وایە رۆڵ و چۆنیەتیی بەكارهێنانی ئەو هێزانە بەشێوەیەكی دیودەرایەتی دیاری بكرێ.

دابینكردنی فیدراڵیزمێكی سەركەوتوو لە وڵاتێكدا كە هیچ سوننەتێكی دیموكراتی تێدا نییە، لێبرانی ئاینی و قەومیی زۆری تێدایە كێشەی زۆر دەنێتەوه. بەڵام دواجار خەڵكی عێراق خۆیان كاریگەری ئەو سیستەمە هەڵدەسەنگێنن. فیدراسیۆنی عێراقی دەبێ بەشێوەی خۆبەختكەرانە و بەبێ هیچ دەستێوەردانی هێزه گەورەكان خۆی دروست بێ.

عێراقێكی فیدراڵ لە سەرەتادا دەبێ دیموكراتیک بێ و پێوەندییەكان لەسەر بنەمای ناسین و متمانەی یەكتر لە نێوان گرووپەكان بەیەكتر دروست دەبێ. سەركردەكانی كورد بۆ بەجێگەیاندنی ئەوه چالاكییەكی زۆریان ئەنجام داوه و هاوكات لەگەڵ هەوڵدان بۆ دروستكردنی دامەزراوەی ئازاد و دیموكراتیک لە عێراق لە داواكارییەكانی خۆشیان پاشگەز نەبوونە.

## کوردستانی سەربەخۆ لە عێراق

ئەگەر عێراق نەتوانێ یەکریزیی خۆی رابگرێ، ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ یەکەمین شیمانەی سەربەخۆیی کوردەکان رەچاو بکەن.ئەمەریکا ناتوانێ حەزی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی رەت بکاتەوە. مێژوو نموونەی زۆری هەڵوەشانەوەی حکوومەتە گەورەکان و سەرهەڵدانی حکوومەتەکانی تری لە ناوەخۆی خۆیدا بینیوە. بۆ نموونە سۆڤیەتی پێشوو، یوگسلاڤیا، جیابوونەوەی سەنگافوور لە مالیزیا، بەنگلادیش لە پاکستان، داوای عەرەبەکان لەسەر فەلەستین و داوای تورکیا بۆ چوونە سەری پارچەی تورکنشینی قوبرس بۆ سەر تورکیا لەو بەڵگانەن کە حەزی سەربەخۆخوازانەی گرووپە قەومییەکان لە مێژوودا پێشان دەدات. گەر عێراقی یەکگرتوو دانەمەزرێ، کوردەکان یەکەم گرووپ دەبن کە داوای سەربەخۆیی دەکەن.

زۆربەی خەڵکی کوردستان ئاواتی سەربەخۆیی دەکەن، بەلام سەرکردە سیاسییەکانی کورد ئەو ئاواتە وەک خواستێکی درێژخایەن لە راستییەکانی سیاسەتی رۆژ دەزانن. کوردستانێکی سەربەخۆ لە عێراق گرفتێکی زۆری دەرەکی و ناوەکیی لە بەردەم دەبێ. کوردەکان دەبێ تورکیا، ئێران و سووریا رازی بکەن سەربەخۆیی ئەوان لە عێراق نابێتە هۆی هاندانی کوردەکان لە پارچەکانی تر. بەرازی بوونی کوردەکان لەبارەی چارەنووسی کەرکووکەوە رەنگە تورکیا بەدابەشکردنی دەسەلات لە نێوان هەموو گرووپە قەومییەکانی پارێزگای کەرکووک رازی بێ.

بەلام کوردستانێکی سەربەخۆ لە عێراق دەبێ بەسەر گرفتەکانی گیرانی دەوروبەری بەوشکایی و گەشەدانی ژێرخانە ئابوورییەکانی سەربکەوێ، ئەمەش جگە لە گرفتە ناوەخۆییەکانی نێوان کوردەکان کە گەورەترین کۆسپ لە بەردەم سەربەخۆییبوونی کوردستانە.

ئەو گرفتە دەرەکییانەی کە دێنە بەردەم کوردستانی سەربەخۆ لە عێراقدا لە هەمووی گرینگتر



پرسی تورکیا، ئێران و سووریایە. هەریەک لەو وڵاتانە خاوەنی کەمینەی کوردن و ئەگەر سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق رابگەیەنرێ، شیمانەی شۆڕش و سەرهەڵدانی شەڕ بۆ سەربەخۆیی زیاتر دەبێ. ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لە تورکیان و ئەگەر ئەو شتە روو بدات ئەو وڵاتە زیاتر لە ئێران و سووریا تووشی گرفت دەبێتەوە.

تورکەکان لە بەرامبەر پرسی کوردەکان خوازیاری سێ شتن:

١- سڕینەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک)

٢- رێگرتن لە دامەزراندنی حکوومەتی کوردی.

٣- پاڵپشتی لە تورکمانەکانی عێراق.

کوردەکانی عێراق بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی دەبێ ترسی تورکیا لەبارەی (پ ک ک) و تورکمانەکان لاببەن. لە ئێستەدا ئەو سیاسەتە لەلایەن کوردەکانەوە کاری بۆ دەکرێ. تورکیا پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە و رێژەی بازرگانی لە نێوانیان تا ڕادەیەکی زۆر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. جەلال تاڵەبانی لە سەردانێکی بۆ تورکیا باشترین رێگەی بۆ کۆتاییهێنان بەکێشەی (پ ک ک) رێگەی ئاشتییانە و دوور لە سەربازی ناوبرد. لەگەڵ ئەوەشدا رێگەچارەی ئاشتییانە (پ ک ک) دەتوانێ پێگەی تورکیا لە لە ئەورووپا بەرز بکاتەوە و چوونە ناو یەکەتیی ئەورووپای ئەو وڵاتە ئاسان بکات. ئەگەر تورکیا بچێتە ناو یەکەتیی ئەورووپا سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە گوێ لە سیاسەتی دەرەوەی یەکەتی ئەورپا دەگرێ و بۆیە نیگەرانییەکانی لە بەرامبەر دانیشتوانی کوردی ناوەخۆی وڵاتەکەی کەم دەبێتەوە و هەروەها هێزێکی زیاتری لە عێراق و کوردستاندا دەبێ.

یەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەم کوردستانێکی سەربەخۆ لە عێراقدا دەسەڵاتی گەشەپێدانی رێگە بازرگانی و ئابوورییەکانە. کوردستان دەوروبەری بەوشکایی لەلایەن وڵاتانی نادۆستەوە گیراوە و بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی دەبێ نیگەرانیی تورکیا و ئێران لەبارەی دانیشتوانی کوردیان چارەسەر بکات. تورکیا و ئێران دەتوانن لە رێگەکانی کوردستان و بازرگانییەوە کاریگەری خۆیان بێت.تورکیا کوردستان بەزەمانەتێک بۆ رێگەگرتن لە رووخانی عێراق لەلایەن عەرەبەکانەوە دەزانێ. لەلایەکی ترەوە ئێرانیش لە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کوردەکاندا بەدوای ئەوەیە کە کوردەکان زۆر خوو بەتورکیاوە نەگرن. کوردەکان دەتوانن گەشە بەپێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ تورکیا و ئێران بدەن. بەمجۆرە گەورەترین گرفتی ئەوان دۆخی ناوەخۆ دەبێ. دوو پارتی سەرەکیی کوردستانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆنترۆڵی کوردستانی عێراقیان لە دەستە و پارتی دیموکرات دەسەڵاتی زیاتر لەسەر هەولێر و یەکەتی دەسەڵاتی زیاتر لە سلێمانی هەیە. ئەو دوو پارتە لە ساڵی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ لەگەڵ یەکتر لە شەڕدا بوون و دواتر وڵاتە یەکگرتووەکان ناوبژیوانیی کرد و کۆتاییی بەشەڕی نێوانیان هێنا. ئەو دوو پارتە دەبێ بۆ سەقامگیریی سەربەخۆییان، ناکۆکییەکانی نێوانیان بەلاوە بنێن.

## ئەنجام

ویلایەتە یەکگرتووەکـان ناتوانێ بە بەکـارهێنانی هێـز عـێـراقی فـیـدراڵ بەرەو پێش ببـات، سیـاسـەتەکـان و بۆچوونەکـانی ئەمـەریکا لە عێـراقدا دەبێ راست بن و پێـداویسـتی و داخـوازی گرووپە عێراقییـەکان مسـۆگەر بکات. ئەوانەی لە سەرەوە باس کران بڕێکی کەم لەو گرفتانە بوون کە ئەمـەریکا لە عێراقدا ڕووبەڕووی بووەتەوە. کوردسـتـانی عێراق ئێسـتـە خـەریکی راکێشـانی وەبەرهێنـانی دەرەکی بۆ خـۆیەتی و چـەندان کۆمـپـانیـای نەوتی بیانـی لەگەڵ حکوومـەتی هەرێمی کوردسـتـان گرێبەسـتیان ئیمـزا کردووە و کۆمپـانیایەکی تورکی گرێبەسـتێکی لەگەڵ حکوومـەتی کوردستان بۆ گەشەدان بەناوچەی نەوتی "تەقتەق" ئیمزا کردووە.

هەروەها حکوومـەتی کوردسـتـان گرێبەسـتێکی لەگەڵ کۆمـپـانیـایەکی نەرویجی بەناوی "دی ئێن ئۆ" بۆ هەڵکەندی بیرە نەوت لە زاخـۆ ئیمـزا کردووە. جگە لەمـانە حکوومـەتی هەرێمی کوردسـتـان باڵەفڕگەی نێودەوڵەتیی هەولێری کردەوە و ئێسـتـە فڕینی ناوەخـۆ و دەرەوەی تێدا ئەنجـام دەدرێ. هەروەها ٤٨ کۆمـپـانیای تورکی، ٣٠ کۆمپـانیای ئێرانی و چەندان کۆمپانیای چینی، سـەنگافووری و لە وڵاتانی جۆرەوجـۆری سـەر بەیەکەتیی ئەوروپا لە سلێمـانی چالاکییـان هەیە و وەبەرهێنانیـان کردووە. ئەمـانە ئەوە پێشـان دەدەن کە کوردسـتـانی عێـراق پێشکەوتووە، بەڵام لەلایەکی تریشـەوە ئەم دەتوانێ نیشانەی پشت خاڵیکردنی عێراق و هەنگاونان بۆ سـەربەخۆییە. ئەم بابەتە هەوڵی دا سیاسـەتەکانی ئەمەریکا و کوردەکان لە عێراقدا پێشان بدات. کوردەکان خوازیاری ئازادی، مافی مـرۆڤایەتی و مـافی یەکسـانیی خـۆیانن. کوردەکان پێیان خـۆشـە لە عێراقێکی فیدراڵدا بمێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا نایانەوێ دەسکەوتەکانی چەند سـاڵەی خۆیان بدۆڕێنن. گرفتەکانی ئەمەریکا لە بەرامبـەر کوردەکـان و عێراقدا زۆرە، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بەردەوام بێ لـە هـەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی فیدراڵی سەرکەوتوو لە عێراقدا. هەروەها ئەمەریکا دەبێ خۆی بۆ هـەر جۆرە ڕووداوێکی لە ناکاودا ئامادە بکات. ئەم سیاسـەتە پێویستی بەپاڵپشتی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی عـێـراقـیـیـەکـان و مـتـمـانە بەوڵاتانی ناوچەکە بۆ نموونە وڵاتـانی ئەندام لە تۆڤـەلانی عەرەب یا تورکیـا، بۆ پێشکێشکردنی ڕێگەچارەیەکی باشـتر بۆ داهاتووی عێراقە. کـەرکووک خاڵی دیاریکردنی چارەنووسی عێراقی یەکگرتوو یا عێراقێکی سێ پارچەیە. ئەمەریکاییەکان دەبێ لە سیاسـەتەکانیاندا شـیمانەی تێکشکانی ئەو جۆرە فیدراڵیزمە لە عێراق و جیابوونـەوەی کوردەکان ڕەچاو بکەن. کلیلی سـەرکـەوتنی ئەمەریکا لە ڕاگرتنی سـەقامگیریی ناوچەکە و پشت تێ نەکردنی دووبارە لە کوردەکـانە. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ هـانی کوردەکان بدات بۆ ئەوەی لەنـاو عێـراقـدا بمێننەوە، بـەڵام ئەگـەر عێـراق یەکگرتوو نەبوو، ئەمـەریکا دەبێ هـاوکـاریی عێـراقـیـیـەکان بکات لە بەڕێوەبردنی گواستنەوەی ئاشتییانەدا.

سـەرچاوە:

http://www.strategicstudiesinstitute.army.mil/pdffiles/ksil327.pdf

# ئاسەوارە ئابوورییەکانی ڕووداوەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست

**پرۆجێکت سیندیکەیت**

بێگومان گرژی و ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست چەندان ئاسەواری گرینگی ئابووری و دارایی بەدوای خۆیدا هێناوە. بەتایبەتیش کە بوونی ڕیسک و مەترسی و "بێبازاڕیی هەڵئاوساناوی" (stagflation) (الركود التضخمي) لێ کەوتووەتەوە و گەشەی هێواش و هەڵئاوسانی توندی ئابووری بە یەکەوە تەنگیان بە کەرتی ئابووری هەڵچنیوە. لە ڕاستیدا ئەگەر بڕیار بێ "بێبازاڕیی هەڵئاوساناوی" ڕوو بدات، مەترسیی ئەوەی کە ئابووریی دنیا تووشی گەشەنەکردن و وەستاویی ببێتەوە، زۆرە، کەچی لە لایەکی تریش ئابووریی دنیا تا وەکو ئێستایشی لەگەڵدا بێ، بەدەست ئەو تەنگژەیەوە دەناڵێنێ کە لە ساڵی ٢٠٠٨ ەوە بەرۆکی گرتووە.

تەنگژە جیدییەکانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەکی مێژوویی و زۆربەی هەرە زۆریان لە هەڵبەز و دابەزینە توندە نەوتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە چەشنی ئەو گۆڕانکاریی و هەڵبەز و دابەزانەی کە پێشتر سێ تەنگژەی گەورەی نێودەوڵەتییان خولقاندووە.

١- شەڕی ساڵی ١٩٧٣ لە (یۆم کیپۆر) کە هۆکارەکەی بەرزبوونەوەی خێرای نرخی نەوت بوو کە دواتر (بێبازاڕیی هەڵئاوساناوی) ساڵەکانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥یشی بەدوای خۆیدا هێنا.

٢- شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ کە بووە هۆی "بێبازاڕیی هەڵئاوساناوی" و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کە ئەویش بێبازاڕیی ٨١ - ١٩٨٠ی قووڵتر کرد.

٣- هێرشی عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ سەر کوێت کە بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەوسا تەنگژەی بانکی ئەمەریکا بارودۆخەکەی هێندەی تر نالەبارتر کردبوو.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت تەنانەت لە تەنگژەی ئەم دواییەی دارایی جیهانیشدا ڕۆڵ و

...................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

کاریگەریی هەبووە. تاوەکو هاوینی ساڵی ٢٠٠٨ و بەر لە هەرەسهێنانی بانکی لێمەن برادرز نرخی نەوت لە ماوەیەکی ١٢ مانگدا بۆ دوو بەرامبەر بەرز بووبووەوە و هەر بەرمیلێک بە ١٤٨ دۆلار دەفرۆشرا. ئەمەیش بۆ ئابووریی جیهانی کە بە هۆی شۆکی داراییەوە لاواز و بێهێز بووبوو، وەکو گوللەی کۆتایی وابوو.

تاوەکو ئێستایش دیار نییە ئاڵۆزییە سیاسییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بۆ وڵاتەکانی تریش تەشەنە دەکا یان نا. لەوانەیە ئەو توندوتیژییانە لە ماوەیەکی کەمدا دابمرکێنەوە و نرخی نەوت دووبارە بۆ دۆخی جاران بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو شیمانەیەیش لە ئارادایە کە نائارامییەکان قووڵتر ببنەوە و ناسەقامگیریی، وڵاتانی ئوردن و بەحرێن و جەزائیر و عەممان و سعوودیاش بگرێتەوە هەر چەندە پێش دەستپێکردنی ئەو نائارامییانە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، نرخی نەوت بەرز بووبووەوە و گەیشتە ٨٠ تا ٩٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک.

ئەو بەرزبوونەوەیە لە نرخی نەوت بێجگە لەوەی کە بە هۆی زۆر بەکارهێنانی نەوت لەلایەن وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانەوە ڕووی دابوو، هەمدیس چەندان هۆکارێکی ناسەرەکی و لاوەکی تریشی هەبوون کە برێتی بوون لە بەرزبوونەوەی ئاستی نەختینەیی بازاڕەکانی کاڵا و داراییەکان لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا کە ئەویش خۆی لە خۆیدا سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە نرخی سوودی بانکی لەو وڵاتانەدا لە خاڵی سفر نێزیک بووبووەوە کە ئەوەیش کرانەوەیەکی گەورە بوو و هەروەها هۆکارێکی تریش برێتی بوو لە هەڵسوکەوتی هەڵچووناوی و سنووردارێتی خستنەبازاڕی نەوت لە بازاڕەکاندا.



ئەگەر هات و هەڕەشەکانی ڕەوانەنەکردنی نەوت، وڵاتانی غەیرە لیبیایش بگرێتەوە، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە دابەزاندنی ئاستی خستنەبازاڕ و فرۆشتن، هێندەی تر مەترسییەکان زیاتر بکا و ببێتە هۆی ئەوەی کە پاشەکەوتی یەدەگی ستراتیجیی نەوت لەلایەن وەبەرهێنەرەکانەوە زیاتر ببێ و ئەو حاڵەتەش لە بەرئەنجامدا نرخی نەوت بەرزتر بکاتەوە.

تەنانەت ئەگەر هەڵکشانی مەترسیی بە هۆی ئەو نائارامییانەشی کە وڵاتانی ئەو ناوچەیەی گرتووەتەوە، ڕەچاو نەکەین، دەبێ دان بەوە دابنێین کە دوایین خولی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و

بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی کالاّ و کەرەستەی خۆراک لە دنیادا چەندان ئاسەواری ناخۆشی بەدوادا هاتووە کە یەکەمیان بریتییە لەوەی کە پاڵەپەستۆکانی هەڵئاوسان لەناو ئابووریی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە نرخی سووتەمەنی و کەرەستەی خۆراک دوو لەسەر سێی (٣/٢) کۆی سەبەتەی خەرجییەکانی ئەو وڵاتانە پێک دەهێنێ. هەر چەندە بەهۆی لاوازیی ئاستی خواست لە ئابووریی وڵاتە پێگەیشتووەکاندا کە بەرزبوونەوەیەکی کەمی بەخۆوە بینیوە، لە قۆناخی یەکەمدا بەرزبوونەوەی نرخی کالاّکان کاریگەرییەکی بچووکی لەسەر ئاستی هەڵئاوسانی ئەو وڵاتانەدا دەبێ و لە قۆناخی دووەمیشدا تەنیا بەرزبوونەوەیەکی کەم لە ئاستی هەڵئاوساندا ڕوو دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو وڵاتانەیش لە ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئەو حاڵەتە پارێزراو نین و پڕیشکی ئەو تەنگژەیە بەر ئەوانیش دەکەوێ.

لە ڕاستیدا دووەمین ڕیسک و مەترسی کە لە بەرئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دێتە کایەوە و خۆی لە گۆڕینی شێوەی پێوەندی ئاڵوگۆڕ و دەرامەت لە گشت وڵاتە هاوردەکارەکانی کالاّ و وزەدا خۆی دەبینێتەوە، زیاتر لە هەموو لایەنێک زیان بە ئابووریی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە دەگەیەنێ، واتە ئەو وڵاتانەی کە تازە خەریکە لە حاڵەتی بێبازاڕیی ڕزگاریان دەبێ و ئابوورییەکانیان لە دۆخی چاکبوونەوە دایە.

سێیەمین ڕیسک و مەترسیی ئەوەیە کە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، بڕوا و متمانەی وەبەرهێنەرەکان کەم دەکاتەوە و ئەمەیش وا دەکا کە خۆیان لە ڕیسک و مەترسییەوە دوورەپەرێز بگرن و (موجازەفە) نەکەن کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی چاکسازیی لە بازاڕی پشکەکان و لە بەرئەنجامدا بەکاربردن (استهلاک) و وەبەرهێنان کەم دەکاتەوە. پێدەچێ متمانەی بەکاربەرەکان و خاوەن کار و پیشەکانیش کەم ببێتەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاستی خواست (طلب)یش کەم ببێتەوە.

ئەگەر نرخی نەوت لە ڕادەبەدەر بەرز ببێتەوە، بەشێوەیەک کە لە ئاستی تەنگژەی داراییی جیهانی ساڵی ٢٠٠٨ نێزیک ببێتەوە، ئابووریی وڵاتە پێشکەوتووەکانیش پەکیان دەکەوێ و شیمانەی زۆری لێ دەکرێ کە دیسان حاڵەتی بێبازاڕیی بگەڕێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئاستی نرخەکان تاوەکو کۆتاییی ساڵیش هەر لەو ئاستەدا بمێننەوە، لەگەڵ ئەویشدا گەشەی ئابووریی دنیا سست دەبێ و هەڵئاوسانیش ڕوو لە هەڵکشان دەکا، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی مەترسیی (بێبازاڕیی هەڵئاوساناوی) چ سیاسەت و ڕێکار و ڕێوشوێنێک بگیرێتە بەر؟

لە قۆناخێکی کورتخایەندا بژارگەلێکی زۆر کەم لە بەردەست دان. سعوودیا کە ئەندامی ڕێکخراوی ئۆپێکە و توانای دەرهێنانی زیادەی نەوتی هەیە، دەتوانێ ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی بەرز بکاتەوە، یاخۆ ئەمەریکا دەتوانێ پاشەکەوتە ستراتیجییە نەوتییەکانی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خستنە بازاڕی نەوت بەکار بهێنێ.



بە تێپەڕبوونی کات (هەڵبەت مەبەست لە کات چەندان ساڵە)، بەکاربەرەکان دەتوانن وەبەرهێنان لە بواری وزە جێگرەوە (ئالتەرناتیف)کاندا ئەنجام بدەن و لە ڕێی دانانی باج لەسەر کاربۆن و تەکنۆلۆجیا تازەکاندا ئاستی خواست لەسەر سووتەمەنییە بەردبووەکان کەم بکەنەوە. بەو پێیەی کە وزە و خۆراک بێجگە لە کەرتی ئابووریی پێوەندییان لەگەڵ سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا هەیە، بۆیە دەبێ بەکاربەران و بەرهەمهێنەرەکان هەڵوەستە لەسەر ئەو جۆرە سیاسەت و ڕێکارانە بکەنەوە کە لە ئەنجامدا هەڵبەز و دابەزەکانی نرخی کاڵاکان کەم دەکاتەوە.

کاریگەریی ڕووداوەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر کەرتی گەشتوگوزاریدا

دووەمین ئاسەواری نەرێنی تەنگژەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر کەرتی گەشتوگوزاریدایە. ئەو وڵاتانە هەوڵیان داوە لە ڕێی بەکارهێنانی داهاتی گەشتوگوزارییەوە، کەرتی ئابووریی وڵاتەکانیان ڕێک بخەنەوە. بەپێی ئامارەکان لە بەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەدا، ئاستی کەرتی گەشتوگوزار لە وڵاتی تونس بە ڕێژەی ٤٠٪ دابەزینی بەخۆوە بینیوە و هەروەها ئاستی کەرتی گەشتوگوزار لە وڵاتی میسریش کە پێشووتر ساڵانە داهاتەکەی بە پاتی ١٣ ملیار دۆلار بوو، زەرەر و زیانێکی زۆری پێ گەیشتووە. ئەو بێبازاڕییە لە کەرتی گەشتوگوزاردا، دەتوانێ کار بکاتە سەر ئابووریی ئەو وڵاتانە و لە ئەنجامدا ئابووریی هەموو وڵاتانی ناوچەکەیش بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و گەشەی ئابووری جیهانیش لاواز بکا.

سێیەمین ئاسەواری تەنگژەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان و نزمبوونی بەرچاوی چالاکییەکانی بواری ئاوەدانکردنەوە لەو وڵاتانە دایە. هیچ وەبەرهێنەرێک ئامادە نییە لە ناوچەیەکی پڕ تەنگژەدا چالاکی وەبەرهێنان ئەنجام بدا. ئەوەیش لە بەرئەنجامدا ڕەوتی وەبەرهێنانی دەرەکی لەو ناوچەیەدا تووشی خاوبوونەوە و لاوازی دەکا. لە لایەکی تر وەبەرهێنان و ئاستی کڕین لە وڵاتانی ناوچەکەیش بەهۆی نارێکوپێکی و ناسەقامگیریی سیاسی و بێبازاڕیی ئابووریی کەم بووەتەوە. بەپێی دوایین هەواڵەکان، کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئەیرباس کە گەورەترین کۆمپانیای دروستکردنی فڕگەی بازرگانییە، ڕای گەیاندووە: لەوانەیە گرژیی و ئاڵۆزییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا لە ئەنجامدا نەمانی ٦٠ داواکاریی کڕینی فڕۆکە بۆ ئەو کۆمپانیایە و لەناوچوونی ٤٠٪ لە بازاڕی فڕۆکەوانی لەسەر ئاستی جیهانیدا لێ بکەوێتەوە.

بە وتەی ماڵپەڕی بلوومبێرگ، (حەبیب فەکیح) سەرۆکی بەشی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئەیرباس ڕای گەیاندووە: کۆمپانیای فڕۆکەوانی – ئەجیپت ئەیر) کە دووەمین

کۆمپانیای زەبەلاحی ئەفریقیاییە، ڕای گەیاند بوو کە پێویستیان بە کڕینی فڕۆکە هەیە، بەڵام لەو کاتەی ئێستادا کە ناوچەکە بەدەست تەنگژەی سیاسییەوە گیری خواردووە، ئامادە نین هیچ گرێبەستێک لەو بارەیەدا واژوو بکەن.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی یەک لەسەر چواری (٤/١)ی داواکارییەکانی کۆمپانیای فڕۆکەوانی ئەیرباس پێک دەهێنێ کە بەهاکەی بە ٩٤٢ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێ.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین ئێستا کاتی هەنگاونان و کرداری جیدییە. پێ دەچێ گواستنەوە لە پاشاگەردانی بۆ دیموکراسی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ناسەقامگیری و تەنگوچەڵەمەیەکی زۆری بەدوادا بێ، ئەو وڵاتانەی کە تێنووی داهات و خۆشبژێویی زیاترن، تای دیموکراسی دەتوانێ چەندان کورتهێنانی گەورە لە بودجە و کرێ و مووچە و دۆخی داراییی نائاسایی و ڕێژەیەکی بەرز لە هەڵئاوسانی لە ئابووریی ئەو وڵاتانەدا بهێنێتە کایەوە و لە بەرئەنجامدا چەندان تەنگژەی جیدی ئابووریی بەدوای خۆیدا بهێنێ.

کەوابوو، دەبێ پلانێک بۆ یارمەتیدان و ڕزگارکردنی ئەو ناوچەیە دابڕێژرێ، پلانێک لە چەشنی (مارشال پلان) کە لە دوای شەڕی دووەمی دنیایی لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆئاوادا جێبەجێ کرا، یاخۆ ئەو پشتگیرییەی کە لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین بۆ وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پێشنیاز کرا. دابینکردنی سەرچاوەی دارایی دەبێ لە ڕێی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو یاخۆ بانکی دنیایی و بانکی گەشەپێدان و نۆژەنکردنەوەی ئەورووپا و هەروەها لەلایەن وڵاتانی وەکو ئەمەریکا و چین و وڵاتانی کەنداو و یەکەتیی ئەورووپاوەوە بێت.

دەبێ ئامانجی سەرەکی ئەوە بێ کە لەمیانەی پرۆسەی گواستنەوە و گۆڕینی سیستەمی سیاسیدا جۆرێک لە سەقامگیریی ئابووری بۆ وڵاتانە دەستەبەر بکرێ.

گوزەرکردن و گواستنەوەی سیاسی بەبێ سەقامگیری دەتوانێ چەندان پەشێوی و ئاڵۆزیی گەورەی کۆمەڵایەتی و گرژی و توندوتیژیی ئۆرگانیزەکراو یاخۆ شەڕی ناوخۆیی و پەرەسەندنی پەشێویی ئابووری و سیاسی بەدوای خۆیدا بهێنێ. بەو پێیەی کە نرخی نەوت پێوەندی و هەستیارییەکی زۆری لە بەرامبەر ڕیسک و مەترسیدا هەیە، بۆیەش شیمانەی ئەوە دەکرێ کە هەموو جۆرە ئاسەوارێکی ناپەسەند و نەخوازراو، سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببەزێنێ و سەرانسەری دنیا بگرێتەوە.

# دەوڵەتی فاشیل چییە

روبرت ی. روتبرج

دەوڵەتی نەتەوەیی تووشی فەشەل بوو، چونکە نەیتوانی پێداویستیی باشی سیاسی بۆ گەلەکەی دابین بکات. حکوومەتەکەیان شەرعیەتی نییە، بگرە دەوڵەتی نەتەوەیی، لەناو چاو و دڵی زۆرینەی هاووڵاتییانی خۆی شەرعیەتی خۆی لەدەست داوە.

ئەمڕۆ ژمارەیەکی کەمی دەوڵەتی نەتەوەیی لە جیهاندا، کە ژمارەیان دەگاتە ١٩١ دەوڵەت، دەتوانین بیانخەینە لیستی ئەو دەوڵەتانەی فەشەلیان هێناوە یان داڕماون. دیارە داڕمانیش، قۆناخی کۆتاییی فەشەلە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمڕۆ دەیان دەوڵەتی تر، کە لاوازن و پێشبینیی داڕمانیان لێ دەکرێت کاندیدن بۆ قۆناخی فاشیلبوون. بە حوکمی ئەوەی دەوڵەتی فاشیل، دەبێتە گۆڕەپانێکی باش بۆ چەند هێزێک کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەودان. هەروەها دەبێتە بەندەرێکی باش بۆ جەنەراڵەکانی شەڕ و گرووپە تیرۆریستەکان. جێگەی ئاماژەیە ئەو دەوڵەتانەی کە بەدەوڵەتی فاشیل ناودەبرێن، شوێنێکی سەرەکی لە شەڕی دژ بەتیرۆری جیهان داگیر دەکەن.

هەر لەبەر ئەوە ئەمڕۆ زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت، کە دەبێت پشتگیریی دەوڵەتی نەتەوەییی لاواز لە جیهانی سێیەمدا بکرێت.

## پێناسەی دەوڵەتی فاشیل

سیمای دەوڵەتی فاشیل ئەوەیە، کە کۆمەڵێک باری نائارامی و ململانێی توند لە ناخیدا هەیە. سیمایەکی تریشی ئەوەیە، هەموو کاتێک بۆ ژیان جێگەی ترس و هەڕەشەیە، ئەویش لە ئەنجامی شەڕی نێوان گرووپە شەڕکەرەکان. بەگشتی لەهەموو دەوڵەتە فاشیلەکان، هێزە حکوومەتییەکان،

.................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

لەگەڵ گرووپێکی چەکداری لە شەڕدان. لە زۆرجاریشدا دەوڵەتی فاشیل لە دوو سێ لاوە لەگەڵ چەند گرووپێکی یاخی، دەکەوێتە شەڕ و پێکدادانی سەربازییەوە. لەم حاڵەتەشدا، تەنیا بەشێوەیەکی ئێجگار سنووردار هێزە مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ناو کۆمەڵگە دەتوانن ڕەخنە یان قسەی خۆیان بکەن. (لەم دەوڵەتانەدا، کۆمەڵگەی مەدەنی ناتوانێت کار بکات).

سیمایەکی خراپی تری ئەم دەوڵەتانە ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام، هانا بۆ بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی دەبرێت، بگرە هێز زۆرجار دەبێتە سروشتێکی بەردەوامی ئەم دەوڵەتە. بۆ نموونە (هەروەک لە ئەنجۆلا و برۆندی ئەم شێوەیە دەبینین). زۆرجار لەلایەن گرووپێکی بچووکیشەوە، هێز لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی یان ڕژێمێک بەکار دەهێنرێت. ئەم گرووپانەش، زیاتر کۆمەڵێک داواکاری سیاسی یان جوگرافییان لە دەسەڵاتی ناوەندی دەوێت، کە زیاتر داوای دەسەڵات بۆ خۆیان دەکەن، یان داوای شێوە ئۆتۆنۆمییەک بۆ ناوچەکەیان دەکەن. هەر ئەم داواکارییانەش دەبنە بەرگێک بۆ بەکارهێنانی هێز و بزاڤی چەکداری لە دژی دەسەڵات. بەهەمان شێوەش لەلایەن دەوڵەتی فاشیلەوە ئەمە دەکاتە بیانوویەک بۆ بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی. بەشێوەیەکی تەواوەتی کاتێک فەشەلیی دەوڵەتی نەتەوەیی دەردەکەوێت ، لەو کاتەی کە هێز و توندوتیژی دەگاتە ترۆپکی خۆی و بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕێکی ناوەخۆ کە سەرتاسەری دەوڵەتەکە دەگرێتەوە. بەم شێوەیەش ئاستی ژیانی هاووڵاتییان زۆر خراپ دەبێت، هەروەها ئەم حاڵەتەش، بارێکی ترسناک و خراپ بۆ ژیانی هاووڵاتییانی دەخوڵقێنێ و بەرپرسەکانیش دەست دەکەن بە دزی و گەندەڵی و بەهەدەربردنی سامانی گەل و نیشتمان، هیچ کاتێکیش گوێیان لە ئازار و مەینەتیەکانی گەلەکانیان نییە و ئامادەش نین کە باری گرانی ژیانی هاووڵاتییانیان باش بکەن.




بەگشتی شەڕە ناوەخۆییەکان بووەتە سیمای دەوڵەتە فاشیلەکان، هۆکاری سەرەکیی ئەم شەڕانە دەگەڕێتەوە بۆ (جیاوازیی ڕەگەز و نەتەوە یان ئاین یان زمانی و کولتووری) ئەم مۆزایکە لەناو کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی شەڕ لە نێوان ئەم گرووپە جیاوازانەدا. هەروەها "

ترس" لە یەکتری کە هۆکاری سەرەکیی هەموو شەڕە ناوەخۆییەکانە، دەکرێت لەلایەن چەند دەسەڵاتدارێک و بەرپرسێکی سیاسییەوە بۆ مەبەستی خۆیان بەکاری بهێنن و، هێندەی تر ئاگر بەسەر ئەم جیاوازییە (نەتەوە و ئاین و زمانە) بەهێزتر بکەن. هەروەها ئەمەش وادەکات کە گیانی چاوچنۆکی پەرە بستێنێ، بەتایبەت کاتێک کە سامانێکی سروشتیی وەکو (نەوت یان ئەڵماس و گەوهەر... هتد) دەدۆزرێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەڕێکی ناوەخۆی و پێکدادانی سەربازی دروست ببێت.

سیمایەکی تری دەوڵەتی فاشیل ئەوەیە، کە گیانی ڕق و کینە و نەگونجاندن، لە نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت. هەر بۆیە گونجاندن و پێکەوەژیاندن و چارەسەرکردنی کێشە ئێتنی و ئاینە جیاکانی ناو کۆمەڵگە، هۆکاری سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی دەوڵەتی نەتەوەیی و لە سنووری فاشیلبوون دووری بخاتەوە. ئێمە ناتوانین بوونی چەند ئێتنی و ئاینی جیاواز، بکەینە هۆی فاشیلبوونی دەوڵەتەکان، یان بەکارهێنانی زەبروزەنگی زۆرینە لە دژی کەمینەیەک. هەرچەندە ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی فاشیلبوونی دەوڵەت.

بەپێچەوانەی دەوڵەتی بەهێز یان سەرکەوتوو، دەوڵەتی فاشیل دەسەڵاتی بەسەر تەواوی سنووری خۆیدا نییە. زۆرجار دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمێک یان زیاتر دەدۆڕێنێت. وە زۆرجار دەسەڵاتی ناوەندی زیاتر لەناو پایەتەخت یان لەناو ئەو شوێنانەدا هەیە، کە سەر بە یەک ئێتنی یان ئاینی هاوبەشن. بەدڵنیاییەوە ئەو سنووری جوگرافیای کە دەسەڵاتێک حوکمی بەسەریدا زاڵە، نیشانەی فاشیل و فاشیلنەبوونی دەوڵەتێک دەردەخات. ئاخۆ تا چەندە دەسەڵاتی ناوەندی، دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ناوچە و گوند و هەرێمەکانی خۆیدا بسەپێنێ؟ یان چەندە دەسەڵاتی بەسەر ڕێگە سەرەکی و ستراتیجییەکان، یان دەروازە سنووری و ئاوییەکان هەیە؟. تا چەندە دەتوانێت حوکمی ناوەخۆی خۆی بکات، یان بەواتایەکی تر ئاخۆ دەتوانێت حوکمی ناوچە دوورەدەستەکان بکات؟. وەڵامی ئەم پرسیارانە " فاشیلبوون، فاشیلنەبوونی" دەوڵەتێک دیاری دەکەن.

زۆرجار دەوڵەتی فاشیل، هاووڵاتییانی خۆی ناچار دەکات، کە شەڕی نێوان ئێتنی و یان بەهۆی ناوچەگەرییەوە دوژمنایەتی دروست بکات، وە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کەشوهەوایەکی نائارام بۆ دەسەڵاتی ناوەندی. ئەم شێوە حاڵەتە لە وڵاتی زائیر بەدی دەکرێت، بەتایبەت کاتێک لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر مۆبۆتۆ سیسکۆ بوو. یان ئەفغانستان لە سەردەمی ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان. زۆرجار کەمینەیەکی بچووکی دەسەڵاتدار یان کارمەندی حکومی، دەبنە هۆی ئازاردان و چەوساندنەوەی زۆرینەی هاووڵاتییان. ئەم شێوازەش لە حوکم، لە وڵاتانی زائیر و ئەنگۆلا، سیرالیۆن بەتایبەتی لەژێر فەرمانڕەواییی ساکا ستیفنس دەردەکەوێت. ئێمە لەم جۆرە دەوڵەتانەدا ، فەرمانرەواییی میراتگری دەبینین. بەشێوەیەک دەسەڵات دەکەنە موڵکی خۆیان و بنەماڵەکەیان، لە کاتێکدا ئەم دەسەڵاتە، مافی هەموو هاووڵاتییانە. ئەم شێوە دەسەڵاتە دەبێتە

هۆی ئیستفزازکردنی هاووڵاتییانی، لە ئەنجامی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات، یاخیبوونی زۆر لەلایەن کۆمەڵێک چەکدار یان جەنەراڵی ناو سوپا لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی دروست دەبێت.

سیمایەکی خراپی تریش، پەرەسەندن و دروستبوونی تاوان و کوشتن. لە کاتێکدا کە دەوڵەت لاواز دەبێت، وە لە کاتێکیشدا کە دەوڵەت خۆی دەبێتە تاوانبار و تاوان لە دژی گەلەکەی دەکات، بەشێوەیەکی گشتی یاسا رۆڵی نامێنێ. گرووپی مافیا و تاوان دەسەڵاتی بەسەر شەقامدا دەبێت وە بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان و چەک پەرە دەستێنێ، وە دەسەڵاتی پۆلیسی ئاسایی لاواز دەبێت یان هەر نامێنێت. ئاژاوە و بێ یاسایی بڵاو دەبێتەوە. لەم حاڵەتەدا هاووڵاتییان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ژیان خۆیان بکەن، ناچار خۆیان دەخەنە ژێر ڕکێفی یەکێک لە گرووپە چەکدار یان مافیاکان، کە زۆرجار زیاتر خۆی لە هاوعەشیرەتی و ئێتنی دەبینێتەوە. بەم شێوەیەش جۆرە هێزێک پەیدا دەبێت کە زۆرجار دەبێتە دەسەڵاتی رەها و خۆی لە سیمای دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێکدا دەبینێتەوە. دیارە ئەمەش هەمووی بەرەنجامی نەمان و فاشیلبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەتەوەییە.

## نەمانی شمەکە سیاسییەکان

دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ ئەوە دروست بووە، کە کۆمەڵێک شمەکی سیاسی پێشکێشی هاووڵاتییانی خۆی بکات وەکو: ئاسایش، خوێندن و پەروەردە، خزمەتگوزاریی تەندروستی، هەلی ئابووری و کارکردن، سەرپەرشتیکردنی ژینگە و ژینگەپارێزی، دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەوەی یاسا بەرقەرار بێت، وە دانانی یاسایەکی دادوەری "القضائی" بۆ ئەوەی یاسا گشتییەکان جێبەجێ بکات ، وە چەند داواکارییەکی سەرەکیی گشتیی وەکو، دروستکردنی ڕێگەوبان و دانانی هۆکانی هاتوچۆ.

بەڵام دەوڵەتی فاشیل، هیچ کام لەم شمەکانە دابین ناکات. سەرکردەی هێزە چەکدارەکان هەڵدەستن بەدابینکردنی ئەم شمەکانە، بەواتایەکی تر دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێت یان نایەوێت ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، هەر بۆیە خەڵکی تر ئەم کارە دەکەن.

هەروەها دەوڵەتی نەتەوەیی ناتوانێت بەهۆی دەزگاکانیەوە ئاسایش بۆ خەڵکی دابین بکات، کە ئەمەش گرینگترین شمەکی سیاسییە کە پێویستە دەوڵەت دابینی بکات. جێگەی ئاماژەیە هاووڵاتییان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ژیان و ئاسایشی خۆیان بکەن، ناچار خۆیان تەسلیمی دەوڵەتی ناوەندی دەکەن ، بۆ ئەوەی خۆیان لە چنگی " ترس" رزگار بکەن. لەبەرئەوەی کە دەوڵەتی فاشیل ناتوانێت هەلی ئاسایش لە تەواوی وڵاتدا دابین بکات، وە زۆر بەزەحمەتی دەوڵەت دەتوانێت پارێزگاریی پایەتەخت و دەوروبەرەکەی بکات، وە بەم شێوەیەش بەئاشکرا سیماکانی دەوڵەتی فاشیل دەردەکەوێت، زۆرجاریش گرووپێکی چەکدار دەتوانێت هەڕەشە لە هاووڵاتییانی سیڤیلی ناو شارەکانیش بکات. ئەمەش لە لیبریا و سیرالیۆن بە ڕوونی بینیمان.

دەوڵەتی فاشیل لە کۆمەڵێک دەزگای حکوومەتیی لاواز و خراپ پێک دێت، بەواتایەکی تر تەنیا دەبێتە دەزگایەکی (جێبەجێکردن نەک یاسادانان). وە ئەگەر دەزگای یاسادانان " یاسادانان"یش هەبوو، ئەوا تەنیا ڕۆڵێکی ڕۆتینی و لاوازیان دەبێت، هەروەها بەشێوەیەکی بەرچاو گفتوگۆی دیموکراسییانە نامێنێت و سیستەمی دادوەری هیچ ڕۆڵێکی نییە و بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (واتە سەر بەدەسەڵاتی سیاسییە)، ئەمە لە حاڵەتێکدا، دەبێت دەسەڵاتی دادوەری لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن " سیاسی" جیاواز بێت و خاوەنی سەربەخۆیی تەواوی خۆی بێت.

هەر لەبەر ئەوە خەڵکی ناتوانن پشت بە دادگە و یاسا ببەستن بۆ ئەوەی مافەکانیان دەست بکەوێتەوە، چونکە دەسەڵاتێکی گومانلێکراو جێگەی باوەڕی نییە، بەتایبەت لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا، کەس ناتوانێت داوای مافەکانی خۆی لە ڕێگەی یاساوە وەربگرێتەوە.

بیرۆکراتی دەوڵەتیش، ماوەیەکی زۆرە کە هەموو بەرپرسیاریەتێکی پیشەیی خۆی لەدەستداوە، بگرە تەنیا دەبێتە دەزگایەک کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتی سیاسی دەکات و بەشێوەیەکی نامرۆڤانە و ملهوڕانە، هاووڵاتییان دەچەوسێنێتەوە و ئازاریان دەدات. سوپا تاکە دەزگایەکە، کە تا ڕادەیەکی گونجاو دەمێنێتەوە، لێ ئەمیش ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کارەکانی بەئەنجام بگەیەنێت، چونکە سوپاش بووەتە دەزگایەکی سیاسی و حزبی، لەبەر ئەوە وەکو جاران گیانی نیشتمانپەروەریی تێدا نەماوە.

لەناوچوونی دەزگا بنەڕەتییەکانی دەوڵەت، سیمایەکی کۆنی نەمانی دەوڵەت و دەوڵەتی فاشیلن. بەشێوەیەکی مەجازی، چەندە ڕێگەکان" مەبەست ڕێگەی هاتوچۆیە" پێچوپەنا و کێشەیان تێ کەوت (چەندە ڕێگە گشتییەکان خراپ و نەمان)، بەشێوەیەکی تەدریجی دەوڵەتیش فەشەل دەهێنێت.

دیارە ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە دەسەڵاتدار و بەرپرسەکان، پارەیەکی زۆر دەدزن و پارەیەکی ئێجگار کەم بۆ چاککردن و دروستکردنی ڕێگەوبان دەمێنێتەوە، بەم شێوەیەش چاککردن و دروستکردنی ڕێگەوبان لە نێوان شار و لادێکان و ناوچەکانی تری وڵات نابێت. هەروەها سیستەمی زێراب و ئاوەڕۆش کە پێویستییەکی گرینگی خەڵکییە، بەرەو خراپتر دەڕوات. هەروەک لە زائیر "کۆنگۆی دیموکرات" بەرچاومان دەکەوێت وە یان تۆڕی تەلەفۆنات و هۆکانی پێوەندی کە شمەکێکی سیاسی و ئابوورییە، کەموکوڕییەکی زۆریان لە (نۆژەنکردنەوە و هێنانی ئامێری نوێ و دروستکردن) هەیە. نموونەی ئەمەش زۆرن بۆ نموونە زۆرجار خەتی تەلەفۆنەکە نامێنێ یان دەبێت ماوەیەکی زۆر ڕاوەستیت هەتا هێڵێکی تەلەفۆنت دەست بکەوێت. ئەگەر دەوڵەت ڕێگەی بە کۆمپانیایەک یان بازرگانێک دا، کە هێڵی تەلەفۆنی دەستی دروست بکەن، بەم شێوە دەسەڵاتی دەوڵەت، بەسەر هێڵی تەلەفۆندا نامێنێ و تەلەفۆنی زەوینیش، هیچ گرینگییەکی نامێنێ. بۆ نموونە لە سۆماڵ تەلەفۆنی زەوینی نییە، تەنیا تەلەفۆنی دەستی هەیە.

بەڵام لە بواری سیستەمی خوێندن و تەندروستی، لە دەوڵەتی فاشیلدا، یان ئەوەتا تەسلیمی

کەرتی تایبەت کراوە (بۆ نموونە وەکو دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەی تایبەتی)، یان ئەوەتا ئاستیان هاتووەتە خوارەوە و هیچ سوودێک بە هاووڵاتییان ناگەیەنێ. بۆ نموونە مامۆستا و دوکتۆر و برینپێچ و یاریدەری، مووچەکانیان درەنگ دەگاتە دەستیان یان هەر نایاندەنێ، هەر لەبەر ئەوە کارمەندەکانیش دەوامی ڕەسمی ناکەن. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی کتێب و پێداویستیی خوێندن دەست ناکەوێت یان دەرمان و پێداویستیی نەخۆش دابین ناکرێت، ڕاپۆرتی دەزگاکانی خوێندن و تەندروستی بۆ وەزارەتەکان، پشتگوێ دەخرێت و هیچ وەڵامیان نادەنەوە، وە بەم شێوەیە باوکان و دایکانی خوێندکاران و نەخۆشەکان بەتایبەتی لە گوندەکاندا، دەگەنە ئەو ئەنجامەی، کە حکوومەت هیچ گوێیان پێ نادا و بەجێی هێشتوون، ناچار دەبێت پشت بەخۆیان ببەستن.

لە هەندێک شوێندا کە دەوڵەت تووشی شەڕێک بووە و دابەش بووە، وەکو (سودان). ئەو بەشەی لەگەڵیدایە " باکوری سودان" خزمەتگوزاری و یارمەتی دەدرێت. ئەو بەشەشی کە شەڕی تێدایە "باشووری سودان" پشتگوێ دەخرێت و هیچی بۆ ناکرێت. زۆرجار دەوڵەتی فاشیل، لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، تووشی فەشەل دەبێت. واتە لە ئەرکەکانیدا فاشیلبوونی دەردەکەوێ. لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە ترسناکەشدا، ڕێژەی خوێندن و خوێندەواری کەم دەبێتەوە، ڕێژەی مردنی منداڵان زیاد دەبێت وە کۆمەڵێک دەرد و نەخۆشیی ترسناک وەکو ئایدز بڵاو دەبێتەوە، وە ڕێژەی تەمەندرێژیش کەم دەبێتەوە، هاووڵاتییە هەژارەکانیش، ئیهمال دەکرێن و بار و گوزەرانی ژیانیشیان خراپتر دەبێت.

لەباری ئابووریشەوە، دەوڵەتی فاشیل هەلی ئابووری بەشێوەیەکی یەکسان دابین ناکات، تەنیا کەمینەیەک لە خەڵکی، هەلی ئابوورییان دەست دەکەوێت، وە سامانی ئەو کەمینە بچووکەی کە لە دەسەڵاتەوە نزیکن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت. لە کاتێکدا باری هاووڵاتییانی تر بەرەو خراپتر دەچێت. هەروەها لە ڕێگەی بازرگانیکردن بە دراو بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی دراو، ئەم کەمینەیە سامانێکی زۆری دەست دەکەوێت. لە کاتێکدا کە هەموو شتێک رووخاوبێت، هەموو کار و بازرگانییەک دەچێتە ژێر دەستی نوخبەی دەسەڵاتدار و کۆمەڵێک بازرگان و کۆمپانیای بیانی، کە مافی زۆریان پێ دەدرێت و سامانێکی زۆر پەیدا دەکەن. بەم شێوەیەش ئەرکە سەرەکییەکەی دەوڵەت، کە بریتییە لە دابینکردن ژیان و خۆشگوزەرانیی بۆ هاووڵاتییانی نامێنێ.

بەشێوەیەکی ترسناک گەندەڵی لە دەوڵەتی فاشیل بڵاو دەبێتەوە، زۆرجار شێوەیەکی وێرانکەرانە بەخۆیەوە دەبینێت، کە خۆی لە بڵاوبوونەوەی فەسادی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە. هەروەها گەندەڵیش لە شێوازی " بەرتیلدان" لە دائیرەکاندا زۆر پەرە دەستێنێ، بەتایبەت لەو بوارانەدا کە پێویستی بەمەزادکردنی ڕەسمی هەیە، بۆ نموونە پێداویستیی تەندروستی و نەخۆشخانەکان، کتێب و پێداویستیی قوتابخانەکان، دروستکردنی پرد و زیادەڕۆیی لە دروستکردنی پرۆژەی نابەجێی بیناسازی، تەنیا بۆ ئەوەی ئەو کۆمپانیایە یان ئەو کەسە

قازانجی زۆریان دەست بکەوێت. هەروەها دەرکردنی کۆمەڵێک کاری ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراو (واتە پێدانی ئیجازە بۆ کارێکی بازرگانی). دەستبەسەراگرتنی تەواوی کاری بازرگانی لەلایەن نوخبەی دەسەڵاتدارەوە ، خەڵکی هێندەی تر نارەحەت و بێزار بکرێن. نوخبەی دەسەڵاتدارە گەندەڵەکە، هەرچی پارەی هەیە، لە دەرەوەی وڵات دایدەنێت و بازرگانیی پێوە دەکات، بەپێچەوانەوە لە ناوەخۆی وڵاتدا دایناێت. لە ناکاو دەبینیت چەند کەسانێک کۆمەڵێک کۆشک و ماڵی جوان و گرانبەها بەپارەی حکومەت بۆ خۆیان دروست دەکەن. هەموو کاتێک ئەفسەرەکانی سوپا، سوودێکی زۆر لەم دەسەڵاتە گەندەڵانە دەکەن و لە زۆر ڕێگەی نایاساییەوە، سامانیان دەست دەکەوێت.

ڕاستە گەندەڵی هۆکاری سەرەکی نییە لە کەمبوونەوەی داهاتی تاک لە کۆی گشتیی بەرهەمی نیشتمانی، بەڵام کاریگەریشی هەیە. جێگەی ئاماژەیە، سیستەمی ئاماری (الاحصاء) لە دەوڵەتانی گەشەنەسەندو، جێگەی باوەڕ نییە. بەشێوەیەکی تایبەتی دەوڵەتی فاشیل، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی سامانێکی زۆری سروشتین، بەرهەمی نیشتمانییان تووشی حاڵەتێکی ئیفلیجی دەبێت. لە هەمان کاتیشدا ڕێژەی گەشەسەندنی ساڵانەی ئابووریی وڵات، کەم دەبێتەوە، لە هەمان کاتیشدا جیاوازیی نێوان چینی دەوڵەمەند و هەژاران زۆر دەبێت. هەروەها ڕێژەی هەڵاوسانی دارایش زۆر دەبێت و کورتهێنان لە بودجەی حکوومەتی (العجز الميزانيه) زیاد دەبێت. بۆ نموونە " لە ساڵی ٢٠٠١دا لە وڵاتی زیمبابۆی کورتهێنانی بودجەی حکوومەتی گەیشتە ٣٠٪ ی کۆی گشتیی بەرهەمی نیشتمانی. ئەم کورتییەش بەهۆی دانانی بودجەیەکی گەورە بۆ دەزگاکانی ئاسایش و سوپا، هەروەها بەهۆی دزینی سامانی وڵات لەلایەن نوخبەی حاکمەوە، ئەم کورتهێنانە لە بودجە دەخوڵقێ. لەبەر ئەوە زۆرجار هەڵاوسانی دارایی دروست دەبێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی پاڵەپەستۆ لە بانکی ناوەندی دەکات، کە پارە چاپ بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەڵاوسانی دارایی وە ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بارێکی نائارام و خراپ بۆ ئابووریی وڵات دروست بکات وە زۆرجار نوخبەی دەسەڵاتدار، خۆشی ئەم حاڵەتە دروست دەکات، چونکە سوودی زیاتر لەم حاڵەتانەدا دەکات و سامانی زیاتری دەست دەکەوێت، بەم شێوەیەش دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی خۆیان بەهێزتر دەکەن، وە نوخبەیەکی بچووکی بازرگانییش، کە نزیکن لە دەسەڵات، دەتوانن قازانجێکی زۆریان دەست بکەوێت. لەم جۆرە بارودۆخانەدا کاری قاچاخچێتی بڵاو دەبێتەوە. لە حاڵەتێکیشدا کە دەوڵەت فەشەل دەهێنێت، دراوی نیشتمانی هیچ نرخێکی نامێنێ و دراوی بیانی جێگەی دەگرێتەوە وە لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا، سەراف (پارەگۆڕینەوە) بڵاو دەبێتەوە و یاریکردن بە دراوی نیشتمانییش (المظاربه)، دەبێتە ئەرکێکی نیشتمانیی ڕۆژانە!!.

زۆرجاریش بەتایبەت ئەگەر کارەساتێکی سروشتی روو بدات، یەکسەر بەرەو ئاژاوە "بێ یاسایی" ئابووریی خراپ بڵاو بێتەوە. وە ئەو حاڵەتی ئیهمالکردنەی کە دەوڵەتی فاشیل تووشی

بووە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی وەرزی کۆمەڵێک کێشەی لە جۆری (نەمانی خواردن و بڵاوبوونەوەی برسێتی) دروست بێت. وە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ناچار بن پشت بە بەهاناچوونی نێودەوڵەتییەوە ببەستێت کارەساتە سروشتییەکان دەتوانن هەموو مەواریدەکانی دەوڵەت لەناوبەرێت، تەنانەت لە دەوڵەتی نافشلیشدا. کارەساتە سروشتییەکان، گورزی خراپ لە داهات و بەرهەمی نیشتمانی دەدەن، بەتایبەت لە دەوڵەتانی پاشکەوتوودا. لێ لە کاتێکدا کە نوخبەی حاکم، بێ ویژدانە و ماوەیەکی زۆرە دەستی کردووە بەهەڵمژینی هەموو سەروەت و سامانی وڵات، هەتا وای لێ کردووە کە وشک بکات، لەبەر ئەوە کارەساتە سروشتییەکان، یان شەڕەکان کە بەدەستی مرۆڤ خۆی دروستی دەکات، ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی کە خەڵکی تووشی مەینەتییەکی گەورە بکەن و لە برساندا بمرن. لە کاتێکدا کە خەڵکی هەموو ئەو سامانە کەمەی کە هەیەتی دەیدۆڕێنێت و هەموو سەرچاوەی داهات و ڕزقی نامێنێ، وە بەم شێوەیەش ئەو ماڵ و شوێنەی لێی دەژی، ئەویشی لە دەست دەردەچێت و بەناچاری ملی ڕێگەی هات و نەهاتی کۆچ دەگرێتە بەر. دەوڵەتی فاشیل ناتوانێت ئاسایش بۆ هاووڵاتییانی دابین بکات، لەبەر ئەوە ئەو خەڵکە بێ لانە و پەناهەندەیە، ناچار دەبن کە ملکەچی هەر کەسێک بن، کە نان و ئاسایشیان دەداتێ. بەم شێوەیەش دەبنە پاروویەکی باش، بۆ گرووپی تیرۆریستی و مافیاکان.

دەوڵەتی فاشیل لەو کاتەی کە دەسەڵاتی بەسەر سنووری ڕەسمیی خۆیدا نامێنێ، مەشروعیەتی سەرەکیی خۆی لە دەست دەدات. پاش ئەمە هەر بەشەو داوای دەسەڵاتی تایبەتی بەخۆی دەکات و زۆرجار زیاتر لە چەند هەرێمێک دروست دەبن و دەسەڵاتی جیاواز حوکمی وڵات دەکەن. ئا لەو کاتەی کە هەموو دەسەڵات و سامانی وڵات لەلایەن نوخبەیەکی بچووک یان کەمینەیەکی ئێتنی داگیر دەکرێت، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە ئەو خەڵکانەی کە لە دەسەڵات و سامانی وڵاتەکەیان بێبەشن، لە دژی دەسەڵاتی سیاسی ڕاپەڕین و ئینتیمایان بۆ وڵاتەکە نەمێنێ. لە کاتێکدا کە حاکمەکان کار تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و دۆستە نزیکەکانی خۆیان بکەن، لێرەوە هیچ شەرعیەتی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان نامێنێ. لەم کاتەدا وا سەیری دەوڵەت دەکرێت، کە بووەتە موڵکی نوخبەیەک یان گرووپێکی تایبەت و دوورخستنەوەی زۆرینەی خەڵکیش لەم دەوڵەتە. لەم بارودۆخەدا زۆر ئاساییە کە هۆشیاری و ئینتیمای خەڵکی زیاتر بۆ ناوچە یان هەرێمی تایبەت بەخۆیان بێت و وا هەست بکەن کە ناوچەکەیان بێبەش و زوڵم لێ کراوە. وە بەم شێوەیە ئینتیمایان دەگۆڕێت بۆ ئینتمای عەشیرەتی و ناوچەگەری، کە پاشان ئەم بەرپرسانە دەبنە سەرۆکی شەڕ. (واتە خەڵکی ئینتیمای نیشتمانیی نامێنێ و دەگۆڕێت بۆ ئینتیمای عەشیرەتی، ناوچەگەری). ئەم پیاوە بەهێزانە یان ئەم سەرکردە تازانە کە لە ناوچەیەکدا دروست دەبن، زیاتر پشت بە هاوکاری و یارمەتیی ناوەخۆ و دەرەکی دەبەستن. وە لەم جۆرە دەسەڵاتەشدا، زیاتر باری ژیان و حوکمداری بەگشتی، خراپترە تا دەسەڵاتی ناوەندی وە شێوەیەکی فراوانیش ئاژاوە و ترس بڵاو دەبێتەوە.

دەوڵەتی داڕماو " ڕووخاو" شێوەیەکی توندڕۆیانەی دەوڵەتی فاشیلە. ئەم دەوڵەتە سیمای بۆشاییەکی گەورە لە دەسەڵاتیدا بەدیار دەکەوێت. مانای تەواوەتیی دەوڵەتی داڕماو ، مانایەکی جوگرافیایی بێگەردی هەیە. (چونکە دەوڵەت لە ڕێگەی جوگرافیاکەیەوە دیاری دەکرێت). دەوڵەت هەموو سیما و نیشانەکانی خۆی دەدۆڕێنێ و بەتایبەت سیمای دەرەکیی دەوڵەتەکە، کە سیمایەکی گرینگە بۆ دەوڵەت. پاش ئەوەی کە دەوڵەت ناتوانێت هیچ لە شمەکە سیاسییە گرینگەکان بۆ هاووڵاتییانی دابین بکات، ئەوانەی کە (زمان و سنوور)یان یەکە و دەوڵەتەکەی لێ دروست بووە، ئینجا لەو کاتەدا دەوڵەتەکە دەڕووخێ. بۆ نموونە لە (سۆماڵیا یان لبنان لە کاتی شەڕی ناوەخۆدا، ئەفغانستان لە ماوەی شەڕی ناوەخۆدا، یان سیرالیۆن لەم سالانەی دواییدا). لەم بارودۆخانەدا، چەند لایەنێکی چالاک دێن ئەو کارانە دەکەن کە حکوومەت نایکات. وە بەم شێوەیەش جێگەی دەوڵەت دەگرنەوە. ئەمانە کۆنترۆڵی هەموو ناوچە سەرەکی و بەشە جیاوازەکانی تر دەکەن. هەروەها ئەمانە دەست بەسەر بازاڕی ناوچەکەی خۆیاندا دەگرن و کۆمەڵێک باج و گومرگ دادەنێن و هەروەها دەتوانن چەند پێوەندییەکی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسییش بۆ خۆیان دروست بکەن.

ئەمانە هیچ دانپیانانێکی شەرعی و نێودەوڵەتییان نییە، لێ هەندێکیان دەتوانن خۆیان فەرز بکەن و نیمچە دەوڵەتێک بۆ خۆیان دروست بکەن، بۆ نموونە (دەوڵەتی زەویی سۆماڵ، لە باکوری سۆمالیا). لەگەڵ ئەوەشدا لە دەوڵەتی داڕما" ڕووخاو"دا حاڵەتی ئاژاوە و بێ یاسایی بڵاو دەبێتەوە، هەروەها عەقڵیەتی ئاژاوەگێڕی کە بۆ هیچ یاسایەک ملکەچ نابێت، خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ. هەروەها هەموو پرۆژەیەکی ئابووری و بازرگانی بەتایبەت بازرگانیی چەک و مادە هۆشبەرەکان، لەلایەن کۆمەڵێک گرووپی ترسناک و پیاوکوژەوە بەڕێوە دەبرێت. واتە بازرگانی شێوەیەکی تۆقێنەری دەبێت.

## فەشەلی دەوڵەتی هاوچەرخ

ئەمڕۆ کۆمەڵێک دەوڵەت خۆیان لەناو لیستی دەوڵەتە فاشیلەکانی جیهان دەبیننەوە، لەوانە:

(ئەفغانستان ، ئەنگۆلا، کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی، لیبریا، سیرالیۆن، سودان). ئەم حەوت دەوڵەتە سیما گشتییەکانی دەوڵەتی فاشیلیان بەسەردا زاڵە. دیارە تەنیا دەوڵەتێک بەتەواوەتی داڕماوە "ڕووخاوە" ، ئەویش دەوڵەتی سۆماڵیایە.

ئەم دەوڵەتانە، لە ساڵی ١٩٩٠وە بگرە هەندێکیان پێشتریش، ملی ڕێگەی دەوڵەتی فاشیلیان گرتووەتە بەر. دیارە پێشتر لبنان دەوڵەتێکی فاشیل بوو " واتە لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆدا". هەروەها بۆسنە و تاجیکستان و نێجیریاش. کۆمەڵێک دەوڵەتی نوێیش " واتە ئەوانەی تەمەنیان نوێیە" لە سنووری دەوڵەتی فاشیل نزیک دەبنەوە و هەندێکیشیان باری گشتییان زۆر بەرەو خراپی دەڕوات. هەندێکیان بەشێوەیەکی ترسناک بەرەو خوارەوە و داڕمان مل دەنێت. ئەم دەوڵەتانەش، لە

دەوڵەتێکی لاوازەوە بەرەو دەوڵەتێکی فاشیل هەنگاو دەنێن. لێ ئەوەی گرینگە کە ئێمە بزانین ئەو هۆکارانە چین کە دەوڵەتێکی لاواز بەتایبەتی ئەوانەی کە لە رووی دانیشتوانەوە لاوازن وەکو "هایتی" ، بەرەو فەشەلبوون دەچن. دیارە لیستی دەوڵەتە لاوازەکان " بێهێزەکان" زۆرن، لێ ژمارەیەکی کەمی ئەو دەوڵەتە " لاوازانە" کە بەشێوەیەکی خراپ حوکم دەکرێن، بەرەو فاشیلبوون دەچن. بۆچی؟ دیارە ئێمە ناتوانین هەندێک دەوڵەت بۆ نموونە " کۆلۆمبیا، ئەندەنووسیا"، بەشێوەیەکی تەواوەتی بیانخەینە ناو لیستی دەوڵەتە فاشیلەکان.

بەڵام لێرەدا رووبەرووی پرسیارێکی گرینگتر دەبینەوە ئەویش ئەوەیە: ئەو پاڵنەرانە چین کە دەوڵەتێک بەرەو فاشیلبوون دەبەن و خۆی ناگرێتەوە و بەرەو لەناوچوون و دارمان دەچێت؟ بۆچی سۆماڵیا نەیتوانی لە سنووری دەوڵەتی فاشیل بمێنێتەوە لە جیاتیی ئەوەی بەرەو لەناوچوون و دارمان بچێت؟. دیارە هەریەک لە دەوڵەتە فاشیلەکان و رووخاوەکان، لەسەر شێوازی کلاسیکی بەرەو خانەی دەوڵەتی فاشیل ناچن. بۆ ئەوەی ناوی دەوڵەتی فاشیل لە دەوڵەتێک بنێین، دەبێت ئەو دەوڵەتە خاوەنی چەند سیما و پێناسەیەکی تایبەتی روون بێت. لێرە مەبەستمان دەستەواژەی "فاشیل"ە. ئەمەش کۆمەڵێک وەسف و مەرجی تایبەتی لەخۆ دەگرێ. وە دەبێت هەندێک دەوڵەت، کە تەنیا چەند سیمایەکیان لە " فاشیل"بوون هەیە، نەیانخەینە ئەم لیستەوە. بگرە دەبێت پشت بەکۆمەڵێک پێوانەی تایبەت ببەستین. بۆ نموونە ئاخۆ لە رووی قوتابخانە، رێگەوبان، نەخۆشخانە، نۆرینگە دوکتۆر، چەندە کەمووکورتییان هەیە؟ وە تا چەندە بەرهەمی نیشتمانیی کەم بووەتەوە و ژمارەی مردنی منداڵان چەندە؟ وە ئاخۆ ئاستی حکومەتی ناوەندی چۆنە؟ لە هەمووشی گرینگتر، ئاخۆ تا چەندە دەوڵەت دەتوانێت کێشە و ململانێ ناوەخۆیییەکانی چارەسەر بکات و ئاسایشی هاووڵاتییانی بپارێزێت؟ ئاخۆ بەشێوەیەکی بەردەوام دەتوانێت ئاسایش بپارێزێت؟ یان تەنیا لە هەلومەرجێکی باشدا دەتوانێت ئەم کارە بکات؟ وە ئاخۆ دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی لە چەند ناوچەیەک، پارێزگەیەک، هەرێمێک لەدەست داوە؟ یان هەموو سنووری خۆی دەپارێزێت؟.

لێرەدا باسی چەند نموونەیەک دەکەم:

## سریلانکا

وڵاتی سریلانکا، ماوەی ١٩ ساڵە تووشی شەڕێکی ناوەخۆیی و وێرانکەرانە بووەتەوە. چەکدارە یاخییەکانی " پڵنگەکانی تامیلی رزگاریخواز"، ئەمیش بزووتنەوەیەکی جوداخوازی تامیلە، کە لە ماوەی پێشوودا دەسەڵاتیان بەسەر چەند ناوچەیەکدا هەبوو، کە دەگاتە رێژەی ١٥٪ ی کۆی گشتیی رووبەری جوگرافیایی سریلانکا. هەروەها بەشێوەیەکی سنووردایش، ' پڵنگەکانی تامیل" دەیانتوانی سەرۆک وەزیران تیرۆر بکەن و، وەزیرەکان بۆمباران بکەن، نەیارانی تامیلیش لەناوبەرن (واتە ئەوانەی هاوپەیمانی حکومەتی ناوەندین، یان کاریان لەگەڵ دەکەن)، بگرە تەنانەت ساڵی پار توانییان پەلاماری باڵەفرگەی مەدەنی و عەسکەرییش بدەن و زەرەر و زیانێکی

گەورەشی پێ بگەیەنن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، حکوومەتی سینهالا دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی سریلانکا بسەپێنێ و شەڕ لە دژی چەکدارەکانی " پڵنگەکانی ڕزگاریخوازی تامیل " بکات. دیارە دەوڵەتی نەتەوەیی لاواز و بێهێز بوو، بەڵام هیچ کاتێک نەگەیشتە سنووری دەوڵەتی فاشیل. ئاستی ڕاپەڕاندنی کارەکانی حکوومەت تا ڕادەیەکی بەرز باشە، ٨٠٪ی سریلانکاییەکان لە حکوومەت ڕازین. هەروەها لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانەوە، گەشەسەندنی ئابووری لە سریلانکا بەرەو باشی هەنگاو دەنێت. هەروەها بەشێوەیەکی بەردەوامی، حکوومەت دەسەڵاتی خۆی بەسەر سریلانکادا سەپاندووە، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە بە " سینهالی" قسە دەکەن، کە ڕێژەیان دەگاتە ٨٠٪ ی کۆی گشتیی دانیشتوانی سریلانکا. هەروەها توانیشی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەندێک ناوچەدا بسەپێنێ، کە تامیلییەکان داوای دەکەن و بە هی خۆیانی دەزانن. هەرچەندە شەڕ ئەم وڵاتەشی وێران کردووە، لێ بەشێوەیەکی بەردەوام حکوومەت توانیویەتی خزمەتگوزارییەکان لە بواری (ڕێگەوبان، خوێندن، تەندروستی و پێداویستیی سەرەکیی خۆراک) بۆ هاووڵاتییان دابین بکات، بەتایبەت لە کاتی شەڕیشدا ئەم خزمەتگوزارییانە هەر بەردەوام بوون. جێگەی ئاماژەیە ئەم خزمەتگوزارییانەش لەو شوێنانەی کە شەڕی تێدایە، کەمتر پێشکێش کراون. لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانە و، بوونی شەڕێکی ناوخۆییش کە پێویستی بە ئەرکێکی زۆر و لەسەر بنەمای جوداکاریی ئێتنی و نەتەوەیی دامەزراوە، بەڵام سریلانکا توانی لەوەدا سەربکەوێت، کە نەچێتە لیستی دەوڵەتە فاشیلەکانی جیهانەوە.

## ئەندەنووسیا

ئەندەنووسیاش نموونەیەکی تری وڵاتانی لاوازە، کە توانی خۆی بگرێتەوە و نەچێتە لیستی دەوڵەتی فاشیلەوە، هەرچەندە بەشێوەیەکی بەربڵاویش بارێکی نائاسایشی و نائارامی هەیە. ئەندەنووسیا بەگەورەترین وڵاتی ئیسلامی لە جیهاندا دەژمێرێت. بەحوکمی بوونی کۆمەڵێک دوورگەی ئەرخەبیلی، کە سنوورەکانی دوور و بەرفراوانن، ماوەیەکە شەڕ و بزاڤی جوداخوازی زۆر، لە ململانێیەکی بەردەوامدان لەگەڵ حکوومەت. شاری ئاتشی کە دەکەوێتە دوورگەی " ئیریان جایا" لە ڕۆژهەڵات، هەروەها کێشە و ململانێیەکی زۆریش لە نێوان کریستی و موسڵمانەکانی ئەم وڵاتەدا هەیە بەتایبەت لە ناوچەکانی " ئامبون و مولوکوس" وە کۆمەڵێک کاری دوژمنکارانە و توندوتیژی لە نێوان کریستی و موسڵمانەکان لە ناوچەی سولاویسی ڕووی داوە. هەروەها شەڕێکی ئێتنی لە نێوان ئێتنییە جیاوازەکانی ناوچەی کالیمانتان بەرپا بووە. لەگەڵ بوونی ئەم هەموو کێشە و ململانێیانەدا، بەتایبەت پاش ڕووخانی ڕژێمی سوهارتۆ گەیشتە لووتکەی، کە بە ئاسانی دەتوانین بڵێین کە ئەندەنووسیا لە سنووری دەوڵەتی فاشیل نزیک بووەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بارە خراپەشدا، ناتوانین ئەندەنووسیا بخەینە ناو لیستی دەوڵەتە فاشیلەکان. هەروەک لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکان دەری خستووە، کە لە ناوچەکانی " ئاتشی و بابوا"، تەنیا گرووپە

چەکدارەکان دەیانەوێت حکوومەت بڕووخێنن (واتە گەلەکە رووخانی حکوومەت ناخوازێت)، تەنانەت لە ئاتشیدا، هێشتا هێزە حکوومەتییەکان باڵادەستن. لە ناوچەکانی تردا، شەڕ لە نێوان ئێتنییە جیاوازەکاندا هەیە و هیچ کێشەیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا نییە. هەرچەندە لە ئاتشیدا شەڕ و پێکدادانی سەربازی هەیە،



بەڵام نەبووەتە هۆی ئەوەی کە سەلامەتی و ئیمکاناتی دەوڵەت بخاتە ترسەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە زۆربەی ناوچە و هەرێمەکانی ئەندەنووسیادا هەست بەئاساییش و هەستی نیشتمانی بەهێزە و ناوەندیش دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێ. لەگەڵ ئەوەی کە باری ئابووریی ئەندەنووسیا ، کۆمەڵێک بەرزی و نزمیی زۆر ترسناکی بەخۆوە بینی، بەتایبەت پاش رووخانی رژێمی سووهارتۆ، بەڵام هێشتا دەوڵەت کۆمەڵێک شمەکی سیاسیی گرینگ بۆ هاوولاتییان دابین دەکات و پارێزگاری لە شەرعیبوونی خۆی دەکات. هێشتا ئێمە ناتوانین ئەندەنووسیا بخەینە ناولیستی دەوڵەتە فاشیلەکان، بگرە دەوڵەتێکی لاوازە. بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی ورد چاودێریی کارەکانی حکوومەت بکەین و سەیر بکەین تا چەندە دەتوانێت ئاسایش و ئارامی بپارێزێت.

## کۆڵۆمبیا

لێرەدا پێم خۆشە بەم شێوەیە وەسفی کۆڵۆمبیا بکەم: وڵاتی کۆڵۆمبیا دەوڵەتێکە، خاوەنی سامان و داهاتێکی زۆرە، هەروەها دەوڵەتێکی گەشەسەندوو و ئارامە، بەڵام لە مەسەلەی تاوانی کوشتن، پلەی دووەمە لە جیهاندا. (واتە رێژەی تاوان تێیدا زۆرە). هەر لەبەر ئەوە پیاوە سیاسی و بازرگانەکانی، هەموو بەرگی دژەفیشەک دەبەستن و کاتێک بۆ شوێنێک بچن، دەبێت کۆمەڵێک چەکدار لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بۆ ئەوەی ژیانیان بپارێزن. ئەمڕۆ کۆڵۆمبیا لەلایەن سێ لەشکرەوە دەستی بەسەردا گیراوە. لە هەندێک شوێندا، دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی وازی لەو ناوچانە هێناوە و لەلایەن گرووپە چەکدارەکان یان مافیا و بازرگانانی تلیاک کۆنترۆڵیان کردووە.

لێرەدا جارێکی تر ئەم پرسیارە دەکەینەوە: بۆچی ناتوانین کۆڵۆمبیا بخەینە ناو لیستی دەوڵەت فاشیلەکانەوە؟ هەرچەندە شیمانەی ئەوە هەیە کە دەوڵەتی کۆڵۆمبیا بەرەو لەناوچوون بچێت و

هەموو ئیمکاناتی بدۆڕێنێت، بەڵام سەیر دەکەیت، حاڵی حازر حکومەتی کۆلۆمبیایی هەموو ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتیدان، کە دەگاتە ڕێژەی ٧٠٪ کۆی ڕووبەری گشتیی وڵات. دەوڵەت کۆمەڵێک شمەکی سیاسیی گرینگ بۆ هاووڵاتییانی دابین دەکات تەنانەت ئاسایشیش بەتایبەت لەو ناوچانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتییەوە. ئەگەر هاتو حکوومەتی کۆلۆمبیا بتوانێت لەو ناوچانەی کە کێشەی تێدایە، جارێکی تر خۆی بسەپێنێ و بەرگری لە بوونی خۆی بکات و بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان کەم بکاتەوە، لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتی دەوڵەت گەشە دەستێنێت و پێش دەکەوێت. لە هەمان کاتیشدا لە سنووری دەوڵەتی فاشیل دوور دەکەوێتەوە.

## زیمبابۆی

دیارە بێگومان زیمبابۆی پێشتر دەوڵەتێکی بەهێزی ئەفریقیایی بوو، بگرە یەکێک بوو لە دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەفریقیا، کەچی بەپێچەوانەوە بەرەو لاوازی و پاشان بەخێرایی هەنگاوی بەرەو دەوڵەتی فاشیلبوون نا. بەڵام ئەوەی کە هەتاوەکو ئێستا لە زیمبابۆی بوونی نییە و نەیخستووەتە ناو لیستی دەوڵەتە فاشیلەکانەوە ، بزووتنەوەیەکی چەکداری لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی، بەڵام گەر وا بڕوات ئەمەش بەم زووانە ڕوو دەدات. لە هەمان کاتدا وا بۆ ماوەی ٢ ساڵە بەرهەمی نیشتمانیش بە ڕێژەی ١٠٪ کەمی کردووەتەوە. هەروەها هەڵاوسانی داراییش لە ٣٠٪ ەوە بۆ ١١٦٪ ی بەرز بووەتەوە و دراوی نیشتمانیش لە ئاستی دۆلاردا زۆر خراپ دابەزیوە، پێشتر ١,٣٨ و ئەمڕۆ ١٤٠٠. هەروەها سەرمایەگوزاریی بیانی و نیشتمانیش زۆر کەمی کردووەتەوە. بەنیسبەت خزمەتگوزاریی خوێندن و تەندروستیشەوە، زۆر کەم بووەتەوە و زۆرجاریش هەر نییە. پرۆژەکانی ڕێگەوبان و هێڵی تەلەفۆن خراپ بوون و هیچ نۆژەن نەکراونەتەوە. بەڵام دەسەڵاتی دادوەری هێشتا سەربەخۆیە و بەڵام لە حاڵەتی سیاسیدا زۆر لاوازە. بەشێوەیەکی تر، دەوڵەت بۆ ماوەی دوو ساڵە مافەکانی هاووڵاتییانی پێشێل دەکات. گەندەڵی بەشێوەیەکی زۆر بڵاوە، بەتایبەت لەناو نوخبەی حاکمی وڵات، کە نوخبەیەکی چاوچنۆک و گەندەڵە. زیمبابۆیش وەکو دەوڵەتانی تر (سیرالیۆن، کۆماری کۆنگۆی دیموکرات)، بەهۆی کاری مرۆڤییەوە " واتە نوخبەی دەسەڵاتدار"، بەرەو دەوڵەتی فاشیلیان برد.

دیارە تەنیا ئەندەنووسیا و کۆلۆمبیا و سریلانکا و زیمبابۆی ، تەنیا نین لەناو دەوڵەتانی نەتەوەیی، کە ڕەگەزی فاشیلبوونیان هەیە و بەرەو دەوڵەتی فاشیل هەنگاو دەنێن، بگرە هەندێکیان شیمانەی زۆریان هەیە بەرەو فاشیلبوون بچن، بەڵام ئەوان دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن، بەتایبەت ئەگەر هاتو بەشێوەیەکی باش، یارمەتیی نێودەوڵەتییان دەست بکەوێت. (بەپێی هەندێک ئامار، ٢٤ دەوڵەتی نەتەوەیی لە جیهاندا، ترسی ئەوەیان هەیە کە بەرەو دەوڵەتی فاشیل بڕۆن). دیارە ئەم دەوڵەتانە دەچنە قاڵبی ئەو ڕیزبەندییانەوە، کە بەدەوڵەتی لاواز دادەنرێن، بەڵام لە ڕاستیدا خۆیان

لە ڕیزبەندیی دەوڵەتە فاشیلەکاندا دەبیننەوە و زۆر لە سیفاتەکانی دەوڵەتی فاشیلیان پێوە دیارە و ترسی ژێرکەوتنیان بۆ لیستی دەوڵەتی فاشیل لێ دەکرێت.

جێگەی ئاماژەیە هەریەک لە هایتی و تشاد و قیرغستان، کە هەریەکەیان لە پارزەوینێکن (ئەمەریکای لاتین، ئەفریقیا، ئاسیا)، ئەمانە هەرسێکیان بە بەردەوامی سێ نموونەی دەوڵەتی لاوازن. هەروەها سەردەمانێک چاوەڕوان دەکرا کە ڕووسیاش هەمان چارەنووسی ئەوانی هەبێت، لێ ئەمڕۆ باشترە. بەڵام ئەم دەوڵەتانە " فیجی، دوورگەکانی سلیمان، تاجیکستان، لبنان، نێجیریا، نەیجەر، بۆرکینا فاسۆ " هەموویان شیمانەی داڕمان و لاوازبوونی زیاتریان لێ دەکرێت. هەروەها کینیا بەدەوڵەتێکی لاواز دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک سیمای فاشیلبوونی پێوە دیارە، بەتایبەت ئەگەر هاتو کێشە ئێتنییەکان چارەسەر نەکرێن و شەڕێکی ناوەخۆ هەڵبگیرسێت.

جێگەی ئاماژەیە لیستی دەوڵەتە لاوازەکان زۆرن ، بەداخەوە هیچ هیوایەکیش بۆ باشکردن و پێشکەوتنیان نییە. هەندێک دەوڵەت هەن، کە لە ڕووی ئیمکاناتەوە زۆر بەهێزن، لێ خۆیان لەناو بازنەی لاوازیدا دەبیننەوە و جارێک دێنە دەرەوە لێی و جارێکیش دەچنەوە ناوی، وە زۆرجاریش لە سنووری فاشیلبوون نزیک و دوور دەکەونەوە. هەروەها چەند دەوڵەتێکی تر هەن کە دەمێکە خراونەتە ناو لیستی دەوڵەتە لاوازەکانەوە. زۆرجاریش هەندێک بڕیار و سیاسەتی نوخبەی حاکم، خۆیان باری وڵات بەرەو خراپتر و گرژی دەبەن، تا لە کۆتاییدا بەرەو فاشیلبوونی دەبەن.

## دەوڵەتی فاشیل دەستکردی مرۆڤە

پێش هەموو شتێک دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە دەوڵەتی فاشیل دەستکردی خودی مرۆڤە، وە ئەمەش کارێک نییە کە بەهۆی ڕێککەوتەوە ، یان هۆکاری جوگرافیایی و ژینگەیی یان دەرەکییەوە دروست بێت. بڕیارە چەوت و فاشیلەکانی حاکمەکان، وای کردووە کە دەوڵەت لەناوبەرێت و لە کۆمەڵێک سیاسەتی لاواز و چرووکدا بەردەوام بن، هەتا دەیانگەیەنێتە دۆزەخی دەوڵەتی فاشیل.

## مۆبۆتۆ و زائیر

مۆبۆتۆ کە حاکمی وڵاتی زائیر (کۆماری کۆنگۆی دیموکرات) بوو، هەتا لەسەر حوکم بوو، بە ناشیرینترین و قێزەوترین شێوە، دەستی کرد بەدزین و تاڵانکردنی هەموو سامانی ئەم وڵاتە، لە پاش خۆی هیچ شتێکی باشی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە بەجێ نەهێشت. هەموو سامانی ئەم دەوڵەتە مەزنە، چووە ناو گیرفانی مۆبۆتۆ و دارودەستەکەیەوە. لە ماوەی چل ساڵی حوکمیدا، هیچ پارەیەکی بۆ باشکردن و پێشکەوتنی گەلی کۆنگۆلی دانەنا. هیچ هەوڵی باشکردن و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و ژێرخانی ئابووری نەدەدا. تەنانەت نەشیتوانی ئاسایشیش بۆ هاوڵاتییانی دابین بکات. لەم دەوڵەتەدا هیچ ئینتیمایەک بۆ نیشتمان و گەل بوونی نەبوو، بگرە تاکە ئینتیما کە بوونی هەبوو، ئینتیما و ملکەچبوون بۆ حوکمی دیکتاتۆری مۆبۆتۆ بوو.

## ئەنگۆلای خاوەن نەوت

ئەنگۆلا وڵاتێکی دەوڵەمەندە لە ڕووی سامانی نەوتەوە، لێ وا بۆ ماوەی سی ساڵە بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە، دەوڵەتی فاشیل بەردەوامە. لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی ئەنگۆلی ئیدواردۆ دۆس سانتۆس و دەست و پێوەندەکەی، بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە واز لە دەسەڵات بهێنێ و ماوەیەکی زۆرە دەسەڵاتی بۆ خۆی و کەسە نزیکەکانی خۆی داگیر کردووە. هەرچەندە ئەمان لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتیاندایە، کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکێش بە هاووڵاتییانی خۆیان دەکەن.

## سیرالیۆن

لە وڵاتی سیرالیۆنیش، ستیڤنسی دیکتاتۆر لە نێوان ساڵانی (١٩٦٧ تا ١٩٨٥) بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆی بەهێز بکات، هەموو توانا و سامانی ئەم دەوڵەتەی بەهەدەر برد، وە هەتاوەکوو ئەمڕۆش دەوڵەتی سیرالیۆن ، بەهۆی ئەو دزی و تالانی و بەهەدەربردنەی سامان، کە لە سەردەمی ستیڤنسدان کراوە، هێشتا نەهاتووەتەوە سەرخۆی و ناتوانێت لە کێشە و گرفتەکانی ئەو سەردەمە خوێناوی و تاریکستانە خۆی ڕزگار بکات. بەواتایەکی تر هێشتا تارماییی ئەو دەسەڵاتە نەگریسەی ستیڤنس، بەسەر ئەم وڵاتەوە ماوە.

## لیبریا

لیبریاش نەیتوانی جارێکی تر بێتە سەرپێی خۆی و پێشکەوێت و کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، دیارە ئەوەش بەهۆی ئەو بێبایەخی و فەرامۆشکردن و دزی و تالانییەی کە لە سەردەمی حکوومەتە ناڕەواکانی (ساموئێل دۆی، پرێنس جونسۆن، تشارلز تایلۆر).

## سۆماڵیا

لە سۆماڵیا (محەمەد سەعید بری)، هەموو دەسەڵاتەکەی بۆ خۆی و بنەماڵە و عەشیرەتەکەی خۆی داگیر کردبوو. لە کۆتاییشدا هیچ نەفەسێک یان هەلێکی بۆ خەڵکی تر نەهێشتبووەوە. بگرە خۆی و عەشیرەتەکەی خاوەنی هەموو شتێک بوون. هەر لە سەرەتاوە دەوڵەتی سۆماڵی، دەوڵەتێکی هەژار و داماو بوو، حکوومەتی سۆماڵی بەشێوەیەکی ئێجگار کەم، خزمەتگوزاریی پێشکێش بەهاووڵاتییانی دەکرد، کە زۆرجار هاووڵاتی کۆمەڵێک سووکایەتی و سازشی گەورەی دەبوو بدایە، هەتا شتێکی دەست بکەوتایە. هەر ئەم دۆخە خراپەی حوکمڕانیش، وڵاتی بەرەو فەشەل پاشان بەرەو داڕمان و وێرانبوون برد.

## مۆگابی و زیمبابۆی

سەرۆک رۆبێرت گابریل موگابی ، ڕابەرایەتی زیمبابۆی کرد*، لە دەوڵەتێکی بەهێزەوە هێنایە سەر ئاستی سفر و لاوازی و پاشان فەشەل. حوکڕانی موگابی، بەشێوەیەکی ستەمکار، گەندەڵ، دز و بەهەدەربردنی سامانی گەل دەناسرێت. لە سەردەمی حوکمیدا، بەدڕندەترین و ناشیرینترین شێوە، هەرچی سامان و ئیمکاناتی ئەم وڵاتە هەبوو، هەمووی خستییە گیرفانی خۆیەوە. پاشان دەستی بەسەر هەموو دراوێکی بیانیدا گرت. لە هەمان کاتیشدا دەستی بەسەر هەموو وەبەرهێنانێکی بیانی و مەحەلیشدا گرتبوو، هەروەها ئەخلاقی دادوەرەکانیشی خراپتر و گەندەڵتر کرد. هەر ئەمەش وای کرد کە ئەم کابرایە ئەمساڵ وڵاتی زیمبابۆی بەرەو برسێتی بەرێت.

## سریلانکا

هەردوو سەرکردەی سریلانکایی (سلومون، سیریمافو بابدرانایکی) یەک لە دوای یەک، وایان لە "پڵنگەکانی ڕزگاریخوازی تامیل " کرد، کە شەڕ لە دژی حکومەت هەڵگیرسێنێ. دیارە پاش ئەوەی کە حکوومەتی سریلانکایی، دەستی کرد بەلابردن و نەهێشتنی مافی کەمینەکان و وازهێنان لەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەی، کە وڵاتی سریلانکا لەسەری بنیت نرابوو. هەموو ئەمانە وای کرد، کە وڵات بەرەو شەڕێکی ناوەخۆی درێژخایەن بەرێت.

## ئەفغانستان

لە پاش دەرچوونی سۆڤیەت ، هەردوو سەرکردەی ئەفغانی (قولبەدین حیکمەتیار، بورهانەدین ئەلرەبانی)، وایان کرد تەنیا برادەرەکانی خۆیان لە هەردوو نەتەوەی (پشتۆن و تاجیک) بەشداریی حوکم بن، نەتەوە و کەمینەکانی تریشیان خستە پەراوێزەوە و هیچ دەسەڵاتێکیان نەدانێ. هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردن و دزینی داهاتی گشتی و سیاسەتە خراپ و فاشیلەکانی ئەم دووانە، وای کرد کە بزاڤی توندڕۆیانەی تاڵیبانی ئیسلامی، زۆر بەئاسانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و پاشان ئەمانیش لە وڵات دەربپەڕێنێ. پاشتریش ئەم وڵاتە بکاتە پەناگەیەک و قوتابخانەیەک، بۆ هەموو تیرۆریستەکانی جیهان.

## خۆپاراستن لە دەوڵەتی فاشیل

دیارە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی دەوڵەتێکی لاواز، زۆر ئاسانتر و باشترە، هەتا دەوڵەتێکی داڕماو و وێران، جارێکی تر دروست بکەیتەوە. چونکە دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی دەوڵەتێکی وێران، زۆر کارێکی زەحمەتە. بۆ نموونە ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان دەبینین، کە چەندە ئاوەدانکردنەوە

و دروستکردنەوەی ئەفغانستان زەحمەتە و پارەی زۆری دەوێت.

کاتێک کە سەرلەنوێوە دەست دەکرێت بەدروستکردنەوەی دەزگاکانی ئاسایش و هێزی پۆلیس، پاشان وەرە دەست بکە بەدروستکردنی ژێرخانە ئیدارییەکانی کە بنەمای سەرەکیی سیستەمی بیرۆکراتین، ئینجا دەبێت هەوڵ بدەی، سەرچاوەی داهات بۆ ئەم دەزگا بیرۆکراتییە (مووچەخۆر، پۆلیس، سەرباز... هتد) بدۆزیتەوە. هەروەها دەبێت جارێکی تر سیستەمی دادوەری دروست بکەیت، واتە دەزگا و ئۆرگانە یاساییەکان جارێکی تر دەبێت دروست بکرێنەوە و دادوەر، پارێزگار، داواکاری گشتییەکان دەبێت خولی تایبەتییان بۆ بکرێتەوە و ڕابهێنرێن (بۆ نموونە هەروەک لە تەیمووری ڕۆژهەڵات بەم شێوەیە بوو). هەروەها بینا و دائیرەیان بۆ دروست بکەیت. دروستکردنی قوتابخانە و دامەزراندن و پێگەیاندنی مامۆستایان، دروستکردنی نەخۆشخانە و هێنانی دوکتۆر و پێداویستیی نەخۆشخانەکان، لە هەمان کاتیشدا بەهۆی ڕێگەوبانەوە، وڵات بەیەکەوە ببەستیتەوە و تەنانەت دەبێت دەزگای ئاماریشیان بۆ دابنێیت، هەموو ئەم کارانە " کات و پارە و کادیر و ئیمکاناتی زۆری دەوێت ". بۆ نموونە لە ئەفغانستان کە ماوەی چەندان ساڵە شەڕ ئەم وڵاتەی وێران و داغانی کردووە. هەروەها دەبێت بە بەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زۆر چاودێریی ئەم پرۆسێسانە بکەیت. هەروەها نابێت پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردن بکەیەتە دەستپێک، بگرە سەرەتا دەبێت یاسا و دەستووری نوێ دابڕێژرێتەوە، پاشان پرۆسەی هەڵبژاردن دەست پێ بکرێت و هەوڵی هاندان و یارمەتیی ئەم ئەزموونە دیمکراتییە نوێیە بدرێت.

دیارە بەهێزکردن و یارمەتیدانی ئەو دەوڵەتانەی کە گومانی فاشیلبوونیان لێ دەکرێت، پێش ئەوەی فەشەل بهێنن، گەر ئەم سیاسەتە پێڕەو بکرێت (یارمەتیدان)، سیاسەتێکی زۆر حەکیمانە و زیرەکانەیە، وە ئەمەش هەوڵ دەدات کە سیستەمی جیهانی باشتر بەڕێوە بچێت و هەروەها ژمارەی کوشتن و بریندارن و پەناهەندەکانی جیهانیش کەمتر دەکاتەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم، کە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە ، کەمتری تێ دەچێت هەتاوەکو تۆ بێیت جارێکی تر دەوڵەتێکی فاشیل سەرلەنوێ دروست بکەیتەوە. هەروەها لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەوڵەتێکی لاوازەوە، دەتوانیت ڕێگە لە بۆشاییی دەسەڵات بگریت، کە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی تیرۆر.

هەموو ئەم ڕێگە و دەرمانانەی کە باسم کردن، دەتوانن لە ڕووی سیاسییەوە تیماری ئەو دەرد و نەخۆشییانە بکەن. هەروەها ئەمانە کۆمەڵێک ئامرازی ئاسایی و سەرەتایین و هیچ ئاڵۆزی و گرانییەکیان پێوە دیار نییە.

بەمەبەستی هاندان و پشتگیریکردنی سەرکردایەتییەکی حەکیم و دڵسۆز، دەکرێت یارمەتییە حکوومەتییەکان یان ئەو قەرزانەی کە دەزگا و بانکە نێودەوڵەتییەکان دەیدەن بە وڵاتانی هەژار، یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی حەکیم و دادپەروەر حوکمی ئەو وڵاتانە بکەن.

دیارە دەبێت کۆمەڵێک مەرج بۆ یارمەتیی دەرەکی دابنرێت. بۆ نموونە دەبێت یارمەتیی دەرەکی بەو مەرجە بێت، کە ڕیفۆرم و نوێخوازی لە سیاسەتی دراوی و ماڵی بکرێت، هەروەها جەخت

لەسەر بوونی حوکمێکی باش و حەکیم بکرێت، هەروەها ریفۆرم لە بواری کشتوکاڵیدا بکرێت، هەروەها بوونی یاسایەکی بەهێز، کە هەموو هاوولاتییان بەیەک چاو سەیر بکرێن و حوکم بدرێن. هەروەها دەکرێت سوود لە کۆمەڵێک سیاسەتی باشی گومرگیش وەربگیرێت، بۆ نموونە هەڵگرتنی گومرگ لەسەر ئەو کاڵایانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی هەلی کاری زۆر دابین بکەن (وەکو بەرهەمی رستن و چنین و جلوبەرگ). هەروەها دەبێت پشتگیریی سەرمایەگوزاریی بیانی بکرێت بەتایبەت ئەوانەی کە راستەوخۆن و ژیانی و کاریگەری گرینگیان هەیە. هەروەها دەکرێت کۆمەڵێک هەنگاوی جیدی بنرێت بۆ ئەوەی تێچوونی بەرهەمەکانی دەوڵەتە لاوازەکان کەمتر بکرێتەوە (بۆ نموونە هەڵگرتنی گومرگ لەسەر کاڵای دەوڵەتە لاوازەکان). هەروەها باشکردنی هێڵی تەلەفۆن و کارەبا، دیارە ئەمەش لە رێگەی تایبەتیکردن " خصخصە"وە دەبێت، پاشان کردنەوەی ئەو بوارە ئابوورییانەی کە پێشتر قەدەغە بوون و داخراو بوون. هەوڵدان بۆ ئەوەی هەلی زیاتر بۆ بواری کشتوکاڵی دروست بکەین و یارمەتی بدرێت هەروەها دەبێت هێزە ئەمنی و پۆلیسییەکانیش بەهێزتر بکرێن، ئەویش لە رێگەی کردنەوەی خولی تایبەتی و راهێنانی نوێ و دابینکردنی ئامێری مۆدێرنی بواری ئەمنی.

دەبێت هەموو ئەو ئیمکاناتانە دابین بکرێت، کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دەوڵەتە لاوازەکان. هەروەها دەبێت دەوڵەتە پێشکەوتووەکان، بەشێوەیەکی توندئامێز یارمەتی و هاوکارییەکانی بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بدات و پێویستە ئەم دەوڵەتانە فێری ئەوە بکرێن کە زیاتر دەبێت پشت بەخۆیان ببەستن. دیارە دەبێت برێک پارەی زۆر (باشترە دیاری بن نەک قەرز) بۆ یارمەتیدانی گەلانی هەژار دابین بکرێت هەتاوەکو بتوانن لەسەر پێی خۆیان راوەستن، هەروەها دەبێت ئەم یارمەتیدانەش بۆ ماوەیەکی درێژ و بەردەوام بێت، چونکە ناتوانێت ئەنجامێکی باشت یەکسەر دەست بکەوێت. ئەگەر سیستەمی جیهانی دەیەوێت تیرۆر لەناوبەرێت و کارێکی باش بکات، دەبێت هەڵمەتێکی مەزن دەست پێ بکەن کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک نەک چەند مانگێک بخایەنێت. بڕی تێچوونی سەرلەنوێ دروستکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستان زیاتر لە ٤,٧ ملیار دۆلاری دەوێت، لە ساڵانی داهاتووشدا زیاتری تێ دەچێت، هەروەک وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (کۆڵن پاول) رای گەیاند (یارمەتیدانی ئەفغانستان بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێک کە پشت بەخۆی ببەستێت، بەیەکێک لە پێداویستییە گرینگەکانی ئەمەریکا دەژمێرێت).

هەروەها دەبینین کە بەهێزکردنی ئەندەنووسیاش، چەند ساڵێکی زۆری دەوێت هەتاوەکو لەسەر پێی خۆی راوەستێ. وە ئەم یاسایەش هەموو ئەو دەوڵەتە لاوازانەی تری ئەفریقیا و ئاسیای ناڤینیش دەگرێتەوە، کە دەیانەوێت بەهێز بکرێن و لەسەر پێی خۆیان راوەستن. یارمەتیدانی دەوڵەتان بۆ ئەوەی تووشی فاشیلبوون نەبن، یەکێکە لە مەسەلە گرینگ و چارەسەرنەکراوەکانی ئەمرۆی مرۆڤایەتی. دیارە ئەمەش تەنیا خزمەتی ئەو گەلە هەژارانە ناکات، کە لەژێر دەسەڵاتێکی گەندەڵ و خراپدا دەژین، بگرە ئەمە خزمەتی ئاشتیی جیهانیش دەکات.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزانە و جیهانێکی ئارام پێویستە لە ڕێگەی بەهێزکردنی دەوڵەتە لاوازەکان بۆ ئەوەی نەهێڵرێت بگەنە قۆناخی فاشیل بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گرانە، ئەوا دەبێت پشت بە وڵاتە زلهێز و دەوڵەمەندەکانی جیهان ببەستین. پێ دەچێت لەگەڵ سەرهەڵدانی ترسی تیرۆری جیهانیش، ئیدارەی ئەمەریکایی و یەکەتیی ئەوروپا و ژاپۆن لەسەر ئەم مەسەلە گرینگە هۆشیار بکاتەوە. لە بەرامبەردا، ئەگەر بێتو ئەم دەوڵەتانە ئەم کارە نەکەن، ئەوا هێندەی تر جیهان بەدەست سەرکردەی خراپ و بێ سوود، دەناڵێنێ و ترس و دوژمنایەتی لە نێوان (ئیتنی، زمان، ئاینەکان) هێندەی تر بەهێزتر دەبێت، لە هەمان کاتیشدا تەماعکاری و شۆڤینیزم و خراپیی باری ئابووری زیاتر دەبێت. پاشان یارمەتیدانی ئینسانی و پاشان سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەم وڵاتانە، بڕێکی زۆر پارەی تێ دەچێت.

دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم، گەر ئەم بارە هەر وا بەردەوام بێت، ئەوا جارێکی تریش کۆمەڵکوژیی ئیتنی دروست دەبێت، برسێتی هەر بەردەوام دەبێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گرووپە تیرۆریستەکانیش بەهێزتر دەبن، چونکە ئەم دەوڵەتە فاشیلانە دەبنە زەوییەکی پاک بۆ سەوزبوونی گرووپی تیرۆریستی لە جیهاندا.

پەراوێز/

* ئەم وتارە بەعەرەبی لەژێر ناوی (الطبیعە الجدیدە لفشل الدولە القومیە). بەڵام ئێمە پێمان باش بوو بۆ (دەوڵەتی فاشیل چییە؟) بیگۆڕین، چونکە مەبەستی سەرەکیی ئەم وتارە، شرۆڤەکردنی ئەم جۆرە دەوڵەتانەیە و زیاتر لەگەڵ ئەم ناونیشانە دێتەوە.

** لە زیمبابۆی کەمینەیەکی سپیپێست دەژین، لە کاتی خۆیدا ئەمانە حوکمی ڕاسیزمانەیان بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپاند، تا ماوەیەکی زۆریش، کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی، هەتا توانی دزی و تاڵانی خۆی کرد، پاشان ئەم وڵاتە دەوڵەمەندەی تەسلیم بەکەمینەیەکی سپیپێست کرد. جێگەی ئاماژەیە پێشتر، لە زیمبابۆی (ڕۆدیسیا) حکومەتێکی هاوشێوەی باشووری ئەفریقیا هەبوو، کەمینەیەکی بچووکی ئەوروپایی، کە بێگانە بوون لەو وڵاتەدا، حوکمی ڕاسیزمانەی خۆیان بەسەر گەلی زیمبابۆیدا دەکرد.

چەند دێڕێک لەبارەی نووسەرەوە

ڕۆبێرت ئای ڕۆتبێرگ Robert I. Rotberg

لە ساڵی ١٩٣٥ لە بۆرن لەدایک بووە. پسپۆڕی بواری (ململانێ و پێکدادانی ناوەخۆیی) یە. لە زانکۆی هارڤارد و پەیمانگەی کەنەدی مامۆستای زانستی سیاسی بووە. پاشان بووەتە بەڕێوەبەری دەزگای کەنەدی بۆ ململانێی ناوەخۆیی. هەروەها سەرۆکی دەزگای ئاشتیی جیهانییە. لە هەمان کاتیشدا نووسەرە و تا ئێستا چەندان کتێبی گرینگی لەبارەی کێشە و ململانێکانی جیهان نووسیوە.

سەرچاوە: مجلە الثقافە العالمیە. العدد. ١١٧. مارس. ٢٠٠٣

# زیادبوونی ڕۆڵی ئاین لەناو کۆمەڵگە و سیاسەتدا

ڕاینەر تراوب

ڕۆما ئەپریلی ٢٠٠٥. جەماوەرێکی زۆر کە جێگەی کەسێکی تر نابێتەوە ، لە گۆڕەپانی پیتەر پالتس کۆ بوونەتەوە. پاپای فاتیکان (یوهانس پاولی دووەم) کۆچی دوایی کرد. لە کڵێسای پیتەر، خەڵکانێکی زۆر دەیانەوێ خواحافیزیی کۆتایی لە باوکی پیرۆز بکەن. ئەمەش زیاتر لە کۆبوونەوەی ڕۆک موزیک دەچێت. لەناو ئەم ئاپۆڕەی خەڵکەدا، کچە قوتابیانی ڕوال، کوڕی گەنج، ژن و پیاوی پیر، هەموویان لە چەندان ناوچەی جیهانەوە، بەتایبەت بۆ ئەم فیستیڤاڵە ئاینییە هاتوون.

ساڵێک پاشتر (واتە ٢٠٠٦) لە فاتیکان پاپایەکی نوێ هاتە هەڵبژاردن، بەهەمان شێوەی پار، خەڵکانێکی زۆر هاتبوون بۆ پێشوازی لێکردن و پیرۆزبایی. خەڵکانێکی زۆر وەستابوون. بەتایبەت ئەڵمانییەکان، چونکە پاپای نوێ (پێنێدیک شازدە) ئەڵمانییە. تەنیا لە یەکەم ساڵدا زیاتر لە ٥٠,٠٠٠ ئەڵمانی چوون بۆ فاتیکان (ڕۆما). ئاخۆ ئەمە نیشانە نییە، بۆ گەڕانەوەی ئاین بۆ ناو کۆمەڵگەی سیکولاری ئەوروپایی؟ بەتایبەت لە نێوان گەنجەکاندا؟ یان ئەمە مانای پیرۆزی ئاینی ناگەیەنێت، بگرە ئەمە ڕووداوێکی ئاساییە هەمووی لە ڕێگەی کاریگەری میدیاکانەوە ئەم حاڵەتە دروست بووە، هەروەک چۆن خەڵکانێکی زۆر حەزیان لێیە بەشداریی یارییەکی فووتباڵ، یان بینینی گۆرانیبێژێکی ناودار (پۆپ ستار) یان سینەماکارێکی ناودار بن.

بەدڵنیاییەوە ئەمڕۆ کەس بەتەواوەتی ناتوانێ وەڵامێکی ڕاست و دروستمان پێ بڵێت. لێ ئەوەی زۆر روون و ئاشکرایە کە:

لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژانی یەکشەممە کڵێساکان چۆڵن و خەڵکی کەمی تێدایە، لێ هێشتا لە سەردەمی گڵۆبالیزمیشدا، خەڵکانێک بەدوای ژیانی ڕۆحیدا دەگەڕێن. لێ لە پاش دروستبوونی

................................................

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

هەڵلایەکی گەورە لەسەر وێنە کاریکاتۆرەکانی پێغەمبەر محەمەد(د.خ)، وتەکانی پاپای فاتیکان، کێشەی ئۆپێرای بەرلین (بەهۆی دانانی وێنەی محەمەدی پێغەمبەر لەگەڵ پێغەمبەرەکانی تر)، هەموو ئەمانە دەمانگەیەنێتە ئەو سنوورەی کە پرسیار بکەین: ئاخۆ چەندە ئێمە پێویستیمان بە ئاین هەیە؟ وە تا چەندە ئەو پرەنسیپانەی کە کۆمەڵگەکەمان لەسەری بنیات ناوە، دەتوانێت لە بەرامبەر ئەم بارە نوێیەدا خۆی بپارێزێت و بەرگری لە خۆی بکات.

لە هەموو جیهاندا، دەسەڵاتی ئاین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێت، لە چەندان فینۆمێن و فۆرمی جیاوازدا خۆی دەردەخا. تیرۆریستەکان بەناوی ئیسلامەوە دەستیان بە بۆمب تەقاندنەوە کردووە، لە کۆشکی سپی پیاوێکی وەکو (جۆرج دەبلیو بوش) حوکمی دەکرد، کە خۆی بە (مەسیحییە نوێکان یان گرووپی لەدایکبوونەوەی مەسیحی*) دادەنێت و بەدیار میدیاکانەوە نوێژ دەکا و، بڕیارە سیاسییەکانیشی شێوە فۆرمێکی ئاینییان دەداتێ.

لەگەڵ سەرەتای سەدەی ٢١دا، ڕۆڵی ئاین زۆر لە جاران زیاتر بەهێزتر دەبێت. ئەمەش بۆ خەڵکانی پسپۆڕ و کۆمەڵناسی ڕۆئاوایی زۆر جێگەی تێڕامان و پرسیارە. پێشتر هەموو بە خۆشحاڵییەوە لەو بڕوایەدا بوون، کە مۆدێرنیزم، ڕۆڵی ئاین لە سەدەی نوێدا کەم دەکاتەوە و سنووردارتری دەکات. لێ ئەم بۆچوونە بەهیچ شێوەیەک پارزەوینی ئاسیا و ئەفریقیا ناگرێتەوە. لێرە (واتە ئەفریقیا و ئاسیا)، ئاین لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی ئێجگار گەورەی هەیە. بەڵام لە ئەوروپا ئاین ڕۆڵێکی مامناوەندیی هەیە.

(ڕۆژەکان هێشتا زۆر دوور نین) بەم شێوەیە نووسەری ناودار کلاوس هاپرێشت لە ڕۆژنامەی (دی تسایت) ئارتیکلێکی نووسیبوو. کلاوس دەڵێت: (زۆربەی ئەڵمانەکان ئاگەداری و زانیارییان لەبارەی توندڕۆی ئاینییەوە نییە، بگرە هەروەک شارستانیی میسری کۆن، ئەم بابەتە لایان نامۆیە). لە ڕاستیدا جگە لە پۆلۆنیای کاتۆلیکی، لە بەشێکی زۆری ئەوروپای مەسیحیدا، ڕۆڵی ئاین بەشێوەیەکی دراماتیکی بەرەو دواوە دەچێت. بەڵام نابێت لە بیر بکەین کە لەناوچوونی ئاین لە ئەوروپادا، هەموو ئاینەکان ناگرێتەوە. بۆ نموونە ئەو ١٥ ملیۆن موسڵمانەی کە ئەمڕۆ لە ئەوروپادا دەژین، وازیان لە ئاینەکەی خۆیان نەهێناوە.

عەلی کیزیلکایە کە بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی ئیسلامە لە ئەڵمانیا دەڵێت:

> (لە پاش ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١ەوە، گیانی خواپەرستی و ئاینپەروەری لەناو موسڵمانەکاندا بەهێزتر دەبێت)

هەروەها سەنتەری (ئەرشیفی ئیسلام) لە ڕاپۆرتێکیدا دەری خستووە، کە لە ئەڵمانیا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ هەتا ٢٠٠٥، نوێژکەرانی ڕۆژی هەینی بەڕێژەی دووقات زیاتر بووە. بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی گیانی ئاینپەروەری بەشێوەیەکی بەهێز بۆ ئەوروپا، گیانی ڕق و کینە و لە یەکتر نەگەیشتن لە نێوان ئاینەکاندا زیاتر دەبێت.

سەرپۆش لەسەرکردنی ژنانی موسڵمان، کە فۆرمێکی موسڵمانانەی جلوبەرگە، خەڵکانێکی

زۆری مەسیحی و سیکولار، پێیان وایە کە ئەمە سیمبۆلی زۆربوونی ڕۆڵی فیندەمینتالیزمی ئاینی دەگەیەنێت. لە بەرامبەردا ڕێکخراو ئەنجوومەنە ئیسلامییەکانیش ناڕەزایی دەردەبرن، چونکە زۆر کات وەکو تیرۆریست سەیریان دەکرێت.

ئیسلامییە توندڕۆکان و ئەو گرووپانەی کە ڕق لەناو ئاینەکاندا دەچێنن، چ ئەوانەی کە لە ناوەوەی ئەورووپان یان لە دەرەوەی ئەورووپادا، وایان کردووە کە پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی ڕۆئاوای ئەورووپایی، ڕەوەندی ئیسلامی لە ئەورووپا، بەرەو خراپتر بڕوا. بۆ نموونە کاتێک سەرنجی ئەو ڕووداوانە دەدەیت، کە بەهۆی هونەرمەندێکی دانیمارکییەوە ڕووی دا، کاتێک کاریکاتۆرێکی لەسەر محەمەد کردبوو، لە هەموو جیهاندا خۆپێشاندان و توندوتیژیی لێ کەوتەوە. لە بەیرووت و دیمەشق، کونسوڵگەی دانیمارکیان سووتاند. لە ئەفغانستان و پاکستان و نێجیریا، توندوتیژی زۆری لێ کەوتەوە و کۆمەڵێک کەس بوونە قوربانی. سەرەتا ئەم ڕووداوانە وەکو شتێکی سەیروسەمەرە دەبینران. لێ لە ڕاستیدا کۆمەڵێک ترس لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوە.

کاتێک پاپا بنێدیکی ١٦ لە سێپتەمبەری ٢٠٠٦دا، وتارێکی مێژوویی لە زانکۆی ڕێگنسبوورگ پێشکێش کرد ، کە لەبارەی ڕۆڵی توندوتیژییەوە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا لەلایەن پێغەمبەرەوە بەکار هاتووە باس کرد، یەکسەر لەناو هەموو جیهانی ئیسلامدا، جارێکی تر دەست کرایەوە بەهەڵمەتێکی ناڕەزایی و توندوتیژی. ناچار پاپا ڕوونکردنەوەیەکی پێشکێش کرد، کە تێیدا هاتبوو، کەئەو ڕێزێکی زۆری بۆ ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی هەیە و ڕوونیشی کردەوە کە قسەکانی بە خراپ لێک دراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵمەتی ناڕەزایی هەر بەردەوام بوو. لە سۆماڵیا چەند پیاوکوژێکی ئیسلامی، وەکو کاردانەوەیەک بەرامبەر قسەکانی پاپا، ژنێکی کاتۆلیکیان کوشت. جێگەی ئاماژەی ئەو ژنە لە یەکێک لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان کاری دەکرد.

بەگشتی خەڵکی لە ئەڵمانیا جۆرە ترسێکیان لا دروست بووە، چونکە لە هەمان مانگدا ڕووداوێکی تر ڕووی دا، ئەویش ڕووداوی ئۆپێرای بەرلین بوو. کاتێک لە ئۆپێرای بەرلین دەیانویست لە کاتی پێشکێشکردنی ئۆپێرایەکی مۆزارت Idomeneo، وێنەی محەمەد، لەگەڵ وێنەی بودا و مەسیح هەڵبواسن. ئەمەش هەرایەکی گەورەی نایەوە و وەزیری ناوەخۆ و دەزگاکانی ئاسایش، داوایان کرد کە ئۆپێراکە ڕابگیرێت، چونکە ترسی لێکەوتنەوەی کاردانەوەی توندوتیژیان هەبوو. ئەمەش گفتوگۆ و قسە و باسێکی توندی خستە ناو کۆمەڵگەوە. ئەو دوودڵی و نەبوونی سیقەیە، کاریگەری زۆر خراپی لێ دروست بووە. هەر ئەم دیاردەی وەهمی ترس لە ئیسلام ، لە ئۆکتۆبەردا لە شاری ئێرفۆرت وای کرد، کە قەشەیەکی مەسیحی خۆی بکوژێت، بۆ ئەوەی خەڵکی و جیهانی مەسیحی لە ترسی ئیسلامی ئاگەدار بکاتەوە.

ئەم بارە نالەبارەش بەرەنجامێکی خراپی لێ کەوتووەتەوە. پێوەندیی نێوان زۆرینەی ڕەوەندی موسڵمانان لە ئەورووپا، کە دەیانەوێت ژیانێکی ئارام و ئاسوودە بژین، لەگەڵ کەمینەیەکی توندڕۆ کە ئیمانیان بەتوندوتیژی هەیە، بەرەو خراپی دەچێت.

هەروەک لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەی (Herlad Tribune  International) بڵاوی کردەوە، لە پاش ئەوەی لە شەش میترۆپۆڵ (شاری گەورە)ی ئەوروپا، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی کردبوو، کە بۆچوونی گشتیگریانە بەرامبەر بەخراپ سەیرکردنی موسڵمانەکان (واتە هەموو ئیسلام بە یەک چاو سەیر بکرێت و بە تیرۆریست سەیریان بکەن)، پێشتر تەنیا حزبە راستڕۆیەکانی گرتبووەوە، لێ ئەمە چەند ساڵێکە، ئەم بۆچوونە حزبە چەپ و لیبراڵ و مامناوەندەکانیشی گرتووەتەوە. لە هەموو جیهاندا ئاینی ئیسلام، لە کێبەرکێی ئاینەکاندا، ئیسلام بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێت. دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە ئیسلام و کولتووری ئیسلامی، زیاتر لەو بەشەی جیهاندایە، کە دواکەوتوون و ڕێژەی منداڵبوون تێیاندا زۆرە. هەرچەندە پێشتر ئاینی ئیسلام ڕێژەیەکی کەمی لە رێژەی دانیشتوانی جیهانی پێک دەهێنا. جێگەی ئاماژەیە ساڵی ١٩٧٠ لەناو دانیشتوانی جیهاندا، ئیسلام ١/٧ی پێک دەهێنا. بەڵام ئەمڕۆ ١/٥ی دانیشتوانی جیهان پێک دەهێنێت.

هەر لەبەر هەمان هۆ (واتە منداڵبوونی زۆر) ڕێژەی ئاینی هیندۆسیش لە ژمارەی دانیشتوانی جیهاندا بەرز بووەتەوە، هەرچەندە ئەمان بەڕێژەیەکی کەمتر، لە ساڵی ١٩٧٠دا، ڕێژەی هیندۆسی ١٢،٥٪ی دانیشتوانی جیهان بوون. لێ ساڵی ٢٠٠٢، ئەم ڕێژەیە بۆ ١٣،٣ ٪ بەرز بووەتەوە. لە شەستەکانی سەدەی پێشووەوە، تەوژمێکی توندڕۆیانە و فیندەمینتاڵیزمی هیندۆسی، لە وڵاتی هیندستان بەڕێوەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە هیندستان وڵاتێکی فرە ئاین و نەتەوە و مەزهەبە. ئەم تەوژمە توندڕۆیەش زیاتر لە دژی کەمینە موسڵمانەکانی ئەو دەوڵەتەیە.

لەگەڵ ئەوەی کە بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر، ڕێژەی ئاینەکان بەهێزتر دەبن، بەڵام هێشتا ئاینی مەسیحی لە جیهاندا، بەهێزترین ئاینە، نزیکەی ١/٣ جیهان کاتۆلیکین یان سەر بەمەزهەبەکانی تری مەسیحین (ئەرتەدۆکس و پرۆتستان). بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە لە نێوان پارزەوینەکاندا، ڕێژەی جیاواز دەبینین. ئا لەو کاتەی کە لە ئەوروپادا خەڵکێکی کەم ڕوو لە مەسیحی دەکەن، کەچی لە پارزەوینی ئەفریقیادا، ڕێژەکە بەشێوەیەکی زۆر بەهێز ڕوو لە بەرزبوونەوەیە. ساڵی ١٩٠٠، لە هەموو پارزەوینی ئەفریقیادا تەنیا ١٠ ملیۆن مەسیحی هەبوو. بەڵام ئەمڕۆ دەگاتە ٣٩٠ ملیۆن مەسیحی. واتە هەر لە دوو کەس یەکێکیان بە دیانەت مەسیحین. دیارە ئەم پێشکەوتنە گەورەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مسیۆنارە مەسیحیەکان، زۆر بەشێوەیەکی جیدی کاریان کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەیان، بەتایبەت هەڵگرانی مەزهەبی (پرۆتستان). زۆر چالاکانە کار دەکەن و دوورن لە عەقڵیەتی دۆگمای کۆنی ئاینی. دیارە هۆکاری ئەم پێشکەوتنی پرۆتستانانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە مسیۆنارە پرۆتستانییەکان، زیاتر باس و گرینگی بە (تیۆلۆگی، زانستی لاهوتی) دەدەن، تاوەکو باسکردنی خوا. دیارە ئەمەش کاریگەری باشی هەبووە و سەرکەوتنی باشیشیان بەدەست هێناوە، بەتایبەت لە کۆریای باشوور و ئەمەریکای لاتین. لەم چەند ساڵەی دواییدا، ملیۆنان کەس لە ئەمەریکای لاتین بەتایبەت لە بەرازیل، وازیان لە کڵێسای کاتۆلیکی هێناوە و بوونەتە پرۆتستان.

لە رووسـیـا وڵاتـانی پێـشووی یەکـەتیی سـۆڤـیـەت، کـێبـەرکـێی نێـوان ئاینـەکان زیاتـر دەبێت، بەتایبـەت لەگەڵ کلێـسـای ئۆرتۆدۆکسی. ئەو خـەونەی کە کۆمـۆنیسـتەکان بەخـەڵکیـان دابوو، کە بەهەشتێک لەسەر زەوی بۆیان دروست بکەن لەناوچوو. هەر بۆیە جارێکی تر، ئاین ڕۆڵێکی بەهێز دەبینێت و گڕ و تینێکی باشتریان هەیە.

پیتەر ئانتێس (٦٤ ساڵ تەمەنیەتی)، کە پسپۆڕە لە بواری ئایینناسیدا دەڵێت:

( بەبڕوای زۆربەی پسپۆڕان و زانایان، بەهێزبوون و گەشـەسەندنی فیندەمینتالیزمی ئیـسـلامی، زیاتر بۆ ئەوە دەگـەڕێتـەوە، کـە کـۆمـۆنیـسـتـەکـان خـەونی یەکـسـانی و دادپەروەرییان بە خەڵکی دا، بەڵام ئەم خەونە نەهاتە دی).

بەڵام بـەهێـزبـوون و لەدایکبـوونەوەی ئاین، کـەمـتـر پێـوەندیی بـەچارەسـەرنەکردنی کـێـشـە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـانەوە هـەیە، بگرە زیاتر پێـوەندیی بەپرسـی چارەسـەرنەکراوی بوونی مـرۆڤـەوە. (الوجود الانسانی). هەروەک یەکێک لە ئەکادیمییەکانی کلێسای پرۆتستانی وتی:

(پێشـتر چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە ئاین لەناو بچێت و بمرێت، بەڵام ئەمڕۆ ئەم قسـەیە تەنیـا وەهـمێک دەرچوو. چونکە ئاین برێتییـە لە بنـەمـایەکی سـەرەکیـبوونی مـرۆڤ و کۆڵەکەی بنەڕەتی هەموو کولتوورێکە)

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کە لە جیهانی ڕۆئاوادا، کە زۆر شـانازی بەراسیۆنالیزم (عەقلانیەتی) خۆیان دەکەن، زانست و ئاین هیچ کاتێک پێکەوە ناگونجێن. بەڵام ئەمەش وانییە:

- کـۆمـەڵێک زانا و پـسـپـۆڕ، کـە خـاوەنی ناوبـانگێکی جـیـهـانین، بۆ نمـوونە وەکـو هـەردوو زانای فیزیکی هانسپیتەر دیوور، ڤۆلگانگ ڤایدلیش، هەردووکیان خۆیان وەکو ئیماندارێک دەردەخەن.
- زانا و پسپۆڕی ئەمەریکایی لە بواری (جینات) فرانس کۆلینس، لە کتێبی (The Language of God) ڕای گەیاند، کە پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد و جیدی بۆی دەرکەوتووە، کە لە ٤٠٪ی زانا و پسـپـۆڕانـی ئـەمـەریکایی، باوەڕیان بـە خـوایە. کۆلینس هـەمـان بۆچوونی پاپا بێندیکی شـازدەی هـەیە، کە تیۆری پێشکەوتنی داروین، لەگەڵ ئاینی مەسیحیدا دێتەوە.
- ئەمڕۆ وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئـەمـەریکا، لە ڕووی زانسـتی و تەکنەلۆجـیـیـەوە، بە یەکـەمین وڵاتی جیهان دێتە ژماردن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا وڵاتێکە کە ئاین و خواپەرستی ڕۆڵێکی گەورەی لە کۆمەڵگەدا هەیە.

پێش ئـەوەی دەسـتـەواژەی فـوندەمـینتـالیـزم (تـوندڕۆ) بۆ ئاینـەکـانی تـر بەکـار بـهـێنرێت، بۆ مـاوەیەکی زۆر لە سـەدەکانی پێشـوودا لە دژی پرۆتستـانتـە ئەمـەریکاییەکان بەکار دەهێنرا. وا بۆ مـاوەی ٣٠ سـاڵ دەچێت ، کـە بیـری فۆندەمـینتـالیـزمـی مـەسـیـحی ڕاسـتـڕۆیە، بەشـێکی زۆری کۆمەڵگەی ئەمەریکاییی داگیر کردووە.

بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی پرسیاری گرینگ دەبینەوە:

بۆچی لە رۆئاوای ئەوروپادا، لای زۆرینەی خەڵکی وا دەردەکەوێت کە ئاین بەرەو نەمان بچێت و زیاتر ئەو تیۆرییەی کە بانگەشەی نەمانی ئاین دەکات نزیکترە، کەچی بەپێچەوانەوە لە بەشێکی تری رۆئاوا، واتە ئەمەریکا، کە بەهێزترین دەوڵەتی رۆئاوایە، بەپێچەوانەوە هەنگاو دەنێت (واتە ئاین روو لە گەشەسەندن و بەهێزبووندایە؟).

لەهەردوو دەوڵەتی سەرەکیی ئەوروپا (فرەنسا و ئەڵمانیا)، بێهێزبوون و کەمبوونەوەی ئاین بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت. لە ئەڵمانیا هەردوو کڵێسا بەهێزەکەی (کاتۆلیک و پرۆتستانت)، لە ساڵی ١٩٩٠ەوە زیاتر لە ٥,٥ ملیۆن ئەندامیان لەدەست داوە. تەنیا بە رێژەیەکی ئێجگار کەم، ئەندامی نوێیان پەیدا کردووە. دیارە کەمبوونەوەی ئەندامانی کڵێساش، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی باجی کڵێسا**. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە کۆمەڵێک (قەشە) لە کارەکانیان دەربکرێن و کۆمەڵێک چالاکیی خزمەتگوزاری و خێرخوازی لاببرێت. چەند کڵێسایەکیش بەهۆی بێ دەرامەتییەوە بەناچاری دەبێت دابخرێن. هەندێک کڵێسا بۆ ئەوەی پارەی نۆژەنکردنەوە و نوێبوونەوەیان دەست بکەوێت، دەچن بەشێک لە هۆڵەکانیان دەدەن بەکرێ، کە زۆرجار لەلایەن خەڵکی بێباوەڕ یان نامەسیحییەوە بەکرێ دەگیرێن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی سەیرە ، چونکە کڵێسا سیمبۆڵی ئاینپەروەرییە، ئەمەش لەناوچوونی شتە پیرۆزەکان دەگەیەنێت.

لێ هەندێک چاودێران پێیان وایە، کە گیانی ئاینپەروەری ناکشێتە دواوە و لەناو ناچێت، بەڵکە فۆرمێکی نوێ و جیاوازتر لەخۆ دەگرێت، کە زیاتر لەناوچوونی کڵێسا وەکو دەزگا و شێوە تاکگەراییەکی پێوە دیار دەبێت. دیارە ئەمەش بۆچوونی مێژوونووسی فرەنسایی پاول ڤینێیە. ئەو پێی وایە کە:

(ئێمە لە ئاینێکی گشتگیرییەوە، واتە ئاینێک بۆ هەمووان، بۆ ئاینێکی تاکگەرایی دەچین، واتە هەر کەسە و باوەڕی بە خوایەک یان سێکتێکی*** تایبەت بە خۆیەتی).

رۆلاند بیڤالد، کە پسپۆڕە لە بواری ئاینزانییەوە، لە زانکۆی تەکنیکی درێسن مامۆستایە، دەڵێت:

(بوونی سیستەمێکی عەلمانی " سیکۆلار" لە ئەڵمانیا، وای کردووە کە کڵێسا بمرێت "دابخرێت". بەڵام لەهەمان کاتیشدا بووەتە هۆی ئەوەی کە بزاڤێکی ئاینی لە دەرەوەی کڵێسا، بەهێزتر لەدایک بێت).

٣/٤ی هەموو ئەو کەنیسانەی کە لەم دواییەدا داخراون، هۆکاری سەرەکییان، کەمبوونەوەی باجی کڵێسایە. تەنیا ٥/١ خەڵکی گیانی ئیمانداریان تێدایە. ئەمەش وای کردووە کە جۆرە ترسێکی گەورە لە داهاتووی کڵێسا و ئاینەکان دروست ببێت و هەوڵی گەڕان بەدوای رێگەچارەی گونجاو بگەڕێن. گیانی ئیمانداری (باوەڕبوون بە خوا) هیچ پێوەندیی بەجۆر و سەرەتای دروسبوونی ئاینەکانەوە نییە. بەڵام دەستەواژەی (هەستی ئیمانداری) چ مانایەک دەدات.

ئەم دەستەواژەیە، مانایەکی شاراوە و ئاڵۆز دەگەیەنێت. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە و ڕاپرسییەی کە

کۆواری شپیگل لە ئۆکتۆبەری ئەم ساڵدا ئەنجامی داوە. لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا (باوەڕتان بە خوا هەیە؟). نزیکەی ٦٢٪ ی ئەو کەسانەی لێیان پرسیون، باوەڕیان بە خوا هەیە. ساڵی ١٩٩٢ بەڕێژەی لە ٥٠٪ بوو. (واتە ڕێژەکە زیادی کردووە). بەڵام لە هەمان کاتدا تەنیا کەمینەیەک کە ڕێژەی ٤٢٪ ی ئەو کەسانە، (باوەڕیان بە ژیانێکی تر لە پاش مردن ، واتە ئەو دنیا هەیە). لە حاڵەتێکدا لە ٥٠٪ یان باوەڕیان بە ژیانێک پاش مردن نییە.

٣/٢ ی ئەڵمانەکان کە سەر بەهەردوو کڵێسای (پرۆتستانت و کاتۆلیکین) بەیەکجاری پشتیان لە کڵێساکان نەکردووە، بگرە هێشتا باوەڕیان بە خوا هەیە و ساڵانە بەشداریی یادی لەدایکبوونی مەسیح دەکەن.

ژنە توێژەری بەریتانیایی گرس داڤی، کە ماوەیەکی زۆرە لەبارەی کەسایەتیی تاکی ئەوروپای رۆئاواییەوە، خەریکی چاودێری و لێکۆڵینەوەیەک بووە، دەڵێت:

(لە ڕاستیدا زۆر کەس لە رۆئاوای ئەوروپا بەو شێوەیە سەیری ئاین دەکەن، کە شتێکە مۆدێلی بەسەر چووبێت. پارزەوینەکەی ئێمە، بەهۆی شۆڕشی ڕێنیسانس و پیشەسازیبوونی کۆمەڵگەکەمانەوە، ئاین ڕوو لە کزییە. وە دەشمانەوێت ئەو شێوازە نوێیە بکەینە مۆدێلێک بۆ هەموو جیهان)

پاشان دەڵێت:

(هەر لە سەدەی نۆزدەمەوە، بزاڤە شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان و لیبراڵییەکان، گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی، کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە بەرەو کۆمەڵگەی عەلمانی بچین، لێرەدا مەبەست لە عەلمانیبوون "سیکۆلاریزم" بە مانا تەقلیدییەکان نایەت، بگرە مەبەستیان لەوە بوو، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئاین نامێنێ و لەناودەچێت) .

بەپێی بۆچوونی زۆربەی کۆمەڵناسانی ئەو کاتە، چاوەڕێی بەرەنجامێکی وایان لەم سەردەمە مۆدێرنە دەکرد، کە زانست ڕۆڵی سەرەکیی بۆ سەر کۆمەڵگەی مۆدێرن هەبێت. ماکس ڤیبەر پێی وابوو کە جیهان بەهۆی زانست و تەکنیکی نوێوە (پاک دەبێتەوە). هەر ئەم پێشکەوتنە زانستییەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە دەست بکات بەسڕینەوەی هەموو ئەو پێداویستییە رۆحییانەی مرۆڤ، کە لە پێش کاتی مۆدێرنەوە سەریان هەڵداوە، بەتایبەت ئەوانەی کە پێوەندییان بەدروستبوونی ئاینەکانەوە هەیە. پێشکەوتنی توێژینەوەی زانستی و بەکارهێنانی زانستی سروشتی، وا دەکات کە ڕۆڵی خوا نەمێنێ و ڕۆڵی قەشەکانیش زیاتر وەکو ئەندامێکی دەزگایەک یان پەیمانگەیەکیان لێ بێت. پێشکەوتنی زانست و پرۆسەی تەکنیکیی زانیاری و پێوەندیی مۆدێرن بەبەردەوامی، وا دەکات کە ئاین نەمێنێ.

لە کۆتاییدا شۆڕشی فرەنسایی، بزاڤی مەدەنیی لە ئەوروپا گەیاندە سنوورێکی دیاریکراو، لە بەرامبەر بەرەیەکی دژە دیمۆکراتی کە لە پاشا و دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێز پێکهاتبوو، ڕووبەرووی

یەکتری بوونەوە. راسیۆنالیزم (عەقلانیەت) کە لە دژی بیری ئاینی بەرپابوو، هەر لە سەرەتاوە کڵێسا دژی تیۆری داروین وەستایەوە و بەشێوەیەکی توندیش دژی پرۆسەی عەلمانیبوونی کۆمەڵگە بوو. لە کاتێکدا کە کڵێسای پرۆتستان، لە بەرامبەر ڕێنیسانس و مۆدێرنەبوون، بەرگریی دەکرد و دژی دەوەستایەوە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەمدا وازی لەم دژایەتیکردنە هێنا. بەڵام بەپێچەوانەوە کڵێسای کاتۆلیکی هەتاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش، دژی هەردووکیان بوو. پاشان لە نێوان سالانی (١٩٦٢ هەتا ١٩٦٥) بزووتنەوەی ریفۆرم لە کڵێسای کاتۆلیکی لە فاتیکان دەستی پێ کرد. ئەمرۆ تیۆری (ئاوەز"عقل" و باوەڕ)، دوو بنەمای سەرەکیی بیری ئاینناس و پاپای رۆما، جۆزێف راتسینگەر بێندیکی شازدەن. هەمووی ٤٠ ساڵە ئەو سوێندە لابراوە، کە لە ساڵی ١٩١٠ بۆ قەشە کاتۆلیکەکان و مامۆستاکانی ئاینی دانرابوو، کە دەبوو سوێندیان بخواردایە کە دژی پرۆسەی مۆدێرنیزمن. لە سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بنەڕەتی پرۆسەی جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەت، بوو بەبنەمایەکی سەرەکیی کۆمەڵگەی ئەوروپایی و بەشێوەیەکی جدییانە سەپێنرا.

لە ساڵی ١٩٦٨ پیتەر بێرگەر، کە پسپۆرێک بوو لە بواری ئاینەکان، وتارێکی لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا بلاو کردەوە تێیدا دەڵێت:

> ( لە سەدەی بیست و یەکدا، پێ دەچێت ئاینەکان رۆڵیان کەم بێتەوە، زیاتر وەکو سێکتی بچووک بمێننەوە. هەر بۆیە جیهان بەرەو کولتوورێکی عەلمانی (سیکۆلار) هەنگاو دەنێت.)

لە کاتێکدا ئەم تیۆرییە ئەمرۆ زیاتر وەکو وەهمێک دەبینرێت. پیتەر دیسانەوە لەسەر هەمان باسی سیکۆلاریزم، کتێبێکی نوێی بەناوی (شارستانیبوونی نوێی جیهان) نووسی. لەم کتێبەیدا (تێزە کۆنەکەی خۆی، بەهەڵەیەکی گەورە دادەنێت). لێ دیسانەوە تەرکیز دەکاتەوە لەسەر (عەلمانیبوونی جیهان). دیارە ئەو شێوازی عەلمانیبوونی ئەوروپای، بۆ جیهان پێ باش نییە. بگرە بەپێچەوانەوە ئەو پێی وایە، کە رۆئاوای ئەوروپا لە چاو جیهاندا تایبەتە، چونکە لە هەموو جیهاندا، جگە لە ئەوروپا ئاین بەرەو بەهێزبوونی دەچێت. دیارە ئەم بەهێزبوونە تەنیا ئاینە ئاسمانییەکان ناگرێتەوە (جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام)، بگرە ئاینەکانی تریش دەگرێتەوە، وەکو بودی و هیندۆسی و شەنتوویی.

باشترین نموونە بۆ گەشەسەندن و بەهێزبوونی ئاینەکان لە جیهاندا، بەهێزبوونی بزاڤە ئیسلامییەکان و بزاڤی (مەسیحییە نوێیە ڕاستەکانی) ئەمەریکایە.

ئەم دوو بزاڤە، لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی گشتی گەشەیان سەندووەو گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ئەمرۆ ئەم دوو بزاڤە تێیدایە. بەو شێوە نامۆیی و ترسناکەی، هیچ کاتێک بزاڤی فوندەمینتالیزمی (توندڕۆی) ئاینی سەرهەڵنەداوە. هیچ کاتێک نەبووەتە هۆی ئەوەی کە جیهان لە مۆدێرنیزم ڕابگرێت. گەشەسەندنی گلۆبالیزم وا دەکات، کە قەبر بۆ کۆن دروست بکات و بیهەژێنێت و ئاسایشی لەق بکات. گلۆبالیزم و فوندەمینتالیزم، هەردووکیان وەکو دوو

دیوی دراوێکن. مارتین ڕیسەبرۆت، کە سۆسیۆلۆگێکە و لە شیکاگۆ دەژی، کتێبێکی نایابی بەناوی (گەڕانەوەی ئاین) نووسیوە، زۆر بەجوانی شرۆڤەیەکی باشی لەبارەی فوندەمینتالیزمەوە کردووە. مارتین دەڵێت:

(گەڕانەوەی ئاین، وەوو فۆرمێکی هاوچەرخ وایە، کە دژی پرۆسەی مۆدێرنە دەوەستێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە، هەروەکو بزووتنەوەی " رۆمانسی" کە لە سەردەمی ڕێنیسانس، دژی مۆدێرنە وەستایەوە ).

مارتین ڕیسەبرۆت پێی وایە، کە بەهێزبوونی تەوژمی فوندەمینتالیزم لە جیهاندا ، وەکو (بزاڤێکی نەیار، دژ) بە واقیعی کۆمەڵگەکانە. واتە دوورە لە راستیی ژیانی ئەمڕۆوە. پاشان دەڵێت:

(ئەم بزاڤانە پێیان وایە کە بۆ دەربازبوونی لە کێشەکانی ژیانی ئەمڕۆ، دەبێت ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ئاین و بەپێی ئەو نەریتانە هەڵسوکەوت بکەین، کە نەوەکانی پێشتر دەیانکرد.)

واتە بۆ ئەوەی کێشەکانی ئەمڕۆ چارەسەر بکەین، دەبێت پشت بەنەریتە کۆنەکان ببەستین. بۆ نموونە ئێران.

ئێران:

شۆڕشی ئێران ساڵی ١٩٧٩ ، توانی سەربکەوێت، چونکە رژێمی دیکتاتۆریی محەمەد رەزا شای پەهلەوی، کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتیی زۆر کردبوو، کە چارەسەریان ئاسان نەبوو. شا رژێمێکی ئۆتۆکرات بوو، کە پشتی بەسیستەمێکی عەلمانی بەستبوو، لە هەمان کاتیشدا لە ڕووی سیاسەتی دەرەکی و جیهانیشەوە، دۆستی نزیکی رۆئاوا بوو، بەتایبەت یەکێک بوو لە هاوپەیمانە گرینگەکانی ئەمەریکا. ئەم رژێمە ڕووخا و لەناوچوو، چونکە چینی ناوەڕاست و کرێکاران، خۆیان بەزەرەرمەندی سەرەکی، لەم سیاسەتەی شا دەبینییەوە و هەر ئەم سیاسەتەشیان بە بەرپرسی سەرەکیی هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خۆیان دەبینییەوە. هەر بەم شێوەیەش بزاڤە فوندەمینتالیزمە شیعەگەرایەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی سەرکەوتنی بەدەستهێناو توانی جەماوەرێکی زۆر لە دەوری دروشمەکانی، کە دژی مۆدێرنیتەی رۆئاوا و ئەمەریکا هەڵی گرتبوون، کۆ بکاتەوە.

ئەلقاعیدە:

فۆرمێکی تری تایبەتی فوندەمینتالیزمی ئیسلامی کە تیرۆر لە هەموو جیهاندا دەکات، ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە. ئەم ڕێکخراوە و هاوشێوەکانی، ساڵانێکە ترسێکی گەورە لە جیهاندا بڵاو دەکەنەوە.

ئوسامە بن لادن و هاوڕێکانی، باشترین کەس کە یارمەتیی داون، دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا (CIA) بوو. ئەگەر ئەو یارمەتییانە نەبوونایە، ئەمڕۆ ئەوان نەدەگەیشتنە ئەم ئاستەی ئەمڕۆیان.

کاتێک کۆمەڵێک شەڕوانی سەرلێشێواو دەستیان بە شەڕ لە دژی لەشکرکێشی یەکەتیی سۆڤیەتی (بێ باوەڕ) بۆ سەر ئەفغانستان کرد، لە هەموو جیهانی ئیسلامدا ئەمە بە شەڕێکی پیرۆز لە دژی بێباوەڕان دانرا و بە شەڕێکی ڕەوا و ئاینی پیرۆز لە قەڵەم درا. پاش تەواوبوونی شەڕ، خوێندکارەکانی (CIA)، دەستیان کرد بە شەڕێکی گشتی لە جیهاندا لە دژی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. ساموێل هینتینگتن، پۆلیتیکیۆلۆگی کۆنزەرڤاتیفی (کۆنەپارێز)ی ئەمەریکایی، پێی وابوو کە ڕۆئاوا و جیهانی ئیسلامی تووشی (شەڕێکی کولتووری) دەبن. جێگەی ئاماژەی ئەمە ناونیشانی وتارێکی ساموێل هینتینگتن بوو، کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە کۆواری Foreign Affairs بڵاوی کردەوە. بەڵام پاشتر بەڕوونی لە کتێبەکەیدا، ئەم تیۆرییەی خۆی باشتر ڕووناک کردەوە. ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١، لای زۆر کەس وەکو نیشانەیەک بۆ دەستپێکی "شەڕی کولتووری" دانرا. لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی سارد لە نێوان کەپیتالیزم و سۆسیالیزم، دەست کرا بە بەرزکردنەوەی کۆمەڵێک دروشمی کاریگەرتر. بە دڵنیاییەوە پەلامارە تیرۆرییەکان بۆ سەر ئەمەریکا، هیچ مانای (شەڕی کولتووری) ناگەیەنێت.

خەڵکانێکی زۆر ڕەخنەی جدییان لە تیۆرییەکەی هینتیگتن گرت و پێیان وابوو کە پشتی بە چەند میتۆدی هەڵە بەستووە: بۆ نموونە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان زۆرینەی جیهانی موسڵمان کە خەڵکانی میانڕۆن، لەگەڵ کەمینەیەکی سەرلێشێواوی توندڕۆ ڕق و کینە لە دڵ نەکردووە. هەروەها جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان کولتووری وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەیە، بۆ نموونە کولتووری ئەندەنووسیا لە بۆسنە جیاوازە، یان تورکیا و عەرەبستانی سعودی جیاوازن.

بەپێی بۆچوونی هینتیگتن، ئیسلام مێژووی ـ ئێستای - داهاتووی ، برێتییە لە یەک زنجیرەی نەپساو. هەتا ئەو کاتەی ئیسلام وەکو ئیسلام بمێنێت (کە دڵنیام هەر واش دەمێنێت) ڕۆئاواش وەکو ڕۆئاوا دەمێنێتەوە (هەرچەندە زۆر دڵنیا نیم لەمەیان). ئەم ململانێ فوندەمینتاڵە (توندڕۆیە)، لە نێوان هەردوو کولتوور و شێوازە ژیانە گەورەکەی جیهان ، بەردەوام دەبێت. هەروەک چۆن ئەم شەڕە مێژوویەکی ١٤٠٠ ساڵەی لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە.

لە نێوان شیعە و سوننەشدا تەنیا جارجار ململانێ ناکەن، بگرە لەگەڵ یەکتری دەکەونە شەڕەوە (بۆ نموونە ئەمڕۆ لە عێراقدا شەڕێکی ناوخۆیی گەورە لە نێوان ئەم دوو مەزهەبەدا هەیە). هەروەها لە شەڕی عێراق و ئێراندا، لەم شەڕەدا کە هەزاران کەس بوونە قوربانی، لە کاتێکدا زۆرینەیەکی شیعە مەزهەب، ناچار کران شەڕ لەگەڵ برا ئاینەکانی خۆیان بکەن. هەروەها ئەمڕۆ بەشێکی زۆری قوربانییانی ئەو پەلامارە تیرۆریستییانەی کە لە عێراق ئەنجام دەدرێت، برێتین لە خەڵکی موسڵمان.

لە ڕاستیدا شەڕی نێوان ئیسلامیی توندڕۆ ڕۆئاوای سیکوولار "بێباوەڕ" کە بەداخەوە بەردەوامە، ئەمەش وامان لێ دەکات، کە جارێکی تر پشت بە تێزە کۆنەکەی (دوژمنی، دوژمنەکەم دۆستمە). سیاسییەکان و پیاوانی یەکەمی ئاینی، ترسی ئەوەیان هەیە، کە نەهێڵن شەڕ لە نێوان

ئەم دوو کولتووره گەورەی جیهاندا ڕوو بدات و دژی تێزەکەی هینتیگتن بوەستنەوە. پاپای ڕۆما بێندیگی شازدە، لە نامەیەکدا، بۆ سەرانی ئۆتۆریتێت " دیکتاتۆر، ملهوور" ئیسلامی، داوای لێ کردوون، کە پێکەوە بکەونە گفتوگۆ و بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێت و ڕێگە لە شەڕ و ململانێی توند بگیرێت. هەروەک چۆن توندڕۆی ئیسلامی، نامۆ و بێگانەیە بەئەوروپا. بەهەمان شێوەش توندڕۆی مەسیحییە ئەمەریکاییەکانیش، بۆ ئەوروپا و جیهان جێگەی سەرسووڕمان و تێڕامانە.

(مەسیحییە نوێکان) تەنیا دیدێکی ئاینیی نوێیان نییە، کە خۆی لە تەعمید یان پەروەردەوە ببینێتەوە، بگرە ئەمان باوەڕیان وایە، کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ژیانی مەسیح و بەهەمان شێوەی ئەو هەڵسوکەوت بکەین. سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج دەبلیو بوش، خۆی و بەشێکی زۆری کابینەکەی، ئەندام و هۆگری (مەسیحییە نوێکان) بوون. هەر بۆیە ئەمان جیهانیان بەسەر دوو تەوەری دژ بەیەک دابەش کردبوو، جیهانی باش و جیهانی خراپ. وە ئەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر سیاسەتی گەورەترین زلهێزی جیهان بوو. مێژووی ئاین لە ئەمەریکا، تەواو جیاوازە لە مێژووی ئاین لە ئەوروپادا. ئەمەریکا کە وڵاتێک بووە لەسەر بنەمای پەناهەندە وەستاوە، Pilgrim Fathers ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە. لە ئەوروپا و جیهاندا، پەنابەران و ئاوارەکان کە لە هەموو جیهاندا، لە دەستی زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارەکان بەرەو ئەمەریکا هەڵهاتوون. بەشێکی زۆریان لەبەر ئاین یان باوەڕیان وڵاتیان بەجێ هێشتووە و بەرەو ئەمەریکا هەڵهاتوون. جێگەی ئاماژەیە لە ئەمەریکاش دەوڵەت و کڵێسا لە یەکتری جیا کراونەتەوە، بەڵام بەو شێوەیەی ئەوروپا نەبووە. هەروەها بەهیچ شێوەیەکیش ئامانجی لەناوبردنی ئاین نەبووە. لێ هیچ کاتێکیش لە ئەمەریکادا چ پرۆتستانت یان کاتۆلیک ، هەرێمێکی داگیرکراوی تایبەت بەخۆیان نەبووە ، هەروەک لە ئەوروپادا بوونی هەبوو، بەتایبەت لە سەردەمی ریفۆرمی ئاینیدا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کەمینەیەکی ئاینیی توندڕۆ، هەڵمەتێکی گەورەیان دژی تێزی داروین دەست پێ کرد، بەڵام زۆرینەی ئەمەریکاییەکان، هیچ کێشەیان لەگەڵ مەسەلەی ڕێنیسانس و ئاین نەبووە. بەم شێوەیەش زۆر بەئاسانی و ئاشتییانە، دەوڵەتێکی عەلمانی "سیکۆلار" و پلورالیزمی ئاینی ، پێکەوە ژیاون و گەشەیان سەندووە.

بەڵام چۆن ئەم حاڵەتە کار دەکات؟. لە کاتی ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەردا لە تەلەڤزیۆنەکاندا بینیمان، کە لە نیویۆرک، هەموو خەڵکی کە سەر بەچەندان ئاینی جیاواز بوون، هەموویان لە ماتەمینی ئەم شارەدا بەشدار بوون. لێ بەهێزبوونی فوندەمینتالیزمی مەسیحیی ئەمەریکا وای کردووە، کە سیستەمی سیکولاریزم و پلورالیزمی ئەمەریکایی بخاتە ژێر پرسیار و ترسەوە.

ژنە ڕۆژنامەوانی ئەمەریکایی بەربارا ڤیکتۆر، لە کتێبەکەیدا "Beten im Oval Office " چەند بەرەنجامێکی گەورە و ڕاشکاوانەی بەدەرخستووە. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە ئەو کردوویەتی، لە ٦٠٪ی ئەمەریکاییەکان، لەو باوەڕەدان، کە ئاین ڕۆڵێکی سەرەکی لە ژیانیاندا دەگێڕێت. ئەمەش

زۆرترین ڕێژەیە لە وڵاتە پیشەسازییەکان جیهان پێک دەهێنێت. لە ٨٦٪ی دانیشتوانی ئەمەریکا سەر بەئاینی مەسیحین. زۆرینەشیان سەر بەمەزهەبی پرۆتستانت و سەر بەگرووپی (مەسیحییە نوێکانن). جێگەی ئاماژەیە، لەو ١٢٠ ملیۆن دەنگەی کە وای کرد جارێکی تر جۆر دەبلیو بوش، ساڵی ٢٠٠٤ ببێتە سەرۆک، ١/٥یان سەر بەگرووپی مەسیحییە نوێکان بوون. هەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە، لە ٥٨,٧ ٪ ی ئەمەریکاییەکان، باوەڕیان بە عەقیدەی (مەسیحییە نوێکانە) و پێشیان وایە کە کۆتای جیهان بریتییە لە شەڕی نێوان مەسیح و شەیتان. هەروەها لە ٤٠,٩٪ ی ئەمەریکاییەکان، پێیان باشە کە دەستووری وڵاتەکەیان بگۆڕن، بۆ دەستوورێک کە ئەمەریکا بکاتە (نەتەوەیەکی مەسیحی). واتە تەنیا مەسیحیی تێدا بژی. بەربەرا ڤیکتۆر، لەم کتێبەیدا، لە دەنگە دژوارەکانی فوندەمینتالیزمی ئەمەریکایی ئاگەدارمان دەکاتەوە. باڵکشانی باری نائارامی و نائاسایشی بەسەر ئەمەریکاییەکاندا، بەتایبەت لەم سی ساڵەی دواییدا، وای لێ کردوون کە بگەنە دوو بەرەنجامی خراپ.

یەکەمیان: گۆڕینی ئەو هەیکەلەی کە ئەمەریکا لەسەر دامەزراوە. (واتە گۆڕینی دەزگە و بنەماکانی سیستەمی ئەمەریکاییی)

دووەمیان: پەیدابوون و بەهێزبوونی گرووپی (مەسیحییە نوێکان)

بەدیلگرتنی ئەمەریکاییەکان لە تاران (ساڵی ١٩٧٩)، هەروەها پەلامارە تیرۆریستییەکەی ١١ سیپتەمبەری ٢٠٠١ کاریگەری زۆری کردە سەر کۆمەڵگەی ئەمەریکایی. خاڵێکی تریش کە گرینگە، بەهێزبوونی گرووپی (ئیڤانگیلەکان). دیارە ئەم گرووپە و فوندەمینتالە مەسیحییەکان جیاوازییان لە ڕووی تێگەیشتنیان بۆ مەسیح و دەقە کۆنەکانی هەیە، بەڵام لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، هەردووکیان وەکو یەک بیر دەکەنەوە. بەڵام زۆرجاریش ئیڤانگیلەکان دژی سیاسەتەکانی جۆرج بوش وەستانەوە، بۆ نموونە ئەوان دژی ئەو سیاسەتە بوون، کە بۆش لەبارەی ژینگەپارێزییەوە دەیگرتە بەر. بەواتایەکی تر، هەموو کارێکی فوندەمینتالیزمەکان، دژی سیستەم و کۆمەڵگەی سیکۆلار نییە. لێ دەبێت ئەوەمان باش لە بەرچاو بێت، کە ڕۆڵی ئاین لە کۆمەڵگەی ئەمەریکاییدا زۆر بەهێزترە تا ڕۆڵی لە سیاسەتدا.

دیدی ناسیۆنالیست و کۆنەپارێزی و ئاینی فوندەمینتالیستەکان، دژی بیری لیبراڵ و جیهانی کراوەی مەسیحیەکان دەوەستێتەوە. ئەمان زیاتر پشت بە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەستن و زیاتر خۆیان لە تێزەکانی ڕابەری گەورەی ئەمەریکا، مارتین لۆتەر کینگ دەبیننەوە.

هەر بۆیە ئەم مەسیحییانە (واتە مەسیحییە لیبراڵەکان) ڕۆژانە دژی جۆرج دەبلیو بوش، دژی شەڕی عێراق، دژی سزای لەداردان ، خۆپێشاندان و مانگرتن دەکەن.

لێ ئەوەی تەنیا دەمێنێتەوە و جیاوازە، ڕۆئاوای ئەوروپایە. لە کاتێکدا لە هەموو جیهاندا ئاین و بەهێزبوونی گیانی ئیمانداری، بەهێزتر و زیاتر دەبێت. بەڵام پرسیاری گرینگ ئەوەیە ئاخۆ ئەم حاڵەتە تا چەندە ئاوا دەمێنێتەوە؟. هەندێک کەس لە ئەڵمانیا بەشێوەیەکی زۆر گەشبینانە،

دەڕواننە ئەوەی کە جارێکی تر ڕۆڵی (ئاین دەگەڕێتەوە). بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە، کە لە کاتی مردنی پاپ یوهانس پاوڵ (ساڵی ٢٠٠٥)، لە هەموو ئەڵمانیادا، جەماوەرێکی زۆر بەشداریی ماتەمینی بوون. بەڵگەیەکی تریشیان لە کاتی هاتنی پاپای نوێی بنێفیگی شازدە بۆ شاری کۆڵن، بەبۆنەی شەڕی گەنجانی جیهان، جەماوەرێکی زۆر ئامادەی هاتنەکەی بوون و پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێ کرد.

بەڵام زۆر کەس پێیان وایە، کە ئەمە ڕووداوێکی ئاسایی بووە، ناکرێت بکرێتە بنەمایەکی زانستی یان فیکریی بەهێز، بۆ ئەوەی بڵێین کە جارێکی تر ڕۆڵی ئاین دەگەڕێتەوە. بگرە ئەمە زیاتر دەچێتە قاڵبی ڕووداوێکی مێژوویی، ناکرێت بکرێتە بنەما بۆ شتێکی فیکریی مەزن. بەڵام زۆر کەسیش هەن کە گەشبینن، بۆ نموونە یەکێک لەوانە قەشە ڤۆڤلگانگ هوبێرت، کە ئەندامی سەرکردایەتیی کڵێسای پرۆتستانە لە ئەڵمانیا. دیارە ئەمیش یەکێکە لە قوربانییانی بیری گەشبینی بەگەڕانەوەی ئاین. قەشە هوبێرت، لەم ساڵدا تێزێکی نووسی کە تێیدا دەڵێت:

(لە هەموو بوارێکی کولتووری یان کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیا، هەست بەگەڕانەوەی ڕۆڵی ئاین دەکەین)

بەڵگەشی بۆ ئەم بۆچوونەی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ لە هەموو کتێبەکاندا، فیلمەکان، بەرنامەی تەلەڤزیۆنییەکان، بەشێوەیەکی گشتی بابەتی ئاینیی تێدایە. هەروەها لە کاتی بوون بە سەرۆکی نوێی ئەڵمانیا هۆرست کۆلەر، بە ئاشکرا وتی (خوا وڵاتەکەمان بپارێزێت).

لێ ئەو بۆچوونە لاوازانە ناتوانن ببنە، پرەنسیپێکی گەورە تا بە ئێمە بڵێین جارێکی تر ڕۆڵی ئاین دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا. بەهەمان شێوە بەڵام کەمتر لە دژی ئەم بۆچوونەدا، بیرمەند و فەیلەسووف هێربەرت شنێدلباخ لە ڕۆژنامەی (دی تسایت) لە وتارێکدا دەڵێت:

(ئەمڕۆ ئێمە لە ڕۆئاوای ئەوروپادا، ئەو حاڵەتەی کە ئەمڕۆ ئاینی تێ کەوتووە، دەتوانین بە پۆستریلیگیۆن (پۆست ئاین)ی دابنێین).

بۆچوونێکی تر کە دژی ئەم بۆچوونەیە، ئەویش بیرمەند و فەیلەسووفی ناودار یورگن هابەرماسە. ئەو پێی وایە (کە دەبێت لە جیهاندا سیستەمی سیکۆلاریزم بەرجەستە بکەین و ئەو سیستەمە حوکمی جیهان بکات. واتە ئێمە پێویستیمان بەجیهانێکی سیکۆلارە)

چەند هەفتەیەک پاش ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١، لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت، هابەرماس بەرگریی لە کۆمەڵگەی سیکۆلار و ئاینی کرد. ئەو زۆر بەجوانی شیکردنەوەیەکی کرد. هابەرماس پێی وایە:

(کە جیهانی ئەمڕۆ بریتییە لە ململانێیەکی توند لە نێوان هێزە بەرهەمهێنەکانی کەپیتالیستی جیهانی و ئاینە بەهێزەکان و کڵێسا دا).

هەردوو دەکەونە هەڵەیەکی گەورە، هەردوولا هەوڵ دەدەن لە شەڕی خۆیاندا (سیکولاریزم

بچــووک بکەنەوە). هەردووکــیــان لە دژی یەکــتــری بەکــاری دەهێنن. لێ پۆست ســیکولاریزم، دەمانگەیەنێتە ئەو بەرەنجامەی کە، کۆمەڵە ئاینیە توندڕۆکان، ناچار دەبن بە سیکۆلاریزم رازی بن و ئەم سیستەمەش بەشێوەیەکی تەواو دەسەپێنرێت.

بەدڵنیاییەوە چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە لەم بابەتە شتێکی نوێی نییە، هەروەها دەستەواژەی (پۆست سیکولاریزم)یش نوێ نییە. ماوەیەکی زۆرە خەڵکانێکی زۆر گەیشتوونەتە ئەو بەرەنجامەی (کە ئاین خۆی لەناو فەزایەکی (کەشێکی) سیکولاردا دەگونجێنێت). وە ئەم دەستەواژەیەی کە هابەرماس بەکاریهێناوە، زیاتر ئاماژەیە بۆ شیکردنەوە و وەسفکردنی کۆمەڵگە.

زاناکــان نەبوونە هەڵگری بیــرێکی ئاینپــەروەری توندڕۆیانە. بەڵام نیــشــانەی لەناوچوون و ڕۆئاوابوونی ئاین بەدەردەکەوێت. لە کاتێکدا سزا و تاوان لە ڕوانگەی دینەوە ناپێورێت، بگرە لە ڕێگەی یاسایەکەوە دەپێورێت، کە مرۆڤ خۆی داناوە. واتە یاساکانی مرۆڤ، جێگەی یاساکانی خوا دەگرنەوە. هەر ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبەن، کە پەیامی خوا، ئەو رەونەقەی جارانی نەمێنێت. بەناوبانگترین دیالۆگ کە لەم ماوەیەدا ڕووی دا ئەو بوو، کە لە نێوان هابەرماسی فەیلەسووفی و پاپا بنێدیگی شازدە رووی دا. لەم دیالۆگەدا نزیکبوونەوەیەکی باش ڕووی دا.

هابەرماس داوا دەکات:

(ئەمڕۆ لە ســەردەمی گلۆبالیزمدا، تاکە ڕێگەچارە ئەوەیە، کە هاریکاریی یەکتری بکەین و پێکەوە بژین و پێکەوە بەدوای چارەسەری کێشەکاندا بگەڕێین.)

باوەڕ، ئاوەز، گومان، پێویستە هەموویان پێکەوە بن و پێکەوە کار بکەن.

پەراوێزەکان

* ئەم گرووپە لە ئەمەریکا زۆرن، خۆیان بە مەسیحیی نوێ دادەنێن. جارێکی تر دەیانەوێ کۆمەڵگە لە ڕووی (سیاسی و کولتووری، ئابوورییەوە) لەسەر بنەمایەکی مەسیحییانە دابڕێژنەوە.

** لە ئەڵمانیا لە کاتی هاتنە سەر دەسەڵاتی نازییەکانەوە، جۆرە باجێکیان هەیە، کە پێی دەڵێن باجی کڵێسا. دەبێت هەموو کەسێک لە مووچەکەی خۆی، باج بدات بە کڵێسا. جێگەی ئاماژەیە ئەمە سیاسەتێکی هیتلەر بوو بۆ ئەوەی کڵێساکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشێ. هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەم سیاسەتە لە ئەڵمانیادا ماوە و دەبێت خەڵکی کە باوەڕی بەکڵێسای مەسیحی هەیە، باج بدات.

*** سێکت. مانای گرووپێکی بچووکی ئاینی دەگەیەنێت، کە زیاتر لەناو خۆیاندا دەژین و نایانەوێت تێکەڵی خەڵکی تر و ئاینی تر بن. بەهەموو شێوەیەک دژی تێکەڵبوونی ئەندامانیانن لەگەڵ ئاینەکانی تردا

سەرچاوە:

Rainer Traub. Der Einfluss der Religion auf Politik und Geselsschaft.. Spiegel Special. NR.9.2006

# بنەما ئەخلاقی و یاساییەکانی رۆژنامەوانی

ماڵپەڕی دەنگی ئەمەریکا

ئەگەر دەسەڵات بەمانای توانای کارتێکردن لەسەر کەسانی تر بێ، چاپەمەنیی ئازاد دەسەڵاتێکی لەرادەبەدەری هەیە. لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا، راگەیەنەکانی هەواڵ بەگشتی مافی ئەوەیان هەیە پێش ئەوەی هەواڵێک لەلایەن دەوڵەتەوە پشتڕاست بێتەوە، ڕاپۆرتەکەی بڵاو بکرێتەوە. لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ رۆژنامەوانان پشتیوانیی یاسایی پێشبینی کراوە. بەڵام بوونی ماف بەرپرسایەتیشی لەگەڵدا دێ. بۆ رۆژنامەوانان یەکەمین ئەرکی گرینگ لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، ڕاپۆرتی ورد و بێلایەنانەی هەواڵە.

بنەما ئەخلاقییەکان کۆمەڵێک بنەما و ڕێوشوێنن کە ڕێڕەوی کردەوە دەستنیشان دەکات. لە شوێنێک کە یاسا پێگەی تایبەتیی (دەبێ و نابێ)کان دیاری دەکات، بنەما ئەخلاقییەکان پێتان دەڵێن دەبێ چ بکەن. ڕێوشوێنی ئەخلاقی بەپێی بەها تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان فۆرمی گرتووە و ریشەی لە بەڵگەهێنانەوەدا هەیە. لە ڕاستیدا بریاردان بەپێی بنەما ئەخلاقییەکان، بەمانای بەکارهێنانی ئەم نۆرمانەیە لە چالاکیی رۆژانەدا.

بەیاننامەی شاپۆلت پێک[١] کە لە ساڵی ١٩٤٤ لە پارزەوینی ئەمەریکا وەک ڕێگەیەک بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ پاڵەپەستۆ بۆ ئازادیی ڕادەربڕین لە باکوری گۆی زەوی پەسند کراوە، دەری دەخات کە رۆژنامەنووسی بەپێی بنەما ئەخلاقییەکان، بۆ سەرکەوتنی درێژخایەنی راگەیەنەکانی هەواڵ شتێکی پێویستە.

بایەخ و پێگەی چاپەمەنی پێوەندیی بەم هۆکارانەوە هەیە: پابەندبوون بەراستی، بەدواداچوونی دروستیی هەواڵ، پاراستنی دادپەروەری و واقیعبینی و پابەندبوون بەجیاوازی دانان لە نێوان

................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر

هەواڵ و شاباش (ریکلام)دا.

بەدەستهێنانی رێز و بایەخە ئەخلاقی و پیشەییەکان ناتوانێ بەزۆرەملێ بێ، ئەمانە بەرپرسایەتیی تایبەتیی رۆژنامەوانان و راگەیاندنەکانن لە کۆمەڵگەی ئازاددا، ئەمە بیرورای گشتییە کە لە کۆتادا پاداشت یان سزا دیاری دەکات. لە رۆژنامەوانیدا هەڵەی ئەخلاقی روو دەدا، رەنگە هەندێک لە هەواڵنێران زانیاریی ساختە پێشکێش بکەن یان هەندێک لە سەرنووسیارەکان لە سەرچاوەی جۆرەوجۆرەوە پارە وەربگرن یان ئەوەی کە ئۆرگانەکانی هەواڵ، شاباشی بەشێوەی هەواڵ بڵاو بکەنەوە. کاتێک رووداوێکی ئەوتۆ روو بدات بیرورای گشتیی مافی خۆیەتی ئەو شتانەی کە لە ناوەندەکانی هەواڵدا دەیبینن بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەو کاتەی رۆژنامەوانان بەپێچەوانەی بنەما ئەخلاقییەکان رەفتار دەکەن، هەموو رۆژنامەوانان و ناوەندەکانی هەواڵ زیان دەبینن چونکە رەفتارێکی ئەوتۆ، دروستی و راستیی تەواوی پیشەی رۆژنامەنووسی دەباتە ژێر پرسیارەوە. کاتێک زیان بەپێگەی رۆژنامەیەک دەگات بێگومان توانای بەردەوامبوونی ئابووریی ئۆرگانێکی هەواڵیش زیانی پێ دەگا.

## رێوشوێنی ئەخلاقی

هەواڵنێری کۆچکردوو و نووسەری بەناوبانگ، جۆن هێرسی[٢] کە هەواڵی پێوەندیدار بەهێرشی ناوکەییی هیرۆشیمای بڵاو کردووەتەوە، دەڵێ: یاسایەکی پیرۆز لە رۆژنامەنووسیدا هەیە. نووسەر نابێ لە خۆیەوە شتێک دابهێنێ. لە کاتی بڵاوبوونەوەی بابەتێک دەبێ ئەم رستە بنووسرێ: "هیچ یەک لە بابەتەکان ساختە نین". ئەو رۆژنامەوانانەی کە پابەندی رێوشوێنە ئەخلاقییەکانن قسە بۆ خەڵک هەڵنابەستن و یان ناڵێن لە شوێنێکدا بوون کە لە راستیدا لێی نەبوون. لە هەموو شوێنێکی جیهاندا ساختەکردن و دزیی ئەدەبی، لە بەرچاونەگرتنی ستاندارده بنەرەتییەکانی رۆژنامەنووسی هەیە، بەڵام هەموو هەڵەکان هەموو کات ئاشکرا نین. رۆژنامەوانان بەردەوام لەژێر پاڵەپەستۆی خاوەن رۆژنامە، دەزگەکانی شاباشی و بیرورای گشتین و هەندێک جار لەسەر دووڕییانی ئەخلاقدا هەڵدەکەون. ئەوان پێویستییان بەرەوتێک هەیە کە لە هێشتنەوە لەو دووڕییانانە دەرباز بکات تا شێوازی کار و رۆژنامەنووسیی ئەوان لەسەر بنەما ئەخلاقییەکان بێ. ئەوان پێویستییان بەشێوازێک لە بیرکردنەوە لەبارەی پرسی ئەخلاقییەوە هەیە کە یارمەتییان بدا تەنانەت لە کاتێکدا کە شوێنێک بۆ رادەستکردنی کارەکەیان دیاری دەکرێ بریارێکی دروست بدەن. ئەم شێوە بیرکردنەوەیە ریشەی لە بنەماکانی رۆژنامەنووسیدا هەیە. ئەمانە ئەو بنەما سەرەکییانەن کە ئەنجوومەنی ئەمەریکاییی رۆژنامەوانانی پیشەیی[٣] کە ئۆرگانێکی خۆبەختکەری رۆژنامەوانییە، لەسەری دامەزراوە.

* بەدوای راستییەکاندا بن و بڵاوی بکەنەوە

رۆژنامەوانان دەبێ لە کۆکردنەوە، راپۆرت و راڤەی زانیاریی بێ خەوش، بێلایەن و بوێر بن.

* زیانەکان بەلانی کەمی خۆی بگەیەنن.

ڕۆژنامەوانانی بەئەخلاق لەگەڵ سەرچاوەکان، بابەت و هاوکارانی خۆیان وەک مرۆڤێک کە شایستەی ڕێزە، هەڵسوکەوت دەکەن.

* سەربەخۆ بن.

* ڕۆژنامەوانان دەبێ ئاگەدار بن کە خەڵک مافی ئەوەی هەیە ئاگەداری زانیارییەکانیان بێ.

* بەرپرس بن.

ڕۆژنامەوانان لە هەمبەر خوێنەران، بیسەران، بینەران و یەکتردا بەرپرسن.

ڕەنگە لە ڕوانینی یەکەمدا پاراستنی ئەم خاڵانە ئاسان بێتە پێش چاو. دیارە ڕۆژنامەوانان دەبێ بە دوای ڕاستیدا بن و ڕێز لەو سەرچاوانە بگرن کە هەواڵی لێ وەردەگرن، بەڵام زۆربەی ئەم بنەمایانە، لە خۆیدا تووشی دژبەری هاتوون. ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە دوای ڕاستییەکان کەوتوون ڕەنگە زانیارییەکی ئەوتۆیان پێ بگا کە زیان بەبنەماڵەی کەسی تاوانبار بگەیەنێ. ئەندامیەتیی هەواڵنێرێک لە ئۆرگانێکی نادەوڵەتی ڕەنگە ببێتە هۆی ئاگەداربوون لە پرسێک کە ئۆرگانی پێوەندیدار لەگەڵی بەرەوڕووە، بەڵام پێوەندیی ئەو لەگەڵ ئەو ئۆرگانە ڕەنگە هەڕەشە لە سەربەخۆییەکەی بکات و ڕاستییەکەی بۆ خەڵک دژوار بێ. لە زۆر حاڵەتدا گرتنی بڕیارێکی ئەخلاقی بەنیشانەی هەڵبژاردن لە نێوان دروست و نادروستدا نییە، بگرە هەڵبژاردن لە نێوان شتێکە کە هەردوو دروست دێتە بەرچاو.

کەوابوو ڕۆژنامەنووسان چۆن دەتوانن بڕیاری ئەخلاقی بدەن؟ لە قۆناخی یەکەمدا لە هەندێک حاڵەتدا باشترین کار، خۆپاراستن لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتە ئەخلاقییەکانە. بۆ وێنە ڕەنگە هەواڵنێران بڕیار بدەن نەبنە ئەندامی هیچ گرووپێک یان لە بڵاوکردنەوە هەواڵی پێوەندیدار بەو گرووپەی تێیدا ئەندامن خۆی ببوێرێ. لە حاڵەتی تردا ڕۆژنامەنووس دەبێ بەدوای هاوسەنگیی باشتر لە نێوان بنەما دژبەرەکاندا بێ و بەردەوام لە زەینی خۆیدا گرینگیی بەگەڕان بەدوای ڕاستییەکان و خزمەت بەخەڵک بدا.

## بڕیاردانی ئەخلاقی

کارمەندانی هەندێک لە ناوەندەکانی هەواڵ، لە بەرپرسان تا کەسانی پلە نزمتر تووشی سەرلێشێواوی دەبن. کاتێک پرسێک یان کێشەیەک بێ چارەسەر دەمێنێتەوە، بەڕێوەبەر بڕیار دەدا کە چ کاردانەوەیەک بگیرێتە بەر. خاڵی ئەرێنیی ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ خێراییی بڕیاردان، بەڵام شێوازێکی تاکڕەوانەیە. ئەم شێوازە بۆ ڕۆژنامەوانان، لە پێناوی بڕیاردانی دروست لە کاتێکدا بەڕێوەبەر لە بەردەستدا نەبێ و ئەوان لەگەڵ پرسێک بەرەوڕوون بەسوود نییە. هەر بۆیە زۆربەی ژوورەکانی هەواڵ ڕەوتێک بۆ بڕیاری ئەخلاقی هەڵدەبژێرن کە وردتر یارمەتیی

هەموو رۆژنامەوانان دەدا تا لە رەوشێکی جیاوازدا بتوانن بڕیاری دروست بدەن.

یەکەمین هەنگاو لەم رەوتەدا دەستنیشانکردنی کێشەکانە. زۆربەی خەڵک دەزانن لە کاتێکدا تووشی سەرلێشێواویی ئەخلاقی دەبن، ئاژیری مەترسیی دەروونی لێ دەدرێ. بەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رەوشێکی تایبەت، ئەم هەستە دروست دەبێ کە کێشەیەک لە ئارادایە. کاتێک بەم جۆرە دەبێ، پێویستە ئەوەی ئازارتان دەدا باسی بکەن. چ بەهاگەلێک شیمانەی رێککەوتنی هەیە؟ چ بابەتێکی رۆژنامەنووسی لە مەترسیدایە؟ زۆرتر لە نێوان ئامانجی رۆژنامەنووسی و بابەتی ئەخلاقی ئاڵۆزی پێک دێ. هەواڵنێرێک کە بابەتێک ئامادە دەکات پێی خۆشە پێش ئەوەی کەسێکی تر ئامادەی بکات، بڵاوی بکاتەوە، بەڵام پێویستە ئاسەوارەکانیشی لە بەرچاو بگرێ. ئەگەر روون بێتەوە کە بابەتەکە راست نییە دەبێ  چ بکرێ؟ رۆژنامەوانان نابێ بەها ئەخلاقییەکانی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی مەبەستی تر وەک شکست پێهێنانی لایەنی بەرامبەر، پێشێل بکات.

هەنگاوی دواتر پاش دەستنیشانکردنی کێشە، کۆکردنەوەی زانیاریی زۆرتر بەمەبەستی بڕیاردانی باشترە. سیاسەتەکان و هێڵەکانی رێنوێنیی ژووری هەواڵ تاوتوێ بکەن و لەبارەی ئەو پرسەی کاری لەسەر دەکەن لەگەڵ کەسانی تر راوێژ بکەن. لە هاوکاران و چاودێرانی ژووری هەواڵ دەست پێ بکەن، بەڵام لەوێوە بەکۆتای نەهێنن. زۆرتر سوودوەرگرتن لە بۆچوونی کەسانی تر، ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پرسەکەدا نین، بەڵام لەبارەی پرسەکەوە زانیارییان هەیە، بەسوودە.

ئاگەدار بن کە بەپێچەوانەی پزیشکەکان، چاوەڕوانی لە رۆژنامەوانان ناکرێ کە بەهیچ شێوەیەک بەکەسێک زیان نەگەیەنێ. زۆربەی پرسە گرینگ و راستەقینەکان، زیان بەهەست و ناوبانگی خەڵک دەگەیەنێ. ئەم بابەتە حاشاهەڵنەگرە، بەڵام رۆژنامەوانان بەخۆپاراستن لە ڕووبەڕووکردنەوەی خەڵک لە بەرامبەر مەترسیی ناپێوستدا هەوڵ دەدەن تا ڕێژەی زیانەکان بەلانی کەمی خۆی بگەیەنن. باب ستیل[٤] کە لە دامەزراوەی پوئنتێر[٥] لەبارەی ئەخلاقی رۆژنامەونووسیی وانە دەڵێتەوە، ئۆگریی بەم پرسیارە هەیە کە "ئەگەر رۆڵی رۆژنامەنووس و بابەتی دڵخواز جێگۆڕکێیان پێ بکرێ چ روو دەدا؟ لەو کاتەدا چ هەستێکمان دەبێ؟"

بۆ نموونە وێنای ئەوە بکەن هەواڵنێرێک کارگەیەکی دۆزیوەتەوە کە چەند کوڕێکی خوار تەمەن ١٢ ساڵ رۆژێک ٦ سەعات کار دەکەن و مووچەکەیان لە نیوەی لانی کەمی مووچەی پەسندکراو لەو وڵاتەش کەمترە. دەستوور بڕیاری داوە کارکردنی کەسانی خوار ١٤ ساڵ قەدەخەیە و کارکردن زیاتر لە ٤٥ سەعات لە هەفتەدا نایاساییە. دۆزینەوەی ئەم کارگەیە بەو مانایەیە کە ئەم هەواڵنێرە بەڵگەیەکی لە بەردەستدایە کە دەیسەلمێنێ سوودی خراپ لە منداڵان وەردەگیرێ، بەڵام پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە، دەبێ چ شتێکی زیاتر بزانێ.

نووسینی راستییەکان لەبارەی ئەم کارگەیەوە بەدڵنیاییەوە ئاسەوارێکی بەدواوە دەبێ کە لە ئاکامدا هەندێک زیانیان پێ دەگا. کاتێک لەگەڵ بابەتێکی لەم جۆرە ڕووبەڕوو دەبن ئامادەکردنی

لیستێک لە نەفەرات و ئەو دامەزراوانەی کە رەنگە ئەم بابەتە کاریگەرییان لەسەر دابنێ و پاشان تاوتوێکردنی ئەم کاریگەرییانە بەسوودە. دیارە نووسینی بەسەرهاتی ئەم کارگەیە راستەوخۆ کاریگەی لەسەر ژیانی ئەم کورانە دادەنێ، بەڵام ئەم پرسە کاریگەری لەسەر بنەماڵە و خاوەن کارگەش دادەنێ. بەئاگەداربوون لە ئاسەوارەکان، رۆژنامەوانان دەتوانن بۆ پێشکێشکردنی زانیاری، بەدوای بەدیلدا بگەڕێن تا بابەتەکەیان بەپێی راستی باس بکرێ و رێژەی زیانەکان کەم بکەنەوە. هەواڵنێر دەتوانێ لەبارەی ئەو کارگەیەوە لە وێنەی منداڵان بەبێ ناوهێنان کەڵک وەربگرێ تا لە رێژەی زیانێک کە بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە دەتوانێ بگەیەنێ، کەم بکاتەوە.

ئەمە تەنیا وێنەیەکە لە بڕیاردانی رۆژنامەوانان کە دەتوانێ ئاسەواری ئەخلاقی بەدواوە بێ. پرسەکانی تر بریتین لە جۆری ڕاپۆرت و هەروەها شێوەی دەربڕینی. کاریگەری بابەتێک لە لاپەڕەی یەکەم بەتیتری گەورە و وێنەی گەورە، زۆر زیاترە لە کورتە چیرۆکێک لە لاپەڕەکانی تر. پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی کە پێش بڵاوبوونەوە چەندان جار شاباشی بۆ دەکرێ کاریگەری زۆرترە و لە ئاکامدا ئاسەواریی ئەخلاقیی زۆرترە لە ڕاپۆرتێک کە تەنیا جارێک لە کاتی هەواڵەکانیدا بڵاو دەبێتەوە.

تێپەڕبوون لە قۆناخە جۆراوجۆرەکان بۆ بڕیاردانە ئەخلاقییەکان، رۆژنامەوانان و ئۆرگانەکانی هەواڵ لە پێگەیەکدا ڕادەگرێ کە بتوانن بەئاشکرا کردەکانی خۆیان روون بکەنەوە. رۆژنامەوانان بەشیکردنەوەی ئەوەی کە چ کارێک و بۆ چی بەڕێوە چووە، دەتوانن زیاتر متمانەی خەڵک بەدەست بێنن.

ژوورەکانی هەواڵ کە بەها و بایەخ بەبڕیارە ئەخلاقییەکان دەدەن بەدڵنیاییەوە ئەم بابەتانە پێش ئەوەی لەگەڵ کێشەیەک رووبەڕوو بێ باسی لەسەر دەکەن. هەندێک لە ژوورەکانی هەواڵ کۆبوونەوەی یەک لە دوای یەک لەبارەی شیمانەکانەوە بەڕێوە دەبەن. رۆژنامەوانان بەزەینی کراوەوە، تەمرینی بیستن دەکەن و هەستی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن و لەگەڵ خۆنەگونجان لەبارەی روانگەکانیان خۆ دەبوێرن، دەتوانن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ بابەتە ئەخلاقییەکان ئەم تەکنیکانە بەکار بێنن.

## کۆمەڵە یاسایەکی ڕەفتارناسی

ئەنجوومەن و فیدراسیۆنەکانی رۆژنامەنووسی لە سەرتاسەری جیهاندا کۆمەڵە یاسایەکی ئەخلاقییان پێک هێناوە تا هەڵسوکەوتی رۆژنامەوانانی ئەندام رێنوێنی بکات. یاسا ئەخلاقییەکان دەتوانێ هەموو شتێک، لە دزیی ئەدەبی تا کاروباری تایبەتی و لە چاکسازی تا کاروباری نهێنی بگرێتەوە. کلود ژان بەرتەران(٦) مامۆستای زانکۆی راگەیاندنی فرەنسا(٧) لە پاریس یاسا ئەخلاقییەکانی زۆربەی وڵاتانی تاوتوێ کردووە و دەڵێ، سێ هۆکاری سەرەکی لە زۆربەیاندا هاوبەشن.

* بەها بنەڕەتییەکان، لەوانە ڕێزگرتن لە ژیان و هاوپێوەندیی مرۆڤەکان.

* قەدەخەکراوەکان لەوانە درۆکردن، دەبێتە هۆی ئازاردانی خەڵک و دەستبەسەرداگرتنی شتێک کە پێوەندیی بەکەسێکی ترەوە هەیە.

* پاراستنی بنەماکانی ڕۆژنامەنووسی وەک وردبینی، دادپەروەری، عەدالەت و سەربەخۆیی.

پاراستنی ئەم بنەمایانە هەندێک جار بەشێوەی سروشتی، خۆبەختکەرانەیە بەبێ ئەوەی ئاسەوارێکی تایبەتیی بەدواوە بێ، بەڵام چاوەڕوان دەکرێ کە هاوکاران و کارمەندان، ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە ڕەفتاری دوور لە ئەخلاقییان هەیە بەبەرپرس بزانن. لە هەندێک لە وڵاتان ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەوانی، گلەیی و گازەندە دژی ڕۆژنامەوانان دەبیسێ و دەتوانێ بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان پێشنیاز بدات. ئەو کۆوارانەی ئاستی ڕۆژنامەنووسی هەڵدەسەنگێنن لە ڕێگەی نیشاندانی ڕەفتاری نائەخلاقیی ڕۆژنامەوانان، کردارێکی چاکسازیخوازانەی هەیە. هەندێک لە ئۆرگانەکانی تایبەت بەهەواڵ کارمەندێکیان هەیە کە پێی دەڵێن "ئێوبژیوان". ئەم کارمەندە بەدوای هەڵە ئەخلاقییەکاندا دەگەڕێ و لەو ئۆرگانەدا نوێنەری خەڵکە.

لەو وڵاتانەی کە ڕۆژنامەوانان پێویستە ئەندامی یەکەتییەک یان دامەزراوەیەک بن، بنەما ئەخلاقییەکان زۆرجار گەرەنتیی بەڕێوەبردنیشی هەیە. بۆ وێنە دامەزراوەی ڕۆژنامەنووسیی ئۆسترالیایی[٨] لێژنەیەکی دادوەریی هەیە کە ئەو تاوانانەی لە پێوەندی لەگەڵ ڕەفتاری نائەخلاقی دژی ڕۆژنامەوانان هاتوونەتە بەرباس تاوتوێ دەکات و ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک بەتۆمەتبار ناسرا، ڕەنگە سەرکۆنە و سزا بدرێ یان تەنانەت لەسەر کار لاببرێ.

## ڕێوشوێنە ڕەفتارییەکان

سەرەڕای بنەما ئەخلاقییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، زۆربەی ناوەندەکانی هەواڵ خاوەن بنەمای ڕەفتاری و ستانداردی پیشەیین و چاوەڕوانیی لە ڕۆژنامەوانانی خۆی هەیە تا ئەو پرەنسیپانە بپارێزن. ئەم بنەمایانە دەتوانێ پێشاندەری ئەو چالاکییانە بێ کە پێشنیاز یان قەدەخە کراون و یان پێویستیی بەپشتڕاستکردنەوە هەیە.

زۆربەی ناوەندەکانی هەواڵ ئەوەی کە ڕۆژنامەوانان لە کاتی کار یان لە دەرەوەدا دەتوانن ئەنجامی بدەن، سنووردار دەکەن. هۆکاری سەرەکیی ئەم سنووردارکردنانە پاراستنی دڵنیاییی خەڵک بەرامبەر بەناوەندەکانی هەواڵە. ڕەنگە ناوەندەکانی هەواڵ بەئاشکرا بەهەواڵنێران و وێنەگران بڵێن کە ناتوانن داوا لە خەڵک بکەن بۆ ڕاپۆرتەکانیان کارێک بکەن کە لە دۆخی ئاساییدا ئەو کارە ئەنجام نادەن و پاشان هەواڵێکی ئاڵۆز پێشکێشی خەڵک بکەن. ڕەنگە هەواڵنێران ڕێگەیان پێ نەدرێ کە ناسنامەی خۆیان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت بشارنەوە مەگەر ئەوەی کە بەدەستهێنانی زانیارییەکی ئەوتۆ بۆ کۆمەڵگە بەرژەوەندیی ئاشکرای هەبێ و هیچ ڕێگەیەکی تر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری نەبێ. ڕەنگە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بەڕوونی سوودوەرگرتن

لە کامێرای شاراوە یان ریکۆردی نهێنی بەمەبەستی بەدەستهێنانی هەواڵ قەدەخە رابگەیەنێ، مەگەر ئەوەی کە بەڕێوەبەر لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگە مۆڵەتی ئەم کارە بدات.

بەپەیدابوونی وێنەی دیجیتاڵی، ستانداردگەلێکی نوێ لەبارەی قەدەخەکردنی دەستکاریی وێنە یان ڤیدیۆ بەجۆرێک کە ببێتە هۆی چەواشەکردنی خەڵک، زیادی کردووە. چەندان ڕووداوی زۆر گرینگ بووە هۆی پێکهاتنی ئەم سیاسەتە نوێیە. لەوانە، وێنەیەک کە لەسەر بەرگی کۆواری نەشناڵ جیۆگرافی[9] لە ساڵی ١٩٨٠ بڵاو بووەوە بەسوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵ هەڕەمە بەناوبانگەکانی شاری جیزا لە میسری[10] نێزیکتر لە یەکتر پێشان دابوو.

زۆربەی بنەما و ڕێوشوێنەکانی ناوەندەکانی هەواڵ پێوەندییان بەپرسی سەربەخۆیی ڕۆژنامەوانانەوە هەیە. ڕەنگە بەمەبەستی پێشگیری لە سەرهەڵدانی جیاوازیی بەرژەوەندی، ڕۆژنامەوانان لە بوونی پشک یان بەرژەوەندیی تاکەکەسی لەو کۆمپانیانە کە هەواڵی ئەو ناوەندە دەیگرێتەوە قەدەخە بکرێن. ڕەنگە ڕۆژنامەوانان ڕێگەی دەربڕینی بۆچوونێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی لەبارەی پرسێکی سیاسی یان پشتیوانیی ئاشکرا لە پاڵێوراوێک بۆ وەرگرتنی پۆستێکی تایبەتی نەبێ. ناوەندەکانی هەواڵ ڕەنگە پێش بەپێوەندیی کاری ـ ئابووریی ڕۆژنامەوانان لەگەڵ هەر جۆرە سەرچاوەیەکی هەواڵ بگرێ یان لە دەرەوەی ڕێکخراو، پێش بەهەر جۆرە کارێک بگرن کە لە بەرامبەر وەرگرتنی پارەدا ئەنجام دەدرێ مەگەر ئەوەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە تەئید کرابێ.

سیاسەتی ئەخلاقیی ڕۆژنامەی ئازادی دیترۆیت[11]، کە ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکایی لە ئەیالەتی میشیگانە[12] بەشێوەیەکی ئاشکرا باس لەوە دەکا کە ڕۆژنامە سەرپشکە لەوەی چ کارێک بکات و چ کارێک ئەنجام نەدا. ئەم یاسایە دەڵێ بۆ وەرگرتنی هەواڵ نابێ پارە بەسەرچاوەی هەواڵ بدرێ و سەرچاوەی هەواڵ ئیزنی تاوتوێکردنی بابەتی پێش بڵاوبوونەوەی نییە. ناوەندی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کەنەدا (سی بی سی)[13] خاوەنی کتێبی بنەماکانی ستاندارده کە دەڵێ پێویستە کارمەندەکان لە قبووڵکردنی هەر جۆرە دیارییەک کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر بڕیاری (سی بی سی) دابنێ خۆ بپارێزن. کارمەندانی (سی بی سی) نابێ پێشنیازی سەفەر یان نیشتەجێبوون بەخۆڕایی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هەواڵی بابەتێک قبووڵ بکەن.

دەرەتانی دەربازبوون لە هەموو ڕووبەڕووبوونەوەکان نییە، بەڵام ڕۆژنامەوانان دەبێ بزانن کە هەڵسوکەوتی ئەوان دەتوانێ ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر ناوەندی هەواڵ بەدواوە بێ. کاتێک ئەوان هەست بەوە دەکەن کە شیمانەی سەرهەڵدانی کێشەیەک لە ئارادایە پێویستە بەڕێوەبەری گرووپی خۆیان ئاگەدار بکەنەوە. هەواڵنێرێک کە پێوەندیی تایبەتی بەڕاپۆرتێکەوە هەیە، دەتوانێ داوا بکا تا هاوکارێکی تر ئەو ڕاپۆرتە ئامادە بکات. شێوەی کاری زۆربەی ناوەندەکانی هەواڵ بەم چەشنەیە کە داوا لە هەواڵنێرانیان دەکەن لە ڕاپۆرتەکانیاندا پێوەندییەک کە دەبێتە هۆی دژبەریی بەرژەوەندییەکان ئاشکرا بکەن، تەنانەت ئەگەر بەراستی پێوەندییەکی ئەوتۆش لە ئارادا نەبێ.

چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوت کردن، بەڕوونی بەڵگەی ناوەخۆیی ڕۆژنامەیەک یان ناوەندێکی

هەواڵە، بەڵام ناوەندەکانی هەواڵ ئەو ڕێوشوێنانە لە ڕادەبەدەر لە سایتەکانی خۆیان بڵاو دەکەنەوە تا خەڵک بزانن، دەتوانن چ چاوەڕوانییەکیان هەبێ و بتوانن ڕۆژنامە یان ناوەندی هەواڵ لە کاتی پێشێلکردنی ستانداردەکانی خۆی، بخەنە ژێر پرسیارەوە.

## پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان

زۆربەی ناوەندەکانی هەواڵ لەگەڵ دژبەریی نێوان ستانداردەکانی کۆمەڵگە و بڵاوبوونەوەی هەواڵ ڕووبەڕوون، چارەسەری کێشەیەکی ئەوتۆی بەبڕیارێکی ئەخلاقی هەیە. بێننە بەرچاوی خۆتان بەرپرسێکی هەڵبژێردراو لە کاتی وتار خوێندنەوەدا لەبارەی ئەندامی گرووپێکی ڕکەبەرەوە، سووکایەتی بەنەژادی بکات. ڕەنگە هەندێک لە ڕۆژنامەکان بەوردی وشەگەلێک کە ئەو بەرپرسە بەکاری هێناوە بڵاو بکاتەوە هەندێکی تر ڕەنگە چەند وشەیەک و بەدوای ئەودا چەند خاڵێک لە وتەکانی بەکار بێنن بەبێ ئەوەی بەتەواوی وتەکانی دابەزێنن. هەندێکی تر لە ڕۆژنامەکان ڕەنگە تەنیا لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بەوە بکەن کە بەرپرسێک سوودی لە وشەی نەگونجاو وەرگرتووە. سەرنووسیاری ڕۆژنامەکان بەپێی خوێندنەوەی خۆیان لە ئۆقرەییی خوێنەرانیان ڕێگەچارەی جۆراوجۆر هەڵدەبژێرن. بەڵام هەندێک جار ئەوان بڕیارێک بەڕێوە دەبەن کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئازاردانی هەندێک لە خوێنەرانیان.

سەرنووسیارەکان لە کاتی هەڵبژاردنی وێنە و ڤیدیۆی ڕاچڵەکێنەر کە ڕەنگە لەلایەن خوێنەرانیانەوە جێگەی پەسند نەبێ، لەگەڵ کێشە ڕووبەڕوو دەبن. بەڵام ڕەنگە هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ باشترین ڕێگە بۆ پێشاندانی ڕاپۆرتێکی گرینگ بێ. بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئازاری هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ، ئێستە زۆربەی بەڕێوەبەرانی هەواڵ هۆکاری هەڵبژاردنی خۆیان یان لە بابەت خۆی یان لە یاداشتی سەرنووسیار کە لە پەراوێزی ڕاپۆرت بڵاو دەبێتەوە ڕوون دەکەنەوە. بۆ نموونە وێنەی دایکێک کە جەستەی لاوازی کوڕەکەی خۆی لە ئامێزدایە کە بەهۆی برسیەتی گیانی لەدەست داوە، بەدڵنیاییەوە خەمهێنەرە.

بەجێگەی چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی تەلەفۆنی کەسانی تووڕە و وەڵامدانەوە بەگلەییەکانیان، دەتوانرێ لە یاداشتی سەرنووسیار بنووسرێ کە ئەم وێنە زۆر ڕوونترە لە وشەکان لە باسکردنی ئازاری مرۆڤەکان بەهۆی قاتوقڕییەوە. ڕۆژنامەوانان بەشیکردنەوەی بڕیاراتی خۆیان بەخەڵک، بنەمای ڕێنوێنیی پیشەییی خۆیان واتە قبووڵکردنی بەرپرسایەتی بەکردەوەیان بەڕێوە بردووە.

## بابەتە یاساییەکان

مادەی ١٩ی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان[١٤]، بناخەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی ڕاگەیەنەکانی هەواڵەوە کە دەڵێ:

هەموو مرۆڤەکان خاوەن مافی ئازادیی بۆچوون و ڕادەربڕینن. ئەم مافە بریتییە لە ئازادیی

ڕادەبرین بەبێ دەستێوەردان لەودا و هەروەها مافی بەدواداچوون، وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی هەر ڕاگەیەنێک بەبێ لە بەرچاوگرتنی سنوورێک بۆ بەڕێوەبردنی.

ئەو وڵاتانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن پابەندن بەوەی پارێزگاری لەم جاڕنامەیە و لەوانە مادەی ١٩ بکەن، بەڵام ئەم پرسە نەیتوانی ببێتە کۆسپ لە بەردەم هەندێک وڵات بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ڕاگەیەنەکانی هەواڵی خۆیان یان بەربەستکردنی ڕێگەی دەستڕاگەیشتن بەهەواڵە نێودەوڵەتییەکان. لە هەندێک حاڵەتدا، ڕۆژنامەوانان لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی خۆیان، کوژراون، زیندانی کراون یان دوور خراونەتەوە.

دانیلۆ ئاربیلا[١٥] ئەندامی ئەنجوومەنی چاپەمەنیی ئینتەر ئەمەریکەن[١٦] و بوسکودا[١٧] لە ئۆرۆگوا دەڵێن باشترین یاسای چاپەمەنی، نەبوونی یاسا بەشێوەی گشتییە. ناوبراو دەڵێ لە جیهانی پێشکەوتوودا، یاسای زاڵ بەسەر چاپەمەنی، زیاتر لە یەک یان دوو لاپەڕە نابێ، "لاپەڕەگەلێک کە هەڵگری وشەی ڕوون و بێ خەوش لە پێشگیری لە هەر جۆرە هەوڵدانێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ئازادیی ڕادەربڕینە." پێویست ناکات بڵێین کە جیهان شوێنێکی باش نییە. یاساکانی پێوەندیدار بەچاپەمەنی لە سەرتاسەری جیهاندا بەچەشنێک جیاوازن کە ناتوانرێ هەمووی ئەوانە کورت بکرێنەوە.

هەندێک لە وڵاتانی ئازاد، خاوەنی یاساگەلێکن بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕۆژنامەوانان لەبارەی دەستڕاگەیشتن بەزانیاریی گشتی، لە حاڵێکدا وڵاتانی تر بڵاوکردنەوەی زانیاریی سنووردار دەکەن. لە هەندێک لە وڵاتان، ئاماژەکردن بەناوی قوربانیی جینایەتێکی ڕەگەزی یان ئاشکراکردنی ناسنامەی مێرمنداڵێک کە بەئەنجامدانی کاری نایاسایی تاوانبار کراوە، قەدەخەیە. تەنانەت لە ناوخۆی وڵاتێکدا ڕەنگە یاسای ناوچەیی جیاواز بن لەبارەی زۆر پرس وەک ئەوەی کە ئاخۆ دەتوانرێ ڕۆژنامەنووسێک ناچار بکرێ بەناوهێنانی سەرچاوەیەکی نهێنی یان یاداشتەکانی دادگەیەکی یاسایی یان نا، هەروەها لە چ دۆخێکدا ئەم کارە بەڕێوە دەچێ؟ پێویستە بڵێین کە ڕۆژنامەوانان دەبێ لە یاساکانی شوێنی کاری خۆیان و هەروەها ئەو هەوڵانەی کە بۆ هەڵوەشانەوەی یاسا سنووردارەکان ئەنجام دەدرێ، ئاگەدار بن.

یەکێک لە باوترین بابەتە یاساییەکان کە ڕۆژنامەوانان لەگەڵی بەرەوڕوون بوختان و درۆهەڵبەستنە. لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە بنەڕەتدا بوختان ئاماژەیەکی نادروستە لەبارەی کەسێک کە ناسنامەکەی ڕوون و ئاشکرای هەیە و ئەم ئاماژەیە دەتوانێ زیان بەناوبانگی ئەو کەسە بگەیەنێ. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر گوتەیەک ڕاست بێ ناچێتە خانەی بوختانەوە. کەوابوو ڕۆژنامەوانان دەبێ بەشێوەی سەربەخۆ، زانیاریی سەرچاوەکانی خۆیان، ئەگەر نەبێتە هۆی خەوشدارکردنی کەسایەتیی کەسێک، بسەلمێنن.

لە حاڵێکدا تەکنۆلۆجیای نوێ، شێوازەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی دەگۆڕێ، یاساکانی چاپەمەنی، سەرلەنوێ پێداچوونەوەی بەسەردا دەکرێ. لە قۆناخی یەکەمدا چەندان پرسیار دێنە

پێش لەوانە: ئاخۆ هەواڵنێرانی ئینتەرنێتی دەبێ خاوەن هەمان ماف و پشتیوانیی رۆژنامەوانانی رێکخراوە رەسمییەکان بن؟ ئاخۆ هەمان مافی تایبەتیی ویبلاگنووسانی ئینتەرنێتیش دەگرێتەوە؟ رەنگە ئەم پرسیارانە بۆ ماوەیەک بێ وەڵام بمێننەوە.

بەدڵنیاییەوە رۆژنامەوانان ناچار بەپاراستنی یاسای تریش هەن کە هەموو تاکێکی ئەو وڵاتە دەگرێتەوە، وەک یاساکانی پێوەندیدار بەژیانی تایبەتی خەڵکەوە. رۆژنامەوانان کە بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن، ناتوانن بچنە ناو ژیانی تایبەتی خەڵکەوە، ناتوانن بەبێ مۆڵەت، بەڵگەنامە بەدەست بێنن و لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی ئاکامە یاساییەکەی نەبن. رەنگە ناوەندەکانی هەواڵ بەم ئاکامە بگەن کە راپۆرتێکی تایبەتی، خاوەن گرینگییەکی ئەوتۆیە کە بایەخی ئەوەی هەیە مەترسییەکەی قبووڵ بکرێ و کاری نایاساییی بۆ ئەنجام بدرێ، بەڵام کارێکی ئەوتۆ دەبێ بەزۆرینەی دەنگ و بەوردی لەلایەن بەڕێوەبەران و هەواڵنێرانەوە بڕیاری لەسەر بدرێ.

پەراوێزەکان:

1-Declaration of Chapultepec
2- John Hersey
3- U.S.Society of Professional Journalists
4- Bob Steele
5- Poynter Institute
6- Claude _ Jean Bertrand
7- University of Paris's French Press Institute
8-Association Journalists Australian
9- National Geographic
10- Giza in Egypt
11- Ditroit Free Press
12- Michigan
13- Canadian Broadcasting Company (CBC)
14- Article 19 of the United Nations Charter
15- Danilo Arbilla
16- Anerican Press Association
17- Busque

سەرچاوە: بەشی فارسیی ماڵپەڕی دەنگی ئەمەریکا

# پەرەپێدانی مرۆیی

**محەمەد حوسێن محەمەدی**

چەمکگەلی پەرەسەندن و پەرەنەسەندن یاخۆ پێگەیشتوو و پێنەگەیشتوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە ناو ئەدەبیاتی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەتایبەتی زانستە کۆمەڵناسی و ئابووری و سیاسییەکاندا. وێرانی و کاولکارییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و زەرووڕەتی ئاوەدانکردنەوەی بەرفراوانیی ئەو وڵاتانەی کە لەناو شەڕەکاندا بەشدار بووبوون و تووشی زەرەر و زیان هاتبوون، وای کرد کە چەندان پلانی جیاجیا لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەدا گەڵاڵە بکرێن. گەشەی ئابووری یاخۆ بەرزبوونەوەی چەندان پێوەری چەندایەتیی ئابووری وەکو تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی و داهاتی تاکەکەسیی کە لە سەرەتادا بەپێوەری گەشەسەندن و پێشکەوتنی وڵاتەکان دەژمێردرا، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەهۆی کەلێنی نێوان وڵاتە دەوڵەمەند و هەژارەکاندا، وەکو تاکە فاکتەری کاریگەر لەسەر پەرەسەندن، کەوتە بەر ڕەخنە و گومانەوە و هەروەها چۆنیەتیی دابەشکردنی قازانج و بەرهەمەکانی گەشەی ئابووری و هەروەها باس و خواستەکانی تایبەت بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چەندان ڕەهەندی تر بۆ بابەتی پەرەپێدان زیاد کران و ئەمجارەیان بێجگە لەو فاکتەرانە، چەندان فاکتەری تر وەکو کەمکردنەوەی هەژاری و نایەکسانی و هەروەها بێکاری وەکو پێوەر و نیشاندەری گەشەسەندن و پەرەسەندنی وڵاتە جیاجیاکان گرینگی و بایەخی تایبەتییان پێ درا، لەبەرئەوەی کە ئەو جۆرە پێوەرانە دەتوانن بە روونی ڕادەی سەرکەوتن یاخۆ سەرنەکەوتن و شکستهێنانی وڵاتەکان لەبارەی گەیشتن بەئەنجامەکانی پەرەسەندن دیاری بکەن.

تێکئالاوی و پێکەوەگرێدراوەییبوونی ڕەهەندە جیاجیاکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانی پەرەسەندن دەری دەخات کە ئەو بابەتە دەبێ بەشێوەیەکی یەکپارچە و یەکدەست

..............................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

لێی بکۆڵرێتەوە.

ئەگەر بەرزبوونەوەی ئاستی تێکرای بەرهەمی ناوەخۆیی وڵاتێک، لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەژاری و نایەکسانی و بێکاری هاوتەریب و هاوکات بێ، دەکرێ بوترێ پەرەسەندن بەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی لەو وڵاتەدا ڕووی نەداوە. بۆ نموونە ئەگەر ماسییەک بدەن بە کەسێک، ژەمێکی خواردنتان بۆ ئەو کەسە دابین کردووە، بەڵام ئەگەر هەمان ئەو کەسە فێری ڕاوەماسی بکەن خۆراک وبژێوی ژیانی هەموو تەمەنی ئەو کەسەتان دابین کردووە. هەروەها لە نموونەیەکی تردا ئەگەر بیر لە ساڵی داهاتوو دەکەنەوە، هەوڵ بدەن تۆوی ڕووەکێک بچێنن، بەڵام ئەگەر لە خەمی ١٠ ساڵی تردان، باشتر وایە نەمامێک بڕوێنن، بەڵام ئەگەر مەبەستتانە پلانێک بۆ ١٠٠ ساڵی داهاتوو دابڕێژن دەبێ خەڵک فێری پەروەردە و خوێندن بکەن. لە ڕێی تۆوچاندنەوە تەنیا یەک جار بەرهەم دەچننەوە، بەرواندنی نەمام بەرهەمەکەتان بۆ ١٠ بەرامبەر زیاد دەبێ، بەڵام لە ڕێی پەروەردە و خوێندن و پێگەیاندنی خەڵکەوە بەرهەمەکەتان بۆ ١٠٠ بەرامبەر بەرز دەبێتەوە.

## کوان ستۆ (سەدەی چوارەمی پێش زاین)

لە بیردۆزەکانی ئابووریناسە کلاسیکییەکاندا، مرۆڤ وەکو یەکێک لە ماکەکانی بەرهەمهێنان لە سووڕی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا ئەژمار کراوە و لە برێتی ئەوەیش کەڵەکەبوونی سەرمایە وەکو جومگێکی سەرەکی لە پرۆسەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئابووریدا دەستنیشان کراوە. ئابووریناسەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەو بڕوایەدا بوون کە فاکتەر و پێکهێنەرەکانی سامانی هەموو وڵاتێک بە تەنیا سەرمایە فیزیکییەکانن، کەچی لە دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن بانکی جیهانی کە لەسەر ١٩٦ وڵاتدا هاتە ئەنجامدان، دەرکەوت کە بەشێوەیەکی ناوەندی سەرمایەی فیزیکی تەنیا ١٦٪ و سەرمایەی سروشتی ٢٠٪ و سەرمایەی مرۆیی ٦٤٪ی سامانی وڵاتەکان پێک دەهێنن.

تەنانەت لە مۆدێلەکانی گەشەی ئابووریی دەیەی ١٩٥٠دا، گەشەی ئابووری تەنیا بەرێژەی سەرمایە و هێزی کاری ناو کایەی ئابووریدا پێوەست کراوە و فاکتەرە نائابوورییەکانی تر وەکو کوالیتی سەرمایەی مرۆیی و تەندروستیی هێزی کار لەو کایەیەدا، بەهەند وەرنەگیراوە، بەڵام بابەتە تازە و گەرمەکانی کارگێڕی لە بواری سەرچاوە مرۆییەکان و ڕێکارەکانی هەڵسەنگاندنی ئەو سەرچاوانە لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵ و گرینگییەکی تایبەتی پێ دراوە، بەو واتەیەی کە ئەو سەرچاوانە لەلایەک بە سەرچاوەی لەبننەهاتوو ئەژمار دەکرێن و لەلایەکی تریش بایەخ پێنەدان و پشتگوێخستنیان، کار لەسەر سەرچاوەکانی تر دەکا و پەکیان دەخات و ئەمەیش وای کردووە کە لە شێوازە تازەکانی ژمێریاریدا چەندان برگەی نوێ بۆ ئەو بابەتە تەرخان بکرێن.

گومان لەوەدا نییە کە ئەمڕۆ دەبێ سەرچاوە مرۆییەکانیش نرخیان بۆ دابنرێ و وەکو بەشێک لە دارایییەکانی کۆمپانیاکان لە تۆمارەکاندا هەژمار بکرێن و مەسەلەی سووان و داخوران و

لەکارکەوتنیشیان بەشێوەیەکی تایبەتی هەژمار بکرێ و حیسابیان بۆ بکرێت. لای زۆرێک لە وڵاتەکان، بڕگەیەکی تایبەتی بۆ مەسەلەی سووان و داخوران و لەکارکەوتنی سەرچاوە مرۆییەکان دەستنیشان کراوە کە ئەوەیش خۆی لە خۆیدا ڕێژەی قازانج بەرز دەکاتەوە. ئەمرۆکە چیی تر داهاتی تاکەکەسیی وڵاتەکان، بەپێوەرێکی باش بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دانانرێ تاوەکو بەپشتبەستن بەو پێوەرە، دۆخی ئابووریی وڵاتە جیاجیاکان تاوتوێ بکرێ. ئەمرۆکە پێوەری پەرەپێدانی مرۆیی، بە مۆدێرنترین پێوەر بۆ دیاریکردنی شوێن و پلەی هەموو وڵاتەکان لە ڕیزبەند و پێرستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێ. دوا بەدوای ئازادکردنی نرخی ئاڵوگۆڕی دراو و لەناوچوونی پێوەندیی نێوان دۆلار و ئاڵتوون، بابەتی هێزی مرۆیی وەکو کۆڵەکەیەک بۆ پارە و بەرهەمهێنانی وڵاتەکان و هەروەها وەکو بنەوایەکی سەرەکی باسی لێوە دەکرێ. بۆ یەکەمین جار (ئادەم سمیس) ڕای گەیاند کە هێزی کاری هەموو وڵاتێک بە بەشێک لە سامانی ئەو نەتەوەیە ئەژمار دەکرێ. (دەیڤید ڕیکاردۆ)یش لەبارەی هێزی مرۆیی لە چوارچێوەی (بەهای کار)دا چەندان خاڵی گرینگی ورووژاندووە کە دواتر (کارل مارکس) ئەو بنەوا و بۆچوونانەی تیۆریزە کردووە و لە چوارچێوەی تیۆرییەکدا دایڕشتووەتەوە. بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی پەرەسەندنی ئابووری و دواتریش توانای سوودوەرگرتن لە کەرتی تەندروستی و پەروەردە و خزمەتگوزارییەکانی تری پێوەندیدار بەو بوارانەوە، وەکو پێوەرگەلێکی گرینگ بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتنی وڵاتە جیاجیاکان دەستنیشان کراوە و کۆی ئەمانە لەژێر ناوی پێوەرەکانی پەرەپێدانی مرۆیی لەلایەن ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا کاری لەسەر دەکرێ. ئەگەر پێشتر دەگوترا داهاتی تاکەکەسیی وڵاتە ئەوروپاییەکان بەتایبەتی وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان (وەکو سوێد و دانیمارک و نەرویج) و هەروەها وڵاتانی تر وەکو سویسرا و ئەمەریکا و ژاپۆن لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان دەستبەجێ وڵاتەکانیان بۆ دوو دەستەی هەژار و دەوڵەمەند دابەش دەکرد، بەڵام ئەمرۆکە بەهۆی دەرکەوتنی کەلێنێکی گەورە لە مەسەلەی دابەشکردنی داهات لە وڵاتەکاندا، دووریی نێوان وڵاتە دەوڵەمەند و هەژارەکان بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەزیادبووندایە و چیی تر گەشەی ئابووری و داهاتی تاکەکەسیی وڵاتەکان وەکو تاکە پێوەرگەلی پەرەسەندن سەیر ناکرێن.

ماوەی چەند ساڵێکە بیرمەند و چاودێرە ئابوورییەکانی دنیا، (مرۆڤ)یان بە خاڵی دەستپێک و کۆتاییی پرۆسەی پەرەپێدان پێناسە کردووە و تیۆرییە تازەکانی گەشەپێدانیش لە بابەتەکانیاندا پشت بەو فاکتەرە گرینگە واتە مرۆڤ دەبەستن.

ئەمە بەو مانایەی کە سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان لەسەر ڕەهەندە بایۆلۆجی و هزرییەکانی مرۆڤ، بە باوەڕپێکراوترین و گرینگترین مەرجی هەنگاونان بەرەو پەرەسەندنی ئابووری دادەنرێ. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە هەڵوەستە لەسەر کۆکردنەوە و پێکهێنانی سەرمایەی مرۆیی دەکەنەوە، لە ڕووی گەشەی ئابووری و وەگەڕخستن و کارپێدان و کەمکردنەوەی هەژاری و دابەشکردنی

دادپەروەرانەی داهات، کارنامەیەکی باشتریان تۆمار کردووە.

چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی لەگەڵ پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکاندا جیاوازە. لە ڕاستیدا پەرەپێدانی مرۆیی چەمکێکی گشتگیرتر و بەرفراوانترە کە پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکانیش لەخۆوە دەگرێ. لە پەرەپێدانی مرۆییدا، مرۆڤ ئامانجی پەرەپێدانە نەک ئامرازی پەرەپێدان، بەڵام لە پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکاندا، مرۆڤ ئامرازێکە و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا بەکار دەهێنرێ. فاکتەرە سەرەکییەکانی مۆدێلەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، بریتین لە بەرهەمداری و زیندوویێتی و دینامیکیبوون و تواناسازی.

لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلەدا، بەرهەمداری بە بەشداریی چالاکانەی خەڵک لە پرۆسەی دابینکردنی داهات و دابینکردنی هەلی کار بۆ خەڵک پێناسە دەکرێ و هەروەها یەکسانی بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ بەدەستهێنانی توانا و لێهاتوویی و بوونی دەرفەتی بەکارخستنی ئەو توانایانە ئەژمار دەکرێ و هەروەها زیندوویێتی و دینامیکبوونیش بریتییە لە توانای پاشەکەوتکردن و کەڵەگەکردن و قەرەبووکردنەوەی هەموو جۆرە سەرمایەیەکی فیزیکی و مرۆیی و ژینگەیی و هەمدیس (تواناسازی)یش بەو واتەیە بەکار هاتووە کە پەرەپێدان لەسەر دەستی خەڵکەوە ئەنجام بدرێ. چەمکەکانی پەرەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان هەردووکیان لە کاتی دروستبوونی و بەدیهێنانی پێشکەوتنێک لە بواری بەرزکردنەوەی کوالیتی و باشترکردنی ڕەوشی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا واتەیەک دەدەن. هەرچەندە پەرەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان هەردووکیان بەدوای دوو ئامانجی جیاوازدا دەگەڕێن، بەڵام لە بەرەنجامدا هەردووکیان جەخت لەسەر وەدیهێنانی یەک ئەنجام دەکەنەوە کە ئەویش دابینکردنی خۆشبژێویی گشتی بۆ کۆمەڵگەیە.

## ئامانجی پەرەپێدانی مرۆیی

ئامانجی سەرەکیی پەرەپێدانی مرۆیی، خزمەتکردنی مرۆڤ و مرۆڤایەتییە و هەروەها پەروەردەکردنی تواناکان و تواناسازی و پێگەیاندنی بەهرەداران و هەروەها فراوانکردن و زیادکردنی هەلی کار و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکان و چاکترکردنی ڕەوشی ژیان و دابینکردنی ژیانێکی تەندروست و داهێنەرانە لە ژینگەیەکی سەقامگیردا، بە ئامانجە کۆتاییەکانی پەرەپێدان دادەنرێن.

بەشێوەیەکی گشتی، پەرەپێدانی مرۆیی دوو چەمکی گشتگیر لەخۆ دەگرێ کە بریتین لە:

١- تواناسازی و پێگەیاندنی مرۆیی لە ڕێی وەبەرهێنان لە هێزی مرۆییدا.

٢- شێوازی بەکارهێنانی توانا و بەهرە پێگەیشتووەکان لە ڕێی بەشداریکردنیان لە کایە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەدا.

پەرەپێدانی مرۆیی، فراوانکردنی مەودای هەڵبژاردنەکانی مرۆڤەکانە. مەبەست لە فراوانکردنی

مـەودای هەڵبـژاردنەکـانی مـرۆڤـیش، پێگەیاندن و تـواناسـازیی مـرۆڤـە. لە دنیـای ئەمـڕۆدا، ئەو پرەنسیپەی کە دەوترێ ئازادیی مرۆڤەکان و ئاستی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی پەرەپێداندا، ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی پیشەسازیی ئابووریدا هەیە، تیـۆرییـەکی سـەلمێنراوە کـە بـە دڵنیـاییـیـەوە دەتوانرێ بوترێ هەردەم بەژێرخـانی سـەرەکـیی گـەشـەپێـدان و پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتە پیـشـەسـازییـەکانی دوای شـەڕی دووەمی جیـهـانیـدا دانراوە. بەپشـتـبـەسـتن بەو بنەوایەش، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییـەکـانی سـەر بـەڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێوەری پەرەپێدانی مرۆیی بۆ ڕیزبەندکردن و پۆلێنکردنی وڵاتەکان بەکار دەهێنن. لەو سـۆنگەیەوە، بۆ یەکـەمین جـار و بەشـێـوەیەکی پراکـتـیکی ڕۆڵی مـرۆڤ لـە ڕۆڵی سـەرمـایەی بەکارهاتوو لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری زیاتر ڕۆیشت و پێگە و ڕۆڵێکی گرینگتری پێ درا.

کەوابوو، بەو پێیەی کە پەرەپێدانی مرۆیی لە بنەڕەتدا، بەپشتبەستن بەپەرەپێدانی مرۆییـیـەوە ئەنجـام دەدرێ، پەرەسـەندن نەک تـەنیـا لەسـەر دەسـتی مـرۆڤی پێگەیشـتـوو و پەرەسـەندووەوە بەئەنجام دەگات، بگرە پێوەری هەڵسەنگاندنی پەرەسەندن و پلە و ئاستی پێشکەوتنی پلانەکانی پەرەپێـدانیش هـەر لەسـەر بنەوای پەرەپێـدانی مـرۆیی و ئاسـتی گـەشـەسـەندن و پێـشکـەوتنی پێوەرەکانی تایبەت بە پەرەپێدانی مرۆییەوە دەستنیشان دەکرێ.

لەو تێڕوانینەدا، مرۆڤ نەک تەنیا ئامرازی پەرەپێدانە، بگرە بەئامانجی پەرەپێدانیش دادەنرێ، لە کاتێکدا کە پێشـتر تەنیا جەخت لەسـەر سـەرمـایەی مرۆیی لە ڕووی بەها و گرینگییـەکەی لە پرۆسەی پەرەپێداندا دەکرایەوە. بەبۆچوونی زۆرێک لە چاودێرانی ئابووریی جیـهـانی، ئاژانسـە نێـودەوڵەتیـیـەکانیش لە توێژینەوەکانیـاندا، باشـترین ڕیزبەندی و هەڵسـەنگاندن لەبارەی وڵاتە پێـشکەوتووەکـانەوە دەخـەنە بەردەسـتی ئەو وڵاتانەوە تـاوەکـو لە ڕێی ئەو جـۆرە لێکۆڵینەوانەوە بازرگانیی دەرەکیی خۆیان ڕێک بخەن. لەو ڕێڕەوەدا، چەندان وڵات دەبینرێن کە لە ڕووی ئابووری و داهاتی تاکـەکەسـیـیـەوە سـاڵ لە دوای سـاڵ پێشـڤـەچوونی زیاتر بەخـۆوە دەبیـنن، کـەچی لە ڕیزبەندیی ئابووریی جیهانیدا بە وڵاتگەلی پێگەیشتوو ناوزەد ناکرێن، هۆکاری ئەو حـاڵەتەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە مۆدێلە سەرکەوتووەکانی ئابووریی جیهانیدا، پەرەپێدانی مرۆیی تەنیـا لە ڕێی پێشـخستنی فاکتەرە سـەرەکییەکانی پەرەپێدانی مرۆیی واتە (بەرهەمداری و زیندوویێتی و دینامـیکبوون و ئازادیی مرۆڤـەکان و بەشـداریی چالاکـانەی مـرۆڤـەکـان)ەوە بەئەنجـام دەگات و وڵاتەکـانیش تـەنیـا بەمـەرجی سـەرخـسـتنی ئەو ئامـانجـانە دەتوانن ڕەوتێکی ڕوو لە زیادبوون و پێشکەوتن لە بازرگانیی نێودەوڵەتیی خۆیاندا بەدی بهێنن. لەو گەمە ئابوورییـەدا، ئەو وڵاتانەی کە نەیانتوانیوە پرەنسیپە سەرەکییەکانی پەرەپێدانی مـرۆیی، پێڕۆ بکەن، بەدۆڕاوی سەرەکی لە قەڵەم دەدرێن. ئەمڕۆکە پەرەپێدانی مرۆیی بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دادەنرێ کە تەنانەت کاریگەری لەسەر ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی دەرەکی و نێودەوڵەتیشدا دادەنێت.

سەرچاوە: Farsnews.com

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست

# لە ڕوانگەی "ئابووریی سیاسی"یەوە

نۆریل روینی

پێشەکی

سەرباری بوونی چەندان شارستانیەتی دێرینی مرۆڤایەتی لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەخشەی سیاسیی ئێستای ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای ڕووخان و دارمانی تورکیای عوسمانی لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و دوابەدوای دارشتنی سنوورەکانی هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە بەشێوەیەکی دەستکرد و بەپێی پێکهاتەی نەریتی هۆز و تیرەکان لەو ناوچەیەدا، لە قۆناخەکانی دوای کۆلۆنیالیزمدا هاتووەتە کایەوە. ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەو ناوچەیە (وەکو ئێران و تورکیا و میسر)، پێشینەیەکی قووڵی شارستانییان هەیە و ژمارەیەکی تر (وەکو عێراق و سووریا و....) لە ڕێگەی دارشتنی سنوورەکان لەلایەن وڵاتانی ئیستیعماری و بەپێی پێوەندیی عەشیرەیی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە کایەوە. لە نێوان گرووپە (ئابووری – جوگرافی)ییەکانی دنیای ئەمڕۆ وەکو باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا، ئەمەریکای لاتین، ئەورووپا، ئەمەریکای باکور، ئەفریقای باشووردا، ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر لە هەموو ئەو ناوچە جوگرافییانە، وا بەستەی هەناردەکردنی کەرستە خاو و مادە کانزاییەکانە و وڵاتانی ئەو ناوچەیە بە تێکڕاییی لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوو لە دوای وڵاتانی باشووری ئەفریقادا خاوەن خراپترین کارنامەی ئابوورین لە دنیادا. لەگەڵ ئەوەیشدا، ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لە ستراتیجیترین ناوچەکانی دنیا، بەشێوەیەک کە بەشێکی سەرەکی لە وزە بەردبووەکانی دنیا لەو ناوچەیەوە دابین دەکرێ و نۆکەندی سوێس و بەشێکی گەورە لە دۆلارە نەوتییەکانیش کەوتوونەتە ئەو ناوچەیەوە کە هەموو ئەمانە ڕۆڵێکی گرینگ و چارەنووسسازیان لە دیاریکردن و ڕەنگرێژی دوارۆژی سیاسی –

................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

ئابووریی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا گێڕاوە.

پێ دەچێ پێکهاتەی لێکچوو و هاوشێوەی ئابووریی (ئابوورییەکانی پشتبەستوو بە سەرچاوە سروشتییەکان) و پێکهاتەی لێکچووی دیموگرافی (بوونی ڕێژەیەکی زۆری گەنج لە کۆی پێکهاتەی دانیشتوان) و هەروەها پێکهاتەی کولتووری - زمانیی (ئاین و زمانی هاوبەش)، ئەو فاکتەرە سەرەکییانەن کە وا دەکا وڵاتانی ناوچەی ئێستای ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست خاوەن هەلومەرجێکی هاوشێوە و تا ڕادەیەکی زۆر لێکچوو بن.

## دەستەبەندی وڵاتانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست

بەشێوەیەکی گشتی و بەپێی پۆلێنکردنی باوی دامەزراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان، وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سێ دەستە و گرووپ لە ڕووی داهاتەوە پۆلێن دەکرێن کە بریتین لە: داهات بەرز و داهات مامناوەندی و داهات نزم.

وڵاتە دەوڵەمەندە نەوتییەکانی ئەو ناوچەیە (بەحرێن و عەممان و ئیمارات و قەتەر و سعوودیا و لیبیا) خاوەن بەرزترین داهاتی تاکەکەسین، بەڵام تەنیا ڕێژەی ٩٪ لە کۆی گشتیی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پێک دەهێنن. داهاتی بەرزی ئەو وڵاتانە ڕۆڵێکی گرینگی لە دروستکردنی هەلی کار و وەگەڕخستن و هەروەها گواستنەوەی سەروەت و سامان لە ئاستی ئەو ناوچەیە و تەنانەت لە ئاستی ئابووری جیهانیشدا گێڕاوە. بەشێوەیەک کە بۆ نموونە گواستنەوەی دۆلارە نەوتییەکان لە دەیەی ١٩٧٠ بۆ بانکەکانی وەبەرهێنانی نیویۆرکدا ڕۆڵێکی گرینگیان لە گۆڕانکارییەکانی سەرمایەی دارایی لە دەیەکانی دواتر (لە تەنگژەی قەرزەکانی ئەمەریکای لاتین لە دەیەی ١٩٨٠وە بگرە تاوەکو دروستبوونی بڵقی نرخەکان لە بۆرسە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها لە بەشی عەقارات)دا گێڕاوە. دەستەی دووەم کە زۆرینەی وڵاتەکانی ناوچەکە پێک دەهێنن بێجگە لە دوو وڵاتی عێراق و ئێران (کە دوو وڵاتی هەناردەکاری نەوتین)، وڵاتە غەیرە نەوتییەکان لە خۆ دەگرێ کە دەکەونە دەستەی داهات مامناوەندییەکانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، کە بریتین لە وڵاتانی (جەزائیر و میسر و ئێران و ئوردن و مەراکیش و فەڵەستین و سووریا و تونس و تورکیا). ئەو دەستەیە ٧٨٪ی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پێک دەهێنێ و بە سەنتەری سەرەکیی وەرچەرخان و گۆڕانکارییە دیموکراتییەکانی ئەو ناوچەیە ناودێر دەکرێ.

دەستەی سێیەم وڵاتە داهات نزمەکانن کە ١٣٪ی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پێک دەهێنن کە بریتین لە سێ وڵات (جیبۆتی و سوودان و یەمەن).

تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی تاکەکەسی وڵاتە داهات نزمەکانی ئەو ناوچەیە کە بەپێی پێوەری (یەکسانی هێزی کڕین) دەستنیشان کراوە لە ساڵی ٢٠٠٧دا بە ١٨٨٠ دۆلار مەزەندە کراوە کە لە ژمارەی ناوەندی وڵاتانی باشووری دەشتی ئەفریقایش کەمترە. لە دەستەی وڵاتە داهات مامناوەندییەکانی ئەو ناوچەیەدا، ئەو ژمارەیە بە ٧٨٤٢ دۆلار مەزەندە کراوە (هاوشێوەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ناوچەی کارابیب). هەروەها ئەو ژمارەیە لەلای وڵاتە داهات بەرزەکانی ئەو

ناوچەیەدا بە ٢٦٩٥٩ دۆلار مەزەندە کراوە کە هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکانە.

لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە، بەشێکی گەورە لە ژمارەی دانیشتوانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی تەمەنەوە گەنجن کە ئەمڕۆ بە دەست چەندان کێشەی جیاجیای وەکو دۆزینەوەی دەرفەتی کار و پێکەوەنانی ژیانی خێزانی و هاوسەرگیرییەوە دەناڵێنن. بەهۆی ڕێژەی بەرزی لەدایکبوون لە ساڵانی ڕابردوودا (بەتایبەتی لە دەیەی ١٩٨٠) و هەروەها دابەزینی ڕێژەی مردن، ئێستاکە ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە تەمەنی گەنجیدان. بێجگە لە سێ وڵاتی هەژاری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەموو وڵاتانی تری ئەو ناوچەیەدا، توانا و ئیمکانیاتی پەروەردەیی دابین کراوە. لە بەرئەنجامدا بە درێژاییی دەیەکانی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا، کەرتی پەروەردە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تری دنیا (بێجگە لە ئاسیای ڕۆهەڵات)، بە ڕێژەیەکی بەرزتر گەشەی کردووە، بەڵام بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی بەرز لە بێکاری لەنێو ئەو گەنجانەدا و هەروەها ئاستێکی نزم لە بەرهەمداری ئەو پەروەردەیە، ئەو ڕەهەند و توانا بەهێزەی کە لە ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدایە، نەبووەتە هاندەر و داینەمۆیەک بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئەو وڵاتانە. ڕێژەی بەرزی بێکاری و درێژبوونی ماوەی چاوەڕوانی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و هەروەها دواکەوتن لە پێکەوەنانی ژیانی خێزانی و هاوسەرگیری، گرینگترین و سەرەکیترین کێشەکانی ئەمڕۆی بەردەم گەنجانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستن. ڕێژەی بێکاری لەنێو وڵاتە داهات مامناوەندییەکاندا لە ئاستێکی زۆر بەرز و تاقەتپڕوکێندایە. بۆ نموونە لە وڵاتانی میسر و ئێران و ئوردن و تونسدا ئەو ڕێژەیە لە سەرووی ٢٠٪ دایە. ئەو ڕێژە بەرزەی بێکاری لەنێو ئەو وڵاتانەدا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی (شەقام) وەکو مەیدانی کارلێکردنی سیاسی و هەروەها بەکارهێنانی گرژی و توندوتیژی وەکو میکانیزمێک بۆ چارەسەری ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان. (ژمارەی جینی) (Gini) کە پێودانگەی نایەکسانییە چینایەتییەکانە لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەیش هۆکارێکی ترە بۆ دروستبوونی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە. جێی ئاماژەپێکردنە کە پانتاییی (ژمارەی جینی) لە سفر تاوەکو ژمارەی یەک (٠ – ١)ە. (خاڵی سفر نیشانەی یەکسانی تەواو و ژمارەی یەک بە واتەی نایەکسانی ڕەها) دێت. لە کاتێکدا کە ئەو ڕێژەیە لە ڕووی دووبارە دابەشکردنەوەی داهات لە وڵاتانی (ئەسکەندەناڤی و وڵاتی سوێد) نێزیکەی ٢٣, ٠٪ە، بەڵام لە وڵاتە داهات مامناوەندییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو ژمارەیە لە ٣٢, ٠٪ تاوەکو ٤٢, ٠٪ بەرز بووەتەوە کە ئەو ڕێژەیە لە ڕووی نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهات لەگەڵ پێکهاتەی گەنجی ژمارەی دانیشتوان و هەروەها بەرزبوونی ئاستی بێکاری هەموویان بوونەتە هۆکاری دروستبوونی زەوینەیەکی کۆمەڵایەتی – ئابووری بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادان.

بەهۆی تێکئالاوی بازاڕە داراییەکانی وڵاتانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ بازاڕە داراییە جیهانییەکان بێجگە لە هەندێک لە شێخنشینەکانی کەنداو، بازاڕە داراییە جیهانییەکان ڕۆڵێکی کەمتریان لە ئابووریی ئەو وڵاتانە بە بەراورد لەگەڵ بلۆکە ئابوورییەکانی تری دنیادا

بینیوه (بێجگه له باشووری ئەفریقیا). بۆ نموونه له میسر بەشێوەیەکی گشتی له ماوەی ساڵانی ۲۰۰۵ تاوەکو ۲۰۰۹دا به ڕێژەیەکی ناوەندی تەنیا کەمتر له ۳٪ی سەرچاوەی دارایی له ڕێی بازاڕه سەرمایەییه نێودەوڵەتییەکانەوه دابین دەکرا (ئەو ڕێژەیه کەمێک له تورکیا نزمتره). له وڵاتی تونسیش ئەو ڕێژەیه له ۱٪ کەمتر بوو.

بەپێی ئەو ڕاستییانه، پێ دەچێ پەیکەربەندی سەرەکی بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو گەنجانەوه پێک هاتبێ کە له چینی هەژار و چینی ناوەندی شارەکاندان. ئەو گەنجانه سەرباری ئەوەی کە خەڵکێکی خوێندەوارن، بەڵام داخوازییه سەرەکییەکانیان خۆی له داواکارییەکانی تایبەت به بژێوی ژیان و کار و سەرچاوەی داهات دەبینێتەوە. ئەو گەنجانه هیچ جۆره پێوەندییەکی حزبی و ڕێکخراوەییان نییه و تاکه خاڵی بەیەکگەیشتنیان تۆڕه کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیس بووک و تویتەر و جۆرەکانی ئیمێل و مۆبایل و... هتد بووه.

## چەند وانەیەک له بزووتنەوه تازەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

۱- بزووتنەوه دیموکراتییەکانی باکوری ئەفریقیا وەک چۆن ئیدوارد سەعید له وتاره تیۆرییەکانی خۆیدا نیشانی داوه و هەروەها لەمیانی پرۆسەی کۆمەڵایەتیشدا به کردەوەیی سەلمێنراوه کە ئەو بۆچوون و دادوەرییه پێشوەختەیەی کە بۆچوونی کۆلۆنیالیزم و هەروەها ڕوانگەی هەڵەی ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕەت دەکاتەوه کە دەڵێن ئەو وڵاتانه له ڕووی کولتوورییەوه لەگەڵ دیموکراسی و خەباتی دیموکراتخوازیدا ناگونجێن. ئەو بۆچوونه کۆلۆنیالیستییەی ڕۆژهەڵاتناسەکان دواتر بوو به کۆڵەگەی تیۆریی چەندان بیردۆزی وەکو (تیۆریی پێکدادانی شارستانییەتەکان)ی سامۆێل هانتینگتۆن و بۆچوونەکانی تری لەو شێوەیه.

۲- دەسکەوتێکی تری تیۆریی ئەو جۆره بزووتنەوانه هەرەسهێنانی بۆچوونی شکستهێنانی حەتمیی بزووتنەوه شۆڕشگێڕییەکانه و پێویستی و زەروورەتی بزووتنەوه چاکسازیخوازەکان له کۆمەڵگەدا پشتڕاست دەکاتەوه. دیدگەی نیولیبڕالی و هەندێک جار پۆستمۆدێرنی دوو دەیەی دوایی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە شۆڕشەکان بەهۆی بوونی توندوتیژیی جەوهەری لەنێو خۆیاندا، سەرلەنوێ پێکهاتەی دیکتاتۆرییەت بەرهەم دەهێننەوه، بەڵام سەرباری ئەوەیش خاڵێک کە هەردەم پشتگوێ دەخرێ، ئەوەیه کە هەندێک دینامیزم و فاکتەری ناوخۆیی هەن کە له کردار و ژیانی ڕاستەقینەی تاکەکاندا دەبێته هۆی دروستبوونی زەوینەی دروستبوونی شۆڕش و یاخیبوونەکان. هەر ئەوەیشه کە بووەته هۆی ئەوەی کە جارێکی تر خوێندنەوه بۆ دید و بۆچوونی (کانت) بکرێ کە دەڵێ شۆڕشەکان له دەرەوەی بازنەی توندوتیژی و ستەمکارانەی خۆیاندا، یارمەتیی کامڵبوون و پێگەیاندنی مرۆڤەکان دەدەن.

۳- بوونی چەندان فاکتەر و کاراکتەری تازەی کۆمەڵایەتی له شێوه و فۆرمی نوێی ڕێکخستنی بزووتنەوه کۆمەڵایەتییەکاندا سەریان هەڵداوه و له پراکتیکدا دەبینرێ پارت و لایەنه سیاسییه نەریتییەکان ئاگاداری سەرهەڵدان و گەشەی خێرای ئەو جۆره بزووتنەوانه نین.

ئەو بزووتنەوە نوێیانە خاوەن پێکهاتەی نەریتیی بزووتنەوە و حزبە سیاسییەکان واتە زنجیرە و پلەی ستوونی سەرکردایەتی نین و ڕێکخستنەکانیان زیاتر بەشێوەی ماتریسی و ئاسۆییە.

پێ دەچێ لەمەودوا زۆربەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە گەورەکان خاوەن جۆرە کرۆکییەکی وەها بن. ئەو شێوازە پەیکەربەندییە بووەتە هۆی دروستبوونی شۆڕشێک لە تەکنۆلۆجیای زانیارییەکان و هەروەها نفووز و هەژموونی قووڵی ئینتەرنێت و شێوازە تازەکانی پێوەندیکردن لە کۆمەڵگەکاندا. بەڵام ئەکتەران و ڕێکخەرانی ئەو جۆرە بزووتنەوانە ئەو گەنج و لاوانەن کە لە ڕێی دروستکردنی پردێک لە نێوان فەزای تراویلکەییی ئینتەرنێت و فەزای ڕاستەقینەی شەقام و شوێنی کارکردن، ئەو جۆرە بزووتنەوانە بەڕێوە دەبەن. دۆشدامان و کارتێکراوەییی پارتە نەریتییەکان لە بەرامبەر شێوازە تازەکانی ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوانە، دیاردەیەکی تازە نییە. پێشتریش لە ئەزموونی بزووتنەوەکانی ١٩٦٨ لە ئەورووپا و ڕەوتی زاپاتیستەکان لە مەکسیک و هەروەها بزووتنەوەی دژ بەجیهانیبوون لە سیاتێل و.... ئەو جۆرە پەرچەکردارانەمان لە حزبە نەریتییەکان لە بەرامبەر ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکاندا بینیوە.

٤- ئەو جۆرە بزووتنەوانە هیچ جۆرە پێوەندییەکی ڕێکخراو و ئۆرگانیک ئەوان لەگەڵ سەرچاوە کۆن و نەریتییەکانی بزووتنەوەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست واتە ناسیونالیزم و هەروەها سەرچاوە تازەکانی ئەو بزووتنەوانە وەکو ڕەوت و لایەنە بنیاتگەراکاندا نەیانبەستێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەڵگرانی ئەو دوو ئایدیۆلۆجیایە کە تاوەکو ئێستایش لەو ناوچەیەدا خاوەن هەژموون و باڵادەستن، لە دوای دروستبوونی ئەو بزووتنەوانەدا بەدوای دۆزینەوەی دەرفەتێک بۆ بەشداریکردن و دروستکردنی هەیمەنە لەو بزووتنەوانەدان.

٥- هەر وەکو پێشتریش باسی لێوە کرا، وڵاتانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەچنە نێو سێ دەستەی سەرەکییەوە. وڵاتە دەوڵەمەندەکان (سعوودیا و شێخنشینەکانی کەنداو)، وڵاتە داهات مامناوەندییەکان (میسر و تونس و ئێران و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە)، وڵاتە داهات نزمەکان. لە نێوان ئەو سێ دەستەیەدا، وڵاتە دەوڵەمەندەکان بەهۆی بوونی پێوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان ئەو وڵاتانە لەگەڵ ڕەوتی بنیاتگەرایی لە جۆری (بنلادەن)ی و هەروەها لە نێوان وڵاتە داهات نزمەکانیش بەهۆی بوونی هەژاریی کۆمەڵایەتی و ئاستێکی نزم لە پەرەپێدانی سەرچاوەمرۆییەکان هەردەم دەتوانن هەڵگری جۆرێک لە (ئیسلامی سیاسی) لە فۆرمە نەریتییەکاندا بن، بەڵام لە نێوان وڵاتە داهات مامناوەندییەکاندا جۆرێک لە گوزەرکردن و بازدان لە شێوازە سەرەتاییەکانی بنیاتگەرایی بۆ سەردەمی تازە بەدی دەکرێ. لەو سەردەمەدا پارتە نوێباوە مەزهەبییەکانی (وەکو حیزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا)، پارادایم و مۆدێلێکی تازەی ئیسلامگەرایی دەبینرێ. کەوا بێ، لاوازبوونی شێوە سەرەتاییەکەی بنیاتگەرایی و بەهێزبوونی شێوازە میانڕۆکانی هاوشێوەی حزبی (داد و گەشەپێدانی تورکیا)، بەلایەنی کەمەوە لە نێوان دەستەی وڵاتە داهات مامناوەندییەکاندا شتێکی چاوەڕوانکراوە.

٦- میسر خاوەن پێگەیەکی میحوەرییە لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. سەرباری گرینگیی جیۆپولەتێکی نۆکەندی سوێس، ڕۆڵ و پێگەی میسر لە دانووستانەکانی ئاشتیی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی فەڵەستین، ڕۆڵێکی گرینگ و چارەنووسسازە. بەپێی ئەو

خاڵانەی کە باسمان کرد، دەکرێ بڵێین ستراتیجییەتی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەدا، دروستبوونی جۆرێکی تایبەتی لە دیموکراسی لەسەر بنەوای هاوپەیمانیی نێوان نوخبەی حاکم کە بە شەریکە نەریتییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا (ئەمەریکا و ئەوروپا) لە ناوچەکەدا دەژمێردرێ، لەگەڵ لایەنە میانڕۆیە مەزهەبییەکانە. جێبەجێکردنی ئەو ستراتیجە چەندان گرفت و تەنگوچەڵەمەی لە بەردەمدایە. یەکەمیان ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیای نیولیبراڵی کێشە و گرفتگەلێکی زۆری لە بەردەمدایە و دەبێ بەشێوەیەک هەموار بکرێتەوە کە لە کۆتاییدا پلانەکانی خۆشبژێویی و دووبارە دابەشکردنەوەی داهات بە قازانجی توێژە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگەدا بشکێتەوە. ئەوەی کە ئەو سیاسەتە چەندە لەلایەن نوخبەی حوکمڕان و دەستڕۆیشتووی ئەو ناوچەیەوە پێشوازی لێ دەکرێ، پێوەندیی بەجۆری سەرەدەریکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەو پلان و پرۆگرامگەلە و هەروەها ئاستی ڕەوایەتی و لۆجیکیبوون و زانستیبوونی داواکارییەکانیاندایە. ئەمەریکا مەبەستیەتی ئەو جۆرە بزووتنەوانە بەرەو ئاراستەی چارەنووسی (شۆڕشە ڕەنگاوڕەنگەکان) ببات، بەڵام پێکان و جێبەجێبوونی ئەو ئامانجە کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوەی کە دەسکەوتی (شۆڕشە ڕەنگاوڕەنگەکان) کەم تا زۆر لێکچوو و هاوشێوەی یەکترە و لە پراکتیکدا دووبارەبوونەوەیان لە وڵاتانی تردا سەرنجی خەڵکی ڕاناکێشێ. وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەمان کاتدا کە جۆرە هاوبەندییەک پێکەوەیان گرێ دەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جۆرە لێکترازانێک لە ڕەوتی داهاتووی پەرەپێدانی سیاسیی ئەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێ. بێگومان زوو یا درەنگ، سیستەمێکی نوێ لە تونس و میسر و چەندان وڵاتی تری دەستەی داهات مامناوەندییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگیر دەبێ، بەڵام تاوەکو ئێستایش ناتوانرێ بەدڵنیاییەوە بوترێ ئەو ڕەوتە لە بەرئەنجامدا ڕووەو گوزەرکردنێکی دیموکراتییە.

ئەوەی بەدڵنیاییەوە دەکرێ بوترێ ئەوەیە کە ئەم سیستەمەی ئێستا ناتوانرێ بەردەوامی پێ بدرێ، بەڵام ئەوەی کە پێشبینیکردنی کارێکی ئەستەمە ئەوەیە کە ئەو سیستەمە تازەیەی کە شوێنی سیستەمە کۆنەکە دەگرێتەوە، چ جۆرە سیستەمێکە؟ لەبەرئەوەی کە لە بەرئەنجامی پاڵەپەستۆیەکی زۆری ئاشکرا و نائاشکرادا دێتە کایەوە. سیستەمێکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێگیر دەبێ و بێگومان ناکرێ ئەو سیستەمەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامیی پێ بدرێ: نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕاوە، بگرە لەبەرئەوەی کە دنیای ئەمڕۆ بەتایبەتی لەو دەیەیەی دواییدا چەندان گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بنەڕەتی و خێرای بەخۆوە بینیوە. ئەوەی کە ناتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین ئەوەیە کە نازانین سیستەمی ئاڵتەرناتیف و جێگرەوە چ جۆرە سیستەمێکە؟ لەبەرئەوەی کە لە بەرئەنجامی چەندان فاکتەر و هۆکارەوە دێتە کایەوە. ئەمە لەلایەک بەندە بەوەی کە نوخبە سیاسییە نەریتییەکانی ناوچەکە تا چ ڕادەیەک بە کردەوەیی چاکسازیی ڕاستەقینە لە بوارە سیاسی و ئابوورییەکاندا ئەنجام دەدەن کە ئەویش داخوازییە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵکە و هەروەها لەلایەکی تریشەوە بەندە بەوەی کە پارتە ئیسلامییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆتاییدا چ جۆرە مۆدێلێک بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن: مۆدێلی حزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا یاخۆ مۆدێلی حزبە بنیاتگەراکان.

## خشتەکان

خشتەی ژمارە یەک - ڕێژەی گەنجان بە بەراورد لەگەڵ کۆی گشتیی ژمارەی دانیشتوان

| ناوی وڵات | ٢٠١٠ | پێشبینی بۆ ساڵی ٢٠١٥ |
|---|---|---|
| جەزائیر | ٠,٣٢ | ٠,٢٧ |
| جیبۆتی | ٠,٢٩ | ٠,٣٠ |
| میسر | ٠,٣ | ٠,٢٧ |
| ئێران | ٠,٣٦ | ٠,٢٧ |
| ئێراق | ٠,٢٨ | ٠,٢٩ |
| ئوردن | ٠,٣٠ | ٠,٢٨ |
| کوێت | ٠,٢٨ | ٠,٢٣ |
| لیبیا | ٠,٣٢ | ٠,٢٤ |
| مەراکیش | ٠,٣٠ | ٠,٢٧ |
| عەممان | ٠,٣٠ | ٠,٢٩ |
| قەتەر | ٠,٣٢ | ٠,٢٣ |
| سعوودیا | ٠,٢٨ | ٠,٢٧ |
| تورکیا | ٠,٢٨ | ٠,٢٥ |
| ئیمارات | ٠,٣٢ | ٠,٢٣ |
| یەمەن | ٠,٢٩ | ٠,٣٠ |
| سوودان | ٠,٢٨ | ٠,٢٩ |
| سووریا | ٠,٣٢ | ٠,٢٨ |
| تونس | ٠,٣٠ | ٠,٢٦ |

خشتەی ژمارە دوو

ڕێژەی بێکاری لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست

| وڵات | ڕێژەی بێکاریی گەنجان | ڕێژەی گشتیی بێکاری | جیاوازیی نێوان ڕێژەی بێکاری گەنجان لەگەڵ ڕێژەی گشتیی بێکاری |
|---|---|---|---|
| جەزائیر | ٢٢,٣ | ٢١,٧٠ | ١,٠٣ |
| بەحرێن | ٢٠,١ | ٥,٥٠ | ٣,٦٥ |
| میسر | ٢٤,٨ | ١٠,١٦ | ٢,٤٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئێران | ٢٣,٠ | ١١,٢٧ | ٢,٠٤ |
| ئێراق | — | ١٠,٥٣ | – |
| ئوردن | ٢٢,٢ | ١٤,٩٥ | ١,٤٨ |
| کوێت | ٥,٣ | ١,١٢ | ٤,٧٣ |
| لبنان | ١٧,٤ | ٨,٠٨ | ٢,١٥ |
| مەراکیش | ١٨,٣ | ١١,٠٧ | ١,٦٥ |
| فەڵەستین | ٣٥,٧ | ٢٣,٦١ | ١,٥١ |
| قەتەر | ٥,٤ | ٣,٩٠ | ١,٣٨ |
| سعوودیا | ١٦,٣ | ٥,٢٥ | ٣,١٠ |
| سووریا | ١٦,٥ | ٨,٩٦ | ١,٨٤ |
| تونس | ٢٧,٣ | ١٤,٨٤ | ١,٨٤ |
| تورکیا | ١٩,٦ | ٩,٥١ | ٢,٠٦ |
| وڵاتە داهات نزمەکان | ٩,٩ | ٤,٨٨ | ٢,٠٣ |
| وڵاتە داهات مامناوەندییەکان | ١٩,٦ | ٦,٥٨ | ٢,٩٨ |
| وڵاتە داهات بەرزەکان | ١٣,٦ | ٦,٦٨ | ٢,٠٤ |

خشتەی ژمارە سێ

ژمارەی جینی (Gini) لە هەندێک لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست (٢٠٠٠-٢٠٠٧)

| | |
|---|---|
| جیبۆتی | ٣٩,٩٤ |
| میسر | ٣٢,٤٥ |
| ئێران | ٣٨,٢٨ |
| ئوردن | ٣٨,٣٠ |
| مەراکیش | ٤٠,٧٦ |
| تونس | ٤٠,٨١ |
| تورکیا | ٤٢,٩٧ |
| یەمەن | ٣٧,٦٩ |

سەرچاوە: Anthropology.ir

# بنەماڵەیەک
# کۆریای باکور حوکم دەکات

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

بابەتی یەکەم

**لە کۆریای باکور زەمەن وەستاوە**

ئێمە بەرەو ئەو کێڵگەیە دەچووین کە ڕێکخراوەی کاری چاندنی ئەڵمانی بەهاوکاریی ئاژانسە کشتوکاڵییەکانی کۆریای باکور ساز کردبوو. لەو پڕۆژە هاوبەشییەدا نزیکەی دوو هەزار کەس کاریان دەکرد. ئەگەر کەشوئاووهەواکە ساز بێت ئەوا لەو کێڵگەیەدا ئەوەندە سێو بەرهەم دەهێندرێت بەشی خواردنی دووسەد هەزار کەس دەکات. لە کاتی نانخواردنەکەدا دیپلۆماتەکان و سەفیرەکان و مێوانەکان لە لێواری ڕووبارەکە لەسەر ئەرزەکە دانیشتن. لەو ناوچەیە کەسی بێگانەی تێدا نەدەژیا، بەڵام بۆ سازکردنی پێوەندییەکان کەسێک هەبوو ئەوەی ساز دەکرد، ئەگەر بێگانەیەک رووی لەو دەڤەرە کردبووایە. ئەو بەرپرسە بەمنی وت:

کە ئەندازیارە ئەڵمانییەکان بۆ ئیشکردن هاتوونەتە ئەو ناوچەیە، ژنی زۆریان لە هامهونگەوە بردووتەوە ئەڵمانیای رۆهەڵاتی جاران.

بەڵام ئەو لەگەڵ ئەو قسانەش مەبەستی ڕق و ناڕەزایی نەبوو، من وام دەزانی، ئەو وتی، ئەڵمانەکان زۆر پشتیوانیی کۆریای باکوریان کردووە بۆ گەشەی ئابووریی وڵاتەکەیان، ئیمڕۆش بەبەردەوامی کۆمەکی چاندنمان دەکەن. لەگەڵ قسەکانیدا بەرپرسە پێوەندیکارەکە وتی:

ئەڵمان لەو کەسانەن دەکرێ پشتیان پێوە ببەستین، بەڵام کەرتی پیشەسازییەکەمان کە پەرتەوازە و شڕ بووە، پێویستی زۆری بەکۆمەکی ئەڵمانەکان هەیە.

کە من وتم، ئەو داوایەی ئێوە چەندی گونجاوە، کەی دەتوانن پشت بەخۆتان ببەستن، هەستم کرد بزەیەکی بەرین لە ڕووی کابرا بەدەرکەوت، بۆیەش بەپەلە وتی:




دەزانی کاتی ئەوە هات بگەڕێینەوە!

کە گەڕاینەوە بیونگ یانگ دنیا تاریک داهاتبوو، تەنیا چەند تیرێژە ڕووناکییەک دژی بەتاریکییەکە دابوو. کەس جورئەتی ئەوەی نەکرد، بە یەک وشە باس لەو کۆنگرەیە بکات کە لەو ڕۆژەدا بەسترابوو، کەس ناوی پێشەوا ئەزیزەکەی نەهێنا، کە زوو یەکێکی لە دوای خۆی دەسنیشان کردووە. پیاوەکەی تەنیشتم لەناو پاسەکە وتی، ئەو چرا و ڕووناکییانە پێوەندیی بەوە نییە کێ میراتگری کیم یونیگ ئێل دەبێت، ئەوەیان یادی دامەزراندنی حزبی شیوعییە، چونکە لە ڕۆژی ١٠ی مانگی ئوکتۆبەر یادی شەست و پێنج ساڵەی دامەزراندنی کراوەتەوە.

بە ڕێگەیەکی ڕاستەڕێ و چۆڵ لە ئۆتۆمۆبێل سەفەرێکمان کرد، بەرەو باکوری کێڵگەکە دەڕۆیشتین، ڕاستە ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەی قەرەباڵغ بە هاتوچۆی زۆرەوە خۆش نییە، بەڵام ڕێگەی چۆڵیش دڵت توند دەکات و ئەزموونێکی خۆش نییە. زووتر کۆماری کۆریای میللی کۆششی دەکرد نەتەوەیەکی نوێی هاوچەرخی ئەکتیف ساز کات، کە جووڵە و چالاکی لە نێوان خەڵک و کاڵاکان بوونی هەبێت. بەڵام کە یەکەتیی سۆڤیەت نامێنێ و چینی هاوسێشیان پێڕەوی بازاڕی ئیشتیراکی دەکات، کۆریای باکور هەموو سەرچاوەکانی پشتیوانی لە دەست دەدات. گایدەکەمان وتی:

لەو وڵاتە خەڵکێکی زۆر کەم ئۆتۆمۆبێلیان هەیە، چونکە وڵاتەکە سووتەمەنیی زۆر کەمە.

لەبەر کەمیی سووتەمەنییە کەوا لەو وڵاتە بۆ گەیاندن تاکە سەرچاوە کە بوونی هەبوو، پاسەکان

بوو، بۆیە تەنیا پاس بۆ گەیاندن لە شەقام و ڕێگەکان بەدی دەکرا، ئەوانیش ژمارەیان کەم بوو. کە دەچووینە کێڵگەکە لە ڕێگەدا تووشی پاسێکی دوو نهۆم بووین، بینیم خەڵکێکی زۆر لەو پاسە کۆبووبوونەوە و قسەیان دەکرد. لە کێڵگەی (تایبییونگ)دا مەڵبەندێکی چاودێریی منداڵان هەبوو، کە دووسەد کیلۆمەتر لە پایەتەختەکە دوور بوو. ئەو مەڵبەندە بە کۆمەک و یارمەتیی وڵاتی نەمسا دروست کرابوو، بە دارستانی ئارام دەوری درابوو. منداڵەکان لە ماڵەوە دوور دەکەونەوە و دێنە ئەو مەڵبەندە و کاتێکی زۆریش لەوێ دەمێننەوە، لەوێش خواردنیان بۆ دابین کرابوو. لەگەڵ ئەو خواردنەش منداڵەکان لە کۆبوونەوەکە سروودی پێشوازییان بۆ گوتین، هەموویان لاواز و سیس بوون. لە دەروازەی مەڵبەندەکە چالاکیی منداڵەکانیان لەناو ئەستێرە سوورەکان هەڵواسیبوو.

## مەرجەکانی یەکگرتنەوە

لە کۆتاییی گەشتەکەمان، بە ئۆتۆمۆبێل بەرەو ڕێگە سەرەکییەکەی سنوور بەڕێ کەوتین. لەبن پەیکەری یەکەتی پەڕینەوە و شارەکەمان لە دواوەی خۆمان جێ هێشت. پەیکەرەکە بریتییە لە شێوەی دوو ژنی گەورە کە بەیەکەوە نەخشەی کۆریایان لەسەر دەستە درێژکراوەکەیان دانابوو. شەوی ڕابردوو سەرسام بووم کە گوێم لێ بوو کەوا ڕووناکبیرێکی کۆریایی کە لە شاری لایبزکی ئەڵمانیا خوێندنی تەواو کردبوو، دەیوت سەرۆکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (ئیریک هۆنیکر) دەوڵەتەکەی ڕووخاند و یەکەتیی ئەڵمانیای لێ پەیدابوو. زۆربەی هاووڵاتییانی کۆریای باکور لەگەڵ یەکگرتنەوەی هەردوو پارچەکەن، بەڵام بەمەرجەکانی خۆیان. پێش ئەوەی بگەینە گوندی بانمونجومی سەرسنوورەکە، لافیتەیەک نووسرابوو، سیوولی پایەتەختی کۆریای باشوور حەفتا کیلۆمەتر دوورە. ناوچەکە چۆڵەوانی بوو، تەنیا چەند کێڵگەیەکی مەرەزە دیاربوو. ئەو بینایەی هەردوو کۆریا ڕێککەوتننامەکەی ئاگربەسیان تێدا ئیمزا کردبوو، بووبووە مۆزە. لە بەردەرگەی مۆزەکە کە ڕاوەستاین، کیژێک لە منی پرسی خەڵکی کێندەریت، لە کوێوە هاتوون. دیارە کەوا کیژەکە چینی بوو، لەگەڵ ماڵەوەیان لە شارۆکەی داندونگی سەرسنوورەوە هاتبوون، باوکی بزنسمان بوو، لەگەڵ شەریکەکانی بەسەردان دەچوونە کۆریای باکور. کەواتە پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لە نێوان کۆریای باکور و چین هەر ماوە. کە لە کیژە گەنجە چینییەکەم پرسی، ڕاتان لەسەر کۆریای باکور چییە، ئەو لە وەڵامدا وتی:

ئەو وڵاتە زۆر ئارامە.

پاشان کیژەکە وتی:

هەردوو کۆریاکە وەک چینییەکان سروشتەکەیان وەک چین خاپوور ناکەن.

دوایی لەگەڵ بەرپرسێک چووینە دیار پەیکەرەکە. بەیەکەوە بۆ دانوستاندن قسەمان کرد، داوای لە کیژە چینییەکە کرد با ببێتە نوێنەری کۆریای باکور، منیشیان کردە نوێنەری ئەمەریکاییەکان، بەو شێوەیە دانوستاندنەکەمان بەڕێوە برد.

پاشان پیاوە بەرپرسەکە ئێمەی گەیاندە سەرسنوورەکە، لەوێیەوە سەربانەکانمان لێوە دیاربوو، لافیتەیەکی کۆریای باشوورمان دیت، لەوێ کۆبوونەوەکانی سەربازیی نێوان ئەو دوو وڵاتە کرابوو، کە ماوەی دوو ساڵ بوو دانوستاندنەکان راگیرابووە. گایدەکەمان گەڕایەوە، ئەو یەکەم جار بوو ئەو دەڤەرەی دیبوو، بەئەدەبەوە وێنەی دەگرت، بەیەکەوە لەگەڵ بەرپرسەکە وێنەیان دەگرت. بۆ بەیانی شارەکە بیونگ یانگ بە تەم داپۆشرا، نازانم من ئەوەی بینیم رووداوێکی گەرم و سازکار بوو، یان من بەشداریی شانۆگەرییەکم کردبوو. وا دەزانم هەردووکیان بوو. کۆریای باکور وڵاتێکی ئارامە. ئەوانە بەدەگمەن لەگەڵ خەڵکی تر قسەیان کردووە، کۆنتاکتیان بەجیهانی دەرەوە نییە. کە سیاسییەکانیان هیچیان بۆ ئەوان پێ ناکرێ، رەنگە کۆمەکە بنیاتنەرەکان بتوانن دیالۆگیان لەگەڵ دەرەوە بۆ ساز بکەن. گایدەکەم شەرمی شکا و بەیەکەوە زۆرمان قسە کرد و ئازادانە دڵی بۆ کردمەوە، لەگەڵ قسەکان ئەو پرسیارە دووبارە دەبووەوە، ئاخۆ رۆژێک لە رۆژان من دەگەڕێمەوە کۆریای باکور؟ ماڵئاواییم لە گایدەکە و لە یازدە ژنەکە کرد، ئەو ژنەی بەڕێوەبەری ئاژانسی کۆمەکی ئەڵمانیایی بوو، لە دوا خاڵی سنوورەکە جیا بوونەوە، لە دوورەوە و لە پشت دیوارە شووشەییەکە دەستیان دەهەژاند و منیش لە کۆڵانەکەی دەروازەکە ون بووم.

نووسەری ئەو وتارە مایکل شیندهلم تەمەن پەنجا ساڵییەکە، نووسەر و ڕاوێژکاری رۆشنبیرییە، جاران بەڕێوەبەری دەزگای ئۆپرای بەرلین بووە، هەتا ساڵی ٢٠٠٩ دەبێتە بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی دەزگای دوبی بۆ کولتوور و هونەرەکان.

ئەو وتارە لە کۆواری دیر شپیگل بڵاو کراوەتەوە و لە رۆژنامەی ئەلجەریدەی کوێتی لە رۆژی ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠ کراوە بەعەرەبی.



## بابەتی دووەم

### کێ پۆستەکەی کیم یونگ ئێل لە کۆریای باکور دەگرێتەوە...؟

لەو دەمانەی برسیەتی کۆمەڵگەی کۆریای باکوری هەراسان کردبوو، لە مانگی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٨ کورە کۆرياییيەکی رواڵ بە ناوێکی خوازراو بەپێڵاوێکی زۆر گران و ئارەزووی یاریی باسکێتبۆلی ئەمەریکییەوە رەوانەی خوێندنگەیەکی حکوومەتیی سویسرایی دەکرێت. نیکۆلا کۆفاسیڤیک ئەو برادەرە کۆرياييیەکەی هەر لە بیرە کە پێڵاوێکی زۆر گرانبەهای لە پێ دابوو، ئەو دەڵێت هەمووومان خەونمان بەو پێڵاوە جوانەی ئەوەوە دەبینی، کە نرخەکەی لە بازاڕ دەگەیشتە دووسەد دۆلار. ئەو پارەیەش دەکاتە مووچەی چەند مانگی کۆرییەکانی کۆماری میللیی کۆریایی. تا باش لە جیهانە شاراوەکەی کۆریای باکور و دوارۆژی کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئەو وڵاتە تێ بگەین، با بگەڕێینەوە بیرەوەرییەکانی سویسرای ئەو کوڕەی لە ساڵانی ١٩٩٨ تا کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٠ لە ئەدرێسی ژمارە ١٠ کیرتشستراس لە گەڕەکێکی ئارام دەژیا، ئەو دەمانە ئەو تەمەنی ١٧ ساڵ بوو کە لەو شارە دیار نامێنێ و دەگەڕێتەوە شاری بیونگ یانگ، هەموو ئاماژەکانیش نیشانەی ئەوەیە ئەو کوڕە سەرۆکی داهاتووی کۆریای باکورە.

مامۆستاکانی ئەو خوێندنگە حکومەتییە زمان ئەڵمانییە، لەوانە بەڕێوەبەری فێربوون لە ئیدارەی خۆیەتی (یولی ستودر) دەبێژن کەوا ئەو کوڕە بەناوی کوڕی فەرمانبەرێکی سەفارەتی کۆریایی ناونووس کرابوو، لەو ماوەیەدا ئەو خوێندکارە هەرگیز کەسی ماڵەوەیان بەشداریی ئاهەنگەکانی نەدەکرد، بەبیانووی ئەوەی زمانی ئەڵمانییان باش نییە، بەڵام راستییەکەش ئەوە بووە کەوا باوکی ئەو کوڕە لە دووریی هەشت هەزار کیلۆمەتر دوور لە کۆریا ژیاوە. دایکی خوێندکارێکی سویسرایی دەڵێت، رۆژێکیان کوڕەکەم وتبووی کەوا کوڕێکیان لەگەڵدایە دەڵێت من کوڕی سەرۆکی کۆریای باکورم، منیش وتم رەنگە قسەکە تەنیا باسکردن و خۆدەرهێنانی گەنجانە بێت، بەڵام کە لە تەلەڤزیۆن وێنەکەی ئەوم بینی بەبیرم هاتەوە، قسەکەی ئەو دەمانەی کوڕەکەم راست بوو، ئەوەش قسەی هاوپۆلێکی ئەو بووە کە ئێستا لە رێستورانتێک لە ڤیەننا کار دەکات، بەڵام ئەو دەڵێ، برادەرە کۆرياييیەکەمان هەرگیز وەڵامی نامە ئەلیکترۆنییەکانمان ناداتەوە.

سەرکردەی سبەینێی کۆریای باکور ئەگەر ماوەیەک خوێندنی لە سویسرا کردبێت، بۆ دوارۆژ چ لەو ئەزموونەی ئەو وڵاتە دیموکراسییە فێر بووە، کە تێیدا سەرۆکایەتی دەگۆڕێت! بەڕێوەبەری خۆیەتیی خوێندنی قوتابخانەکە وتوویەتی کەوا سیستەم و بەرنامەی خوێندن لەو دوو وڵاتە زۆر جیاوازە، کە تێیدا خوێندکاران لەو وڵاتە ئازادانە دەخوێنن، بەڵام ئەو لەلای خۆیاندا فێر کراون سڵاو بۆ ئاڵاکەیان بکەن، بەڵام ئەو وادەزانێت فێرکردن مەسەلەیەکی کولتوورییە، رەنگە ئەو لەلای ئێمە کەمێک گۆڕابێت، چونکە ئەوان لە ساڵی ١٢٩١ەوە هەفتانە سێ دەرسی مێژووی سویسرا وەردەگرن. کارمەندەکانی سەفارەتی کۆریایی ئامادە نەبوون لەسەر خوێندنی کوڕی سەرۆک لە

سویسرا هیچ لێدوانێک بدەن.

لە ساڵی ١٩٤٥ کۆماری کۆریای باکوور دامەزراوە، دەسەڵاتەکە لە باوکەوە گوازراوەتەوە بۆ ژێردەستی کوڕەکەی، ئەوەش کولتوورێکی ئاوێتەیە لە نموونەیەکی تایبەتی شیوعییەت و توندڕۆی بنەماڵەیی کۆنفۆشیوسی، دامەزرێنەری یەکەمی کۆمارەکە کیم ئیل سونگ بەنازناوی سەرکردە مەزنەکە، کە تیرەکەیان بۆ سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٩٤ مردووە، پۆستەکەی دراوە بەکوڕەکەی، دیارە کەوا سەرۆکی ئێمڕۆ تەمەنی ٦٧ ساڵە و ئامادەیە پۆستەکەی بداتە دەست نەوەی سێیەمی بنەماڵەکەیان، بەقسەی ئێستگەیەکی تەلەڤزیۆنی کۆریای باشوور کەوا کیم یونگ ئێل کانسەری بەنکریاسی هەیە، بەڵام ئەو هیچ وردەکاریی نەداوە. لەو ماوەیەدا یونگ یانگ کۆشش دەکات بانگەشەی ئەوە بکات کوڕەکەی بەگەورەیی نیشان بدات، چونکە شیمانەی ئەوە هەیە پۆستەکەی وەرگرێت.



لەودەمانەی کیم یونگ ئۆین لە سویسرا گەڕاوەتەوە کەم دەردەکەوێت، دەڵێن ئەو لە زانکۆی کیم ئیلی سەربازی لە بیونگ یانگ راهێنان دەکات بۆ پلەی ئەفسەری. ئەمەریکاییەکان دەڵێن ئەو کوڕە گەنجە تەمەن بیست و شەش ساڵە خەریکی پێگەیاندنی خۆیەتی و ستراتیجیەتی ناوەکی نییە.

ئەو خوێندکارەی لە سویسرا ناوی باک ئۆن بووە، ئەگەر راست بێت کوڕەکەی سەرۆکی کۆریای باکور بێت، کە ناوی کیم یونگ ئۆینە، هاوڕێ و مامۆستاکانی دەڵێن ئەو پاش پشوودانی هاوینەی ساڵی ١٩٩٨ هاتووتە ئەو خوێندنگەیە، ئەگەرچی ئەو دەمانە رەوشی ئەو وڵاتە زۆر شپرزە بووە و خەریکی بەرنامە ناوەکییەکەی بووە. ئەو یەکسەر و بەزیرەکی قۆناخی ئەزموونی زمان بۆ خوێندکارە بێگانەکان دەبڕێت و دەچێتە پۆلە ئاساییەکانی ئەو خوێندنە ئەڵمانییە، مامۆستاکەی

وتبووی ئەو کوڕێکی زیرەک و چالاک و کارامە بوو، برادەرەکانی دەبێژن ئەو ئەڵمانییەکەی زۆر ڕەوان بووە، بەڵام زاراوە سویسرایییەکەی باش نەبوو، زمانی ئینگلیزیشی زانیوە.

مامۆستاکانی دەڵێن ئەو کەسێکی زیندوو بوو، هەموو هەنگاوەکانی بە لێهاتوویی دەبڕی، یاریزان بوو، لە کاتی یاریی باسکتبۆڵدا کۆششی دەکرد گێمەکان دووبارە بکاتەوە تا چاک شارەزا دەبێت. مارکو ئامهوف یەکێک بوو لەو کەسانەی یارییان بەیەکەوە کردووە، دەبێژێت:

ئەو کوڕە گەنجە کۆرییاییە، کەسێکی بەهێز بوو، بەلەز بوو، جوان گۆڵی دەکرد و سووڕانەوەکانی جوان بوو، زۆر ڕقی لە دۆڕان دەبووەوە، ئەو بردنەوەی زۆر مەبەست بوو، ئەو کوڕە حەزی لەو فیلمانە دەکرد کە هونەرەکانی شەڕیان تێدایە، لەوانە فیلمەکانی جاک شان.

ئەو لە پێش هاوڕێیەکانیدا لە سویسرا باسی پۆلیتکی نەکردووە، هەرگیز بە نەیار ناوی ئەمەریکاییەکانی نەهێناوە، بەپێچەوانە شەیدای یاریزانەکانی باسکتبۆڵی ئەمەریکاییش بووە، بەردەوام بە قەڵەمی ڕەش وێنەی ئەستێرەی یاریی یانەی شیکاگۆ (مایکل جوردن)ی دەکرد. دەڵێن ژوورەکەی تەژی بووە لە وێنەی یاریزانە ئەمەریکاییەکان، شانازیشی بەوە دەهات کەوا وێنەیەکی لەگەڵ یاریزانی یانەی شیکاگۆ (تۆنی کوکوک) و یاریزانی یانەی لۆس ئەنجلس (لایکرز کوبی براینت) هەبووە، هەردوو وێنەکەش لە یەک بۆنەدا گیراون، دیارە ئەوان بە ئۆتۆمۆبێلێکی سەفارەتی کۆریایی کوڕەکەیان بردووەتە پاریس تا سەیری ئەو نواندنە ئەمەریکاییە بکات.

ئەو ماوەیە کۆمەڵە کەسێک خزمەتی ئەو کوڕەیان کردووە، لەوان بەردەستی و پاسەوانی و سەرپەرشتییان کردووە، ئەو ژن لە کاتی ڕاهێنانەکانیدا چاودێرییان کردووە و بە ڤیدیۆش وێنەیان گرتووە. ئەوەی زانراوە کەوا سەفیرە کۆنەکەی سویسرا خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی کردووە، کە ماوەی ٢١ ساڵ لە بیرن لەو پۆستەدا بووە و ئەو شادەماری پێوەندییەکانی بیونگ یانگی نهێنی بووە لە کاروبارەکانی بانک و کارە فریاگوزارییەکانی ناو ئەوروپا. هاوڕێیەکانی زۆریان لا سەیرە کەوا ئەو هاوڕێیەیان بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی جێ هێشتبێت، وەک ئەدرێس و یان وەڵامێک بەنهێنی ڕۆیشت و دیار نەما. یەکێک لە هاوڕێیەکانی وتیان وامان زانی نەخۆش کەوتووە و کە چاک بێتەوە دووبارە دێتەوە، بۆیەش ئەو هاوڕێیەی دەڵێت سەیرە ئێمە بەیەکەوە یاریمان کردووە و ئێستاش بزر دەبێت و ڕۆژێک وەک کەسێکی دیکتاتۆر دەردەکەوێت، هیوامان وایە سەرکردەیەکی چاکخوازی لێ دەربچێت.

ئەو بابەتە ئەندرۆ هیگنز نووسراوە و لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بڵاو کراوەتەوە و لە ڕۆژنامەی ئەلجەریدەی کوێتی لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٣ کراوە بەعەرەبی.

# چەند پەیڤێک لەبارەی
# ڕەفیق حەریری-یەوە

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

هیچ سەرکردەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین هێندەی ڕەفیق حەریری باس نەکراوە و نێوبانگی نەبووە. لە کاتێکدا کە لبنان بچووکترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و عەرەبستانە، کەچی لە ڕووی فەرهەنگییەوە گەورەترین ڕۆڵی بۆ سەر ناوچەکە هەبووە. بەهەمان شێوەش ڕەفیق حەریری کە سەرۆکی ئەم وڵاتە بچکۆلانەیە بووە، کەچی نێوبانگی زۆر لە سەرکردەی دەوڵەتە گەورەکانی ناوچەکە زیاتر بوو. ڕەفیق حەریری چ کاتێک لە ژیاندا بوو، چ کاتێکیش تیرۆر کرا، بووبوە وێردی سەر زمانی هەموو ڕۆژنامە و تیڤی و رادیۆکانی دنیا. تەنانەت کاتێکیش تیرۆر کرا لە زۆربەی مەیەدانە نێودەوڵەتییەکاندا کۆڕی ماتەمەینی و دەقیقەی ڕاوەستانی بۆ کرا. هەر بۆیە ئەم هەموو گرینگی پێدانە بێ سنوورە، وای لە منیش کرد کە لەبارەی ئەم کابرایە دەست بکەم بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک زانیاری.

## سەرەتای ژیانی

ڕەفیق حەریری لە ١ی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩٤٤ لە شاری صەیدا لە باشووری لبنان لەدایک بووە[١] باوکی وەرزێرێکی ئاسایی بووە و باوک و دایکی کەسانی سوننە مەزهەب و ئاینپەروەر بوون. هەر لە شاری سەیدا خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیی تەواو کردووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (فەیسەڵی یەکەم) تەواو کردووە. ئەم قوتابخانەیە لەلایەن ڕێکخراوی (المقاصد الخيرية الاسلامية[٢]) دانراوە. بوونی ئەمەش سەرەتایەکی باشی خستە ناو دڵ و دەروونی حەرییریەوە و فێری کاری یارمەتیدان و ڕێکخراوی خێرخوازیی کرد، کە پاشتر خۆی گەورەترین ڕێکخراوی خێرخوازیی لە لبنان دامەزراند و ئامانجی سەرەکیشی یارمەتیدانی خەڵکی هەژار بوو بەتایبەت خوێندکاران. پاشتر بە درێژی باسی ئەم لایەنەی حەریری دەکەم. پاشان بۆ خوێندنی



بالا دەچێتــە زانکۆی بەیرووتی عــەرەبی، لەوێ لە کـۆلێـجی بازرگــانی بەشـی (چاودێری) دەخـوێنێ. پاشان بەهۆی خراپی باری داراییەوە خوێندن تەواو ناکات و واز لە زانکۆ دەهێنێ. وەکـو ژمـێریارێک لە یەکێک لە کۆمپانیاکانی بەیرووت کار دەکات. ئەم حـاڵەتەش وا لە رەفـیق حـەریری دەکات، پاشـتر کـە دەوڵەمــەند دەبێ، یارمــەتی خـوێندکارانی هەژاران بدات.

## چوون بۆ عەرەبستانی سعوودی

دیارە ڕەفیق حەریری لە ژیانیدا هەژاری و ناخۆشیی زۆری دیوە. کـاتێک گـەیشـتـە قـۆناخی گـەنجی لە کێڵگەکانی سـەیدا، وەکو کرێکارێک لە کێڵگەکاندا پرتەقاڵ و سێوی کۆ دەکردەوە. پاشـان کە گـەیشـتــە بەیرووت، لەوێش وەکـو ژمـێـریارێک کــاری دەکـرد. لێ هـەژاری بەرۆکی بەر نەدا، تا بەرێکەوت لە سـاڵی ١٩٦٩ لە یەکێک لە رۆژنامـەکانی بەیرووتدا، ریکلامـێک دەبینێت، کە تێـیدا کارێکی لە عـەرەبستـانی سـعوودیەی تێدایە. ئەو یەکسـەر پێوەندی دەکات و دەچێ بۆ سـعوودیە. لەوێ وەکو مامـۆسـتـایەکی قۆناخی سـەرەتایی لە قوتابخـانەی (لیسیة جدة) وانەی بیـرکاری دەڵێتـەوە(٣). چوونی بۆ سـعوودیە دەرگـەیەکی نوێی بە ڕووی ژیانیدا کردەوە و قۆناخێکی نوێ لە ژیانی دەست پێ دەکات. ئەم وڵاتە دەبێتە کیشوەرێکی نوێ و دەروازەیەکی پرشنگدار بۆ ژیانی.

## سەرەتای ژیانی بازرگانی

یەکـەمین هەنگاوی بـازرگـانیی دەگـەڕێتـەوە بۆ سـاڵی ١٩٧٠ ئەو کـاتە بڕیاری دا واز لە بواری خوێندن و مامـۆسـتایی بهێنێ و بچێتە ناو دنیای پارەوپوولەوە. بۆ یەکەم جار کۆمپـانیـایەکی بەڵێندەرێتی دروست کـرد، کـە لە بواری بیناسـازی و بازرگـانیی گـشـتی کـاری دەکـرد. ئەم کۆمپانیایە کە سەرەتا کۆمپانیایەکی بچووک بوو ناوی لێ نابوو (سیکونیست). پاشان کۆمەڵێک بینای حکومی قوتابخانە و باخچەی لە سعوودیە دروست کرد.

لێ حـەریری لە کـۆتاییی حـەفتـاکاندا گـەیشـتە لووتکە کاتێک کـۆمپـانیـای ئۆجی بیناسـازی فرەنسیی کڕی. هەرچەندە ئەمـەش موجازەفەیەک بوو کردی، چونکە ئەم کۆمپانیایە زۆر ناوبانگی نەبوو. بەڵام ئەم لەگەڵ کۆمپانیاکەی خۆی تێکەڵی کرد و ناوی (ئۆجی سـعوودی) لێ نا(٤). پاشتر ئەم کۆمپانیایە بوو بە یەکێک لە گەورە کۆمپانیاکانی گێتیی عەرەبی و جگە لە سعوودیە لە چەند وڵاتێکی تری عـەرەبیشـدا چالاکیی بـازرگانیی کرد. پاشـتر حـەریری پەلی کارە بازرگـانییـەکانی

فراوانتر کرد و له بوارەکانی تری وەکو (تەئمین و بانک و راگەیاندن و بازرگانیی گشتی). بەم شێوەیەش له سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، رەفیق حەریری بوو بەیەکێک له ملیاردلێرە گەورەکانی جیهانی عەرەبی و ناوبانگێکی نێودەوڵەتیشی بۆ خۆی پەیدا کرد. له وڵاتانی فرنسا و ئەمەریکاش سەرمایەگوزاریی خۆی کرد.

له بواری ڕاگەیاندنیشدا تەلەڤزیۆنی (المستقبل)ی دامەزراند و هەروەها ساڵی ١٩٨١ رادیۆیەکی له پاریسی بەناوی (الشرق) دامەزراند. پاشتر گۆوار و رۆژنامەی (المستقبل)ی دامەزراند و گۆواری (صوت العروبة) کڕی و پاشتریش بەشێکی زۆری پشکەکانی (دارالنهار)ی کڕی. لێ پاشان فرۆشتیەوە.

## کارەکانی له بواری بیناسازیدا

له سعوودیه کۆمەڵێک بینای گەورەی دروست کرد. لێ سەرەتای ناوبانگی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٧ کاتێک هۆتێلی (طائیف)ی له ماوەی نۆ مانگدا دروست کرد. ئەم هۆتێله کە پلەی پێنج ئەستێرەی هەیە، بوو بە ناوبانگێکی باش بۆ خۆی و کۆمپانیاکەی. پاشان کۆمەڵێک پرۆژەی گەورەی تری ئەنجام دا لەوانە (هۆتێلی ئینتەرکۆنتینتاڵ له مەکە. سەنتەری شروق له شاری (ظهران)، کۆمەڵگەی مەلیک فەهد بۆ چاپکردنی کتێبی پیرۆز، و پرۆژەی (الفا) کە برێتی بوو له کۆمەڵێک باڵەخانەی حکومی کە پێک هاتووە له (بینایەی مجلس شورا، دیوانی ملکی، کۆمەڵێک بینای حکومیی تر)ە.

## پێوەندییەکانی لەگەڵ بنەماڵەی ئال سعوود

له ناوەڕاستی حەفتاکاندا توانی تۆڕێکی پێوەندی لەگەڵ بنەماڵەی فەرمانڕەوای سعوودی ببەستێت. دیارە هەر له ڕێگەی ئەم پێوەندییەشەوە کۆمەڵێک دەستکەوتی سیاسی و ئابووریی گەورەی بەدەست هێنا. رەفیق حەریری هەر له ڕێگەی ئەم پێوەندییەشەوە توانی ساڵی ١٩٧٨ ببێتە خاوەنی ناسنامەی سعوودی. دیارە ئەمەش بە فەرمانێکی مەلیکی بوو. پاشان له ساڵانی هەشتادا بوو بە نوێنەری مەلیک فەهد له لبنان. دیارە ئەم پێوەندییەی کە لەگەڵ بنەماڵەی ئال سعوود هەیبوو، بوو بە جێگەی رەخنەی زۆربەی سیاسی و چاودێران له سعوودیه و لبنان. هەروەها نەیارانی ئەم خاڵەیان له دژی بەکار دەهێنا. هەرچەندە ئەو توانی له ڕێگەی ئەم پێوەندییەوە سوود بە وڵاتەکەی بگەیەنێ. چونکە یەکێک له باشترین کارەکانی عەرەبستانی سعوودی، سازدانی کۆنگرەی ئاشتی (طائیف) بوو. له ڕێگەی ئەم کۆنگرەیەوە، ئاشتی و ئارامی بۆ لبنان گەڕایەوە. هەرچەندە عەرەبستانی سعوودی له مێژوویدا هیچ کارێکی باشی ئەنجام نەداوە، بگرە بووەتە سەرئێشەیەکی گەورە بۆ وڵاتانی ئیسلامی، ئەویش له ڕێگەی هاندان و پشتگیریکردنی (ئیسلامی سەلەفی و وەهابییەت). لێ سعوودیه له وڵاتی لبنان جوانترین دیمەنی

خۆی پێشان داوە. لە ساڵانی هەشتاوە سعوودیە یارمەتییەکی زۆری مادی و سیاسیی لبنانی داوە. بە بڕوای من رەفیق حەریری رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەم سیاسەتەی سعودیە. ئەم پیاوە توانی سعوودیە ڕابکێشێتە ناو لبنان و گەورەترین سوود بە لبنان بگەیەنێت. دیارە وڵاتی لبنان ماوەیەکی زۆربوو، بووبووە جێگەی ململانێی نێوان هێزە گەورەکانی جیهان (سۆڤیەت و ئەمەریکا). پاشانیش بووبووە مەیدانی شەڕی نێوان (ئیسرائیل و عەرەب، گرووپە فەڵەستینەکان و لبنانییەکان) لە هەمان کاتیشدا جێگەی ململانێی دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بوو، وەکو (عێرا ق، سووریا، میسر، ئوردن). بوونی کۆمەڵێک تایەفە و ئاینی جیاواز، وای کردووە هەموو کاتێک ئەم وڵاتە لاواز بێت و هەلی دەستێوەردان بداتە دەست وڵاتانی بێگانە. لە هەموشیان خراپتر دەوڵەتی فاشیستی سووریایە. ئەم وڵاتە هەتاوەکو ئێستاش رۆڵێکی ئێجگار ماڵوێرانی و تێکدەرانەی لە لبنان هەیە.

## سەرەتای تێکەڵبوونی لەگەڵ سیاسەت

سەرەتای تێکەڵبوونی لەگەڵ دنیای سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان. ئەو کاتەی کە بوو بە نوێنەری مەلیک فەهدی سعوودی. توانی تێکەڵی پارتە سیاسییەکانی لبنان ببێت و لە نێزیکەوە ئاستی بیری سیاسی و تێفکرینیان بزانێت. هەر لە ڕێگەی پێوەندیی شەخسییەوە توانی کۆمەڵێک سەرکەوتنی گەورە لە بواری سیاسیشدا بەدەست بهێنێت. بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی چالاک بەشداریی کۆنگرەی جنێفی کرد، کە تایبەت بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شەڕی ناوخۆی لبنان. پاشان رۆڵێکی سەرەکیی بینی بۆ هاندان و ئاشتبوونەوەی گشتی و نەمانی شەڕ. گەورەترین سەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی تائیف. ئەو توانی لەم کۆنگرەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێت و هەموو لایەنە سیاسییەکان قەناعەت پێ بکا، کە ڕێککەوتنێکی ئاشتییانە مۆر بکەن. ئەوەبوو ڕێککەوتننامەی تائیف مۆر کرا و بەم شێوەیەش ئاشتی و ئارامی گێڕایەوە بۆ لبنان و کۆتاییی بە شەڕی ناوخۆی لبنان هێنا(٦).

## بوون بە سەرۆک وەزیران

پاش ئەوەی ڕێککەوتنامەی تائیف مۆر کرا، ڕێگەی خۆش کرد کە حکوومەتێکی نیشتمانی پێک بهێنرێ. ڕێککەوتننامەی تائیف، بوو بە ئاوێنەیەکی جوان و پاک بۆ ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان بەهێزی و بەتواناییی رەفیق حەریری ببینن. لە پاش ئەم ڕێککەوتنەوە، رەفیق حەریری بوو بە جێگەی ڕێزی هەموو لایەنە سیاسییەکانی لبنان. هەر بۆیە بە هەوڵ و چالاکی خۆی توانی پاش چەندان ساڵ کۆتایی بە حوکمی میلیشیاگەری بهێنێت و یەکەمین حکوومەتی نیشتمانی دروست بکا. لە ساڵی ١٩٩٢ توانی یەکەمین حکوومەتی نیشتمانی لە هەموو لایەنە سیاسی و تائیفییەکانی لبنان پێک بهێنێ(٧).

کـاتێک حـەریری بوو بـە سـەرۆک وەزیران، هەمـوو لبنان وێران کـرابوو. هەمـوو بـوارەکـانی (پیشەشازی، ڕێگەوبان، بیناسازی، فرۆکەخانە، کشتوکاڵ، گەشتیاری) هەمووی پەکیان کەوتبوو.

## کارەکانی لە حکوومەتی یەکەمدا

لە بواری ئابووری

١- لیرەی لبنانی بەڕێژەی ١٠٪ نرخی بەرز بووەوە.

٢- بە ڕێژەی ١٠٪ باجی داهاتی دانا.

٣- بەشـێکی زۆری سـامـانی خـۆی هێنـایە لبنانـەوە بۆ ئەوەی هانی دەوڵـەمـەندەکـانی تری لبنان بدات، کە سەرمایەگوزاری بکەن.

٤- گەشەی ئابووریی ساڵی ١٩٩٤ گەیشتە ڕێژەی ٨٪

٥- ڕێژەی هەڵاوسان لە ١٣١٪ وە دابەزییە سەر ٢٩٪

٦- توانی سومعەی ئابووری بۆ لبنان بگەڕێنێتەوە و بانکە جیهانییەکان قەرزی پێ بدەن[٨].

لە بواری بیناسازی و ژێرخانی ئابووریدا

١- توانی لـە ڕێگەی کـۆمـپـانیـا تایبـەتییـەکـەی خـۆیەوە جـارێکی تر ناوەندی بازرگـانی بەیرووت دروست بکاتەوە کە بە پرۆژەی سۆلیدێر مەشهوورە.

٢- توانی فرۆکاخانەی بەیرووتی نێودەوڵەتی نۆژەن بکاتەوە و جارێکی تر لبنان پێـوەندییـەکانی لەگەڵ جیهاندا ببەستێتەوە.

٣- لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٨، گەورەترین هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی لەم وڵاتەدا ڕووی داوە[٩].

لە بواری نێودەوڵەتیدا

١- کۆنگرەی واشنتۆن

لە دیسـەمـبـەری ١٩٩٦ بە سـەرپەرشـتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمـەریکا لە واشنتـۆن یەکـەمین کۆنگرەی جیـهانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی لبنان ڕێک خرا[١٠]. لەم کـۆنگرەیەدا کـۆمـەڵێک دەزگـای دراوی و بانکی و ٣٠ دەوڵەتی جـیـهـان بەشـدارییـان تێدا کـرد. ئەمــەش گـروتینێکی باشی بە ئابووریی لبنان دا و هـەلی سـەرمـایەگـوزاریی لە لبنان پێش خـست. هەر لەهەمـان سـاڵیـشـدا ئەمـەریکا ئەو بڕیارەی خۆی هـەڵوەشاندەوە، کە پێشـتر نەیدەهێشت هـاوڵاتییـانی سەفـەری لبنان بکەن.

٢- کۆنگرەی پاریس ١

لە ٢٧ فێبراوەری ٢٠٠١ لە پاریس لە کۆشکی ئەلیزێ بە سەرپەرشتیی سەرۆکی فرەنسی جاک شیراک کۆنگرەی دۆستانی لبنان بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی مفەوەزیيەی ئەوروپایی رۆمانۆ برۆدی و سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی و بانکی ئەوروپا بۆ سەرمایەگوزاری و چەندان بەرپرسی گەورەی ئەوروپایی و جیهان بەشدار بوون. لەم کۆنگرەیەدا بڕیار درا کە بڕی ٥٠٠ ملیۆن یۆرۆ پێشکێشی لبنان بکرێت، بەڵام دەبێت لبنان چاکسازی لە سیستەمی باجدا بکا و سیستەمی بانکی و دراوی باشتر بکا و نرخی دراویش ڕابگرێت. جێگەی ئاماژەیە ئەم کۆبوونەوەیە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە گرنگیێکی زۆری دایە لبنان.

٣- کۆنگرەی پاریسی ٢

لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٢ دا بە سەرپەرشتیی سەرۆکی فرەنسی جاک شیراک، کۆنگرەی پاریسی ٢ بۆ لبنان بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا کە دیسانەوە کۆمەڵێک دەزگا و ڕێکخراو و بانکی ئەوروپایی و جیهانیی تێیدا بەشداربوون. ئەم کۆنگرەیەیان لە کۆنگرەی پێشوو باشتربوو. کۆمەڵێک دەستکەوتی گرینگی بۆ لبنان و داهاتووی ئەم وڵاتە هەبوو. دەتوانم بڵێم لبنان لە ڕووی ئابوورییەوە هەنگاوێکی گەورەی بۆ پێشەوە نا. لەم کۆنگرەیەدا داوا لە لبنان کرا کە ریفۆرم لە دەزگاکانی حکوومەت بکا و بواری سەرمایەگوزاری لە وڵات باشتر بکا. لە هەمووشی گرینگتر بڕی ١٠,١ ملیار دۆلار قەرز درا بە لبنان. ٧ دەوڵەت بڕی ٢,٤ ملیار دۆلار قەرزیان پێ دان و چەند بانکێکی بازرگانیش بڕی ٣,٦ ملیار دۆلار، بانکی نێودەوڵەتیش نەخشەیەکی پێشکێش کرد، کە بڕی ٤,١ ملیار دۆلار قەرزی دا بە لبنان(١١).

٤- ڕێککەوتننامەی ئاشتی ١٩٩٦

پاش ئەوەی هێرشی (حزب الله) بۆ سەر ئیسرائیل گەشەی سەند، لە بەرامبەردا ئیسرائیلیش زۆر نامرۆڤانە پەلاماری لبنانی دەدا. لەم شەڕەشدا خەڵکی سیڤیلی لبنانی و ئیسرائیلی زۆر دەکوژران. هەر بۆیە لە ئەپریلی ساڵی ١٩٩٦ ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان (ئیسرائیل و حزبوڵڵا و لبنان و ئەمەریکا و فرەنسا و سووریا) بەسترا، کە ڕێگەی لە بۆمبارانکردنی ناوچەی مەدەنی دەگرت و بەم شێوەیەش توانرا خەڵکی سیڤیلی لبنانی بپارێزێت.

## کارە خێرخوازییەکانی

یەکێک لە خاڵە گەشاوەکانی ڕەفیق حەریری کە زۆر جێگەی ڕێزە، ئەو کارانەیە کە لە بواری کاری خێرخوازیدا کردوونی. ئەم پیاوە نەک لە بواری بازرگانی و پارەوپوول و سیاسەتدا سەرکەوتوو بوو، بگرە لە بواری کاری خێرخوازی و یارمەتیدانی خەڵکی هەژاریشدا سەرکەوتوو بوو. من یەکێک لەو خاڵانەی کە لە ژیانی ڕەفیق حەریریدا بەدڵم بوو، ئەو کارە خێرخوازییانەی بوو. ئەم

پیاوە توانی بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا جۆرە داهێنانێکی نوێ لە بواری کاری خێرخوازیدا بکا. بە دڵنیاییەوە هەموو دەوڵەمەندێک حەز دەکات کە یارمەتیی خەڵکی بدات، لێ گرینگ ئەوەیە تۆ بتوانیت چۆن؟ وە لە چ بوارێکدا خزمەتی خەڵکی هەژار بکەیت؟ سەرەتای کارە خێرخوازییەکانی حەریری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۱۹۷۹ کە ڕێکخراوی (الحریری)ی دامەزراند[١٢]. ئەم ڕێکخراوە کاری هاریکاریکردنی خەڵکی هەژار و لێقەوماو بوو. کاتێک ساڵی ۱۹۸۲ لەشکری ئیسرائیلی هێرشی کردە سەر لبنان، سەدان هەزار کەس ئاوارە و ماڵوێران بوون. لەم ساتەوەختەدا ئەم ڕێکخراوە بەتەنگی ئەو خەڵکە لێقەوماوەوە چوو، رەفیق حەریری ملیۆنان دۆلاری دایە ئەو خەڵکە هەژارە. لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕێکخراوە دەستی کرد بە دروستکردنی چەندان قوتابخانە و نەخۆشخانە و خانوو بۆ خەڵکی هەژار و دەستکورت.

لێ جوانترین و باشترین کاری لە بواری خێرخوازیدا یارمەتیدانی خوێندکارانی هەژارە بۆ ئەوەی بخوێنن. رەفیق حەریری زیاتر لە ٣٦ هەزار خوێندکاری لەسەر حسابی شەخسی خۆی ناردە دەرەوە بۆ ئەوەی لە زانکۆکانی فەرەنسا و ئەوروپا و ئەمەریکا بخوێنن. ئەم پرۆژەیە گرینگترین پرۆژە بوو کە ئەم پیاوە کردی. هەر لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە زیاتر لە ۷۰۰ بڕوانامەی دوکتۆرا و هەزاران ئەندازیاران و پزیشک و مامۆستا و تەکنیکی گەورە لەدایک بوون[١٣]. حەریری لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە گەورەترین خزمەتی پێشکێش بە وڵاتەکەی و گەلەکەی کرد. ئەو توانی نەوەیەکی نوێ پێ بگەیەنێت، توانی هەزاران گەنج بە زانستی نوێ و ژیانی زانکۆی مۆدێرن ئاشنا بکا. لە هەمان کاتیشدا توانی لەشکرێکی باش و بەتوانای ئەکادیمی بۆ وڵاتەکەی دروست بکا. ئەم پرۆژەیە توانی لە ڕێگەی ئەو خوێندکارانەوە، لبنان بە زانست و تەکنیکی نوێ ئاشنا بکا. هەر ئەم خوێندکارانە توانییان بگەڕێنەوە و خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن. هەر لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیەوە کۆمەڵێک زانا و پسپۆڕ لەدایک بوون، کە نەک لبنان بگرە هەموو عەرەبستان سوودی لێ وەرگرتن. جوانترین خاڵی ئەم پرۆژەیە ئەوە بوو، بەبێ گوێدانە مەزهەب و تایەفە خوێندکارانی وەردەگرت. ئەمە لە حالەتێکدا لبنان کەوتبووە ناو شەڕێکی خوێناویی تایفەگەری و مەزهەبییەوە. جێگەی ئاماژەیە ئەم پرۆژەیە هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

## تیرۆرکردنی

لە هاوینی ۲۰۰٤ مەیدانی سیاسی لبنانی ئاڵۆزتر بوو. ئا لەم کاتەدا سووریا پاڵەپەستۆی زۆری بۆ حەریری هێنا، کە ڕازیبێت جارێکی تر سەرۆک ئەمیل لەحود، کە پیاوی سووریا بوو، ببێتەوە بە سەرۆک. ئەم بڕیارە لەناوخۆ گەورەترین کێشەی بۆ نایەوە، چونکە حزبەکەی وەلید جونبلات کە باشترین و بەهێزترین دۆستی بوو، لە پەرلەمان بەئاشکرا دژی ئەم بڕیارە وەستایەوە. هەروەها پارتە مەسیحییەکانی تری دژ بە سووریاش وەکو گرووپی (شێخ جومەیل و سەمیر جەعجەع و میشێل عون) دژ بوون. هەرچەندە ئەمڕۆ میشێل عون دۆستی سووریایە و دژی کوتلەی حەریرییە.

لە ڕووی دەرەکیشەوە ئەمەریکا و فەرەنسا دژی ئەم بڕیارە بوون، چونکە هێندەی تر ڕۆڵی

سووریای لە لبنان زیاتر دەکرد. لێ حەریری نەیتوانی هەموو ئەم پاڵەپەستۆیانە قبووڵ بکا، چونکە سووریاش هەر پشتگیریی ئەمیل لەحودی دەکرد، هەر بۆیە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ دەستی لە سەرۆکایەتی حکوومەت کێشایەوە. پاشان سەرۆک ئەمیل لەحود داوای لە عومەر کەرامی کرد، کە حکوومەتی نوێ دروست بکا. ئەم کارەش وەکو ئیعلانی شەڕ وا بوو لە دژی حەریری، چونکە عومەر کەرامی یەکێک بوو لە نەیارە سەرسەختەکانی حەریری. پاشتر حەریری کەوتە بەر لێشاوی ڕقی سوورییەکان و کەوتنە پلاندانان بۆ لەناوبردنی. لە ١٤ فێبراوەری ٢٠٠٥ دا کاتێک لە ناوەڕاستی شاری لبناندا لە گۆڕەپانی (سانت جۆرج) تێپەڕی سەیارەیەک تەقییەوە کە بڕی ١٨٠٠ کیلۆ تی ئێن تی تێدا بوو. بەم شێوەیە کۆتایی بەژیانی حەریری هێنرا.

لێ دیسانەوە حەریری بە مردنیشی هەر خزمەتی لبنانی کرد، چونکە ئەم تیرۆرکردنەی بوو بەهۆی داگیرسانی بڵێسەی شۆڕشی (الرز). ئەم شۆڕشە توانی سەربکەوێ و سوپای داگیرکەری سووریا بەیەکجاری لە لبنان دەر بکات. لە هەمان کاتیشدا توانی سووریا و نۆکەرەکانی لە لبنان ئابڕوو بەرێت و ڕۆڵیان لاواز بکا. لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە سووریا ئیحراج کرا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی جیهان بڕیاری ژمارە ١٥٥٩ دەر بکەن. کە داوا لە سووریا دەکات، بە زووترین کات سوپاکەی لە وڵاتی لبنان بکێشێتەوە. لە هەمان کاتیشدا لیژنەیەک لە پسپۆڕانی نێودەوڵەتی پێک بهێنێت بۆ بەدواداچوون لەبارەی چۆنیەتیی تیرۆرکردنی رەفیق حەریری. جێگەی ئاماژەیە لە بەدواداچوونەکانی ئەم لیژنەیە، کۆمەڵێک بەرپرسی گەورەی سووری و کەسانی سەر بە سووریا لە لبنان، بە پلانی کوشتنی رەفیق حەریری تاوانبار کراون.

## ژیانی خێزانی

رەفیق حەریری دوو جار ژنی هێناوە. یەکەمین ژنی ناوی (نضال بستانی) بوو، کە خەڵکی عێراق بووە. لەم ژنە سێ کوڕی هەبووە (بەهادین، حوسامەدین، سەعدەدین). پاشتر ئەوی تەڵاق دا و ساڵی ١٩٧٦ ژنێکی تری بەناوی (نازك عودة) هێنا. لەم ژنەش سێ منداڵی هەبووە (فهد، ایمن، هند). جێگەی ئاماژەیە، هندی کچی رەفیق حەریری ئێستا یەکێکە لە ژنە دەوڵەمەندەکانی جیهانی عەرەبی(١٤).



## بەرئەنجام

بەگشتی رەفیق حەریری کەسایەتییەکی نێودەوڵەتییە و شایانی ئەوەیە کە ئێمە شارەزاییمان لەبارەی ئەزموونی ئەم پیاوەوە هەبێت، لە هەمان کاتیشدا وڵاتی لبنان ئەوە دەهێنێت کە ئێمە سیاسییەکانیان بناسین. لێ ئەوەی کە بەلای منەوە زۆر گرینگ بوو، سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەم پیاوە لە بواری ئاوەدانکردنەوەی وڵات و کاری خێرخوازی. بەداخەوە ئێمە ئەمرۆ کۆمەڵێک خەڵکی دەوڵەمەندی زۆرمان هەیە، کە بەشێکیان لە رەفیق حەریری زیاتریان نەبێ کەمتریان نییە، کەچی لە بواری خێرخوازیدا هیچ چالاکییەک ئەنجام نادەن. یان ئەنجامیش بدەن هیچ سوودێکی ئاوا گەورەی نییە. من هیوادارم کە دەوڵەمەندانی کورد، سوود لە ئەزموونی حەریری وەربگرن و بەهەمان شێوەی ئەو، خزمەتی وڵاتەکەیان بکەن و یارمەتیی هەژاران بدەن بەتایبەت خوێندکارە هەژارەکان.


سەرچاوەکان:

١- رفیق الحریری. www.albailassan.com

٢- رۆژنامەی الشرق الاوسط. الثلاثاء ٠٧ محرم ١٤٢٦ هـ ١٥ فبرایر ٢٠٠٥ العدد ٩٥٧٦

٣- هەمان سەرچاوە.

٤- رفیق الحریری. www.albailassan.com

٥- رفیق الحریری رجل لن تنساه لبنان. www.moheet.com

٦- هەمان سەرچاوە

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- انجازات رفیق حریری. www.all4truth.com/Biography.aspx

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- هەمان سەرچاوە.

١١- هەمان سەرچاوە.

١٢- رفیق الحریری رجل لن تنساه لبنان. www.moheet.com

١٣- رفیق الحریری. www.albailassan.com

١٤- هەمان سەرچاوە.

# کامیلیا
# راستییەکان بدرکێنە

کامیلیا ئەنتخابیفرد

(٢ــــ٣)

کە داوای کرد بەیەکەوە سەفەرێ بۆ ئەڵمانیا بکەین، من ڕازی بووم، هەستمان بە شەرم و شوورەییش نەکرد، من لەگەڵ پیاوێک سەفەر بکەم، بەیەکەوە بچینە دەرەوە و بەیەکەوە بمێنینەوە و ژن و مێردیش نەبین. با بزانن ئەوجارە تەواو، کوڕەکە بەڕێزە، ناودارە، ئەو ڕۆژە لە هەموو ڕۆژەکانی تری ژیانم ئامادەییم تێدایە شوو بەو کوڕە بکەم، دیارە چاوەڕێ ناکات بێتە ماڵەوەمان تا من هەڵگرێت، بۆ ئەو پرۆسەیەش دایکم زۆر هاندەرم بوو، زۆر پەرۆش بوو من شوو بەو پیاوە ناودارە بکەم، ئەو چاوەڕوان بوو بەهەموو کەس بڵێت، من وا شوو بە عەلی دائی دەکەم، کارەکە تەواو دەبێت.

لە (بیلفین) لە ترێنەکە دابەزیم، لە ئێستگەکە چاوەڕوانم بوو، دەستەکانی بۆ دەشەقاندم، خۆم بۆ باوەشی هەڵدا، ئەو وتی:

پەلە مەکە لێرە هەموو دەمناسن، ئابڕووم دەبەیت.. وەرە خێرا با بچینە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەمان..!

یەک مانگ بوو لە تاران دەرچووبووین، ئەوە یەکەم دیمانەمان بوو، دڵی وا داگیر کردبووم نەمدەتوانی خۆم ڕاگرم، ئۆقرەم نەمابوو.

(کەریم باقر) ئەندامی تیپەکە بوو. برادەری عەلی بوو، ئەو لەگەڵ ژنە لاوەکەی لە شوقەیەکی نازدار دەژیان، ژنەکەی ناوی لەیلا بوو، منی بەو ژن و مێردە ناساند، لەسەر شەرەفی من هەردووکیانی لە ڕێستورانتێک داوەت کرد، بەڵام منی وەک کیژی خاڵی خۆی بەوان ناساند، وتی من بۆ دیداری سەفارەت هاتوومەتە ئەڵمانیا تا ڤیزای سەفەری ئەمەریکا بکەم، دیاربوو ژن و

................................................................

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

مێردەکە باوەڕیان بەقسەکەیان کردبوو، ئەوانیش پرسیاریان نەبوو، منیش هاوسۆزی قسەکانی ئەوم نیشاندابوو.

عەلی، وەک سکرتێرەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکردم، ئێواران کە لە ڕاهێنان دەگەڕایەوە، کیسەیەک نامە و فاکسی دەهێنایەوە، منیش بۆم ساخ دەکردنەوە، پۆلێنم دەکردن، ڕیزبەندم بۆیان دەکرد، زۆر لە نامەکان نووسەرەکانیان کیژانی ڕواڵ بوون، ئەوانە هاوپێچی نامەکان وێنەی خۆشیان ڕەوانە دەکرد، داواکاریش بوون شووی پێ بکەن، لەوانە دەیاننووسی باوکمان پیاوێکی دەوڵەمەندە، لەوانە دەیاننووسی وەک ژنێکی کابانی باش هەڵسوکەوت دەکەین، ئامادەین حیجابیش بپۆشین، لە هەندێ لە نامەکاندا داوای پارە و دیاریشیان دەکرد.

بیرم لەوە دەکردەوە، من چۆن وا بەئاسانی بۆ ئەو سەفەرەی بۆ ئەڵمانیا هاوڕێی بووم، ڕۆژانە بەو سەرمایە، ئەو بەستەڵەکە دەبڕم و لە سوپەرمارکێتەکان کەرەستەی مەرەگەیەکی باینجانی بۆ دەکرم، تا ئێوارەکان بیخوات ..؟! لەگەڵ دایکم زۆر لەسەر هێڵی تەلەفۆن دەمامەوە تا شێوەی ئامادەکردنی مەرەگەی شابزیم فێر بکات، تا بۆ عەلی ئامادەی بکەم، دەبووایە من بەو ژیانە زۆر بەختیار بم، منیش وەک ئەو کەسە ناودارانە دەژیم کە لە کۆوار و ڕۆژنامەکان ناویان دەهات، وام هزر دەکرد خۆش دەژیم، بەیەکەوە شەوانە دەگەڕێین، بەڵام بۆ یەک جاریش منی نەبردە دەرەوە، فیلمێکمان نەبینی، دیارییەکی بۆ نەکڕیم، من وەک کارکەر و خۆشەویستم لێ هاتبوو.

من و عەلی لە دوو جیهانی دوور لەیەک دەژیاین، دیتن و هزرمان جیاواز بوو، ئەو منی وەک ژنێکی ڕۆژهەڵاتی دەویست، وەکو خزمەتکار دەیویست و، کاری سەرەکیم نان و خواردن سازکردن بێت، ماڵ پاک بکەمەوە، چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەو بکەم، لەو ماوەیەش باسی بەدەستگیران و مارەکردنی هەر نەکرد، دیاربوو حەزی نەدەکرد کاری ڕۆژنامەوانی بکەم، ئەو ئەوەندە لە ژن ڕادەما، چەند جلەکانی پاش ڕاهێنانەکانی بۆ پاک ڕاگرێت، جوانیان بشوات، ئامادەیان بکات، لەسەر سووتانی باینجانێک دەمەقاڵێم لەگەڵ بکات، لەسەر جۆری خواردنێک هاوار بکات بەسەرمدا، لێم بپرسێت، بۆچی ئەوەت لێ ناوە .. بۆچی ئەوە سووتاوە، چی ئامادە دەکەیت.. ئەوانە خەمی ئەو بوو، من و ئەو دوو دنیای جیاواز بووین.

بەگریانەوە پێم وت، من دەگەڕێمەوە بۆ ئێران، من ناحەوێمەوە، ناتوانم، هەر ئەوەندە بوو وەڵامی دامەوە، لە ئێستگەی ترێنەکەدا ویستی مستێک پارەم لە گیرفان بئاخنێ، بەڵام وەرم نەگرت، پارەکەم نەویست، پێم وت:

سوپاس بۆ بەخشندەییت. بەڵام لەو دواییەکانیدا دایکم بن زمانی گۆڕابوو، ڕۆژێک وتی:

کامیلیا، عەلی دائی دوێنێ تەلەفۆنی بۆ ئێرە کرد، تۆی پرسی، منیش ژمارەی تەلەفۆنەکەی تۆم پێ نەدا.!

منیش لە دایکم پرسی:

چیت پێ وت ..؟

دایكم وتی، وەڵامم دایەوە، كامیلیا لێرەیە. بەڵام ئەو پرسی كیژەكەت خۆی بە چی دەزانێ ..؟!
من هەزاران كیژ ڕۆژانە بۆم وێڵن، زۆرە كیژ زۆرە، ئەو خۆی بە چی دەزانێ ... منیش وتم:
تۆ بڕۆ بەشوێن ئەوانەی بەشوێن تۆدا ڕادەكەن، ئەوانە بۆ تۆ باشن، كیژەكەی من لەوانە نییە.
كە بەسەرهاتەكەم بۆ لێكۆڵەرەوەكەم دەگێڕایەوە، چاوەڕوانی كاردانەوەی ئەو بووم، لەو دەمانەی كە من چیرۆكەكەم بۆی دەگێڕایەوە، لە پشت و پێشم دەسووڕایەوە، دەهات و دەچوو، كە چیرۆكەكەم كۆتایی هات، بەدەنگێكی خەمگینەوە وتی:
عەیب و شوورەیی بوو بۆ دایكت، كیژی بۆ ئەڵمانیا بەتەنیا ڕەوانە دەكات، بۆ عەلی دائییش شوورەیی بوو، ئەو جۆرە كارانە دەكات..!
لیستی ناوی پیاوەكان درێژ بوو، ناوەكان ٦٧ ناو بوون، ناوی ئەو هەموو پیاوانە زۆری دەوێت، لەوانە ناوی مامم و خاڵم، هەندێ لە برادەرە كۆنەكانی باوكمی تێدابوو، دیارە ئەو ناوانەیان لەناو دەفتەری تەلەفۆنەكەم دەرهێنابوو، گرینگ نەبوو ناوەكان كێن.. پیرن .. گەنجن. بە لێكۆڵەرەكەم وت:
من زۆر دڵگرانم بۆ ناوی مامم لەو ناوانەدا هەیە، بۆ ناوی لەو لیستەدایە..! ئەویش بەساردی وتی:
بۆ ... چی تێدایە .. بۆ .. هەموو شیمانەیەك بۆ تۆ شیاوە، بۆ تۆ ..!

## گەشتێكی ئەدەبی بۆ مەشهەد لە پایزی ١٩٨٧دا

دایكم خەریكی قاپ شووشتن بوو، لەبەر خۆیەوە دەیوت، كیژەكەم هەر باس مەكە، مەسەلەكە دابخە، بابت ئەوە قبووڵ ناكات..! ئەگەر باوكم شتێكی بەدڵ نەبووایە و ڕازی نەبووایە، ئاسان بوو، خاڵم بەگژییەوە دەنا، خاڵم دەرەقەتی باوكم دەهات، ئەو قسەی خاڵمی نەدەشكاند، ئەو دەیتوانی باوكم ڕازی بكات، من لەگەڵ هاوڕێیەكانم بە پاس بچینە شاری (مشهد) و دوو هەفتە بمێنمەوە، لەوێ فیستیڤاڵی نووسەران و شاعیرانی لاوی لێ ساز دەكرا، تا باوكم ڕازی بكەم من بەتەنیا بچمە ئەو سەفەرە، ئەوە بەخاڵم دەكرا، چوومە دەرەوە لە كۆشكەكەی نزیك ماڵەوەمان تەلەفۆنێكم بۆ خاڵم كرد، بۆ ماڵی خۆمان داوەتم كرد، من ڕەزامەندیی مامۆستاكانیشم وەرگرتبوو. لە سەرانسەری وڵاتی ئێران ئارەزوومەندانی ئەدەبی كۆ دەبوونەوە، یانەی داهێنانی ئەدەبی ئەركی جێگەكردنەوە و نووستنی هەموومانی گرتبووە ئەستۆ، كوڕەكانیان دوور لە كیژەكان دەخەواند، ئەوەندە دوور بوون بەئاسانی نەدەگەیشتنەوە كیژەكان، بەڵام لە كاتی دیدارەكان بەیەكەوە بووین، بەیەكەوە لەناو یەك هۆڵدا گوێمان لە داهێنانی یەكتر ڕادەگرت، هەموومان بەو گەشتە كامەران و دڵشاد بووین.
باوكم پیاوێكی دیندار نەبوو، بەڵام پێڕەوی ڕێسا كۆمەڵایەتییەكانی ناو كۆمەڵی دەكرد، بڕوای بەو دەستەیە نەبوو كە وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، حەزیشی نەدەكرد من هاتوچۆی دەرەوە بكەم، لای

باش نەبوو بەتەنیا دوور بکەومەوە، وای دەزانی خەڵکە ڕۆشنبیر و کراوەکان لە وڵات دەرچوون، یان لەناوچوون و کوژراون، ئەوانەی سەر بەو ڕێژیمەشن توێژێکی لەخۆبایی و داڕێژراو و سنوردار کراون، لە ڕۆژانی شۆڕشدا دەوڵەمەند بوون، ئەوانە کەسانی نەناسراون، هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان باش نییە، جێگەی بڕوا و متمانەش نین، باوکم بەردەوام دەیوت:

لەو وڵاتەدا هیچ ڕێزی ژنان ناگرن، پێویستە لەوانە خۆمان دوور راگرین.!

بەڵام من پێویستم بەدیداری کەسانی تر هەبوو، دەبووایە دۆستایەتیمان فراوانتر بێت، سوود لەو بوارانە وەرگرم، بۆ زۆرتر فێر بوون و گەشەکردن، خاڵم بەشێوە تایبەتییەکەی خۆی لەگەڵ باوکم مەسەلەی گەشتە ئەدەبییەکەی منی کردەوە، بۆیە کە باوکمی رازی کرد، موژدەیەکی خۆشی پێ دام.

## ئامۆژگارییەکان بۆ کاروانەکەم

پاش ئەوەی بەجوانی ئێمەیان بەڕێ کرد، پاسەکەمان بەرەو شاری مەشهەد بەڕێ کەوت، نیوەڕۆ بوو لە تاران دەرکەوتین، ئەو شەوە چەندین شارمان بڕی، بۆ پشوودان لە شارەکانی سەرەڕێ لامان دەدا، باوکم ئامۆژگاریی کردبووم لە پشتەوە دانیشم، بۆیە لە دواوە جێگەم گرتبوو، ئەوەشی وتبوو، کیژەکەم لەم سەفەرەدا بەهیچ شێوەیەک گۆشت نەخۆم، من ئەو کاروانەم بە نان و پەنیر بەڕێ کرد، گۆشتم نەخوارد. هەر لە ڕێگەدا سەرما لێی دام، بەڵام چالاکانە خۆم راگرت، شەوەکەی داوایان کرد بۆ زیارەتی ئیمام رەزا دابەزین، ئەو ئیمامە ئیمامی هەشتەمی شیعەکانە. گومەزی مەزارەکە بە ڕووناکی دەدرەوشایەوە، کە گەیشتینە لای مەزارەکە هەموومان بەیەک دەنگ وتمان:

سەلاموعەلیک یا مووسا کوڕی رەزا.

(ئازار فەخری) سەرپەرشتکارەکەمان، کە دەستی منی گرتبوو، سەرم بەشانی کردبوو، بۆ ئەوەی ژانەکەم کەم بکاتەوە وتی:

سەعات سێی بەیانی دەگەینە سەر مەزارە پیرۆزەکە. شوێنی مانەوەکەمان باڵەخانەیەکی گەورە بوو، ئێمە لە نهۆمەکان دابەش کراین، بۆ هەر یەکێکمان پێخەف و سەرینیان داینێ، کوڕەکانیشیان بۆ شوێنێکی دوور برد، زۆر دوور بوون تا دیدارمان زەحمەت بێت.

## کیژە بەنازەکە

لەوێ چاوم بە (ماندانا) کەوت، ئەو خەڵکی ئابادان بوو، لە ئەنجامی شەڕی عێراقدا ئاوارە بووبوو، لە ئوردووگایەکی پەنابەران لە (بەندەر عەباس) دەژیا، ئەو لەسەر خوانی نانخواردنی ئێوارەدا بەچەند کیژی تری وەک (فیدا) خەڵکی شیراز و (نەسرین) خەڵکی ئازربایجانی ناساندم، منێک بە جانتایەک گوڵەوە لە تارانەوە هاتبووم، بە جلە تایبەتییەکانمەوە دیاربوو لە تارانەوە هاتبووم، بۆیە من وەک کیژە بەنازەکە تەماشا دەکرام، لە چاو ئەوانی تر زۆر پۆشتەتر دیار بووم. ئەو پارەی

باوکم بۆ بەردەستی پێی دابووم لەلای بەرپرسەکەم دانا، تا بۆم هەڵگرێت، جانتاکەشم لەژێر سەرینەکەمەوە شاردەوە، دیارە ئەوانی تر کەسیان پارەیان پێ نەبوو، بەوەش نامۆ بووم کە من پانتۆڵی جینزی شینم لەبەردا بوو، قەمیسە زەرد ڕەنگکراوەکەشم لەناو هەموویان دیاربوو، تا چاویان نەکەوێتە سەر جانتا گەورەکەم جلە تازەکانم دەرنەهێنا و خۆم نەگۆڕی.

تا گەیشتین بەشوێنی دیمانەکە ئاڵای ڕەنگین بەئەستوونەکانی ڕووناکیی کارەبایەکان هەڵواسرابوو، بەو دیمەنە جوانانە سەرفراز بووین، بەرنامەکەمان بەناوی (شەوانی شیعر و کورتە چیرۆکی ساڵانەی یەکەم - پایزی ١٩٧٨ هۆڵی فردۆسی - مەشهەد) بوو. هەردوو شاعیری گەورە (ئەسەدوڵڵا شەعبانی) و (جەعفەر ئیبراهیمی) یەک لە دوای یەکم ناسی. من بەدەنگی بەرز و بەبڕواوە شیعرەکانی خۆم خوێندەوە، هەستم کرد برادەرەکانم دەستیان بۆ پشتەوەم درێژ دەکرد، دیاربوو لایەکی ڕووپۆشەکەم کەوتبوو، بەڵام کەوتبووە سەر مۆمێکی داگیرساو، دووکەڵی لێ هەڵدەستا، یەکێک لە سەرپەرشتیارەکان بەهانام هات و ئاگرەکەی کوژاندەوە و ڕووپۆشەکەمی دوور خستەوە، هەموو لایەک بەو دیمەنەی من زۆر پێ کەنین.

کە گەڕاینەوە، هەموومان هەر کەسە و بۆ شارەکەی خۆی گەڕایەوە، من و ماندانا بە نامەگۆڕینەوە پێوەندیمان بەردەوام بوو، بەو نامانە وای لێ هاتبوو هەموو ئەندامانی خێزانەکەمی دەناسی، بەبۆنەی ساڵی لەدایکبوونی دایکم کارتی بۆ ناردین، هەروەها بەبۆنەی کۆچی دواییی باوکیشم پرسەنامەی بۆ ناردین، لە ڕۆژی ئاهەنگی "کاتی"ی خوشکم ئیشی زۆری لە جیاتیی من ئەنجام دا، هات و پێی وتم، تۆ زۆر ماندوو بوویت، پێویستە پشوو بدەیت، ئەو ڕۆژە زۆر خۆی ماندوو کرد. بەردەوام لە ئۆردووگاکانی ئاوارەکان نامەی زۆری بۆ دەنووسیم، لە نامەکانیدا زۆر باسی دەردەسەری و ناخۆشییەکانی ژیانی ناو کەمپەکانی عەبادان و خورەمشەهری بۆ دەنووسیم، ڕۆژانە شەڕ و گەمارۆدانەکانی عەبادانی بۆ باس دەکردم، بەداخەوە لە گەمارۆکەدا هەواڵی لەناوچوونی بەهمەنی برای بۆ ناردبووم. بۆی نووسیبووم کەوا دایکی لەناو مەشرەحەکان و نەخۆشخانەکان بۆ تەرمەکەی گەڕابوو، زۆریش خەونی بەتەواوبوونی شەڕەکەوە دەبینی، تا بگەڕێتەوە شارەکەیان و دووبارە لە گەڕەکی خۆیان دەست بەژیانێکی نوێ بکەنەوە. بەڵام کە گەڕابوونەوە شارەکەیان، خانووەکەیان بۆمبی بەرکەوتبوو، کەلوپەلەکانیان دزرابوون، شارەکەی بە شارێکی سووتاو ناو بردبوو، هەر شارەکەیان نەسووتابوو، ئەوان دڵیشیان سووتابوو، بەدڵێکی ناشاد و خەمگینەوە گەڕابوونەوە ناو شارێکی کەلاوە و سووتاو، منیش زۆر بۆ ماندانای هاوڕێم گریام.

## زستانی ١٩٨٩

لە کەناڵی سەدا ئاسیمای تەلەڤزیۆنی تیمێک هاتبوونە دەرگەکەمان منیان پرسیبوو، هاتبوون بۆ یادی ساڵانەی ئاهەنگی فیبرایەری شۆڕش دیمانەم لەگەڵ ساز بکەن، ناوی منیان پرسیبوو، خاتوو کامیلیا ئەنتخابیفرد، وەک شاعیر و نیگارکێشێک، وەک گەنجێکی بەهرەمەندی ڕواڵ بۆ ئەو

بۆنە قسەیان بۆ بکەم، رۆژەکە هەینی بوو، تازە نانی نیوەڕۆمان خواردبوو، باوکم لە ژووری نووستنەکەی نهۆمی خوارەوە خەوی لێ کەوتبوو، بۆیە دایکم پێشوازیی لێ کردبوون، چا و شیرینەمەنیی بۆ دانابوون، من لەلایەن یانەی ئەدەبی داهێنەرەوە بۆ ئەو دیمانەیە وەک گەنجێکی بەهرەدار دەستنیشان کرابووم.

## هۆنراوەیەک بۆ شۆڕش

پرسییان تۆ بۆ شۆڕش و ئیمام شیعرت هەیە، منیش خێرا وەڵامم دانەوە، بەڵێ من بۆ ئیمام هۆنراوەم هۆنیوەتەوە، ئەو بوارەم زوو قۆزتەوە، کێشەم نەهێشت. ئەوان بۆ شوێنی دیمانەکە لە ژووری نووستنەکەم گەڕان، بزانن کام شوێن شیاوترە بۆ دیدارەکە، ژووری نووستنەکەم، یان ناو ستۆدیۆکەیان.

لەناو دەفتەرەکان بۆ شیعرەکەی تایبەت بە ئیمام لاپەڕەکانیان وەرگێڕا، زۆریان خوێندەوە، هۆنراوەیەکی تایبەتم بەناوی ئەو نەبوو، بەڵام منیش وەک هەموو خەڵکەکە فێری درۆ بووبووم. کە باوکم لە خەو هەڵسابوو، کە زانیبووی تیمێکی تەلەڤزیۆن بۆ دیمانەی من هاتوون، زۆر دڵشاد بووبوو، بەڵام ئاگای لەوە نەبوو ئەوان داوای هۆنراوەیەکیان کردبوو، کەوا بەشانازی و شکۆوە بۆ ئیمام خومەینیم نووسیبێ.

لەناو ستۆدیۆدا چەند رواڵێکی تر لەگەڵ دایک و باوکیان چاوەڕوانیان دەکرد، ئەوانیش ناویان تۆمار بوو، هەر کەسێک مافی هەبوو بۆ دە دەقە بەئازادی خۆی لە پێش کامێرا بەرهەمی خۆی بخوێنێتەوە. دەرهێنەرەکەمان خاتوو پەروین شمشاقی، ئەگەر تۆمارەکەی بەدڵ نەبووایە، فەرمانی دووبارەکردنەوەکەی بەوێنەگرەکەی دەدا. کە نۆرەی من هات، نەمویست پرۆڤە بکەم، داوام کرد یەکسەر بەرهەمەکەم تۆمار بکەم، بۆیە دەرهێنەرەکە لێی پرسیم، دیارە ناخوازی پرۆڤەیەک بکەیت...!؟ ئەگەرچی من چەند تابلۆیەکیشم بەدەستەوە بوو، سەرم بۆی هەژاند. لەناو هۆنراوەکانم، لەوانەی خۆم حەزم دەکرد بیانخوێنمەوە، ژمارەیەکم جیا کردنەوە. ڕووپۆشەکەیان کەمێکی تریش داگرتە خوارێ، دەرهێنەرە چاوزیتەکە، وتی:

تکایە بازنەکانت لە دەستت بکەوە.!

منیش هۆنراوەکەم بە بایەخەوە، پێشکێش بە خومەینی کرد و خوێندمەوە. کە لە خوێندنەوەی هۆنراوەکان بوومەوە، تابلۆیەکانم لە پێش کامێراکە پێشکێش کرد، بەبێ راوەستان (١٠) دەقە باسی تابلۆکانم کرد. پەروین خاتوونی دەرهێنەر بەشۆخییەوە وتی:

بچکۆلەکەم زۆر باش بوویت، پێشکێشەکە جێگەی رێز و ستایش بوو، دیارە زۆر بڕوات بەخۆت هەیە، ئافەرین، دیارە تۆ خۆڕسک بێژەری باشیت.! بەرنامەکە ئێوارەیەکیان بۆ ماوەی (١٠) دەقە بڵاو کرایەوە، لەماڵەوە منیان بینی، بەلاچاوێکەوە دیقەتم دایە باوکم، بە شانازییەوە چاوی لە من بڕیبوو.

## بەهاری ١٩٨٩

بۆ ئیمام خومەینی لە گوندی جەمران، کە تێیدا دەژیا نەخۆشخانەیەکیان لە تەنیشت ماڵەکەی خۆی بۆ دروست کردبوو، کە نەخۆش کەوت، لەو نەخۆشخانەیەوە تەلەڤزیۆنەکان وێنەی ئەویان بڵاو دەکردەوە، دیاربوو تەندروستیی باش بوو، بەرەو چاکبوونەوە دەچوو، ئەو خزمانەی ئێمە کە هاتوچوی حوسەینییەکانیان دەکرد، بڕوایان کردبوو، کەوا ئیمام چاک دەبێتەوە.

دایکم وەک کاری پێشینەی باخچەکەی بەسۆندەی ئاوەکە تەڕ کردبوو، بایەکی فێنکی دەهات، بەخۆشییەوە نانی ئێوارەمان دەخوارد، کیژە هاوسێیەکەمان شابنامی هاوڕێشم بۆ ئەوەی تا بەیەکەوە خۆمان بۆ ئەزموونی بابەتی ئینگلیزی ئامادە بکەین، دەرسمان دەخوێند، بەیانی تاقیکردنەوەمان هەبوو، بەیەکەوە سەرمان بە کتێبەکانمانەوە نابوو، لەبەرئەوەی دەرسەکەمان گران بوو، هیوامان دەخواست بەیانی تاقیکردنەوەکە ئەنجام نەدرێت، پاش هیلاکبوون کیژە هاوڕێیەکەم، پێش ئەوەی بەرەو ماڵەکەیان بچێتەوە وتی: شەوشاد، بەیانی سەعات حەوت دێمە شوێنت تا بەیەکەوە بچینە قوتابخانە، بەیانی بەیەکەوە دەچین، ئەگەر خومەینی نەمرێت.!

بەیانی کە سێی یۆنیۆی ساڵی ١٩٨٩ بوو، چارەگێکی دەویست بۆ سەعات حەوت، دایکم لە خەو بەئاگای هێنام، کە لە پەیژەکاندا هاتمەوە خوارەوە و بەرەو مەتبەخەکە دەچووم، دەنگی خوێندنی قورئانی پیرۆز لە ڕادیۆکەوە دەهات. زەنگی سەعاتی حەوتی تەواو لە ڕادیۆکە لێی دا، کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکان هات، بێژەرەکە یەکسەر وتی: «انا لله وانا الیه راجعون»، پاشان بەزمانی فارسی، بەو پێشەکییە دەستی بەخوێندنەوەی هەواڵەکان کرد، سەرەتا وتی:

ئەی نەتەوەی ئێرانی مەزن، منجبی شەهیدەکان، ڕوحی گەیشتە لای خوای کردگار.

ژنە هاوسێیەکەمان، خاتوو میر ئەسکەندەری پرسی، ئێستا ئێمە چی دەکەین..؟ ئەوا شەڕەکە تەواو بوو، ماوەیەکە ئێمە چاوەڕوانین، شوێنەواری ئاشتییەکە دیار نییە، بارە ئابوورییەکەی وڵات بەرەو گەشانەوە ناچێت، بەرەو خراپی دەڕوات، دەبێ شۆڕشێکی تر ڕوو نەدات، هەر وا دەبێت، شتێ ناگۆڕێت..!؟ مەلاکان لەسەر کورسی و دەسەڵاتدا ناکەونە ناو یەک، ئاخۆ شەڕی ناوخۆ بەرپا نابێت..؟

ئەنجوومەنی خەبیرەکان لە جیاتیی خومەینی، (حجە الاسلام عەلی خامنئی)یان بۆ پۆستی ڕابەری گشتی دانا، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پێشوەختیش ماوەیان دیاری کرد، لەو هەڵبژارنەدا هاشمی ڕەفسنجانی بەسەرۆکی وڵات هەڵبژێردرا.

## یولیو ١٩٩٩

هەی قەحبە پێم بڵێ لە ئیسرائیل لەگەڵ کێ پێوەندیت هەبوو..؟ ساڵانە چەند جار یەکترتان دەبینی..؟ فەرمان دەدەم وەک سەگ تێت هەڵدەن، ئەگەر ناوی پیاوە ئیسرائیلییەکە ئاشکرا

نەکەیت، من بەبیرت دەهێنمەوە، پیاوەکە ناوی یەعقووب بوو... وایە پیاوەکە ناوی یەعقووب بوو ..؟

ئەو ناوە لەناو هزر و بیرەوەریی من نەبوو، رەنگە ئەوان مەبەستیان (جۆرج سوروس) بووبێت، من ئەوم لە ئەمریکا بینیبوو، رەنگە.. سوێندم بە خوا بۆ خواردن، من کەسێک بەو ناوە ناناسم، بە قورئان سوێندم بۆیان خوارد من هەرگیز کەسێکم بەو ناوە نەناسیوە. ئەو زوو هاتە وەڵام و وتی:

هەی مشکی پیس، هەواڵگریی ئێمە زانیارییەکانیان ڕاستە، هەمووی ڕاستن، ئەو یەعقووبە لەگەڵ تۆ سەفەری کردووە، بەیەکەوە لە ئوردنەوە چوونەتە دوبەی، دوور کەوتوونەتەوە، تا بوارتان بێت بەیەکەوە بخەون، پاشان تۆ گەڕایتەوە تاران، بەیەکەوە بوون، پێم بڵێ چیتان کردووە، چ جۆرە زانیاریت بەو داوە، زوو دان بەوە بنێ، ئەگەرنا لەناو زینداندا دەڕزێیتەوە.

بۆ گەیاندنی هەواڵی مردنەکەی پاشای ئوردن، بە نوێنەرایەتیی ڕۆژنامەی (زن) چووبوومە ئوردن، کە گەڕامەوە زۆر ماندوو و شەکەت بووم، زۆر دڵشاد بووم زوو باسی سەفەرەکەم بۆ هاوڕێیان بکەم، بەپەلە بووم لەسەر ئەو ماندووبوونەش هەرکە لە ماڵەوە جانتاکانم داگرت، چوومە بارەگەی ڕۆژنامەکە، بەپەلە تا قسەیان بۆ بکەم، ئەوەندە بەپەلە بووم خۆشم نەشووشت. هەرکە هەواڵی مردنی پاشای ئوردن بڵاو کرایەوە بڕیارم دا، یەکسەر بۆ بەشداریی ئاگایی لە ڕووداوەکە سەفەر بکەم. پاش ئەوەی بەوردی سۆراخی باڵوێزی ئوردنم لە تاران کرد، ڤیزاکەم وەرگرت. لەبەرئەوەی وتارەکەی ئامادەم کردبوو بەجوانی لە لاپەڕەی یەکەم بڵاو کرابووەوە، بۆیە هەستم بەماندووبوون نەکردبوو. تازە گەڕابوومەوە، لە بارەگەی ڕۆژنامە بووم تەلەفۆنێکم لە دوبەیەوە بۆ هات، فارناسی هاوڕێم تەلەفۆنەکەی هەڵگرتبوو، ئەو هات پێی وتم، لە دوبەیەوە پیاوێک بەناوی یەعقووب، لەسەر هێڵی تەلەفۆنە و دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات، منیش تەلەفۆنەکەم وەرگرت، وتم:

سڵاو .. بەڵێ. وتارەکەت جوان بوو... دەستخۆش، سوپاس بۆ پێوەندییەکەت.. ماڵئاوا ..! من لەلایەن هەواڵگریی ئێرانییەوە بەوە تاوانبار کراوم، کەوا بۆ بەرژەوەندیی هەواڵگریی ئیسرائیل کارم کردووە، هەرچەندی من دەموت، بینینی من لەگەڵ یەعقووب و هاوڕێیەکانی بە ڕێککەوت بووە، بەبێ ئەوەی بزانین ئەوانە بەرەو کێندەرێ دەچن، بەیەکەوە کوپێک چامان بەیەکەوە خواردووەتەوە، من تەنیا هەشت سەعات لە ڕێگەی گەڕانەوەی خۆمدا لە دوبەی ماومەتەوە، لەو ماوە کورتەدا لە هوتێلێک ماومەتەوە بۆ خۆشووشتن و نانەکەی بەیانی، ئەوانیش زمانی فارسییان دەزانی، هەر ئەوەندەم دواندن.. کە وتم:

سەلام.. منیش ئێرانیم. بەڵام من لەو سەفەرەمدا ئەوەندەشم نەکردووە، لەگەڵ ئێرانییەکانیش خۆم دوور رادەگرت، لە کەس نزیک نەدەکەوتمەوە.

## لەگەڵ یەعقووبدا

لەگەڵ یەعقووب و هاوڕێیەکانی باسی جەنازەکەی (شا حوسێن)مان کرد، ئەوان وتیان بۆ ئەوە هاتووین، تا لە دوبەی گەنجینەی شوێنەواری بکڕین، یەکێکیان وتبووی، من لە ئێران دەژیم،

دووانەکەی تریش وتبوویان، ئێمە لە لەندەن فرۆشگەیەکمان هەیە، یەعقووب خەناوکەیەکی جوانی لە ملدابوو، منیش لە خەناوکەکەم پرسی، ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ئەوە سونبلی سەرکردەیە لە سوپای بەرگریی ئیسرائیلی، ئێمەش کە جوولەکەین، بۆیە ئەوەش ئاساییە، کە لە ملی بکەین، ئەوەشیان مافی خۆمانە.. ڕاستە یان نا ..!؟

منیش سەرم بۆی ڕاوەشاند، ئەو وتی، من بە نەژاد جوولەکەی ئێرانم، لە سەرەتای شۆڕشدا لە ئێران دەرچووم، چوومە ئیسرائیل لەوێ بوومە سەرباز و خزمەتم کرد، بەڵام ئێستا لە لەندەن دەژیم. تا لای تاکسییەکە هاوشانم هات، کارتی تایبەتی خۆمان گۆڕییەوە، من بەرەو باڵەفڕگە ڕۆیشتم، بەڵام بەڵێنی ئەوەم پێ دا ئەگەر هاتمە لەندەن سەردانی بکەم. لەناو برادەرەکانم زۆر باسی ئەو بازنەم بۆ دەکرد، کەوا ماوەیەکی زۆر هەمبوو، پێیان دەوتم، ئەو نووسینە عیبرییەی سەری مانای چییە، منیش بەپێکەنینەوە پێم دەوتن، ئێوە نازانن من جوولەکەم، ماناکەی دەزانم، بەزمانی عیبری مانای ژیان دەگەیەنێت، ئەوەم لە کوڕێکی جوولەکەی برادەرم لە ئەڵمانیا بەدیاری وەرگرتووە، بەو وەڵامەم تووشی شۆک دەبوون. لە سەفەرێکم لەگەڵ کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدیاری دامە ژنێکی بۆسنیی زۆر نازدار لە وڵاتی بۆسنە، ئەو ژنە زۆر شایستەی دیارییەک بوو پێشکێشی بکەم، لەوەم نازدارتر نەبوو پێشکێشی بکەم. لەو لێکۆڵینەوەیەدا لێکۆڵەرەوە لەو بازنەی دەپرسییەوە.

## دانپێدانان

لەو لێکۆڵینەوەیەدا دانم بەوە دانا، کەوا ئەو لیستەی لە پێشیاندایە، کە ناوی ٦٧ پیاوی تێدایە، من لەگەڵ هەموویان نووستووم، یەک لەو پیاوانەی لەو لیستەدا ناوی هاتبوو، یەعقووب بوو، دانم بەوەدا نا کەوا ئەو پیاوە هاتە ژوورەکەم و لەگەڵمدا نووست، پاش ئەو شەوە پێوەندیمان بەردەوام بوو، بەردەوام تەلەفۆنمان دەبوو، بەڵام پێم وتن، من نەمدەزانی ئەو یەعقووبە جاسووس بووبێت. ئەگەر تاوان بێت ژنێک لە دەرەوەی پرۆسەی هاوسەری کاری سێکسی لەگەڵ پیاوێک بکات، ئەوە تاوانەکە زۆر گەورەتر و گوناحتر دەبێت ئەگەر پیاوەکە جوولەکەش بێت، وا باسی یەعقووبم بۆ کردن وەک چەند ساڵێک بەیەکەوە بووبین، ئەوانیش زانیاریی زۆرتریان لەسەری دەویست، وردەکارییان دەویست، وەک ئەوەی بەڕاستی ئەو پیاوە لەلایەنی جاسووسی ئیسرائیلەوە بۆ لای من هاتبێت، بۆ ئەو کارە هاتبێتە دوبەی تا من ببینێت، هاوکارییان بکەم یان جاسووسێکی دووسەرە بووبێت، لەلایەن ئێرانییەکانیشەوە ڕاسپێردرابێت، تا منیش تاقی بکاتەوە. لەو دەمانەدا زۆر شپرزە و نیگەران بووم، لەسەر هۆشی خۆمدا نەبووم، نەمدەتوانی شتەکان کۆ بکەمەوە و لە دەست لێکۆڵەرەوەکەی دابنێم، پێم وت، بەڵێن دەدەم جارێکی تر لەگەڵ هیچ پیاوێکی تر قسە ناکەم، بەڵام ئەو هاتە وەڵام و وتی:

تۆ چۆن لەگەڵ پیاوی لەو جۆرە دەخەویت ..؟ منیش وەڵامم دایەوە:

من فێر نەکرابووم بەستەزمان و نەزان بووم، موسڵمانێکی چاک نەبووم، خووم بەسێکسەوە گرتبوو، لەناو تاوان و هەڵەدا خنکابووم، تاوانم زۆرە هەرچی سزایەکم بدەن من شایستەم... زۆر ماندوو و هیلاک بووم، من لە پیاوێک دەگەڕام شووی پێ بکەم، بەڕاست من لە پیاوێک دەگەڕام، بەڵام کەسم دەست نەکەوت، ئەو خەونەم نەهاتە دی، لەو کاتەوە ئامادەم خۆم پاک بکەمەوە، داوا لە خوا دەکەم لێم ببووریت، وەک ژنێکی چاک سەرلەنوێ ژیان دەست پێ بکەمەوە، لە خوا دەپاڕێمەوە.

لەو دەمانەدا لە ئەنجامی شکانی خۆپێشاندانی خوێندکاران زۆریان دەگریان، لە بەردەم تەلەڤزیۆنەوە دانیان بەوە دەنا، کە ئەوان داردەستی کۆنەپیاوانی شاهەنشان، لەلایەنی بێگانەوە پارە و یارمەتییان وەرگرتووە، بەدەستی دەرەکی کاریان کردووە، ئەوان دژ بەشۆڕشی ئیسلامی پلانیان گێڕاوە، گوێم لێ بوو هەندێ لەو خوێندکارانە دەگریان و هاواریان بۆ خوا دەبرد، داوای یارمەتییان لەو دەکرد، ئەو دیمەنانەم لە تەلەڤزیۆنەوە بینیبوو، هەمووم دەهاتە بیر.

## عەشق لەگەڵ لێکۆڵەرەوەکەم

شەوانە لە ژوورە تەنیاکەم لە زینداندا، چاوەکانم دادەخست و لە ناخی خۆمدا دەکەوتمە ناو خەیاڵی تەئەمولەوە، لە مامۆستای نیگارکێشانەوە فێری ئەو هونەرە بووبووم، ئەوەیان باشترین دەروازە بوو تا بگەمە مەبەستەکەم، بیرم دەکردەوە، خۆم کۆ دەکردەوە، هزر و وزەکانم کۆ کردنەوە تا هۆشی لێکۆڵەرەوەکەم دەستەمۆ بکەم، هیوا و مەبەستی سەرەکیم بۆ ئازادی بوو، ئازاد بم ئەگەر بۆ رۆژێکیش بێت تا بتوانم لەو رۆژەدا چەپکەگوڵێک بۆ دایکم رەوانە بکەم، بۆ ئەو مەبەستە یەک رۆژ ئازادیم دەویست، لەو رۆژەوە دانیشم بڵێم:

من دڵشادم..!

هەر جارێک لە گۆشەی تێرامانەکەم تەواو دەبووم، وام دەزانی بەهێزترم، وزە و هێزی زۆرترم دەهاتە بەردەست، بڕیارم دا دەبێ من لەو زیندانە دەربچم، دەبێ من ئازاد بم..! دەبێ کارێ بکەم ئەو پیاوەی لێکۆڵینەوەم لەگ٢٠٧ەڵ دەکات بێتە هاوشانم لای من بگرێت یارمەتیم بدات، ئەوەش هێزو وزەیەکی زۆری دەویست، هەردووکمان دەموچاوی یەکترمان نەدیبوو، لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بەچاوبەستراوەیی و بەپێوە ڕووم لە دیوارەکە دەکرد، لەبەرئەوەی دەستەکانم کراوە بوون، بۆیە هەموو هیوا و نیازم بەدەستەکانم هەبوو، دەبووایە وزەم بەو دەستانەم بدەم. تا ئازاد بم، لەو ڕەوشە رزگارم بێت، دەبووایە دەستەکانم بەڕاستی بەکار بهێنم.

***

دەنگی فیروزەی مامۆستاکەم بەبیر دەهاتەوە کە دەیوت:

کامیلیا... ئارام بە، لەسەرخۆ بە... لە ناخی هەموو کەسێک هێزی شاراوەی زۆر هەیە بەهێزبە، بەو وزەیەوە تۆ دەکاریت کەسانی تر بگۆڕیت..! بەرامبەرت پێ دەگۆڕدرێت. کە لەگەڵ هاورێیەکانی

پۆلەکەماندا بەیەکەوە و بە هاوڕێیەتیی مامۆستا فیروزە، بەگەشتێک چووینە مزگەوتەکەی جمرانی نزیک شاری قوم، ئەو لەناو پاسەکەماندا بوو، بوونی ئەو بۆ من هێز و توانابوو، هەستم بەپشتیوانییەکی بێوێنە دەکرد. لەناو مزگەوتەکەدا مامۆستاکە وتی، ئەوەی یەکەم جار دێتە ناو ئەو مزگەوتە و زیارەتی ئیمامی زەمان دەکات، ئەگەر هزر و بینینەکانی کۆ بکاتەوە، ئیمام دەبینێت، لەناو مزگەوتەکە هەموو وزە و بیرم بەرجەستە کرد بەڵام ئیمام نەبینی، هەستم بەبوونی نەکرد، گەردەلوولێکی ناخۆش بەرەو ڕووم داهات. دایکم نامەیەکی دابوومێ لە مەقامی ئیمامی داینێم، لە مەزارەکەدا هەزاران ژن و پیاو نوێژیان دەکرد، دەگریان، دەپاڕانەوە، نامەکەی دایکیشم وەک هەزاران نامەی تری خەڵکەکە کەوتە ناو قەفەسی مەزارەکە، وەک هەزاران نامەی حاجییەکان کەوتە ناو مەزارەکە. ئەو خەیاڵەش تەواو بوو، مامۆستا فیروز و گەشتەکەش تەواو بوو، گەڕامەوە ناو ناخی خۆم، ناو تەنیاییەکەی ناو زیندانە ترسناکەکە، تەماشایەکی دەستەکانی خۆم کرد، ئەو دێرەی شیعری فەروغی فەرووخزادم بەبیر هاتەوە:

دەستەکانتم خۆش دەوێت

دەستەکانم لەناو باخچەکەدا دەنێژم

دەستەکانم گەڵا دەکەن، گەورە دەبن، خۆریش هەڵدێت

من راستی دەناسم، من راستی دەناسم.

## رۆژنامەی زن، هاوینی ١٩٩٨

لەو رۆژانە لە تاران بڕیار درا رۆژنامەیەک بەناوی (زن) دەربچێت، بەهۆی چەند برادەرێک کاتیان لەگەڵ خاوەن و سەرنووسیارە ناودارەکەی (فائیزە هاشمی) بۆ گرتم. دووبارە جارێکی تریش کەوتمەوە بەرامبەر سەرنووسیارەکەوە، بەرامبەری دانیشتووم و چەند نموونەی کورتە نووسینەکانیشم لە دەست دابوو. لە نهۆمی دووەم لە دەرگەکەی سەرنووسیارەکەم دا، ئەویش بەدەنگە کەرخەکەیەوە، فەرمووی لێ کردم. لەسەر مێزی تایبەتی کۆبوونەوەکان ڕووبەڕووی دانیشتم، فائیزە چاوی لە چاوم کرد، وتی:

تۆم پێشتر لە هیچ شوێنی تر نەبینیوە ..؟ منیشم بزەیەکم هاتێ، وەڵامم دایەوە:

لە یەک لە قۆناخەکانی خوێندنی زانکۆ بەیەکەوە بووین. بەبیرت هاتەوە، با ناوێکت بەبیر بهێنمەوە، مریەمی هاورێت. وتی مریەم لە یەکەتیی هاوکاریی ژنان هاوکارمە. ئەو یەکەتییەی کە خۆی سەرۆکایەتیی دەکات، فائیزە کات و کارەکانی لە نێوان ئەو ئەنجوومەنە و رۆژنامەکە دابەش کردبوو. لە ئەنجوومەنی پێنجەم بەئەندام هەڵبژێردرا، لەناو شاری تاران دوو ملیۆن دەنگی هێنابوو، زۆر لە هاوڕێیەکانی سەردەمی زانکۆی لە چەندان پۆستی باڵا و دیاردا دامەزراندبوون، دامەزراندن و کارکردن لەو رۆژنامەیەدا ئاسان نەبوو، بۆیە فائیزە دیدارێکی دوور و درێژی لەگەڵ کردم، بۆ زانینی زۆرترین زانیاری و رابردووەکەم پرسیاری زۆری ئاراستە کردم.

## پێشکەوتن و گەشەپێدان

لەناو وڵاتدا سیمایەکی بەرچاو لە گەشەپێدان و پێشکەوتن بەدی دەکرا، لە پێشەنگی ڕۆژانی دەستەڵاتی حکوومەتی خاتەمی ریفۆرمێکی زۆر بەدی دەکرا، لەو رەوشەشدا کارکردن لەگەڵ فائیزەی ئازا و چالاک، بۆ من ئاسانکاریی دەنواند تا دەستبەکار بم.

لە ژمارە یەکی (زن)دا ڕاپۆرتێکی منی تێدابوو، کە لە بۆسنەوە ناردبووم، ڕاپۆرتەکە لەسەر شەڕەکانی کۆسۆڤۆ بوو، لەو ڕاپۆرتە ناوی من وەک پەیامنێری تایبەت هاتبوو، لەو ڕۆژانە ئەو نازناوە لە میدیای ئێرانی ناوێکی نەناسراوبوو. لەگەڵ ڕاپۆرتەکە وێنەیەکی من لە گۆشەیەکی سەرەوە بڵاو کرابووەوە. من یەکەم ژوورنالیستی ئێرانی بووم لە یۆنیۆی ساڵی ١٩٩٨ گەیشتمە شوێنی ڕووداوەکان، لە بازنەی کارەساتە گەورەکان پەیدابووم، لە (سەراییڤۆ) بووم، لە ناکاو هەواڵێکی خێرا هاتە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن، تێیدا نووسرابوو:

هێزەکانی تاڵیبان شاری مەزار ئەلشەریفیان داگیر کرد، لە هێرشێکی کتوپڕدا باڵوێزخانەی ئێرانیشیان گرتووە. فەرمانبەرانی ناو باڵوێزخانەکە و کارمەندانی ئاژانسی هەواڵەکانی ئێرانیان بەدیلی بۆ مۆڵگەیەکی سەربازیی نهێنی ڕفاندووە، ئەوەی لەسەر من بوو پێوەندی بەفائیزەوە بکەم، پاش ئەوە ڕێگەی ئەفغانستانم گرتە بەر.

### لەسەر شۆستەدا

بە دوو ڕۆژ گەیشتمە کراتشی، لەوێیەوە بۆ پیشاوەر، بەڵام هێشتا پێویستم بە ڤیزا هەبوو، چەند ڕۆژێک لەسەر شۆستەی بەردەم سەفارەتەکەی تاڵیبان مامەوە و چاوەڕوان بووم، لەو دەمانەدا تاڵیبان دوژمنایەتیی ئێرانی دەکرد، لەبەرئەوەی تاڵیبانەکان ١٤ هاووڵاتیی ئێرانییان گرتبوو، بۆیە شیمانەی ئەوە هەبوو ئێران زەبرێکی کوشندە لەو حکوومەتە بوەشێنێت، بەهاوکاریی ڕۆژنامەنووسێکی تاڵیبان من ڕاپۆرتی خۆم بۆ ڕۆژنامەی زن دەنارد، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر کەسێک لەناو قونسڵییەکە هاتە دەرەوە و پرسی، کوا ئەو حورمەیە ..؟ وەرە بانگی کردم، مولای ئەحمەد ئێستا دەتبینێت.

دوو پیاوی پشتووی مێزەرڕەش لەسەر لە ژوورەکە بوو، چاویان بەرز نەدەکردەوە، یەکجار بۆ نیگایەکی کورت یەکێکیان چاوی بەرز کردەوە، تەماشای کردم، پیاوەکە وتی:

لەبەرئەوەی کەسی مەحرەمت لەگەڵدا نییە، بۆیە تۆ وەک ژنێک بۆت نییە بەتەنیا لە وڵاتی ئەفغانستانی ئیسلامی هاتوچۆ بکەیت، کە یەکێک لە برایەکانت کردە مەحرەمی خۆت، کە ئۆتۆمۆبێلێک و شوفێرێکت دەست کەوت، ئەوا ئازادی لەناو وڵاتدا بسووڕێیتەوە..!

بەو شێوە سەرەتاییە دەیانویست من پیاوێک پەیدا بکەم و شووی پێ بکەم. کە هاتمە دەرەوە زۆر بەنائومێدی وتم:

قەسەم بەخوا هەرگیز ناتوانم بچمە ناو ئەو وڵاتە، من ناگەمە ئەفغانستان.!

من سووربووم لە سنوور بپەڕمەوە، بچمە ناو ئەفغانستان چارەنووسی دیپلۆمات و ڕۆژنامەنووسە ئێرانییەکان بزانم، دوو ڕۆژ چاوەڕوان بووم، پیاوێکی ئێرانییان بۆم دۆزییەوە، متمانەیان پێ دەکرد، ئەو پیاوە بەڵێنی دا لە سنوور بمپەڕێنێتەوە، ئەو دوو ئەفغانیی باوەڕپێکراویان بۆ هێنام تا ئاسانکاریم بۆ بکەن، تا بەرنامەکەم جێبەجێ بکەم. هەردوو پیاوەکە پێوەندییان بە قونسڵی ئێرانی لە پیشاوەر باش بوو، ئەوان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ بەرژەوەندیی ئێران دەچوونە ناو ئەو وڵاتە، من چاوەڕوانی ئەوەم نەکرد، ئەو دوو پیاوە بچنە ناو ئەفغانستان و هەواڵ و گۆڕانکارییەکانم بۆ بهێنن، بەگەڵیان کەوتم تا هەواڵەکان لە سەرچاوەی سەرەکییەوە وەرگرم، لە بازاڕدا جلی ژنانەی ئەفغانیم کڕی، پێڵاوێکی هەرزان، جلوبەرگی سادەم کڕی، هاوشانی ئەو دوو پیاوە بەرەو جەلال ئاباد بەڕێ کەوتین، خۆم وا نیشان دا، کەوا ژنی یەکێک لەو دوو پیاوەم. بەلۆرییەک لەگەڵ هاووڵاتییانی ئەفغان پەڕینەوە، ئەوان دەگەڕانەوە ناوچەکانیان، من بۆ کاری زانیاری و ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ئەو پیاوە ڕێدێن درێژ و مێزەر گەورانە ڕۆیشتم.

## لە جەلال ئاباد

ڕۆژێکمان لە جەلال ئاباد تەواو نەکرد، گەڕاینەوە پیشاوەر، من زۆر ترسام دوو ئەفغانییەکە کارەکەیان ئاشکرابێت، ترسام بۆیە بەخێرایی بڕیاری گەڕانەوەم دا، لە جەلال ئاباد دوو پیاوەکە فیلمێکی ڤیدیۆییان دەست کەوت، فیلمەکە وێنەی کوشتنی گیراوەکانی لە مەزار ئەلشەریف تێدابوو، لە پیشاوەرەوە توانیم پێوەندی بەفائیزەوە بکەم، هەواڵی کوشتنی دیلەکانم لەسەر دەستی تاڵیبان پێ ڕاگەیاند. فائیزە دەیویست دڵنیابێت، بۆیە بەجیدی پرسی، ئەو هەواڵە ڕاستە، ئەوەی رووی داوە، ئەو هەواڵە بۆ لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەمانە.

من لە ڕاستیی ڕووداوەکەی ناو فیلمەکە دڵنیابووم، بۆیە هەواڵەکە لە ئێران بڵاو کرایەوە، ئەو هەواڵە لە ڕەوشە گرگرتووەکەی ناو ئێران زۆر گرینگ و بەبایەخ بوو، وەک بۆمبێک دەنگی دایەوە. کەسوکاری گیراوەکان لە بەردەم دەرگەی ڕۆژنامەکەمان کۆ بووبوونەوە بۆ وەرگرتنی زانیاریی زۆرتر لەسەر ئەو هەواڵەی بڵاومان کردبووەوە. ئێوارەکەی وەزارەتی دەرەوە بەیانێکی بڵاو کردەوە و هەواڵی کوشتنی گیراوە ئێرانییەکانی ئەفغانستانیان بەدرۆ خستەوە، کە لە ڕۆژنامەی زن بڵاو کراوەتەوە، لە بەیانەکەیاندا وترابوو، وەزیری دەرەوە بە ڕەسمی پێوەندیی بە تاڵیبانەکان کردووە، دڵنیایە لە سەلامەتییان.

## دەرەوە و هەواڵگری

بەسەلامەتی لە پیشاوەر گەیشتمە ماڵی برادەرەکەم، هەموو گیانم تۆز و قوڕ بوو، ئارەقە لە هەموو ئەندامی جەستەم دەهاتە خوارێ. بۆ بەیانی پێوەندیم بە فائیزە کردەوە، فائیزە پێی وتم:

کامیلیا ئەگەر هەواڵی کوشتنی دیلەکان درۆ بێت، دووچاری کێشە دەبیت، سزات دەدەم، بەردەوام لە وەزارەتی دەرەوە و هەواڵگری تەلەفۆنم بۆ دەکرێت، داواکارن تۆ بگەڕێیتەوە، بەزووترین کات ئەو وڵاتە جێ بهێڵیت. منیش بەدڵنیاییەوە وەڵامم دایەوە و پێم وت:

من خۆم فیلمەکەم بینیوە، تەرمەکانم دیوە.

## تۆ ئاگری شەڕ خۆش دەکەیت

لە ئیسلام ئاباد وەکیلی وەزیری دەرەوەمان (ئاغا ئەمینی) بە روومدا تەقییەوە و بەتووڕەییەوە وتی، تۆی ئەو گێژاوەت ناوەتەوە، ئاسایشی وڵاتەکەمان دەخەیتە مەترسی و هیلاکەتەوە، ئەو بۆ سۆراخی دیلەکانی ناو ئەفغانستان هاتبوو. دووبارە بەمنی وتووە، دەزانی گەر تۆ لە ئەفغانستان بگیرێیت، یان لەوێ بکوژرێیت، چی دەقەومێت ..؟ خەڵکەکە لەوەی لە گرتنی ئێرانییەکان بەسەریان هاتووە، بەشیان دەکات، ئەوەندەیان بەسە، هی تۆشی بێتە سەری، کوشتنی کیژێکی ئێرانی لەو دەڤەرە واتە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕێک، من بەو کردەوەی خاتوو هاشمی سەرسامم بۆ وا دەکات، تۆ دەبیتە هۆکاری شەڕێک دەزانی ...؟!

نامەیەکم لە هاوڕێیەکی رۆژنامەنووسی پاکستانییەوە بۆ هات، ئەویش داواکار بوو بەزووترین کات، ئەو ناوچەیە جێ بهێڵم، مانەوەی من مەترسیی زۆری لەسەرە. ئەگەرچی ئەو پاکستانی بوو، حکومەتەکەشیان پشتیوانیی تاڵیبانیشی دەکرد، ئینجا داواکار بوو من بەزووترین کات لە پاکستان دەربچم.

بە برقعی تاڵیبانی شینەوە، وەک پاڵەوانێک گەیشتمەوە بارەگەی رۆژنامەکەمان، پاش چەند هەفتەیەک لە بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەمان سەبارەت بەکوشتنی ئێرانییە گیراوەکانی ناو ئەفغانستان، وەزارەتی دەرەوە بەرەسمی کوشتنی ئەوانی راگەیاند، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە لە رۆژنامەی زن زووتر ئاماژەمان بەو راستییە دابوو، بۆیە ئێرانییەکان هەواڵەکەیان بە کارەسات و جەرگبڕی وەرنەگرت.

## ژنان (زن)

ئەو ژنانەی کە لە رۆژنامەی (زن) کاریان دەکرد، ئازاد بوون لەوەی چ لەبەر دەکەن، حەزیان لە چی جۆرە جلوبەرگێک بووایە لەبەریان دەکرد، فائیزە دروشمی وابوو حیجاب مەسەلەیەکی تایبەتییە، لەناو دانیشتنەکانی ئەنجوومەنیش زۆر باسی ئازادیی ژنانی دەکرد، من شانازیم بەوە دەکرد، لەگەڵ ئەو جۆرە ژنانە کار بکەم. رۆژنامەکان یەک لە دوای یەک بەرنامەی ئەویان پێڕەو دەکرد، بەو شێوەیە رۆژنامە ئازادەکان ژمارەیان زۆر دەبوو، دەنگە بوێرە تازەکان زۆرتر دەبوون، ئەوانە هەموویان لەگەڵ وەزارەتی هەواڵگری نەبوو، ئەو وەزارەتە بەرنامەی کاری میدیای ئازادی نەدەویست.

من له کـاری ڕۆژنامـەدا شـەیدای ئەو کـارانە بووم، کە کـەسی تر دەسـتی بۆ نەدەبرد، حـەزم لە پڕۆژەی ئازایانەی کەسنەکردە بوو، دیارە کەوا لەو کارانەشمدا فائیزە نەیارم نەبوو، ئەو ئەوپەڕی ئازادیی بۆ ئەو جۆرە کارانە بۆ خوڵقاندبووم. بۆیە جارێکیان بە فـائیزەم وت، تۆ شایسـتەی ئەوەی سـەرکردە و نوێنـەری بیست ملیۆن کـەس بیت، خـۆت کاندید بکە، منیش دەبمە بەرپرسی هـەڵمـەتی هـەڵبژاردنەکەت، کارت بۆ دەکەم. ئەویش بەپێکەنینەوە وەڵامی دەدامەوە و دەیوت:

کـامیلیـا تۆ نەخۆشـی، من بە (حـامید) دەڵێم پشکنینی سـەرت بکات. حـامید کـەسـێکی لاهوتی بوو، دوکـتـۆری دەروونی بوو مـێردی فـائیـزە بوو، بەڵام لەگـەڵ ژنـەکـەی جـیـاوازییـان زۆر بوو، ئەو کـەسـێکی هـێمـن و لەسـەرخـۆ بوو وەک فـائیـزە نەبوو، ئـەو ژنێکی ئازا و بـەجـەرگ بوو، چالاک و بەهـاژە بوو، وەک نێـوان شـەو و ڕۆژ جـیـاواز بوون، دوو منداڵیـان هـەبوو، گـەورەکـەیان ناوی (حـەسـەن) بوو، ئەو وەک باوکی وابـوو، بەڵام (منی)ی کـیـژی کۆپیی دایکی بوو. ئێمـە زۆر برادەر بووین، نێـوانمان خـۆش بوو، ڕۆژانی هـەینی دەچوومـە مـاڵەکـەیان، مـاڵیـان لە کـەرەج بـوو، چەند شەوێک لە ماڵیان دەمامەوە، ئەویش دەهاتە ماڵمان لەگەڵ دایکم نێوانیان خۆش بووبوو، دەکەوتینە گفتوگۆ. پێوەندیی ئێمە وەک تاک جیاوازیی هـەبوو، لەگەڵ بەرنامەی کار و ڕۆژنامەی زن. کە خەڵک پروپاگەندەیان بۆی هەڵدەبەست، من گـوێم لە هیچ ڕانەدەگرت، سـەدان جار بە قورئـان و بە خـوا سوێندی ئەوەم بۆیان دەخوارد، کەوا فائیزە و مێردەکەی بەیەکەوەن، ژن و مـێردن بەیەکەوە دەژین، فائیزە تەڵاق نەدراوە، بەڵام خەڵکەکە دەیانوت:

بەڵێ تۆ هـاوڕێی ئـەوی دەبێ قـسـەی وای بۆ بکەیت، ئێـوە برادەرن، ئـەویش بۆ تـۆ باشـە، بـۆیە لایەنگیریی دەکەیت..!

لەبـەرئەوەی ژنێکی سـەرکـەوتوو بوو، لەبـەرئەوەی کـیـژی هـاشـمی ڕەفـسنجـانیش بوو، بـۆیە پڕوپاگـەندەی زۆریان بۆی دەکرد، زۆر مـەبەسـتیـان بوو بەناهەق و بەخـراپە ناوی بهێنن. کـەسێکی نزیک لە نووسـینگەکەی هـەبوو، گوایە ئەو دووانە پێوەندییان هـەیە، ئەوە پیشـەی ئێرانییانە، قسـە زۆر هـەڵدەبەسـتن، بەڵام هـەرگیز بایەخی بەوەڵامدانـەوەی کەس نەدەدا، منیش ئەو ڕەوشـتـە لەو فێر بووم.

کـە ڕۆژنامـەی پۆسـتن گلۆبی ئەمـەریکایی داوەتیـان کـرد، ئەو منی هـەڵبـژارد، داوای لێ کـرد لە جیـاتیی ئەو بچمە ئەمـەریکا. ئەو دیدارە پاش شۆڕشـی ئیسـلامی یەکەم دیمانەی مـیدیایی بوو لە نێوان دوو دەزگای میدیای ئێرانی و ئەمەریکایی. کە خاتەمـیش لە هەڵبژاردنەکاندا بیست ملیۆن دەنگی هێنا و سـەرکەوت، بواری میدیا زیاتر گەشەی کرد، باری ئازادی فراوانتـر کرایەوە، ئەویش لەسـەر ئاسـتی هـەمـوو جیـهان جێگەی بایـەخ و سـەرنج بوو. بابەتی مـیدیای ئێرانی کـەرەسـتـە و بابەتی زۆر لە مـیدیای جیـهانی بـوو، هـەفتانە بـەشە فارسـییـەکەی بی بی سی و دەنگی ئەمـەریکا و ڕادیۆی فرانس دیمانەی لەگەڵ مندا ساز دەکرد، کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئەڵمانی بەرنامـەیەکی ساز کرد، من لە بەشێکی بەشدار بووم، ڕۆژنامەی ئاساهی ژاپۆنیش دیمانەی لەگەڵ کردم.

من یەک لەو پێنج کەسە بووم بۆ پێوەندی و هاوکاریی میدیای ئێرانی - ئەمەریکایی هەڵبژێردرام، بەرنامەکەمان لە نیویۆرک دەستی پێ کرد، لە کولێجی کاروباری دەرەوە لە زانکۆی کۆڵومبیا و لە کۆمەڵەی ئاسیایی وتارم هەبوو. کارێکی ڕۆژنامەوانیم بۆ گەڕانەوەی ئازادییە مەدەنییەکان کرد، کارم بۆ ئەوە کرد چۆن کاروانی ریفۆرم بەرەو پێشەوە ببەین، دیارە بوونی ئەو ئازادییە بوو کەوا من بتوانم بگەمە دەرەوە و ئەو ڕووبەرە فراوانەی ئازادی ببینم، هەرچەندە خەون ئەوە بوو بەرنامەی چاک دابڕێژم، بەڵام نەمدەزانی ناگەڕێمەوە و لە تاراوگە دەمێنمەوە، خەونی زۆرم هەبوو.

## لەگەڵ سوروسدا

پاش ئەوەی چالاکییەکەمان لە کۆمەڵەی ئاسیایی پێشکێش کرد، ئەمەریکاییەکان گەشتێکیان بەئێمە کرد، گایدەکەمان (سینشیا دیکستین)، پێی ڕاگەیاندین ئەو ئێوارەیە ئێمە لە ماڵی (جۆرج سوروس)م بۆ چاخواردنەوە داوەتین، ئەو هەواڵی داوەتەکەی زۆر بەدڵشادی پێ وتین، بەڵام ئێمە کەسمان نیشانەی شادومانیمان دەرنەبڕی، ئەو زۆرتر بۆی روون کردینەوە، کەوا ئێمە لەسەر شەرەفی ئەو داوەتی ئەمەریکا کراوین، خەرجی سەردانەکەمان، لەسەر ئەرکی ئەو بووە، ئەو پیاوە کەسایەتییەکی گرینگە لەناو ئەمەریکا، بەڵام ئێمە هیچ زانیاریمان لەسەری نەبوو، ویستم ناوی ئەو لە وتارێک کە لەمێژە خوێندبوومەوە بەبیر خۆم بهێنمەوە، شتێکی لەو شێوەم لە بیر بوو.

کە سواری تاکسییەکە بووین، بەرەو ماڵی سوروس دەڕۆیشتین، چرپاندمە گوێی محەمەد ئەتریانفاری هاوڕێم لە ڕۆژنامەی همشهری، پێم وت:

دەزانی ئەو پیاوەی وا ئێمە دەچینە ماڵەکەی جوولەکەیە، ئەمەریکاییەکی زۆر دەوڵەمەندە، خاوەن ئیمپراتۆرییەتێکە لە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاست. بەڵام ئەو بێ بایەخانە سەری بۆ قسەکەم هەژاند، ئەو زانیارییەی لا گرینگ نەبوو، هیچ کاردانەوەیەکم لە رووی نەبینی.

لە ماڵەکەی ئەو دانیشتبووین، کارەکەرەکە چای لە کوپی نایاب پێشکێش کردین، ئێمە ژنەکان لە تەنیشت یەک دانیشتبووین، لە ناکاو سەیری (شاهە شیرکاتی) سەرنووسیاری چاپە ئینگلیزییەکەی ڕۆژنامەی ئێران نیوزم کرد بزەیەکم هاتێ، تەماشایەکی تری هاوڕێیەکەی ترمان کرد، (موجهان جلالی)، ئەویش پێ کەنی هەرسێکمان پێ کەنین، زۆر پێ کەنین ئاو لە چاومان هاتە خوارێ، بۆمان نەکرا خۆمان کۆنترۆڵ بکەین، بەبێ هۆ بەبێ ئەوەی هیچمان دیبێت، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشمان هاتبێتە پێش، زۆر پێ کەنین، هەموو هەستیان دەکرد، هاوڕێیەکانمان چاویان تێ بڕین، چوومە گەرماوەکە لەوێ هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، هەناسەم وەرگرتەوە سوودی نەمابوو، کابرای خاوەن ماڵ قسەکانی بڕی، پرسیاریشی کرد، خاتوونەکان بە چی پێ دەکەنن، با ئێمەش بەشداریتان بکەین، دیارە کەوا شتێکی شیاوی باستان دیوە، بەخۆڕایی ئەو پێکەنینە زۆرە بێ ڕاوەستان نایەت، ئێمەش بەشدار بکەن، لەبەرئەوەی ئێمەش هیچمان نەدیبوو،

نەشــمــاندەزانی بۆ پێ دەکـەنین، بۆیە نەمـانتـوانی وەڵامی بدەینەوە. هاتینە دەرەوە و هەر پێ دەکەنین. کە هاتینە دەرەوە خاوەن ماڵەکە ئیمزای لەسەر کتێبێکی خۆی بۆ کردین، کە هەریەکە و دانەیەکی پێشکێش کردین. لەگەڵ وەرگرتنی دیارییەکە داوای لێبووردنمان کرد.

بە چەند رۆژێک لە پێداچوونەوە و سۆراخی تایبەت ئاغا ئارنتیانفار زانیاریی زۆری لەسەر سوروس کۆ کردبووەوە، بە شێوە زارەکییە ئەسفەهانییەکەی خۆی، لەسەرخۆ و بە نەرمی وتی:

دەزانی سوروس یەکێکە لە گەورەکانی ناو بزاڤی زایۆنیزم لە جیهان، دیارە لەو کۆبوونەوەیەدا پلانێکی لە بن سەرە. دیارە لەو سەردانەی ئێمە بۆ ماڵەکەی دەترسا، لە تاران دەترسا ئەگەر ئەوە بزانن بۆیان خراپ دەکەوێتەوە، بیری لەوە دەکردەوە چۆن کتێبەکە دیارییەکەی لەناو ببات، دەترسا ئەگەر ئەو کتێبەیان لەناو کەلوپەلەکانی لە باڵەفرگەی میهرئاباو بدۆزنەوە، تووشی کێشە دەبن. کێ بیری لەوە دەکردەوە من پاش دوو ساڵی تر، چارەنووس دەمباتەوە لای ئەو کابرا جوولەکەیە، من وەک پەیامنێری تایبەتیی دەنگوباس لە ماڵپەڕی یور ـ ئاسیا کە خاوەنەکەی سوروس بێت کار بکەم.!؟

***

پێش ئەوەی بگەڕێمەوە تاران لە لەندەن ڕاوەستـام، بەرنامەی ئەوەم هەبوو دیمانەیەک لەگەڵ (سەلمان روشدی) ساز بکەم، لە ژووری نووستنی (سۆزان)ی هاوڕێم لە لەندەن پاڵم دابووەوە، بیرم لەوە دەکردەوە من چۆن بگەمە ئەو پیاوە، لە ساتێکی ئیلهامیدا بیرم لەوە دەکردەوە، پێوەندی بە نووسینگەی رۆژنامەوانیی باڵوێزخانەی ئێرانی لە لەندەن بکەم. دیاربوو نەیاندەویست هیچ زانیارییەکم بەتەلەفۆن بدەنێ، بۆیە پێویست بوو خۆم بچمە سەفارەت. پاش ئەوەی حیجابەکەم پۆشی چوومە باڵوێزخانە، بەرپرسی رۆشنبیرییەکەیان پرسی:

بۆ دەتەوێ دیمانە لەگەڵ سەلمان روشدی بکەیت..؟

منیش وەڵامم دانەوە:

کە وەزیری دەرەوەی ئێرانی و بەریتانیایی لە باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستیان لەناو دەستی یەکتر نا، فەتواکەیان لابرد. منیش وەک ژوورنالیستێکی ئێرانی چاوم لەوەیە دیمانەیەک لەگەڵ ئەو کەسە بکەم، کەوا ماوەیەکی زۆرە لە ترسی کوشتنی دەرناکەوێت، شوێنی بزرە، دیارە کەوا لە ژیانی خۆی دەترسێت. من کە دەمەوێت ئەو دیدارە ساز بکەم ڕەزامەندیی سەرنووسیارەکەم کە فائیزە هاشمییە وەرگرتووە.

سەعات دووی بەیانی بوو، بەدەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەم بەئاگا هاتم، کە وەڵامم داوە. فائیزە بوو، بەتووڕەیییەوە دەنگی دەهات، پێی وتم:

کامیلیا ئەو هەنگاوانەی بۆ دیمانەکەی سەلمان روشدی هاویشتووتە بۆ خۆتی بپارێزە، لە بەیانییەوە ئەوانەی من بەتۆم وتووە هەمووی لە بیر بکە، لە کەسانی باڵا لە وەزارەتی هەواڵگرییەوە پێوەندیم پێوە کراوە، ئەو کارە دەبێ ڕاگیرێت، ئەو ئیشەمان ناوێت.. تێ گەیشتی..؟

## کەس بەهانات نەهات

لەگەڵ دایکم شەوەکەی چووینە لای فائیزە، ئاگادارم کردەوە، کەوا پەساپۆرتەکەی منیان گێڕاوەتەوە، ترس و نیگەرانیی خۆم پێ ڕاگەیاند، ئەویش بەڵێنی دا بەیانی خۆی بۆم سۆراخ بکات. بەیانی وەک ڕۆژەکانی تر چوومە سەر کار، نیوەڕۆیەکەی فائیزە منی بۆ نووسینگە تایبەتییەکەی خۆی بانگ کرد. فائیزە بەیانییەکەی سۆراخی پەساپۆرتەکەی کردبووم، بۆیە پێی وتم:

پەساپۆرتەکەت لەلای وەزارەتی هەواڵگرییە، من لەگەڵ ئاغا موقەدەم سەدیقی پێوەندیم کردووە، ئەو نوێنەری وەزارەتەکەیە لە ئەنجوومەن، من پێم وتن، ئەگەر لەسەر ڕاپۆرتەکانی ئەو چ پرسیار و تێبینییەکتان هەبێت، پرسیارەکان لە من بکەن، من بەرپرسم لەوەی ئەو کردوویەتی، منیش بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەوم، ئەو کارمەندە لای من، بەڵام ئەوان سوور بوون لەسەر ئەوەی خۆت بچیت، بۆ وەرگرتنەوەی پەساپۆرتەکەت، نیوەڕۆ یەکێکیان لە بەردەم سەرۆکایەتی چاوەڕوانت دەکات، بەڵام وریات دەکەمەوە، ئەگەر کەوتیتە بن دەستی ئەوان کەس ناتوانێت لەناو دەستیان دەربازت بکات.

نیوەڕۆ لە پێش بینایەکی بەبەرد خۆم دۆزییەوە، چووم کابرایەکی ئاسایی بەجلی مەدەنییەوە وەستابوو، قەمیسێکی نیوقۆڵی لەبەر بوو، هێمن و لەسەرخۆ و بەمۆنییەوە وتی:

دەڵێی لە چوونە ژوورەوە دەترسیت ..؟ وەڵامم دایەوە و وتم:

من لەوە زیرەکترم بترسم، بەڵام حەز ناکەم بچمە ناو ئەو بینایە، نامەوێ ژوورەوەی ببینم. ئەو وتی:

من هەر ئەوەندە دەڵێم زۆر سوپاس و ستایشی خاتوو هاشمی بکە، تۆ بەختەوەری ئەو ژنە بایەخی پێت داوە، چوومە ژوورەوە و پەساپۆرتەکەم وەرگرتەوە و ڕۆیشتمەوە.

## سانسۆر

بەردەوام ترسمان لەسەر بوو، دەبێ لەو باڵەخانەی بەرامبەرمان چاودێری نەکرێین، دەبێ کەسێک سەر بەوەزارەتی هەواڵگری چاودێریی ماڵەکەمان نەکات، کەواتە یەکێک لە دواوەمانە تا بمانکوژێت، کێ لە بن دەستی ئەو بکوژانە دەربازی دەبێت...؟ بەو شێوەیە نووسەران و ڕۆشنبیران بە لێشاو ڕووبەڕووی مردن دەبوونەوە.

کە هاتینە ناو ماڵەکە، کە گەیشتین یەکێکمان بینی، لە گۆشەیەکەوە چاوی لە ئێمە بوو، ڕەنگە شوێنەکە لەژێر چاودێری بێت، کە بۆ دیمانەیەک دەچووم، بەتاریکی دەگەڕاینەوە، بەوێنەگر (وەحید صدیقی) هاوڕێم دەوت، کامێراکەت بشارەوە، ئەگەر زانیت، یەکێ بەدوامانەوەیە ڕاکە، کە زانیت ئۆتۆمۆبێلێکی بێ لایت هات، خۆت بشارەوە، زوو ڕاکە، شتەکان بشارەوە، شەوانە هەر بەڕاکردن کارەکانمان دەکرد...!

## ئەمجارە نۆرەی کێیە...!؟

لەگەڵ خاتوو بەهبەهانی لەسەر ڕۆخی گۆڕەکە دانیشتبووین، بەنەرمی باسی ڕاوەدوونان و هەڵاتنمان دەکرد، باسی ترسمان لە وەزارەتی هەواڵگری دەکرد، لە ناکاو خاتوو خزییە ناو گۆڕەکە، بەربووەوە کەوتە ناو خۆڵەکە، کە بەرز کرایەوە، وتی دیارە ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەمجارە نۆرەی منە بۆ ناو گۆڕ شۆڕم بکەنەوە، ئەوە نیشانە و پێشهاتە.!

لەو رۆژە تاریک و کوشتن و ڕاونانی رۆژنامەنووسان، من خۆم لە کاری ترسناک دەدا، نەدەگەڕامەوە، لەبەر رۆشنایی ئازادی میدیا بەرەو سەربەستیمان دەبات، کارم دەکرد، نەدەوەستام، یەکێک لەو دیمانە بەترسانەی لەو ماوەیەدا ئەنجامم دا، دیداری سکرتێری پێشووی حزبی تودە (نوورەدین کیانوری) و (مریم فیروز)، پاش چەند ساڵ زیندانی، تازە لە زیندانی ئیڤین ئازاد کرابوون، لە ماڵەکەی خۆیان دەستبەسەر بوون، ژن و مێردەکە بەگەرمی بەخێرهاتنیان کردم، ئەو ژن و مێردە بە تەمەنە بە ڕووخۆشی بۆم دەپەیڤین، چەند سەعات لەگەڵیان مامەوە، بیرەوەریی زۆریان گێڕایەوە، کیانوری تەمەن ٨٥ ساڵی بیری باش بوو، بەگۆپاڵێکەوە لەناو شوقەکەی دەهات و دەچوو، ئەگەرچی بیستنی باش نەبوو، بەڵام زۆر دەمەتەقێی بەسوودمان کرد، دیاربوو بەردەوام گوێ لە ڕادیۆیە بێگانەکان ڕادەگرێت، دیاربوو بەردەوام رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە، شیکردنەوەی هەواڵەکانی دروست بوو، وردبین بوو لە شرۆڤەکردنی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. لێم پرسی، ئاخۆ ناترسیت ئەو بکوژە زاڵمانە بێنە سەرت..؟!

***

دەزگاکانی وەشان و میدیاکان هەموو بەیەکەوە هاوسۆز بوون، دژ بەبکوژان هاوکاری بکەن، رۆژنامە ریفۆرمخواز و سەربەخۆکان هاوکار بوون، بۆ ریسواکردنی بکوژان و تێکدەرەکان، ئەوانەی دژ بەدەنگە ئازادەکان دەستی چەپەڵیان دەخەنە کار، رونواکبیران و رۆژنامەنووسەکان تیرۆر دەکەن. لە رۆژنامەی زن ستونێکم بەناوی (بەیانی نۆرەی کێیە ..؟) دەنووسی. لە گۆشەکەمدا باسی تیرۆرەکانم دەکرد، پشکنینم لە وردەکاریی تیرۆرە سیاسییەکانم دەکرد، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی وەزارەتی هەواڵگری دانی بەکەمتەرخەمییەکانی سەبارەت بە تیرۆرە سیاسییەکان دەربڕی، لێکۆڵینەوەکان لەسەر داوا و پێشنیازی سەرۆک خاتەمی بوون، ستوونە نووسینەکانمان بەردەوام بوو، پاڵەپەستۆی میدیا ئازایانە جەختی دەکرد، هەموو لایەک هاوار و دەنگەکان بۆ ئەوە بوو وەزیری هەواڵگری دەست لەکار بکێشێتەوە.

## ڕاونان

لەو ماوەیەدا دەترسام، ئێوارەیەکیان بە ئۆتۆمۆبێلەکەی رۆژنامەکەمان دەچوومەوە، بە شۆفێرەکەم

وتبوو، تا من نەچمە ژوورەوە تۆ مەڕۆ، تەلەفۆنیشم بۆ دایکم کردبوو، من لە ڕێگەی ماڵەوەم پاش یەک چارەکە سەعاتی تر دەگەمەوە ماڵەوە، دەمزانی ئەو لە پەنجەرەی مەتبەخەکەمانەوە چاوەڕێم دەکات، هەستم بەسێبەرەکەی دەکرد، کە گەیشتمە لای ماڵەوە، لە ئۆتۆمۆبێلەکە دابەزیم، چەند هەنگاوێک ڕووەوماڵ چووم، هەستم کرد چەند کەسێک لە پەنا دارەکانەوە شوێنم دەکەون، ترسام شڵەژام، کلیلەکانی دەرگەی ماڵەوەم لەناو جانتاکەم بۆ نەدەدۆزرایەوە، دەستم تێک دەئالا، هەر گەیشتمە ژوورەوە لە باوەشی دایکم پەلەواژ بوومەوە، هەناسەسوار و ترساو کەوتمە ناو باوەشی دایکم، دایکیشم بەنازەوە هێوری کردمەوە.

## وتاری پەردەی کچێنی

لەبەر هۆیەکی زۆری بێ مانا، لە یادی ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرۆک خاتەمی ڕۆژنامەی (دووی فبرایر)یان داخست، ڕۆژنامە لە دوای ڕۆژنامە دادەخران، هاوکار و خاوەنەکانیان یەک لە دوای یەک لە دادگە دەدران، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرا. لەسەر داوای سەرۆکی پۆلیسی ئاسایشە (محەمەد ناغدی) بەتاوانی ناوزەدکردنی دوو کەسایەتیی ناوداری ناو حکوومەت دوو هەفتە ڕۆژنامەکەمان لە دەرچوون ڕاگیرا، کە ڕۆژنامەکە دووبارە دەرچووەوە، وتارەکانی منیش ماوەیەک دەرنەچوون. ماوەیەک بوو خەریکی سازکردن و بڵاوکردنەوەی وتارێک بووم لەسەر دورینەوەی پەردەی کچێنی لە تاران، ئاگەدار کراینەوە کەوا کەسانی توندڕۆی لایەنگیری حزبوڵلا دژ بە ڕۆژنامەکەمان خۆپێشاندانیان ساز کردووە، دەستدرێژیشیان لەسەر چەند نووسینگەیەکی ڕۆژنامەکەمان کردووە، بۆیە فائیزە بە بەرپرسەکەی منی وتبوو ئەو وتارە تا هەفتەیەکی تر ڕاگرە.

## لە قوم

هەموو ئاگەداری ئەوە بوون من ماوەیەکی زۆر لە شاری قوم مامەوە. زۆرجار بۆ ئامادەکردنی چەند ڕاپۆرتێک دەچوومە ئەو شارە، کاری زۆرم دەکرد، دیمانەی زۆرم ساز کردبوو، بەڵام بەداخەوە بەتەواوبوونی کار و سەردانەکانم بەیەکجاری ڕۆژنامەی زن داخرا، منیش کەوتمە زیندان، لە زینداندا زۆر پرسیاری ئەوەم لێ دەکرا، ئەو ماوەیەی لە شاری قوم دەمانەوە خەریکی چی دەبووم، بەرهەمم چی بوو..؟

من یارمەتیی برادەرێکم دابوو، بۆ تەواوکردنی مامەڵەی وەرگرتنی ناسنامە بۆ کیژەکەی، ناوی لە کیژەکەی نابوو (صغر)، ئەو وشەیە مانای پێکی شەرابی دەگەیاند، بۆیە لەبەر ناوە نامۆکەی هەرچەند هاتوچۆی دائیرەکانی کردبوو، نەیتوانیبوو ناسنامەکەی بۆ وەرگرێت. چیرۆکی ئەو برادەرە ناوەڕۆکی سەیری زۆری تێدابوو، وتاری ئیسلامیی دەنووسی، دژی ئەوانەی بەکارهێنانی شەریعەتیان بە شێواوی و کریتی دەزانی وتاری دەنووسی، نازناوی حوجەتولئیسلامی هەبوو، پانتۆڵی جینز و قەمیسی لەبەر دەکرد، کە وێنەی خۆی بە عەبا و مێزەر نیشان دام، زۆر سەرسام

بووم، بۆ تەواوکردنی مامەڵەی کیژەکەی کە هاتبووە دادگە چەند دیوانە شیعری خومەینی و حافیزیی بەدەستەوە بوو، بەڵام ئەوانەش شەفاعەتی بۆ نەدابوو. ناسینی ئەو پیاوە و سەربردەکانم وەک چاکەیەک بۆم مابووەوە.

دۆسیەی کیژەکەم لە کابرا وەرگرت، بەیەکەوە بۆ دەرهێنانی ناسنامەی کیژەکەی چووین، کابرا زۆر بێ هیوابوو، چونکە زۆر هاتبوو، کۆششی کردبوو، بەڵام من دڵنیابووم کە دەتوانم کارەکەی بۆ تەواو بکەم، ئەوەم لە گۆشەیەکی لاچەپی دائیرەکە دانا، خۆم چوومە ژوورێ، لەوێ زۆر مامەوە، ماوەیەکی زۆر لەنجەولارم پێ نیشان دان، لەناو نووسینگەی ناونووسین لە شاری قوم لەنجەم کرد، نازم فرۆشت، چاوبازیم لەگەڵ کردن، بەو شێوەیە کارەکەیان بۆ تەواو کردم، ناسنامەکەیان بەتەواوی، وەک پێویست لەناو دەستم دانا، ئەوەش چیرۆکێکە لە دیاردەی ناشیرینیی ژنان لە شاری قوم کە زۆر روو دەدات. لە بەرامبەر ئەو چاکەیەش ئەو لەبەرئەوەی خوێندکاربوو لە قوم لە هەموو شوێنەکان شارەزا بوو، بۆیە توانی لەو شارەدا یارمەتیی من بدات، گەشتەکەم بەیارمەتیی ئەو بەرهەمی باشی هەبوو.

## فبرایر ١٩٩٩

پێش ئەوەی سەردانی شاری قوم بکەم، بەرنامەی ئەوەم هەبوو، کارێک لەسەر دیاردەی لەشفرۆشیی ژنان لە شارە گەورەکانی ئێران ئەنجام بدەم، لە تاران پەرستارێکم دۆزییەوە لە گەڕەکێکی توێژە ناوەندەکان دەژیا، لەوێ منداڵی لەبەر ژنان دەچوواند، بەناپاسایی ئەو کارەی دەکرد، بە رۆژ لە نەخۆشخانەیەک کارمەند بوو، بەو پارەی لە کارەکانی پاش دەوامەکەی پەیدای کردبوو ئۆتۆمۆبێلێکی رینۆی ساڵۆنی نوێی پێ کڕیبوو، بۆ نیگاکردن لەو نەشتەرکارییانەی ئەنجامیان دەدا، بەناوی یارمەتیدان مۆڵەتم وەرگرت، کە چوومە کۆڵانەکەیان ئۆتۆمۆبێلەکەیم بینی لە بەردەرگەی ماڵەکەی وەستابوو.

نەخۆشێک هاتە لای، کیژێکی بە تەمەن نەبوو ناسک و گچکە بوو، پەرستارەکە زوو پرسیاری ئەوەی لێ کرد، ها بزانم خۆت خاوێن کردووە، مووەکانت تاشیوە، بە مووس باشت تاشیوە، ئەویش وتی، نەخێر بە مقەس کەمێک سەری مووەکانم بڕیوە، ئەویش بەتووڕەیی کەرەستەی تاشینی پێ دا، سابوونی دایە دەست، پێی وت، بڕۆ ناو گەرماوەکە چاک خۆت خاوێن بکەوە، جوان ئینجا وەرە لام، چەند تەشتی گەورە لەناو مەتبەخەکە کەوتبوون، بۆنی رۆنی سووتاو لە بنمیچی ژوورەکە دەهات. کیژەکە لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە بەشەرمەوە پێی وت، ئامادەم، ئەویش بۆ ژووری نووستنەکەی ڕەوانی کرد، کیژەکە خۆی رووت کردەوە، لەسەر سەرینەکە پاڵ کەوت، رەنگ سپی و ترساو دیاربوو، دەستەخوشکەکەی کە لەگەڵی هاتبوو توند دەستی گرتبوو، ئەویش دەترسا.

هەردوو لینگی کیژەکەی فش کردەوە، دەرزییەکی پاککردنەوەی لێ دا، جامێکی گەورەی ئاوی لە بن دەستی دانا، دەستی بەکارەکەی کرد، کیژەکە لە ترس و ژانا دەنووزایەوە، خولی دەدا، هاواری

دەکرد و بانگی دایکی دەکرد، پەرستارەکە بە تووڕەییەوە پێی وت:

بێدەنگ بە هەی قەحبە، چیی تر دەنگت بێ وازت لێ دەهێنم، بێدەنگ بە، پارچە پەڕۆیەکی لە زاری پەستا، کارەکەی تەواو کرد، بەهاوکاریی دەستەخوشکەکەی بەزەحمەتی هەستایەوە سەرپێیان، نیوەمردوو دیاربوو، بەزەحمەتی توانی بەسەرپێیان بوەستێت، لە ژوورەکە دەرچوو.

## یولیو ۱۹۹۹

بەیەک سەعات ڕۆیشتن لە تارانەوە، تابلۆیەک ڕووبەڕووت دەبێتەوە کە تێیدا نووسراوە:

بە خێربێن بۆ شاری خوێن و سەرهەڵدان، شاری قوم پێشوازیت دەکات.

لەو شارە چەندان خوێندنگەی پێگەیاندنی مەلا و داعیە هەیە، یاوەرەکەم بەشوفێرەکەمانی وت، لە پێش ئەو کۆشکە بوەستە و پارەی چوونە ژوورەوەی شارەکە بدە، لە ئۆتۆمۆبێلەکە دابەزیم بەتوندی شادورەکەم لە قەدم گرێ دابوو. ئەو شارە بەوە ناسرابوو ژنان بە شادوری ڕەشەوە چاک خۆیان دادەپۆشن، ئەو شارە ژنان و پیاوان بۆ (سیغە)کردن زۆر رووی تێ دەکەن، ژنان بەرامبەر بەپارەیەکی کەم بۆ بژێویی ژیانیان دێنە ئەو شارە پیرۆزە، بۆ نووستن بۆ ماوەیەکی کورت و بەشێوەی سیغە، خۆشی دەدەنە ئەو پیاوانەی کە زۆر بۆ ئەو مەبەستە دێنە ئەو شارە، بۆیە ئەو شارە بەشاری ڕابواردن و زیارەت دەناسرا، بێجگە لە سیغە لەو شارە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران و مامۆستایان و پیاوانی بیرۆکراتی تێدایە. دواجار کە چوومە ئەو شارە چەند مانگێک بوو ڕۆژنامەی زن داخرابوو.

بەنیاز بووم ماوەیەک بۆ (١٠) ڕۆژ لە ئێران دوور بکەومەوە و بچمە ئەمەریکا، دەمزانی چوونم بۆ قوم باش نەبوو، چونکە ڕۆژنامە ریفۆرمخوازەکان ڕەوشیان باش نەبوو، بەرەو نەمان و لەناوچوون دەچوون، زۆربەی کارمەندەکانیان بێ کار و سەرمایە دەمانەوە، ئەو ڕاپۆرتەی من خەریکی بووم خێری زۆری بۆ من هەبوو، بۆیە نەدەکرا دەستبەرداری بم، یان دوای بخەم، تۆمار و سەربردەی زۆر لەو جۆرە ژنانەم نووسیبووەوە، بەهۆی فائیزە یان ڕۆژنامەیەکی دەرەوە بواری بڵاوکردنەوەی بدۆزمەوە.

## لە گۆڕستانی شێخان

بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەی ڕیپۆرتاجەکەم چوومە ناو گۆڕستانێک لەناو حەوشەی مزگەوتێکی کۆن لە ناوەڕاستی شار، ئەو گۆڕستانە لە مەرقەدی مەعسوومەکان دوور نەبوو، ساڵانە بە شەپۆل خەڵکی زیارەتی دەکەن، ژنان لەسەر ئەو مەزارەدا ڕەشپۆش دادەنیشن، لەناو شادورەکانیان لوول دەدرێن، تەنیا دەست و چاوان ئەگەر بەزەحمەتی بەدی بکرێن، بەهێمنی دادەنیشن، لە چواردەورەی مەرقەدەکە خوێندکاری تەمەن گچکەش کۆ دەبنەوە، بە عەبا و مێزەرەکانیانەوە دەسوورێنەوە، چاو دەگێرن، دیاربوو لە شتی تازە چاو دەگێرن، روویان بە هیوا و ئومێدەوە

دەگەڕاند، وەک لە سەیران و شادی بن.

ئەگەرچی لە ناوچەکەدا چەندان وێنەی شەهیدانی شەڕی ئێران - عێراق، هەڵواسرابوو، بەڵام ئامادەبووانی چاویان لە کەسە زیندووەکانی شوێنەکە دەگێڕا، لەو ناوەش کوڕێک سەتڵێکی ئاوی بەدەستەوە بوو ناوچەکەی دەشووشت، چاویشی لە نەفەرێک دەگێڕا، ئەگەر کارێکی هەبێت، تا ئاسانکارییەکی بۆ بکات.

## یەک نیگا

من پێویستم بە ئاسانکاریی کەس نەبوو، من پێناوم نەدەویست، من خۆم بۆ لای ژنەکان دەچووم، لە ژنێکی تەمەن نزیک ۳۰ ساڵێک نزیک بوومەوە، دیارە قژی بە بۆیەیەکی هەرزان بۆیە کردبوو، لەناو بلووزە ڕەنگکراوەکەیدا سینگی بەکراوەیی دەبینرا، لە ئاکاریەوە دیاربوو لادێیی بوو، کە ژنێک لەو ناوە زۆرتر دەموچاوی دەردەخست، نیگایەکی دەنارد، گەنجە کوڕەکان زۆرتر جووڵەیان دەکەوتە ناویّ، کوڕەکان لێویان بە دوعاخوێندنەوە دەجووڵاند، بەڵام چاویان هەر لەلای ژنەکانەوە بوو، چاک دیقەتیان دەدایە گەردەنی ژنەکان، ئەگەر بەدەرەوە بووایە، بۆ پیاوان ڕەوا بوو لەو ژنانە نزیک بکەونەوە، یەکێکیان لە ژنێکی تەمەن ۲۰ ساڵان نزیک کەوتەوە، یەک نیگا بەسە بۆ گەیشتن و هەڵبژاردن، بەو بوارە خێرایە شتەکان بەش دەکات.

## خەم و پێویستییەکان

ژنێکم دۆزییەوە، ناوی میهری بوو، کە قسەم لەگەڵ کرد رازیم کرد بێتە دەرەوە، لەناو گۆڕستانەکە دەرم هێنا، ئەگەرچی لە پیاوەکان دەترسا، بەڵام هاتە دەرەوە و دڵی خۆی کردەوە، نهێنییەکانی هەڵڕشت، پیاوەکان بەچاوی رقەوە نیگایان لێ دەکرد، بەڵام من دڵنیام کردەوە هیچ نییە، شتەکان ئاساییە، ئەو وتی لەو کوڕە گچکانە ترس هەیە.

کە هاتینە دەرەوە ئارام بوو، وتی بەناچاری خۆم دەفرۆشم، من ناچارم، مێردەکەم لۆریی لێ دەخوڕی، دوو ساڵ پێش ئێستا بەکارەساتێک مرد، من تەنیا لەگەڵ ئەو منداڵانە ماومەتەوە، بژێوی بۆ حەوت منداڵ و کیژە پارچەلە ڕواڵەکەم ئاسان نییە، ئەو پارەیەی کە لە تەون پەیدای دەکات هیچ نییە بەشی چیمان دەکات، هەفتانە بەو پاسانە سێ جار دێمە قوم، کە قسەم لەگەڵ دەکرد تەماشایەکی شوفێرەکەمی کرد، تێی گەیاند ئەگەر دەتەوێت، من ئامادەم.

دیاربوو پێویستی و خەم چاوەکانی تژی کردبوو، ئەو وتی، هاوینە وەرزی گەشتیارییە، رۆژانە سێ مێرد دەکات، سێ جار بەشێوەیەکی کاتی شوو دەکاتەوە. خەڵکی ئەو ناوچەیە پارەی کەم دەدەنێ بێگانە و میوانەکان باشتر و زۆرتر پارە دەدەن. منیش لێم پرسی، باشە ئەو کارە لە کوێ دەکەن، لە کوێ لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کۆ دەبنەوە، ئەو مێردانەتان لە کوێ لەگەڵتان دەخەون، ئەویش وتی:

ئەگەر ئەو پیاوانەی ئێمە بۆ ماوەیەکی کورت مێردیان پێ دەکەین، خانوویان هەبێت، ئەوە بەختیارین، ئەگەرنا دەچینە ناو گۆڕستانە نوێیەکە.

## با و گەردەلوول:

گۆڕستانە دوورە کۆنەکە بەگەردەلوولێکی رەش، بەهەورێکی تاریکی با و تۆز داپۆشراوە، کێ ڕوو لەو گۆڕستانە دوورە دەکات، کەس نایەتە سەرقەبران، ئەوانەی دێن تەنیا ماوەیەکی کورت و کەم دەمێننەوە، ئەو ژنانە بۆ یەک جار نووستن بۆ پارە کەمەکە دێن، لە بری هەر مانەوەیان لەگەڵ پیاوێک لەناو ئەو گۆڕستانەدا تەنیا ٢٠ تا ٤٠ هەزار ریال وەردەگرن، کە دەکاتە تەنیا دوو تا چوار دۆلاری ئەمەریکایی، کە ژنێک لێرە ئەو شوێنە ناخۆشە لەسەر ئەو تەختە ڕەقانە و لەبن ئەو پارچە شەرشەفە لەگەڵ پیاوێکی بێگانە و بە سیغە دەنوێت، ئەو پارەیە وەردەگرێت، دەگەڕێتەوە تا پیاوێکی تر بدۆزێتەوە، بۆ پارەیەکی تر، پیاوەکانیش بۆ ژنێکی خەمباری تر، دەگەڕێنەوە شاری قومی گەشتیار و پیرۆز.

ئەو ژنانە ئەو کارە بەدەستی مەلایەک پیرۆز دەکەن، کە ژنەکە داوای کرد، ئەوە پیاوەکە ئامادەیی نیشان دەدات، هەر ژنێک کە دڵنیابوو دووگیان نییە، بۆ هەر مێردێک کە دەیکات، دەبێ تا ماوەی چوار مانگ بچێتە ناو (عدە)وە. بەڵام زۆر لە ژنان ئەوانەی بۆ پێویستی ئەو شووکردنە کاتییە دەکەن لەسەر ئەوە ناوەستن، چاو لە مەرجە شەرعییەکان دەپۆشن، چونکە بۆ پارە پەیداکردن هیچ ئەگەر و بژاری تریان لە پێشدا نییە. ئەو ژنانە بەو شێوەیە و دوور لە چاوی هاوسێیەکانیان رۆژانە پارەیەک بۆ منداڵ و خۆشەویستەکانیان دەهێننەوە، دیارە کەسیان پێویستییان بەوە نییە لەشفرۆشی بکەن، ئەگەر پێویست نەبن، ئەوەش بەپێچەوانەی هەموو ئەو ژنانەیە کە لە سەرانسەری جیهاندا کاری لەشفرۆشی دەکەن، کە جەستەیان بۆ فرۆشتن و هێنانی کڕیار دەخەنە دەرەوە، نمایشیان دەکەن، چونکە ئەو ژنانە خۆیان بە شادورەکانیان دەپۆشن، تا خۆیان لە شوورەیی و شەرم دوور ڕاگرن، بەڵام لەناو گۆڕستانەکاندا هەست بەدڵنیاییش دەکەن، مەترسییان لەسەر نییە، بۆیە میهری هاوڕێیەکەم وتی:

ماڵی مردووەکان شوێنی ئارامی ئێمەیە.!

***

لە ٢١/ ٧/ ٢٠٠٧ تا ٦/ ٨/ ٢٠٠٧ بە زنجیرە لە رۆژنامەی ئەلقەبسی کوێتی بڵاو کراوەتەوە.

# نامەی دڵداریی
# کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

ئەو نامە کورتانە، دێری سووتان و پەیامی دڵسۆزی ئەڤین و دڵدارییە، نامەکان لەلایەن کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان بەهەردوو رەگەزەوە نووسراون. مەبەست لە سازکردنی ئەو کورتەنامە تۆماری دڵسۆزییە، باسکردنی بالادەستی و شکۆداریی خۆشەویستییە.

### کەسایەتیی یەکەم
### پاشا هنریی هەشتەم

پاشای ئینگلتەرا لە سەرەتای ژیانیەوە تا دوا هەناسەی (١٥٠٩ تا ١٥٤٧) بەدوو مەسەلەی دیارەوە زۆرتر لە مەسەلەکانی تری دەناسرا، یەکەمیان، ئەو لە دەستوور و پرەنسیپەکانی کڵێسای ڤاتیکان دەردەچێت و ژنی یەکەمی (کاترین ئۆف ئاراگۆن) تەڵاق دەدات، گوێ ناداتە کۆتەکانی باوی ئەو دەمانەی ڤاتیکان، پاش ئەوەی لەو ژنەی جیا دەبێتەوە و کە دیمانەی (ئان پۆلین) دەکات عاشقی دەبێت و پرۆسەی هاوسەرکاریی لەگەڵدا دەکات.

خاڵی دووەمی ناوازەی ئەو پاشایەش ئەوە بوو، ئەو شەش جار ژن دەهێنێ، تا ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی بەیەکجاری بکات، پاشاکە بڕیار دەدا لە کڵێسا داببڕێت، بڕیار دەدات کڵێسایەکی تایبەت دامەزرێنێ و ناوی بنێت کڵێسای ئینگلیزی، تەنیا مەبەستیش لە دامەزراندن و ڕاگەیاندنی ئەو کڵێسایەش ئەوە بوو، تا دژی بڕیارەکانی ڤاتیکان بوەستێ و ژنهێنان و تەڵاقدانەکان ئارەزوومەندانە بکات، چونکە ئەو حەوت ساڵ کۆششی لەگەڵ ڤاتیکان کردبوو تا بواری بدەن ژنەکەی تەڵاق بدات و (ئان)ی دۆستی بگوازێتەوە، چونکە ئەو وەک دۆستێک رازی نەبوو لەگەڵیدا، ژووان بکات و بەو شێوەیە مەرامەکانی تێر بکات.

که له کڵێسای کاسۆلیک بێ هیوا دەبێت، لەو کڵێسا جیا دەبێتەوە و کاترینی ژنی بەو بڕیاری کڵێساکەی خۆی تەڵاق دەدات، ژنە خۆشەویستەکەی بەو دەستووره نوێیەی کڵێساکە دەهێنێت، ئان له ساڵی ١٥٣٣ دەبێتە هاوسەری نوێی ئەو. لەو ژنەش دوو کیژی دەبێت، که پاشان ئەلیزابێتی کیژی، دەبێتە پاشای ئینگلتەرا و نازناوی ئیلیزابێتی یەکەم وەردەگرێت.

هنری بەو ژنەش دڵی داناکەوێت، له ساڵی ١٥٣٦ حەز له یەکێکی تر دەکات، بۆیه تا ئان دەربکات و لێی جیا بێتەوە، تۆمەتی زینا و داوێنپیسیی لەگەڵ چەند پیاوێکدا بۆ هەڵدەبەستێت، لەوانه جۆرجی برای و فسیکونت روتشفۆرد، بۆیەش ژنەکە دەگیرێت و له تاوەری لەندەن سەری پەل دەدرێت. دیاره ئەوانەی بەو دۆسیەش تاوانبار کران، هەر هەمان چارەنووسیان دەبێت، پاش ١١ رۆژ لەو رووداوه هنری پرۆسەی هاوسەرکاری لەگەڵ جین سیمور دەکات. له دوا ڕۆژەکانی ئەڤینە گەرمەکەیان ئان ئەو نامەیەی له هنرییەوه پێ گەیشتووه.

## نامەکەی هنری

بۆ ئان پۆلین، دۆست و هاوڕێیەکەم

من و دڵەکەم دەخەمە بن دەستەکانت و دەپاڕێمەوه تا بتوانین ڕەزامەندیی تۆ بەدەست بێنین، هیوادارم دووریمان هۆکار نەبێت، له سستکردنی هەست و سۆزم دەرهەق به تۆ. دیاره ئەوەش خەمەکانم زۆرتر و گرانتر دەکات، لەبەرئەوەی دووریيەکەمان له یەکتری، ژانێکی مەزنه، بۆیه هەست دەکەم ئەوەیان، دەبێتە زیانێکی مەزن، ئەوەش ڕاستییەکەم له زانستی فەلەکناسی بەبیر دەهێنێتەوه، که وتوویەتی:

هەرچەند مەودای نێوان خۆر و هەردوو جەمسەری دنیا زۆرتر دەبێت، پلەی گەرما بەرز دەبێتەوه، گەرماییەکە زۆرتر دەبێت، نەک بەپێچەوانه. ئەوەیه ڕاستیی ئەڤینەکەمان، که لەیەک دوورین و دیمانەمان نییە، گەرمایەکی بەکوڵ پەیدا دەبێت، بەتایبەتی من لەلایەن خۆمەوە، وا هەست دەکەم و هیواداریشم تۆش هەمان سۆز و سووتانت بەرامبەر من هەبێت. من دەتوانم ئەوه نیشان بدەم کەوا، ژان و ئازارەکانی دووری، نەگەیشتن به تۆ چەند مەزنه، ئەگەر لەوەیان دڵنیا نەبوومایه تۆش بۆ من زۆر سۆزداریت و ئەوه بەرگریم نەدەدما.

تا تۆ هەست بکەین من چەند بەگەرمییەوه له تۆ نزیکم و ئەوەشت بەبیر دەهێنمەوه، کەوا من زۆر لارم کە له تۆ دوور بم، تا دڵت خۆش بکەم و دڵنیات بکەمەوه کەوا، من لەگەڵ تۆم، وا من یەکێک له شتە خۆشەویستەکانمت بۆ ڕەوانه دەکەم و هەر ئەوەندەشم له دەست دێت، ئەویش وێنەی خۆمە، تۆش دەزانی ئەوەیان چەند گرانبەهایە، هیوادارم بمتوانیبووایه له جیاتیی ئەو وێنەیه خۆم لەلای تۆ دەبووم.

ئەوەش لەلایەن خزمەتکار و هاوڕێ دڵسۆزەکەت

هە. ر.

## کەسایەتیی دووەم

## مۆزارت

مۆزارت لە ساڵی ١٧٦٥ لە وڵاتی نەمسا لەدایک بووە و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا، وەک منداڵێکی موعجیزە ناوی دەرکردووە، ئەو لە ژەنینی پیانۆدا بەهرەدار بووە و بۆیەش ناودارییەکەی، دەگاتە کۆشکی ئیمپراتۆریەت و شەرەفی ئەو پلە مەزنە، لەو پێگەیەدا بەدەست دەهێنێت. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەتوانێت سیمفۆنیایەکی تەواو ساز بکات، ئەگەرچی بەگەنجی و لە تەمەنی سی و پێنج ساڵی و لە مێژووی ٥ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ناوبانگی و هونەرەکەی شکۆدار بووە. بەرهەمەکانی، لەسەر ئاستی مۆزیکی کلاسیکی کە ژمارەیان دەگەیشتە ٦٣٩ کاری داهێنەرانە، دەگاتە لووتکەی بەرزی داهێنان و لەسەر هەموو ئاستەکاندا شکۆدار دەبێت.

ئەو لە ساڵی ١٧٨٢ لەگەڵ کۆنستانتس ویبیر پرۆسەی هاوسەرکاریی کردووە، لەو ژنە شەش منداڵی بووە، بەڵام چواریان بەساوایی مردوون. مۆزارت بە چەندان بەهرە ناودارە و دەناسرێتەوە، لەوانە ئەو بە منداڵی گوێی لە بۆڕەی بەراز بووە، بەو دەنگەی وتووە ئاوازی (سۆل بیمۆل)، ئەوە و بێجگە لە بواری مۆزیک ئەو لە قسەکردن و ئاخاوتن زۆر کراوە بووە و زمانی زۆر دەوڵەمەند و پاراو بووە، لەوانە نامەی جوانی بۆ خوشکەکەی خۆی نووسیوە، ئەوانەش بەشێکن لەو نامانەی بۆ کۆنستانتسەی هاوسەری نووسیوە.

***

## نامەکانی مۆزارت

### لە ١٦ی ئەپریلی ساڵی ١٧٨٩

هاوسەرە وردیلەکەم، ئەی ژنە خۆشەویستەکەم

هیوادارم و زۆریش لێتان دەپاڕێمەوە کە پێوەستی ئەو رێنوێنییانە بن:

١- هەرگیز دڵتەنگ مەبە.

٢- تکایە بایەخ بەسیستەمی تەندروستیی خۆت بدە و لە سروەی بەهاری ساردیش خۆت بپارێزە.

٣- بەتەنیا پیاسە مەکە... وا باشە هەرگیز نەچیتە دەرەوە.

٤- تکایە سەبارەت بەخۆشەویستییەکەی من بەرامبەر بە تۆ، هەرگیز ترست نەبێت و بڕوای تەواوت بەوەیان هەبێت، لەودەمانەی من ئەو نامانەت بۆ دەنووسم، تۆ بەردەوام لە بەرامبەر من دیاری و ئاکارت لە من بزر نابێ.

٥- تکایە لە هەموو بوارەکاندا، زۆر پەرۆشی پاراستنی شەرەفی خۆت و من بە، باش پارێزگارییان

بکە، هەروەها بایەخ بەفۆرمی خۆت بدە، تکایە لەو قسانەش زویر مەبە، بەو تکایەشم توورە مەبە و بەپێچەوانە من چاوەڕوانت دەکەم، من زۆرترین ئەڤین لەگەڵ تۆدا دەکەم و زۆریش ڕێز لە شەرەفی هەردوولامان دەگرم.

٦- دوا تکام وایە بەردەوام بەنامەکان ئاگەداری وردەکاریی ڕۆژانەکانتم بکەوە، ئاخۆ بنەماڵەی لانگ بەردەوام سەردانتان دەکەن...؟ ئەو پۆرتریتە کۆتاییی هات...؟ ڕۆژانە چی نوێ لە بەرنامەی ژیانتدا هەیە...؟ ئەوەی شایانی باسە، ئەوەیان زۆر مەبەستمە و زۆریش بەگرینگەوە بایەخی پێ دەدەم.

ئا. مۆزارت

***

لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٧٩٠ بەو چەند دێرە کۆتاییی بەنامەیەکی تری بۆ هاوسەرەکەی هێناوە:

من لە نووسینی ئەو نامەیەدا لە دوا لاپەڕەدام، لەگەڵ نووسینی ئەو دێرانە، ریز ریز فرمێسکم دەڕژێتە سەر نامەکە، دەبێ من دەسکەوتم هەبێت، ناکرێ بێ دەسکەوت دەربچم، دەبێ شتێک وەرگرم! لەودەمانە ژمارەیەکی زۆر لە ماچ لەسەر سەرم سەما دەکەن، وا دەبینم ژمارەیەکیان لە گۆشەیەکدا خۆیان مات کردووە.. ها ها وا سێیانم دەسکەوت، ئای کە تامیان خۆشە، مممم ... ئەوەیان زۆر خۆشە و ئەو سێ ماچەش زۆر بەتامن...

(ئادیو) ماڵئاوا ئەو کەسەی زۆر لە دڵمەوە نزیکیت، هاوسەرەکە، وردیلەکە، بەنازەکەم، تکایە، زۆر ئاگەداری تەندروستیی خۆت بە، نەکەی جورئەتی وا بکەیت، بەپیادەیی بچیتە سەنتەری شارۆکەکە، لە ماڵە نوێیەکەمانەوە بۆم بنووسە..

ئادیو! یەک ملیۆن جار ماچت دەکەم.

ئا مۆزارت

***

لە ڕۆژی ٦ی مانگی یۆنیۆی ساڵی ١٧٩١ کە ژنەکەی لە ڤیەننا لە نەخۆشخانە و هەوارگەی پشوودان لە بادین بووە، مۆزارت ئەو نامەیەی نووسیوە:

لەودەمانەدا پەیامە خۆشەویستەکەی تۆم بەدەست گەیشت، کە تێ گەیشتم تۆ تەندروستیت زۆر باشە و بەرەو چاکبوونەوە دەچیت، من زۆر بەختیار و کامەرانم، دڵشادم کە زانیم ورەت بەرزە، زۆر خۆشە دیارە کەوا ئارەزووی خواردنت کراوەتەوە و باش دەخۆیت، واباشە زۆریش بڕۆیت، بەڵام حەز دەکەم بەتەنیا و بەبێ من زۆر بڕۆیت، داواکارم چۆن دەڵێم بەو شێوەیە، هەموو ڕێنوێنییەکانم جێبەجێ بکە، چونکە هەموویان لە دڵمەوە هەڵقووڵاون.

ئادیو.. ماڵئاوا خۆشەویستەکەم، ماڵئاوا ئەڤینە تاقانەکەم.

سێ هەزار وردەماچ بەرامبەرت باڵەفڕە دەکەن، چاوەڕوانی یەکێک دەکەن یەکێک بیانگرێتەوە... گوێ لە من بگرە، کە من بەچرپە قسەیەکت پێ دەڵێم، هەمان کاتیش تۆ بەگوێیەکانمدا قسەی شیرین دەچرپێنیت، بوارم بدە، با لێوەکانم بجووڵێنم، بەیەکتری بڵێین (بلامبی سترومبی)! دەزانی بلامبی سترومبی چییە...؟ دەزانم چییە. ئەوە چییە، ئەوە هەموو ئەو شت و چرپانەیە، کە تۆ هەستیان پێ دەکەیت. ئادیو هەزار ماچت بۆ ڕەوانە دەکەم، هەزار ماچی ناسک لە منەوە بۆ تۆ.

هەتا مردن.

مۆزارت

***

## کەسایەتیی سێیەم

## تشارلۆت برونتی

تشارلۆت کە بەنازناوی برونتی مەزنتر بووە و یەکێکە لە ژنە ڕۆماننووسە کۆنەکانی ئینگلیز و بە ڕۆمانی (جین ئایر) ناسراوە. ئەو لە سورنتون لە هەرێمی یورکشایر لە ساڵی ١٨١٦ لەدایک بووە، ئەو سێیەم منداڵی قەشەیەک بووە، کە شەش منداڵی هەبووە. باوکە بەڕەچەڵەک ئێرلەندایییەکەی ناوی پاتریک برونتی و دایکی ناوی ماریا برونویل بووە.

برونتی لە ساڵی ١٨٤٢ لەگەڵ ئیمیلی خوشکی بۆ خوێندن سەفەری برۆکسل دەکات، لەوێش هەست بەتەنیایی و نامۆیی دەکات، کە هەست دەکات یەکلایەنە حەز لە مامۆستاکەی پرۆفیسۆر کۆنستانتان ئایگیر دەکات، زۆریش خەمگین دەبێت، کە دەزانێت ئەو ژنی هەیە. لە مانگی یۆنیۆی ساڵی ١٩٥٤ کە لە مامۆستاکەی بێ هیوا دەبێت، شوو بەکارمەندی کڵێسا ئاسەر بیل نیکۆلاس دەکات، بەڵام کە دووگیان دەبێت تەندروستیی تێک دەچێت و بە نەخۆشیی سیل دەمرێت، دەڵێن نەخۆشییەکەی پێش منداڵبوونەکەی بووە، لە ساڵی ١٨٥٥ مردووە.

ئەوەش بەشێکە لە نامەیەک لە ساڵی ١٨٤٥ بۆ مامۆستاکەی نووسیوە.

***

### نامەی برونتی بۆ مامۆستاکەی مسیو

هەژارەکان بۆ تێربوون و دەربازبوونیان لە مردن زۆریان ناوێت، ئەو پارچە نانەیان بەسە، کە لەسەر خوانی دەوڵەمەندەکانەوە بەردەبێتەوە، بەوەندە دەکرێ ئەوان بژین، بەڵام ئەگەر لەوانەش بێبەری کران، ئەگەر ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبینرا، بێگومان لە برساندا ڕەق دەبنەوە و دەمرن، منیش تەنیا ئەوەندەم دەوێ، ئەوانەش تێرم دەکات، کە لە هەستی ئەوەی لە خۆشەویستەکەمەوە

بەرم دەکەوێت، ئەوەی منی خۆش دەوێت. من نازانم بەڕاستگۆیی چ بکەم، من لەو جۆرە ڕاستگۆییە ڕانەهاتووم، کە من لە برۆکسل خوێندکاری بن دەستی تۆ بووم، کەمێک ناز و چاوم لە تۆوە دەبینی، بەڵام ئەو برە کەمەش بۆ من زۆرە... من خۆم بەو بەشە کەمەوە دەگرم، وەک چۆن دەست بە ژیانەوە دەگرم.

تشارلۆت برونتی

***

## کەسایەتیی چوارەم

## ناپلیۆن

ناپلیۆنی عاشق و جۆزفینی ژنە ئیمپراتۆر

ناپلیۆن ئەو سەرکردە مەزنە، لە دوورگەی کۆرسیکا لە ساڵی ١٧٦٩ لەدایک بووە، زووتر ئەو دوورگەیە سەر بەفەرەنسا نەبووە، بۆیە ڕەچەڵەکی ئەو دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی ئیتاڵیایی، کە قسەشی کردووە فەرەنساییەکەی بۆنی ئیتاڵیاییەکەی پێوە بووە، ئەو لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە، دەچێتە قوتابخانەیەکی سەربازیی فەرەنسایی، لە ساڵی ١٧٨٤ خوێندنە سەرەتاییەکەی تەواو دەکات و دەچێتە کۆلێجی دەریایی پاشایەتی لە پاریس، خوێندنە دوو ساڵییەکەی لەوێ بە یەک ساڵ تەواو دەکات، ئەوەش نیشانەی بەهرەداری و زیرەکیی ئەو دەردەخات، بۆیە لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە ژیانە مەزنەکەی دەست پێ دەکات.

زۆر لە کەسە نزیکەکانی ناپلیۆن ڕقی ئەستووریان لێ بووە و دژایەتییان کردووە، هاوکات هەر ئەو کەسانەش ڕێزی زۆریان گرتووە. کە سەبارەت بەو پرسیاریان لە دۆق ویلینگتۆن کردووە، کە ئەو سەرکردە سەربازییە ئینگلیزەی، لە شەڕی واترلۆدا سوپاکەی ناپلیۆن دەشکێنێ و یەکێک بووە لە سەرکردە دیارەکانی ئەو زەمانە، ئەو لە وەڵامدا بۆ پێناسەی ناپلیۆن وتوویەتی، یەکێکە لە کەسە مەزنەکانی دوێنێ و ئێستا و لە داهاتووشدا هەر بە مەزنی دەمێنێتەوە.

ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٩٦ پرۆسەی هاوسەرکاری لەگەڵ جۆزفین دویوارنی کردووە، ئەوەی ناوی پێشووتری ماری جۆزیف ڕۆز بووە، بەڵام ناپلیۆن ناوی نابوو جۆزفین، ئەو ژنە یەکێک بووە، لە کەسایەتییە ئورستقراتییەکان، لەو دەمانەدا باری لار بووە و پێویستی بەپشتیوانی هەبووە، کە لە دوورگەکانی مارتنیکی کۆلۆنی فەرەنسایی بووە، لە لێقەومانەوە دەستی هەردوو منداڵەکەی، کە لە مێردی پێشووی هەیبوو دەگرێ و دێتە پاریس.

ناپلیۆن پاش ئەوەی ئەو دەبێتە هاوسەری و لەبەر هەڵمەتە سەربازییەکانی دوور دەکەوێتەوە و لە ئیتاڵیا دەمێنێتەوە، سێ نامەی بۆ ژنەکەی نووسیوە، نامەی چوارەمی لە مەیدانی شەڕی نەمسا و لە ساڵی ١٨٠٥ نووسیوە، لە نامەکانیدا ناپلیۆن خۆی وا نیشان داوە، کەوا زۆر شەیدای ژنەکەی

بووە و ئاکارە جوانەکەی ئەو شەیدای کردووە، کە تێدا بە ئاماژەی رەسمیی نێوان کەسانی نەناس لە جیاتیی زاراوەی کەسایەتیی عاشق بەکار هێناوە، لەو نامانەدا ئەو سەرکردە سەربازی و شەڕزانە، دیارە کەوا چەند بەهرەی ئەدەبیی هەبووە و بەوردی و بەجوانی باسی ژانەکانی سووتانی دڵی کردووە.

بەڵام مێژوو ئەوەی سەلماندووە و هەردوولا بۆیان روون بووەتەوە هەردوولا خیانەتیان لە یەکتری کردووە، دیارە کەوا ژنەکە لەناو خۆشیی دەسەڵات و ڕابواردنەکانیدا ژیاوە و بۆ مێردەکەشی روون دەبێتەوە کەوا ناتوانێت منداڵێک بۆ تاجی مێردەکەی پەیدا بکات و منداڵی نابێت، بۆیەش ناپلیۆن ژنەکەی تەڵاق دەدات، لە ساڵی ١٨١٠ لەگەڵ ئەرشدوقەی نەمسا ماری لۆیز پرۆسەی هاوسەرکاری دەکات، ناپلیۆن لەو ژنە کوڕێکی دەبێت کە پاشان ئەو کوڕە بەناوی ناپلیۆنی دووەم دەبێتە پاشای ڕۆما، کە ناپلیۆن جۆزفین تەڵاق دەدات، بڕیار دەدات بارەگەیەکی تایبەتی بۆ کۆنە ژنەکەی لە نزیک پاریس دروست بکەن، تا مردنی لە ساڵی ١٨١٤ هاوڕێیەتیی گەرمیان لە نێواندا هەبووە.

***

## نامەی یەکەمی

### ناپلیۆن بۆ جۆزفین لە میلانۆوە

ئەو نامەیە لە ڤیروناوە رەوانە کراوە و لە رۆژی ١٣ی نۆڤمبەری ساڵی ١٧٩٦ نووسراوە.

من وەک جاران تۆم خۆش ناوێت، بەپێچەوانە رقم لە تۆیە، تۆ کەسێکی بەدکاری و کاڵفامی منداڵانەی، چونکە ئامادەییت نییە، نامە بۆ خۆشەویستەکەت بنووسیت و بەسەری بکەیتەوە، خۆشەویستیی لەگەڵدا ناگۆڕیتەوە، تۆ باشیش دەزانی، من لەو جۆرە نامانەی تۆ هەوەسی زۆر وەردەگرم و وشەکان مەستم دەکەن، چ دەبێت ئەگەر شەش دێرمان بۆ بنووسیت، با نووسینەکە هیچ مانایەکیشی نەبێت...؟

کە نامەیەک نانووسیت مادام، تۆ ڕۆژانە خەریکی چیت...؟ چ لەمپەرێک هەیە بوارت نەبێت نامەیەک بۆ دڵسۆزەکەت بنووسیت، بۆ بە نامەیەک عاشقە سووتاوەکەت بەسەر ناکەیتەوە...؟ پرسیار دەکەم دەبێ چ شتێک جێگەی ئەو ئەڤینەی لەناو دڵی تۆ گرتبێتەوە، کە ماوەیەکی زۆر بەڵێنت بەدڵسۆزی ئەو پەیمانە دابوو...؟ دەبێ ئەو دۆستە کێ بێت، ئەو بۆشاییەی پڕ کردبێتەوە، ڕۆژانەت وەک دەسەڵاتدارێکی بە زەبر بەڕێوە ببات، وای کردووە بواری ئەوەت نەبێت ئاوڕێ لە هاوسەرەکەت بدەیتەوە...؟

جوزفین وریا بە، ڕۆژێک من ئەو دەرگەیە دەشکێنم و نهێنییەکە دەدۆزمەوە و من ئامادە دەبم... لە ڕاستیدا من نیگەرانم، هاوڕێ خۆشەویستەکەم، نیگەرانم لەوەی هیچ هەواڵی تۆ نابیستم، دەی هەڵسە و نامەیەکی چوار لاپەڕەییم بۆ بنووسە و دێرەکانی تەژی بن، لەو قسانەی دڵم کامەران

دەکەن، ئارامیم دەداتێ، هیوادارم بتوانم لە ئامێزت بگرم، تۆم لەناو باوەشدا بیت و بە یەک ملیۆن ماچی گەرم، وەک گەرماییی خۆری ناوچەی مەدار ماچبارانم بکە.

پۆناپارت

***

## نامەی دووەم بۆ جۆزڤین لە جەنوە

ئەو نامەیە لە میلانۆوە ڕەوانە کراوە و لە ڕۆژی ٢٧ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٧٩٦ لە سەعاتی سێی نیوەڕۆ نووسراوە.

من دەگەمەوە میلانۆ و بەپەلە بەرەو شوقەکەت ڕادەکەم، هەموو شتەکانی ناو دەستم فڕێ دەدەم و تۆ لە ئامێز دەگرم... بەڵام تۆ لە کوێیت... من دەپرسم تۆ لە کوێیت...؟ تۆ بەردەوام سەرقاڵی ئاهەنگەکانی شارەکانی ئەوروپایت، لە هەموو ئەو ئاهەنگانەدا سازیت. دەزانم کە من گەیشتم تۆ لەوێ نیت، وا دیارە ناپلیۆن لەلای تۆ، وەک جاران بایەخی نەماوە، لەبەرئەوەی تۆ بەردەوام زەوقت دەگۆڕێت، لەو گۆڕانەدا دۆستی تر دەدۆزیتەوە و داوای تری ئەڤین شەیدای کردوویت، بۆیەش لەبەر دۆزینەوەی لایەنی تر زۆر هۆشتان لەلای من نەماوە، من لە دۆزینەوەی هەڵەکان پسپۆڕ و پزیشکی دۆزینەوەی نەخۆشییەکانی ژیان و خەمەکانم.

من لە ئەنجامی ئەو پێشهاتەدا ئازاری زۆر دەخۆم و زۆریش دەمبرژێنێت، دیارە کەوا مافی ڕەوای خۆمە، نەبمە نێچیری ئەو ڕووداو و پێشهاتانە، من تا ئێوارەی ڕۆژی نۆیەمی ئەو مانگە لێرە دەمێنمەوە، ئەوەش لە خۆشی و ڕابواردنەکان دوورت ناکاتەوە، من وا دەزانم سەرفرازی لە پێناوی تۆ ساز کراوە، هەموو جیهانیش دەستەوەستانە تا تۆ ڕازی بکات، بەڵام ئەوەی لەو رەوشەدا دڵتەنگ و نیگەرانە هاوسەرەکەتە، من تا دوا خاڵی سنوورەکان بێزارم.

پۆناپارت

***

## نامەی سێیەم بۆ جۆزڤین ١٧٩٦

هیچ ڕۆژێکم بێ ئەڤینی تۆ، تێ ناپەڕێت، هەموو شەوەکانیش، تۆم لە ئامێزە، هیچیش ناکەیت (ئەوە وەک ئەوە وایە، یەک کوپە چا بخۆمەوە)، زۆریش تووڕەییەکان و شکۆ و ویستەکانم ناچارم دەکەن، ڕۆحم لەو ژیانە پرشنگدارە دوور ڕاگرم. لەودەمانەی وەک سەرکردەی سوپایەک، کە لە گەرمەی مەیدانی شەڕێکی دژوارم، تۆی خۆشەویستەکەم جۆزڤین لەناو دڵمدا بوونت هەیە، هەموو هەست و سۆزم لەلای تۆدایە و گەمارۆدات داوم. ئەگەر وەک شەپۆلەکانی ڕووباری ڕوون، بەخێرایی دوور دەکەونەوە و دەڕۆن. من لەودەمانە زۆر بەپەلەم زووتر بگەمەوە لات و دیمانەمان

هەبێت. کە شەوکار دەبم، ئەوەش ماوەیەک من لە تۆ دوور دەکاتەوە، ئەگەر بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت، ئەوەیە کە من بۆم ناکرێ بگەڕێمەوە بۆ دیتنی تۆ.

لەگەڵ ئەو هەموو شتانەدا، کە تۆ لەو دوو نامەی دواییدا منت، بەوشەی ( ڤۆس) بانگ کردووە، ئەوا ئەو وشەیە لە چاوەکانتدا دەبینم! چۆن نووسینی شتێکی لەو جۆرەت لەبیر چووە...؟ تۆ چوار ڕۆژی نێوان بیست و سێ و بیست و شەش، تەنیا یەک نامەشت بۆ هاوسەرەکەت نەنووسیوە، ئای داد لەو (ڤـۆس) و لەو چوار ڕۆژەی کـە تێـیـدا یەک نـامـەی تۆم بۆ نەهاتووە، بۆیە ناچارم ڕوو لە بێهوودەییی جارانم بکەمەوە، هەش بۆ ئەو کەسەی لەوە بەرپرسە! ئەوەی من لە ئاکامدا دەیچێژم، با ئەویش هەمان دەرد وەک سزایەک بیچێژێت. لە دۆزەخیش لەو جۆرە سزایانە قورستر بوونیان نییە، سێ ئاه و ناڵەکان، بەشی بوونی مارەکانی سەر سەریش ناکەن، (ڤۆس) ئاه لەو وشەیە!

وا هەست دەکـەم ڕۆحم قـورســە و دڵم بە ژان و بۆچوون و وردە خـەیاڵەکـان گـەمـارۆ دراوە و دەمترسێنێ، وا دیارە جۆشەکانت تەسک بوونەتەوە. تۆ دەتوانی ئەو زیانەش دەرباز بکەیت، ڕۆژێ دێت تۆ دەتوانیت بەرجەستەی ئەڤینە مەزنەکەی بەرامبەر بە من بکەیت. هەر هیچ نەبێت لەوەیان ئاگـەدارم بکەنەوە، کەوا ڕۆژێک دێ تۆ هۆشیـارم بکەیتـەوە، کەوا من شـایستـەی ئەوەم، ئەوەندە ئازار بدرێم! مـاڵئـاوا هاوسـەر و کـڵـپـەژانەکـانم و هـیـوا و ڕۆحی گـەرمم، ئەوەی ترس و ئـەڤـینی تێـدایە.. ئەوەی هـەست و سـۆزی نـاسکی پێـوە دەبارێت، دەمـبـاتەوە بـاوەشی سـروشت، بەڵام بەجۆشێکی توند و کە بتوانێت وەک برووسک و هەورەتریشقە بەهێز بێت.

من ئەڤـینی نەمـر یان دەربازبوونم لە تۆوە ناوێت، ئەوەی ڕاسـتـە، کـەوا من وا بـەسـادەیی و بە هەموو ئەمانەتەوە ئەوەم وتووە. ئەو ڕۆژەی تۆ بە منت وت:

من وەک جاران تۆم خۆش ناوێت، ئەو قسـەیە دوا پەیمانی ئەڤینی منە و ئەوەش دواڕۆژی ژیانی منـە. ئەگـەر دڵەکـەم توانـای ئەڤـینی مـابێت و نەیکات، من پـارچە پارچەی دەکـەم. جـوزیفین... جۆزڤین، ئەوە بەبیر خۆت بهێنەوە، کە من ڕۆژێک بە تۆم وتبوو:

ئەودەمـانەی تـۆ وەک نـاسکی حـەریر منت خـۆش ویسـتـووە، مـن وا هـەست دەکـەم لەودەمـانە سـروشـتیش بە نێری و بەبڕیاردەری منی خۆش ویستووە. ئەگەر دووبارە منت خۆش دەوێتـەوە و سـۆزت بۆ من مـابێت...؟ ئەوا بمبـوورە ئەی سـۆزی ژیانم، لەودەمـانەدا ڕۆحم بەر شـەپۆلەکـان دەکەوێت و ئەو سۆزانە دەیهەژێنن، کە هەرگیز ئەو سۆزەی تێدا نەبووە. دڵم بەتۆوە ئارامە و لەسەر جێگەیەکی بەژانە و تژییە لە ترس، نەوەک بەرەو ئازاری خەمم بباتەوە، ئەوەش بوارم نادات، ناوت دەرببڕم و بەناوی خۆت بانگت بکەم. من چاوەڕوانی پەیامێکم بەدەستخەتی خۆت. ماڵئاوا... ئاه مـاڵئـاوا! ئـەگـەر منت وەک ئەڤین خـۆش دەوێت، دیارە کـەوا تۆ منت بەپلەی یەکـەم خـۆش ناوێت، ئەوەش حاڵم پەرێشان دەکات!

پۆناپارت

***

نامەی چوارەم بۆ جۆزڤین – لە میونشنەوە

١٩ی دیسەمبەری ساڵی ١٨٠٥

بۆ ئیمپراتۆرە مەزنەکەم

لەو ڕۆژەی سەفەری سترسبۆرگت کردووە، هیچ نامەیەکی تۆم بەدەست نەگەیشتووە، دیارە کەوا کاروانی گەشتەکانت بە بادین و شتوتگارد و میونشنەوە گوزەری کردووە، لەو نێوانەدا یەک وشەم لە تۆوە بۆ نەهاتووە. ئەوەش ڕەزامەندی و ناسکیی لێوە پەیدا نابێت. دیارە هێشتا لە برون ماویت. ڕووسەکان ڕۆیشتن، ئێستا ئاگربەستمان لە نێواندا هەیە. من لەو ڕۆژانە و لەو نزیکانە کاری پێویست دەکەم، ئەوەی لەسەر مە دەیکەم. تۆ لەو پلە بەرزەوە و لەو پێگە مەزنە و بە ێراییش بێت، چاوێک لە کۆیلە گچکەکەت بکە.

پۆناپارت

***

## کەسایەتی پێنجەم

## بیتهۆڤن

بیتهۆڤن: ڕۆحم لەناو ڕۆحتە

لۆدڤیج ڤان بیتهۆڤن بەپردی نێوان مۆزیکی کلاسیک و ڕۆمانسییەت ئەژمارد دەکرێت، لە بەرهەمەکانیدا، پێکهاتەی قووڵی تێدایە و بواری ئەوەی تێدایە، لە چەپۆکی داوونەریتە کۆنەکانی مۆزیکی باوی سەردەمەکەی یاخی بێت.

لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٧٧٠ لە شاری بۆن لەدایک بووە، لە حەوت منداڵ دووەم منداڵی ماڵەوەیان بووە، لەوانە کە بەگچکەیی چواریان دەمرن. لە ساڵی ١٧٩٦ ترپە و ژانێک وا لە گوێیەکانی ئەو دەکات، چیی تر هەستی بیستنی نەمێنێت و تامی خۆشیی مۆزیک نەچێژێت، لە لێدوان و دانوستاندن دووری دەکاتەوە. کە لە ساڵی ١٨٠٢ هەست دەکات ئەو بەیەکجاری هیچ نابیستێ، دوا پەیامی وەک وەسیەتێک بۆ هەردوو براکەی دەنووسێت، کەوا ئەو بەرەو نەمان دەچێت، بەڵام لە ناکاو هەست دەکات دڵی ڕووناک دەبێتەوە و بەرگری پەیدا دەکا، کەوا ئەو دەتوانێت کاری مۆزیکسازی بکات و هەموو لەمپەرەکان ببەزێنێ، بۆیە دەست دەداتە پیانۆ و دەتوانێت ئاشنای ئەو ئامێرە ببێت.

هەرگیز ژنی نەهێناوە و لە ساڵی ١٨٢٧ مردووە، بەڵام پاشان زانرا کەوا ئەو ژنێکی خۆش ویستووە و بەدۆستە ئەبەدییەکەی ناوی بردووە.

ئەگەرچی تا ئیمڕۆش نازاندرێت ناسنامەی چییە و ئەو ژنە کێیە، بەڵام هەندێ لە مێژوونووسان

دەڵێن، ئەو ژنەی بیتهۆڤن شەیدای بووە (ئەنتونی برینتانو) بووە، کە ژنی بازرگانێکی فرانکفۆرت بووە و لە ڤیەننا لەگەڵ ئەودا ژیاوە. بیتهۆڤن لە ژیانیدا سێ نامەی بۆ ئەو ژنە نووسیوە.

***

## نامەی یەکەمی بیتهۆڤن

### بەیانیی رۆژی حەوتەمی مانگی یۆلیۆ

بڕوا بکە هەتا لەم نووسینەشدا، هەست و سۆزم بەرەو تۆ کێشم دەکەن و بۆت دەسووتێم، ئەی دۆستە ئەبەدییەکەم... لێرە و لەوێ لە شادومانیدا بۆت هەڵدەپەڕن، جاروباریش بە خەمگینییەوە چاوەڕوانی قەدەر دەبێت. یان هەتاهەتایە لەگەڵ تۆدا دەژیم، یان ژیانم ناوێت. بەڵێ بڕیارم داوە بەبێ پەروا بڕۆم و لە دووریی تۆدا چاوەڕوانی ئەو ساتە بکەم، کە تۆ دەکەویتە ناو باوەشم، بەوەش دەڵێم لە کۆتاییدا من نەوای خۆم دۆزییەوە و بەیەکەوە کەوتینە ناو ژیان... لەودەمانەدا رۆحم لەناو رۆحت لوول دەدەم، لە فەزای هەموو رۆحەکان، ئەوانەی لە جەستەکانیان دابڕاون مەلە دەکەن.

بەڵێ ئەوە، بەتەواوی خەمگینم دەکات، لەبەرئەوەی تۆش دڵنیا بوویت کەوا من، چەند دڵسۆزی تۆ بووم، بۆیە تۆش خەمبار دەبیت. بێجگە لە تۆ کەس ناتوانێت دڵم پڕ بکات... هەرگیز کەس ناتوانێت! ئەی خوایە نازانم بۆچی ئەو دڵەم ئەڤینی هەڵبژاردووە، ناچار دەکرێت ئەوەی خۆشی دەوێت لێی دوور بێت...؟ بۆچی لە ژیاندا ئازار بوونی هەیە...؟ من لە سایەی ئەڤینی تۆ بوومەتە کەسێکی بەختیار و دڵتەنگ، من لەو تەمەنەدا پێویستم بەجۆرێک لە بەردەوامی و تەنیاییی ژیان هەیە، دەبێ من لەو ژیانەدا، ئەو جۆرە ژیانەم بۆ مەیسەر ببێت، لەو رەوشەدا من بگەمە ئەو پلەیە...؟

مەلائیکەتەکەم... بیستم رەوانەکردنی پۆست، بووەتە پرۆسەیەکی رۆژانە، بۆیەش زوو و بەخێرایی کۆتایی بە نامەکەم دەهێنم تا زوو رەوانەی بکەم و بگاتە دەستت، داواکارم ئارام بیت و هەر ئەمڕۆ وەڵامم بدەیتەوە... هەروەها دوێنێش. ماڵئاوا ئەی ئەو کەسەی لەبەر تۆ من فرمێسک لەسەر روومەتم دەڕوات و سۆزم بۆ تۆ گەرمە! ژیانەکەم تۆ هەموو شتێکی منیت... لە بواری ئەڤینیم لامەدە و بڕوا بەدڵە بەوەفاکەی منیش لە بیر مەکە و بزری مەکە.

لە دڵسۆزت

لۆدڤیچ

هەتاهەتایێ

هەتاهەتایێ

هەتاهەتایێ

***

## کەسایەتیی شەشەم

## ئبیجیل ئادمز

### ئبیجیل ئادمز: ئەڤین و دەسەڵات

ئبیجیل ئادمز (نۆڤمبەر ١٧٤٤- ئۆکتۆبەر ١٨١٨) ئەو ژنە هاوسەری دووەم سەرۆکی ئەمەریکایی جۆن ئادمز بووە، دایکی جۆن کوینسی ئادمزی سەرۆکی شەشەمی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، بەپێی ئەو پلە و پۆستـــەی هەیبـــووە، ئەو بووەتە دووەم خـــاتوونی ئەمـــەریکا و پۆســـتی دووەمیشی، ئەو یەکەم ژن بووە بووەتە خاتوونی یەکەم لە مێژووی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەو بەو پۆستە باڵایە ناودار نەبووە، ئەوەندەی بەو نامانە ناودار بووە کە لە فلادلڤیا و بنسلڤانیا بووە نووسیویەتی، ئەو لەو شوێنانە ئامادەی دیمانەی ١٣ کۆلۆنیلی بووە و پاشان بووەتە بەرپرسی ئیدارەی وڵاتە یەککگرتووەکان، لە ماوەی شەڕەکانی سەربەخۆیی لە بەریتانیا. لەبەرئەوەی نامەکانی ناسک و سۆزدار بوون، رۆحی ئەدەبیی شۆخیان تێدابوو، بۆیە بووەتە نامە جوان و دەقە ئەدەبییە باڵاکانی ئەو سەدەیە. ئەو پێش ئەوەی بەپۆستی رەسمی بگا و بەو پایەیە بناسرێت، ئارەزووی ئەدەبیی هەبووە، لەبەرئەوەی نامەکانی ئەو، ئاستی هۆشیاری و سیاسیی باڵایان هەبووە، بۆیە نامەکان وەک بەڵگەنامە سەیر کراون، سەربردەی رۆژانێکی ئەمەریکاش دەگێڕنەوە. ئەو نزیکەی ١١٠٠ نامەی بۆ هاوسەرەکەی نووسیوە، لێرەدا تەنیا دوو لەو نامانە دەنووسینەوە کەوا ئبیجیل نووسیویەتی.

### نامەکانی ئبیجیل

### نامەی یەکەم بۆ جۆن ئادمز

لە برینترییەوە و لە رۆژی ١٤ی مانگی ئۆگستی ساڵی ١٧٧٤

لەبەرئەوەی ئێمە زۆر لەیەک دوورین، وا هەست دەکەم کات بۆ من کۆتاییی نایە. من زۆر لە رەوشی وڵاتەکەمان و لەبەر هەردووکمان و رەوشی بنەماڵەکەمان نیگەرانم، رۆژەکانمان بێ تامن، شەوەکانمان درێژ و ئاڵۆز و بەگرێن. هەموو دەمێ بەگاشەبەرد و لی بەجووڵە گەمارۆ دراوم. ئەوەی بۆ ئەنجامدانی نەبەردییەکە کەوتووەتە سەرشانت دەیکەیت، تۆی هاویشتووەتە ناو ئامێزی غەیبەوە. بەڵام مەزندە نەکردن، نەبوونی یەقین، عەقڵ رووبەرووی ئاسۆیەکی بەرینمان دەبات، نە سەرەتای هەبێت و نە کۆتایی. هەرگیز هیچ مەملەکەتێک یان دەوڵەتێکی داگیرکراو بەبێ ئەوەی خوێن لە هەموو گۆشەکانیدا برژێ، ئازاد نەبووە و نابێت. من کە بیر لەوانە دەکەمەوە، تەنیا هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەکەم، (...).

ئبیجیل ئادمز

له نامەی دووەم ئبیجیل نووسیویەتی:

بۆ جۆن ئادمز له رۆژی ۲۳ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ۱۷۸۲

بۆ خۆشەویستترین هاوڕێم

(...) ئەگەر وێنەیەکی دڵی خۆمت بۆ دروست بکەم، هیوادارم تێیدا من بەئەڤینی تۆوە بەند بم، چونکە دڵەکەم هیچ کایەکی نوێی تێدا نییە. لەبەرئەوەی تۆ کە ئەو دڵت بۆ یەکەم جار داگیر کرد و دەسەڵاتە ڕەهاکەت لەسەر دانا، دیارە کەوا بواری هیچ ڕووبەرێکت نەهێشتەوە و شوێنی هیچ شتێکی تری تێدا نەماوە.

من لەودەمانە یاد و بیرەوەریی رۆژانی سەرەتای یەکترناسین و هاوڕێیەتیمان دەکەمەوە، هەروەها رۆژانی ئەڤین و بەرائەتی یەکەمی کامەرانیم بەبیر دێتەوە، کە هیچ پێناسەیەک نایگرێتەوە. ئەو دە ساڵەی ئێمە لەیەک نزیک بووین، ئەو تەمەنە سۆز و ئارامیی بۆمان خوڵقاندبوو، وەک ئەو ساڵە وشکانەیە، کە تۆ لە من دوور بوویت، بێجگە لە بوونی وێنەی پیاوێک کە دڵی خۆمم پێشکێشی کردبوو، کە ونبوون و رەشبوونەوەی تۆی نەکردووە، تەنیا ئەو دڵم هەیە.

ئبیجیل ئادمز

***

فرانتس لیست

فرانتس لیست: ئاگر و بێگەردی

فرانتس لیستی بەڕەچەڵەک نەمساوی، لە ۲۲ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۸۱۱ لەدایک بووە، ئەو یەکێکە لە پێشەنگەکانی مۆزیکی کلاسیکی لە سەدەی نۆیەم، هەندێکیش، ئەو بەمەزنترین پیانۆژەن دەزانن بە درێژاییی مێژوو، کاروانی میوزیکی ئەو و گەشەسەندنی هونەرەکەی لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دیاربووە. ناودارترین شاکارە میوزیکەکانی (رابسودییە مەجرییەکان)ە، کە ژمارەیان بیستە، بەرهەمە ئۆکسترالەکانی سیفۆنییەکانی (فاوست) و (دانتی)ە.

لە ساڵی ۱۸۳۳ لیست کۆنتیسی نازدار و جوانی فەرەنسایی ماری داگۆ دەبینێت، کە لە مێردەکەی جیا بووبووە و بەتەنیا دەژیا و لەگەڵ ئەودا دەکەوێتە ناو ئەزموونێکی سۆزداریی ناسک، لەو ژنە سێ منداڵی دەبێت، وەک چۆن لیست بەهرەمەندێکی گەورەی مۆزیک بووە، ڕەچاوی ئەوەشی لێ کراوە شیعر، بۆ نازدارەکەی بنووسێت، بۆیە لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ۱۸۳٤ ئەو چەند دێرەی بۆ خۆشەویستەکەی نووسیوە:

ماری ماری

ئۆه... بوارم بدە سەدان جار ناوەکەت بڵێمەوە

هەزاران جار
ئەو سێ ڕۆژە تۆ لە ویژدانمدا دەژیت،
منت خەفەتبار کردووە و ئاگرت لە جەستەم بەرداوە.
من بۆت نانووسم
نەخێر، من لە پشتت دەوەستم.
من تۆ دەبینم
من گوێم لە تۆیە
ئەبەدییەت و ئاگر و دۆزەخ لەبن دەستی تۆدایە،
ئەوانە هەموو و زۆرتریش، لەناو تۆدا بوونی هەیە.
ئۆه... تکایە ئازادم بکە لە تواندنەوەم
ئەو دنیایە چاوچنۆکە و ئاست بەرتەسکە بەشم ناکات،
دەبێ ژیانمان بەکامەرانی و پڕبوون بەرێ بکەین،
لەناو ئەڤینمان و لەناو خەمەکانماندا...!
دیارە کەوا من دەتوانم قوربانی بدەم،
من دەتوانم کەسێکی بێگەرد بم، کەسێکی خاوێن بم.
سوێندت دەدەم بەئاسمان، من کەسێکی وام...؟
بەڵام با واز لەو وشانە بهێنین،
تۆ تاکە کەسی دەرەقەتی بینینی من دێیت،
چۆنم دەبینی، بەو شێوەیە دەربازم بکە.
وا بکە، یان بوارم بدە شێت بم و بتوێمەوە،
ئەگەر لەوەیاندا مەحاڵ هەیە.
جوانە کە قسەت لەگەڵدا دەکەم،
چ دەبێت با ببێت... چ دەبێت با ببێت!

***

## کەسایەتیی حەوتەم

## لویس کارۆل

لویس کارۆل: چاکەکردن بە ماچەکان

لویس کارۆل (١٨٣٢– ١٨٩٨) ناوی خواستراوی ڕۆماننووس و شاعیر و زانای ماتماتیک و لۆجیک

و وێنەگری فۆتۆگرافی و قەشە ئینگلیز تشارلز لۆتویدج دودسۆنە، ناودارترین شاکاری بەناوی (ئەلیس لە وڵاتی سەیروسەمەرەکاندا)ە، کە وەرگێڕدراوەتە سەر چەندان زمانی زیندووی جیهان. بەشی دووەمی ئەو شاکارە بەناوی (لە نێوان ئاوێنەکەدا) بوو، ئەو دوو چامە شیعری درێژی هەیە، کە لەسەر هەمان ڕێبازی فەنتازیا بەناوی (ڕاوکردنی سناک) و (دەمەقاڵێ) نووسیوە. کارۆل بەو نووسینانە بووە بەپێشەنگی ئەدەبی تەنز، یان ئەو ئەدەبەی پابەند نابێت بە ڕاستییەکان و لۆجیکی واقیعی و زۆریش بایەخی بە گەمەی زاراوەکان داوە.

ئەو نامەیەی لێرەدا بڵاو دەبێتەوە، ئەو بۆ کیژۆڵە جیرترودو تشاتاوی (١٨٦٦ــــ١٩٥١)ی نووسیوە، ئەو بەوە ناسراوە کەوا شەیدای کیژۆڵەی گچکە بووە، لەوانە جیرترودو ئەلیس، لە دەقەکەی بەناوی ئەلیس لە وڵاتی سەیروسەمەرەدا ئەو شەیداییە دیارە، بەوەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لە کەسایەتیی ئەو پەیدا کردووە، بەڵام ئەو نامەی ئەو شێوازەی پێوەیە نییە ئەوەندەی ڕۆحی گاڵتەجاڕی لەناو ئەڤینێکی بەستەزمانانەیە بۆ کیژێکی منداڵ و لەو تەمەنەدا.

***

## کرایست تشیرتش، ئۆکسفۆرد لە ٢٨ی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٨٧٦

جیروترودو، نزیکترین خۆشەویستم

دەزانم ئەگەر بزانیت من کە دوورکەوتمەوە نەخۆش کەوتم، دیارە ئەوەش ناڕەحەتت دەکات. کە تێ گەیشتم نەخۆشم بانگی دوکتۆرێکم کرد و بە دوکتۆرەکەم وت:

دەرمانێکم بدەرێ، پێویستم بەچارەسەر هەیە، نەخۆشم. ئەویش لە وەڵامدا وتی:

من گاڵتەم بەو قسانەت دێت، تۆ پێویستت بە داوودەرمان نییە، کەمێک پشوو بدە و بخەوە چاک دەبیتەوە.

منیش وتم:

ئەوەی کە هەستی پێ دەکەم و ئەوەی لە بەری دەناڵم لە ئاکامی ماندووبوون نییە، بە پشوودان و نووستنیش چاک نابمەوە، من لە ڕووکارەوە ماندووم. ئەو کەمێک لێم نزیک کەوتەوە و وتی:

ئای کە لووتت ماندووە، خەڵک هەندێ جار زۆر قسە دەکات، وادەزانێت کەسێکی لێزان و زۆرزانە. منیش وتم:

بڕوا ناکەم پێوەندیی بە لووتمەوە هەبێت، ڕەنگە خەتای قژم بێت. ئەو زۆرتر ڕووی تێ کردم و وتی:

تێ گەیشتم، ڕەنگە ڕاست بێت، دیارە بۆ ژەنینی مۆزیک، تۆ زۆر قژی ئەوت بەکار هێناوە و بە داوی قژی ئەو پیانۆت ژەنیوە.

منیش وتم:

نەخێر، هەرگیز ئەوەم نەکردووە، لە واقیعدا مەسەلەکە پێوەندیی بە قژییەوە نییە... ڕەنگە زۆرتر پێوەندیی بە لووت و ملەوە هەبێ. ئەو زۆرتر گەرم بوو و وتی:

دیارە لەو ڕۆژانەی دوایی تۆ لەسەر مل دەڕۆیت و قاچەکانت بەکار ناهێنیت...؟ منیش وەڵامم دایەوە، نەخێر. ئەو وتی:

کەواتە ئێستا دەستبژێرم... دەبێ لێوەکانت ماندوو بن، وایە لێوەکانت ماندوون...؟ منیش وتم:

بێگومان وایە! ڕێک مەسەلە و حاڵەتەکە وایە. دوکتۆرەکە باش هەڵچوو و وتی:

دیارە تۆ زۆر بەماچکردنەوە ماندوویت. منیش وتم:

باشە، من ماچم داوەتە کیژۆڵەیەکی منداڵ، ئەویش کیژە دۆستەکەمە. ئەو وتی:

جوان بیر بکەرەوە، تەنیا یەک ماچ بوو، تۆ لەو ژمارەیە دڵنیایت...؟ کە بیرم لە قسەکانی دوکتۆرەکە کردەوە و وتم:

ڕەنگە یازدە ماچ بێت. دوکتۆرەکە وتی:

وا باشە کەمتر ئەو کیژۆڵەیە ماچ بکەیت تا لێوەکانت ماندوو نەبن، با لێوەکانت پشوویەک بدەن. منیش وتم:

لەو حاڵەتەدا من دەسەڵاتم چییە، چ بکەم ئەگەر من سەد و هەشتا و دوو ماچ قەرزاری ئەو کیژە بم، زۆر قەرزاری ئەوم. دوکتۆرەکە رووی لە من دەکرد و ریز ریز فرمێسک بە روومەتییەوە دەهاتە خوارەوە و وتی:

دەکرێ ئەو ماچانە کۆ بکەیتەوە و لەناو بۆکسێکی گچکەی بکەیت و بۆی ڕەوانە بکەیت. منیش لەو دەمانە ئەو بۆکسە گچکەیەم بەبیر هاتەوە، کە جارێکیان لە شاری دۆڤر کڕیبووم، وەک دیارییەکی بچووکیش ڕۆژێک دێ پێشکێشی تۆی بکەم، هەموو ماچەکانم دەبەستم و ناسک و جوان کۆیان دەکەمەوە، کە بۆم ڕەوان کردیت، ئاگەدار بە و جوان سەیری ناو بۆکسەکە بکە، بزانە هیچیان لە ڕێگەدا گووم نەبوون، هەموو ماچەکان تەواون.

لویس کارۆل

***

## کەسایەتیی هەشتەم

## فرانتز کافکا

### کافکا: با لەناو حەسرەتەکاندا بکولێن

فرانتز کافکا (٣ی یولیۆ ١٨٨٣- ٣ی یۆنیۆ ١٩٢٤) بە یەک لە ڕۆماننووسە گەورەکانی سەدەی بیستەم ئەژمارد دەکرێت، کەسێکی دەسەڵاتداری جیهان بووە لەو ئەزموونەدا، وەک کەسێکی

بوهیـمی له براگ لەناو بنەمـاڵەیەکی شـەش منداڵی جـوولەکـه لەدایک بووه، له مـاڵەوه به زمـانی ئەڵمانی قسەیان کردووه، بەرهەمەکانی بەو زمانه نووسیوه.

یەکێک له شاکاره ناوداره‌کەی ئەو ڕۆمـانه بوو، بەناوی (دادگەیی) نووسـیبووی، که نەیتـوانیـبوو تەواوی بکات، له سـاڵی ١٩٢٥ واته یەک سـاڵ پاش کۆچی دواییـیەکەی بڵاو کـراوەتەوه. ڕۆمـانەکه باس له پیـاوێک دەکات دەگیـرێت و لەلایەن دەسـەڵاتەوه دادگـەیی دەکرێت، بەڵام ئەو تـاوانەی پێی تاوانبـار کراوه، لەلایەن نووسـەرەکه و خوێنەرەکانیشەوه ناسـراو نەبوو. کافکا بێجگه لەو ڕۆمـانه ڕۆمانی ( قـەڵات) و (ئەمەریکا ئەو پیاوەی دیار نەما)ی نووسیـوه، چیرۆکی کورتی زۆری نووسـیوه، له هەموویان ناودارتر بەدگۆڕان (مەسخ)ەکەیه، ئەوه و چەندان نامه و وتاری هەبووه.

کـافکا زانسـتی کیـمیای خـوێندەوه و له زانکۆی براگ له سـاڵی ١٩٠١ خـوێندنی یاسـا و ئەدەبی تەواو کردووه، وەک کارمەندێک له کۆمپانیایەکی تەئمین له بوارەکانی ئیشکردندا کاری وەرگرتووه، مـاوەیەکی باشی ژیانی به نووسـینه ئەدەبییـەکانی بەناوی کـابووسـییـەکان بەسـەر بردووه، بەوەش توانیـویەتی هەناسەیەک له ژیانه تاریکەکەی بدۆزێتەوه، کەوا لەلایەن باوکه زۆرداره‌کەی بکاتەوه و ڕووی بەو نووسینانه بگەشێتەوه. ئەو پێوەندی به فیلیس باور دەکات، که له بەرلین کاری کردووه و هـەر لـەوێش دەژیا، بەیەکـەوه پێـوەندییـەکی دۆسـتـانـه گـرێ دەدەن و ئـەڤـینێکی مـەزن و قـووڵ بەیەکەوەیان دەبەستێتەوه، لەو پێنج ساڵەی یەکتریان خۆش ویستووه چەندان نامەیان گۆڕیوەتەوه و بۆ ژیانێکی ئـاسـووده و ئەڤـینێکی پیـرۆز دیمانەیان زۆر بووه، دووجـار مـارەبڕاون، بەڵام نەگەیشتوونەته پرۆسەی هاوسەرکاری، بەڵام ئەو پێوەندییه جوانه له سـاڵی ١٩١٧ بەوه کۆتاییی هاتووه، که کافکا نەخۆش دەکەوێت، له کۆتاییی ئەو نەخۆشییه دەیکوژێت.

کـافکا له کیـرلینجی نزیک ڤیـەننا له تەمـەنی چل و یەک سـاڵیدا دەمـرێت، مـاڵەکەی ئەو کـه دەکـەوێته گـەڕەکێکی کـۆنی شـاری براگ، پاشـان دەکـرێتـه مـۆزەیەکی هەمـیشـەیی، کـه ڕۆژانه خـەڵکێکی زۆر بۆ بـەرزیی هونەرەکه و شـاکاره مـەزنەکانی سـەردانی ئەو مـۆزەیه دەکەن، دەرگەی مـۆزەکـەش بەخـۆڕایی بۆ مـێوانەکان کـراوەتەوه. ئەوەش یەکێکه لەو نامـانەی کـافکا بۆ فیـلیـسی نووسیوه.

***

## نامەیەکی کافکا

١١ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩١٢

فراولین (کیژەکه) فیلیس

من ئێسـتـا لەو نامـەیەدا پرسی چاکەیەکت لێ دەکەم، پرسـەکەم وەک ئەوەیه کـه کـەسـێکی شـێت بیکات، من خـۆم ئەگـەر له نامـەیەکدا قسـەی لەو جـۆرەم بۆ بنووسن، بێگومان دەڵێم نووسـەرەکـەی کـەسـێکی کاڵفامه، ئەگـەرچی داواکەم زۆر نامـۆ و سـەیره، بەڵام خـۆی له خۆیدا، بژارێکی بـاڵایه کـه

ڕووبەڕووی هەر کەسێک ببێتەوە، ئەگەر کەسەکە کەسێکی بەخشندە و باشیش بێت، باشە، داواکەشم ئەوەیە: هەفتانە و بەردەوام نامەیەکم بۆ بنێرە، بە مەرجێک نامەکەت ڕۆژانی یەکشەمان بگاتە دەستم، بەڕاستی چیی تر بەرگەی نامەی ڕۆژانە ناگرم، بۆ نموونە من کە وەڵامی نامەکانی تۆ دەدەمەوە، لەسەر سیسەمەکەم و لەسەر پشت پاڵ دەدەمەوە، بەڵام هەست دەکەم دڵم دڵەکوتەیەتی و هەموو جەستەم دەهەژێنێت و بەناویدا گوزەر دەکات، لەو دنیایەش بێجگە لە تۆ بایەخ بەهیچی تر نادەم، تەنیا تۆ نەبێت.

من بوومەتە بەشێک لە تۆ، من هیچ بواری گوزارشتم نەماوە، جگە لە تۆ، بەڵام هێشتا ئەوەش بەس نییە و تێرم ناکات. بۆیە لەبەر ئەو هۆکارە نامەوێ بزانم تۆ چی ترت دەوێت... ئەوەش ئەبڵەقم دەکات، بۆیەش نازانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ژیانەدا بکەم.

هەر لەبەر ئەوەشە کە نامەوێ بزانم تۆ چەند منت خۆش دەوێت و ئەڤینەکەت بەرامبەر بە من چەندە! نازانم چۆن دەتوانم منی شەیدای تۆ لەناو نووسینگەکەم، یان لە ماڵەوە بەرگە بگرم، دەرنەپەڕم و بەچاوداخراوەیی بگەمە ئەو ترێنەی دەمهێنێتە تەنیشت تۆ و لە نزیکتەوە بم...؟

ئاهەکەم کەوا خەمێکی قووڵ دەستم دەگرێت، تەندروستیم باشە و تەنیا بەشی ڕەوشی خۆم دەکات، بواری هاوسەرکاریش نادات و واز لە مەسەلەی باوکایەتیش بهێنە، سەرەڕای ئەوانەش کە نامەکانت دەخوێنمەوە، هەست دەکەم هەموو لەمپەرەکان دەرباز دەکەم و ڕزگارم دەبێت. نامەوێ لەو ساتەدا وەڵامەکەم بدەیتەوە، دەزانم چەند لە دەستی بەئازاریت، یان کە ناچار دەبیت نامەکانم بخوێنیتەوە، لەو دەمانەدا تۆ لەسەر مێزەکەتدا دانیشتوویت و نامەکەمت لە بەردەستدایە. بەهەموو ئەمانەتەوە. هەندێ گاڤ هەیە هەست دەکەم من بە ڕۆحت وەنووساوم، بریا ئەو نامەیەی ڕۆژی شەمووم ڕەوانە دەکرد، کە تێیدا داواکارم چیی تر نامەم بۆ مەنووسە و من چیی تر وەڵامی تۆم ناوێت.

دەبێ بوار و چارەسەرییەکی ئاشتییانە هەبێت، ئێستا دەبێ ئەوە هەبێت...؟ هیوادارم تەنیا هەفتانە یەک نامەمان لە نێواندا هەبێت، یەک نامە بەسە...؟ نەخێر ... دیارە کەوا ئەو بوارە ئازارەکانم سووک دەکا و ئیسراحەت دەکەم، ئەگەرچی ژانێکی ڕاستەقینە نییە. ئەوەی دەمەوێ دانی پێدا بنێم کەوا چیی تر بەرگەی نامەکانی ڕۆژانی یەکشەمانیش ناگرم. من دەپاڕێمەوە کە بتوانم و وزەمان لەبەردا بێت، ئەو نامەیەم پێ تەواو بکرێت، هەردووکمان لەو ئازارەی ناخمان دەربازمان بێت، من کۆتبەندی نەفسی خۆم کردووە، من بەو جۆرە و وام لێ هاتووە و هیچ بواری ترم نییە.

***

## کەسایەتیی نۆیەم

# بلزاک

بلزاک: من زۆرم نەماوە شێت بم

ئورنوری بلزاک (٢٠ی مایۆ ١٧٩٩– ١٨ی ئۆگستی ١٨٥٠) لە شاری تووری فرەنسی لەدایک بووە، سەرەتا یاسای خوێندووە و پاشان بڕیار دەدات ژیانی بۆ ئەدەب تەرخان بکات. لە ساڵی ١٨٣١ لەناو ژوورێکی سەرەوەی شوقەیدا لە پاریس و لەگەڵ ژانی نەبوونی و نەهامەتییەکانیدا بەرهەمێکی زۆری نووسیوە، تا نووسینەکانی بەناوی کۆمیدیای مرۆڤایەتی دەناسرێت، بۆ تەواوکردنی ئەو بەرهەمەش بیست ساڵی خایاندووە، کە پاشان دەبێتە پەنجەرەیەکی دیاری ئەدەبی بۆ کۆمەڵگەی فرەنسی و ئیمڕۆش بەباڵاترین ڕۆمانە واقیعییەکان دەناسرێت، نووسەرەکەشی بووە بەیەکێک لە نووسەرە دەسەڵاتدارەکان لە کاروانی ئەدەب و قۆناخەکانی گەشەی جیهاندا ڕۆڵی هەبووە.

لە ساڵی ١٨٣٣ ماوەی حەڤدە ساڵ نامەی دڵداریی لەگەڵ کۆنتیسەی پۆلۆنی ئیڤلینا هانسکا گۆڕیوەتەوە، کە ژنی دەربەگێک بووە و بەتەمەن بیست ساڵ لەو گەورەتر بووە، کە لە ساڵی ١٨٤١ مێردەکەی دەمرێت بلزاک سەفەری لای دۆستەکەی دەکات، بەیەکەوە هەموو ئەورووپا دەگەڕێن، لە ساڵی ١٨٥١ مارەی دەکات، بەڵام لەبەر مردنی بلزاک پرۆسەکانیان تەنیا پێنج مانگ دەخایەنێت، لە مانگی ئۆگستی هەمان ساڵ و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا دەمرێت.

***

## نامەی دووەم

ڕۆژی یەکشەمی ١٩ی یۆنیۆی ساڵی ١٨٣٦ ئەو نامەیەی بۆ دۆستەکەی نووسیوە.

مەلائیکەتە خۆشەویستەکەم

وا دەزانم لەبەر تۆ زۆرم نەماوە شێت بم، دەپرسم ئاخۆ شێتبوون سنووری هەیە...؟ وام لێ هاتووە کە لە نێوان دوو بیرۆکە دەوەستم و ناتوانم تۆ بخەمە نێوان هەردووکیان، ناکرێ لە دووریی تۆوە بیریش بکەمەوە و بەردەوام تۆ، کەسی ئامادەی ناو بیری منی، بەناچاری تۆ لەسەر باڵی خەیاڵم بوونت هەیە، هەڵت دەگرم... کە دەستم بەجەستەت دەکەوێت، بڕوا بکە هەزار جار ویژدانی خۆمی تێدا دەدۆزمەوە. ئەدی دڵەکەم تۆ بەردەوام لەناو دڵم بوونت هەیە، زمانم تام لە بوونی تۆ دەکات، هەست دەکەم تامت زۆر خۆشە و زمانم بەو تامە زۆر سەرفرازە، نازانم چارەنووسم دەگاتە کێندەرێ، بەئاسمان قەسەم، تۆ هۆش و ئاوەزم دەبەیت، ئەو هەستە تەنیاییە بەو بەیانییە گومم دەکات.

هەموو بەیانییەک کە تۆ لەسەر سەرینەکە هەڵدەستیت، من ئاگەدار بکەوە و بڵێ: هەڵسە با بەیەکەوە برۆین. بەڵام من ناچارم لەبەر ئیلتیزامەکانم دادەنیشمەوە، ئەوەش بەربەرەکانێیەکی ترسناکە، من بەو ژیانە ناڵێم ژیان. هەرگیز زووتر لە ژیانمدا دووچاری رووداوی لەو جۆرە نەبوومەتەوە، بەڵام هەست دەکەم لەو دەمانەدا هەموو شتەکانم هەڵدەلووشی. کە خەون بەتۆوە دەبینم، هەست دەکەم من کراوە و بەختیارم، لەناو ئەو خەونە شیرینەدا دەسووڕێمەوە و هەست دەکەم لەو ساتەدا ژیانم هەزار ساڵە، لەعنەت لە چارەنووس!

ئەڤین بەرم دەداتەوە، هەست دەکەم دڵداری گەیشتووەتە هەموو شانەیەکی جەستەم، من تەنیا بۆ دڵداری دەژیم و بەس، دیارە من کەوتوومەتە ناو تۆڕێکی دووسەرەی نێوان هەوەس و بەندکردن لەناو تەونی جاڵجاڵۆکە.. ئۆه... خۆشەویستەکەم ئیڤا ... ئۆه! نازانم من ناسنامەکەتم هەڵگرتووە و لە بەردەمی خۆمم داناوە و تۆ دەبینم، دوێنێش ئەوەم کردبوو، تۆ جوانی، سەرنجڕاکێشی بە جوانییەکەت. دوێنێ ئێوارە بەردەوام قسەم لەگەڵ خۆمدا کردووە، بڕیارم داوە تۆ بۆ من دەبیت، تەنیا بۆ من دەبیت. تەنانەت مەلائیکەتیش لە بەهەشتدا وەک دوێنێ ئێوارەی من، کامەران و بەختیار نەبووە.

ئۆنوری

***

کەسایەتیی دەیەم

## تشرشل

ونستۆن تشرشل: من لەگەڵ تۆدا بەختیارم

سیر ونستۆن لیۆنارد سیبیسر تشرشل (٣٠ی نۆڤمبەر ١٨٧٤- ٢٤ی یەنایەر ١٩٦٥) دووجار پۆستی سەرۆکایەتیی وەزیرانی بەریتانیایی لە ساڵانی ١٩٤١و ١٩٥١ وەرگرتووە، لەسەر ئاستێکی گشتی ئەو لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخدا بەمەزنترین سەرۆک ئەژمارد دەکرێت، بێجگە لەوەی سەرۆکایەتیی وڵاتی کردووە، ئەو وەک رۆژنامەنووسێک و نووسەرێکی پلە یەکەمیش ناسرابوو.

لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٠٨دا تشرشل لەگەڵ بارونە کلیمنتاین سبینسر پرۆسەی هاوسەرکاری دەکات، لەو ژنە پێنج منداڵی دەبێت، لە هەموویان گچکەتر میر (بارونە سۆمەز)ە کە تا ئێستا لە ژیاندا ماوە و تەمەنی گەیشتووەتە هەشتا و حەوت ساڵ، کیمنتاین کە تشرشل بەنازناوی کلیمی بانگی کردووە، زرکیژی ئەللیدی بلانشی دایکی بووە، بە باوک دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتیی سیاسی و دیپلۆماسی هنری مونتاگۆ هوزبیر.

بەقسەی مێژوونووسێک ئەو ژن و مێردە، ماوەیەکی زۆر و تا مردنی تشرشل بەیەکەوە ژیاون و پێوەندیی توند و گەرمیان هەبووە. ئەگەرچی پێوەندییەکەیان تا مردن بووە، بەڵام لە دەروازەی

نهێنیی مەعرووفەکەدا دەڵێن کەوا، ئەو ژنە لەگەڵ برادەرێکی مێردەکەی لە گەشتێکی دەریاییی درێژدا لە کۆتاییی ساڵی ١٩٣٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٣٥دا پێوەندییەکی ناشەرعی دەبەستێت، لەودەمانە مێردەکەی سەرقاڵی کارە سیاسییەکانی بووە لە لەندەن، کە مێردەکەی گومان لەو سەفەرە دەکات، نامەیەکی لە مانگی یەنایری ساڵی ١٩٣٥دا بۆ دەنووسێت، رەنگە کە ئەو ژنە ئەو نامەیەی بە دەست گەیشتبێت لە باوەشی دۆستەکەیدا بووبێ، دیارە بە رێککەوتیش ئەو نامەیە، دەبێتە دەقێکی ناودار کە دەڵێن، بەو نامەیە ژنەکە بەخۆ دێتەوە و واز لەو پێوەندییە حەرامکراوە دەهێنێت و دەگەڕێتەوە باوەشی مێردە خۆشەویستەکەی.

***

نامەکەی تشرشل

٢٣ی یەنایری ساڵی ١٩٣٥

خۆشەویستەکەم کلیمی

کە لە قوتابخانەی هیندییەکان بوویت، نامەیەکی ئەزیزت لە دڵەوە بۆم نووسیبوو، لەوێ وتبووت، من ژیانتم گرانبەها کردووە. ناتوانم باس لەو کامەرانییە بکەم، کە ئەو نامەیە بۆی ساز کردم و لەو دنیایەدا چەند سەرفرازی کردم، بۆیەش لەو هەستەوە من خۆم بە قەرزارت دەزانم، ئەوە و ئەگەر لەناو دڵداری حیساباتێک هەبێت، دەستەواژەکان ناتوانن هێز بەدڵم بدەن، بەختیارم لەو چەند ساڵەی رابردوو هاوشانت ژیاوم. کات زۆر بەخێرایی دەڕوا، دیارە کەوا هەر بۆ خۆشی نییە مرۆڤ ئەو گەنجینەیە ببینێت کە بەیەکەوە کۆمان دەکاتەوە. بێگومان گەردەلوول و دەردەسەرییەکان زۆرن، کەوا ملیۆنان خەڵک دووچاری ڕووداوی دڵتەزێن دەکات.

مێردە خۆشەویستەکەت

ونستۆن

***

## کەسایەتیی یازدەم

## برنادشۆ

جۆرج برنادشۆ: شەرەف و پێکەنین و مۆزیکاکەم

ئەو نووسەرە ئێرلەندایییە بەناوبانگە لە رۆژی ٢٦ی یۆلیۆی ساڵی ١٨٥٦ لەدایک بووە، باوکی برنادشۆ، جۆرج کار شۆ عەلاف بووە و بازرگانیی بەدانەوێڵەوەکردووە، دایکی ناوی لۆسیندا گیرلی بووە و شازدە ساڵ لە مێردەکەی منداڵتر بووە، لەبەرئەوەی باوکی شۆ کەسێکی مەیخۆر بووە بۆیە تا مردنی لە ٢٦ی یۆلیۆی ساڵی ١٨٥٦ ئەو دەمی لە مەشروب نەداوە، کە باوکی لە ساڵی

١٨٥٥ کـۆچـی دوایی دەکـات، ژنەکـەی و منداڵەکـانی ئامـادەی بەخـاکـسـپـاردنەکـەی ئەو نابن. لەبەرئـەوەی دایکیـان لە مـاڵەوە دەرچووە و لە لـەندەن مـامـۆسـتـایەتیی وانەی مـۆزیک و سـتـرانی کردووە، کەم ئاگاداری منداڵەکانی بووە و شـۆ و هـەردوو خوشکەکەی، لەلایەن ژنێکی خزمەتکارەوە پەروەردە کراون.

لە سـاڵی ١٨٧٦ شـۆ لە لەندەن دەگاتە دایکی، لەوێ و لەو پێگە نوێیـەدا، سـەرکـەوتنێکی مـەزن لە بواری رەخنـەی مـۆزیک و ئـەدەبی بەدەست دەهێنێ، بەڵام لەسـەر ئەو بەرنامـەیە بەردەوام نـابێت و روو لە بـواری شـانـۆ دەکـات، لـەو مـەیدانەدا ٦٣ شـانـۆنـامـە دەنووسـێت، لە هـەمـوویان نـاودارتر بیگمالیۆن بوو، پاشان و لە فیلمێکی سینەمایی بەناوی خاتوونە جوانەکە لەلایەن ئودری هیبورن و ریکس هـاریسـون پێشکێش کراوە، هەر لەسەر ئەو دەقە شـۆ لە ساڵی ١٩٢٥ خـەڵاتی نۆبلی ئادابی وەرگرتووە، فیلمـەکەش خـەڵاتی ئۆسکاری لەسـەر سیناریۆکە وەرگرتووە، ئەو لە سـاڵی ١٩٣٨ بەوە ناسـراوە، کـە توانیـویەتـی هـەردوو خـەڵاتە بەناوبانگەکـە بەیەکـەوە وەرگـرێت، ئەو یـەکێک بووە لە دامـەزرێنەر و ڕابـەری بزاڤی فـابییـەکـان، کە داوای بەرقـراربوونی سـۆسـیـالیـسـتـیـان بەشـێوازی ئاشتی دەکرد، شۆ دامەزرێنەری زانکۆی لەندەن بوو لە ئابووری و زانسـتە سیاسییەکان لە ساڵی ١٨٩٠.

لە ساڵی ١٨٩٨ شـۆ لەگەڵ تشـارلۆت باین (تاونزیند) پرۆسـەی هـاوسـەرکاری دەکـات، تا ژنەکەی لە سـاڵی ١٩٤٣ دەمـرێت بەیەکـەوە دەمـینێنەوە، دەڵێن گـوایە شـۆ لەگـەڵ ژنەکـەی هیچ کـاری سـێکسیی نەکردووە و ژنەکەی هەر کیژ بووە، بەڵام لەگەڵ ژنانی زۆری تر کاری سـێکسـیی زۆری کـردووە، لەوانەی دۆسـتی شۆ بـوونە ئەکتـەری شـانۆیی سـتـیلا (بیـاتریس کـامبل) ئەو یەکێک بوو لەوانەی ڕۆڵی لە شانۆگەریی بیگمالیۆن بینیوە و هۆنراوەی وەک نامە بۆ ئەو نووسیوە.

***

## نامەکەی شۆ بۆ ستیلا (بیاتریس کامبل)

لە ٢٧ی فیبرایەر ١٩١٣

من ئەو کیژۆڵە دەربەدەرم دەوێت، کە لە حاڵی خۆم دەچێت

من خاتوونە ئەسمەرەکەم دەوێت، مەلائیکەتەکەم دەوێت

من ژنە هارەکەم بە جوانییەوە دەوێت

کێڵگەکەم بە دارهەنارەوە دەوێت

ئەو لە هـەر حەوت گڵۆپەکانی جوانی زراڤترە و ئەوم دەوێت.

ئەو شـەرەفمە

پێکەنینمە

مۆزیکا و ئەڤین و ژیانمە

ئەمریی منە.
من ئیلهامەکەم دەوێت، تاوانەکانم، گێلی و دڵشادییەکەم
کەسایەتییە بەرزەکەم، شێتی و ئێرەییەکەم
ئەو کۆتاییی سەلامەتیی ئاوەز و پیرۆزییەکەی منە
تۆ رووناکیی ئەوبەری ئاوەکەی
ئەی دارخورمایەکەی سەر رێگە چۆڵەکەم
تۆ باخچەی گوڵە گەشەکانی منی
تۆ بەبێ ناوهێنان یەک ملیۆن شادی منی
تۆ مووچەی منی
خەونی شەوەکانی منی
خۆشەویست و ئەستێرە پرشنگدارەکەم.

***

## کەسایەتیی دوازدەم

## ڤۆڵتێر

ڤۆڵتێر... بەندی ئەڤین

ناوی ئەدەبی فەرانسوا ماری ئارویە ڤۆڵتێرە ، ئەو لە رۆژی ٢١ی مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١٦٩٤ لەدایک بووە، لە هەموو بوارەکانی ئەدەبدا بەرهەمی هەبووە، شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و مێژوو و وتاری رەخنەیی و سیاسیی نووسیوە، لە بواری سیاسیدا رەخنەی لە کڵێسای کاسۆلیک و کۆشک و داروودەستەکەی گرتووە و توانجی لە چینە ئورستقراتییەکان گرتووە. ئەو داکۆکیکەر بووە لە ئازادییە مەدەنییەکان و مافەکانی تاکەکانی سەر شەقامەکان، بۆیەش لەو چینە داکۆکیکەر بووە چونکە ئەو لەسەر شەقامەکاندا حەزی لە کیژە هەژارێک کردووە و نامە عاشقانەکەیشی لەو دەروازەوە نووسراوە، دیارە ئەو لە بنەماڵەیەکی دیپلۆماسیی ناسراو، بەتایبەتی لایەنی دایکییەوە گەورە بووە. کە لە رۆژی ٣٠ی مانگی مایۆی ساڵی ١٧٧٨ مردووە، لەبەرئەوەی هەڵگری قەڵەمێکی ناسراو بوو لە جیهان، بۆیە ناوەکەی ئەویان لەسەر بەردی مێژوو هەڵکۆڵیوە.

ئەو بە رۆح و بە جەستە، لە هەرەتی گەنجی ئەڤینی رۆمانسی بەمانا کلاسیکییەکەی لەوەدا بوونی هەبووە. ڤۆڵتێر لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە لە سەفارەتی کراوە بەمولحەقی دیپلۆماسی، وڵاتەکەی لە هۆڵەندا، لەوێ دەکەوێتە داوی ئەڤینی کیژێکی ئاوارەی هەژاری هاوولاتیی خۆیان، بەناوی ئۆلیمب دونوڤر، کە لەگەڵ دایکیدا بەسەرگەردانی لەوێ ژیاوە، دیارە کەوا بوونی ئەو پێوەندییە سەفیرەکە توورەکە دەکات، کە دایکی کیژەکەش ئەوە دەزانێت توورە دەبێت، هەردوولا بۆ

بەربەستکردنی ئەو دۆستایەتییە و ڕێگەگرتن لەو پێوەندییە، ڤۆڵتێر لە ژوورەکەی خۆیدا بەند دەکەن، پێش ئەوەی لە پەنجەرەکەوە ڕابکات و بگاتە خۆشەویستەکەی بۆ هاوسەرکارییە نهێنییەکەیان، ئەو نامەیەی بۆ خۆشەویستەکەی نووسیوە.

***

## نامەکەی ڤۆڵتێر

### لاهای لە ساڵی ١٧١٣

من بەناوی پاشاوە، لەناو گرتووخانەیەک بەند کراوم، ئەوان دەتوانن من لە ژیان بێبەری بکەن، بەڵام نەکارن لە ئەڤین دامشۆرن، بەڵێ خاتوونە بەرێزە بێگەردەکەم، من ئەوشەو تۆ دەبینم، ئەوەش دەکەم، ئەگەر تەمەنم لەسەر ئەو کۆششە دابنێم، دەبێ دوا هەناسەم لە پێناوی ئەو کارە بێت.

بەئاسمان قەسەم ئەی ژنەکە، من ئەوەم قبووڵ نییە، بەو زمانە نامەم بۆ بنووسیت، دەبێ هیوا و پشتت بەهێز و بەتوانا بێت، ئاگەداری مەدامی دایکت بە، وەک چۆن لە دوژمنە ترسناکەکانت بەئاگابە، لە من دەپرسیت بڕوام بەچییە. من وا وەڵامت دەدەمەوە، تکایە لە هەموو کەسەکان وریا بە، بڕوا بەکەس مەکە، خۆت ئامادە بکە و چاپووک بە، کە مانگ هەڵات، من لەو هوتێلە خۆم دەدزمەوە و تۆش لەسەر شەقامەکە چاوەڕوان بە، لەوێ پێشبڕکێ لەگەڵ با دەکەین و سوار دەبین و دەچینە شفینتینگن، کە هاتم من حوبر و قەڵەمیش دەهێنم، لەوێ نامەی ڕاکردن و دەربازبوونمان بۆ هەموو لایەک دەنووسم. ئەگەر بەراستی منت خۆش دەوێت دڵنیابە و ترست نەبێت، هەموو وزە و توانای خۆت ساز بکە و عەقڵت بخە کار بێگومان ئەوەش، بەخێرترین پشتیوان دەبێت بۆ تۆ، وریابە هەرچی دەکەیت ئاگات لەوە بێت، مەدامی دایکت هەست بەوە نەکات، کە دەرچوویت هەموو پۆرترێتەکانت لەگەڵ خۆتدا بهێنە.

بڕوام پێ بکە دژوارترین ئازار و دارکاری من لە خزمەتکردن و پشتیوانیی تۆ سارد ناکاتەوە، یەقینت هەبێت کەوا هیچ شتێک ناتوانێت من لە تۆ دوور بخاتەوە، ئەڤینی ئێمە لەسەر فەزیلە دامەزراوە و هەتا ژیانم مابێت ئەو ئەڤینە دەمێنێ.

ئادیو! ماڵئاوا، لە پێناوی تۆ هەموو کۆششێک دەکەم و هەست بەترس ناکەم. چونکە تۆ شایستەی زۆرتری، ماڵئاوا ئەی دڵە ئەزیزەکەم.

ئوریە

***

## کەسایەتی سێزدەم

## تۆلستۆی

### تۆلستۆی لە نێوان ئاوەز و جوانیدا

شەڕ و ئاشتی و ئانا کارینینا بەسە، بۆ پێناسە و ناوهێنانی تۆلستۆی کە بەئەستوونی باڵای ئەدەبی کلاسیکی رووسی و جیهانی دەناسرێت، دەکرێ لە مەزنی لەگەڵ ڤۆلتێری فەرەنسایی پێناسە بکرێت، هەردووکیان کڵێسایان نەفرەت کردووە و هەردوو نووسەرەکە، چینە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکانیان بۆ بەرگری لە هەژار و بەرگری لە مافە مەدەنییەکانیان نەفرەت کردووە.

کۆنت لیف نیکۆلایاڤیتش تۆلستۆی لە شارۆکەی تۆلای خوارووی مۆسکۆ لە رۆژی ٩ی مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٨٢٨ لەدایک بووە، ئەو کار و بەرهەمەکانی بووە، بەدەنگێکی دیاری ئەدەبی و سیاسی لە رووسیا، تا ئیمرۆ لە رووسیا و لە جیهانیش ناوێکی شایستەی رێز و گەورەییە. دەڵێن فەلسەفەکەی ئەو ژیان، بنچینەکەی لەسەر بەرگریی ئاشتییانە بووە، ئەویش وەک مهاتما گاندی و مارتن لۆسەر کینگ کاری کردووە، پارەی زۆری لە هەژاران خەرج کردووە و هەتا رۆژی مردنەکەی کە لە ٢٠ی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی ١٩١٠ هاوشانی جووتیاران بووە، بۆیە لە رێورەسمی ناشتنەکەیدا، بە هەزاران کەس لە هەژارەکان لەسەر شەقامەکاندا بۆ بەڕێکردنی تەرمەکەی وەستاون.

تۆلستۆی لە ساڵی ١٨٦٢ پرۆسەی هاوسەرکاری لەگەڵ سۆفیا ئەندریفنا پیرس دەکات، کە تەمەنی شازدە ساڵ لەو بچووکتر بووە، ئەو رۆمانی شەڕ و ئاشتییەکەی ئەوی حەوت جار نووسیوەتەوە و دوا دەستنووسەکەی لەلایەن ئەوەوە نووسراوە، ئەو دانەیەش بوو کە چاپکردنەکەی لەسەر کراوە و بووە بەرۆمانێکی گەورەی جیهان.

بەڵام ئەو نامەیەی لێرە بڵاو کراوەتەوە بۆ سۆفیای هاوسەری نەنووسیوە، پێش ئەوەی سۆفیا بناسێت، لەگەڵ ڤالیرا ئەرسینیف یەکتریان خۆش ویستووە و زۆریشی خۆش ویستووە تا ڕادەی شێتبوون، ڤالیرا کیژێکی تەمەن گچکە بووە و لە نزیک ماڵەکەی ئەو لە مۆسکۆ ژیاوە، دەڵێن بۆیە وازی لێی هێناوە، چونکە دەرکەوتووە کیژەکە ئەگەرچی زۆریش جوان بووە و بەڵام لە بۆچوون و هزردا زۆر لە یەکتر دوور بوون، بواری ئەوەی نەداوە عەقڵی گەشە بکات، ئەوەش لە چەندان پسوولەی تایبەتی ئاماژەیان پێ دراوە.

***

## نامەکەی تۆلستۆی

۲ی مانگی نۆڤێمبەری ساڵی ١٨٥٦

من جوانییە بێوێنەکەتم خۆش ویستووە، ئێستا شتە ئەبەدی و گرانبەهاکانی تۆم خۆشویست، ئەویش رۆح و دڵتە، مرۆ کە هەست بەجوانییەک دەکات لەو کاتەدا دەیەوێت، دڵی خۆی بەقوربانی بکات، بەڵام کە ئەودەمە تێ دەپەڕێت، هەست دەکات رۆح شتێکی ترە، کە مەسەلەکە بە رۆحەوە پابەند دەبێت، دەبێ بزانیت کەوا دەبێ دروست رۆح بناسێت.

بڕوام پێ بکە لەو دنیایە، دەبێ مرۆڤ کۆشش لەو پێناوەدا بکات... ئەڤین و هەموو شتە جوانەکان و هەستە سروشتییەکانیش، کە مرۆڤیش خەباتی زۆری کرد بێگومان دەگاتە پاداشتەکە.

***

## کەسایەتیی چواردەم

## ئەلکسندرا

### ئیمپراتۆر ئەلکسندرا: تیرێژێک لە رووناکی

ئەگەر سامان و دەسەڵات بیتوانیبووایە، بەختیاری و کامەرانی بکڕێت، ئەوە ئەلکسندرای ژنە ئیمپراتۆری رووسیا، دوو باڵی پەیدا دەکرد و لەو ئاسمانەدا کامەران و سەرفراز دەفڕی. ئەو نەوەی شاژن ڤیکتۆریا بووە و باوکی ئەمیری ئەڵمانی لویس دۆق هیسەی گەورە بووە. بەڵام کە لەگەڵ جێنشینی عەرشی رووسی نیکۆلاسی دووەم دەکەوێتە داوی ئەڤین، قەیسەر و شاژن ڤیکتۆریا دژی ئەو ئەڤینە دەبن و دڵی کیژە عاشقەکە دەشکێنن.

کە قەیسەر دەمرێت نیکۆلاس تاجەکە وەردەگرێت، بەوەش هیواکەیان دێتە دی، بەڵام ئەوەیان سەرەتای کاروانە سەختەکە بوو، میللەت ئەو شاژنەیان بەدڵ نەبووە، ئەوان قسەی خۆیان هەبوو، دەیانوت ئەو ژنە دڵێکی ئەڵمانیی هەیە، لەگەڵ سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەو هەستە مەزن دەبێت و سەرەتای شەڕەنگێزییەکە سەر هەڵدەدات، چینە نەجیبزادەکان گلەییان هەبوو چونکە بەبۆچوونی ئەوان تەنیا بوونی خوێنی پاشایەتی لەو ژنە بەس نییە، تا ئەو ببێتە ئیمپراتۆری رووسیا، بۆیەش خەسووەکەی رقی ئەستووری لە بووکەکەی بووە و دەیوت، بەوە دیارە کەوا ژنەکە شایستەی ئەو پێگە ئیمپراتۆریەتییە نییە، چونکە دیارە هەر کیژی دەبێت و کوڕێکمان بۆ دروست ناکات، کە کوڕەکەی دەبێت، کوڕە نەخۆشیی هیموفیلیای خوێنی هەبووە، بۆیەش ژنەکە کۆشش زۆر دەکات و پەنا دەباتە بەر چەندان پزیشک تا کوڕەکەی چاک بکەنەوە کە دوکتۆرەکان هیچیان پێ ناکرێت، پەنا دەباتە بەر جادووگەرەکانیش، لەوانە راسپۆتین دیارە ئەویش سوودی

نەبووە. دیارە بەختی ئەویش بووە، کە بەلشفیەکان کۆتایی بەو بنەماڵەیە دەهێنن و دەیانبرنەوە و دەسەلاتی رووسیای قەیسەریش دەرووخێنن، هەموو بنەماڵە و بەردەستەکانیان دەگرن و سەرەتا پەرتیان دەکەن پاشان لە ماڵێکی نوێ لە ئوروال دایاندەنێن.

شەوی ١٧ی مانگی یۆلیۆی ساڵی ١٩١٨ پاسەوانێک دەیانباتە ژێرزەوینێک، لەو شوێنە لاچەپە تاریکە ئەو بنەماڵەیە بە شێر و لێزمەی گوللە لەناو دەبەن، ئیتر سەردەمی قەیسەرەکان کۆتایی پێ دێت. ئەو ژنە ئیمپراتۆرە تەنیا لە ژیانیدا یەک ترووسکاییی رووناکیی هەبووە و هیوای گەش کردووە، ئەویش ئەڤینە پیرۆزەکەی بووە بۆ هاوسەرەکەی، کە لەو نامەیەدا بە روونی رەنگی داوەتەوە کە بۆ خۆشەویستەکەی نووسیوە.

***

نامەکەی ئەلکسندرا بۆ قەیسەر نیکۆلاسی دووەم

ئەڤین و خۆشەویستە زێدە خۆشەویستەکەم

دەزانم ئەو نامەیەم بەساردی دەگاتە دەستت، چونکە بەدەستی ساردی سەربازەکانەوە هاتووە. بەلام دەزانم کەوا لەو نامەیەدا ئەڤین و سووتانی من دەدۆزیتەوە کە من لەناو دێرەکاندا ریزم کردوون.

جوانەکەم:

من شەو و رۆژ نوێژت بۆ دەکەم، دڵنیام هەموویان دەگەنە تۆ و بەهاناتەوە دێن، نوێژت بۆ دەکەم، تا یەزدان یارمەتیت بدات، بەو هیوایەی ئارامیت بداتێ و سەربکەویت و بە سەلامەتی بگەڕێیتەوە لام.

موبارەکێتیت دەخوازم، ئەوەندەم خۆش دەوێی، هیچ ژنێک پیاوی وا خۆش نەویستبێت، دڵنیام هیچ پیاوێکیش، وەک ئەو خۆشەویستییەی منی لەلایەن هیچ ژنێکەوە نەدیوە. لێوەکانم لەسەر هەموو بستێکی جەستەت دادەنێم، دڵیشم بەهەموو نازێکەوە دەکوشێت.

ئەو نامەیەش لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە کە سەراپای تۆی داگیر کردووە.

لەلایەن منەوە... هاوسەرە عاشقە ئەبەدییەکەت.

# جوێرن ئوتزن
# و
# تەلاری ئۆپیرای سیدنی

جوێرن ئوتزن

یەکێکە لە ئەندازیارە بیناسازییە هەرە بە ناوبانگەکانی دنیا. هەروەک لە جیهانی بیناسازیی سەدەی بیستەمدا بە یەک لە بلیمەتەکانی ئەم هونەرە زانستییە دادانرێ، کە بەکارەکانییەوە نەمرییەکی بۆ خۆی بەدەست هێناوە، بەلای هونەرمەندان و حەیرانانی مۆسیقا و تەلارسازی و گەشیاریشدا، بەلای کەمەوە، بە تەلاری ئۆپیرای شاری سیدنیی ئوستورالیاوە تەواوێک ناسراوە، کە لە سایەی ئەم کارە بلیمەتانەیەوە گەلێک کەس شاری سیدنی بە پایتەختی ئەو وڵاتە دەزانن، بەڵام بابزانین ئەم بلیمەتە کێیە؟.



................................................................

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

## جۆرن ئوتزن یەکەم خولی ژیانی

جۆرن ئوتزن لە ٩ ی نیسانی ١٩١٨ دا لە کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارکدا لە باوکێکی ئەندازیاری کەشتییەوە هاتووەتە دنیاوە. ساڵی ١٩٣٧ لە ئەکادیمیای هونەری شاهانەی دانیمارکدا دەستی بە خوێندنی ئەندازەی بیناسازی کردووە. دواتر لەگەڵ ئەلڤار ئالتۆی بیناسازی ناوداردا کاری کردووە. دواتریش سەری لە قوتابخانەکەی فرانک لۆید ڕایت داوە کە لە ویلایەتی ئەریزۆنای ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بووە. ساڵی ١٩٥٠ ئۆفیسی تایبەت بە خۆی لە کۆپنهاگن کردووەتەوە.

## تەلاری ئۆپێرای سیدنی

جۆرن ئوتزن ساڵی ١٩٥٧ ئەو پێشبڕکێ بیناسازییەی بردووەتەوە کە بۆ تەلاری ئۆپێرای سیدنی کراوەتەوە. ئەگەرچی تا ئەوسا ئەمەیان شەشەم پێشبڕکێ بوو کە دەیبردەوە، ئەمەیان یەکەم پێشبڕکێی بووە لە ئاستی جیهانیدا بردوویەتییەوە.

ئیرۆ سارینێنی ئەندازیاری بیناسازی کە یەکێک بووە لە ئەندامانی لیژنەی کێبڕکێکە، بلیمەتانە ئەم پڕۆژەیەی هەڵسەنگاندووە و ڕای گەیاندووە کە دەنگ بۆ هیچ پڕۆژەیەکی تر نادا.

دوای ئەوەی جۆرن ئوتزن، کێبەرکێکەی بردەوە، لە پەرەپێدانی ئەو بەرگانەی لە نەخشە هێڵکارییەکەیدا جێی کردبوونەوە. یەکەم زەحمەتییەک لەم بوارەدا تووشی هاتبێ، پاڵەپەستۆی ئەو حکومەتە نەزانە بووە کە لە دەسەڵاتدا بووە و خراوەتە سەری بۆ ئەوەی هەرچی زووترە دەست بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە بووە.

پڕۆژەکە ساڵی ١٩٥٩ درایە کۆمپانیایەک ناوی (ئۆڤا ئاروپ و هاوبەشەکانی) بووە، لە کاتێکدا



جێرن ئوتزن لە دانیمارک بووە دەست بە بنیاتنانی کراوە.

چۆنیەتی بنیاتنانی ئەو بەرگانەی تا ڕادەیەک شێوەیەکی زەحمەتیان هەبووە ماوەیەکی دوور و درێژ زەحمەتی ئەندازیارانی دا. ئەم دۆزە ساڵی ١٩٦١ بەتایبەتی بە پێشنیازێکی خودی جێرن ئوتزن یەکلا کرایەوە.

لە ساڵانی ١٩٦٥ دا کاتێک ڕۆبەرت ئاسکنی سەرۆکی پارتی لیبڕاڵ کە هاتە سەر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرێتیی ئوسترالیای فیدراڵ بە ئاشکرا لەگەڵ ئەوانە بوو کە دژایەتیی ئەم پرۆژەیەیان کردووە. بەڵام دێڤد هۆگس کە هێنراوەتە سەرۆکایەتیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، لەگەڵ ئەو







بۆچوونەی سەرۆکەکەیدا نەبووە، ئەم بیناسازەی لەگەڵ سەرۆکدا کەوتە بەربەرەکانێ و لە کۆتاییدا، شوباتی ١٩٦٦ ناچار بوو دەست لە ئەرکەکەی بکێشێتەوە.

## دوا سەردەمەکانی ژیانی

ئەو دەمەی جێرن ئوتزن ناچار بوو پرۆژەکە جێ بهێڵێ زۆربەی پرۆژەکە بەتایبەتی دروستکردنی بەرگەکان کۆتاییی پێ هاتبوو و هەموو خەرجییەکان لە دەوروبەری تەنیا ٩ .٢٢ ملیۆن دۆلاردا بوو. کەچی پرۆژە تازەکەی بیناسازیی ناوەوە کە تا دوا پلە لە نەخشە ڕەسەنەکەی خۆی دوور کەوتبووەوە ١٠٣ ملیۆن دۆلاری تێ چوو.

تەلاری ئۆپێرای سیدنی ساڵی ١٩٧٣ کۆتاییی پێ هێنرا و لەلایەن قراڵیچە (شابانوو ئێلیزابێتی دووەم)ەوە کرایەوە و خرایە بواری بەکار هێنان. جێرن ئوتزن وەک بانگهێشت نەکرا لە کردنەوەیدا تەنانەت ناویشی نەهێنرا. ئیدی لە ١٧ی مایسی ١٩٨٥ دا جێرن ئوتزن بە بایەخترین مێدالیای ئوستوراڵیا کە " Companion of the Order of Australiaیە بە جێرن ئوتزن درا و بەتایبەتی بۆ نەخشەسازیی سەرلەنوێی بەشی چوونە ژوورەوەی (تەلاری ئۆپێرای سیدنی) بانگهێشت کرا.

کەچی ساڵی ٢٠٠٣ پاداشتی بیناسازیی پریتزکەری بە دەست هێنا کە بە شکۆدارترین پاداشتی بواری بیناسازی دادەنرێ. لە مارت/ ئاداری ٢٠٠٦ دا شابانوو ئێلیزابێتی دووەم سەرلەنوێ کردنەوەی ئەو بەشانەی تەلاری ئۆپێرای سیدنیی ئەنجام دا کە جێرن ئوتزن سەرلەنوێ نەخشەسازیی کردبوون.

بیناساز کە تەندروستیی بەرەو تێکچوون دەچوو، وەک لە ماوەی بنیاتناندا نەیتوانیوە لە دانیمارکەوە بچێتە ئوستورالیا، بەشداریی لە ئاهەنگی کردنەوەکەشیدا نەکرد. جان ئوتزنی

ئەندازیاری بیناسازیی کوڕی بە ناوی ئەوەوە لە ئاهەنگەکەدا بەشدار بوو. تەلاری ئۆپێرای سیدنی لە ٢٨ ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ دا خرایە ناو لیستی کەلەپووری جیهانییەوە.

جێرن ئوتزن، ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ لە کاتی نووستندا لە ئەنجامی تەنگژەیەکی دڵدا لە کۆپنهاگن کۆچی دوایی کرد.

بیناساز کە مرد لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا بووە، بەهۆی چەند جاری پێشتری ئۆپێراسیۆنی دڵەوە، لاواز بووە و بەم هۆیەوە مردنەکەی ڕاگەیەنرا.

## پڕۆژە هەرە دیارەکانی



پڕۆژەیەکی زۆری دیار و بەرچاو و بەناوبانگی هەیە، لێرەدا تەنیا ناوی چوار لەمانە وەک نموونە بڵاو دەکەینەوە:

١) ساڵی ١٩٤٩ – ١٩٥١: قولەی ئاو، بۆرنهۆڵم، دەنیمارک.

٢) ساڵی ١٩٥٠ – ١٩٥٢: خانووی سەربەخۆی خودی خۆی، هەڵەبێک، دەنیمارک.

٣) ساڵی ١٩٥٦ – ١٩٧٣: تەلاری ئۆپێرای سیدنی، سیدنی، ئوستورالیا.

٤) ساڵی ١٩٥٩ – ١٩٦٠: بەنکی میللی، تەهران، ئێران.

٥) ساڵی ١٩٦٨ – ١٩٧٦: کەنیسەی باگسڤێرد، باگسڤێرد، دەنیمارک.

ئەو پاداشتانەی وەری گرتوون:

پاداشتی گەورە گەورە و بە بایەخی زۆری وەرگرتووە، لێرەدا هەندێکیان بڵاو دەکەینەوە:

١) ساڵی ١٩٧٨ مەدالیای ڕیبای زێڕینی شاهانە.

٢) ساڵی ١٩٨٢ مەدالیای ئالڤار ئاڵتۆ.

٣) ساڵی ١٩٢٢ پاداشتی وۆڵف.

٤) ساڵی ٢٠٠٣ پاداشتی بیناسازیی پریتزکەر.



پێکهاتەی دیواری دەرەوەی تەلارەکە

## تەلاری ئۆپیرای سیدنی

تەلاری ئۆپیرای سیدنی، لە ئوستورالیا، لە کۆنکرێت و کێبلی پۆلایین دروست کراوە، بۆ ئەوەی شەقاری تێ نەکەوێ. یەکێکە لە جوانترینی شانۆکانی دنیا، کە (گۆرن ئۆتزن)ی ئەندازیاری دانیمارکی ساڵی ١٩٧٤ بە تێچووی ١٠٠ ملیۆن دۆلار نەخشەکێشیی ئەنجام داوە.

بیرۆکەی بنیاتنانی تەلاری ئۆپیرا لە مێشکی (یۆگن گۆسسن)ی یەک لە مۆسیقییە بەریتانییەکان پەیدا بووە، کە بنچینەی بنەماڵەکەی بۆ بەلجیکا دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن جاهیللی سیاسەتوان و ئینگام ئەشوۆرسی مامۆستای کورسیی بیناسازی لە زانکۆی سیدنییەوە پشتگیریی لێ کرا. مۆسیقییە ناوبراوەکە پێشتر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کاری کردبوو و بڕوای بەو بیرە کردبوو کە تەلاری ئۆپیرا بۆ هەڵبژاردەیەکی کۆمەڵ قۆرخ نەکراوە، بگرە دەشێ بۆ ڕەمەکی مەردومیش ببێ و تەوەرێکی بایەخ پێدانیان لەلا پێک بهێنێ.

لە جیاتی ئەوەش کە هۆڵەکان گچکە بن، دەکرێ تەلارێک بۆ ئۆپیرا بنیات بنرێ جێی سێ تا چوار هەزار کەسی تێدا ببێتەوە. دوای گەیشتنە ئوستورالیای ئەم مۆسیقییە، ساڵی ١٩٤٦ پۆستی بەڕێوەبەری ئۆرکێسترای سیمفۆنیی سیدنی بە دەست خست و بە یاریدەی پشتگیرانی دەستی بە هێنانە دیی ئەم ئامانجەی.

ساڵی ١٩٥٣ جاهیل ئەوەی جاڕ دا کە سیدنی پێویستی بە تەلارێکی ئۆپیرا هەیە و ساڵی ١٩٥٤ بانگی بۆ کۆبوونەوەیەک کرد. ساڵی ١٩٥٥ لیژنەیەک هەڵبژێررا کە شوێنێکی شیاوی گرت بۆ نەخشەکێشیی تەلارێک، دوو هۆڵی تێدابێ جێی ٣٥٠٠ کەس و ١٢٠٠ کەس بگرن.

پێشبڕگەیەکی جیهانیی نەخشەکێشی بۆ تەلارێکی ئۆپیرا ڕاگەیەنرا و چوار ناوبژیوانی بیناسازی دامەزران، لەمانە: ئەشوۆرس، سەرەڕای لیزلی مارتن کە نەخشەی هۆڵی شاهانەی فیستیڤاڵی لەندەنی کێشا، هەروەها سارینێنی ئەمەریکایی. مەبەست لە پێشبڕکێش هەڵبژاردنی ئەندازیاری بیناسازیش و نەخشەی براوەش بوو.

لە هەڵسەنگاندندا بە زۆری دوو هۆڵە بەبایەخترەکانی هەموو بیناکە بەبەرچاوەوە گیرابوون، ئەوانەی نمایشی مۆسیقاییان تێیاندا دەکرێ. مەیدانخوازیی پێشبڕکێکە فرە ئەرکییە داواکراوەکە بوو، سەرباری دوو هۆڵەکە.

هەروەها هۆڵەیلێکی کۆبوونەوە و هۆڵی پێداچوونەوە و گوێپێدێران و پاشکۆگەلی حەسانەوە و هی تری تەندروستی و خزمەتگوزاری. مەیدانخوازییە هەرە گەورەکە لە دۆزینەوەی بۆشایی بوو بۆ ئەو دوو هۆڵە کە تایبەتمەندیی ئامێرە دەنگییەکانی ببێ و بەبەرچاویەوەی دەگرێ لەبەر بایەخداریی لە بینایەکی لەم جۆرەدا. بە واتای ئەوەی کە وەک بۆشاییەکی ناوەکی جوانکاری نییە و بەس، بگرە کاری کەمکردنەوەی گرفتەکانی دەنگدانەوەش، کە دوور نییە تا ڕادەیەکی زۆر کار لە پێشاندانە مۆسیقاییەکان بکا.

لەگەڵ زەحمەتیی پرۆژەکەشدا ٩٣٣ ئەندازیار و کۆمپانیای ڕاوێژکاری چوونەتە پێشبڕکێکە، بەڵام ئەوانەی پرۆژەیان پێشکێش کردووە، تەنیا لە ٢٣٠ لایەن تێ نەپەڕیوە و لە ئەنجامدا ساڵی ١٩٥٧ جاڕ درا کە ئەو پرۆژەیەی لەلایەن جوێرن ئوتزنەوە پێشکێش کراوە پێشبڕکێکەی بردووەتەوە. ئەوەی سەیر و سەرنجڕاکێشە ئەوەیە، لە قۆناخی یەکەمدا پرۆژەی براوە لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە دوور خراوەتەوە، چونکە هێڵکارییە پێشکێشکراوەکە هاندەر نەبووە، کە لە وێنەگەلێکی سادە و هێڵەکەوانەیی (کرۆکی) گەلێکی سەرەتایی بووە.

وەکو دەشگێڕنەوە، یەک لە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن درەنگ ئامادەی دانیشتنێکی هەڵسەنگاندنەوەی پرۆژە پێشکێشکراوەکانی لێژنەکە بووە و چاوی بە کۆمەڵە پرۆژەیەک دەکەوێ بەلاوە نراون و لە یەکەم قۆناخەوە پشتگوێ خراون، ئەم وێنە هێڵکارییە سەرەتاییە سادانە سەرنجی ڕادەکێشێ و پرۆژەکە لەناو کۆمەڵەکەوە دەردەهێنێ و دەیخاتەوە بەردەستی لیژنەوە کە دواتر ڕاسپێررا کە بە قووڵی لێی وردببنەوە کە لە داهاتوودا دەبێتە یەکێک لە مەزنترینی پرۆژەکانی سەدەی بیستەم، ئەمەی لەو سەیروسەمەرە و ڕێککەوتانەیە کە ڕواڵەت جاروبار خەڵکی فریو دەدا.

سەرچاوە:

ingilizce Vikipedi'deki 26 Ocak 2010 tarihli Jrn Utzon maddesi

http://www.sea7 htravel.coml /2010/10/sydnsy-opera-house-sail.html

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D



شێوەکار

# عەبدوڕەحمان وەحید گلحو

ئاغاله

ئەو ساتانەی کاک عەبدوڕەحمان نیگاری کێشاوە ئەو کەسانەی نیگاریان لە دهۆک کێشاوە لە ساڵانی هەشتاکاندا بە پەنجەی دەست ژمێردراون. ئەو پێشەنگی هونەری شێوەکارییە لە ناوچەی بادینان و دیارترین شێوەکاری (یەزیدی)یە لە کوردستانی عێراقدا.

وەک زۆرینەی شێوەکارانی تر پێڕەوی زۆر شێوازی کردووە بەر لەو شێوازەی سریالیزم لەناو کارەکانیدا ڕەگی هەیە و ڤیگەر و سروشت و شوێنەکان ئاسایی نین.

من زیاتر تیشک دەخەمە سەر ئەو کارانەی لە ساڵانی ٢٠٠٠ بەرهەمی هێناوە و شێوازێکی سەرکەوتووە. لە ڕووی تەکنیک و توخمدا ئەو کارانەی سەرکەوتوون لە پێکهاتەی گرینگیدان بەشێوە و ڕەنگ کە ڕەنگ لە پێناو شێوەدایە. بێگومان ئەو تابلۆی بێ ڤیگەری هەیە وەک تابلۆی ژمارە (١) هەواڵ.

ڤیگەری کارەکانی کە چەند ژنێکن لە ڕووی دارشتن و بزاو لە کاری (سیزان–Cizan) دەچێ. بۆیە شێوازی پڕکردنەوەی ڕووبەرەکانیش بەشێوەی سیزان دەچێ. بەڵام بەکارهێنانی فڵچەی بچووکتر و زۆرتر ڕەنگدانان لەسەر یەک و تەنیشت یەک وای کردووە شوێن فڵچەکانی کاک گلحو هەندێ ئاڵۆزتر دەرکەوێت.

وە ئەگەر نێزیکتری خەمەوە لە خۆمان شێوەی تەکنیک و فڵچە وەشاندنەکانی نێزیک دەبێتەوە لە کارەکانی نیگارکێشی خوالێخۆشبوو (ئازاد شەوقی) کە لێرەدا شوێنی ئەو بەراوردە نییە. بۆیە دەبێ ئاگەدار بین و تاکە کەسێ بەیەک شێواز و تاک و تەنیا و خوڵقێنەری نەزانین، چونکە شێوازی هونەرمەندێ نییە لەخۆوە و هەوێنی وەرنەگرتبێ لە کەسێکی پێشەنگی خۆی.

هەموومان هێزی پێشکەوتنمان لە کاری پێش خۆمان وەردەگرین. ڤیگەرەکانی ژنە دەم سوور و کراس سوور و کابان و هاورێی ماسی و بێ پیاو و قەیرە و نوقمبووی ناو باگراوندێکی جارێ سەوز و جارێ شین بوون. هەندێ جار ڕەنگەکان سنووریان بەزاندووە و لە باگراوندەوە پەڕیونەتەوە سەر لەش و دەستی مۆدێل و ڤیگەرەکان بۆ داپۆشینی خەوش و ڕەوشتی گشتی تا فەرامۆش نەکرێ و بەو تەکنیکە پارێزی کرد و تا لە ڕووتی و سیمای سێکسی بیانپارێزێ. ئەوەندەی ژنەکان شەرمن و لێقەوماون ئەوەندە سێکسی و چاونەترس و لینگباز نین. ناوێرم خۆم بدەم لە شیکاری و دۆزینەوەی هێڵی کاریگەری ئاینەکەی کە (یەزیدی)یە لەسەر ڕەگەز و ڕەسەنایەتیی هونەرەکەی بکەم. چونکە زۆر شارەزای (پاسۆردی) ئاینی یەزیدی نیم و دەترسم بکەومە هەڵەوە. چونکە ئەو کاریگەرییە هەیە لەسەر کارەکانی و خۆشی هەڵنەواردووە لە ئاینزاکەی. بەڵام لەو کاتەی دەمەوێ لەسەر تابلۆکانی کاک عەبدوڕەحمان بنووسم و دەڕوانم و زەین دەدەم و ورد دەبمەوە لە کراس سوور و دەم سوور و پەڵە ڕەنگی دارستان و کۆڵان و کەش و باری کارەکانی ڕاستەوڕاست قوربانی (دوعا) دەبینم لەو ڤیگەرانەیدا، هەرچەندە ئەو کارانەی بەر لە چیرۆکی دوعا نیگار کێشاون.

کاک عەبدوڕەحمان وەحید گلحو تا ئێستا لە شاری دهۆک ژیان بەسەر دەبات و لە ساڵی ١٩٥٤ هەر لەو شارەش لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٨٠ کۆلێجی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە.








2000.
A. W. Kalho.














2000.
A.W. Kalho.










2000
A. W. Kalho

# ریفۆرمی پرۆتستانی
## تاکباوەڕی و مۆدێرنیتە

مۆریس باربیە

ئەگەرچی کۆمەڵگەی سەدە ناڤینییەکان، بە مافەکانی تاک نامۆ بوو، بەڵام وا دیارە کە بزاڤی ریفۆرمی ئاینیی پرۆتستانی لە سەدەی شازدەمدا، لە سۆنگەی ئەو گرینگییەی کە لە بواری ئاینیدا بەتاکی دا، رێگەی بۆ سەرهەڵدانی خۆش کردبێ. لە راستیدا، ریفۆرمی ئاینیی پرۆتستانی، ئازادیی ویژدانی تاکی لە سەروو هەموو شتێکەوە دانا و پێی لەسەر ئازادیی تاکی مەسیحی لە هەمبەر دەسەڵاتی مادی یا مەعنەویدا داگرت و هەروەها پرسی تاکی بەختەوەری کە تەنیا گرێدراوی دڵاوایی خوایی و ئیرادەی یەزدانە زەق کردەوە. ئەم روانگەیە، تاکباوەڕییەکی ئاینیی راستەقینەی لێ کەوتەوە و رێگەخۆشکەربوو بۆ پەلهاوێشتنی لە جیهانی مادیدا و لەناو جڤاکدا بەشێوەگەلی سیکیولار رەنگی دایەوە. بەم جۆرە، رەنگە بکرێ بڵێین، پرۆتستانیزم، ئاخێزگەی تاکباوەڕیی مۆدێرنە و بواری بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی سیاسی خۆش کردووە و هەروەها دەکرێ ئەوەش بڵێین ئەو ئازادییەی ئەم بزاڤە لە بواری ئاینیدا بەدوای خۆیدا هێنای، هەر هەمان ئازادیش لە رووی سیاسیشەوە لێ کەوتەوە و ئەمەش کەشێکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی سیستەمگەلی کۆماری و دیموکراتیک خولقاند.

ئەم چەشنە بۆچوونانە کە بەرواڵەت رەنگوبۆنێکی لوجیکییانە، وێرای کۆمەڵێک تێبینیی گشتی و بەبێ پشتبەستن بە بەڵگەی پێویستیان پێوە دیارە، زۆرجار سەرەڕای چەند هەوڵێکی داهێنەرانە لەم بوارەدا، بەسانایی دەسەلمێنرێن. بۆیە دەبێ بڵێین کە ئەم چەشنە بۆچوونانە ئاڵۆز و تەمومژاوین، پێویستە بە وردبینی و بە پشتبەستن بە مێتۆدێکی رەخنەگرانە، شرۆڤە بکرێن. لە ئەنجامدا کۆمەڵێک پرسیاری نوێ لەم بارەیەوە، سەرهەڵدەدەن و پێویستە وەڵامی جیاجیاشیان پێ بدرێتەوە، سەرەتا دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە داخوا دەکرێ، پرۆتستانیزم، بە ئاخێزگەی مۆدێرنیتە و دەرکەوتەکانی دابنرێ و بەتایبەت، ئاخۆ کالونیزم، داهێنەری تاکباوەڕیی نوێیە؟ پاشان دەکرێ باسی

.....................................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری

ڕۆڵی پلورالیزمی ئاینی سەرچاوە گرتووە لە ریفۆرمی ئاینی، لە هاتنە ئارای مۆدێرنیتەی سیاسیدا بکەین. لە کۆتاییدا دەبێ بەوردی سروشتی پێوەندیی شیمانەکراوی نێوان پرۆتستانیزم و سیستەمی کۆماری یا دیموکراتیک ڕوون بکەینەوە.

## پرۆتستانیزم و گووڕانی مۆدێرنیتە

لەبەر گرینگایەتییەک کە پرۆتستانیزم لە ڕووی مەزهەبییەوە بەتاک و ئازادیی تاکەکەسی دا، ئەشی ئەو پرسیارە بکەین کە ئاخۆ ئەمە ڕێگەی بۆ تاکباوەڕی و بانتر لەوەش، مۆدێرنیتە خۆش نەکردووە؟ ئێرنست ترولچ (Ernest Troeltsch) وردبینانە و مێتودیک ئەم پرسیارەی تاوتوێ کردووە و بەرسڤێکی زۆر جیاواز و مەیلەو نیگەتیڤی دەست کەوتووە، کە لە ڕاست دەچێ. ناوبراو وەڵامەکەی خۆی لەم پێوەندییەدا، لە چەند کۆڕ و سیمیناردا خستە ڕوو. کە لە ساڵی ١٩١١دا دوو توی کتێبکدا بەناوی (گرینگایەتیی پرۆتستانیزم لە سەرهەڵدان جیهانی مۆدێرن)[١]دا چاپ کرد. ترولچ لەم کتێبەی خۆیدا، تێ کۆشاوە تا لە ڕۆڵی پرۆتستانیزم لە گووڕانی مۆدێرنیتە ـ کە لە تاکباوەڕی، ئاوەزباوەڕی، ڕێژەگەری و ئازادیی ویژداندا، ڕەنگ دەداتەوە ـ مووقەلەشانە ڕوون بکاتەوە.

ناوبراو پێ لەوە دەنێ کە (بەردی بناخەی تاکباوەڕیی مۆدێرن) لەسەر ئەم (ئایدیا مەسیحی)یە دانراوە کە مرۆڤ پابەندە بەوەی تا لە ڕێی سۆز و مەیلی خۆیەوە بۆ خوا، خوایەک کە ژێدەری ژیانە مرۆڤ و سەرپاکی جیهانە، کەسایەتیی خۆی گەشە پێی بدا[٢]. کەوابوو، لەم ڕووەوە کە پرۆتستانیزم لە پەروەردەکردنی تاکباوەڕیی ئاینی و بڵاوکردنەوەیدا ـ لە تەڤ کون و قوژبنەکانی ژیاندا دەستی هەبوو، دەکرێ بڵێین کە (لە دەرکەوتنی جیهانی مۆدێرندا ڕۆڵێکی کاریگەری بوو)[٣]. بەڵام لەبەر سنوورگیربوونی ڕۆڵەکەی لەم لایەنەوە، نابێ زۆری پێوە بنێین: (بەشێکی سەرەکی لە بنچینەگەلی جیهانی مۆدێرن لە بوارگەلی دەوڵەت، ئابووری، زانست و هونەردا بەتەواوەتی سەربەخۆ و لە دەرەوەی پرۆتستانیزم سەریان هەڵدا)[٤].

ترولچ بۆ شیکردنەوەی ئەم ڕۆڵە، سەرەتا سنوور دادەنێ لە نێوان پرۆتستانیزم دەسپێک واتە پرۆتستانیزمی ریفۆرمی ئاینی لوتەری و کالڤینی و هەروەها پرۆتستانیزمی مۆدێرن. (لە کۆتاییی سەدەی هەژدەم بەملاوە). لە ڕاستیدا پرۆتستانیزمی دەسپێک، درێژەدەری کولتووری سەدە ناڤینییەکان بووە و ئاینی بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەدا زاڵ کرد. لە حاڵێکدا کە پرۆتستانیزمی مۆدێرن دەوڵەتی لەبن باری ئایندا هێنایە دەرێ و دانی بە سکیولاریزمی دەربازبوو لەبن هەژموونی ئایندا نا.

لە ڕاستیدا پرۆتستانیزمی مۆدێرن بەکردەکی شوێنێکی ئەوتۆی لەسەر دەرکەوتنی جیهان مۆدێرن دانەنا، بەپێچەوانەوە، هەندێک لەو ڕەوتە هزرییانە کە لەلایەن پرۆتستانیزمی سەرەتاییەوە، سەرکوت کرابوون، وەک یەزدانناسیی مرۆڤدۆستانە، (باتیزم) و (مەعنەویەت ناسیی تاکباوەڕ). لەو ڕەوتەدا ڕۆڵێکی گرینگیان گیرا. بەڵام دەبێ پرۆتستانیزمی مۆدێرن یا پرۆتستانیزمی نوێ، پتر بە بەرهەمی جیهانی نوێ دابنێین تا بەهۆکاری دروستبوونی جیهانی مۆدێرن. چونکە ئەمە لە ڕاستیدا، بەرهەمی مۆدێرنیتەیە. بە کورتی، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی ترولچ کە ڕۆڵی پرۆتستانیزم لە سەرهەڵدانی جیهانی

مۆدێرندا یەکجار کەمڕەنگ دەکاتەوە، لەم ڕاستییەوە، سەرچاوە دەکرێ: (باسکردن لەمەڕ کاریگەریی پرۆتستانیزم لەسەر پەیدابوونی چاندنی مۆدێرن، تەنیا لە ڕێی گەڕانەوە بۆ ڕەوت و ڕوانگە جیاجیاکانی ناو پرۆتستانیزمی سەرەتایی دەست دەدا، چونکە پرۆتستانیزمی نوێ، تەنیا بەشێکە لە توخمگەلی پێکهێنەری ئەم چاندە نوێیە واتە چاندێک کە زۆر بە قووڵی کاری تێ کردووە.(٥)

لە قۆناخی دووەمدا، ترولچ پێی وایە کە شوێنی پرۆتستانیزم لەسەر گوورانی جیهانی مۆدێرن، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەبێ خواست و قەست بووە. لە ڕاستیدا پرۆتستانیزمیش وەک کاتولیزم، نامۆ بووە بە مۆدێرنیتە و ڕاستەوخۆ دەستی نەبووە لە سەرهەڵدانیدا: «لە ڕاستیدا پرۆتستانیزم نەک هەر بە ڕێخۆشکەریی ڕاستەوخۆی لەدایکبوونی جیهانی نوێ دانانرێ، بگرە بەپێچەوانەوە و بەرەڤاژیی سەرجەم ئایدیاگەلی گرینگ و نوێی، وەک نوێکردنەوە و پتەوکردنی ئارمانجی کولتووری دەروەستیهێنەری کڵێسا دەرکەوت»(٦) ئەگەر بمانەوێ ڕۆڵێک بدەینە پرۆتستانیزم لە سەرهەڵدانی جیهانی مۆدێرندا، ڕۆڵەکەشی ناڕاستەوخۆ و کاریگەرییەکەشی لەو ڕووەوە ئاڵۆزبوو کە بەگوێرەی باکگراوندە جیاجیاکانی لە ڕێی جۆراوجۆرە کاری خۆی دەکرد. ترولچ شیلگیرانە و بەوردبینییەوە، چۆنیەتیی دەرکەوتنی ئەم کاریگەرییەی لە چەند لایەنی وەک: ماڵبات، حقووق، دەوڵەت و داوودەزگاکانی، مافی مرۆڤ، ژیان و هزری ئابووری، ژیانی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی و هەروەها لەلایەنی زانست و هونەرەوە، لێک دەداتەوە.

لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، پرۆتستانیزمی سەدەگەلی شازدەم و هەژدەم، لە بواری کاروباری دادوەرییەوە لە سۆنگەی (نەبوونی بنەوایەکی کولتووریی نوێ)وە، بەکردەکی ناکاریگەر بوو. لە ڕاستیدا پرۆتستانیزم لەم ڕووەوە نەک هەر (بە هەڵگری چاندێکی نوێ دانەدەنرا، بگرە هەر لە جێدا بواریشی بۆ بەردەوامبوونی ڕەوش و دۆخی باوی سەدە ناڤینییەکان خۆش کرد)(٧) لە ڕەهەندی سیاسییەوەش ڕۆڵی پرۆتستانیزم هەرچەندە ڕاستەقینە، بەڵام کەمڕەنگ بوو: پرۆتستانیزم نە دەوڵەتێکی سیکیۆلاری دامەزراند، نە ئایدیایەکی مۆدێرنی لەمەڕ دەوڵەت گەشە پێ دا و نە ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆی لە ڕووی سیاسییەوە بەرهەم هێنا.(٨) هەرچەند پرۆتستانیزم (دەوڵەتی لەژێر هەژموونی دادوەری و حقووقیی کڵێسادا دەربار کرد) و بەلایەنی کەم لە پرەنسیپەکاندا، سەربەخۆیی بێ ئەملا و ئەولای پێ دا. (بەڵام لەم لایەنەوە بە چ ئاوایەک باسی ئایدیای مۆدێرنی دەوڵەت لە گۆڕیدا نەبوو، بەپێچەوانەوە چ گۆڕانێک بەسەر ڕوانگەی پرۆتستانیزمدا نەهاتبوو و هەروەک جاران، دەوڵەتی وەک دامەزراوەیەک بە ڕەنگوبۆنی ئاینییەوە سەیر دەکرد و ئەرکەکەشی بەرەڤانیکردن لە ئومەتی مەسیحی و پاراستنی فۆرمە ئەخلاقییەکان دەزانی (...) واتە پێی وابوو گرینگترین ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە یارمەتیدەری دڵسۆزی کڵێسا بێ)(٩) نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە لە ڕووی پێکهێنان و ڕێکخستنی داوودەزگاکانی دەوڵەتەوە، کاریگەریی کالڤینیزم، لە لوتەریزم بەرچاوتربوو.

لە ڕاستیدا لوتەریزم بۆ (دەسەڵاتی ڕەها) بە کەڵک بوو و خۆی لە بنەڕەتەوە، خۆی وەک کۆنەپارێز و خەمسارد دەرخست و بەم ڕەنگە لەگەڵ دەسەڵاتی بێ بەند و کۆنەپارێزی (پروس)ی ڕێک خستبوو. بەڵام کالڤینیزم، ڕۆڵێکی جیاواز و گرینگتری گێڕاو پشتیوانیی لە مافی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی

ستەمکارانەدا دەکرد: زێدەباری ئەمە سیستەمی نوێنەرایەتیی کڵێسای کالڤینی پێکهاتەی دەوڵەتی باشتر ناساند و کالڤینیزم لە دارشتنی چوارچێوەیەکدا بەشداریی کرد کە بەستێنێکی لەباری بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی دیموکراسی پێک هێنا، ئەگەرچی لەم بارەیەوە ڕۆڵەکەی بەرتەسک و ناڕاستەوخۆ بوو، سەرەڕای ئەمەش، ناکرێ دیموکراتیکبوونی جیهانی مۆدێرن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەتەنیا بە کالڤینیزمەوە، ببەستینەوە. ئاوەزباوەڕیی ڕووت کە باوەڕی بە سروشتی خودان یاسا و قوتار بوو لە یاسا ئاینییەکان بوو، لەم پێناوەدا ڕۆڵێکی کاریگەرتری گێڕا.(١٠)

ڕاستە کە مافی مرۆڤ و بەتایبەت ئازادیی بیروباوەڕ و ویژدان کە لە کۆتاییی سەدەی هەژدەمدا لەناو دەستوورەکانی ویلایەتەکانی ئەمەریکادا ڕاگەیەندرا. ئاخێزگەکەی ئاینی بوو، بەڵام دەبێ پوریتانیزم (puritonism) وەک سەرچاوەی ئەم گەریانە هزرییە سەیر بکرێ کە قەت کالڤینیست نەبوو. شوێن پەنجەی پرۆتستانیزمی ئیشکە پیرۆزی بەسەرەوە نییە. بگرە پتر کاریگەریی ئەو دەستە و گرووپانە بەدی دەکرێ کە گۆشەگیر کرابوون و پەڕاوێز خرابوون و پرۆتستانیزم چارەی نەدەویستن، کە دەکرێ بۆ نموونە ئاماژە بە بزاڤی ڕوحباوەڕی بکەین.(١١)

لە ئەنجامدا، هەروەک دەزانین زۆرجار باسی نەخشی پرۆتستانیزم لەسەر بواری کۆمەڵایەتیدا و هەروەها پێوەندیی نێوان کۆمەڵ و تاک دەکرێ و تەنانەت پرۆتستانیزم (بە باوکی تاکباوەڕی تایبەت بەجیهانی مۆدێرن) دادەنرێ. بەڵام لە ڕوانگەی ترولچەوە، ئەم پرسە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بیری لێ دەکەینەوە و بۆیە دەبێ زۆر وردتر تاوتوێ بکرێ. لە ڕاستیدا ئەگەرچی تاکباوەڕیی مەزهەبیی پرۆتستانیزم (ڕۆڵێکی بەرچاوی لە سەرهەڵدانی تاکباوەڕیی مۆدێرندا هەبووە) بەڵام ئەم بزاڤە بەکردەکی چ ئەنجامێکی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەبوو. چونکە پرۆتستانیزم لەم بارەیەوە هەر لە جێدا، کۆنەپارێزە: (هەرچەند پرۆتستانیزم لەباری پرەنسیپی تێگەیشتنی خۆیەوە بۆ پێوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵ، لەسەریەک، وەک تاکباوەڕ و دژە سەرەڕۆیی خۆی نیشان دەدا، بەڵام ئەو بزاڤە سەرەکییانە کە لەژێر ئاڵا و بۆچوونەکانیدا، سەریان هەڵدابوو. زۆر سەیر کۆنەپارێزبوون.)(١٢) یان وەکی تر دەکرێ بڵێین تاکباوەڕیی ئاینی نە تاکباوەڕیی کۆمەڵایەتیی لێ کەوتەوە نە جێگۆڕکێی لە بەشوێنی تاک لەناو کۆمەڵگەدا کرد. هەروەک چۆن یەکسانیی باو لە بواری ئاینییەوە، یەکسانیی لە بواری کۆمەڵایەتیدا لێ نەکەوتەوە.

بەم پێیە ترولچ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە پرۆتستانیزم تەنیا لە بواری ئاینییەوە شوێنی ڕاستەوخۆ و تەواوی دانا و لەبوارگەلی تردا، کاریگەرییەکەی ناڕاستەوخۆ و کەمرەنگ بوو. ڕاستە ئاین دەتوانێ هاوشانی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ملی ڕێگە بگرێ. بەڵام ناتوانێ بزوێنەریان بێ، دەتوانێ بوار بۆ گۆڕانکارییەکان خۆش بکا، بەڵام بۆ خۆی توانای پێکهێنانی گۆڕانکاریی نییە. کەش و جیهانی ئاینی لە بنڕا جیاوازە لەگەڵ جیهانی سیاسی و جڤاکی و برشتەکەی لە کەوشەنەکەی خۆیدا قەتیس دەمێنێ.(١٣)

بەکورتی، مۆدێرنیتە بەرهەمی پرۆتستانیزم نەبوو. بەڵام فۆرمێکی ئاینیی لەباری بۆ پێک هێنا کە لە ڕاستیدا ئاینیبوونی مۆدێرن بوو. پرۆتستانیزم ئاخێزگەی مۆدێرنیتە نەبوو، بەڵام یارمەتیدەری بوو و

خۆی لەگەڵیدا گونجاند. تەنانەت دەکرێ بڵێین کە مۆدێرنیتە شوێنی لەسەر پرۆتستانیزم دانا و گۆڕانی بەسەرهێنا. لە ڕاستیدا تاکباوەڕیی مۆدێرن لە دەرەوە و بەبێ پرۆتستانیزم، سەری هەڵدا.(١٤) بەڵام پرۆتستانیزم لە بری ئەوەی وەک کاتولیسیزم، تەریک و گۆشەگیری بکا، بە پشتبەستن بە تاکباوەڕییە تایبەتەکەی خۆی، باوەشی بۆ کردەوە هەرسی کرد. ئیدی پرۆتستانیزم، سروشتییانە لەگەڵ مۆدێرنیتە کەوت، شانبەشانی گۆڕا و بەم شێوەیە بوو بە ئاینی مۆدێرنیتە: ئاینزای تاکباوەڕیی پرۆتستانی (...) ئاینزایەک کە بناخەکەی لەسەر باوەڕ و ویژدانی ئەخلاقی دانراوە، ڕێبازێکی ئاینییەکە لەگەڵ کولتوورێکی مۆدێرنی تاکباوەڕدا خۆی تەباوڕەبا کرد. یان ڕوونتر بڵێین لەو سۆنگەیەوە کە ئەم تەبایییە هەرس کرا و سەری گرت، پرۆتستانیزمیش چەند گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات(١٥).

کەوابوو دەبێ باسی گونجان و هاوئاهەنگیی نێوان پرۆتستانیزم و تاکباوەڕیی مۆدێرن بکرێ، نەک باسی کاریگەریی پرۆتستانیزم لەسەر گوورانی تاکباوەڕیی مۆدێرن. یا ڕوونتر بڵێین، ناکرێ پرۆتستانیزمی سەرەتایی بە ئاخێزگەی تاکباوەڕیی مۆدێرن دابنێین. لە ڕاستیدا تاکباوەڕیی مۆدێرن لە پێڤاژۆیەکی سەربەخۆدا پێ گەیشتن و پاشان پرۆتستانیزم بوو چوارچێوە و پاڵپشتێکی باش بۆی و تەنانەت دەکرێ بڵێین کە تاکباوەڕیی مۆدێرن لە گەشە و نەشەی پرۆتستانیزمدا دەستی هەبووە. لە ئەنجامدا، پرۆتستانیزمی سەرەتایی ـ لوتەری یا کالڤینیستی ـ ڕاستەڕاست بە ئاخێزگەی مۆدێرنیتەی سیاسی دانانرێ. هەروەک دەزانین مۆدێرنیتەی سیاسی لە کۆتاییی سەدەی هەژدەمدا، واتە کاتێک دەرکەوت کە پرۆتستانیزمی نوێش، خۆی بۆ گونجاندن لەگەڵیدا بەرهەڤ کردبوو.

## کالڤینیزم و سەرهەڵدانی تاکباوەڕی

هەرچەند ئەشێ وەک ترولچ دان بەوە بڵێین کە پرۆتستانیزم کاریگەرییەکی جیدیی لەسەر لەدایکبوونی تاک و هەروەها گوورانی مۆدێرنیتەدا نەبووە. بەڵام دەبێ ئەو پرسیارە بکەین کە ئاخۆ دەکرێ کالڤینیزم بە ئاخێزگەی تاکباوەڕیی مۆدێرن دابنێین؟ لویی دومون بە پۆزەتیڤ بەرسڤی ئەم پرسیارە دەداتەوە و بەم شێوەیە گەرچی پشت بە ترولچ دەبەستێ. بەڵام بە ئاشکرا لێشی دوور دەکەوێتەوە(١٦) لە ڕاستیدا لویی دومون لەسەر لۆجێکی بۆچوونەکەی خۆی لەمەڕ ڕۆڵی مەسیحیەتی سەرەتایی لە دەرکەوتنی تاکدا دەڕوا.

لویی دومون پێی وایە کە کلێسا هەتا بەر لە بزاڤی ریفۆرمی ئاینی (...) بووبووە نێوبژیوانێکی چالاک و هەروەها ئاڵقەی پێوەندیی نێوان تاکی دەرەوەی کۆمەڵ و هەروەها کۆمەڵ (واتە جڤاک و بەتایبەت ئیمپراتۆری یا دەوڵەت)(١٧). لەم دەلاقەیەوە، ریفۆرمی ئاینی لە کاتولییزم نەپچڕابوو، بگرە بە ڕێخۆشکردن بۆ تاکی ناو جڤاک، لە ڕاستیدا لەسەر ئەرکەکەی ڕۆیشت و پەرەی پێ دا. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، کالڤین ڕوونکەرەوەی کۆتاییی پرۆسەیەکە کە لە ڕەوتی خۆیدا، تاکی دەرەوەی کۆمەڵ دەکاتە تاکێکی کۆمەڵایەتی و بەم ڕەنگە (دوا قۆناخی) ئەم پێڤاژۆیە نیشان دەدا.(١٨)

بەکورتی، لویی دومون (بیرۆکە)کەی کە هەم ساکار و هەم پێک دژە، ئاوا شرۆڤە دەکا «وێڕای کالڤین، ئەو دوو پارچەیییە هەرەمییە کە بووبوو بە شوناسی بواری لێکۆڵینەوەکەمان، دەبڕێتەوە: ئەو

توخـمـه دنیـاییـه ئاشـتی هـەڵنەگـرەی کـە تاکـبـاوەڕی دەبوو تا ئەودەم لەگـەڵی ڕێک بکەوێ، لە یەزدانناسییەکەی (کالڤین)دا بەجارێ ون دەبێ و ئەم بوارە بۆ هەتا هەتایە دەبێتە یەک. ئێستا کە تاک لە جڤاکدایە و بەها تاکباوەڕانە بێ کۆتوبەند باڵادەستە. بەم ڕەنگە، ئێمە ئێستا سەرەدەری لەگەڵ تاکی ناو جڤاکدا دەکەین)[١٩].

یان وەکی تر، لە سایەی سیستەمی ئاین سالارانەی (کالڤین)دا چ سنوورێک لە نێوان جڤاک و بەها مەعنەوییەکاندا نەما: ڕۆح بەبەر سەرتاپای ژیاندا کرا و تاکی دەرەوەی جڤاک بوو بە تاکی ناو جڤاک و بەم چەشنە ڕێگە بۆ تاکباوەڕیی مۆدێرن ئاواڵە بوو. کالڤینیزم تەنانەت (تاکباوەڕیی تاودراو)ی لێ پەیدابوو. چونکە لەگەڵیدا (ئەوەی کە گرێدرا و بوو بە پێوەندیی تاک جڤاکەوە، تینی سەند)[٢٠] لێرەڕا ئیدی، پرەنسیپی کۆباوەڕی کە دەبووە کۆسپ لە بەردەم پراکتیزەکردنی تاکباوەڕیدا، نە لە کڵێسادا بەدی دەکرا و نە لە جڤاکدا. بەم ڕەنگە (لە سایەی کالڤینەوە کڵێسا وەک دامەزراوەیەکی کۆباوەڕی، هەڵپچڕا) و بوو بە (شوێنی کۆبوونەوە تاکەکان)[٢١]. هەروەها چونکە ئەودەم دەوڵەت و جڤاک لەژێر هەژموونی کڵێسادا بوون، لە ئەنجامدا، ئەمانیش وازیان لەلایەنە کۆباوەڕییەکەی خۆیان هێنا. کەوابوو دەوڵەتی مۆدێرن وەک کڵێسایەکی خەملاندی دەرکەوت[٢٢].

ئەم بیرۆکە نوێ و باڵکێشە، لە ڕاستیدا ـ پراکتیزەکردنی تایبەتی بیرۆکە گشتییەکەی لویی دوموون لەمەڕ چۆنیەتیی سەرهەڵدانی تاکباوەڕی و هەروەها بەچەشنە ئاکامێکی ئەو بیرۆکەیە دادەنرێ.[٢٣] بەڵام ئەم تێزەش هەر وەک ئەو بیرۆکەیە زۆر قسە هەڵدەگرێ و بەچەند هۆیان زۆریش تا قایلکەر نییە. سەرەتا دەبێ بڵێین، ئەم تێزە ناتوانێ پشت بە ترولچ ببەستێ، چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد. ڕوانگەی ناوبراو لەم پێوەندییەدا زۆر جیاوازە دوای ئەوەش، لەو سۆنگەیەوە کە ئەم تێزە، پشتگیری لە سیستەمێکی دینسالار دەکا، کەوابوو تەنیا دەکرێ لەمەڕ هەندی سەردەمی کڵێسای کاتولیک، پشتی پێ ببەسترێ (بۆ وێنە سەردەمی فەرمانڕەوایی پاپ بوونی فاسی هەشتەم یا ئەزمـوونی ساوناروڵا لە فلورانس). زێدەباری ئەمە، وای دادەنێ کە ئەو دینسالارییەی کالڤن لە (جنێف)دا بنیاتی نا، لە رووی کات و شوێنەوە، بەداخراوی مایەوە پاشان پەرەی سەند.

ئەگەر قووڵتریش بۆی بچین، دەکرێ بپرسین، ئاخۆ دین سالاریی کالڤینی، بەڕاست توانیی بوار بۆ تاکی دەرەوەی کۆمەڵ بۆ بوون بەتاکی ناو کۆمەڵ خۆش بکا؟ ڕاستە کە کالڤینزم و پرۆتستانیزم بەگشتی لە سۆنگەی، شێلگیرییان لەسەر باوەڕی تاک و ئایدیای چارەنووسی ئاینی، بواریان بۆ سەرهەڵدانی تاکی ئاینی ڕەخساند و ڕاست وەک مەسیحیەتی سەدەگەلی دەسپێک و تەنانەت بەر لەوەش، ڕێگەیان بۆ پەیدابوونی تاکی دەرەوەی کۆمەڵ خۆش کرد. بەڵام ناکرێ و زەحمەتە بزانین کە ئەم تاکەی دەرەوەی کۆمەڵ، چۆن بوو بە تاکێکی ناو کۆمەڵ، بەتایبەت بەو بیانووەی کە ئاینسالاری، کۆمەڵی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و هەروەها کڵێسا، دەوڵەتی کۆنترۆڵ کردبوو. بەم پێیە ناکرێ کالڤنیزم بە ئاخێزگەی تاکباوەڕیی مۆدێرن دابنێین. بێگومان پرۆتستانیزم، بە قەڵەمبازێک لە ڕووی تاکباوەڕیی ئاینییەوە دادەنرێ، بەڵام تاکباوەڕیی ئاینی، وای نەکرد کە تاکباوەڕیی سیکیولار لە هەردوو ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە سەرهەڵبدا. لە ڕاستیدا، ئەوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و

سیاسییەکان بوون کە ڕێیان بۆ تاکباوەڕیی مۆدێرن خۆش کرد. بەڵام پاشتر، ئەم تاکباوەڕییە خۆی لەگەڵ پرۆتستانیزم و بەتایبەت فۆرمە کالڤیینەکەبدا، گونجاند.

## پلورالیزمی ئاینی و مۆدێرنیتەی سیاسی

هەرچەند ناکرێ بڵێین پرۆتستانیزم ئاخێزگەی ڕاستەوخۆی مۆدێرنیتەیە، بەڵام لە سۆنگەی تاودانی ناکۆکی و ململانەی ئاینییەوە، ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆی لەم ڕووەوە دەگێڕا. لە ڕاستیدا، لەو وڵاتانەی کە پرۆتستانیزم بڵاو بووبووەوە، یەکپارچەیی ئاینی درزی تێ کەوت و لە ئەنجامدا کاری کردە سەر یەکریزیی سیاسیش و ئەم پێڤاژۆیە کۆمەڵێک ململانێی ترسناک و تەنانەت ژمارەیەک شەڕی ناوەخۆی لێ کەوتەوە (لە فرەنسا شەڕە ئاینییەکان لەساڵی ١٥٦٢ تا ساڵی ١٥٩٨ بەردەوام بوون). بەمەبەستی پەیداکردنی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم ڕەوشە، دوو ڕوانگەی جیاواز هاتنە گۆڕێ کە هەردووکیانیش بەکردەکی ئامێزیان بۆ کرایەوە.

ڕوانگەی یەکەم، لەمەڕ پاراستن و بنەجێکردنی یەکپارچەیی مەزهەبی بۆ پاراستنی یەکپارچەیی سیاسی بوو، لە سۆنگەی بەفەرمی ناسینی تاکە مەزهەبێک (کاتولیک یا پرۆتستان) لە هەر وڵاتێکدا و پەراوێزخستنی ئەوی تر (قەدەغەکردنی ڕێوڕەسمەکانی و سەرکوت و دوورخستنەوە لایەنگرەکانی) بوو. ئەم ڕوانگەیە بووە هۆی جیایی مەزهەبی و پەیڕەویکردنی لە پرەنسیپی (Cujus Regio, ejus Re-ligio) («هەر وڵاتێک گوێڕایەڵی مەزهەبی فەرمانڕەواکەیەتی» و فورموولی ئەم ئاینە شایانی ئەم فەرمانڕەوایەیە. لەمەوە سەرچاوەی گرتووە.) و هەروەها ئەم فورموولە بوو بە هەوێنی ئاشتیی ئۆگسبوورگ (١٥٥٥) کە بە بەخشینی مافی (jus,emiyranti)، سنوورێکی جوگرافیی لە نێوانیاندا پێک هێنا و لە ڕاستیدا ئیمپراتۆریای جیرمەنی بەسەر دوو مەزهەبی هەڤرک (کاتورلیک و پرۆتستانی لوتەری)دا دابەش کرد. هەر ئەم ڕوانگەیە سەدەیەک دواتر بوو بە هەوێنی پەیماننامە فیستڤالی (١٦٤٨) کە کۆتایی بەشەڕگەلی ٣٠ ساڵەی مەزهەبی هێنا و پرەنسیپی «هەر وڵاتێک گوێڕایەڵی مەزهەبی فەرمانڕەوایەکەتی» کردە پرەنسیپێکی گشتی.

ڕوانگەی دووەم لەمەڕ ئەم پرسە، نەک لەسەر جیایی مەزهەبەکان و لایەنگرانیان، بگرە لەسەر جیایی بواری سیاسی لە بواری ئاینی، دامەزرا بوو. بەچەشنێک کە یەکپارچەیی سیاسەت بپارێزرێ و بوار بۆ پلورالیزمی ئاینی خۆش بکرێ. ئەم ڕوانگەیە لەم ڕووەوە بۆ لەدایکبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی زۆر گرینگ بوو کە لە نێوان دەوڵەت و دیندا سنوورێکی پێک دێنا. و پرۆتستانی گوتەری دا دابەش کرا. هەر ئەم ڕوانگەیە سەدەیەک دواتر بوو بە هەوێنی پەیماننامە ڤیستڤاڵی (١٦٤٨) کە کۆتایی بە شەڕگەلی ٣٠ ساڵەی مەزهەبی هێنا و پرەنسیپی «هەر وڵاتێک گوێڕایەڵی مەزهەبی فەرمانڕەوایەکەتی» کردە پرەنسیپی گشتی.

ڕوانگەی دووەم لەمەڕ پرسە، نەک لەسەر جیاکردنەوەی مەزهەبەکان و لایەنگرانیان، بگرە لەسەر جیاکردنەوەی بوار بە بۆ سیاسی لە بواری ئاینی، دامەزرابوو. بەچەشنێک کە یەکپارچەیی سیاسەت بپارێزرێ و بواری پلورالیزمی ئاینی خۆش بکرێ. ئەم ڕوانگەیە لەم ڕووەوە بۆ لەدایکبوونی

مۆدێرنیتەی سیاسی زۆر گرینگ بوو کە لە نێوان دەوڵەت و دیندا سنوورێکی پێک دێنا. بەم جۆرە دەوڵەت مسۆگەر کرا و زێدەباری فرەجۆریی مەزهەبی، یەکەتیی سیاسی پارێزرا. بەم ئاوایە دان بە فرە ڕەنگیی مەزهەبیدا نرا یان بەلایەنی کەمەوە چاوی لێ نووقێنرا، چونکە کاری نەکردە سەر سیاسەت و تەنیا پێوەندیی بەتاکەوە هەبووە سەرەڕای ئەمەش، جیاییی دەوڵەت و دین، جیاییی فەرمانبەر - کە پەیڕەویی لە فەرمانڕەوا دەکرد - هەروەها ئیماندار - کە ئازادیی دینیی هەبوو - لێ کەوتەوە و بەم جۆرە جیاییی نێوان هاووڵاتی و تاک و هەروەها دەوڵەت و کۆمەڵگە پەیدا بووە لە ئەنجامدا دەرگەی بەڕووی مۆدێرنیتەی سیاسیدا کردەوە: بە کورتی دەرکەوتنی دەوڵەتی مۆدێرن هەم لە فۆرمی وەڵامێکدا بۆ چەند پارچەبوونی مەزهەبی و هەم وەک ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم پرسی چەند پارچەیییە، دەرکەوت، یان دەکرێ بڵێین، پلورالیزمی ئاینی، خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسیدا گونجاند.

وێڕای ئەوەی کە بێگومان وەدیهاتنی ڕوانگەی دووەم ئەستەمتر بوو، بەڵام لە سی ساڵی دواییی سەدەی شازدەم لە فرەنسا و بەتایبەت لە هۆڵەندا، چەسپا. هۆڵەندا کە کالڤینیزم لەوێ بوو بە مەزهەبی فەرمی. کەشی ئازادیی ئاینیی ڕەخساند: بەیاننامەی دامەزرێنەری دەوڵەت (یەکەتیی ئوتریخت لە ساڵ ١٥٧٩) ئازادیی باوەڕ و ویژدان و ڕیوڕەسمیی مەزهەبیی بە فەرمی ناسی (مادەی ١٣) و هەروەها زەماوەندی عورفیی لە ١٥٨٠ بوو بە یاسایی.[٢٣] لە فرەنسا، وڵاتێک کە کاتولیزم مەزهەبی دەوڵەت و شا بوو، بەگوێرەی چەندان بڕیاری شایانە، دان بە هەندێک ئازادیی پرۆتستانەکاندانرا و پێکەوە ژیانی مەزهەبی ڕێک خرا.[٢٤] لە ڕاستیدا مەبەست لەم بڕیارانە، دوو جۆرە جیاکردنەوە بوو: یەکەم، جیاکردنەوەی دەوڵەت و دین و پاشان جیاکردنەوە دوو مەزهەبەکە (نەک جیاکردنەوەی شوێنکەوتووانیان).

بەکورتی جیاییی دین و دەوڵەت لە دوو ڕێگەوە سەری گرت: لەلایەکەوە بەدانی ئازادیی باوەڕ و وێژدان بە پرۆتستانەکان و لەلایەکی ترەوە بە بەشدارکردنیان لە سەرجەم کاروبارە کارگێڕییەکاندا. بەم ئاوایە بڕیارەکەی ئامبواز[٢٥] لە ساڵی ١٥٦٣، ڕاشکاوانە ڕای گەیاند کە دین و مەزهەب پێوەندییان بەباوەڕ و ویژدانی تاکەوە هەیە، ناوبراو و هەروەها بڕیاری دا: «هەموو کەس بۆی هەیە بێ ئەوەی وەزەنگ و زیانی بگاتێ و تووشی پاڵەپەستۆ و ڕاوەدوونان ببێ. بۆ خۆی بە ئازادی لە ماڵەکەیدا بژی».[٢٦] هەر ئەم بڕیارە پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە میرزادەکان «بۆیان هەیە لە مافەکانی خۆیاندا بژین و لەوێدا وێڕای ئازادیی باوەڕ و ویژدان و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی مەزهەبی بەدڵی خۆیان، وێڕای ماڵبات و جووتیارەکانی خۆیان، نیشتەجێ بن».[٢٧] لەناو چەند دەقێکی تردا و بەتایبەت بڕیارەکەی (سن ژرمن)[٢٨] لە ساڵی ١٥٧٠دا هەروەها بڕیارەکەی نانت[٢٩] لە ساڵی ١٥٩٨، ئازادیی باوەڕ و ویژدان درایە پرۆتستانەکان. بەگوێرەی فەرمانی نانت، شا ڕێگەی بە پرۆتستانەکان دا «تا لە سەرجەم شار و ناوچەکانی سنووری پاشایەتی و ئەردی ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نیشتەجێ بن و خەریکی گوزەران بن. بەبێ ئەوەی کە ئەزییەت و ئازار بدرێن و یا لە سۆنگەی بیروباوەڕی مەزهەبییانەوە، هەندێ کاری پێچەوانەی باوەڕی خۆیان بکەن»[٣٠]. - بە فەرمی ناسینی ئازادیی باوەڕ

و ویژدان، بواری بۆ پێکەوەژیانی کاتولیک و پرۆتستانەکان خۆش کرد. چونکە ئیدی جوداکردنەوەیان، بە پێویست نەدەزانرا. زێدەباری ئەمەش ئەوەشی سەلماند کە دین پێوەندیی بەویژدانی تاکەوە هەیە و نابێ ببێتە کۆسپ لە بەردەم ژیانی گشتیدا. هەروەها باوەشکردنەوە بۆ پرۆتستانەکان لە تێکڕای کاروباری دەوڵەتی و گشتیدا، هەڵگری ئەم پەیامە بوو و دەری خست کە ئاین پرسێکی کەسانییە و نابێ ببێتە کۆسپ لە بەردەم وەرگرتنی پلە و پایەی دەوڵەتیدا. کۆمەڵێک بڕیاری تر، بەتایبەت بڕیاریلی سن ژرمن و (نانت)یش، ئەم مەبەستەیان پشتڕاست کردەوە لە بڕیارەکەی نانتدا ئاماژە بەوە کراوە کە، سەرجەم پرۆتستانەکان و «توانای ڕاپەراندن، دەستڕاگەیشتن بە تەڤ پیشەکان، پلە و پایەگەلی بەرز، خزمەتگوزاریی تایبەت و هەروەها وەرگرتنی هەرچەشنە بەرپرسیارەتییەکی دەوڵەتی پاشایەتی، دەرەبەگایەتی (Seigneuk) یان لەو شارانەی کە لە سنووری دەسەڵاتی ئێمە، هەروەها لەو ویلایەت، مەڵبەند و زەویوزارانەی کە کەوتوونەتە کەوشەنی فەرمانڕەواییەکەمانەوە[٣١] ئەنجامی بڕیارەکە ئەوە بوو کە ئاین، لە سیاسەت داماڵرا و دیارە ئەم هەڵوێستە جیایی دین لە سیاسەتی لێ کەوتەوە. هەرەوها بڕیارەکەی نانت هەرچەشنە هەڵاواردنێکی لە ڕووی ئاینییەوە، لە بواری پەروەردە و خزمەتگوزاریی تەندروستیدا، قەدەغە کردبوو[٣٢]. هەروەها ئەم بڕیارە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تایبەتی لەمەڕ قەزاوەت لە خۆ گرتبوون، تا کۆمەڵێک گەرەنتیی پێویست بە پرۆتستانەکان بدا.

(دامەزراندنی دادگاگەلی تایبەت، وێڕای پشکی یەکسان بۆ کاتولیک و پرۆتستانەکان) بەم جۆرە سەلماندنی ئازادیی باوەڕ ویژدان لەلایەکەوە بواری بۆ پێکەوە ژیانی کاتولیک و پرۆتستانەکان خۆش و لەلایەکی ترەوە وای کرد کە پرۆتستانەکان لە سەرلەبەری کاروباری دەوڵەتی و گشتیدا وەربگیرێن و هەروەها واشی کرد کە هەروەک کارمەندانی تر لەگەڵ پرۆتستانەکاندا هەڵسوکەت بکرێ. کەوابوو، دەکرێ لێرەوە باسی جیایی دین و دەوڵەت بکرێ.

دەبێ لە بیرمان نەچێ کە هەرچەند ئازادیی باوەڕ و ویژدان بەڵێ مەرج سەلمێنرا، بەڵام ئەم پرۆسەیە لە ئازادیی ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا، کە ڕەهەندێکی دەرەکی و کۆمەڵاتییان هەیە، هەروا بە سانایی و بێ تەگەرە ڕێگەی نەبڕی. ئەم ڕەنگە ئازادییانە زۆر دەست قووچاوانە و درانە پرۆتستانەکان و لە هەندێ شوێندا بەرتەسک کرانەوە. زۆربەی بڕیارەکان و لەوانە بڕیارەکانی ئامبواز، سن ژرمەن، بولیو[٣٣] (١٧٥٦)، نێراک[٣٤] (١٥٧٩) و هەروەها نانت، بەوردی ئەم چەشنە شوێنانەیان دەستنیشان کردن و هەندێ شوێنی پارێزراویان بۆ پرۆتستانەکان دابین کرد. بەتایبەت بڕیارەکەی نانت، ڕێگەی بەجێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی مەزهەبی پرۆتستانی بەو ئاغا و کاربەدەستانە دا کە مافی چەسپاندنی دادپەروەرییان هەبوو، لە بارەوە هەمان پرەنسیپی «هەر وڵاتێک شوێنکەوتووی مەزهەبی سەروکەکەیەتی» خرایە گەڕ، ئەم فەرمانە ڕێگەی بە جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی مەزهەبی پرۆتستانی لەناو ماڵاندا و تەنیا بۆ ئەندامانی ماڵبات و لەوانەیە سی کەسی تر دا.[٣٥] و هەروەها ئەو شوێنانەشی دەستنیشانکردن کە پرۆتستانەکان بۆیان نەبوو، ڕێوڕەسمیان تێدا بەڕێوەبەرن. (شارەکان ئەردی کاتولیکەکان، بەتایبەت پاریس و پێنج فەرسەنگیی دەوروبەری)[٣٦].

مەبەستی لەم ڕێوشوێنانە، لە ڕاستیدا سنوورگیرکردنی جوگرافیاییی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی

مەزهەبی پرۆتستان بوو. لە ئەنجامدا هەرچەند، بڕیارەکەی نانت پرۆتستان و کاتولیکەکانی لیک جیا نەکردەوە، بەڵام لایەنی پراکتیکی واتە جێبەجێکردنی بەشە دەرەکییەکەی ئەم دوو مەزهەبەی لێک جودا کردنەوە: پرۆتستانەکان تەنیا لە هەندێ شوێنی دیاریکراودا بۆیان هەبوو، ڕێوڕەسمی مەزهەبەکەیان پراکتیزە بکەن. ئەمەش ئەوە دەردەخا کە لە ڕووی ڕەهەندی پراکتیکییەوە، دین و دەوڵەت هێشتا لێک جودا نەکراونەتەوە.

ئەگەرچی، ڕەوشی فەرەنسا لەم ڕووەوە بایەخداره، بەڵام دەبێ لە نرخاندنەکەماندا لایەنە تەموژاوییەکەشی لە بیر نەکەین. لەم وڵاتەدا، پرسێک کە جۆرەجۆریی مەزهەبیی لێ کەوتەوە، لەبەر جیاکردنەوەی لایەنگرانی مەزهەبە جیاجیاکان نەبوو، بە لە سۆنگەی بەفەرمی ناسینی ئازادیی باوەڕ و ویژدان و بەکەوتنە سەرپێ پێڤاژۆی جیایی دین و دەوڵەت، چارەسەرکرا. ئاین ڕەهەندێکی کەسانیی پێ درا، بۆیە ڕەنگوبۆنی سیاسی پێوە نەما: لە ئەنجامدا، چیی تر ئاین نەدەکرایە دەسکەلایەک بۆ دووچاوەکی لە وەرگرتنی کاروباری دەوڵەتی و چالاکیی گشتی، کاروباری دادگایی یا پەروەردەییەوە(٣٧). بەڵام جیاییەکەیان لەو بارەوە نیوەچڵ بوو کە دەوڵەت هەروەک پێشوو، پشتی بە کاتولیسیزم دەبەست و ئازادییەکی بەرتەسک و لە شوێنی دیاریکراوی بۆ جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی مەزهەبی بە کاتولیکەکان دابوو. لەم سۆنگەیەوە، دوو جۆرە ڕێوڕەسمی مەزهەبی دەبوو لە شوێنگەلی جیادا بەڕێوە ببرێن. ئازادیی ڕێوڕەسمی مەزهەبی بەمەرجێک تەواو بوو، کە دین و دەوڵەت بە یەکجاری لێک جیاکرابانەوە و ئەمەش هێشتا سەری نەگرتووە(٣٨).

حاڵەتی فەرەنسا بەجوانی ئەوە دەسەلمێنێ کە لە پەنای دەوڵەت و بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێی، کەشێکی تایبەت هەبوو کە تێیدا ڕێ بە ئازادیی کەسانی درابوو. بەم جۆرە، شانبەشانی ئازادیی باوەڕ و ویژدان و ئازادیی پراکتیزەکردنی ڕێوڕەسمی مەزهەبی، سەرەنجام جیاییی نێوان هاووڵاتی و باوەڕمەند و دەوڵەت و دین، هاتە کایەوە. دیارە ئەم جیایییە لەو ڕووەوە ناتەواو بوو کە هێشتا دەوڵەتی ئاینی مابوو و ئازادیی ڕێوڕەسمی مەزهەبی نیوەچڵ بوو. بەڵام ئەم جیاییە بۆ خۆی نیشانەی یەکەم گاڤی ملنان بەرەو مۆدێرنیتەی سیاسی بوو. کەوابوو پرۆتستانیزم، ڕێخۆشکەر نەبوو بۆ تاکباوەڕی، بگرە تاودەری ئەو ناکۆکییە مەزهەبییە بوو کە دانی بەبوونی تاکدا نا و ئازادییە کەسانییەکانی تاکی لە ڕووی ئاینییەوە کردە شتێکی پێویست. بەم پێیە، پرۆتستانیزم، ڕاستەوخۆ مۆدێرنیتەی سیاسی پێک نەهێنا، بگرە مۆدێرنیتەی سیاسی بەرهەمی ئەو پلورالیزمەیە کە پرۆتستانیزمی مەزهەبیی، هێنایە کایەوە، هەروەها لە ئەنجامی هەنگاوێکی چارەسەرکارانەدا بوو کە بەرسینگگرتنی پرۆتستانیزم و پاراستنی یەکپارچەیی سیاسیدا، هەڵگیرا.

ڕاستتر وایە بڵێین، مۆدێرنیتەی سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ فەرەنسادا ـ کە حاڵەتێکی نموونەییە، نیوەچڵ، لەرزۆک و کاتەکی بوو. چونکە بڕیارەکەی نانت کە کەموزۆر، بەباشی پراکتیزە کرابوو، لە ساڵی ١٦٤٨ دا هەڵوەشێنرایەوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە، لە ڕاستیدا بەمانای گەڕانەوە بوو بۆ پرەنسیپی «هەر وڵاتێک پەیڕەوی مەزهەبی فەرمانڕەواکەیەتی» کە پەیماننامەی ڤیستفاڵی لە ساڵی ١٦٤٨ کردی بە بڕیارێکی گشتی و بە ناچارکردنی پرۆتستانەکان بە کۆچ. جیاکردنەوەی کاتولیک و

پرۆتستانەکانی لێ کەوتەوە. کەوابوو پرۆسەی مۆدێرنیتەی سیاسی بۆ ماوەی پتر لە سەدەیەک وەستا و پاشان لەگەڵ شۆڕشی فرەنسادا کەوتەوە سەرپێ.

## پێوەندی نێوان پرۆتستانیزم و سیستەمی کۆماری

هەرچەند پرۆتستانیزم، ڕاستەوخۆ نەبووەتە ئاخێزگەی مۆدێرنیتە، بەڵام هەندێک هزرڤانان ئاماژەیان بەپێوەندیی لەگەڵ سیستەمی کۆماری و سیستەمی دیموکراتیکدا کردووە. مۆنتسکیو کە دانی بەجۆرە پێوەندییەک لە نێوان ئاینییەکان و سیستەمە سیاسییەکاندا دەنا و کاتولیزمی لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتیدا، بەگونجاو دەزانی، پێوەندییەکی لۆجێکیی لە نێوان پرۆتستانیزم و ڕێژیمی کۆماریدا، دامەزراند[٣٩]. ناوبراو وای بۆچوو کە لە سەدەی شازدەمدا پرۆتستانیزم (بەتایبەت) لە نێوان گەلانی باکوری ئەوروپادا بڵاو بووەوە. چونکە ئەمانە لە ڕووی دەروونییەوە ئازادیخواز و سەربەخۆخواز بوون و زۆربەیان خاوەنی سیستەمی کۆماری بوون، بۆیە، پتر شایانی مەزهەبێک بوون کە ڕێبەراتییەکی دیاریکراوی نەبێ. بەم پێیە، پرۆتستانیزم پتر لەگەڵ خووڕەوشتیاندا دەگونجا تا کاتولیزم. زێدەباری ئەمەش، مۆنتسکیو پێوەندییەکی لۆجێکیشی لە نێوان پرۆتستانیزم و شۆڕشە سیاسییەکاندا بەدی دەکرد و پێی وابوو کە پرۆتستانیزم، یارمەتیدەرە بۆ شۆڕشە سیاسییەکان: (تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە مەزهەبی پرۆتستانیزم بە فەرمی ناسراوە، شۆڕشەکان لە بواری سیاسیدا دەقەومێن.)[٤٠] لە ڕوانگەی مۆنتسکیووە، ئەگەرچی پرۆتستانیزم، خوڵقێنەری سیستەمی کۆماری نییە، بەڵام ئەو گەلانەی کە خاوەنی سیستەمی کۆماری بوون، زۆر ئاسان باوەشیان بۆ پرۆتستانیزم کردەوە، چونکە پرۆتستانیزم لەگەڵ مەیل و ویستی سەربەخۆ خوازانەیاندا دەگونجا. کەوابوو، دەکرێ بڵێین، جۆرە پێوەندییەک لە نێوان ڕێژیمی کۆماری و پرۆتستانیزمدا هەیە، چونکە هەردووکیان بەویستی ئازادیخوازانەدا هاوبەشن. هەروەها (لویی دونونال)یش کە جۆرە پێوەندییەکی لە نێوان ڕێژیمە سیاسییەکان و مەزهەبەکاندا بەدی دەکرد، دوو مۆدێلی سەرەکیی پرۆتستانیزمی جیا دەکردەوە و پێی وابوو هەر کامیان سەر بە ڕێژیمێکی جیاوازن:

لوتەریزم سەر بە ڕێژیمی ئەریستوکرات و کالڤینیزمیش سەربە سیستەمی دیموکراتیکە[٤١] ناوبراویش هەروەک مۆنتسکیو بڕوای بە پێوەندیی نێوان فۆرمگەلی مەزهەبی و سیستەمە سیاسییەکان هەبوو و زێدەباری ئەمەش، هەر لەم سۆنگەیەوە ئاماژەی بە جۆراوجۆریی پرۆتستانیزم دەکرد و لە بڕوایەدا بوو کە کالڤینیزم لەگەڵ دیموکراسیدا دەگونجێ، دیارە زۆریش لەسەر چۆنیەتیی ئەم پێوەندییە نەچووە[٤٢].

هەروەها مارکس و ئینگلسیش ئەگەرچی پێیان وابوو کە لە نێوان مەزهەبە جیاجیاکان و سیستەمە سیاسییەکاندا، هەماهەنگییەک هەیە، بەڵام، بایەخیان بە فاکتەرگەلی تری وەک پێکهاتە ئابووری و سیاسییەکان دەدا کە دیارە چەند پێوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ فۆرمە جیاجیا مەزهەبییەکاندا هەیە. هەر ڕێژیمێکی سیاسی، پێی خۆشە پشتی مەزهەبێک بگرێ کە لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەیدا ڕێک بێ. ئەم بۆچوونە، بەتایبەت لەمەڕ پرۆتستانیزم وەڕاست دەگەڕێ، لە

ڕاستیدا مارکس ئاماژە بە پرۆتستانیزم و مەسیحیەت، بەتایبەت لە فۆرمە پرۆتستانییەکەیدا – لە سۆنگەی تاکباوەڕییەکەوە. دەکا: جڤاکی سەرمایەداری لە مەسیحیەتدا، بەپێی ئاینی مرۆڤ (تاک)ە دابڕاوەکەی و بەتایبەت لە شێوە بورجوازییەکەی واتە پرۆتستانیزم و باوەرمەندی بەخوا و... هتد)، لە بارترین تەواوکەری ئاینیی خۆی بەدی دەکا[٤٣] هەروەها ناوبراو ڕادەگەیەنێ کە پرۆتستانیزم هەر لە بنچینەدا، مەزهەبێکی بورجوازانەیە[٤٤] و «مەسیحیەت ئاینی تایبەتی سەرمایەیە» چونکە «لە هەردووکیاندا تەنیا تاک مەبەستە» و لە هەردووکیاندا تاکەکان یەکسانن[٤٥] هەروەها مارکس ئاماژە بەپێوەندیی نێوان دەوڵەتی دیموکراتیک و مەسیحیەت دەکا، دیارە نە لەو ڕووەوە کە دەوڵەتی دیموکراتیک، مەسیحیەت بەڕەگوڕیشەی خۆی بزانێ، بگرە لەو ڕووەوە کە «ڕەگوڕیشەی مرۆڤانیی مەسیحیەت» واتە ئاوەز و ئازادی، وەدی دێنێ: «لە ڕاستیدا دیموکراتییەت ناگەڕێتەوە سەر مەسیحیەت» ، بگرە ڕیشە تاکگەرایانەکەی مەسیحیەتە[٤٦] بەو حاڵەش، مارکس دان بە پێوەندییەکی لۆجیکیی تایبەت لە نێوان پرۆتستانیزم و ڕێژیمی کۆماری یا ڕێژیمی دیموکراتیکدا نانێ.

بەپێچەوانەوە، ئینگلس بەڕەچاوکردنی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بایەخێکی پتر بەپێوەندیی نێوان پرۆتستانیزم و سیستەمە سیاسییەکان دا[٤٧] ناوبراو پێی وابوو، پاش سەدەگەلی ناڤین، لە راستیدا وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و، هەروەها سەرهەڵدانی چینێکی نوێ (بورجوازی) کۆمەڵێک ڕیفۆرمی ئاینیی لێ کەوتەوە کە تا ڕوانگە نوێیە ئاینەکان خۆیان لەگەڵ دەستوداری نوێی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ڕێک بخەن. بەم ڕەنگە دەبێ ریفۆرمی پرۆتستانی ببەستینەوە بە قۆناخی پەڕینەوە لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتییەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری. بەڵام ئینگلس–یش هەروەک (بونال) ئاماژە بەپێوەندیی نێوان لوتەریزم و وردە ئەریستوکراتەکانی ئەڵمانیا دەکا و تەنانەت پێشی وایە کە لوتەریزم بۆ «بوو بە دەسکەلای» دەستی ئەمان. لەلایەکی ترەوە ئینگلس زۆر زیاتر لە ماکس ویبەر پێی وا بوو کە کالڤینیزم لە سۆنگەی باوەڕبوونی بە قەزاوقەدەرەوە، مەزهەبێکە پڕ بە باڵای سەرمایەداری:

« پرەنسیپگەلی باوەڕیی کالڤنیستی، وەڵامدەری لانی هەرە زۆری پێداویستییەکانی بورجوازیی ئەو سەردەمە بوون»[٤٨] ناوبراو هەروەها پێی لە سەر هەڤگری(تناسب) لۆجیکیی ڕێکخراوی دیموکراتیکی کڵێسای کالڤینیستی لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکانی بورجوازی دادەگرت. تەنانەت بوونی پێوەندییەکی هۆیی و بەرهۆییی لە نێوان کالڤینیزم و سیستەمی کۆماریدا پشتڕاست دەکاتەوە: «ستروکتۆر کڵێسای کالڤین، هەر لە جێدا دیموکراتیک و کۆماریخوازانە بووە؛ بۆیە کاتێک کە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خوا، بیچمێکی کۆماریی وەرگرتبوو، ئیدی نەدەبوو قەڵەمرەو و سنوورەکانی دەسەڵاتی دنیایی لە بن دەسەڵاتی، شا، قەشە و دەرەبەگەکاندا بمێننەوە (...) کالڤینیزم لە هۆڵەندا سیستەمێکی کۆماری و لە بەریتانیا و بەتایبەت لە سکوتلەندا، کۆمەڵێک حزبی کۆماریخوازی چالاکی لێ کەوتەوە[٤٩].

ئەم هزرڤانە جیاجیایانە و بەتایبەت مۆنتسکیو و ئینگلس، لە نێوان پرۆتستانیزم –بەتایبەت فۆرمە کالڤیستییەکەی ڕێژیمی کۆماری و دیموکراتیدا، چەشنە گونجانێکی لۆجیکی، هەماهەنگی یا

پێوەندییان بەدی دەکرد. هەرچەند بوونی پێوەندیی هۆ و بەرهۆییان لە نێوانیاندا بە ڕوونی پشتڕاست نەکردەوە. دیارە لە ڕوانگەی مۆنتسکیووە، ئۆگرانی روحی کۆماری و ئازادی کە چوونە سەر پرۆتستانیزم، سیستەمی کۆمارییان دامەزراند  پرۆتستانیزم و هۆی قبووڵکردنی پرۆتستانیزمیش ئەوە بوو کە ئەم مەزهەبە لەگەڵ ڕوانگە و مێنتەڵێتیی ئەواندا دەهاتەوە. بەم جۆرە، لە ڕوانگەی مارکس و ئینگلسەوە، لەڕاستیدا سەرمایەداری پاڵنەری پرۆتستانیزم نەبوو، بەڵکو ئەوە ڕەوشی کۆمەڵایەتی – ئابووری بوو کە پرۆتستانیزمی کردە پاڵپشتی خۆی؛ چونکە ئەم مەزهەبە لە سۆنگەی گەوهەری تاکباوەڕانەکەیەوە، پڕ بەبالای سیستەمی سەرمایەدارییە. ئینگلس لەمەڕ پێوەندیی کالڤینیزم بەکۆمارییەوە، نەختێ، باسەکەی پتر شرۆڤە کرد، لە ڕوانگەی ناوبراوەوە لە نێوان ئەو دووانەدا نەک تەنیا لێکچوون یا هەماهەنگی، بگرە پێوەندییەکی هۆیی و بەرهۆیی بەدی دەکرێ، چونکە کالڤینیزم بەرەولای کۆماری مەیل دەکا. زێدەباری ئەمە و وێڕای ئەم پشتڕاستکردنەوەیەش پرسی، پێوەندیی نێوان پرۆتستانیزم و کۆماری بەرچارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە. ئەگەرچی بوونی پێوەندی یا هەماهەنگیی لۆجیکی، لە نێوان ئەم دوو دیاردەدا، دانی پێدا نراوە، بەڵام پرۆتستانیزم و کۆماری، توانای پێکەوەژیانیان هەیە. بێ ئەوەی ببنە هۆی بوونی یەکتر. لە ئەنجامدا، ئەو ڕوانگەیەی کە پێی وایە پرۆتستانیزم تەنانەت لە فۆرمە کالڤیستییەکەیدا– ئاخێزگەی کۆماری یا دیموکراسییە، نەسەلمێنراوە. لە ڕاستیدا لە نێوان ئەم دوو دیاردەیەدا، تەنیا چەشنە هەماهەنگی یا نێزیکایەتی و هاوڕێکییەک بەدی کراوە، بەکورتی ئەم ئەنجامە ئەو بیرۆکە گشتییەی لێ دەکەوێتەوە (لە ڕاستیدا پشتڕاستی دەکاتەوە) کە دەڵێ پرۆتستانیزم ئاخێزگەی تاکباوەڕی و مۆدێرنیتە نەبووە. هەرچەندە یارمەتییانی داوە و بواری بۆ خۆش کردوون. کەوابوو ناکرێ بە پرۆتستانیزمدا بۆ سەرچاوەکانی مۆدێرنیتەی سیاسی بگەڕێین؛ چونکە سەرچاوەکەی لە شوێنێکی تردایە و لەمە زۆر ئاڵۆزتر دیارە.

پەڕاوێزەکان:

1- Ernest Troeltsch, Protestantisme et modernité, Paris, Gallimard, 1991, p. 21 - 129 .

2- Ibid., p. 42 .

3-  Ibid., p.43 .

4-  Ibid., p.44 .

5-  Ibid., p.52 .

6-  Ibid., p.67 .

7-  Ibid., p.76 .

8-  Ibid., p.78 .

9-  Ibid., p.79 .

10-  Ibid., p.81 - 82 .

هەروەها ئینگلس پێوەندیی لە نێوان لوتەریزم و پاشایەتیی رەها وا بەدی دەکا.

11-  Ibid., p.84 .

هەروەها ئینگلس ئاماژە بە پێوەندیی نێوان کالڤینیزم و دیموکراسی یا کۆماری دەکا.

12- Ibid., p.87 .

مافناسی ئەڵمانی گیورگ یلینک (Georg jellinek) لە لێکۆڵینەوەکەیدا لە (١٨٩٥) تێبینیی ئەوەی کرد کە ڕاگەیاندنی ئازادیی باوەڕ و ویژدان لە دەستوورەکانی زۆربەی کۆچبەرنشینە ئینگلیزییەکانی ئەمەریکادا، لە نێوەڕاستی سەدەی هەڤدەمدا (ئایدیای مافی مرۆڤ»ی هێنایە گۆڕێ لە ئەنجامدا دوو ئایدیای بە پیرۆز زانینی دەستووری بەمافی سورشتیی تاک، ڕەگوریشەیەکی ئاینیی هەیە نەک سیاسی بەتایبەت ڕاگەیەندراوی فرانسەوییی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٧٨٩ «بەرهەمی ئەو ریفۆرمە ئاینی و ململانەیەکی ئایەوە» نە «دەسکەوتی شۆڕش». سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:

Cf. La Déclaration des droits de I’homme et du citoyen, Paris, Albert Fontemonig, 1902 p. 77 et 79 .

دیارە ئەگەر تەنانەت دان بەوەشدا بنێن کە ڕاگەیەندراوی فرەنسیی مافەکانی مرۆڤ، لە ڕاگەیەندراوی مافی ویلایەتەکانی ئەمەریکا کە هەندێکیان، ڕیشەیەکی ئاینییان هەیە، ئیلهامی وەرگرتبێ دیسانەکە ئەم ئیدیعایەی دوایی زێدەڕۆیانە دیارە. بۆیە دەبێ بڵێین کە کاریگەریی ریفۆرمی ئاینی لەم ڕووەوە ناڕاستەوخۆ کەمڕەنگ بووە.

13- Protesantism et moderité, op. cit., p. 100 .

(١٤) هەروەها ترولچ لە دەقێکی تردا دەڵێ: «کاتێکە باسی سوبژێکتیڤیتە ڕوحانیکردنی ئاین لە گۆڕێدا بێ، کاریگەری و بڕشتی هزری ئاینی بەسەر ژیانی سیکیولار شان و شکۆی کەم دەبێتەوە.

<Religion, économie et société>, op. cit., p. 143 .

(١٥) پسپۆڕانی ئێستای سەردەمی ڤەژین، لەسەر ئەم ئەنجامە ڕێکن و هەروەک چۆن سڤێرباگ (Sverre Bay-ye) ئاماژەی پێ کردووە تاکباوەڕی زۆرتر لە سۆنگەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتییەوە دەرکەوت تا لە سۆنگەی کاریگەریی مەسیحیەتەوە لە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن:

<L’indidu danas I’historiographie médiéval>, in Janet Coleman (dir.), L’individu dans la théorie politique et dans la partique, op. cit., p. 127.

16- Protestantism et moderité, op. cit., p. 127.

17- Cf. Essais sur l’indiviualisme, op. cit., p. 59 - 67.

18- Ibid., p.67.

19- Ibid., p.59.

(٢٠) هەرچەند لویی دومون، جیاوازی لە نێوان لوتەر و کالڤین– دا ناکا. بەڵام پێی دایە کە ڕیفورمی ئاینی لای کالڤین دەگاتە لووتکە. کالڤین لە ڕاستیدا ڕوانگەکانی لوتەرشی دەکاتەوە و لە ڕێییانەوە دەگاتە کۆمەڵێک ئەنجامگیریی لۆجیکی. بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە دومون روانگەکانی لوتەر کە زۆر بەزەحمەت لە چوارچێوەی بیرۆکەکەیدا دەگونجێن، دەخاتە پشتگوێ.

21- Ibid., p.62.

22- Ibid., p.66 - 67.

(٢٣) هەڵوێستی لویی دومون لەمەڕ لوتەر بەتەواوی جیاوازە: ناوبراو پێی وایە هەندێک پێناسەی دوکترینەکەی

لوتەر «پەڕینەوەی لە ناکاو لە جیهانی کۆباوەڕەوە بۆ جیهانی تاکباوەڕ» لە بواری ئاینی و مەعنەوییەوە، دەخاتە ڕوو. بەڵام «لوتەر لەمەڕ جڤاک و دەوڵەت کۆباوەڕێکی سەدەگەلی نافینی دادەنرێ» (هەمان ل٨٨)، یان وەکی تر ئەگەرچی لوتەریزم لە ڕێی تاکباوەڕییەوەی پێناسە دەکرێ بەڵام ئەم تاکباوەڕییە، تاکباوەڕیی دنیایی لێ ناکەوێتەوە.

(٢٤) لەمەڕ ئازادیی باوەڕ و ویژدان لە هۆڵەندا سەدەی شازدەم، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکەن.

Martin van Gelderen, <Liberté, droits et devoies civiques dans I’Europe du XVle siécle: la naissance de la République de Holland>, in Janet Coleman (dir.), L’individu dans la théorie politique et dans la pratique, op. cit., p. 130 - 137.

25- Cf. Janine Garrisson, Lédit de Nantes et sa révocation, Paris, Souil, 1985, p. 13 - 23, et Oliver Christin, La paix de religion, l’autonomisation de la raison politique au XVle siécle. Paris,Seuil, 1997, p. 331.

26- Amboise

27- Cité dans Olivier Christin, op. cit., p. 300.

هەروەها بەپێ ئەم بڕیارە ڕێگەی بەپرۆتستانەکان داوە لە شاری پاریس نیشتەجێ بن. «بێ ئەوەی کە لە سۆنگەی باوەرەکەیانەوە، ئازار بدرێن، بخرێنە ژێر پاڵەپەستۆوە و ئەزیەت بکرێن (ل٣٠١)

28- Ibid., p. 301.

29-Sanit - Germain

30- Nantes

(٣١) مادەی شەشەم. مادەی چوارەمیش هەمان ناوەڕۆکی هەیە. مادەی یەکەم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێ کە مادەی شەشەم وە پێوەندی بە«ئازادیی باوەڕ»ەوە هەیە. بۆ خوێندنەوەی دەقی بڕیارەکەی نانت، سەیری ئەم سەرچاوەی خوارەوە بکەن!

Ronald Mousnier. Lássassinat d´Henri IV, Paris, Gallimard, 1964, p. 298 - 320.

(٣٣) مادەی بیست و حەوتەم وەرگیراو لە:

R. Mousnier, OP Cit., P. 302

(٣٤) مادەی بیست و دووەم (هەمان ل ٣٠١)

35- Beaulieu

36- Nérac

(٣٧) مادەکانی حەوتەم تا یازدەم (هەمان ل ٢٩٨– ٢٩٩).

(٣٨) مادەکانی سیزدەم تا پازدەم (هەمان ل ٣٠٠) ئەگەرچی پرۆتستانەکان دەیانتوانی لەم شوێنانە نیشتەجێ بن، بەڵام بۆیان نەبوو کە تێیاندا ڕێوڕەسمی مەزهەبی خۆیان بەڕێوەبەرن، ئەم کۆسپە گرینگە و قسە هەڵدەگرێ.

(٣٩) ئولیویەکریستن (Olivier christin) لەم بارەیەوە نووسیویەتی وا دیارە کە بڕیارەکەی نانت و پەیماننامەی ئاشتیی فیستڤالی، بەشێوەیەکی توندوتۆڵتر لەچاو بڕیارەکانی تر دەستی کردە جیاکردنەوەی هاووڵاتی

(واته فەرمانبەری سیاسیی گوێڕایەڵی یاسا) و ئیمانداکسێکە ئازادە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕی مەزهەبیی تایبەتی (خۆیدا هەمان ۲۰۹) دەبێ ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە بۆچوونێکی ئەوتۆ لەمەڕ بڕیارەکەی نانت راستە نە لەمەڕ پەیماننامەی فیستڤاڵی کە پشت بە لۆجیکێکی تر دەبەستێ.

(٤٠) ژان بودەن وەک هزرڤانێکی سیاسیی سەرەکیی ئەو سەردەمە بۆ چارەسەری ململانە مەزهەبییەکانی فرەنسا نەجوودابیی دین لە دەوڵەت بەڵکو پێشنیازی وەرگرتنی مەزهەبی سروشتیی هێنایە گۆڕێ کە دەکرا لە نێوان هەمووواندا هاوبەش بایە. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئەم کتێبەی خوارەوە بکەن.

Maurice Barbier, Roligion et politique dans la pensée moderne, Nancy, PUN,1987, p. 35 - 44.

41- Cf. De I’Espirt des lois,liv. XXIV, chap. 5. Œuvres complétes, Paris, Gallimard, 1951 t. II, p. 718.

42- Ibid., p.718.

43- Louis de Bonald, Théorie du Pouvoir Politique, Paris, UGE, 1966, p. 213 - 218.

(٤٤) هزری دژە شۆڕشگێڕانە، زۆر هۆکاری شۆڕشی فرەنسا ئەنجامەکانیی (تاکباوەڕیی، ئازادی، کۆماری و دیموکراسی) دەخستە ئەستۆی پرۆتستانیزم لامونە پێی وابوو کە ریفورمی ئاینیی پرۆتستانی، ئاخێزگەی، بیردۆزەی سەروەریی خەڵک، چونکە دەمارگرژی لە ئازادیی ئاینیدا، دەمارگرژی لە ئازادیی سیاسیی لێ دەکەوێتەوە لە سەیری:

Lamonnais, Essais sur I’indifférenge en matiére de religion, Paris et Bruxelles, 1828. t. l, p.329.

(شارل موراس)یش پێ وابوو کە شۆڕشی فرەنسا بەرهەمی ریفۆرمی ئاینیی لوتەرییە و بۆیە دیموکراسی لە دەرەوەڕا هاتووەتە فرەنسا وە دیارە ئەم نووسەرانە بەتەواوی لە هەڵەدا بوون، بەڵام با لە بیرمان نەچێ کە قسە هەڵەکانیان کاریگەریی خۆیان هەبوو.

45- Le Capital, liv. I, Œuvres, Paris, Gallimard, 1965, t. I. P. 613 - 614.

لەمەڕ پێوەندیی نێوان مەسیحیەت و تاکباوەڕییەوە، سەیری دەقێک لە کتێبی (پرسی یەهوود) کەپێشتر ئاماژەمان پێ دا، بکەن.

43- Ibid., p.1177.

47- Théories sur la Plus - value, Paris, Editions sociales, 1976, t, 3, P. 532-533.

48- Le question juive, Œuvres, Paris, Gallimard, 1982, t. lll. P. 363.

49- Socialisme utopique et Socialisme scienttifique,Paris, Editions sociales, 1971, p. 39.

50- Ibid., p. 40.

51 - Ibid., p. 39.

52- Ibid., p. 40.

# نامە
# بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی

## بۆ ڕێنێ لێیناود

ئەلبێرت کامۆ

لەبارەی ئەم نامانەوە

لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، ئەڵمانیای نازی فرەنسای داگیر کرد. فرەنساییەکان خۆیان ڕێکخستەوە، بۆ ئەوەی گورزێکی توند لە هێزی داگیرکەر بدەن. کامۆ ١٩١٣- ١٩٦٠ لەناو هێزی بەرهەڵستکاری فرەنساییدا، لە ڕۆژنامە نهێنییەکاندا کاری ڕۆژنامەوانیی دەکرد. ئەگەرچی حەزی دەکرد چەک لەدەست لە بەرەی شەڕ بێ، بەڵام لەبەرئەوەی نەخۆش بوو، نەیانهێشت ئەو کارە بکا.

نامەی یەکەم ساڵی ١٩٤٣ لە ژمارە ٢ی Revue Libre دا بڵاو کرایەوە، نامەی دووەم لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤ لە ژمارە ٣ی Cahiers de la Libération دا بڵاو کرایەوە. دوا دوو نامە، بۆ Revue Libre نووسران و بڵاو نەکرانەوە.

دوای ڕزگارکردنی فرەنسا، "نامە بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی" بە تیراژێکی زۆر کەم بڵاو کرایەوە و لەو کاتەوە بە فرەنسایی بڵاو نەکراونەتەوە. دوای شەڕ، تەرجەمەی ئیتاڵیایی کرا، کامۆ پێشەکیی بۆ نووسی و لەو کاتەوە، پێشەکییەکەیش لەگەڵ نامەکاندا بڵاو دەکرێتەوە. تێیدا کامۆ نووسیویەتی:

"بەڵام ناتوانم ڕێگە بدەم جارێکی تر ئەم لاپەڕانە بڵاو ببنەوە، ئەگەر سەرەتا ئەوە نەڵێم کە هەر بەڕاستی باسی چ دەکەن. ئەمانە بەنهێنی نووسران و بەنهێنیش بڵاو کرانەوە، مەبەست وا بوو کە ترووسکەیەک لەناو ئەو خەباتە سەختەدا بڵاو بکەنەوە، کە ئێمە لە جەرگەیدا بووین و بەو شێوەیەیش خەباتەکە هاسان بکا (...) کاتێک نووسەری ئەم نامانە دەنووسێ "ئێوە" مەبەستی

.................................................................

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی

''ئێوەی ئەڵمانی'' نییە، بگرە مەبەستی ''ئێوەی نازی''یە. کاتێکیش دەنووسێ ''ئێمە''، هەردەم مەبەستی ''ئێمەی فرەنسایی'' نییە، بگرە مەبەستی ''ئێمەی ئەوروپاییی ئازاد''ە ...''

لە یەکەم لاپەڕەی چاپی یەکەمی ئەم نامانەدا، نووسراوە ''بۆ ڕێنێ لێیناود''. لێیناود شاعیر و هاوڕێیەکی نزیکی کامۆ بوو. کامۆ ماوەیەک لای ئەو ژیا. هەردووکیان ئەندامی چالاک بوون لە هێزی بەرهەڵستکاری فرەنساییدا. ماوەیەکی کەم پێش ڕزگارکردنی پاریس، لە بەسەردادانێکدا، نازییەکان ''ڕێنێ لێیناود''یان کوشت.

لەم نامانەدا، نەوەکانی پێش ڕاپەڕین لە کوردستان، ڕەفتاری بەعسییەکانیان دێتەوە یاد، کە چۆن هاوڕەفتاری نازییەکان بوون. هاوکاتیش ڕۆڵ و هەڵوێستی ڕووناکبیران دیار دەکا، کاتێک کە وڵات داگیر دەکرێ.

> مرۆڤ گەورەیی خۆی بەوە پێشان نادا، کە هەوڵ بدا هەتا بکرێ بەرەو یەک لا بڕوا، بگرە بەمە پیشانی دەدا، کە هەوڵ بدا هەتا بکرێ هاوکات بەرەو دوو لای جودا بڕوا.

پاسکال

## نامەی یەکەم

تۆ گوتت: ''ناتوانرێت هیچ نرخێک لەسەر گەورەییی وڵاتی من دابنرێت. هەموو شتێک کە وا دەکا وڵاتی من کامڵ ببێت، باشە. لە جیهانێکدا ئیتر تێیدا هیچ شتێک مانای نییە، ئەوان دەبێت وەک ئێمەی گەنجی ئەڵمانیایی هەموو شتێک بۆ وڵاتیان بکەنە قوربانی، گەنجی ئەڵمانیایی بەختێکی وایان یارە، مانایەک لە چارەنووسی نیشتمانییاندا دەبیننەوە.''

ئەودەم هۆگرت بووم، بەڵام هەر لەو کاتەوە خۆم لێت دوور گرت. ''گوتم، نا، نامەوێت باوەڕ بێنم کە مرۆڤ وا بکا، هەموو شتێک لەگەڵ ئەو ئامانجەی ئەو کۆششی بۆ دەکا، خۆی ڕاست بکاتەوە. ڕەفتار هەیە ناکرێت لێی ببووردرێت. دەمەوێت بتوانم هەردووکیان، وڵاتم و ڕەواییشم خۆش بوێت. من نامەوێت لەبارەی هیچ گەورەیییەکەوە بۆ وڵاتم بزانم، نە گەورەیییەکی خوێن و نە گەورەیییەکی درۆیش. دەمەوێ بە زیندووهێشتنەوەی ڕەوایی، وڵاتم بژی.'' تۆ گوتت: ''تۆ وڵاتی خۆتت خۆش ناوێت.''

پێنج ساڵ بەسەر ئەمەدا ڕەت بووە و ئێستایش مەودای نێوانمان زۆرە. دەمەوێت جەخت بکەم کە لە ماوەی ئەم ساڵە درێژانەدا (کە بۆ تۆ کورت و چڕ بوون!) ڕۆژێک ئاوا نەبووە، ئەم وشانەی تۆم لە زەین نەبووبن. ''تۆ وڵاتی خۆتت خۆش ناوێت!'' کە ئەمڕۆ بیر لەم وشانە دەکەمەوە، شتێک لە گەرووم گیر دەبێت. نا، من وڵاتی خۆمم خۆش نەدەویست، ئەگەر ئەوە خۆشنەویستن بێت کە لەناو ئەو شتەی مرۆڤ خۆشی دەوێت ناڕەوایی ئاشکرا بکا، ئەگەر ئەوە خۆشنەویستن بێت، کە مرۆڤ

داوا بکا خۆشویستووەکە بتوانێت، خۆی بەجوانترین تێگەیشتن بپێوێت کە مرۆڤ لەبارەی خۆشویستووەکەوە هەیەتی. پێنج ساڵ لەمەوبەر لە فرەنسا زۆر کەس وەکو من بیری دەکردەوە. کەچی هەندێکیان هەر زوو ناچار کران بەرانبەر قەدەری دوازدە لوولەتفەنگی ئەڵمانی بووەستن، کە لە چاوی ڕەشی بچووک دەچن.

ئەگەرچی تۆ بۆت دەلوا سەد جار ژیانت ببەخشیت بە وڵاتت، مەبەستم ئەوەیە، ئەوانەی کە بەبڕوای تۆ وڵاتی خۆیان خۆش نەدەویست، ئەوان زێتریان بۆ وڵاتی خۆیانییان کردووە، لەوەی کە تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانی بۆ وڵاتی خۆتی بکەی. ئەوان ناچار بوون، سەرەتا سەرکەوتنێک بەسەر خۆیاندا بەدەست بهێنن. ئا ئەمەیە قارەمانێتیی ئەوان. بەڵام من لێرەدا باسی دوو جۆر گەورەیی، باسی دژەباوەڕێک دەکەم، کە من ناچارم بۆ تۆی ڕوون بکەمەوە.

ئەگەر بلوێت، ئەوا بەم زووانە جارێکی تر یەکتری دەبینینەوە. بەڵام ئەوسا هاوڕێیەتییەکەمان نەماوە. تۆ بە ژێرکەوتنەکانت مڕ دەبیت و ئەوسا هەست بە شەرمەزاریی سەرکەوتنەکانی کۆنت ناکەیت، بگرە لە بریدا بەهەموو گوڕی هێزی رووخێنەرت یادیان دەکەیت. ئەمڕۆ لە زەینمدا هێشتا نزیکی تۆم - دیارە دوژمنی تۆم، بەڵام هێشتا تا ڕادەیەک هاوڕێتم، چونکە هەموو شتێکت بۆ دەدرکێنم کە بیری لێ دەکەمەوە. سبەی وا نابێت. ئەوەی کە سەرکەوتنتان نەیتوانی دەست پێ بکا، ژێرکەوتنتان بەئاکامی دەگەیێنێت. بەڵام بەر لەوەی تاقی بکەینەوە بێ پەروایی واتای چی دەگەیەنێت، دەمەوێ بەلانی کەمەوە بیرێکی ڕۆشنت لەبارەی ئەوەوە بدەمێ، کە نە شەڕ و نە ئاشتیش لەبارەی چارەنووسی وڵاتی منەوە فێری نەکردیت.

دەمەوێت یەکسەر باس بکەم چ جۆرە گەورەیییەک ئێمە دەخرۆشێنێت. بەڵام ئەمەیش وەک ئەوە وایە، کە باسی ئەوە بکەم ئێمە شانازی بە چ بوێرییەکەوە دەکەین، بوێرییەک کە ئێوە نیتانە. چونکە ئەمە شتێکی گەورە نییە، بەپەلەپرووسکێ پڕ بدەیتە چەک، کاتێک کە بەردەوام ویستووتە ئەمە بکەی و لەو کاتەدا زێتر سروشتیتر دیار دەبێت، لەوەی کە بیرت لێ کردبێتەوە. بەڵام ئەمە شتێکی گەورەیە، کە لە ئازاردان و مەرگ نزیک ببیتەوە و تەواویش دڵنیایت کە ڕق و توندوتیژی لە خۆیاندا شتی بێ مانان.

ئەمە شتێکی گەورەیە، کە خەبات بکەی، بەڵام ڕکت لە شەڕ ببێتەوە، ڕازی ببیت هەموو شتێک لە دەست بدەی، بەڵام هەر تاسەی بەختیاری بکەی، کە بەرەو لەناوچوون بکەویتە خوارەوە، بەڵام خەونێکت بۆ شارستانییەکی گەورەتر هەبێت. لەم ڕووەوەیە کۆششی ئێمە لە هی ئێوە گەورەترە، چونکە ئێمە بێ ئەوەی گازانده بکەین، دەبێ بەرپرسیارێتیی تەواوی خۆمان ببینین. ئێوە پێویستتان نەبووە سەرکەوتنێک بەسەر عەقڵ و سۆزدا بەدەستبێنن. ئێمە دوو دوژمنمان هەبووە. بۆ ئێمە بەس نەبوو، کە چەک لە دەست سەرکەوتنێک بەدەست بێنین، کە بۆ ئێوە وا بوو، کە پێویستی نەدەکرد هیچ هێورییەک پێشان بدەن.

ئێمە داوای هێورییەکی زۆرمان لە خۆمان کرد و ڕەنگە بەوە دەستمان پێ کردبێ، کە وەکو ئێوە

نەبین، چۆک بۆ ئەم هەڵفریودەرە هەمووکات لە ئارادا بووە دابدەین. چونکە لە ناخماندا، هەرگاف شتێک هەیە بەرەو غەریزە، بەرەو بەهەندنەزانینی عەقڵ و پەرستنی بەهرەمەندییەک ڕامان دەکێشێت. لە کۆتاییدا لە هەموو شتێکی ڕەوشمان ماندوو دەبین. عەقڵ شەرمەزاریمان دەداتێ و هەندێ دەمیش ڕەوشێکی بەربەریی ئاسوودە بۆ خۆمان مەزەندە دەکەین، تێیدا بێ کۆشش کردن ڕاستی دەدۆزرێتەوە. بەڵام لەم ڕووەوە چارەسەرەکە ئاسانە. ئێوە لەوێن و پێشانمان دەدەن ئەم مەزەندەیە چۆنە و ئێمەیش جارێکی تر پشتی خۆمانی لێ دەکەینەوە. ئەگەر بڕوام وا بووایە، کە مێژوو وابەستەی چارەنووسە، ئەوا بەردەوام دەبووم، ئێوە کە عەقڵ کۆیلەی کردوون، وەکو ڕاسکەرەوەیەک بۆ ئێمە، لە تەنیشتمان دەبوون. ئەوسا لە ڕووی ڕۆحییەوە سەرلەنوێ لەدایک دەبووینەوە و زیاتر دڵخۆش دەبووین.

بەڵام هێشتا ناچار بووین بەسەر گومانمان لە قارەمانێتیدا زاڵ ببین. دەزانم ئێوە بڕواتان وایە، کە ئێمە نامۆین بەقارەمانێتی، بەڵام هەڵەن. ڕێک و ڕەوان وایە، کە ئێمە هاوکات باوەڕمان پێیەتی و گومانیشی لێ دەکەین. باوەڕمان بەقارەمانێتییە، چونکە دە سەدەی مێژوو زانیاری لەبارەی هەموو شتێکی ڕەسەنەوە داوینەتێ. گومانمان لێیەتی، چونکە دە سەدەی باوەڕ فێری کردین چ باشییەکە بتوانین سروشتی بین. بەر لەوەی بتوانین خۆمان بەئێوە پێشان بدەین، ناچار بووین بێینەوە سەر خۆمان. ئەوە بۆیە ئێمە پاش هەموو ئەوروپا کەوتین، کە هەر کاتێک پێویست بووبێت بە پەلەپەل درۆی کردووە، بەڵام ئێمە خۆمان تەرخان کرد بەدوای ڕاستیدا بگەڕێین. ئەوە بۆیە کاتێک ئێوە داڕسانە سەر ئێمە، بە شکستێک دەستمان پێ کرد، چونکە لە زەین و هۆشماندا سەرقاڵی ئەوە بووین، کە ئاخۆ ڕاستی لەگەڵ ئێمەدایە.

ئێمە ناچار بووین بەسەر مرۆبینینی خۆمان و ئەم تێگەیشتنەیشدا زاڵ بین، کە لەبارەی چارەنووسێکی ئاشتی و باوەڕی قووڵمان، کە هیچ سەرکەوتنێک سوودی نییە، هەمانبوو، چونکە هەر دەستوپێ بڕینێکی مرۆڤ بێ گەڕانەوەیە. ناچار بووین دەستبەرداری زانیاری و هیواکانمان و هەردوو هۆیشمان، ئەشق و ڕقمان لە هەموو جۆرێکی شەڕ، ببین. دەربڕینێک بەکار دەهێنم، کە وابزانم تێ دەگەیت، چونکە لە منەوە دێت و تۆیش حەزت دەکرد تەوقە لەگەڵ مندا بکەی. ئێمە ناچار بووین بۆ هاوڕێیەتی بەسەر مەینەتەکانماندا زاڵ بین.

ئێستا ئەمەیان هاتووەتە دی. ناچار بووین بەلاڕێیەکی دووردا بڕۆین، بۆیە زۆر دواکەوتین. ئەم لاڕێیە کە تامەزرۆبوونی ڕاستی، ئەقڵ ناچار دەکا بیگرێتە بەر، ئەو دڵەڕاوکێیانەی پێوەندییان بەدڵارامیی دڵێکەوە هەیە. ئەم لاڕێیە بوو، بەرگریی لە ڕاستی دەکرد و ڕاستیشی بۆ ئەو کەسە هێشتەوە، کە پرسیارەکانی دەزانی، بەڵام وەڵامەکانی نەدەزانی. بۆ ئەم لاڕێیە نرخێکی زۆر گرانمان دا. بەسووکایەتی، بێدەنگبوون و دژواری، زیندانی و لە گەردوگوڵی بەیانییاندا لەداردان، قوربانیدان و پەڕاگەندەبوون، ڕۆژانە برسێتی و منداڵی لە برساندا ڕەقهەڵاتوو، بەر لە هەموویشیان بەزیندانکردنی دوور و درێژ نرخیمان دا. بەڵام باش بوو. ئێمە پێویستمان بەم

هەموو کاتە هەبوو، بۆ ئەوەی بزانین مافی ئەوەمان هەیە بکوژین، بۆ ئەوەی بزانین دەتوانین رێگە بەخۆمان بدەین دەردەسەریی زاڵمانەی ئەم جیهانە گەورەتر بکەین. ئەمە ئەو کاتە رەت بووە و دۆزراوەیەیە، ئەم رازیبوون و سەرکەوتنەیەیە بەسەر شکستدا، ئەو دڵەڕاوکێیانەیشە کە ئێمە بەخوێن نرخیانمان دا، کە ئەمڕۆ ماف بەئێمەی فرەنسایی دەدا، پێمان وا بێت بەدەستی پاکەوە هاتینە ناو ئەم شەڕەوە و (دەستی هێندە پاک، وەک هی قوربانییەکان و بەباوەڕەکان) بەدەستی پاکیشەوە لە شەڕ دەردەچین. بەڵام ئەمجارەیان هێندە پاکن، کە سەرکەوتنێکی گەورە، بەسەر ناهەقی و بەسەر خۆیشماندا بەدەست دەهێنین.

لەبەرئەوەی ئێمە سەردەکەوین، ئێوە هیچ بیانوویەکتان نییە گومان بکەن. بەڵام ئێمە رێک لەبەر ئەم شکستە، لەبەر ئەم رەوە دوور و درێژە سەردەکەوین، کە وای لێ کردین لە هۆیەکانمان تێ بگەین، لەبەر ئەم ئازارکێشانە، کە ئاشکرایە نارەوا بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمە دەرسی لێ فێر بووین. فێر بووین نهێنیی هۆی هەر سەرکەوتنێک بزانین و ئەگەر رۆژێک لە رۆژانیش ئەم نهێنییەمان لێ ون نەبێت، ئەوا سەرکەوتنی کۆتا دەبینین. فێر بووین کە رۆح هیچی لەگەڵ شمشێردا پێ ناکرێت، پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێک جار پێمان وابوو، بەڵام لە بەیەکگەیشتنی رۆح و شمشێردا، سەرکەوتنی ئەبەدی بەسەر ئەو شمشێرەدا بەدی دێت، کە کەسێک لە پێناو شمشێرەکەی خۆیدا هەڵی کێشاوە.

ئەوە بۆیە ئێستا شمشێرەکەمان قەبووڵ کردووە، چونکە سەرەتا لەوە دڵنیا بووین، کە رۆح لەگەڵ ئێمەدایە. لە پێناو ئەمەدا ناچار بووین ببینین مرۆڤ بکوژرێت و خۆیشمان ترسی کوشتنمان لەسەر بێت، ناچار کراین سەیر بکەین کاتێک کە کرێکارێکی فرەنسایی بەناو مەمەڕە تەنگەبەرەکانی زینداندا بەرەو سەرپەڕاندن بڕوات و لە بەردەرگە لە دوای دەرگەدا داوا لە هاوڕێکانی بکا بوێر و خۆڕاگر بن. بۆ ئەوەی ببین بەسەرداری رۆح، بەرگەمان گرت، جەستەمان ئازار و ئەشکەنجە بدرێت. هەر بەم شتەی کە بەڕاستی هی خۆمانە، نرخەکەیمان دا. گران لەسەرمان کەوتووە و هێشتا زێتریش دەدەین. بەڵام ئێمە باوەڕ و هۆی خۆمانمان هەیە و ڕاستیمان خۆش دەوێ. شکستی ئێوە مسۆگەرە.

من قەت بڕوام نەبووە کە ڕاستی لە خۆیدا هێزێک پێک دەهێنێ. بەڵام لە ئێستاوە ئەوە بەسە کە بزانیت، ئەگەر ئەم هێزانە وەک یەکتری بەهێز بن، ڕاستی بەسەر درۆدا سەردەکەوێت، ئەم هاوسەنگییە ناسکەیە کە وا ئێمە پێی گەیشتووین. خەباتمان بەم جیاوازییە بەهێز کراوە. ئارەزوو دەکەم جەخت لەسەر ئەوە بکەم، کە ئێمە بۆ جیاوازییەک خەبات دەکەین، کە وەکو مرۆڤ خۆی گرینگە. ئێمە بۆ جیاوازییەک لە نێوان فیداکاری و ڕازدا، لە نێوان هێز و توندوتیژیدا و لە نێوان هێزی سەربازی و زۆرداریدا خەبات دەکەین، لە پێناو ئەو جیاوازییە جوانترەی نێوان ڕاستی و ناڕاستی و نێوان ئەو مرۆڤەی کە هیوامان پێی هەیە و ئەو خواوەندە ترسنۆکانەی ئێوەیش دەیانپەرستن.

ئەمە بوو کە دەمویست بیڵێم، نەک لە جێگەیەکی بەرزی حەشامەتی شەڕەوە، بگرە لەناویدا. دەمەوێ ئەمە وەکو بەرسڤی وشەکانی تۆ بێت "تۆ وڵاتی خۆتت خۆشناوێت" کە ئێستایش لە زەینمدان. بەڵام دەمەوێ ڕێک و ڕەوان ڕای خۆم دەربڕم. باوەڕم وایە کە فرەنسا بۆ ماوەیەکی زۆر دەستەڵات و سەرداریی لەدەست داوە و بۆ ماوەیەکی زۆریش دانبەخۆداگرتنێکی پەرێشان و ڕاپەڕینێکی بەئاگەی پێویست دەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ئابڕووە وەربگرێتەوە، کە هیچ کولتوورێک ناتوانێت بێ ئەم خۆی بەڕێوە ببات. بەڵام من باوەڕم وایە، کە هۆیەکانی ئەوەی، کە فرەنسا ئەمانەی هەموو دۆڕاند، پاکن. ئەوە بۆیە من هیوام ماوە.

ئەمە هەموو مەبەستێکە لە نامەکەمدا. ئەو کەسەی کە پێنج ساڵ لەمەوبەر تۆ بۆی خەمبار بوویت، چونکە ئەو کەسە بۆ مەسەلەی نیشتمانی زۆر دوورەپەرێز بوو، هەمان مرۆڤە کە ئەمڕۆ دەیەوێت بە تۆ و بەهەموو هاوتەمەنەکانی خۆمان لە ئەوروپا و جیهاندا بڵێ: "من هی وڵاتێکم کە لە خۆڕاگریدا جێی شانازییە و بە بەشی خۆیشی لە هەڵە و کەموکوریدا، نەیهێشتووە ئەم باوەڕە لەناو بچێت، کە هەموو گەورەیییەکی ئەوە. هەردەم میللەت و هەندێ جاریش نوخبە هەوڵ دەدەن ئەم باوەڕە ڕۆشنتر بکەن. من هی وڵاتێکم، کە چوار ساڵ لەمەوبەر دەستی کرد بەوەی هەموو مێژووی خۆی بژێتەوە و لەناو وێرانەدا ئارام و لەسەرخۆ خۆی ئامادە بکا کە مێژوویەکی نوێ بۆ خۆی دروست بکا و دەرفەتی هەبێت لە یارییەکدا بەشدار بێت بێ ئەوەی پێشوەخت براوە دیاربێت. ئەم وڵاتە شایستەی ئەوەیە بەئەشقی ناسک و سەختی من خۆشت بوویت. باوەڕم وایە کە ئەمە زۆر ئەوە دەهێنێت کە لە پێناو ئەم وڵاتەدا خەبات بکەی، چونکە شایستەی خۆشەویستییەکی زۆر گەورەیە. بەڵام من جەخت لەسەر ئەوە دەکەم، کە وڵاتی تۆ لە کوڕەکانییەوە بێجگە لەو خۆشەویستییە کوێرکەرەی کە شایستەی بوو، هیچ خۆشەویستییەکی تری نەدراوەتێ. هەموو خۆشەویستییەک ڕەوابوون ناداتە ئەو شتەی کە خۆشدەویسترێت. ئەمەیە ئێوەی سەرگەردان کرد. لەم ژێرکەتنەی کەوا هەر لەو کاتەوە لێتان نزیک دەبێتەوە، کە ئێوە سەرکەوتنی گەورەتان بەدەست هێنابوو، چیتان بەسەر دێت؟"

تەمووزی ١٩٤٣

## نامەی دووەم

کە پێشتر بۆم نووسیت زۆر دڵنیا دیار بووم. دوای ئەوەی پێنج ساڵ پێوەندیمان لەگەڵ یەکتری نەبوو، باسی ئەوەم کرد، لەبەرچی ئێمە لە ئێوە بەهێزترین: لەبەر ئەم لارێیەی ئێمە گرتمانە بەر، بۆ ئەوەی لە ڕوونیی هۆیەکانمان بگەڕێین، لەبەر ئەم دواکەوتنەی، نیگەرانیمان هۆکار بوو لێی، کە ئاخۆ ئێمە ڕاستین، لەبەر تاسەی بێ ئۆقرەمان، کە هەموو ئەو شتانەی لامان خۆشەویست بوون، لەگەڵ یەکتری بگونجێن. بەڵام دوایی دێینەوە سەر ئەم باسە. پێشتر ئاماژەم کردووە، کە ئەم لارێیە گران لەسەرمان کەوت. پێمان باشتر بوو بێ سەروبەر بێت، لەوەی کە ترسی ئەوە هەبێت،

شـتـێک ڕاست دەرنـەچێت. بەڵام هاوکـاتیش ئـەم لارێیـەیە، کـەوا ئەمـڕۆ هـێـزمـان دەداتێ و هـەر بۆیەیش نزیکی سەرکەوتنین.

بەڵێ، زۆر دڵنیا دیار بووم، کە ئەم هـەمـوو شـتـانـەم پـێ ڕاگەیاندیت. هیچ شـتـێکم نەسـڕییەوە، تەنانەت قـەڵەمـیـشم لەسـەر کـاغـەز هەڵنەگرت. بێجگە لـەمـەیش کاتم هـەبووە بیری لێ بکەمـەوە. بەشەوە مرۆڤ قووڵ بیر دەکاتەوە.

سێ ساڵە لە شـارەکانمان و لە هەسـتماندا تاریکییـەکی شـەوانە هەیە، کە بەرهـەمی ئێوەیە. سێ سـاڵە لە تاریکیی شـەودا بـەردەوام بووین بیـر لـەو شـتـانـە بکەینەوە کـە ئەمـڕۆ دژی ئێـوە دەبن بە چەک. ئێـسـتـا دەتوانم باسی گـەیشـتنە باوەڕ بکەم. چونکە ئـەمڕۆ بیـروباوەڕێکمـان هەیە، تێـیدا هەمـوو شـتـێک هاوسـەنگ و ڕوون دەبنەوە. تێـیدا باوەڕ هاوکـاریی بوێری دەکا. بۆ تۆ کـە هێندە ئاسـان باسی باوەڕت دەکرد، بێگومـان سەرسـووڕمـانێکی زۆرە، کە لە سـەردەمێکی مێژووییدا لە ناکاو باوەڕت بۆ بێتەوە. لێرەدا جارێکی تریش ڕووم لە تۆ دەکەم.

مـرۆڤ لە زەینیشـدا دڵنیا بێت، بەڵام هـەر ئاسـوودەیی نادات. دوایی دێمـەوە سـەر ئەم باسـە. لە ڕاسـتیدا ئەمە مـانایەک دەداتە هەمـوو ئەو شـتانەی من بۆ تۆیـان دەنووسم. بەڵام دەخوازم سـەرەتا چەند شــــتــــێک لەگــەڵ تـۆ یەکــلا بکەمـــەوە، شـــتـی وا، کـــە مـن تـۆم چۆن لـە بیـــرە و لـەبارەی هاوڕێیەتیمانەوەیش. کە هێشتا دەرفەت ماوە، دەمەوێ ئەو تاکە شـتە بکەم، کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ هاوڕێیەتییەک بیکات، کە خەریکە نامێنێت. دەمـەوێ ڕوون بکەمەوە مانای هاوڕێیەتیمان چییە. من وەڵامی "تۆ وڵاتی خـۆتت خـۆشناوێت"ی تۆم داوەتەوە، کـە جـارجـار لە دەمت دەهـاتە دەرەوە. ناتوانم لەم بیـرەوەرییە ڕزگـارم ببێت. ئەمـڕۆ دەمەوێ تەنیـا بەرسـڤی ئەو زەردەخـەنە بزێوانەت بدەمـەوە، کە تۆ پێیانەوە ڕووبەڕووی وشەی بەهـرە بوویتەوە.

تۆ گـوتت "فرەنسـا سـەرەڕای هـەمـوو بەهرەکانیشـییەوە، نکووڵی لە خـۆی دەکا". "ڕووناکبیـرانی ئێـوە بێ هیـوایی، یان گـەڕان بـەدوای ڕاسـتییـەکی بەگـومـانیـان پـێ باشـترە، ئەمـە پێـوەندیی بەوەوە هەیە، چۆن دواڕۆژی وڵاتت دەبینی. بەڵام ئـێـمـە، ئەڵمـانیـا لە سـەرووی ڕاسـتی و دوور لە هـەمـوو گومانێکەوە دادەنێین". بەئاشکرا دیار بوو ئەمە ڕاستە. بەڵام من زووتر گوتوومە، کە ئەگەر هەندێ جار وا دیار بووبێت ڕەواییمان لە پێش وڵاتمانەوە دانابێت، ئەمـە بۆیە وا بووە، چونکە ویستوومانە تەنیا ئەو کاتە وڵاتمان خۆش بوێت، کە لەگەڵ ڕەواییدا بووە، وەک کە ویستوومانە ئەو کاتە وڵاتمان خۆش بوێت، کە بۆ ڕاستی و هیوا بووە. بەم شێوەیەیە، ئێمە لە ئێوە جیاواز بووین، ئێمە داواخواز بووین. ئـێـوە بـەوە ڕازی بوون خـزمـەتـی دەسـتـەڵاتی وڵاتـتـان بکـەن، لەو کـاتەدا ئـێـمـە بۆ وڵاتمان، خەونمان بەڕاستییەوە دەبینی. بۆ ئێوە سیاسـەتی واقیعی بەس بوو، لەو کاتەدا ئێمە لەناو وەهمی گەورەماندا، ئەو تێگەیشـتنە سـەرلێشـێوێنەرەمـان لەبارەی سیاسـەتێکی حەکیمـانە هێشـتەوە، کە ئەمڕۆ پێی شاد دەبینەوە. کە دەڵێم "ئێمە" مەبەستم سەرکردەکانمان نییە. بەڵام سەرکردەیەک ئەوە نییە لەبارەیەوە بدوێین.

وا دیسان زەردەخەنەت دێتەوە بەرچاوم. تۆ هەردەم متمانەت بە وشە نەکردووە. منیش وام کردووە، بەڵام من متمانەیەکی زۆرترم بە خۆم نەکردووە. تۆ هەوڵت دا پاڵم بدەیتە سەر ئەو ڕێگەیەی، کە تۆ خۆت گرتبووتەبەر و لەوێ عەقڵ شەرم لە ڕوانگەی خۆی دەکا. هەر لەو کاتەوە بۆ من مەحاڵ بوو بەدوات بکەوم. بەڵام ئەمڕۆ وەڵامێکی دڵنیاترت دەدەمەوە. تۆ گوتت، ڕاستی چییە. ئا، بەڵام بەلانی کەمەوە دەزانین درۆ چییە، ڕێک ئەوەیە، کە ئێمە لە ئێوەوە فێر بووین. ڕۆح چییە؟ دەزانین پێچەوانەکەی چییە، واتە، کوشتار. مرۆڤ چییە؟ بەڵام لێرەدا ڕات دەگرم، چونکە ئێمە ئەمە دەزانین.

مرۆڤ ئەو هێزەیە، کە لە ئاکامدا هەموو کات هاوسەنگییەک لە نێوان جەللادەکان و خواکاندا دەدۆزێتەوە. مرۆڤ هێزێکی ئاشکرای هەیە. ئەم ئاشکرا مرۆڤییانەیە، دەبێ بیپارێزین. ئەو باوەڕەی ئێستا هەمانە، لەبەر لێکئالانمانە لەگەڵ چارەنووسی وڵاتمان. ئەگەر هیچ شتێک مانای نەبووایە، ڕاستی بەلای ئێوەدا دەبوو. بەڵام شتێک هەیە کە هەتا ئێستایش مانای هەیە.

خۆ ناتوانم زۆرجار ئەمە دووبارە بکەمەوە، بەم شێوەیەیە، ئێمە لە ئێوە جیاوازین. ئێمە خەیاڵێکمان بۆ وڵاتمان هەبوو، کە لە ناوەڕاستی گەورەییەکانی تری دادەنا: هاوڕێیەتی و مرۆڤ، ئاسوودەیی و تاسەمان بۆ دادپەروەری. ئەمە وای کرد بەرانبەر بە وڵاتمان توند ببین. بەڵام لە ئاکامدا هەر ئێمە ڕاست بووین. ئێمە کۆیلەمان نەدا بە وڵاتی خۆمان، لە پێناو وڵاتماندا هیچ شتێکمان لە دڵماندا نەهێشتەوە، کە ویستمان بیڵێین. خۆ گرانە چاوەڕێ بووین، بۆ ئەوەی جوان ببینین و لەناو ئەو هەموو دەردەسەری و ئازارەیشدا، ئاسوودە بووین، کە بینیمان دەتوانین لە یەک کاتدا، خەبات بۆ هەموو ئەو شتانە بکەین، کە خۆشماندەوێن. ئێوە لە بریدا بەگژ هەموو ئەو بەشەی مرۆڤدا دەچنەوە، کە سەر بەنیشتمان نییە. فیداکارییەکانتان بێ مانان، چونکە هەڕەمی حوکمتان ڕاست نییە و چونکە تێگەیشتنەکانتان لەگەڵ بوارەکەدا ناگونجێن. هەر دڵ نییە لە ئێوە دەشکێت. عەقڵ تۆڵە دەکاتەوە. ئەو نرخەتان نەداوە، کە عەقڵ داوا دەکا، ئەو باجە گرانەتان نەداوە، کە هۆشمەندی دەخوازێت. دەتوانم لە قووڵاییی شکستمانەوە پێ لەسەر ئەوە دابگرم، کە ئەمەیە ئێوە دەکا بەدۆڕاو.

با لە بریدا ئەمەت بۆ بگێڕمەوە. لە زیندانێکەوە، کە من دەزانم لە فەرەنسا لە شوێنێکە، لە گەردوگوڵی بەیانییەکدا سەربازی چەکدار بەرەو گۆڕستانێک زیلێک لێ دەخوڕن، کە یازدە فەرەنساییی تێدایە و لەوێ گوللەباران دەکرێن. لەم یازدە کەسەدا، لە ڕاستیدا پێنج یان شەشیان شتێکیان کردووە، کە تووشی ئەمە ببن: بڵاوکراوەیەک، چەند کۆبوونەوەیەک و بەر لە هەر شتێکیش گوێڕایەڵ نەبوون. ئەوانە بێ جووڵە لەناو زیلەکەدا دانیشتبوون، بێگومان لە ناخەوە ترسێکیان هەیە، بەڵام ترسێکی ئاساییە، ئەگەر بۆم هەبێت وا بڵێم، ئەو ترسەی کە هەر مرۆڤێک بەرانبەر شتی نادیار لێی دەنیشێت، ترسێک کە ئازایەتیی خۆی لێ ڕادەهێنێت.

ئەوانی تر هیچ شتێکیان نەکردووە. دەزانن لەبەر هەڵەیەک، یان وەک قوربانیی جۆرە

بێخەمییەک دەمرن، ئەم ساتەیان بۆ سەختتر دەکا. لەناو ئەوانەدا کوڕێکی شازدە ساڵی هەیە. لەبەرئەوەی تۆ دەزانی ڕووی گەنجان چۆنە، بۆیە نامەوێ باسی ئەمە بکەم. ئەم کوڕە نێچیری ترسە، بێ شەرمکردن خۆی بەدەست ترسەوە دەدا. بە گاڵتەپێکردنەوە مەخەنەوە، ئەو ددانی لێک دەدا. بەڵام ئێوە قەشەیەکی جەنگتان لە تەنیشت ئەو داناوە و ئەرکیشی ئەوەیە، ئەم ساتە ناهەموارەی چاوەڕوانی بۆ ئەم پیاوانە سووکتر بکا. وابزانم دەتوانم بڵێم، بۆ مرۆڤ کە گوللەباران دەکرێت گفتوگۆکردن لەبارەی ژیانی دوای ئەمە هیچ مانایەکی نابێت. زۆر سەختە بۆیان باوەڕ بێنن، کە گۆڕە بەکۆمەڵەکان کۆتایی هەموو شتێک نین: دیلەکان کڕ و بێدەنگ لەناو زیلەکە دانیشتون. قەشەکە خۆی وەردەگێڕێت و ڕوو لە کوڕەکە دەکا، کە لە گۆشەکەیدا هەڵکورمابوو. ئیدی کوڕەکە باشتر لە قسەکانی دەگات.

کوڕەکە وەڵام دەداتەوە، تەماشای ناو دەمی دەکا و هیوای دێتەوەبەر. هەندێ جار لە کاتی بەسامترین بێدەنگیدا، بەسە کەسێک بێدەنگی بشکێنێت، ڕەنگە ئەو هەموو شتێک چارەسەر بکا. کوڕەکە دەڵێ، "من هیچ شتێکم نەکردووە". قەشەکە دەڵێ، "بەڵێ، بەڵام ئیدی مەسەلە ئەوە نییە. دەبێت خۆت ئامادە بکەی، بەشێوەیەکی دروست بمریت." "نابێت وا بێت، کە تێم نەگەن چی دەڵێم." "من هاوڕێی تۆم و ڕەنگە تێشت بگەم. بەڵام درەنگە. من وەکو خودا نزیکت دەبم. هەوڵ بدە ئاسان بێت." کوڕەکە ڕووی وەردەگێڕێت. قەشەکە باسی خوا دەکا. ئاخۆ کوڕەکە باوەڕ بە خوا دەکا؟ بەڵێ باوەڕی پێ دەکا. ئەوسا دەزانێت کە هیچ شتێک هێندەی ئەو ئارامییەی کە چاوەڕێی ئەو دەکا، مانای نییە. بەڵام ئەم ئارامییەیە کوڕەکە لێی دەترسێت، دیسان قەشەکە دەڵێ من "من هاوڕێی تۆم".

ئەوانیتر بێدەنگن. قەشەکە دەبێ بیر لەوان بکاتەوە. لە گرووپی بێدەنگیی ئەوان نزیک دەبێتەوە، بۆ ساتێک پشت لە کوڕەکە دەکا. زیلەکە لەسەرخۆ دەڕوا و دەنگێکی نەرم لەسەر ڕێگە بە ئاونگ تەڕبووەکەدا لە تایەکانیەوە دەبیسترێت. ئەم تاریک و ڕوونەی بەیانی، بۆنی بەیانییانەی پیاوەکان و ئەو دەشتودەرەی نابینرێت، بەڵام مەزندە دەکرێت چۆنە، بێنە بەرچاوی خۆت. دەنگی زینکردنی ئەسپ و جریوەی باڵندە دێت. کوڕەکە خۆی دەخزێنێتە بن چادرێک، کە کەمێک بەدوادا دێت. لە نێوان چادرەکە و بۆدی زیلەکەدا، دەروازەیەکی تەنگەبەر دەبینێت. ئەگەر بیویستبا، دەیتوانی خۆی هەڵبداتە خوارەوە.

ئەو پشتی لەم کردووە و سەربازەکانی پێشەوەیش، لەم بولێڵە تاریکەدا خەریکی ناسینەوەی ڕێگەوبانن. کوڕەکە بیر ناکاتەوە، چادرەکە لادەدا، دەخزێتە ناو دەروازەکەوە و خۆی هەڵدەداتە خوارەوە. کە دەکەوێت، هەر ئەوەتا دەنگی دێت، تەنیا دەنگی هەنگاوی خێرای بە ڕێگەوە دەبیسترێت و پاشان هیچی تر نابیسترێت. لەم دەشتودەرەیە، کە دەنگی ڕاکردنی هەنگاوی ئەو کپ دەکا. بەڵام دەنگی خشەی چادرەکە و ئەو بۆنە بەهێزە شێدارەی بەیانی، دێتە ناو زیلەکەوە و وا لە قەشە و سزادراوەکانیش دەکا، ڕوویان وەربگێڕن. قەشەی جەنگ ماوەی یەک چرکە چاو لە

چاوی ئەو پیاوانە دەبڕێت، کە بێدەنگ سەیری ئەویان دەکرد. ئەمە چرکەیەکە، دەبێت تێیدا پیاوەکەی خوا بڕیار بدات، کە پەیامی ئەو چییە، لایەنگری جەللادەکانە، یان لایەنگری شەهیدەکانە. بەڵام زووتر بە مشتەکوتە لەو دیوارەی نێوانیانی دابوو، کە ئەو لە هاوڕێکانی جیا دەکاتەوە. Achtung (ئاگەدار بن). زەنگ لێ درا. دوو سەرباز خۆیان هەڵدەدەنە ناو زیلەکە و چاودێریی بەندکراوەکان دەکەن. دوو سەربازی تر خۆیان هەڵدەدەنە خوارەوە و بەم دەشتودەرەدا ڕادەکەن. قەشەکە چەند هەنگاوێک دوور لە زیلەکە لەسەر قیرتاوەکەدا وەستاوە و هەوڵ دەدا لەناو ئەم تەمەدا بیانبینێت. لەناو زیلەکەدا پیاوەکان تەنیا گوێیان لە ڕاونانەکە، هاوارە کپبووەکان و تەقەیەک دەبێت، بێدەنگی، پاشان دیسان دەنگەکان دەبیسترێنەوە، کە هەر نزیکتر دەبنەوە، لە کۆتاییدا دەنگی هەنگاونانی توند دێت. کوڕەکە دەهێنرێتەوە لای زیلەکە. نەپێکراوە، ڕاوەستابوو، ئەم تەمە دوژمنکارە هەر چواردەوری تەنی بوو و لە ناکاو ورەی نەما و خۆی بەدەستەوە دا. دروستتر بڵێین پەلکێش کرابوو، لەوەی کە پاسەوانەکان بە پێش خۆیان دابێت. کەمێک، زۆر لێی نەدرابوو. شتە گرینگەکە ماوە بکرێت. نە سەیری قەشەی جەنگ و نە سەیری کەسێکی تر دەکا. قەشەکە سەرکەوت و لای شوفێرەکە دانیشت. لە بریی ئەو سەربازێکی چەکدار لەناو زیلەکە دانیشت. کوڕەکە لەوێ، لە سووچێکی زیلەکەدا کەوتووە، ناگریەت. دیسان سەیری ڕێگەکە دەکا، کە لە نێوان چادر و تەختاییی زیلەکەدا دەڕوات. دنیا ڕووناک دەبێتەوە.

من تۆ دەناسم، تۆ بێ گرفت دەتوانیت بێنیتە بەرچاوت پاشان چی ڕوو دەدا. بەڵام بزانە کێ ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە. قەشەیەکی فرەنسایی بوو. گوتی: "شەرمەزارم بەم پیاوە و ئاسوودەیشم کە بیر لەوە دەکەمەوە، هیچ قەشەیەکی فرەنسایی ڕازی نەدەبوو خواکەی لە بەرژەوەندیی کوشتاردا بەکار بهێنێت." ئەمە وایە. ئەم قەشەیە ڕێک و ڕەوان وەکو تۆ بیری دەکردەوە. تەنانەت ئەو پێیشی وا بوو، کە سروشتییە باوەڕی ئاینیت لە بەرژەوەندیی وڵاتتدا بێت. خواکان خۆیشیان، لە ئامادەسازیدان لەگەڵ ئێوە. وەک کە تۆ دەڵێیت، ئەوان لەگەڵ ئێوەن، بەڵام بەناچاری. ئیدی ئێوە ناتوانن ڕوون ببینن، چونکە سەرمەستبوونی خۆتان ئێوەی قووت داوە. ئێستا لە شەڕدا تەنیا ئەو کەرەستانەتان لەبەردەستە، کە غەزەبێکی کوێرکەر بۆتان ئامادە دەکا. ئێوە گرینگی بەچەک و تاوانی گەورە دەدەن، لەوەی بەبواری بیرکردنەوە بدەن و سەرسەختیش دەکەن، کە هەموو شتێک تێکوپێک بدەن و بەدوای باوەڕی نەگۆڕتان بکەون. ئێمە لە عەقڵ و دوودڵیی ئەوەوە دەستمان پێ کرد. بەرانبەر بەغەزەب بێهێز بووین. بەڵام ئێستا گەیشتووینەتە کۆتاییی لاڕێگەکە. کوشتنی منداڵێک بەس بوو، بۆ ئەوەی ئێمە غەزەب بخەینە سەر عەقڵ و ئیدی لەوساوە ئێمە دوو دەبین بەرانبەر بە یەک. دەمەوێ لەبارەی غەزەبەوە بدوێم.

لە بیرتە؟ دوای توند هەڵچوونی یەکێک لە بەرپرسەکانت، سەرسام بووم تۆ گوتت: "باش بوو. بەڵام تۆ لە هیچ ناگەیت. سیفەتێکی باش هەیە فرەنسایی نیەتیان، ئەویش غەزەبە." نا، وا نییە، بەڵام لەبارەی سیفەتی باشەوە، فرەنساییەکان بەدیقەتن. تەنیا ئەو کاتە خۆیان دەگونجێنن، کە

پێویستە. ئەمە لای ئەوان دەبێتە هۆی بوونی غەزەبێکی بێدەنگ و بەهێز، کە ئێوە هێشتا بەحاڵ هەستتان پێی کردووە. لە کۆتاییدا بەجۆری وای غەزەب ، ئەو تاکە غەزەبەی کە من دەیناسم، دەمەوێ بدوێم.

چونکە، وەک کە پێشتر گوتوومە، بڕوا و هەستخۆشی هەمان شت نین. ئێمە دەزانین لەسەر ئەم لاڕێیە درێژەدا چیمان لەدەست داوە، دەزانین چ نرخێک بۆ ئەم شادییە دژوارە دەدەین، کە لە خەباتدا لەگەڵ خۆمان تەبا بین. هۆی ئەوەی کە خەمگینیی هێندەی هیواداریی لە خەباتماندا ماوە، ئەوەیە کە ئێمە باش دەزانین بێهیوایی چییە. بۆ ئێمە شەڕ بەس نەبوو. هۆی تەواومان نەبوو. میللەتمان شەڕی ناوەخۆی هەڵبژارد، ململانێیەکی بەکۆمەڵی سەرسەخت و قوربانیدانێک بێئەوەی قسەی لەسەر بکرێت. میللەتمان بەئارەزووی خۆی چووە ناو شەڕەوە، کەسێکی تاکڕەو، یان حکوومەتێکی ترسنۆک ناچاری نەکرد. گەلمان خۆی لەناو جەنگدا دۆزییەوە و لە پێناو باوەڕێکی دیار لەبارەی خۆیەوە خەبات دەکا. بەڵام گەل بۆ ئەم نیعمەتە، کە دەیداتە خۆی، دەبێت نرخێکی ترسناک بدات. لەمەیشدا گەلی ئێمە زێتر لە گەلی ئێوە شایستەی ستاییشە. چونکە کوڕە هەرە باشەکانیەتی دەکوژرێن، ئەمە ڕا و بۆچوونی زۆر بەئازاری منە. لایەنێکی باش لەو شتانەی کە بێ مانان لە شەڕدا هەیە؛ مەرگ بەڕێککەوت لێرە و لەوێ یەخەی خەڵک دەگرێت. لەم جەنگەی ئێمە دەیکەین بوێریی خۆی دەستنیشان دەکا، ئەمە پاکترین شتی ڕۆحمانە، کە ئێوە هەموو ڕۆژێک گوللەبارانی دەکەن. چونکە ساویلکەییتان بێ پێشبینی نییە. ئێوە قەت تێ نەگەیشتوون کە چی هەڵبژێردرێت، بەڵام دەزانن دەبێت چی تێک بشکێنرێت. ئێمە کە دەڵێین ڕۆح دەپارێزین، لەگەڵ ئەوەیشدا دەزانین، کە ئەگەر ڕۆح هێزێکی تەواو وێرانکەری بکەوێتە سەر، دەمرێت. بەڵام ئێمە باوەڕمان بە هێزێکی تر هەیە. ئێوە وا دەزانن ڕووی ڕاستینەی ئێمە، کە بێدەنگ و روحانییە دەشێوێنن، کە جاری وا ڕوو دەدا بە گوللە هەڵی دەکۆڵن. بەڵام ئێوە حیساب بۆ ئەو کەللەڕەقییە ناکەن، کە وا لە فرەنسا دەکا، دژی کات بجەنگێت. ئەم هیوایە نیگەرانەیە، لە کاتی تەنگانەدا خۆمانی پێ دەدەین؛ هاوڕێکانمان لە جەللادەکان زێتر پشوودرێژییان دەبێت و ژمارەیشیان لە گوللەکان زێتر دەبن. وەک کە دەبینیت، بێگومان فرەنساییەکان توانایان هەیە هەست بەغەزەب بکەن.

کانوونی یەکەم ١٩٤٣

## نامەی سێیەم

هەتا ئێستا لەبارەی وڵاتی خۆمەوە دواوم. ڕەنگە سەرەتا وا تێ گەیشتبوویت کە بە شێوەیەکی جودا ڕای خۆم دەردەبڕم. لە ڕاستیدا بەهیچ جۆرێک وا نەبوو. هەر ئەوەیە کە ئیتر ئێمە هەمان مانا نابەخشینە وشە. ئیتر هەمان زمان نادوێین.

وشەکان بەردەوام بەو کردار و ئەو قوربانییانەی ئەوان لێیان هۆکار بوون، ڕەنگ دەکرێن. لەلای

ئێوە وشەی نیشتمان ئاوازێکی خوێن و کوێربوونی دەدرێتێ، کە هەتاهەتایە ئەم وشەیە بۆ من نامۆ دەکا. بەڵام ئێمە لەناو ئەم وشەیەدا باوەڕێکی گرینگمان لەبارەی بوێرییەکەوە داناوە، کە سەختترە، بەڵام بەلانی کەمەوە لە بەرژەوەندیی مرۆڤە. لە ئاکامدا تێگەیشتیت کە من قەت بەجۆرێکی تر ڕای خۆم دەرنەبڕیوە. ئەمڕۆ بەهەمان شێوەی بەر لە ساڵی ١٩٣٩ ڕای خۆم دەردەبڕم.

ڕەنگە ئەم ددانپێداهێنانەی ئێستا دەیکەم، بەڵگەیەکی باشتر بێت بۆ ئەمە. لە هەموو ئەم ماوەیەدا، کاتێک من و تۆ سەرسەخت و بەبێدەنگی تەنیا خزمەتی وڵاتی خۆمانمان کرد، قەت خەیاڵ و هیوامان لە بەرچاو ون نەبوون، کە لەسەر ئەوروپاوە هەمان بوون. ئاشکرایە پێنج ساڵە لەبارەی ئەمەوە نەدواوین. بەڵام ئەمە لەبەر ئەوە بوو، ئێوە خۆتان بەدەنگی زۆر بڵند لەبارەیەوە دەدوان. لێرەیش دیسان بەهەمان زمان نەدواین. ئەوروپای ئێمە هی ئێوە نییە.

بەڵام بەر لەوەی من بڵێم ئەوروپای ئێمە چییە، دەمەوێت بەلانی کەمەوە دڵنیات بکەم کە لەو هۆیانەی هەمانە بۆ ئەوەی بەگژ ئێوەدا بێینەوە (هەمان هۆیشن، کە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئێوەدا هەمانە) ڕەنگە هیچیان گرانتر نەبێت لە بەئاگاییمان لەوەی کە تەنیا وڵاتمان لەتوپەت نەکراوە و ئێمەیش ناسکترین شوێنمان پێکراوە، بگرە جوانترین وێنەیشمان لەبارەی خۆمانەوە لێ زەوت کراوە. لە شێوەیەکی قێزەوەن و هەزەلی بە دنیاتان پیشان دا. ببینیت ئەوەی کە خۆشت دەوێ، بشێوێنرێت، لە هەموو شتێک سەختترە بەرگە بگریت. ئێوە بۆ ئەم خەیاڵەی لەسەر ئەوروپا، کە لە باشترین شتەکانی ئێمە بوو بردتان، واتەیەکی قێزەوەنتان هەڵبژارد. ئێمە ئەو هەموو هێزەی ددانبەخۆداگرتنمان پێویستە، کە لە خۆشەویستیدا هەیە، بۆ ئەوەی لە ناخماندا ئەم خەیاڵە هەر گەنج بێت و هێزی ژیانی هەبێت. بۆیە ئاوەڵناوێک هەیە کە لەو کاتەوەی سوپای کۆیلەی ئێوە بە ئەوروپایی ناودەبرێت، ئێمە لە نووسیندا بەکاری ناهێنین. ئاوەڵناوێکە ئێمە بەکاری ناهێنین، بۆ ئەوەی بتوانین مانا ڕەسەنەکەی بپارێزین کە ئێستایش بۆ ئێمە هەیەتی و دەمەوێ لێرە بیخەمە ڕوو.

ئێوە باسی ئەوروپا دەکەن، بەڵام جیاوازیی ئەوەیە کە بۆ ئێوە ئەوروپا سامانێکە، بەڵام ئێمە هەست دەکەین پێوەندییەکی وابەستەییمان بۆ ئەوروپا هەیە. کە ئەو ڕۆژەی ئەفریقیاتان دۆڕاند، دەستتان پێ کرد بەم شێوەیە باسی ئەوروپا بکەن. ئەمە جۆری دروستی خۆشەویستی نییە. ئەم خاکە، تێیدا زۆر سەدە ئاسەوارەکانی خۆیان لەسەر جێ هێشتووە، بۆ ئێوە تەنیا پەناگەیەکی کاتیی نەخواستراوە، بەڵام بۆ ئێمە هەردەم گەورەترین هیوامان بووە. ئەشقی لە ناکاوی ئێوە لە ڕق و کینە پێک هاتووە. ئەمە هەستێکە هیچ کەسێک شانازیی پێوە ناکات، ئیتر تێ بگە بۆ هیچ ئەوروپاییەک نایەوێت لەبارەیەوە بزانێ.

کە ئێوە دەڵێن ئەوروپا، مەبەستتان پارچەیەک خاکی بە سەرباز و کۆگەی دانەوێڵەیە، پیشەسازییەکی دارزاو و توێژی ڕۆشنبیرانی جڵەوکراوە. سنوور دەبەزێنم؟ بەڵام هەر چۆنێک بێت

من لەوە دڵنیـام، کـە کـاتێک ئێـوە دەڵێن ئەوروپا و بـە درۆی خـۆتان هەڵدەخـەڵەتێن، تەنانـەت لە باشـترین سـاتیشـتـاندا ناتوانن بیر لە کۆمەڵێک نەتەوەی گوێڕایەڵ نەکەنەوە، کە گەلی سـەرداری ئەڵمـانیـا بەرەو دواڕۆژێکی دەمـارگـیـری، بەڵام خـۆیناوییـان دەبات. حـەز دەکـەم، کـە ئێـوە هـەر بەڕاستی هەست بەم جیاوازییە بکەن. بۆ ئێوە ئەوروپا ڕووبەرێکە بە چیا و ئاو دەوردراو، پڕە لە دێراو، بە کانزا ئاخناوە، بە بەروبووم داپۆشراوە، لەویٚ ئەڵمانیا بەچارەنووسی وڵاتی خۆیەوە، وەک تاکـە سـەرمـایە یارییـەکـەی خـۆی دەکـا. بەڵام بۆ ئێـمـە ئەوروپا مـاڵێکی ڕۆحـیـیـە، لەویٚ سـەرسوڕهێنترین سـەربزێویی ڕۆحی مـرۆڤ ڕوو دەدا. بیست سـەدەیە ئەوروپا شـوێنێکی تایبـەتی ڕووداوە. لەویٚ مرۆڤی ڕۆئاوایی ئەو شـەڕە دژی جیهان، دژی خـواکان و دژی خۆی دەکا، کە ئەمڕۆ گەیشتووەتە کوشندەترین کاتی. وەک کە دەبینیت هیچ پێوەرێکی هاوبەشمان نییە.

پێویسـت ناکات لەوە بترسـیت، کە من لە دژی تۆ جـارێکی تر دروشـمـە پڕوپاگەندەییـیەکـانی کۆن بڵێـمـەوە. ئامـاژە بە داوونەریتی مـەسـیـحی ناکـەم. ئەمـە مـەسـەلەیەکی تەواو جـودایە. ئێـوەیش زۆر باسی ئەوەتان کرد. ئێـوە خـۆتان وا دەرخـست کـە پارێزەری ''ڕۆمـا''ن و کـەمـتـەرخـەم نـەبوون لە بانگەشـەکردن بۆ مـەسیح، کە ئەو لەو ڕۆژەوەڕا هـات کە ئەو مـاچەی لێ کـرا، تا بۆ ئازاری مـەرگ هەڵبـژێردرێت. بەڵام با وا بێت، داوونـەریتی مـەسـیـحی تەنیـا یەکـێک لەو داوونـەریتـانەیە کـە ئەم ئەوروپایەی دروست کردووە و منیش بۆ ئەوە نەخـوڵقاوم، بەرانبەر بە تۆ بەرگری لەم بکەم. بۆ ئەمە ئەو هـەست و بـەهرەمـەندییـە پێـویسـتـە کە لای عـەقڵێکی لە خـواترس هـەیە. تۆ دەزانی ئەمـە من ناگرێتـەوە. بەڵام منیش داوونەریتی خـۆمم هـەیە، کـاتێک ڕێگە بەخـۆم دەدەم بیربکـەمەوە، کە وڵاتی من بەناوی ئەوروپاوە قسە دەکا و کە ئێمـە لەبەرئەوەی بەرگـری لە یەکێک لە وڵاتەکانمان دەکـەین، واتە بەرگری لە هـەردووکیـان دەکـەین. ئەم داوونـەریتـە لای چـەند کـەسـایەتییـەکی گـەورە و گـەلێکی مـاندوونەناس هـەیە. داوونەریتی من دوو ئێلیتی هـەیە، ئێلیـتی بەهـرە و بوێری هـەیە، خـەڵکی زۆر و مـیـری ڕۆحـیی خـۆی هـەیە. تۆ بـڕیار لەسـەر ئەم ئەوروپایە بدە، سنوورەکـانی داهێنـراوی چەند کەسێکن بەڵام لە قووڵاییی بەئاگایی گەلەکانیدایە، لەو قلینجـە ڕەنگەی ئێوە خستتانە سـەر نەخشـە کاتییەکەتان، جوداترە.

لە بیـرت بێت، کە تۆ ڕۆژێـک گـاڵتـەت بـە تووڕەیی من کـرد، گـوتت: دۆن کـیـشـۆت هێـزی نابێت ئەگەر فاوست بخـوازێت لێی بباتەوە. من پێم وا بوو، ''نە فاوست و نە دۆن کیشۆت-یش، کە هونەر دایانـهـێـناون، بۆ ئەوە دروست نـەکـران لە یەکـتـری ببـەنەوە و بۆ ئەوەیش نەبوو بەد بێـتـە ناو جیـهانەوە. کـەمێک حـەزت لە وێنەی ڕازاوە دەکرد، ئیتر بەردەوام بوویت. پێت وابوو، دەبێت مرۆ لە نێوان هاملێت و سیگفرید هەڵبژێرێت. ئەو کاتە ئارەزووم نەبوو هەڵبژێرم و بەر لە هەموو شتێکیش بڕوام وا نەبوو کە ڕۆئاوا، بێجگە لەناو ئەو هاوسەنگییەی نێوان هێز و زانیاریدا، لە شـوێنێکی تر بێت. بەڵام تۆ گوێت بە زانیاری نەدا، تەنیا باسی دەسـتـەڵاتت دەکرد. من ئەمڕۆ باشـتر تێ دەگەم. دەزانم فاوست-یش بۆ تۆ سوودی نابێت. لە ڕاستیدا ئێمە بەوە ڕازی بووین، کە لە هەندیٚ حاڵەتدا

هەڵبژاردن پێویستە. بەڵام ئەو هەڵبژاردنەی ئێمە کردمان، گرینگیی لە هەڵبژاردنی ئێوە زێتر نەدەبوو ئەگەر لە بەئاگاییی ئەوەوە نەکرابووایە، کە هەڵبژاردنێکی نامرۆڤانەیە و زۆر بەهای ڕۆحی لەیەکتری جودانەکراو بوون. ئێمە، بەم زووانە دەتوانین پێوەندییەک بدۆزینەوە، کە ئێوە قەت نەتانتوانیوە. وەک کە دەبینیت ئێستایش هەمان باوەڕی سەرەکییە دەیهێنینەوە. بەڵام بۆ ئەم باوەڕە سەرەکییە نرخێکی گرانمان دا، کە مافی خۆمانە هۆگری بین. ئەمە وام لێ دەکا کە بڵێم، ئەوروپای ئێوە، ئەوروپای ڕاست نییە. لە ئەوروپای ئێوەدا هیچ شتێک نییە یەکگرتوو و هاندەر بێت. ئەوروپای ئێمە سەربزێوییەکی هاوبەشە. باوەڕمان جۆشمان دەدا و بەرانبەر خواستی ئێوەیش چۆک دانادەین.

هێندە زێتر درێژەی پێ نادەم. کە لە خەباتی درێژخایەنی هاوبەشمانەوە، لە کاتی پشوودانێکی کورت، بەلای گۆشەی شەقامێکدا ڕەت دەبم، وا ڕوو دەدا، بیر لە هەموو ئەو شوێنانەی ئەوروپا بکەمەوە، کە زۆر شارەزایانم. خاکێکی دڵگیرە، مێژووی مەینەتیی دروستی کردووە. ئەو زیارەتانەی من و هەموو ئەوانی تر لە ئەوروپا کردوومانە، من سەرلەنوێ دەیانکەمەوە: گوڵی باخچەی دێرەکانی فلۆرێنسا، گومەتە زێڕینییە لە پیازچووەکانی کاراکۆف، هارادشانی و مەزارگەی مردووەکانی، پەیکەرەکانی کارلسبرۆن کە خۆیان بەسەر مولددا چەماندووەتەوە، باخچە دڵگیرەکانی سالزبێرگ. هەموو گوڵ و بەردەکان و گرد و دەشتودەرەکان، لەوێ قۆناخەکانی جیهان و مرۆڤەکان درەختی پیر و مۆنۆمێنتی لە تەنیشت یەکتری داناوە. ئەم هەموو وێنانە، کە لە بیرەوەریی مندا لەسەر یەکتری کەڵەکە کراون، لە یەکتریدا تواونەتەوە و بوونەتە یەک دیمەن. شێوەی نیشتمانیی گەورەی من وایە. کاتێک بیر دەکەمەوە، کە چەند ساڵێکە سێبەری تۆ خۆی بەسەر ئەم دیمەنە بزێوە، بەڵام ئازاردراوەدا کێشاوە، شتێک لە ناخمدا پێچ دەخوات. لەگەڵ ئەوەیشدا بەیەکەوە هەندێ لەو شوێنانەمان بینیوە. ئەو سەردەم بڕوام وا نەبوو، کە ڕۆژێک دێت پێویست دەبێت ئەم شوێنانە لە تۆ ڕزگار بکەم. هەتا ئێستایش وا ڕوو دەدا لە حاڵەتی ڕق و بێهیواییدا پێم ناخۆشە کە هەتا ئێستایش لە دێری سان مارکۆدا گوڵەکان شکۆفە دەکەن، کە کۆترەکان لەسەر کڵێسای گەورەی سالزبێرگەوە پۆل پۆل دەفڕن و کە لە گۆڕستانە بچووکەکانی "شلیسێن"دا، گوڵە سوورەکان خۆگرانە شکۆفە دەکەن.

بەڵام لە کاتی تردا، کە تاکە ڕاستیشن، دڵم بەمە خۆش دەبێت. چونکە ئەم هەموو دەشتودەرە، ئەم گوڵ و کێڵگانە، خاکێکی کۆنتر نەبوو، هەموو بەهارێک شتێک پێشان بدات کە لەناو خوێندا ناخنکێنرێت. بەم وێنەیەیە دەمەوێ کۆتاییی پێ بهێنم. ئەوە بۆ من بەس نییە، کە وا بزانم، هەموو کەسە داخراو و ناودارەکانی ڕۆئاوا و بێجگە لەمەیش سی میللەت لە ڕیزی ئێمەن؛ من بەبێ ئەم خاکە هەڵناکەم. بۆیە دەشزانم کە لە ئەوروپا هەموو شتێک، سروشت و ڕۆح، زۆر بەئارامی، بێ ڕقێکی زێدەڕۆ، بەڵام بە هێزی زۆر ئارامی سەرکەتن، نکوولّی لە ئێوە دەکەن. ئەو چەکانەی ڕۆحی ئەوروپایی لە بەردەستییەتی بۆ ئەوەی دژی ئێوە بەکاریان بهێنن، ڕێک ئەوانەن کە لەم خاکەدا

هەن، کە بەردەوام بە بەرچنین و شکۆفەکردنەوە دەژیێنەوە. ئەو خەباتەی ئێمە دەیکەن، سەردەکەوتن مسۆگەرە، چونکە وەک بەهار کەللەڕەقە.

خۆ دەزانم بەسەرکەوتن بەسەر ئێوەدا هەموو شتێک ڕێکوپێک و لەبار نابێت. هێشتا ئەوە ماوە، کە سبەی ئەوروپا دروست بکرێت. ئەوروپا دەبێت هەموو کات دروست بکرێتەوە. بەڵام بەلانی کەمەوە، وەک کە تازە نووسیم، ئەوروپا بەردەوام دەبێت، کە ئەوروپا بێت. هیچ شتێک لەناو ناچێت. ڕاستتر ئێمە بێنە بەرچاوت کە ئەمڕۆ هەین، باوەڕدار بەهۆیەکانمان، ئاشقی وڵاتمانین، سەرمەستین بە ئەوروپایەکی دابەشنەکراو و بە هاوسەنگییەکی نێوان قوربانیدان و تاسەی ئاسوودەیی، نێوان ڕۆح و شمشێر. جارێکی تریش ئەمە دەڵێم، چونکە پێویستە بیڵێم، دەیڵێم چونکە ڕاستە و چونکە ئەم ڕاستییەیش ئەو ڕێگەیە پێشان دەدا کە وڵاتەکەم و من خۆیشم بەسەریدا ڕۆیشتین، پاش ئەوەی کە من و تۆ هاوڕێیەتیمان نەما؛ لەمەولا ئێمە باڵادەستین و دەتانکوژین.

نیسانی ١٩٤٤

## نامەی چوارەم

"مرۆڤ کاتییە. با وابێت؛ بەڵام با بەگژ کاتیدا بچینەوە، ئەگەر بێ مانایش بەشمانە، دەبێت وا بکەین دادپەروەر نەبێت."

ئۆبێرمان. نامە ٩٠

وا کاتی ژێرکەوتنتان هاتووە. من لە شارێکی لە هەموو جیهان بەناوبانگەوە بۆت دەنووسم، کە لە بەگژداچوونەوەی ئێوەدا داهاتوویەکی لە ئازادیدا ئامادە دەکا. خەڵکی ئەم شارە دەزانن، کە ئەمە بەبێ سەختی نابێت و دەبێت سەرەتا بەناو شەوێکدا بڕۆن کە لەو شەوە تاریکترە، کە چوار ساڵ لەمەوبەر بەهاتنی ئێوە دەستی پێ کرد. لە شارێکەوە بۆت دەنووسم کە هەموو شتێکی نییە، کە بێ ڕووناکی و گەرمییە، شارێکە لە برسان ڕەق هەڵگەڕاوە، بەڵام هێشتان سەرکوت نەبووە. ئێستا لێرە بایەک هەڵدەکا، کە ئێوە هێشتان هیچ لەبارەیەوە نازانن. ئەگەر کەمێک بەختمان یار بێت، ڕووبەڕووی یەکتری دەبینەوە. لەم حاڵەتەدا دەتوانین بە زانیاری شەڕ لەگەڵ یەکتری بکەین، من تێگەیشتنێکی ڕاستم لەسەر هۆیەکانی تۆوە هەیە و تۆیش باش دەتوانیت مەزندەی ئەوانەی من بکەی.

ئەم شەوانەی تەمووز، لە یەک کاتدا سووک و گرانن. بەسەر "سێن" ناو درەختانەوە سووکن، بەڵام هەستی ئەو کەسانە گران دەکەن کە چاوەڕێی ئەو تاکە کازیوەیەن کە لەمەولا غەریبی دەکەن. من چاوەڕێم و هاوکاتیش بیر لە تۆ دەکەمەوە؛ من شتێکی تریشم هەیە بە تۆ بڵێم و دوا شتیش

دەبێت. دەمەوێت پێت بڵێم، ئەوە چۆنە کە ئێمە هێندە وەک یەکتری بووین و ئەمڕۆ دوژمنی یەکترین. دەمەوێت پێت بڵێم چۆن دەمتوانی لە تەنیشت تۆ ببم و بۆچی ئەمڕۆیش هەموو شتێک لە نێوانماندا کۆتایی هاتووە.

ئێمە هەردووکمان ماوەیەکی زۆر باوەڕمان وابوو کە لە بوونی ئەم جیهانەدا هۆکاری گەورە نەبووە و لە ئاکامیشدا نائومێد بووین. ئێستایش بەجۆرێک باوەڕم وایە، کە ئێمە باوەڕمان دەکرد. بەڵام من سەرئەنجامی ترم، لەوانەی کە ئەوسا تۆ باست کردن، هەڵبژارد کە وا چەندان ساڵە هەوڵ دەدەن بیخەنە ناو ڕەوتێکی مێژووییەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر هەر بەڕاستی من سوودم لە ڕا و بۆچوونی تۆ وەرگرتبووبێت، ئەوا دەبوو ئەمڕۆ پێم وا بووایە ئێوە کاری ڕاست دەکەن. ئەمە هێندە ترسناکە، کە دەبێت لەم شەوەی هاویندا، کە بۆ ئێمە زۆر هیواگەیێنە و بۆ هێوەیش هەڕەشەیە، هەڵوەستە بکەم.

تۆ هەرگیز پێت وا نەبووە کە ئەم جیهانە مانایەکی هەیە، بۆیە گەیشتیتە ئەو باوەڕەی کە بەهای هەموو شتێک وەک یەکن و دەکرێت بەئارەزووی خۆت پێناسەی "خێر و شەڕ" بکەی. تۆ وات دەزانی لە ئامادەنەبوونی هەموو ڕەوشتێکی مرۆڤی و خواییدا، بێجگە لەو بەهایانەی دنیای ئاژەڵ، یانی توندوتیژی و فێڵ، هیچ بەهایەکی تر نییە. تۆ گەیشتیتە ئەو سەرەنجامە، کە مرۆڤ تەنیا عەدەمێکە و دەتوانیت ڕۆحی بکوژێت. لەم پرۆسێسە تەواو شێتییەدا، نەتوانرا ئەرکی تاکەکەس لە هێزێکی سەربزێو بەولاوە شتێکی تر بێت، هاوکات عیبرەت ئەوە بوو، کە داگیرکردنەکان واقیعین. من کە وام دەزانی وەک تۆ بیر دەکەمەوە، لە ڕاستیدا بێجگە لە بیروباوەڕێکی بەهێز بۆ ئەو ڕەواییەی کە لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت وەک هەوەسێکی لە ناکاو ژیرانە نییە، یەک تاکە ئەرگومێنتیشم نەدۆزییەوە دژی بهێنمەوە.

جیاوازییەکە لە چی بوو؟ تۆ سووک و ئاسان ڕازی بوویت کە بێ هیوا بیت، کە من قەت وا نەبووم. تۆ تا ئاستێکی زۆر خۆت لەناو ئەو ناڕەواییەی بارودۆخی ئێمەدا دۆزییەوە بۆ ئەوەی بڕیار بدەی نادادپەروەریی زێتر بکەی. ئەمە بۆ من پێچەوانە بوو، مرۆڤ دەبێت جەخت لە ڕەوایی بکا، بۆ ئەوەی بەگژ نادادپەروەریی ئەبەدیدا بچێتەوە، بەختیاری بەرهەم بێنێت، بۆ ئەوەی دژی نەهامەتیی جیهان ناڕەزایی دەرببڕێت. تۆ بێ هیوایی خۆت کردە مەستییەک، تۆ دەستبەرداری بێ هیوایی بوویت، بەوەی کە بۆ بیروباوەڕ بەرزی بکەیتەوە و بۆیە بەوە ڕازی بوویت کە بەرهەمی مرۆڤ وێران بکەی و دژی مرۆڤ ببیتەوە بۆ ئەوەی دەردەسەریی بنەچەیی ئەو بەئاکام بگەیێنیت. من ملم نەدا بەبێ هیوایەکی وا و ناهەمواریی جیهان ڕازی بم. تاکە شت کە من دەمویست، ئەوە بوو کە خەڵکەکە پشتگیریی یەکتری بکەنەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تریش بچنەوە ناو شەڕی دژی چارەنووسی ناهەمواری خۆیان.

وەک کە دەبینیت دەرسی جودامان لە هەمان باوەڕەوە وەرگرتووە. لەم ماوەیەدا ئەوەی ناوی ڕۆشنبیرییە تۆ دەستبەرداری هەموو بوویت. تۆ بۆت دەرکەوت زۆر ئیسرەحەتترە (بەبێباکی

دەتگوت) ئەگەر کەسێکی تر بۆ تۆ و میلیۆنان ئەڵمانی بیر بکاتەوە. لەبەرئەوەی لە شەڕتان دژی ئاسمان ماندوو بووبوون، ئیتر ئاسوودەییتان لەم سەربزێوییە ماندووکەرەدا دۆزییەوە، کە ئەرکتان ئەوەیە ڕۆحەکان لەتوپەت و زەوی وێران بکەن. بۆ ئەوەی ئەوە بڵێین کە وابوو، ئێوە هەڵەتان هەڵبژارد و خۆتان بە هاوتای خواکان دانا. لۆجیکی ئێوە تەنیا ڕووکەش بوو.

من لە بریدا ڕاستەکەم هەڵبژارد، بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام بم زەویم خۆش بوێت. ئێستایش باوەڕم وایە کە لەم جیهانەدا هیچ مانایەکی گەورە نییە. بەڵام دەزانم تێیدا شتێک مانایەکی هەیە و ئەویش مرۆڤە، چونکە ئەو تاکە بوونەوەرێکە مانایەکی دەوێت. لەم جیهانەدا بەلایەنی کەمەوە ڕاستییەک هەیە، ئەویش هی مرۆڤە. ئەرکی ئێمە ئەوەیە، ببینین مرۆڤ دەژی چارەنووس خۆی، ئەرگومێنتی هەیە. تاکە ئەرگومێنت بۆ هەبوونی جیهان مرۆڤە و ئەوە مرۆڤیشە کە دەبێت بپارێزرێت، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ئەم تێگەیشتنە بپارێزێت کە لەبارەی ژیانەوە هەیەتی. ئەمە ناوەڕۆکی ئەم زەردەخەنە و بێزرێزییەیە کە تۆ پێشانی منیان دەدەیت. مانای مرۆڤ ڕزگارکردن چییە؟ بەڵام من بەهەمەوو توانای خۆم بانگ دەکەم؛ ئەوەیە کە مرۆڤ لەتوپەت نەکرێت، لە بریدا دەرفەتێک بدە ڕەوایی، کە مرۆڤ بەتەنیایە لەوەی کە لێی دەگات.

ئەوە بۆیە خەبات دەکەین. ئەوە بۆیە ناچار بووین سەرەتا بەسەر ڕێگەیەکەوە بەدوای ئێوەدا بڕۆین، کە نەماندەویست بیناسین و لە ئاکامیشدا لە کۆتاییی ڕێگەکەدا تووشی شکان هاتین. چونکە بێهیواییتان چەکتان بوو. بێ هیوایی هەر لەو ساتەدا هێزێکی نەگۆڕی دەبێت کە تاکانەیە، ڕەسەنە، لەخۆ دڵنیایە و دڵڕەقە لە بەرەنجامەکانیدا. ئەو بوو ئێمەی تێکشکاند لە کاتێکدا ئێمە دوودڵ بووین و هێشتان بەرانبەرمان وێنەی بەختیاریمان دەبینی. وامان دەزانی ئاسوودەیی گەورەترین دەستکەوتە، ئەو دەستکەوتەی کە لە بەگژداچوونەوەی ئەو چارەنووسە دێتە دەست، کە خراوەتە سەرمان. تەنانەت لە تێکشکانەکەیشدا ئەم تاسەیەمان هەر هەبوو.

بەڵام ئێوە ئەوەتان کرد کە پێویست بوو. ئێمە هاتینە ناو ئەو ڕەوتە مێژووییەوە. لە ماوەی پێنج ساڵدا ئیتر لەبار نەبوو لە فێنکیی ئێوارەاندا چێژ لە جریوەی باڵندە وەربگرین. ئەمە بوو بەناچارییەک، کە خۆت بۆ بێ هێوایی تەرخان بکەی. چونکە کۆمەڵێک دیمەنی زۆر ترسناک پێوەست بوون بەهەمەوو کاتێک لە ژیاندا، کە ئێمە لە ژیان بێبەش کرابووین. ئەوە پێنج ساڵە لەسەر زەوی هیچ بەیانییەک نەبووە بێ ترس لە کوشتن بوویێت، هیچ ئێوارەیەک نەبووە بێ گرتووخانە بوویێت، هیچ نیوەشەوێک نەبووە بێ خوێنڕشتن بوویێت. بەڵێ، ئێمە ناچار کراین بەدوای ئێوەدا بکەوین.

بەڵام کاری گەورە و سەختی ئێمە ئەوە بووە کە لە شەڕدا بەدواتان بکەوین، بێ ئەوەی بەختیاری فەرامۆش بکەین. سەرەڕای زەبروزەنگیش هەوڵمان دا، کە لە زەینماندا بیرەوەری زەریایەکی دڵگەش، گردێکی قەت لە بیرنەکراو و زەردەخەنەی ڕووی خۆشەویستێک بهێڵینەوە. وەکو تر ئەمە باشترین چەکمان بوو، چەکێک کە قەت داینانێین. چونکە ئەو ڕۆژەی ئەو چەکە لەدەست دەدەین،

ئێمەیش وەک ئێوە مردوو دەبین. بەڵام ئێستا دەزانین، دروستکردنی ئەو چەکانەی کە بۆ بەرگری لە بەختیاری پێویستن، زۆر کات و یەکجار زۆریش خوێنیان دەوێ.

ئێمە ناچار بووین شێوەی بیرکردنەوەی ئێوە بۆ خۆمان تەرخان بکەین، ڕازی بووین کەمێک بەئێوە بچین. ئێوە قارەمانێتییەکی بێ جڵەوتان هەڵبژاردبوو، چونکە لە جیهانێکدا کە مانای نەماوە، قارەمانێتی تاکە بەهایە دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی ئێوە بۆ خۆتان قارەمانێتیتان هەڵبژاردبوو، ئیتر بۆ هەمووان تەنانەت بۆ ئێمەیشتان هەڵبژاردبوو. بۆ ئەوەی نەمرین، ناچار بووین وەک ئێوە بکەین. بەڵام ئەوسا هەستمان کرد باڵادەستیی ئێمە ئەوە بوو، کە ئێمە ئامانجێکمان هەبوو. ئێستا کە ئەم هەموو شتانە کۆتاییيان دێت، دەتوانین بڵێین کە ئەوەی ئێمە فێری بووین ئەوەیە کە قارەمانیەتی شتێکی وا نییە قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام کە بەختیاری شتێکی دژوارترە.

ئێستا هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە. تۆ دەزانیت ئێمە دوژمنین. تۆ مرۆڤێکیت کە خراپەکاری دەکەیت. هیچ شتێکیش لە جیهاندا نییە کە من هێندە لە دڵەوە زۆر ڕقم لێی بێت. ئێستا هۆیەکانی ئەوە دەزانم کە لە مەینەتی بەولاوە شتێکی تر نەبوون. بەرەنگارت دەبمەوە چونکە لۆجیکت کەمتر لە مەزاجت تاوان نییە. هزرت وەک غەریزەت بەشی گەورەی لەم ترس و سامەدا هەیە کە تۆ لە ماوەی چوار ساڵدا بەسەر ئێمەدا دەستت لێیان نەپاراست. ئەوە بۆیە مەحکومکردنم گشتگیر دەبێت. لە چاوی منەوە تۆ لە ئێستاوە مردوویت. بەڵام لە یەک کاتدا کە من ڕەفتاری ترسناکی تۆ مەحکوم دەکەم، ئەوەم لە بیر دەبێت کە ئێمە لە هەمان تەنیاییەوە دەستمان پێ کرد، کە ئێوە و ئێمە و بەیەکەوە لەگەڵ هەموو ئەوروپادا لە هەمان تراجیدیی عەقڵ بەشدارین. سەرەڕای بەرەنگاریشتان من هەر بەردەوام دەبم بەمرۆڤ ناوتان بەرم.

ئەگەر بمانەوێت وەفادار بین بەرانبەر ئەوەی کە باوەڕمان پێی هەیە، ناچارین ڕێزی ئەوە بگرین لای ئێوە، کە ئێوە لای خەڵکی تر ڕێزی لێ ناگرن. ماوەیەکی زۆر بێ ئەندازە بۆ ئێوە بەسوود بوو، چونکە ئێوە لە ئێمە زێتر بۆتان ئاسانە بکوژن. هەتا کۆتاییش لە بەرژەوەندیی ئەوانەدا دەبێت کە وەک ئێوەن. هەتا کۆتاییش ئێمەی کە وەک ئێوە نین، لەگەڵ ئەوەیشدا بۆمان دەلوێت شاهێدییەکانمان بدەین، چونکە مرۆڤ لەگەڵ هەموو هەڵە و کەموکووڕییەکیشیدا، دەبێت مافی هەبوونی هەبێت و بەبێ تاوان ناو ببرێت.

ئێمە لە کۆتاییی ئەم خەباتەدا و لەناو ئەم شارەداین کە بووە بەدۆزەخێک. سەرەڕای ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی ئەوانەی ئێمە دووچاری بوون، سەرەڕای ئەتککردنی کوژراوەکانمان و گوندەکانمان بەمنداڵی بێ دایک و باوکەوە، دەتوانم بڵێم کە ڕێک لەو ساتەدا بێبەزەییيانە دێین بۆ ئەوەی لەناوتان ببەین، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕقمان لە ئێوە نابێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئێمەیش وەک زۆر خەڵکی تر سبەی ناچار بین بکوژرێین، هیچ ڕقێکمان لێتان نابیتەوە. ناتوانین گەرەنتی بدەین کە نەترسین، بەڵام هەوڵ دەدەین ژیرانە بین. بەڵام دەتوانین گەرەنتیی ئەوە بدەین کە هیچ ڕقێکمان نەبێت. تاکە

شتێک کە لە هەموو جیهاندا کە دەکرا ئەمڕۆ ڕقم لێی ببێتەوە، وەکو گوتم یەکلاییمان کردووەتەوە. دەمانەوێ دەستەڵاتتان لەناو ببەین، بێ ئەوەی ڕۆحتان لەتوپەت بکەین.

ئەو کەڵکوەرگرتنەی ئێوە بەبەراورد لەگەڵ ئێمەدا هەتانبوو، وەک دەبینیت بۆتان هەیە بیهێڵنەوە. بەڵام هاوکات کەڵکوەرگرتنی ئێوە باڵادەستی دەداتە ئێمە. ئەم باڵادەستییە وا دەکا کە ئەم شەوە بۆ من بێ گرفت بێت. ئەمە هێزی ئێمەیە کە ئێمە وەک ئێوە بیر لە ناواخنی ژیان دەکەینەوە، کە ئێمە نکووڵی لە هیچ شتێک لەم درامایەدا ناکەین کە هی ئێمەیە، بەڵام کە هاوکات لەم کارەساتەی عەقڵدا ئەو تێگەیشتنەمان لەبارەی مرۆڤەوە ڕزگار کرد و تێیدا بوێرییەکی تازە لەدایک بووی ماندوونەناس دادەهێنین. بێگومان لەبەر ئەم هۆیە تۆمەتەکانمان دژی ژیان ئاسانتر نابن. نرخێکی زۆر گرانمان بۆ ئەم زانیارییە نوێیە داوە، کە واز لەوە بهێنین کە پێمان وا بێت هەلومەرجەکانمان بێ مانان. سەدان هەزار مرۆڤی لە گەردوگوڵی بەیانیدا کوژراو، شوورەی ترسناکی گرتووخانە، ئەوروپایەک خاکەکەی بەتەرمی میلیۆنان مرۆڤ، کە منداڵی ئەو بوون، دووکەڵی لێ هەڵدەستێت، ئەمە هەمووی پێویست بوو و لە بەرانبەریدا دوو سێ جیاوازیمان بۆ دەرکەوت کە ڕەنگە نەکرێن بۆ هیچ شتێک بەکار بهێنرێن، بێجگە لەوەی کە یارمەتیی هەندێکمان بدەن بەشێوەیەکی باشتر بمرین. لە ڕاستیدا ئەمە دەکرێت مرۆڤ دووچاری بێ هیوایی بکا. بەڵام ئێمە دەبێت ئەوە بسەلمێنین کە کارێکی وامان نەکردووە تا شایستەی ئەو هەموو ناهەقییە بین. ئەم ئەرکەیە بڕیارمان لەسەری داوە و سبەی دەست پێ دەکەین. لەم شەوەی ئەوروپاییدا تێیدا بایەکانی هاوین هەڵدەکەن، میلیۆنان پیاوی چەکدار و بێ چەک خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکەن. وا ئەو گەردوگوڵی بەیانییە نزیک دەبێتەوە کە لە ئاکامدا سەرکەوتن بەسەر ئێوە دێتە دی. دەزانم ئەو ئاسمانەی بەسەرکەوتنە سامناکەکانتان بێ پەروا بوو، بەشکستی شایستەیشتان بێ پەروا دەبێت. هەتا ئەمڕۆیش چاوەڕێ هیچ شتێک لە ئاسمانەوە ناکەم. بەڵام بەلانی کەمەوە بەشداریمان لەوەدا کردووە کە مرۆڤایەتی لەو تەنیاییە ڕزگار بکەین کە ئێوە دەتانەوێ تێیدا بیهێڵنەوە. بەڵام ئێوە لە تەنیاییدا دەمرن، چونکە ئێوە بەهەزارانتان سووکایەتیتان بەم وەفادارییە بۆ مرۆڤ کردووە. ئێستا دەتوانم خواحافیزیت لێ بکەم.

تەممووزی ١٩٤٤

سەرچاوە

Albert Camus

Brev till en tysk vän. Översättning: Karin Löfgren, Lind & Co 2005

# شارلۆت برۆنته

## خولْقێنەری چیرۆکی "جین ئایەر"

چیرۆکی "جین ئایەر" بەسەرهاتی کچێکی گەنجی ئازارچێشتووە کە بەپشتبەستن بەخۆی چارەنووسی بەدەستەوە دەگرێ و بۆ گەیشتن بەبەختەوەری تێ دەکۆشێ.

خوڵقێنەری ئەم بەرهەمە شارلۆت برۆنتەیە. نووسەرێک ئەگەرچی بەرواڵەت لەپشت رووی "جین ئایەر" شاردراوەتەوە، بەڵام ئەو ئازار و مەینەتیانەی لە ژیاندا چێشتوویەتی لە ئازارەکانی "جین ئایەر" کەمتر نییە.

### بنەماڵەی برونتە لە بەردەم گەردەلوولی کارەساتەکاندا

شارلۆت برۆنتە لە ٢١ی ئاوریلی ساڵی ١٨١٦ی زایینی لە هەرێمی یورکشیر لە بەریتانیا لەدایک بووە. ناوبراو سێیەمین منداڵ لە شەش منداڵی پاتریک برۆنتە و ماریا براتۆل بوو. شارلۆت چوار ساڵان بووە کە باوکی وەک جێگری قەشەی ناوچەکەیان، لە گوندی "هاروپ" دیاری کراوە. شوێنی ژیانیان لە "هارۆپ" لە ناوچەی دەسەڵاتی قەشەیەکدا بوو کە لە کڵێسایەکی گەورەدا دەژیا. کاتێک دایک و باوکی برۆنتە و شەش منداڵەکەیان، ماریا، ئێلیزابێت، شارلۆت، برانۆل، ئەمیلی و ئانن پێیان نایە ئەو شوێنە، سەرەتا لەگەڵ چەندان کێلی بەردین بەرەورووبوون کە لە حەساری کڵێسادا قوت بووبوونەوە. لەلایەکی ترەوە کڵێسا لەسەر تەپۆڵکەیەکدا هەڵکەوتبوو و منداڵەکان دەیانتوانی لە دەرگەی پشتەوە بچنە نێو دەشت و مەزرا و چێژ لە سروشت وەرگرن. بەم شێوەیە برۆنتەکان لە خانووی کڵێساییی خۆیان ژیانێکی نوێیان دەست پێ کرد، بەڵام بەختەوەریی ئەوان زۆری نەخایاند. خاتوو برۆنتە پاش هێنانە دنیای دواین منداڵی تووشی نەخۆشیی خەمۆکی هات و

................................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر

پەژارەیەکی گەورە ئەو بنەماڵەیەی داگرت. زستانێکی زۆر سارد بەڕێوە بوو. تەپۆڵکە سەوزەکان، ڕەنگیان گۆڕابوو. لەم کاتانەدا بوو خاتوو برۆنتە بەهۆی نەخۆشیی دەروونی کە ڕۆژ بەڕۆژ لاوازتری دەکرد، لە منداڵەکانی دوور دەکەوتەوە. ناوبراو لەوەی کە چاوی بەمنداڵەکانی بکەوێ خۆی دەبوارد. هەر بۆیە هاوسەری هەموو توانای خۆی بۆ پێڕاگەیشتن بەنەخۆشییەکەی و پەروەردەکردنی منداڵەکانی تەرخان کرد بوو.

برۆنتە بچووکەکان لەژێر چاودێریی باوکیان دەستیان بەخوێندنی کتێب و ڕۆژنامە کرد. ماریا خوشکە گەورەیان وەک دایکێک لە خوشکەکانی و براکەی پارێزگاریی دەکرد، بابەتی کتێب و ڕۆژنامەکانی بۆ دەخوێندنەوە. کاتێک منداڵەکان خەریکی خوێندن بوون دەنگی هاواری دایکیان دەبیست کە ئازاری دەکێشا، بەڵام ئەم شەش منداڵە، بەچەند سەعات لە بێدەنگیدا کتێب و ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە و هەندێک جاریش دەست لەناو دەستی یەکتر دەچوونە سەر تەپۆڵکەکان و لەوێوە خەریکی خوێندنەوەی کتێب بوون. بەم جۆرە بوو کە سەرەتای نووسین لە برۆنتەکان ئاشکرا بوو. پاش ماوەیەک دایکیان کۆچی دوایی کرد. پاتریک برۆنتە کە هەستی بەلێهاتوویی منداڵەکانی لە نووسینی شیعر و چیرۆک کردبوو، پاش کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، هەموو کاتەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی و بڕیاری دا لێهاتوویی ئەوان لە بواری نووسیندا گەشە پێ بدا.

لەو کاتەدا خاتوو ئێلیزابێت (خوشکی دایکیان) هاتە لایان هەتا لە پەروەردەکردنی منداڵەکان یارمەتیی باوکیان بدا. پاتریک برۆنتە کە دەیزانی فێربوونی نووسەری، تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە خۆجێیییەکانەوە نابێ، لەساڵی ١٨٢٤، شارلۆت، ئان، ئەمیلی، ماریا و ئێلیزابێتی ناردە قوتابخانەیەک لە "کوان بریج" هەتا خەیاڵی نووسەرییان گەشە پێ بدەن، بەڵام لە مانگی ئاداری ساڵی ١٨٢٥ "ماریا" و لە تەمووزی هەمان ساڵ "ئێلیزابێت" بەهۆی نەخۆشیی سیل گیانیان لەدەست دا و شارلۆت، ئەمیلی و ئان گەڕانەوە ماڵەوە. لە ساڵی ١٨٢٩ شارلۆت برۆنتە، یەکەمین چیرۆکی خۆی کە زۆرتر وەک بیرەوەری دەچوو بەشێوازێکی حەماسی نووسی. ناوی ئەم چیرۆکە "ئەفسانەکانی ئەنگریا" بوو. شارلۆت، ئان و ئەمیلی لە سەردەمەدا چیرۆکی کورت و سۆزداری و شانۆنامە و شیعری زۆریان بڵاو کردەوە.

لەم نێوەدا برانۆل تەنیا منداڵی کوڕی بنەماڵە، ڕووی لە وێنەکێشان کرد. تابلۆیەک کە ئەو بۆ سێ خوشکی خۆی (شارلۆت، ئەمیلی و ئان)ی بەیادگار بەجێ هێشتووە نیشانەی لێهاتوویی ناوبراوە لە وێنەکێشاندا. سەرەڕای ئەمەش برانۆل باوەڕی تەواوی بەلێهاتوویی خوشکەکانی لە بواری نووسیندا هەبوو. جارێک لە نامەیەکدا بۆ "ڤیلیەم وردزورپ" شاعیری بەریتانیایی (١٧٧٠-١٨٥٠) ناڕەزایەتیی خۆی سەبارەت بەکەمتەرخەمیی کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئەو سەردەمە بەرامبەر بەلێهاتوویی خوشکەکانی دەربڕی.

شارلۆت برۆنتە لە مانگی ئاداری ١٨٣٥ وەک مامۆستا ئەرکی خۆی بەڕێوە برد. لە هەمان

کاتیشدا شیعری دەهۆنییەوە. کتێبەکانی "جین ئایەر" (١٨٤٧)، "شولی" (١٨٤٩)، "ویلت" (١٨٥٣) و "پرۆفیسۆر" (١٨٥٧) لە بەرهەمەکانی شارلۆت بوون کە لە ماوەیەکی کورتدا بڵاوی کردنەوە. ئان برۆنتەش بەکتێبی "ئەگنس گری" و ئەمیلی بەکتێبی "بەرزاییەکانی باگر" ناوبانگیان دەرکرد.

لە تەمووزی ١٨٤٨، ئان برۆنتە کتێبی "کرێچیی وایلدهاڵ"ی بڵاو کردەوە. لە ٢٤ی ئەیلوولی هەمان ساڵ برانۆل تەنیا کوڕی بنەماڵە بەهۆی ئیعتیاد و نەخۆشی لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لە هەمان شاڵدا ئەمیلی لە تەمەنی ٣٠ ساڵی و ساڵێک دواتر ئان برۆنتە لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا ماڵئاواییان لە دنیا کرد.

بەم شێوەیە بنەماڵەی برۆنتە وەک بڵێی چارەنووسیان وابووە کە هەموو کاتێک لە بەردەم گەردەلوولی کارەساتەکاندا بن، جارێکی تر خەم و پەژارەیەکی گەورە دایگرتنەوە.

شارلۆت برۆنتەش لەگەڵ باوکی کە ئێستە چاوەکانی لەدەست داوە بەتەنیا مانەوە، بەڵام تێکۆشانی ئەدەبیی خۆی هەروا درێژە پێ دا. کتێبی "جین ئایەر" کە لە تشرینی یەکەمی ١٨٤٨دا بڵاو کرایەوە لەگەڵ پێشوازییەکی زۆر بەرەوڕوو بوو و شارلۆت توانی بەهۆی ئەم کتێبەوە بۆ سەرتاسەری بەریتانیا سەفەر بکا.

ناوبراو لە تەمەنی ٣٤ ساڵیدا لەگەڵ "ئاب نیکولز" هاوکاری باوکی، ژیانی هاوبەشیی پێک هێنا و ساڵی دوایی لە ٣١ی مارسی ١٨٥٥ لە حاڵێکدا چاوەڕوانی هێنانە دنیای منداڵەکەی بوو، کۆچی دوایی کرد.

لە کاتی مردنیدا، لە دواین چیرۆکی شارلۆت کە ناوی "ئەما" بوو، تەنیا چەند لاپەڕەیەکی مابوو کۆتاییی پێ بێنێ.

## ئاوڕێک لە کتێبی "جین ئایەر"

بەرهەمی شارلۆت برۆنتە هەموویان زمانحاڵی ئەزموونە تاکەکەسییەکان و رەوشی دەروونی ئەم نووسەرەیە. ناوبراو کە لە بنەماڵەیەکی ئازارچێشتوو و مافپەروەردا پەروەردە بووبوو بەهەڵبژاردنی قارەمانانی زوڵملێکراو و بەتاقەت وەک خۆی و بەهێنانە سەر کاغەزی کەشی تۆقێنەر و تارێک، وەک ئەو رەوشەی بۆ خۆی تێیدا ژیابوو، بەرهەمێکی خوڵقاند کە نەتەنیا ئاوێنەی بالانوێنی ژیانی ئەو بوو، بگرە هەوڵ و تێکۆشانی نووسەرێکی پێشان دەدا کە لەوپەڕی رۆژڕەشی و کارەساتەکاندا، لە دنیای تاریکیی دەوروبەری هاتە دەرەوە و خۆڕاگری و لەخۆبردوویی پێشان دا.

رۆمانی "جین ئایەر" بەناوبانگترین بەرهەمی ئەم نووسەرەیە کە دەکرێ بۆ ناساندنی شێواز و رۆحییاتی ناوبراو سوودی لێ وەربگیرێ.

یەکەمین وێنەیەک کە لەم کتێبەدا بەرچاو دەکەوێ، ژوورێکی سوورە کە لەودا خاڵۆ و خاڵۆزاکانی "جین ئایەر"یان تێدا زیندانی کردووە و تا ئازاریان بدەن. ئەم ژوورە رەنگە هێمایەک لە قۆناخی

منداڵی نووسەر بێ، ئەوەی کە ئەو لە منداڵیدا بیرەوەرییەکی خۆشی نەبوو. دایکی لەدەست دا و هاورێ لەگەڵ خوشک و براکەی لە چوارچێوەی بەرتەسکی کڵێسادا و دواتریش لە بەشە ناوەخۆییەکاندا گەورە بوو، هەموویان لە کتێبی "جین ئایەر" رەنگی داوەتەوە.

دەڵێن دایەنگەی "لوود" کە "جین ئایەر" کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە، هەشت ساڵ تەمەنی خۆی لەوێ تێپەڕ کردووە، وەک قوتابخانەیەک بووە کە شارلۆت و خوشکەکانی لەوێ خوێندوویانە. مەرگی دڵتەزێنی "هێلێن برنز" (دۆستی دڵسۆزی جین)یش وەک مەرگی ماریا برۆنتە بووە.

لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە کەسایەتیی جین زۆر لە کەسایەتیی شارلۆت برۆنتە نێزیک بووە. شارلۆت برۆنتە کە کەسایەتییەکی بەهێزی هەبووە نموونەیەکی تەواو لە ژنێکی هەستیار، بیرتیژ و بەبەزەیی بوو. ناوبراو لەوپەڕی چارەڕەشیدا، دەروونێکی زیندووی بووە و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێوەفاییەکان، ژنێکی بەویژدان بووە. "جین ئایەر" بەم تایبەتمەندییانەوە بووەتە قارەمانی سەرەکیی رۆمانی برۆنتە.

"جین ئایەر" لە خانوویەکی ساردوسڕی "روجێستێر" خۆشەویستیی بەدەست هێنا و لەوپەڕی رۆژڕەشی و بەڵالێدراویدا هیوادار بەداهاتوویەکی گەشتر بوو. ئەو تەنانەت هیوای لە "رۆجێستێر"یشدا زیندوو کردەوە و ئاڵوگۆڕی لە ژیانیدا پێک هێنا. لە بنەڕەتدا هەر چەند بەرواڵەت کەشێکی تەمومژاوی بەسەر تەواوی رۆمانی "جین ئایەر"دا زاڵە، بەڵام ئەم کتێبە هیوا، ئیمان، باوەڕبەخۆبوون و ئازایەتی فێر دەکا.

"جین ئایەر" لە هەمان کاتدا کە بەرهەمێکە لە ململانێی خەیاڵ و ڕاستی، "رۆجێستێر" سیمای تەواوی ئاواتەکانی کچێکی گەنج و تەنیایە کە هەموو کاتێک بەدوای پاڵپشتێکدا دەگەڕا، "رۆجێستێر" خەیاڵێک بوو، خەیاڵێک کە وەڕاست گەڕا.

نووسەر لەم نێوەدا کێشەیەک گەڵاڵە دەکات کە خۆی دەکەوێتە پاڵ قارەمانەکانی. ناوبراو "جین ئایەر" لەگەڵ تاڵترین رووداوەکان ڕووبەڕوو دەکا و ڕێگە دەدا تا یەک هەنگاوی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ "رۆجێستێر" بچێتە پێش و لە پڕ ڕاستییەکی تاڵ پێشان دەدا.

بەم شێوەیە سەرتاسەری ئەم بەرهەمە لە ململانێی نێوان گومان و ئیمان و خەیاڵ و ڕاستیدا هەڵکەوتووە. دوای ئەم ململانێیە، "جین ئایەر" سەربەرزانە ئەو قۆناخە ئاستەمانە تێپەڕ دەکا و بەئاواتی لەمێژینەی کە بوونی ژیانێکی ئارامە دەگات.

هەر بۆیە لە خوێندنەوەی کتێبی "جین ئایەر" دەبینین شارلۆت برۆنتە باوەڕی بەخەیاڵ بووە و ئیمانێکی قووڵیشی بەوە بووە کە ئاواتە بەرواڵەتە نامومکینەکانیش دەتوانرێ بەدەست بێ. هەروەک گوتوویەتی: هەموو سوپاسی خۆم پێشکێشی دەرگەی خوا دەکەم کە ئەم توانایەی بەمن داوە کە بۆ پشتگیری لە رووخان و وردبوونم لەژێر کوتکی گرانی ڕاستییە تاڵەکاندا، پەنا بۆ دنیایەکی شاد و پڕ لە تیشکی خەیاڵ بەرم هەتا بەچاوی خۆم لەنێوچوونم نەبینم.

سەرچاوە: کۆواری بانوان ژمارە ٢٦

# جوانکاری و هێماکانی جەستە
# لە سینەمای پازۆلینیدا

حەمید عەقبی

پیێر پاولۆ پازۆلینی، دەرهێنەری سینەمایە، لە ئاسمانی هۆنراوە و شانۆوە دابەزییە خوارەوە، چالاکییە پڕ لە داهێنانەکانی هەمەڕەنگ بوون، ئەو شاعیر و ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و شێوەکاریش بوو. لە منداڵی و لاویدا هەژاری و ئاوارەیی زۆری چەشت. لە دواییدا لەگەڵ دایکیدا گەیشتە ڕۆما. لە یەکێک لە گەڕەکە میللییە هەژارنشینەکاندا لە ئەپارتمانێکی خراپۆکەدا نیشتەجێ بوون، پاشان بەرەو پانتایی هونەر و داهێنان ملی نا. ئێستا کارەکانی بۆ خوێندکارانی هونەر و ئەدەب و ڕامیاری و سۆسیۆلۆجیا، بەژێدەر و سەرچاوەی فەلسەفی و ئیستاتیکا دادەنرێن.

ئێمە لەم بابەتەدا زیاتر گرینگی بە بەهای جەستە و ئاماژەی ئیستاتیکی و فەلسەفی دەدەین، دەشتوانین فیلمی "ئۆدیبی پاشا" وەک نموونەیەک بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵبژێرین.

لای پازۆلینی، زمانی ئەدەبی ئامرازی بەردەوام بوونە، هەرچی زمانی سینەمایە ئەوا زمانێکی وێنەییی پەتییە، وێنەی سینەمایی شێوەی هێما وەردەگرێت. ئاسانە کۆمەڵێک وشە لە فەرهەنگێکدا کۆ بکەیتەوە، بەڵام ئەستەمە فەرهەنگێک بۆ گشت وێنەکان دابنێیت. لە سۆنگەی ئەمەوە ناتوانین بنەمای دیاریکراو بۆ خوڵقاندنی وێنەی سینەمایی دابنێین.

کەواتە، سینەما وەسف، یاخۆ گێڕانەوەی ئەدەبی نییە، بگرە هونەرێکی شیعریی سەربەخۆیە ئامرازی گوزارشتی تایبەت بەخۆی هەیە و بەشێک، یاخۆ ژانرێکی ئەدەبی نییە.

لە دیدگەی ئەم بیریارەوە، کاتێک سینەما بەدەستی بۆرژواوە دەبێت و زمان و شێوازی ئەدەبی وەک ئامرازێک بۆ نمایشی وێنەی سینەمایی وەردەگرێت، ئەوا بەقوڕا دەچێتە خوارەوە.

................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

پازۆلینی بەپشتبەستن بەشێوازی تایبەتی خۆی فیلمەکانی دەردەهێنێت، کە ناوی ناوە گفتوگۆی ناڕاستەوخۆی ئازاد، یاخۆ خۆیی ناڕاستەوخۆی ئازاد، بەمە سینەما دەبێتە شیعر. دەتوانین شتەکان و ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای کاراکتەرەکانەوە ببینین، ئەم شێوازی قووڵبوونەوەیە بەڕۆحی کاراکتەرەکاندا، ڕۆچوونە بەخەون و ناهۆشیاریی کاراکتەرەکان، هەستکردن بەکامێرامان لەلا دروست دەبێت، کە شوێنی کاراکتەر دەگرێتەوە، لە بریی ڕادەکات، دیمەن و شتەکان لە گۆشەی چاوی کاراکتەرەوە دەبینێت.

ئەودەمی سینەما دەبێتە ئامرازی گوزارشتکردنی ڕاستەقینەی واقیع و خوێندنەوەی ئەودیوی ئەم واقیعە، نەک نمایشێکی ڕووکەشانەی بەتاڵ و پڕ لە ساختەکاری، زمانی شیعری بەدەست دەهێنێت. سینەما ڕۆچوونە بەقووڵاییی ئەفسانەدا، بەو مانایەی ئەفسانە ئەندێشەی منداڵیی مرۆڤایەتییە، ڕاستی لە تاقە خەونێکدا نییە، بگرە لە کۆمەڵێک خەونی مرۆڤایەتیدایە.

لە دەستپێکی فیلمی "ئۆدیبی پاشا"دا لە دوورەوە هاتنە دنیای منداڵێک دەبینین. ئەم گرتەیە وێنەی لەدایکبوونی پازۆلینی لە بیستەکانی سەدەی بیستدا دەگرێت. دواتر منداڵەکە لە باخچەیەکدا دەبینین، دایکە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا غار دەدات. سروشت لە چاوی ئەم منداڵەوە دەبینین، دایکە منداڵەکەی لە ئامێز دەگرێت، لێی ڕادەمێنێت، پاشان تەماشای ئێمە دەکات، ترس و نیگەرانی بەسیمایەوە دەبینین، ئا لێرەدا پازۆلینی لەمپەری نێوان کاراکتەر و بینەر تێک دەشکێنێت، ئەم سەرنجانە هەڵگەڕانەوەن، کاراکتەر دەگۆڕێ و ڕۆڵی بینەر دەبینێت، ئەو دەبێتە شایەد بەسەر بینەرەوە. کاراکتەر تەنیا وێنەیەکی جووڵاو نییە، بگرە ڕۆحێکی نیگەران و پەشۆکاوە دەیەوێت ئەم دڵەڕاوکێیە بگوازێتەوە، بەڵکو ترس و نیگەرانی لە ناخ و ڕۆحی تەماشاکەردا بڕوێنێت.

دایکە جارێکی تر منداڵەکەی جێ دەهێڵێت و لەگەڵ هاوەڵەکانیدا ڕادەکات، پاشان دەبینین منداڵەکە لە عەرەبانەیەکی منداڵاندایە. لە وێنەکەدا پیاوێک بەجلی سەربازییەوە دەردەکەوێت، منداڵەکە لەگەڵ کابرادا سەرنجەکانیان دەگۆڕنەوە، تووڕەیی و گاڵتەپێداهاتن بەڕووی کابراوە، کە باوکی منداڵەکەیە، دەبینین. لە دیمەنەکانی دواییی بەشی یەکەمی فیلمەکەدا دایکە و باوە لە ژوورێکی سەربەخۆدا دەبینین کاری سێکسی دەکەن. منداڵەکە هەست بەترس دەکات، نوێنەکەی جێ دەهێڵێت تا چاوەدزێیان بەسەردا بکات. منداڵەکە دەقیژێنێت، فیشەکەشێتە بەئاسمانەوە دەبینین، باوکە هەست بەتووڕەیی دەکات، دەبینین دێت و قاچی منداڵەکە ڕادەکێشێت. تا ئەم ساتە نازانین چیرۆکی ئەم منداڵە چییە و چارەنووسی بەکوێ دەگات؟

ئەم فیلمە بۆنەیەکی باش بوو بۆ دەرهێنەر، تاکو لە پێناوی ڕووناکی خستنە سەر ڕاستی، بەپشتبەستن بەئەفسانە، ژیننامەی خۆی لە قاڵبێکی هونەریی شێوەکاریدا بخاتە ڕوو. فیلمەکە هەلێکی باش بوو، تا کێشەیەکی گرینگ، ئەویش ئازادیی مرۆڤە لە بەرابەر چارەنووسدا، نمایش بکات.

پازۆلینی لە یەکێک لە گفتوگۆکانیدا جەخت دەکاتەوە:

من ئەم منداڵەم، باوکی ئەو بابمە و دایکیشی دایکی منە... بابی قاچی ڕادەکێشێت، تاکو بیخەسێنێت و توانای سێکسی لەدەست بدات.

دەچینە سەر بەشی دووەم، لە واقیعەوە بۆ ئەفسانە، دەبینین بەپێیەکانی هەڵواسراوە، دەستەکانی بەستراون، ڕووت و قووت، سەربازەکە بەتاقی تەنیا لەو بیاوانە جێی دەهێڵێت. مەرگ هەڕەشەی لێ دەکات و لە گشت لاوە دەوری دەدات. بۆ یەکەمین جار زریکەی منداڵەکە دەبیسین. ئەم قیژە و هاوارە گوزارشت لە ڕەتکردنەوەی جیاکردنەوەی لە جەستەی دایکی دەکات، کە زۆری خۆش دەوێت، ڕەتکردنەوەی دەستهەڵگرتنە لە جەستەی دایک بۆ بابی. جەستەی ڕووتی منداڵەکە شەڕی مان و نەمان لەگەڵ سروشتی دڵڕەقدا دەکات. ئاسمانیش لەولاوە مەرگی تێدا دەسوورێتەوە. چارەنووس گاڵتە بەبێهێزیی ئەم مرۆڤە لاوازە دەکات.

لەم ساتەدا ئەو ڕەنگانەی لە ڕەنگی پێستی مرۆڤەوە نزیکن، بەدەردەکەون. ڕەنگی خۆڵەمێشی و ڕەش و ڕەشتاڵە.

پازۆلینی بۆ خولقاندنی جادوویەکی تایبەت، ڕەنگەکان کۆ دەکاتەوە و تێکەڵیان دەکات، تاکو بینەر بورووژێنێ و بەرەو دەروازەی خەونی ڕەهای ببات.

لە بەشی دووەمی فیلمەکەدا، کە لە کاتی ئەفسانەییدا دەخولێتەوە، جەستەی مرۆیی بەشێکە لە سروشت، جلەکان لە دەمامک دەچن. ئا لێرەدا پازۆلینی ڕاستیی مرۆڤ بەلاوازی لە بەرابەر چارەنووس و سەختیی سروشتدا دەخاتە ڕوو، داخۆ مردن بەسەر ژیاندا سەردەکەوێت؟

لە گۆشەنیگای ئەم منداڵە بچووکە لاوازەوە، مەلە گۆشتخۆرەکان دەبینین بەئاسماندا دەخولێنەوە. لێرەدا جەستە لەژێر هەڕەشەی مردندایە و ڕۆحیش چاوی لە ژیانە، دواتر تۆڵەسەندنەوە لە دەسەڵاتی باوک و ستەمکارییەکانی. ساتێلی سەخڵەت، هەر بەشێک لە چرکەیەک نرخی خۆی هەیە، زیرەی منداڵەکە دەیەوێت پەردەی ترس بدڕێنێت، دەمانباتە قووڵاییی کاتی ئەفسانەییەوە، بەتۆقین و دڕندەییەکەیەوە، جەستەی مرۆڤایەتی و سروشت ڕووتن، ڕووتکردنەوە بۆ دەرخستنی ڕووداوێکی پڕ لە توندوتیژی، یاخۆ حەزێکی سێکسی. ئێرە بۆنەیەکە بۆ بەرچاوخستنی چۆنیەتیی سەرەتای گەردوون. ئادەم ڕووتوقووت بوو، بەڵام هەستی بەڕاستییەکەی نەکرد، تا ئەودەمی حەوا وای لێ کرد بیر لە ئارەزووی نەمری بکاتەوە، لەزەت دەروازەی نەمرییە، بەڵام ئاخۆ دەتوانین بیر لە لەزەت بکەینەوە، بێ ئەوەی هەست بەپیرۆزیی جەستە بکەین؟

وا ڕێک دەکەوێت چارەنووس شوانێک دێنێت و منداڵەکە هەڵدەگرێتەوە، بەرەو ئاسمانی بڵند دەکات، لە ئامێزی دەگرێت، بەغار بۆ پاشای دەبات، پاشا زۆری پێ خۆش دەبێت و ڕای دەگەیەنێت، کە ئەمە خەڵاتێکە لە یەزدانەوە.

ئاخۆ ئاسمان هێند بەخشندەیە، تاکو بەختەوەری بەمرۆڤ بدات؟ داخۆ ئەم منداڵە دەبێتە سەرچاوەی کامەرانی، یاخۆ کانگەی مەینەتی بۆ ئەم زەوییە و جیهانە نوێیە؟

کاتێک لە بەرابەر سینەمای پازۆلینیدا دەوەستین، لە بەرابەر کۆمەڵێک هێمادایین، نوقمی پانتاییە ئەفسانەییەکانمان دەکەن، هەر لە یەکەمین ساتەوە دەمانگەڕێنێتەوە خاڵی سەرەتا و گوزارشت لە واقیع دەکات، پازۆلینی بۆ بەرژەوەندیی ئەفسانە پشت لە واقیع ناکات، لە هەمان کاتدا ئەفسانەش تەنیا گوزەرێک نییە بۆ واقیع.

ئۆدیب دەبینین گەنجێکی تازەهەڵچووە لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا گەمە دەکات، دەیەوێت بیباتەوە، ڕادەکات تاکو تاجەکە بەدەست بهێنێت، فێڵ و هێزی جەستەییی خۆی بەکار دەهێنێت، تاکو هەست بەجیاکاری بکات، گزی دەکات و فریو دەدا و ئامادەیە بۆ هەڵگەڕانەوە بەسەر چارەنووسدا خوێنیش بڕێژێت. ئەو کراسە سوورەی بەرزی دەکاتەوە خوازەیە بۆ یاخیبوون و توندوتیژی، ئەو درک بەبوونی خۆی وەکو زۆڵێک ناکات، ئەو دان بەڕاستیدا نانێ و ئامادەییی زانینیشی نییە. جەستە لەم فیلمەدا ئایکۆنە، هێمای ڕۆحە، پەنجەرەیەکە بۆ شۆڕبوونەوە بەناخی دەروونی مرۆڤایەتی بەگشت ئاڵۆزییەکانیەوە، بەپەنهانەکانیەوە، بەتوندوتیژییە دڕندانەکەی و خەونی بەبەختەوەری و نەمری.

ئۆدیب بەدەردەکەوێت تاکو خەونێکی سەیر و شڵەژاو بگێڕێتەوە. دەبێ گەشتێکی سەخت بۆ دەلەف بکات، تاکو لە ڕاستی بگات. ئۆدیب بەجلی سوورەوە دەردەکەوێت. ئەوە ڕەنگی خوێنە و جەستەی داگرتووە. ئۆدیب بەرەو چارەنووسێکی خراپ بەکێش دەکرێت، جارێکی تر لەو جیهانەی تێیدا پێگەیی جیا دەبێتەوە، دەبینین چون کفنی خۆی هەڵگرتبێت، بەجلی سپییەوە ئەوێ جێ دەهێڵێت، داخۆ گەشتە بۆ جیهانی ڕاستی، یاخۆ بۆ جیهانی مەرگ؟

ئۆدیب دەگاتە دەلەف. چاومان بەحەشاماتێکی گەورەی خەڵک دەکەوێت، دەبینین وێنەکە دەلەرێتەوە. لێرەدا دەرهێنەر کات و شوێن لە گۆشەنیگای کاراکتەرەکەیەوە پێشکێش دەکات. ئێمە لە کەشوهەوای ئەفسانەیی، یاخۆ لە واقیعێکی شێواودا نین.

پازۆلینی دەمانگوازێتەوە جیهانی میتافیزیک. ئەم وێنەیە وامان لێ دەکات وەکو پێشەکییەک بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە (قیامەت) هەستی پێ بکەین. لەودەمی زیندەوەران چاوەڕوانی وشەی یەکلاکەرەوەن. هەر زیندەوەرە و چاوەڕوانی یا بەختەوەرییە، یاخۆ کلۆڵیی یەکجارەکی.

هەینێ ئۆدیب لە کەشیشەکە نزیک دەبێتەوە، تاکو لێکدانەوەی خەونەکەی بزانێت، کەشیشەکە لە دیدی کاراکتەرەوە دەبینین، پیاوێک بەجەستەیەکی لاوازەوە، کوێرە و لەژێر درەختێکدا دانیشتووە، دەکرێ واتێ بگەین وێنەی ئەم زەلامە، خوازەی بیرۆکەی خواوەندە لە گۆشەنیگای سینەماکارێکی ئاتەئیستەوە (بێ خوا). لە دروستکردنی هێز و هەژموونی ئەم خواوەندەوە ئەندێشەی خەڵک و هەژاران و داماوانە.

ئۆدیب تووشی سەرسووڕمان دێت کاتێک دەزانێت، باوکی دەکوژێت و دایکی خۆی دەخوازێت، بەڵام چارەنووس مشتومڕ قەبووڵ ناکات. کەشیشەکە دەری دەکات، ئۆدیب لەسەریەتی خۆی بداتە دەست چارەنووسەوە، یاخۆ بەرهەڵستی بکات. ئۆدیب دژ بەتیشکی خۆر ڕێ دەکات، وێنەکان

بەڕوونی نایەنە بەرچاو، دیمەنەکە لە چاوی کەسێکەوە دەبینین تووشی نیمچە کوێرییەک هاتووە. جارێکی تر ئۆدیب دەبینین لە بیاواندا ون بووە. جەستە و ڕۆح تووشی پشێوی بوونە، کەچی ئۆدیب بڕیار دەدات دژ بەچارەنووسی یاخی بێت، دەیەوێت لایەنێکی تر هەڵبژێرێت جیا لە شانشینی کۆرنتە، ئەو نایەوێت پاشای کۆرنتە بکوژێت، کە بەخێوی کردووە، یاخۆ ئەو شاژنە بخوازێت، کە خۆشەویستی و سۆزی دایکی پێ داوە.

لە قۆناخی گومبووندا لە بیاوان ئۆدیب سەر لە چەندان گوند دەدات. پازۆلینی حەزی بەوەیە هەژاران و داماوان بخاتە بەرچاو، جەستەی لەڕ و لاواز لە گشت ڕەنگەکانی سروشت، وێڕای سەختیی ژیان، کەچی ئینجاش سەما دەکەن و گۆرانی دەچڕن و زەماوەندیش دەکەن.

ئەم نمایشە دژێویی بۆرژوازی دەخاتە بەرچاو. ئەوی پازۆلینی لێی دەگەڕێت ڕۆحی بێگەردی مرۆڤایەتییە، کە ماتریالیزمی ژیاری ئەمڕۆ نەیخستووەتە ژێر پێوە.

چارەنووس ئۆدیب بەرەو ڕێگەیەکی تەنگ دەبات، دەیباتەوە سەر تیبە. ئا لێرەدا ڕووبەڕووی کاروانی شا لایۆسی باوکە راستەقینەی دەبێتەوە، ئۆدیب لەسەر ڕێیەکە لاناچێت، ورە بەردەدا، بەشێوەیەکی دڕندانە پاسەوانی شا دەکوژێت، دواتر باوکی دەکوژێت، زۆربەی وێنەکان لە دوورەوە دەبینین، یاخۆ بەناڕوونی دەیانبینین، ئەمەش لە سۆنگەی تیشکی خۆرەوە، ئەم شێواندنە بەمەبەستەوەیە، کوێرکردنی چاوی بینەرە لە کاتی ئەم ڕووداوە پڕ لە توندوتیژییەوە.

ئۆدیب لە پێناوی گەیشتن بەڕاستی، ڕێگەیەکی هەڵبژارد دژ بەویستی خواوەند و چارەنووس. ئەم هەڵبژاردنە یاخیبوون و گوێ پێنەدانە بەچارەنووس. ڕەتکردنەوەی ئەو شێوازەیە، کە خواوەند بەپێی چارەنووس مرۆڤەکانی دیار کرد، کەچی چارەنووس تۆڵەی لێ دەکاتەوە، بەتێوەگلاندنی بەتاوانێکی دژێو.

ئێمە لە بەردەم ململانێی نێوان کاراکتەرەکاندا نین. لێرەدا مرۆڤێک بەهەموو هێز و توندوتیژییەکەیەوە ململانێی جیهانی میتافیزیک دەکات. لێرەدا باوک هێمای تەوتەمە، کە دەسەڵات و سێکسی بۆ خۆی قۆرخ کردووە و کوڕەیشی لە دایک و سۆزی دایک بێبەش کردووە و خستوویەتییە ناو گومۆکەی ونبوون و بەش نەدانەوە. ئەم کوشتنە دژێوە بۆ گەڕاندنەوەی جەستەی دایک و دەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتە لە دەستی بەهێزی دیکتاتۆریی باوکەوە.

ئۆدیب لە گەشتەکەیدا بەرەو تیبە بەردەوام دەبێت، بەدانیشتوانی شارەکە دەگات، ئەو کاتی لەدەست دڕندەیەک خۆشیی شێواندوون، هەڵدێن. ئۆدیب ئەم بوونەوەرە دەکوژێت، شار کامەرانیی بۆ دەگەڕێتەوە، ئۆدیب دەبێتە پیاوی شاژن و خودان دەسەڵات و تاجی پاشایەتی لە سەر دەنێن.

لە دیمەنانەدا، پازۆلینی سوود لە جەستەی مرۆڤ وەردەگرێت، ئاپۆڕەی خەڵکەکە بەکار دەهێنێت بۆ وێنەکێشانی تابلۆی شێوەکاری و هێڵی ڕاست و چەماوە، حەشاماتەکە بەپۆشاک و جووڵەیانەوە، ڕۆیشتن بەئاراستەی قووڵایی، یاخۆ بەرەوپێشچوونی هەرەمەکی ڕووەو کامێرا، ئەم کارە لە شێوازی شێوەکاری دەکات، کێشانی تابلۆیەک، پاشان سڕینەوە و ڕاستکردنەوەی

هەندێک بەشی.

شتێکی زۆر گرینگ ئەوەیە، دڕندەی قێزەون نابینین، ئۆدیب کەسێک دەکوژێت و کڵاوێکی سەیر دەنێتە سەری. پازۆلینی دەیەوێ بڵێت، ئەندێشەی مرۆیی لە دروستکردنی جیهانی میتافیزیکایە و پیرۆزیی داوەتێ. ترس لەوەی تا ئێستاش چارەنووسی مرۆڤایەتیی بەدەستەوەیە. بەختەوەرییەکەی ئۆدیب لە ئامێزی جۆسیکای ژنیدا درێژە ناکێشێت. دانیشتوانی شارەکە تووشی نەخۆشیی ڕشانەوە دێن، نەفرەتی ئاسمانە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بکوژی لایۆس. ئەو تاوانکارە کێیە؟

پەیامبەری خاوەن دانایی دێت، پیاوێکی کوێری لەڕ و لاواز، کلیلی غەیبی پێیە، دوای مشتومڕێکی زۆر، ئەم کابرایە ڕاستی ڕادەگەیەنێت، تاوانبار ئۆدیبە، باوک و مێردی دایکی کوشتووە. ئۆدیب دانی پێدا نانێت و زۆر دەڵێ، تا دەست بەدەسەڵات و لەزەتەوە بگرێت، بەردەوام دەبێت لە سەرجێیی لەگەڵ شاژندا، لە دواییدا ڕاستی بەدەردەکەوێت، دایکە خۆی دەکوژێت، ئۆدیبیش چاوەکانی خۆی دەردەهێنێت.

لە دوا بەشی فیلمەکەدا شەقامەکانی ڕۆمای سەردەمی نوێ، لە ساڵانی شەستەکاندا دەبینین، دەگەڕێتەوە خاڵی دەسپێک لە هەمان شوێندا، کە لێی هاتووەتە دنیاوە، گەڕانەوەی جەستەی دایکە، کە لە دەستی دابوو.

پازۆلینی لەم فیلمەدا گەواهی لەسەر واقیع دەدات، نەخۆشیی ڕشانەوە خوازەیە بۆ تاوانەکانی شەڕ لە سەردەمی نوێدا. تێبینیی ئەوە دەکەین مکوڕبوونێک لەلایەن کامێراوە هەیە بۆ نمایشکردنی جەستە مردووەکان. دەبینین زیپکە جوانیی جەستە و ڕووی مرۆڤەکانی شێواندووە، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕشانەوە دزێوترین وێنەی مردن بوو، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆرژوای خۆپەرست بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کوشندەی وای داهێنا، گەلێک لە ڕشانەوە دڵڕەقتر و دزێوترن، قوربانییش چینی پرۆلیتارە.

دەرهێنەر ڕەنگی ڕەش و سپی بەشێوەیەکی دینامیکی بۆ وێنەکێشانی ئازار و کوێرەوەری و سەختیی مەرگ بەکار دەهێنێت، ئەم بەکاربردنە تەنیا شێوازێکی ئیستاتیکی نییە، لەوە گرینگتر کاریگەریی دەروونییە لای بینەر. پازۆلینی لەم فیلمەدا ژیننامەی خۆی لەژێر کاریگەریی فرۆید و لێکدانەوەی بۆ ئەفسانە پێشکێش کرد، لێرەدا ئەفسانە ئامرازێک نییە بۆ بەراورد لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، لێرەدا لە پێناوی شێوە وەرسکردن و شڵەژاندنێکی واقیعە، دەرگەی گفتوگۆی لەبارەی واقیعەوە خستە سەر گازی پشت. جەستەی خۆکوژیی دایک، کە چەندە بەهای کۆمەڵایەتیی هەیە، هێمای ونبوون و نەبوون و مردنی دایک نییە، فەوتانی ئەم جەستەیە هێمای تیاچوون و ونبوونی شتێکی پیرۆزە، جەستەی خەڵکی شار دەخرێنە ئاگرەوە، ڕەنگە هەندێک وا تێ بگەن ئەمە لە دیدگەی ئاتەئیستێکەوە جەختکردنەوەیە لەسەر نەمان لە دوای مردن، هەروەها وێنەگرتنی ناشیرینییەکانی شەڕە، کەچی پیرۆزە تێکی دەشکێنێت، چونکە ڕۆح دەکوژێت و جوانیی مرۆڤ دەشێوێنێت.

سەرچاوە: پێگەی الغربال

# ژنەکانی دەوروبەری

# مەولانا جەلالودینی ڕۆمی و

# گرێکوێرەی کوشتنێک

ئەشک دالێن

"ژن تیرۆژی خوایە، لێ نە ئەوەی تۆ خۆشتدەوێ.
ئەو خالیقە، بەڵێ مەخلوق نییە!"
مەسنەوی، ١:٢٤٣٧

## دەستپێک

(وەلی)ی ژن و ژنی ڕوحانی گرینگییەکی سەرەکییان لە سۆفیزم، تەسەووفی ئیسلامیدا هەیە. بە هەمان شێوەی کە ئاینی مەسیحی کاریگەرێتی ژنی سۆفیی وەک، هیلدێگاری بینگێن، ترێسای ئەڤیلە و ئەنگیلای فولیگنۆی لێ کرا، ژن ئاسەواریان بەسەر سۆفیزمیشەوە جێ هێشتووە. ڕەنگە ئەو ژنەی کە بەر لە هەمووان بە تەسەووفی ئیسلامییەوە دەیبەستینەوە، ڕابیعە بێت (٨٠١، مردووە)، کە وا باوە بە یەکەمین سۆفیی خۆشەویستی دادەنرێت. بێگومان زۆر ژنی تری ناودار هەن، کە بە ڕێگەی سۆفیگەرییدا ڕۆیشتوون و وەک وەلی ڕێزیان لێ گیراوە. (لأبی عبد الرحمن السلمی) (١٠٢١، مردووە) لە کتێبی (ذکر النسوة المتعبدات الوفیات) ناوی هەشتا سۆفیی ژن لە دووسەد ساڵی سەرەتای ئیسلامدا دەهێنێت. لەوێ ناوی (عائیشە مارڤی) هاتووەتەوە، کە دەگوترا دەیتوانی قسە لەگەڵ باڵندە بکا و ناوی (مریەمی بەسرایی)یش هاتووە، کە لە کاتی زیکرکردندا مرد. ژنە سۆفییە ناودارەکانی تر، (فاتیمەی نیشاپوور)ە، کە وانەی بە (بایەزید بەستامی) دەگوتەوە، هەروەها (فاتیمەی قورتەبە) کە یەکەمین ڕێپێشاندەری ڕوحیی ئیبن عەرەبی بوو. بێجگە لەمەیش، ئیبن عەرەبی (١٢٤٠، مردووە) ناوی چەندان ژن لەو چل ژنە هەڵبژێردراوانە دەژمێرێ، کە

................................................................

وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی


مەولانا جەلالودینی ڕۆمی

پێیان دەڵێن (عەبداڵ)، و لە هەرەمی ئاینیی ئیسلامدا لە سەرەوەن.
بە درێژاییی مێژوو زۆر ژن لەناو چینی باڵای کۆمەڵگەدا هەبوون، کە پارێزەری شێخی سۆفی بوون و لە بەرژەوەندیی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی سۆفیگەریدا بوون. شازادەی مەغۆل (جهان ئارا بێگم)ی (١٨٦١، مردووە) کچی (شا جهان)، کە (تاج مەحەل)ی دروست کرد، نموونەیەکە. ئەو تەفسیری بۆ حیکمەتەکانی شێخ (میان میر)ی کرد و بۆ بڵاوبوونەوەی تەریقەتی قادری لە هیندستان کاری دەکرد. ئەو تێزێکی لەبارەی تەسەووفەوە نووسی (ریسالەی ساحیبییە) و وانەی ڕێگەی سۆفی بە خێزانە مەغۆلەکان دەگوتەوە. ژنیش وەک شێخی سۆفی و مامۆستا بۆ خەڵک دەردەکەوتن. (ئامینە خاتوون)ی نەوەی (ئەوحەدودین کرمانی)ی شاعیر، لە سەدەی سێزدە لە دیمەشق خانەقایەکی سۆفیانی دامەزراند و لەوێ ئەو وەک شێخ بۆ ژن و پیاوان کاری دەکرد. زۆر شاعیری سۆفییش، لە شێوەی ژنێک شیعر بەسەر خوا، خۆشەویستدا هەڵدەدەن. ئەمە پێوەندی بە کرۆک و زۆر سیفەتی خوداوە هەیە، کە لە قورئاندا وەک جوانترین ناو باس دەکرێن، کە لە ڕووی ڕێزمانی و ئاینناسییەوە، ژنانەن. (الرحمن) و (الرحیم) کە دیارترین ناوی خوان لە قورئاندا، ژنانەن. بۆیە ئەوە سەرسوڕهێنەر نییە، کە ئیبن عەرەبی پێی وایە، کە (حەقیقەت)ی ناخی خوا لە ژندا ڕەنگدەداتەوە، یان کە گەورەترین شاعیری خۆشەویستیی ئیسلام، مەولانای

ڕۆمی لە (مەسنەوی مەعنەوی)دا خودا بە (دایک) دەچوێنێت. لە سۆفیزمدا، لایەنی سروشتیی ژنانە و پیاوانەی خوا، یەکدی تەواو دەکەن، وەک (یین و یانگ)ی فەلسەفەی تاویزم. خوای ئیسلام، لە بنەچەدا نە ژنە، نە پیاویشە، بگرە تاکانەیە، یان ڕاستتر (احد)ە

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین قەدەر لە مێژووی سۆفیزمدا، هی (جەلالودین ڕۆمی)یە. گەورەیی قەدەری ژیانی وەک شیعرەکانی سروشبەخشە. بەیەکگەیشتنی لەگەڵ دەروێشە بەهرەمەندەکەدا، (شەمسودین تەبریزی) زۆر زانراوە، وەک کە پێوەندی نێزیکی لەگەڵ باوکیدا، ئاینزان بەهائودین وەلەد زانراوە. بەڵام ژن چ ڕۆڵێکیان لە ژیانی ئەودا هەبووە؟ ئامانج لەم تێکستەدا ئەوەیە لێکۆڵینەوە لەو ژنانەی دەوری مەولانا بکرێت و تیشک بخرێتە سەر ئەوەیش، کە لە ئەدەبی سەربردەی ژیانی وەلیاندا چۆن باس دەکرێن. هەتا ئێستا ئەم مەسەلەیە لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر نەکراوە. ڕۆمیناسی ئەڵمانی ئەنماری شیمڵ (٢٠٠٣، مردووە) یەکێک لەو کەسانەی سەرەتا بوو، کە داوای توێژینەوەی لەم بارەیەوە کردووە. بەڵام هێشتا لێکۆڵینەوەیەکی سیستەماتیکی نەکراوە. تەنانەت (فرانکلین د. لیویس)یش لە لێکۆڵینەوە گەورەکەیدا وای نەکردووە.

al-Din Jalal Past and Present, East and West: The life, Teaching and Poetry of :Rumi (Oxford, 2000). Rumi

یەکەم ململانێ کە ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبێتەوە، کە دەیەوێ لێکۆڵینەوە لە گرینگی و حوزووری ژن لە ژیانی مەولانادا بکا، خەسڵەتی ناتەواوی سەرچاوەکانە. هیچ کام لە بیۆگرافنووسەکانی مەولانا، بەشێکی سەربەخۆی بۆ ژن، یان باسێکی گشتگیری لەبارەی ژنەوە تەرخان نەکردووە. لە بریدا ژنەکان لە پشت پەردەوە، یان لە دوەوروبەری دیمەنی ڕووداوە سەرەکییەکاندا دەردەکەون. بەشێوەیەکی ناتەواو، زێتر پچڕپچڕ باسیان دەکرێت و زۆربەی جاریش لەگەڵ پیاوێکی گەورەدا.

## بەهائودین وەلەد و موئمینە خاتوون

بەهائودین وەلەدی باوکی ڕۆمی (١٢٣١، مردووە) خەڵکی ناوچەی بەلخ بوو، لە ئەفغانستانی ئێستا. زانای ئاینی بوو و بژێوی خۆی بە مامۆستایەتی لە ئایناسی و قانوونی ئیسلامیدا، پەیدا دەکرد. شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی بە فرەژنیی داوە و وا باوەڕ دەکرێت، بەهائودین چەند ژنێکی هەبووبێت. چێژەکانی سێکسکردن، شتێکە لە بیرەوەرییەکانیدا (معاریف) باس دەکات. ژنی یەکەمی ناوی موئمینە خاتوون بوو (١٢٢٦، مردووە) و نێزیکەی هاوتەمەن بوون. شازادە بوو و کچی والی ڕوکنەدینی بەلخ بوو. ئەو بوو مەولانا و خوشک و براکەیشی، عەلائودین و فاتیمەی هێنا ژیانەوە. پاشان فاتیمە شەریعەتی خوێند و بوو بە لێزان لە قانوونی ئیسلامیدا. بەپێی شەمسودین ئەحمەد ئەلئەفلاکی، ئەو بە گەنجی شووی کرد و هەتا مردیش هەر لە ناوچەکەیدا

مایەوە. لە تەریقەتی مەولەویدا، موئمینە خاتوون لەبەر باوەڕداریەتی و پەروەردەکردنی ڕوحانی مەولانادا، زۆر ڕێزی لێ دەنرێ. ئەو بەرپرسیاریەتی پەروەردەی ئەدەبیی مەولانای هەبوو و دەگوترێ، ئەو مەولانای بە هونەرە جوانەکان – شیعر، مۆسیقا و شێوەکاری، ئاشنا کردووە. لە تەریقەتی مەولەویدا، بە (دایکی سوڵتان) ناودەبرێ و هەتا ئێستایش مەزارگەکەی لە (کارامان)، پیرۆزگەی ژنانی ئەناتۆڵە.

بەهائودین لە یادەوەرییەکانیدا خۆشەویستی بۆ دوو ژنی تر، (بیبی خاتوون عەلەوی و دوختەری قازی شەڕەف)، دەردەبڕێ. لەبەرئەوەی بەپێی قسەکانی خۆی، پێوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەواندا هەبووە، بۆیە دەتوانین وای دابنێین، کە ژنی شەرعی بوون. باسی خۆشەویستی خۆیشی بۆ ژنێکی تورک، بەناوی (تەرکان) دەکات. وا مەزەندە دەکرێ، ژنی چوارەمی ئەو، یان ڕەنگە کۆیلەی بووبێت. سەرەڕای باری خەڵوەتگریی بەهائودین، هاوڕای زاهیدە مەسیحییەکان نەبوو لە نکوڵیکردن لە ئارەزووی جەستەیی مرۆڤ. لە بریدا، ڕوانینی ئەو، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئیسلامی بوو لەسەر هەوەسی سێکسی وەک شتێکی خۆش، کە پێویستە ژن و پیاو لە پێوەندیی هاوسەرێتیدا وەری بگرن. بۆ نموونە، ئەوە دەگێڕێتەوە، کە لە گەردووگوڵی بەیانییەکدا، لە زیکرێکی قووڵدا بوو، کاتێک لە ناکاو سەگوەڕینێکی بەرز لە نزاکردنی کرد. (بیبی خاتوون) هاتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی بزانێ وەزع چۆنە و جوانییەکەی ئارەزووی بەهائودینی خرۆشاند. سەرەتا زۆری لە خۆی کردووە، هۆشی لە زیکرکردن بهێڵێتەوە. بەڵام هەوەسی زۆر بەهێز بووە. وەک کە ئەو باس دەکات، هەستی وەکو (ئاماژەیەکی خوایی) بینیوە، وازی لە زیکرکرن هێنا و لەگەڵی چووە سەر جێگە.

بۆ بەهائودین، ناکۆکی لە نێوان خەڵوەتگرتن و هەوەسی سێکسییدا نەبوو. ئەو سێکسکردنی زێتر وەکو قۆناخێکی پەڕینەوە لە نێوان ژیانی هاوسەرێتی و ئەو بەیەکگەیشتنە پڕ لە ڕازەی لەگەڵ خوادا و وەک شتێکی پیرۆز بینیوە، کە دەبێ تەنیا لە هاوسەرێتیدا بکرێت. بەڵام وەک کە بە ڕوونی ئەو هاوسەنگییەی پێشان دا کە دەبێت لە نێوان ئاین و خۆشەویستیی سێکسیدا هەبێت، بەلایەوە گرینگ بوو پێوەندیی کاتی و دەرەوەی هاوسەرێتی مەحکوم بکا. بۆ نموونە ئەلئەفلاکی لە بەشێکدا باسی بێزاربوونی ئەو لە بینینی ئەو کەرنەڤاڵانەدا دەکات، کە لە (کەرامان) بەبۆنەی سوننەتکردنەوە دەکران. ژنی بێ ڕووبەند، هەندێکیان بە مەمکی ڕووتەوە سەمایان دەکرد و بەپێی داوونەریتی خوتانی لەگەڵ پیاوی بێگانە شەرابیان دەخواردەوە. کاتێک بەهائودین لە قۆنیا جێنشین بوو، سەرەتا بە میوانداریێتی کۆشکی سوڵتانیش ڕازی نەدەبوو، چونکە سوڵتان شەیدای خواردنەوەی شەراب و ڕابواردن بوو لەگەڵ کچی گەنجی سەماکەر. تێگەیشتنی بەهائودین لە پێوەندیی نێوان ژن و پیاو، سەرچاوەی لە سوننەتی پەیامبەر مەحەمەد و باوەڕی ئیسلامیی خەڵکەوە هاتبوو. ئەو پشتگیریی لە یەک جیاکردنەوەی نێر و مێ نەبوو، بەڵام پێی وا بوو، کە پیاو سەرۆکی موراڵیی خێزان و پێشەوای ئاینییە. بەهائودین ڕێگەی دا ژن بێنە وانە ئاینییەکانی و

گفتوگۆی ئاینیشی لەگەڵ خوێندکار و هاوکارە ژنەکانی دەکرد. یادەوەرییەکانی شاهێدی ئەوە دەدەن، کە ئەو هەوڵی داوە شێوازی جودا بدۆزێتەوە کە ژیانێکی خەڵوەتگری لەگەڵ پیشە و ژیانی خێزانیدا بگونجێنێ. وەسفکردنەکانی ئەو لە ئەوینی ڕوحی و سەرکڵی چێژ، بەهێز و قووڵن.

## گەوهەر خاتوون و کیرە خاتوون

بەهائودین لە ماوەی سەفەریدا لە (بەلخ)ەوە بەرەو قۆنیا، لەگەڵ ماڵباتەکەیدا چوار ساڵ لە گوندی ئەقشەهیر مانەوە. ئەقشەهیر، کە دەکەوێتە دەرەوەی شاری ئەرزینجان (ماڵاتێ) لە ڕۆهەڵاتی ئەناتۆڵ، هەر لە سەردەمی ئەنتیکەوە (بەناوی,Thymbrionیان Filomelion) گوندێکی بەجموجۆڵی بازرگانی بوو. بەهائودین لەوێ وەک ئایندناس و شەریعەتزان، لەژێر چاودێریی و پشتگیریی (عیسمەتی خاتوون)ی ژنی بەرهەم شای والیی سەلجووقی، کاری دەکرد. ئەو زوو بوو بە موریدی بەهائودین و بەپێی ئەلئەفلاکی، لە خەونێکدا پێشبینیی هاتنی شێخی کردووە. عیسمەتی قوتابخانەیەکی بۆ بەهائودین دروست کرد، تێیدا وانەی ئاینیی و تەسەووفی دەگوتەوە. ئەم قوتابخانەیە، کە بەناوی ئەوەوە کرا، ناوی (عیسمەتییە)یە و هەتا ئێستایش ماوە. لەو سەردەمدا ئەرزینجان بە مەیخانە ئەرمەنییەکانییەوە بەناوبانگ بوو و لەبەر ئەم هۆیەیش بەهائودین نەیدەویست سەردانی ئەم شارە بکا. لە بریدا وای کرد عیسمەتی خاتوون داوا لە مێردەکەی بکات لە ئەقشەهر سەردانی ئەو بکات. بەهائودین هەتا مردنی عیسمەتی خاتوون لە ساڵی ١٢٢١ دا، وەک مامۆستا لە عیسمەتییەدا کاری دەکرد. ئەو تەنیا یەکێک لەو نموونە زۆرانەیە لە مێژوودا، کە ژن وەک کۆمەککار لە کاروباری سۆفیایەتییدا ڕۆڵیان هەبووە. لای ئەلئەفلاکی ئەو بە وەلی و خەدیجەی سەردەم لە ڕەفتارباشی و پاکیزەییدا ناودەبرێت، کە مەبەست لە ژنی پەیامبەرە.

پاشان بەهائودین لەگەڵ خێزانیدا ئەقشەهریان بەجێ هێشت و هاتنە شاری کارامان کە نزیکەی ٣٠٠ کم لە خوارووی ڕۆهەڵاتی قۆنیایە. لەوێ مەولانا لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، لەگەڵ (گەوهەر خاتوون)ی کچی شەرەفودین لالەی سەمەرقەندی، بوون بە ژن و مێرد. شەرەفودین خەڵکی ناوچەکەی بەهائودین بوو و لە (بەلخ)ەوە، بەیەکەوە هاتبوون. ئەو شازادە بوو و ژن و کچەکەیشی موریدی بەهائودین بوون. بۆیە ڕەنگە هاوسەرگیرییەکەی نێوان مەولانا و گەوهەر خاتوون، ساز کرابووبێت، کە ئەو سەردەم وا باو بوو. بەپێی ئەلئەفلاکی، گەوهەر خاتوون یەکجار زۆر جوان و بەحورمەت و ڕۆشنبیر بوو. بەو تەمەنە کەمەیشییەوە، ڕەفتار جوان و ئارەزووی هونەریی هەبوو. ئارەزووی بۆ سەمایش هەبوو و ئەو یەکەم کەس بوو، کە لەبارەی بەهای ڕوحیی سەماوە بۆ ڕوح، باوەڕی بە مەولانا هێنا. کە ساڵی ١٢٢٦ هاتنە قۆنیا، گەوهەر خاتوون دووانەیەکی کوڕی بوو، سوڵتان وەلەد و عەلائودین. هەمان ساڵ (موئمینە خاتوون)ی دایکی و براگەورەی مەولانا مردن. لە قۆنیا بەهائودین بە سوڵتان عەلائودین کەیقوباد ناسێنرا، کە تازە هاتبووە سەر حکووم. ئەو کەسەی کە ماڵباتی مەولانای بە ئەریستوکراتەکانی شار ناساندن، (سەلجووقی خاتوون)ی کچی عیسمەتی خاتوون بوو، کە ژنی سوڵتانی پێشووتر (عیزەدین

کەیکاوس)ی یەکەم بوو.

ساڵانی سەرەتا لە قۆنیا، مەولانا خۆی بۆ خوێندنی زانستە نەریتییەکانی ئیسلام تەرخان کرد. چووە سووریایش، لەوێ لە خوێندنگە بەناوبانگەکەی (دیمەشق)دا، درێژەی بە خوێندنەکەی دا. کە ساڵی ١٢٣٧ لە تەمەنی سی ساڵیدا گەڕایەوە بۆ قۆنیا، بەهائودینی باوکی و مامۆستاکەی، بورهانودین تیرمیزی مردبوون. خەمی نەمانی باوکی قووڵتر بوو، کاتێک (گەوهەر خاتوون)ی ژنی نەخۆش کەوت و مرد. مەولانا بوو بە سەرۆکخێزان و وەک مامۆستا و خوتبەبێژ لە یەکێک لە قوتابخانەکانی قۆنیا، جێگەی باوکی گرتەوە. مەولانا خۆشەویستی بۆ (کیرە خاتوون) هەبوو و هێنای، کە ژنێکی مەسیحی بوو و دوای مردنی مێردەکەی، مەحەمەد شای خوارزمی، بێوەژن بووبوو. (کیرە خاتوون)یش وەک دایکی، موریدی باوکی مەولانا بوو، کە لەگەڵ دایکی هاتبوو بۆ قۆنیا، بۆ ئەوەی لەسەردەستی ئەو خوێندنی عیرفانی بخوێنێ. بەهائودین زۆر ڕێزی بۆ ئەمە لای ئەو هەبوو، کە بە سروشتی وەلیانەی لای ئەو دەزانی و پێی وا بوو هەردووکیان لە هەمان (مەقام)دان. کاتێک (کیرە خاتوون) شووی بە مەولانا کرد، کچێکی چوارساڵەی بەناوی (کیمیا خاتوون) لە مێردی پێشووی هەبوو.

ڕۆمی خۆی کە بێوەمێرد بوو، بێوەژنێکیشی بە هاوسەری خۆی هەڵبژارد و بەپێی سەرچاوەکان، بە خۆشەویستی بوون بە هاوسەر. کوڕ و کچێکیان بوو، موزەفەرەدین عەلەم و مەلیکە خاتوون. موزەفەرەدین لە ئیدارەی خەزێنەی سوپای سەلجووقییدا دامەزرا، بەڵام لە کۆتاییدا بۆ دڵخۆشیی باوکی بوو بە دەروێش. ئەو کەسەی ئەو کارەی لەناو حکوومەتدا بۆ دۆزییەوە، والی موعینودین پەرڤانە بوو، کە موریدی مەولانا بوو. مەلیکەی کچی شووی بە بازرگانێکی خەڵکی ناوچەکە کرد، کە ناوی (شیهابودین قونەوی) بوو. لەو نامانەی نێوان مەولانا و زاواکەیەوە، دەزانین کە جاروبار شیهابودین بەهۆی مامەڵەکردنی خراپەوە، خەریک بووە دەستمایەیشی لەسەر دابنێ. مەولانا زۆرجار بەشێوەی جودا چووەتە نێوانیانەوە، بۆ ئەوەی پێوەندی وروژاویان هێور بکاتەوە.

بەڵام هاوسەریەتیی (کیرە خاتوون) لەگەڵ مەولانادا، سەرەڕای ئەو نەهامەتییانەی بەیەکەوە تووشیان بوون، درێژ و ئاسوودە بوو. نۆزدە ساڵیش دوای مەولانا ژیا. کە مەولانا لە ئاویلکەدا بوو، ئەو خەمی لەوە دەخوارد کە مەرگی پێش مەرگی ئەو ناکەوێ، کە مەولانا گفتی پێ دابوو. کاتێک ئەو خۆی لە ساڵی ١٢٩٢ دا، ماڵئاواییی لە ژیان کرد، هەموو قوتب و خواجەکانی شار لەدوای دارتەرمییەوە ڕۆیشتن. ئەلئەفلاکی باس دەکات، کە کاتێک دارتەرمەکە لە (دەروازەی چاشناگر) ڕەت دەبوو، چەند خولەکێک بێ جووڵە وەستا، بێ ئەوەی جووڵە بکا. خەڵکەکە گریان و پیاوەکان کڵاویان لەسەریان کردەوە. هەمان شەو (کیرە خاتوون) خۆی بە یەکێک لە بەشداربووەکان نیشان دا و ئەو کەسە لەبارەی هۆی ڕووداوەکەوە لێی پرسی. کیرە وەڵامی دایەوە: "دوێنێ شەو لای ئەم دەروازەیە، ژن و پیاوێکی گەنج، بە تۆمەتی زیناکردن بەردباران کران. لەبەرئەوەی هاوئازاریان بووم، نوێژێکم بۆیان کرد و بە بەخشندەیی (میهرەبان)م بەخشین. ئەمە هۆی وەستانی کەژاوەکە بوو."

بەپێی (سپهسالار)، کیرە خاتوون یەکجار زۆر جوان بوو. ئەو وەک (سارایەکی تر) پیرۆزی دەکات، کە مەبەست لە ژنی (ئیبراهیم)ە، کە بە جوانییەکەی بەناوبانگ بوو. ئانماری شیمل جەخت لەوە دەکات، کە (کیرە خاتوون) ژنێکی عیرفانیی مەقام بڵند بوو، کە خەڵکی قۆنیا نەک تەنیا بەسیفەتی ژنی مەولانا، بگرە لەبەر باوەردارییەتیی قووڵیشی خۆشیان دەویست. ئەلئەفلاکی باس دەکات، کە سەرەڕای ئەمەیش، ئەو باوەڕی بە ئەفسانە هەبوو و جارجار مەولانا بە حیکمەتی ڕوحی هێوری دەکردەوە. جارێکیان گازەندەی لەوە کردووە، کە جنۆکە هاتوونەتە ماڵەکەیەوە و دەیانەوێ مەولانا لە شەوبێدارییەکانیدا فریو بدەن. (کیرە خاتوون) بڕوای وا بوو، کە چراکانی ماڵەوە جنۆکەکان تووڕە دەکەن، چونکە وا زانراوە ئەم ڕوحانە حەزیان لە ڕووناکی نییە. لەوە ترساوە کە شتێکی ناخۆش ڕوو بدا و لەبارەی مەسەلەکەوە لەگەڵ مێردەکەی قسەی کرد. کاتێک مەولانا گوێی لەم قسانە بوو، خەنییەوە و گوتی: (نیگەران مەبە. ئەمشەو جنۆکەکە پەنای بۆ من هێنا. بوو بە موریدی من و لەمەولا ناتوانێ، نە من و نە ئەوانەیش ئازار بدات، کە لەژێر پارێزگاریی مَنن.)

مەولانایش وەکو باوکی، (هەوەسی سێکسی) وەک شتێکی خۆش دەبینی، کە دەبێ لە پێوەندیی هاوسەریەتیدا بکرێت. ئەو سێکسکردنی وەک دیارییەک لە خواوە، بۆ چێژوەرگرتن دراوەتە مرۆڤ، نەک بەتەنیا بۆ مەبەستی زاوزێکردن. مەولانایش وەکو باوکی بەگەنجی ژنی هێنا و لە ژنی یەکەمیدا دوو کوڕی پەروەردە کرد. بەڵام بەپێچەوانەی (بەهائودین)ەوە، مەولانا پێڕەوی فرەژنیی نەکرد، بەڵکە کە ژنی یەکەمی مرد، ئەوسا ژنێکی تری هێنا. لە نامە پارێزراوەکانی مەولانادا، وێنەی باوکێکی خەمخۆر دەردەکەوێ، کە زۆری لە خۆی کردووە، پیشە بە خێزان و ژیانی نوێژکردنەوە ببەستێتەوە. وەک سەرۆکخێزان ڕۆڵی ناوبژیوانی لە کێشەی خێزانیدا دەبینی و هەندێ جار خۆی تێهەڵدەقورتاند، بۆ ئەوەی ناکۆکی نەهێڵێت، بۆ ناکۆکیی نێوان منداڵەکانی و هاوسەرەکانیشیان وای دەکرد. گفتوگۆکانی مەولانا لەگەڵ موریدەکانیدا، شاهیدیی تێگەیشتنێکی واقیعی بۆ پێوەندیی نێوان ژن و پیاو دەدەن. ئەو لەو حاڵەتە خرۆشاوە دەروونییەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە، تێگەیشتبوو و ڕێنوێنیی پیاو دەکات، کە لە کێشەکانی خێزانییدا هێور ببێت. نابێ پیاو ئازادیی ژن بەرتەسک بکات، چونکە ناچاریی، ئارەزووی ژن زێدەتر دەکات، کە پێچەوانەی خواستی ئەو بکا:

هەتا زێدەتر فەرمان بەسەر ژندا بکەیت، کە ئارەزووەکانی بشارێتەوە، زێدەتر دەخوازێ پێشانیان بدا. پیاویش هەوەسی زێدەتر بۆ ژنێک دەبزوێ، کە ئەشقبازی لەگەڵ بکا. ئاوا لە نێوان هەردووکیاندا گیر دەبیت، هەوەسی هەردووکیان دەبزوێنیت و هاوکات وا دەزانی، کە تۆ سەردارێکیت. ئەگەر ژن ئارەزووی ئەوەی نەبێ کە کارێکی گوناح بکا، ئەگەر تۆ پێی بڵێی، یان نا، ئەوا ئەو گوێ لە هەستی باش و سروشتی پاکی خۆی دەگرێت و بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوا. بۆیە بەرانبەری دڵارام بە و ئازاری خۆت مەدە. ئەگەر ئارەزووی پێچەوانەیشی هەبێ، ئەوسایش هەر ڕێگەی خۆی دەگرێتە بەر. ئەگەر ڕێگەی لێ بگریت، لە ڕاستییدا تۆ تەنیا هەوەسی زێدە دەکەی [بۆ گوناحکردن].

## کیمیا خاتوون

ساڵی ١٢٤٤ دەروێشی گەڕیدە، شەمسوددین تەبریزی گەیشتە قۆنیا و ئیتر هەتاهەتایە دنیای مەولانا گۆڕا. مەولانا خۆی بۆ ئەم شێخە ڕوحییە نوێیەی تەرخان کرد و وازی لە فێرکاریی و قوتابییە ئاینخوێنەکانی هێنا. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی، کە شەمسوددین لە شار مایەوە، لەناو مورید و خزم و کەسی مەولانادا، ڕق و بێزاری لەو زێتر دەبوو. ناچار کرا بەرەو دیمەشق سەرهەڵبگرێ، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لەبەر داخوازیی مەولانا، گەڕایەوە. چەند ڕۆژێک دوای گەڕانەوەی، بە مەبەستی بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ مەولانادا، داوای کیمیا خاتوونی گەنجی کرد. کیمیا خاتوون کچی کیر خاتوون بوو لە مێردی یەکەمی، مەحەمەد شای خوارزمی. واتە زڕکچی مەولانا بوو و لای ئەویش گەورە بووبوو. ئەو کاتەی شەمسوددین داوای کرد، تازە بالغ بووبوو و ڕەنگە تەمەنی چواردە ساڵ بووبێت. کیمیا کچێکی گۆشەگیر و شەرمن بوو. بۆیە مەولانا و کیرە خاتوون، بێدەنگیی ئەویان بە ڕازیبوون لێکدایەوە. شەمسوددین کە تەمەنی لە شەست ساڵ نێزیک دەبووەوە، هێندە تامەزرۆی کچەکە بوو، لە حوزووریدا وەک دێوانە بوو.

بەپێی سپەهسالار، زەماوەندی شەمسوددین و کیمیا خاتوون لە ئەیلوولی ١٢٤٧ دا کرا. لە ئەو کەسانەی، کە سەرسەخت دژی بەیەکگەیشتنی ئەوان بوون، (عەلائودین)ی کوڕی بچووکی مەولانا بوو، کە وا دیار بوو، خۆی ئاشقێکی شەیدای کیمیا بوو. بێهوودە هەوڵی دا ڕزگاری بکا، بەڵام درەنگ بوو. شەمسوددین لە بیرەوەرییەکانیدا، بە شانازییەوە ستایشی خۆی دەکات، کە جارێکیان عەلائودینی دەرکردووە، کە بێپرسکردن هاتبووە لای کیمیا. دوای چەند هەفتەیەک کیمیا خاتوون لە بارودۆخێکی گوماناوییدا نەخۆش دەکەوێ. بەمردوویی لەناو (باخچەکانی مارام) لە دەرەوەی قۆنیا، دۆزرایەوە. لە دوای ئەم ڕووداوە، لەناو کەسە نێزیکەکانی مەولانا و لای کیرە خاتوونیش ڕقوکینە لە شەمسوددین زیادی کرد. دەگوترێت، کیرە خاتوون قەت لەگەڵ قەدەری زاڵمانەی کچەکەی ئاشت نەبووەوە. عەلائودین هەڕەشەی ئەوەی دەکرد، کە توندوتیژیی لەگەڵ شەمسوددین بکا و مەسەلەی بوونی بێگانەیەک لەناویاندا مشتومڕی نایەوە. تەنیا حەوت ڕۆژ دوای مردنی کیمیا، شەمسوددین بێئاسەوار ون بوو. مەولانا هەموو شاری بەدوادا گەڕا، تەنانەت چووە (دیمەشق)یش بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە. بەڵام هەوڵدانەکانی بێ سوود بوون، چونکە هاوڕێکەی، ئەم جارەیان هیچ ئاسەوارێکی لە دوای خۆیدا بەجێ نەهێشتبوو.

ژنە نووسەری ئێرانی (سەعیدە قودس) لە ڕۆمانێکدا بەناوی (کیمیا خاتوون) بەشێوازێکی زیندوو باسی ژیانی (کیمیا خاتوون)ی کردووە. باسی چارەنووسی کیمیا دەکات، لەو دەمەوەی لەگەڵ دایکی هاتە ماڵی مەولانا و هەتا مەرگی ناوادەی. ڕۆمانەکە ساڵی ٢٠٠٤ لە تاران بڵاو کرایەوە، زوو ناوبانگی دەرکرد و هەتا ئێستایش حەوت جار چاپ کراوەتەوە. نووسەر لێکدانەوەیەکی فێمینیستیی ڕوونی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ژیانی کیمیادا هەیە و شەمسوددین زۆر خراپ پێشان دەدا. باش توانیویەتی سەدەی سێزدەی قۆنیا زیندوو بکاتەوە و دڵسۆزیی کیمیا بۆ

زڕباوکی، پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ دایکی و پەیوەندی خۆشیی لەگەڵ کوڕەکانی مەولانادا، بەرجەستە بکا. بەڵام ئەو ڕۆژەی شەمسودین داوای دەکات، هەموو پاکییەکی منداڵانە ون دەبێ. ئەگەرچی ژنە خزمەکانی بۆ زەماوەند ئامادەی دەکەن و (کیرە خاتوون)یش گفتی دەداتێ، کە ئەو مەرج نییە شەوی یەکەم لەگەڵی جووت ببێت، ئەوا بەیەکگەیشتنیان دەبێتە سەرەتای نەمانی ئەو. شەمسودین، کیمیا لە دەوروبەری دادەبڕێنێ و کە جارێکیش لە دەرەوە لەگەڵ دایکیدا دەیبینێ، لێی دەدا. کیمیا کە ناتوانێ بەرگەی ئەم حاڵەتە و دابڕان لە دایکی بگرێ، تا دەیگرێ و دوای سێ ڕۆژ بەتەنیا چووبووە ناو باخچەکانی دەرەوەی شار و لەوێ مردبوو.

## کێ (شەمسودین)ی کوشت؟

ئەلئەفلاکی یەکەم نووسەری ئەدەبی یادەوەرییە ئەم تێزە دەخاتە ڕوو، کە شەمسودین کوژرا. پاشان ئەم تێگەیشتنە لە ئەدەبییاتی تەریقەتی مەولەویدا جێگیر کرا و لەلایەن بەشێکی زۆریش لە لێکۆڵینەوەی مودێرندا پێشوازی لێ کرا. بێجگە لەمەیش، ئەلئەفلاکی ئەوەیش ڕادەگەیەنێ، کە (عەلائودین)ی کوڕی مەولانا کوشتوویەتی. وەسفی ئەو لە ڕەوتی ڕووداوەکە، پشت دەبەستێ بە گێڕانەوەی (فاتیمە خاتوون)ی ژنی سوڵتان وەلەد. بەقسەی ئەو لە ئێوارەی ٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٢٤٧، شەمسودین لە ماڵی مەولانا بووە. تا شەوڕاشکان دانیشتوون و قسەیان کردووە، کە لە ناکاو کەسێک لە دەرگە دەدات. میوانە نەناسراوەکە داوای کرد شەمسودین ببینێ و کارێکی پێی هەیە، پاشان شەمسودین چووە دەرەوە و لەسەر شەقام، لەلایەن عەلائودین و شەش تاوانباری ترەوە، دڵڕەقانە بە چەقۆ خەڵتانی خوێنیان کرد. تەرمەکەی لە پشت ماڵی مەولانا فڕێدرایە ناو چاڵێکەوە، چاڵێک، کە هەتا ئێستایش ماوە. سوڵتان وەلەد کە لەگەڵ پلانەکەدا بوو، تەرمی شەمسودینی لە شوێنێکی نهێنیدا ناشت. ئەگەر گێڕانەوەی (فاتیمە خاتوون) ڕاست بێت، دەشێ سوڵتان وەلەد لە پێناو هێشتنەوەی ئابڕووی خێزانەکەیان، کوشتنەکەی لە باوکی شاردبێتەوە. پاشان لەو شوێنەی، مەزەندە دەکرێ گۆڕی شەمسودینە، مەزارێکی سادە دروست کرا.

بەپێی ئەنماری شیمڵ و مێژوونووسی تورک عەبدولباقی گۆڵپینارلی (١٩٦٠، مردووە) مەولانا گومانی هەبوو کە عەلائودین دەستی لە ونبوونی (شەمسودین)دا هەبووبێت، بەڵام بە کار و خواستی خوای زانیوە. بۆیە پێوەندی لەگەڵ کوڕەکەیدا بڕی و ئیتر بە میراتگری خۆی نەزانی. کە ساڵی ١٢٦٢ عەلائودین مرد، مەولانا نە چوو بۆ ناشتنی و نە نزاشی بۆی کرد. بەپێی ئەلئەفلاکی، مەولانا ئەو کاتە ئەوی بەخشی، کە شەمسودین هاتە خەونییەوە و داوای بەخشندەیی لێ کرد. هەروەها گۆڵپینارلی دەڵێ، شەمسودین لە تەک (مەنسوری حەللاج و عەین ئەلقزات هەمەدانی)دا بوو بە شەهیدێکی سۆفیی ئیسلام. ئەگەرچی عەلائودین لە تەنیشت، (بەهائودین وەلەد)ی باپیرەیدا نێژرا، (لە مەزارگەی مەولانادا) بەڵام نەوەکانی ئەو قەت بە ئەندامی خێزانی مەولانا وەرنەگیراوەن. ئەلئەفلاکی مەرگی ناوەختی عەلائودین بە سزای خوا دەزانێ و دەڵێ هەموو ئەوانەی لە کوشتنی (شەمسودین)دا بەشدار بوون، هەمان چارەنووسیان هەبوو. بەگشتی

ئەلئەفلاكی بە چاوێكی نزم سەیری عەلائودین دەكات و لەبەر گوێڕایەڵنەبوون و سەربزێویی دژی باوكی، دڕێو پێشانی دەدات.

لێكۆڵەرێک کە گومانی هەیە عەلائودین دەستی لە كوشتنی (شەمسودین)دا هەبووبێت، (فرانكلین د. لویس)ە. ئەو داوامان لێ دەكات لە باسكردنی ئەلئەفلاكی وریا و لەسەرخۆ بین، چونكە نە ئەو چەكی كوشتن و نە تەرمەكەیشمان لە بەردەستە. بەپێی لویس، ئەو ڕاستییەی كە مەولانا دوو جار چووەتە سووریا، بۆ ئەوەی بەدوای (شەمسودین)دا بگەڕێ، ئەوە دەگەیەنێ كە باوەڕی وا بووە، كە (شەمسودین) ژیاوە. ئەو ئاماژە بە ئەوەیش دەكات، كە باسكردنی ئەلئەفلاكی لە ڕەوتی ڕووداوەكان، لە بەرهەمەكانی پێشووی سپهسالاردا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هاوڕایە، كە هەڕەشەیەكی توند لەسەر "شەمسودین"دا هەبووە، ئیتر هەڕەشەی كوشتنیشی هەبووە. لەم بارەیەوە ڕایەكانی لویس ناكۆكن، چونكە ئەلئەفلاكی لە سەربردەی ژیانی وەلیانەكەیدا لە یەک تاكە شوێنیش ناوی سپهسالار، یان ناوی بەرهەمەكانی ئەو ناهێنێ. ڕەنگە هۆی ئەمە ئەوە بێت، كە ئەلئەفلاكی و سپهسالار نوێنەرایەتیی دوو ساخكردنەوەی جودای ژیانی مەولانایان دەكرد و ڕەنگە نوێنەرایەتیی دوو ڕەوتی جودای سەرەتایی تەریقەتی مەولەوی بووبن.

ئەگەر عەلائودین (شەمسودین)ی كوشتبێ، وا پێ دەچی ئەو هۆیانە بن، كە تۆڵەی چارەنووسی دڵتەزێنی كیمیا و تۆڵەی لێدزینی مەیلی باوكی لە بێگانەكە بكاتەوە. نامە پارێزراوەكانی مەولانا شاهیدیی ئەوە دەدەن، كە پێش هاتنی شەمسودین بۆ قۆنیا، پێوەندیی نێوان باوک و كوڕ گرژ بووە. زۆرجار مەولانا داوای لە عەلائودین كردووە، كە بۆ ناوماڵ بگەڕێتەوە، كە ئەو لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، لە ماڵ دەردەچوو. مەولانا لای دوو پایەداری سەلجووقییش، خەمی خۆی لە دەرچوونی كوڕەكەی دەربڕیبوو. بەڵام هیچ شتێک لەبارەی ئەم ناكۆكییەوە نازانین.

ئاشكرایە قسە لەسەر شێوازی لەبابەت دەرچوون و بەوردی مامەڵەنەكردنی ئەلئەفلاكی لەگەڵ سەرچاوەدا دەكرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەگەر لەگەڵ گێڕانەوەكەی ئەویشدا ببین، ئەوا ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە، كە سوڵتان وەلە چۆن توانی بەنهێنی تەرمی شەمسودین بنێژێ، بێ ئەوەی بە باوكی بڵێ. ئەگەر (شەمسودین)یش نەكوژرابێت، ئەوا ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە، بۆ قەت نەگەڕایەوە بۆ قۆنیا، یان بەشێوەیەكی تر خۆی ئاشكرا نەكرد.

هەرچۆنێک بووبێت، بە دیارنەمانی شەمسودین، مەولانا دڵشكاو بوو و لە شیعرەكانیدا ڕێز و خۆشەویستی بۆ شێخی تەبرێزی دەردەبڕێ. لە شیعرەكاندا، شومسودین وەک (قوتب)ی تەسەووفی سەردەم، یان كۆڵەكەی نێوان زەوی و ئاسمان وێنا دەكا، كە جیهانی ڕوحی بەدەوریدا دەخولێتەوە. ئەو (قوتبی تەسەووفی هەموو ئاشقانە)، پایەبەرزترین وەلی خوا و جێگری غەیبە. بیری جێگرەوەی غەیبی خودا، بابەتێكی ناوەندییە لای مەولانا. ئەو پێی وایە، جیهان بێ بوونی (وەلی)یەكی زیندوو بوونی نابێت و (قوتب)یش وەک مرۆڤێكی كامڵ وەسف دەكات، كە بەدەوری ئاسمانەكانەوە سەما دەكات. داوا لە مورید دەكات، قوتبی تەسەووفی سەردەم، واتە شێخی بەرنەدا، چونكە كرۆكی ڕێگەیە و سۆفییەكیش كە باوەڕی بە (قوتب) نەبێت، بە لە ئاینوەرگەڕاوی

دەزانێ. بەپێی مەولانا، دنیای ڕوحی سەرەتا بەدەوری مامۆستاکەیدا، (بورهانودین تیرمیزی)دا خولایەوە بەرلەوەی وردە وردە بێت و بەدەوری (شەمسودین) و دوو موریددا، (سەلاحودین زەرکوب و حوسامودین چەلەبی)دا بخولێتەوە. ئەم چەلەبییە بوو، سروشی دا بە مەولانا، کە شیعرە گەورەکەی، (مەسنەوی مەعنەوی) بڵێ. ئەو ئەدەبە دەوڵەمەندەی سەربردەی ژیانی وەلیان لەناو تەریقەتی مەولەویدا، شاهێدیی ئەوەیش دەدەن، کە مەولانا خۆی لەلایەن موریدەکانییەوە، وەک (قوتب)ی سەردەم دەبینرا.

## فاتیمە خاتوون

بەپێی زۆر لێکۆڵەر، لەوانە گۆڵپینارلی، هەڵوێستی مەولانا لە ئازادیی ژن، لە هی زانا ئیسلامییەکانی هاودەمیدا باشتر بوو. بەپێچەوانەی ئەو ئایبناس و سۆفییانەی، کە ژنانیان فێر نەدەکردن، یان بەتایبەت فێریان دەکردن (بەشێوەیەکی گشتی ژنە بەگزادەکان) مەولانا وانەی گشتیی بۆ ژنان لە هەموو چینێکی کۆمەڵگەدا دەگوتەوە. هانی دەدان لە قوتابخانە ئاینییەکان گەشە بکەن و ڕێگەیشی پێ دان لە بۆنەی (سەماع)دا بەشدار بن. بۆ ئەو ڕەگەزی مرۆڤ هیچ جیاوازییەکی نەبوو بۆ گەیاندنی زانست، بگرە ئەوەی کە گرینگ بوو، خولیا و خەسڵەتی خوێندکار بوو. بەپێی سەربردەی ژیانی وەلیانی ئەلئەفلاکی، زۆر ژن ئارەزوویەکی زۆریان بۆ مەولانا هەبووە. لەو ژنانەی کە بە وانەگوتنەوەی ئەو خرۆشان، تەنیا ژنە بەگزادەکان نەبوون، بگرە ژنی چینی کرێکار و چینی خوارەوەی کۆمەڵگەیش بوون. لە ڕاستیدا دەکرێ وا بزانرێ، کە لەبەر ساکاریی مەولانا، لای ژنانی چینی خوارەوە، زۆرترین سۆزی هەبوو.

ژنێکی تر کە ڕۆڵێکی گرینگی لە ژیانی مەولانادا هەبوو، (فاتیمە خاتوون)ی ژنی سوڵتان وەلەد و کچی نێزیکترین موریدی مەولانا سەلاحودین زەرکوب بوو (١٢٥٨ مردووە). فاتیمە خاتوون هەر لە منداڵییەوە بەهرەیەکی گەورەی ڕوحیی پێشان دا، بۆیە مەولانا پەروەردە و فێرکردنی ئەوی بە خۆی سپارد. فێری خوێندنەوە و نووسینی کرد و وانەی (تەئویلی قورئان)ی پێ دەگوتەوە. بایەخێکی زۆری پێ دەدا و وا پێ دەچێ بە یەکێک لە باشترین موریدەکانی خۆی دادەنا. بەپێی ئەدەبناسی فارس سەعید نافیسی، فاتیمە خاتوون تەنیا لە زانستەکانی (تەئویل) زانا نەبوو، بگرە لە قانوونناسی و ئاینناسیش زانا بوو. ئەلئەفلاکی پایەبەرزی دەکات و بە (مریەمەکەی تر) و بە (ڕاستگۆ) ناوی دەبا. باسی ژیانی خەڵوەتگریی ئەو دەکات و ئەوەیش باس دەکات، کە ئەو ڕاهاتبوو خواردن بەسەر هەژاران دابەش بکات. بەڕۆژ بەڕۆژوو دەبوو و شەوانیش خەریکی دوعا و نزا بوو. ژیانی ئەو وا بوو (کەمێک خواردن، کەمێک نووستن و کەمێکیش ئاخاوتن). ئەلئەفلاکی موعجیزە لە فاتیمە خاتوون دەگێڕێتەوە و ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو پێوەندی لەگەڵ غەیبدا هەبووە و توانای زەینخوێندنەوەی هەبووە. سپەهسالاریش وەک (وەلیی خوا لەسەر زەوی) ستایشی ئەو دەکات و ڕوحی بە (شیری پاکی بەهەشیت) دەچوێنێ. وا پێ دەچێ فاتیمە خاتوون لە تەمەنی گەورەساڵیدا، تا ئاستێکی زۆر ژنێکی سەربەخۆ بووە و لەسەر زۆر مەسەلەی جودادا دژی سوڵتان

وەلەدی مـــێـــردی بووەتەوە. بۆ نموونە، ئەو دژی ئەوە بووە، ســـوڵتـــان وەلەد ڕەزامـــەندی دا، کـــە حوسـامودین ببێ بە جێگرەوەی مـەولانا و کە ئەو خۆی ئەو بەرپرسیـاریەتییەی نەگرتووەتە ئەسۆی خۆیەوە.

مـەولانا ئاگـای لە (هـەدییـە)ی کـچی بچووکی (سـەلاحـودین)یش بوو. ئەو بەگـەنجی شـووی بە خـۆشنووسـێک، بەنـاوی نیـزامـودین کرد. ئەو لە خـێـزانێکی سـادەوە هـاتبـوو، بەڵام بە کـۆمـەکی مەولانا، توانی پێشینەیەکی باشی مارەیی بداتە ژنەکەی. دەڵێن مەولانا گوتوویەتی: (هـەموو ژنێکی بێگانە، بێجگە لە فـاتیمـە خـاتوون و هـەدییـە خـاتوون، کە سـەردانم دەکا، بە ڕووبەندەوە دێتـە لام، فـــاتیـــمـــە خـــاتوون چاوی ڕاست و هـەدییـــە خـــاتوون چاوی چـەپی مـنـە). مـــەولانـا بەرپـرسی پەروەردەکردنی ئەوان بـوو، بەڵام بەتایبـەت فـاتیـمـە سـوودی لە وانەی (تەئویل)ی ئەو دەبینی. بۆیە سـەیر نەبوو، مەولانا فاتیمە خاتوونی لە کوڕە بەردڵەکەی خۆی، سوڵتان وەلەد مارە کرد، بۆ ئەوەی بەم شـێوەیەیش پێوەندی لەگەڵ سەڵاحودین بەهێز بکا. دوای ونبوونی شـەمسودین، ئیتر مـەولانا هـاوڕێیـەکی ڕوحیی نوێی لە (سـەلاحودین)دا دۆزییەوە. هـاوسـەریەتی فـاتیـمـە خـاتوون و سـوڵتـان وەلەد، دیار بوو بە ئاسـوودەیی مـایەوە. لە یەککگرتنی ئەوانەوە، عـارف چەلەبی و دوو کچ، عـەبیدە و عـاریفـە لەدایک بوون، کـە بۆ شـێـخی گـەورەی ڕوحـانی پەروەردە کران. لـە تەریقـەتی مـەولەیدا، ئەم دوو ژنە وەک وەلی سـەیر دەکرێن و مـوعـجـیـزەیان لێ دەگـێڕنـەوە. ئەلئـەفـلاکی جـەخت لەسـەر ئەوە دەکـات، کـە لـە ســەردەمی ئەودا، بەشـی زۆر لە ژنانی ئەنـاتۆڵ مـوریدی ئەوان بـوون. دوای مـردنی فاتیمـە خاتوون، سوڵتان وەلەد هـەردوو خزمـەتکارەکەی خۆی، نوسرەت خـاتوون و سنبول خاتوونی خواست.

## گورجی خاتوون و فەخر ئەلنیساء

سوڵتـان وەلەد، بەپێچـەوانەی (عەلائودین)ی براگـەورەیەوە، گوێڕایەڵی باوکی بوو و خـۆی بۆ ڕێگەی ڕوحـانی ئەو تـەرخـان کـردبـوو. دوای مـردنی حـوسـامـەدین چەلەبی لـە سـاڵی ١٢٨٤ دا، ئەو وەک دامـەزرێنەری ڕاسـتـەقینەی تەریقـەتی مـەولەوی دەرکـەوت. ئـەو بۆنـەی (سـەمـاع)ی لەگـەڵ سـەمـای تەئەمولیی و بەرزخـوێندنەوەی شـیعرەکانی مـەولەوی (مـەثنـەوی خـوانی) ڕێک خـست و چاودێریی ڕێکخـراوە نوێیـەکـەی تەریقـەتـەی کـرد. تەنـانەت لەناو مـوریدەکـانی سـوڵتـان وەلەدیشـدا، زۆر ژن هـەبـوون، کـە بـەردەوام بوون، لەوەی کـە ڕۆڵێکی زۆر گـرینگیـان لە ژیانـی ڕوحی، کـۆمـەڵایـەتی و کولتووریی تـەریقەتەکەدا هەبێت. لەبارەی هـەبوونی ئەوانەوە، مەزارگـەی مـەولانا شاهێدی دەدات، لەوێ چەندان ژن نـێـژراون. لەو ژنانەی، کە لـە مـەزارگـەی مـەولانـادا نێژراون، گـورجی خـاتوون و سـەلجـووقی خـاتوون هـەن، کە ژن و کـچی سـوڵتـانی سـەلجووقی غیـاسـودین کـەیخـوسـرەوی دووەم بوون.

گـورجی خـاتوون بـەڕەسـەن جـۆرجی بوو و لە بنـەچەیشـدا ناوی (تەمـارا) بـوو، کـۆمـەککار و پارێزەرێکی گرینگی تەریقـەتی مەولەی بـوو. کچی شـاژنی جـۆرجیـایی ڕوسودان (١٢٤٧، مـردووە)

بوو و ژنە سوڵتان و دایکی دوو سوڵتانی سلجوقییش بوو. کە مێردی یەکەمی مرد، شووی بە والی موعینودین پەروانە کرد. لە مێردی یەکەمی کوڕێک و کچێکی هەبوو، کەیقوبادی دووەم و سەلجوقی خاتوون. کەیقوبادی دووەم لە نێوان ١٢٤٩ _ ١٢٥٧ بە سوڵتانی سوڵتاننشینی ڕۆم، لە ڕۆهەڵاتی ڕووباری کینزیل، دانرا. لەبەرئەوەی تەمەنی بچووک بوو، دەستەڵاتی ڕاستەقینە کەوتە دەست والی و ڕاویژکارەکان. دوای ئەوەی گورجی خاتوون بەخزمەت مەولانا گەیشت، لە ئاین وەرگەڕا و بوو بە ئیسلام و بوو بە یەکێک لە دڵسۆزترین موریدەکانی مەولانا. مەولانا لە یەکێک لە نامە پارێزراوەکانیدا، ئەو بە (شانازیی ژنان) ناودەبا و بەرپرسیاریەتی ژنەکانی ناو تەریقەتی بە ئەو سپاردبوو.

ئەلئەفلاکی باس دەکات کە، گورجی خاتوون لە شەیدایی مەولانادا، دەسووتا و دەگێڕێتەوە، کە ڕۆژێک (پەرڤانە)ی مێردی، داوەتنامەیەکی بۆ هات، کە سەردانی والیی شاری قەیسەری بکا. گورجی خاتوون، کە نەیدەتوانی لە مەولانا داببڕێ، هونەرمەندی شێوەکار (عەین ئەلدەولە)ی بانگ کرد، کە پۆرترێتێکی شێخ بکێشێ، تا بتوانێ لە سەفەرەکەیدا لەگەڵ خۆی بیبات. عەین ئەلدەولە، بەداواکەی ئەوەوە چووە لای مەولانا و مەولانا وا وەڵامی دابووەوە، کە کێشانی پۆرترێتی ئەو شاکارێک دەبێ، ئەگەر بتوانێ بیکێشێ. هونەرمەندەکە فلچەکانی بەدەستەوە گرتن و هەرجارێک چاوی لەسەر قوماشەکە هەڵدەگرت، دەیبینی شێوەی ڕووی مەولانا گۆڕاوە. لە ئاکامدا، دوای ئەوەی بیست قوماشی بەکار هێنا، کە هیچیان لە یەکدی نەدەچوون، لە بێهیواییاندا فلچەکانی شکاندن و وازی لە وێنەکێشان هێنا. بەڵام مەولانا بەم بەیتە دڵی دایەوە.

تۆ داوام لێ دەکەی نهێنیی خۆم پێشان بدەم
ئاخ، فەزا لە کوێیە و من لە کوێم؟
چۆن ڕۆح ئاسوودە دەبێ
کە زەریاکان لەناوەوەم دەخنکێن؟

گورجی خاتوون بۆ وێنەکان سوپاسی عەین ئەلدەولەی کرد و لەناو سەندووقێکی دانان. هەر کاتێک ئارەزووی هەبووایە مەولانا ببینێ، تەماشای قوماشەکانی دەکرد و ئەوسا مەولانا خۆی پێ پێشان دەدا. کە مەولانا لە ژیان دەرچوو، گورجی خاتوون خەرجیی Türbe Yechil ئەو مەزارگە نایابە سەوزەی لە قۆنیا بەسەر گۆڕی ئەودا هەڵچنراوە، دا. ئەو وەک ڕاوێژکار لە بواری جودادا، ڕۆڵێکی گرینگی لەناو تەریقەتدا هەبوو، کچەکەیتریشی (عەین ئەلحەیات) دەروێش بوو. گورجی خاتوون بەیەکەوە لەگەڵ مەولانا و فاتیمە خاتوون، کۆبوونەوەی تایبەتی (سەماع)یان بۆ ژنان ساز دەکرد. ژنێک کە بەشداریی ئەم کۆبوونەوانەی دەکرد، (گومەژ خاتوون)ی خانەدان بوو، ژنی فەرماندەی سوپای قۆنیا، ئەمینودین میکائیل بوو. ئێوارەی هەموو پێنجشەمەیەک، کە لە سۆفیزمدا گرینگییەکی تایبەتی ڕوحی هەیە، ژنانی قۆنیا بۆ زیکر و سەماکردن لەماڵی ئەو کۆ دەبوونەوە. گومژی خاتوون گوڵ و یاسەمینی بەسەر مەولانادا دەپرژاند و یەکەم کەسیش دەبوو، لە دوای مەولانا دەچووە ناو حەلقەی سەماوە. کچی کۆیلە گۆرانییان دەگوت و نەی و تەمبووریان

دەژەنی. ئەلئەفلاکی وەسف دەکات، چۆن ئەو ژەنانە دەگەیشتنە سەرکڵی چێژی ئاینییەوە.

گەورەمان [مەولانا] دەستی بە سەما دەکرد و ژنەکانیش دەکەوتنە ناو دۆخێکی واوە، کە نەدەتوانرا سەریان لە پێیان، یان لەچکیان لە گۆرەوییان جودا بکرێتەوە. مرواری و خشڵی بەردەتراویلکەیان دەخستە ناو پێڵاوەکانییەوە، بەو هیوایەی بەم نیشانەیەی نیازپاکیی ئەوان ڕازی ببێت. بەڵام ئەو سەرنجی لەم گرانبەهایانە نەدەدا و تەنانەت تەماشای ئەولایشی نەدەکرد. لە بریدا بە دەنگی بڵند لەگەڵ ئەوان نوێژی بەیانی دەکرد. قەت پێشەوای وا و قەت مەجلیسی وایش نەبووە، بێجگە لە سەردەمی گەورەی پەیامبەران [پەیامبەر مەحەمەد] سڵاوی خوای لێ بێت. ژنانی عەرەبستان دەهاتنە لای ئەو و لەبارەی حیکمەتی ناوەوەی قانوونە پیرۆزەکەوە، داوای زانیارییان لێ دەکرد.

لە نامە پارێزراوەکانی مەولاناوە، زانیاریمان لەسەر ژنی تریش هەیە، کە وانە ڕوحییەکانی ئەو سەرنجیانی ڕاکێشاوە. نامەیەک بۆ ژنێکی نەناسراو نووسراوە، کە لە قۆنیا خانەقایەکی سۆفیانی بۆ ژنان کردبووەوە و وەک شێخ سەرپەرشتیی دەکرد. مەولانا هەواڵی تەندروستیی ژنەکە دەپرسێ و هیوادارە بەزووترین کاک تەندروستی باش ببێتەوە. لە نامەیەکدا مەولانا باسی کچێکی گەنجیش دەکات، کە لە مەیخانە بەدناوەکەی (کاروانسەری زی)دا، سەماکەر بوو. ئەو کچە بۆ ڕێگەی ڕوحی هەڵگەڕێنرایەوە و مەولانای وەک ڕێپێشاندەر دۆزییەوە. ژنێکی تر، کە پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ مەولانادا هەبوو، (فەخر ئەلنیساء) بوو. ناوی کە بە مانای (شانازیی ژنان) دێت، وا پێ دەچێ توانایەکی گەورەی ڕوحی هەبووبێت، چونکە دەڵێن خەڵکی شار وەک (وەلی)یەک ڕێزیان لێ ناوە. ئەو بەشداری لە بۆنە ئاینییەکانیش دەکرد، کە لە ماڵی مەولانا دەکران و بۆ ناکۆکیی ناوماڵیش، پەنای بۆ مەولانا دەبرد.

ئەلئەفلاکی باس دەکات، کە شەوێک دوای ئەوەی هەموو مێوانەکان ڕۆیشتن، ئەو لای مەولانا مایەوە، بۆ ئەوەی ڕێنوێنیی بکا. هاوڕێکانی ڕێنوێنییان کردبوو حەج بکا و بچێتە مەکە و داوای لە مەولانا کرد ڕێنمایی بکات. ئەو وەڵامی دابووەوە، کە سەفەرێکی سەرکەوتوو دەبێت و بە خێر و بەرەکەتە. پاشان مەولانا چووبووە سەربان، بۆ ئەوەی وەک کە ڕاهاتبوو شەوبێداریی و زیکر و نزا بکا. لە کاتی زیکرێکی قووڵدا، کەوتە سەرکڵی چێژ و بانگی (فەخر ئەلنیساء)ی کرد. ئەلئەفلاکی باس دەکات، کە ئەو چۆن لە ئاسمان (کعبە)یەکی بینی بەسەر سەری مەولاناوە دەخولایەوە. لە ترسان بوورایەوە، بەڵام کاتێک بەئاگا هاتەوە، ئەم ڕووداوەی وەک ئاماژەی ئەوە لێکدایەوە، کە پێویست ناکات بچیتە حەج. دوای مردنی (فەخر ئەلنیساء)، دوا ئارامگەی بوو بە مەزارگەیەکی سەردانکردن و هەر لە سەردەمی (ئەلئەفلاکی)یەوە، ژن بۆ نوێژ و نزاکردن ئێوارەی پێنجشەمان لەسەر مەزارگەی ئەو کۆ دەبوونەوە.

یەکێکی تر لە ژنە وەلییەکانی ئەو سەردەمی قۆنیا، کە ئەلئەفلاکی ناوی دەهێنێ، (نیزام خاتوون)ە. ئەو لەو کەسانەی نێزیکی (فەخر ئەلنیساء) بوو و موریدی مەولانایش بوو. پاشخانێکی زۆر سادەی هەبوو و ژیانێکی خەڵوەتگریی سەخت دەژیا. تاکە شتێک کە هەیبوو، پارچە

قوماشیکی بوسرەیی بوو، کە خۆی پێ دەپێچایەوە. لەبەرئەوەی توانای دارایی نەبوو مێوانداریی شێخ بکا و (سەماع)ی بۆ ڕێک بخات، بیری لە فرۆشتنی پارچە قوماشەکەی کردەوە. بەڵام مەولانا بەمەی زانی و چووە ماڵیان. مەولانا پێی گوت: (تۆ لەم جیهانەدا فرەهەژاریت، بەڵام قوماشەکەت مەفرۆشە. من بۆ "سەماع"ی تۆ دێم!). دوای ئەمە سێ ڕۆژ لە ماڵی ئەودا، گربوونەوەی روحی کرا.

## کۆتایی

وەک کە لەم بەشەدا ڕوون کرایەوە، ژن و وەلیی ژن ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تەسەووفی ئیسلامیدا هەیە. بە سیفەتی دایک، ژن و کچ، بەڵام ڕەنگە بەر لە هەموو شتێک، ژن وەک تاکەکەس شوێنێکی گرینگی لە ژیانی (مەولانا جەلالودین ڕۆمی)دا هەبووە. (موئمینە خاتوون)ی دایکی بە باوەڕداریی و ئاکاری باش ناسرابوو و لەناو تەریقەتی مەولەیدا، بە (دایکی سوڵتان) ناوی دەهێنن و ڕێزی لێ دەنێن. ئەو بەرپرسی پەروەردەکردن و فێرکردنی مەولانا بوو لە هونەرە جوانەکاندا ـــ شیعر، مۆسیقا و شێوەکاریی. گۆڕەکەی لە (کارامان)، هەتا ئەمڕۆیش مەزارگەیە و دەروێشەکانی تەریقەتەکە سەردانی دەکەن. هاوسەرێتیی کورتی مەولانا لەگەڵ (گەوهەر خاتوون)ی کچی شازادە شەرەف لالەی سەمەرقەندی، ساز کرابوو، کە ئەو سەردەم وا باو بووە. گەوهەر خاتوون مەولانای بە سەما ئاشنا کرد و دوو کوڕی بۆ زاند. بەڵام ژنی دووەمی مەولانا، کیرە خاتوون، نۆزدە ساڵ دوای مەولانا ژیا. بەپێی ئەدەبی سەربردەی ژیانی وەلیان، بەخۆشەویستی بوون بە هاوسەر. کیرە خاتوون بە جوانییەکەی بەناوبانگ بوو و لە هەموو حاڵەتێکیشدا، هەر لەگەڵ مەولانا بووە، تەنانەت لە سەردەمی بەیەکگەیشتنی خرۆشاویشیدا لەگەڵ شەمسودینی تەبریزی.

بەپێچەوانەی باوکییەوە، مەولانا پێڕەوی فرەژنیی نەدەکرد و کە دەبوو بە بێوەمێرد، ئەوسا ژنی دەهێنایەوە. وا دیار بوو، ئەو تێگەیشتنێکی کراوەتری لەسەر پێوەندی نێوان ژن و پیاودا هەبووبێت و دژی ئەو لێکجوداکردنەوەیە بوو، کە ئەو سەردەم لە بواری خوێندنی ئیسلامیدا هەبوو. ئەمە لە فێرکردنی ژنان، کە (فاتیمە خاتوون)ی بووکی لە سەرەتای تەریقەتی مەولەویدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، هەروەها لە کار و کردەوە ئاینییەکانیدا، بەرچاو دەکەوێ. ئەلئەفلاکی بەشی زۆری بەرهەمە سەربردەییەکەی وەلیانی (مناقب العارفین) بە گێڕانەوەی فاتیمە ئامادە دەکات. ئەو وا دەردەکەوێ، کە تا ئاستێک ژنێکی سەربەخۆ بووە، کە ڕاشکاو و بە ئاشکرا ڕای خۆی گوتووە، تەنانەت ئەگەر دژی مێردەکەیشی، سوڵتان وەلەد بووبێت. لەناو مورێدەکانی مەولانادا، ژنی بێ سەروماڵ، چینی کرێکار و ئەریستۆکراتیی هەبوون. یەکێک لە ژنە ئەریستۆکراتەکان (گورجی خاتوون)ی سوڵتانزادە بوو، کە بۆ ژنان لە ماڵی خۆی گردبوونەوەی (سەماع)ی بە مۆسیقا و سەماوە ڕێک دەخست. مەولانایش لەم کۆبوونەوانەدا بەشدار دەبوو، نوێژی لەگەڵ دەکردن و بە سەماکردنی دەهێنان. گورجی خاتوون بەرپرسی ژنەکانی تەریقەت بوو و دوای مردنی مەولانایش لەسەر خەرجیی خۆی، ئەو مەزارگە نایابەی، کە بەسەر گۆڕی مەولانادا هەڵچنراوە، دروست کرد.

یەکێکی تر لە موردیە ژنەکانی مەولانا (فەخر النیساء) بوو، کە خەڵکی قۆنیا وەک وەلییەک ڕێزی لێ دەنێن.

لە مـاتریالی نووسـراوی مـێـژووییـیـەوە، ئەوە دەزانین، کـە ژن لە تەریـقـەتی مـەولەویدا، هەتا کۆتاییی سـەدەی پازدە پایەیەکی دیاری هەبوو. تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ تەریـقـەتی تردا، ژن لەو تەریقەتەی ئەناتۆڵ، تا ئاستێک ڕۆڵێکی سەربەخۆی هەبوو. ئەوان وەک خەلیفە و تەنانەت لە شاری قـۆنیـا و توقـات، وەک (شـێـخ)یش هەبوون. لەو ژنانەی کە سـەرچاوەکان نـاوی دەهێنن، ''خـوشـلاقـە قـونوی'' هـەیـە، کە لە سەدەی چواردەدا لە توقـات خـەلیـفـەی تـەریقـەت بوو. لە سـەرەتای تـەریقـەتی مەولەویدا، ژن ڕۆڵێکی گرینگیشیان لە گەیاندنی زانیاری لەبارەی سەربردەی وەلیانەوە هەبووە. بۆ نموونە، گێڕانەوەی فاتیمە خاتوون، بناخەی ئەو زانیارییـەی ئێمەیە لەبارەی دۆخی سـەیر ونبوونی (شـەمـسـودین)ەوە. سـەرەڕای پایەی گـرینـگی ژنان، ئەدەبی یادەوەری زۆر پچـڕپچـڕە، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی گشتگیر چارەنووسی ژیانیان بنووسینەوە.

ئەم کـەمـوکـوڕییـەی زانـیـاری لە سـەردەمی نوێدا، قـەرەبوو کراوەتـەوە، بەوەی کە ژنی سـۆفی ئەزمـوونی عـیـرفـانی و تێگەیشـتنی خـۆیان دەنووسنـەوە. لەوانەی کـە وا دەکـەن ''ئێـسین چـەلەبی بایـرو''ە (١٩٤٩ لە دایک بووە)، کـە تاکـە منداڵی مـەولانایە لـە بیـسـتـودووەمـین نەوەوە و سەرۆکخێزانی ئێستای مـەولانایە. ئەم ژنە ڕۆڵێکی گرینگی لە سەرپەرشتکردنی میراتی مەولانادا هـەیە لە توریا و کاریش بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەبارەی دابونەریتی مەولەوی لە ڕۆئاوادا دەکات. ژنێکی تری بەرچاو لە تەریقـەتدا (کەمیللە هێلمینسکی)ی ئەمەریکاییە، کە ساڵانی١٩٧٠ لـەسەر دەسـتی شـێـخـی سـۆفی (سـولـەیمان حـەیاتی)ی تورکـدا بوو بـە سـۆفی. ئەو بەیەکـەوە لەگـەڵ مـێـردەکـەیدا (کـابیـر هـێلمـینسکی) Society Threshold بیـان دامــەزراند، کـە دامــەزراوەیەکی فێرکاریی سـۆفییە و بە تەریقـەتی مەولەوییـەوە گرێ دراوە. لە ئەمـەریکا، وەک لە تورکیـایش، چەند ڕەوتێکی تەریقـەتەکە هەیە، لەوانە لقـی (حـەسـەن دێدی) لە (گـەلاتا)، لـەوێ ژن بەشـداریـی بۆنەی (سـەمـاع) دەکـەن. هـەتا ئەمـڕۆیش لە ڕۆهـەڵات و ڕۆئاوادا، ژن مـیـراتی مـەولانا بەپێی پەروەردەی ئاینی و نەریتی ئەوەوە، بەکار دەهێنێ.

سەرچاوە:

Kärleken begär att detta tal skall fram
liv, lära och lyrik ud-din Rumis Jalal
Sorgenfrei S.& Dahlèn Red. A.
2008 Förlag Sorgenfrei & Molin

# ئاخۆ مرۆڤ گورگە یان بەرخ؟

ئەریک فرۆم

خەڵکانێکی زۆر هەن لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ بەرخە، بەپێچەوانەوە خەڵکانێکی تر دەڵێن، نەخێر مرۆڤ گورگە. هەردوو لاش دەتوانن بەڵگە و هۆکاری گونجاو بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی ڕاستی بۆچوونەکانیان بسەلمێنن. ئەوانەی دەڵێن مرۆڤ بەرخە، پشت بە ئاسانترین بەڵگە دەبەستن و دەڵێن: هەمووکاتێک بە ئاسانترین شێوە دەتوانرێت کار بکەیەتە سەر مرۆڤ و داوای جێبەجێکردنی کارێکی لێ بکەیت، هەرچەندە ئەو کارەش زەرەر بە خۆی دەگەیەنێ، مرۆڤ ملکەچی سەرۆکەکانی دەبێ و ئامادەن شەڕی بۆ بکەن، هەرچەندە ئەم شەڕەش هیچ سوودی نییە، جگە لە



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

مالّویرانی نەبیّ. هەروەها ئامادەن باوەڕ بە هەر جۆرە قسەیەکی چرووک بکەن، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەم قسەیە بەشێوەیەکی هەستیار و بەهێز بکرێت و دەسەلآت پشتگیری لیّ بکا. (بۆ نموونە هەڕەشەی توندی مەلیک و قەشەکان، یان دەنگی ناسکی وتاربێژ و رووناکبیرە ئاشکراو نهێنییەکان)

پیّ دەچیّ ئاسان بێت خەڵکی بخەیتە ژێر رکێفی خۆتەوە، ئەوان وەکو منداڵی نیوە خەوتوو وان، ئامادەن چارەنووسی خۆیان تەسلیمی هەر کەسێک بکەن، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەو کەسە دەنگێکی پاک و بێگەرد یان هەڕەشە ئامێزی هەبێت، ئەوا دەتوانیّ بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

لەڕاستیدا ئەو کەسانەی کە خاوەنی باوەڕێکی پتەون، بۆ ئەوەی خەبات لەدژی جەماوەر بکەن، کەسانێکی کەم و نووخبەن و گوزارشت لە کۆمەڵگا ناکەن، بەگشتی ئەم کەسە جیاوازانە، لە سەردەمی خۆیاندا دەبنە جێگەی گاڵتە و قەشمەریی خەڵکی، لیّ پاش سەردەمانێکی تر، دەبنە جێگەی رێز و شانازی نەوەکانی تر.

هەر لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونە (کە مرۆڤ بەرخە)، فەرمانڕەوا ستەمکارەکان توانییان رژێمەکانیان دابمەزرێنن. هەر ئەم باوەڕەی کە دەڵێت مرۆڤ بەرخە و پێویستییان بە کەسێکە تا سەرکردایەتی بکرێن و بڕیاریان بۆ بدات، هەر ئەمەش هەلی ئەوەی دایە دەستی سەرکردەکان، کە بگەنە باوەڕێکی تەواو کە ئەوان ئەرکێکی مەزڕاڵی ئەنجام دەدەن، هەرچەندە ئەم حوکمەش کارەسات ئامێزیش بێت، بەمەرجێک ئەوە بدەن بە مرۆڤ کە پێویستیەتی. بە واتایەکی تر، ئەگەر هاتوو سەرکردەکان توانییان ئەرکی بەرپرسیارێتی و ئازادی بگرنە ئەستۆی خۆیان. لیّ پرسیاری گرینگ ئەوەیە، باشە ئەگەر مرۆڤ بەرخ بێت، بۆچی هێندە ژیانی مرۆڤ و ژیانی بەرخ جیاوازە؟ بۆچی لاپەڕەکانی مێژوو هەمووی بە خوێن تۆمار کراون؟ مێژووش برێتییە لە مێژووی توندوتیژی، کە بە بەردەوامی هێزی تێدا بەکار هاتووە، بۆ ئەوەی ئیرادەی خەڵکی تر لەناوبەرێت.

ئاخۆ تەلعەت پاشا* بەتەنیا خۆی بوو کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکانی کرد؟ ئاخۆ هیتلەر بەتەنیا خۆی بوو کۆمەڵکوژی جوولەکەکانی کرد؟ ئاخۆ ستالین بەتەنیا خۆی بوو، کۆمەڵکوژی نەیارە سیاسییەکانی خۆی کرد؟ بە دڵنیاییەوە ئەو پیاوانە بەتەنیا خۆیان نەبوون، بگرە هەزاران کەس ئامادە بوون، دەستیان کرد بە کوشتن و ئەشکەنجەدانی خەڵکی لەبەر خاتری ئەوان (واتە لەبەر خاتری تەلعەت پاشا و هیتلەر و ستالین)، هیچ کاتێکیش ویژدانیان ئازاری نەداون، بگرە بەپێچەوانەوە چێژیشیان لیّ وەرگرت.

ئاخۆ ئێمە لە هەموو شوێنێک کاری نامرۆڤانە نابینین کە مرۆڤ لە بەرامبەر برا مرۆڤەکانی تری دەیکات: لە شەڕی دڕندانە، لە کوشتن و ئەتککردنی ژنان، چەوساندنەوەی بێهێز لەلایەن بەهێزەوە بەشێوەیەکی دڕندانە، لە ڕاستیشدا لە بەرامبەر هەموو ئازار و هاواری ئەم خەڵکانەشدا، گوێی کەڕ و دڵڕەقی و بیّ بەزەیی دەبینین.

هەموو ئەم راستییانەش وای لە هەندێک بیرمەند وەکو (هۆبز) کردووە، کە بڵێن (مرۆڤ بۆ برای

مرۆڤی گورگه). ئەمڕۆش خەڵکانێکی زۆر لە ئێمە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، کە مرۆڤ سروشتێکی شەڕەنگێز و وێرانکەرانەی هەیە، ناتوانرێ ڕێگە لە پیاوکوژێک بگریت، ئەگەر هاتوو پیاوکوژێکی لە خۆی بەهێزترت دەستنەکەوێ. ئێمە لێرەدا لە نێوان ئەم دوو بەرەیدا دۆشداماوین. دیارە ئێمە باش دەزانین کە خەڵکانێکی پیاوکوژ و دڵڕەق و سادی (ئەو کەسانەی کە حەزیان لە ئازاردانی خەڵکییە) وەکو ستالین و هیتلەر هەن، بەڵام ئەمانە تەنیا کەمینەن و هەڵبژرادەیەکی بچووکن و گوزارشت لە کۆی گشتی کۆمەڵگە ناکەن. ئاخۆ دەکرێ بڵێین کەسانی ئاسایی وەکو من و تۆ، گورگن و لە پێستی مەڕداین؟ سروشتی ڕاستەقینەمان کاتێک بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە ئەو ڕێگرانە نامێنن بۆ ئەوەی هەڵسووکەوتی دڕندانە ئەنجام بدەین؟.

هەرچەندە قەناعەتی تەواویشمان بەم پێشبینییە نییە، بەڵام ناشتوانین پشتگوێی بخەین. بە دڵنیاییەوە ڕۆژانە کۆمەڵێک هەلمان بۆ دەرخسێت بۆ ئەوەی کاری سادیانە و دڕندانە ئەنجام بدەین و بەبێ ئەوەی کەسیش سزامان بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی زۆر هەن، کە ئەم کارە ناکەن. لە ڕاستیدا زۆر کەس کاتێک هەڵوێستێک یان ڕووداوێکی دڕندانە و سادیانە دەبینن، قێزیان لێ دەبێتەوە. ئاخۆ هیچ شرۆڤەیەکی باشترمان دەست دەکەوێت، بۆ ئەوەی لە دۆشدامانی ئەم دوو بۆچوونە ڕزگارمان بکا؟ ئاخۆ دەتوانین بڵێین باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە، کە کەمینەیەکی گورگ شانبەشانی زۆرینەیەکی بەرخ پێکەوە دەژین؟ گورگەکان دەیانەوێ بکوژن، بەرخەکانیش حەزیان لێیە ملکەچی یەکێک بن. پاشان گورگەکان دەیانەوێت بەرخەکان بکوژن، بەرخەکانیش ئامادەگی خۆیان پێشان دەدەن، نەک لەبەرئەوەی جێژی لێ وەردەگرن، بگرە سروشتی ئەمان وایە دەبێت ملکەچی یەکێک بن.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش، پێویستە پیاوکوژەکان کۆمەڵێک حکایەت دروست بکەن بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکەن و هۆکاری ئەم کوشتارەش پیرۆز بکەن، بۆ نموونە پارێزگاریکردن لە ئازادی چونکە هەڕەشەمان لەسەرە، یان تۆڵەسەندنەوەی ئەو منداڵانەی کە کووشتویانن و یان ئەو ژنانەی کە ئەتکیان کردوون و گەڕانەوەی شەرەفی ئەتککراومان، ئەمەش بۆ ئەوەی کۆی گشتی بەرخەکان وەکو گورگ هەڵسووکەوت بکەن و ببنە گورگ.

پێ دەچێ رووکەشیەن ئەم وەڵامە تەواوبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵام بەجێ دەهێڵێت. ئاخۆ ئەمە مانای ئەوە نییە، کە دوو رەگەزی مرۆڤمان هەیە: گورگ و بەرخ؟. ئاخۆ چۆن دەکرێت بەئاسانی قەناعەت بە بەرخەکان بکرێت، بۆ ئەوەی وەکو گورگ هەڵسوکەوت بکەن، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەمە لەگەڵ سروشتی ئەوان ناگونجێت، تەنانەت ئەگەر هاتو واشمان دانا، کە توندوتیژی وەکو ئەرکێکی پیرۆز پێشانیان دەدرێت؟

ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی بەهێز بەرگری لەم بۆچوونەمان بکەین، لە هەمان کاتیشدا پێ دەچێ ئەو بۆچوونە ڕاست بێت کە دەڵێت، گورگ بەشێوەیەکی جەوهەری سروشتی مرۆڤە، ئەمەش لە باشترین شێوەدا دەردەکەوێ، بەڵام زۆرینە نایانەوێت ئەم جەوهەرە پێشان بدەن، واتە بۆچوونەکەی تر بەتەواوەتی هەڵەیە.

پێدەچێت زۆر ڕاست بێت ئەگەر بپرسین:

ئاخۆ مرۆڤ لە یەک کاتدا گورگیشە و بەرخیشە، یان بڵێین مرۆڤ نەبەرخە نە گورگیشە؟

پێ دەچێ ئەمڕۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر گرینگ و بایەخدار بێت، لە کاتێکدا زۆر لە دەوڵەتان بیر لەوە دەکەنەوە کە کوشندەترین چەک لە دژی دوژمنەکانیان بەکار بهێنێت، پێ ناچێ هیچ ڕێگریش هەبێت، تەنانەت ئەگەر ئەم دەوڵەتانە تووشی هەمان چارەنووسی هۆلۆکۆسیش** بن. ئەگەر بێ ئێمە بگەینە ئەو قەناعەتەی کە مرۆڤ زیاتر سروشتێکی وێرانکەرانەی هەیە، بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی یەکێکە لە پێداویستییەکانی و پێوەستە بە سروشتی مرۆڤەوە، لەبەرئەوە خەباتکردنمان لە دژی دڕندەیی مرۆڤ، بەشێوەیەکی بەردەوام بێهێزتر و لاوازتر دەبێت. چونکە ئەگەر وایە، بۆچی ئێمە بەرەنگاری گورگ بینەوە لە حاڵەتێکدا ئێمە خۆمان گورگین، هەرچەندە هەندێکمان زۆر لە گورگیش خراپترین؟.

پێ دەچێ ئەم پرسیارە لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ مرۆڤ گورگە یان بەرخ، تەنیا جۆرە پرسیارێک بێت، بەڵام ئەم پرسیارە بەشێوەیەکی قووڵتر و گشتگیرتر، یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی فکری فەلسەفی و ئاینی ڕۆئاوایی: ئاخۆ جەوهەری مرۆڤ شەڕەنگێز و گەندەڵە، یان خێر و چاکە؟

لە زەمەنە کۆنەکاندا پێمان دەڵێن، کە جەوهەری مرۆڤ گەندەڵ نییە. بۆ نموونە سەرپێچیکردنی ئادەم و حەوا لە فەرمانی خوا، مانای خراپەکاری ناگەیەنێت، لە هیچ شوێنێکیشدا بچووکترین ئاماژە بەوە نەکراوە، کە ئەم سەرپێچییە بووبێتە هۆکاری گەندەڵبوونی جەوهەری مرۆڤ. بگرە بەپێچەوانەوە،سەرپێچیکردن مەرجێکە بۆ هۆشیاری بوونی مرۆڤ و توانای بڕیاردانی دەردەخات. وە بەم شێوەیەش، ئەم هەڵسوکەوتی سەرپێچیکردنەی یەکەم، وا شرۆڤەی کۆتایی کراوە، کە مانای هەنگاوی یەکەمی مرۆڤە بەرەو ئازادی. پێ دەچێت و سەرپێچیکردنی هەردووکیان نەخشەیەکی خوا خۆی بووبێت، چونکە بەپێی فکری پێغەمبەران بێت، لە پاش دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشت، مرۆڤ توانی مێژووی تایبەت بەخۆی دروست بکاتن، هەروەها وزە تایبەتییەکانی بەکار بهێنێت و پێکەوە لەگەڵ برا مرۆڤەکانی تریدا لە سروشتێکی خۆشدا بژین، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا مرۆڤ ببێتە تاکێکی تەواو، چونکە لە پێشدا مرۆڤ هیچ بوونی نەبوو.

بەپێی تێگەیشتنی پێغەمبەرانی ئاینی مەسیحی، لەو باوەڕەدان کە مرۆڤ لە ناخدا خراپ و گەندەڵ نییە، وە پێ دەچێ بتوانرێت ڕزگاری بکەین بەبێ ئەوەی پشت بە یارمەتی خوا ببەستین. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەشێوەیەکی گشتی لە کۆتاییدا گیانی خێر سەردەکەوێ.

چونکە ئەگەر مرۆڤ کارێکی خراپ بکا، پاشان خراپتر دەبێ. بەم شێوەیەش (فیرعەون) دڵڕەقتر دەبێت و بەردەوام دەبێ لە خراپەکاریدا، ستەمکاری بەجۆرێک زۆرتر دەبێت کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانیت چاوەڕوانی گۆڕان و تەوبەکردنی لێ بکەیت.

لە زەمەنی کۆندا کۆمەڵێک بەڵگەمان پێشان دەدات، کە زۆرترینیان نموونەی خراپەکارین تاوەکو چاکەکاری، بەشێوەیەک کە ناتوانین تەنانەت پیاوە چاکەکانیشی لێ دەربکەین، بۆ نموونە مەلیک

داودیش له لیستی ئەو کەسانەیە کە کاری خراپیان ئەنجام داوە. زەمەنی کۆن پێمان دەڵێن کە مرۆڤ دوو توانای گەورەی هەیە: یەکەمیان کاری چاکە. دووەمیان کاری خراپە. لەسەر مرۆڤ پێویستە بڕیاری خۆی لەبارەی (چاکە و خراپە، بەرکەت و لەعنەت، ژیان و مردن) بدات. وە خواش هیچ تەداخوول لەم هەڵبژاردنە ناکات، بەڵکە ئەو لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانەوە هەوڵ دەدات یارمەتی بدات، بۆ ئەوەی فێری ئەو پرەنسیبانەی بکەن، کە دەتوانێت لەکاری چاکە و باشە تێ بگات، هەروەها لەبارەی خراپە زانیاری بدەنێ و ئاگەداری بکەنەوە. بەڵام لە کۆتاییدا مرۆڤیان بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی خۆی بڕیار بدات و ئەم دوو جۆرە خەباتە هەڵبژێرێت: خەبات لە پێناوی کاری چاکە، خەبات لە پێناوی کاری خراپە. بڕیاری کۆتاییش، بڕیاری تاک خۆیەتی. (واتە خۆی بڕیاردەری یەکەم و کۆتاییە).

بەڵام گۆڕانی فکری لای ئاینی مەسیحی جۆرێکی تر بوو. لە پاش پێشکەوتنی کەنیسەی مەسیحی، پێیان وابوو سەرپێچیکردنی ئادەم تاوانی کردووە. ئەم تاوانەش وای کرد کە، سروشتی خۆیی و ڕەگەزەکەشی گەندەڵ بکا، هەر لەبەرئەوەش ناتوانێت بەتەنیا خۆی لەم گەندەڵبوونە ڕزگار بکا. تەنیا خوا و دەرکەوتنی مەسیح (کە لە ڕێگەی مرۆڤدا گیانی بەخت کرد) تەنیا ئەوان دەتوانن مرۆڤ لەم گەندەڵبوونە ڕزگار بکەن، تەنیا ئەو کەسانەش ڕزگاریان دەبێ، کە بە مەسیح ڕازیبوون. بەڵام عەقیدەی تاوانی سەرەکی (مەبەست تاوانی ئادەم) هەموو کاتێک لەلایەن خەڵکانی ناو کەنیسەی مەسیحییەوە بەبێ ناڕەزایبوون قبووڵ نەکراوە. بۆ نموونە (بیلاجیوس) دژی ئەم بۆچوونە وەستایەوە، بەڵام شکستی هێنا. بەشێک لە هومانیستەکانی ناو کەنیسە، بەتایبەت لە سەردەمی ڕێنیسانسدا هەوڵیان دا کە کەنیسە لەم بیرە دوور بخەنەوە، بەڵام نەیانتوانی بەشێوەیەکی ئاشکرا هێرش بکەنە سەر ئەم بۆچوونە یان نکووڵی لێ بکەن، چونکە لەوکاتەدا ئەم جۆرە بۆچوونانە بەکاری (دەرچوو لە ئاین، مرتد) دادەنرا. مارتین لۆسەر دیدێکی زۆر بنەڕەتی لەبارەی گەندەڵبوون و شەڕخوازی مرۆڤەوە هەبوو، لە کاتێکدا پاشان ڕووناکبیرانی سەردەمی ڕێنیسانس، هەنگاوی زۆر ڕادیکاڵانە تریان بەرەو ئاسۆیەکی تر نا. ئەو ڕووناکبیرانە پێیان وابوو کە (هەموو ئەو شەڕەنگێزیەی کە لە ناخی مرۆڤدا هەیە، هەمووی بەرئەنجامی هەلومەرج و دەوروبەرەکەیەتی).

لەبەرئەوە مرۆڤ هیچی لەدەست نایەت، چونکە هەمووی پێوەندی بەهەلومەرجەکەوە هەیە، کە شەڕەنگێزی لێ دروست دەبێ، بەنیسبەت چاکەوە، ئەمەش شتێکە خۆبەخۆی لە ناخی مرۆڤدا دروست دەبێ، ئابەم شێوەیە ڕووناکبیرانی پێشوو بیریان دەکردەوە. جێگەی ئاماژەیە ئەم بۆچوونەش، پێش (مارکس) و هاوڕێکانی، دەرکەوت. باوەڕبوون بە چاکی مرۆڤ ئەنجامی ئەو باوەڕ بەخۆبوونە نوێیە دروستبوو، کە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە سیاسی و ئابوورییە مەزنەی کە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا دەستی پێ کرد. لە بەرامبەردا، نابووت بوون (ئیفلاس) ئەخلاقی لە ڕۆئاوادا، لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دەستی پێ کرد و بەرەو هیتلەر و ستالین و کوفنتری و هیرۆشیمایان بردین، هەتا گەیشتینە ئەو حاڵەتەی ئەمڕۆ، وەکو خۆئامادەکردنە بۆ لەناوبردنی گەردوون، هەمووو ئەمانەش جارێکی تر ئەو بیرە تەقلیدییەی هێنایەوە کایە، کە دەڵێت:

(مرۆڤ لە ناخیدا شەڕەنگێزە).

ئەم جەختکردنەوە نوێیە زیاتر پێوەندی بەو کارە شەڕەنگێزیانەوە هەبوو کە مرۆڤ دەیکرد، لە هەمان کاتیشدا ئەم بیرە وەکو گاڵتەجارییەک لە دژی ئەو کەسانە بەکار هێنرا، کە هێشتا باوەڕیان بەوە بوو، کە چاکە لە ناخی مرۆڤدا هەیە، زۆرجار لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی بۆچوونیان یان تەمومژاویکردنی بۆچوونەکانیان، ئەم کارەیان دەکرد.

من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆرجار دەیانەوێت بۆچوونەکانم تەمومژاوی بکەن و بیانگۆڕن، وا پێشانی خەڵکی دەدەن کە گوایە من گاڵتەم بەو قسانە دێت، کە دەڵێت (هێزی شەڕەنگێزی لە ناخی مرۆڤدا هەیە). من لێرەدا دەمەوێت ئەوە دووبارە بکەمەوە، کە ئەم گەشبینییە ویژدانییە بەهیچ شێوەیەک گوزارشت لە بۆچوونەکانی من ناکەن. پێ دەچێ بۆ کەسێک زەحمەت بێت، کە خاوەنی ئەزموونێکی درێژی شرۆڤەی دەروونیی بێت، سووکایەتی بەو بۆچوونانە بکا کە باس لە هێزی وێرانکەرانەی شاراوەی ناخی مرۆڤ دەکات. چونکە من زۆر لەو نەخۆشانەی کە زۆر باری دەروونیان خراپە، ئەم هێزە شاراوەیەم بینوە، زۆر زەحمەتیشم کێشاوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەم ئەم هێزە ڕابگرم یان هەموو ئەم وزەیە بەرەو ئاستێکی بنیاتگەرانە ببەم.

بەدڵنیاییەوە بۆ هەموو کەسێک کە ئەو هەموو شەڕ و وێرانکارییەی شەڕی یەکەمی جیهانی بینیبێت، زۆر زەحمەتە باوەر بە چاکەی مرۆڤ بکا، چونکە ئەو هەموو گیانی هێز و توندوتیژییە وێرانکارییەی مرۆڤی بینیووە، لەبەرئەوە ئەوان تەنیا هێزی شەڕەنگێزی و توندوتیژی مرۆڤ دەبینن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمرۆ ڕووبەڕووی ترسێکی گەورە دەبینەوە، ئەویش هەستکردن بە لاوازی و بێ توانایی خەڵکی، بەگشتی لە نێوان زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئاساین و کەسانی رۆشنبیر بەتایبەت، خۆیان لە بەردەم ئەو هێزە زۆر وێرانکەرانەی شەڕەنگێزییەی مرۆڤدا لاواز دەبینن. هەر ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات، کە خەڵکی خۆیان تەسلیمی عەقڵیەتی داڕمان و بێ دەسەڵاتی بن، ئەم عەقڵیەتەش کە بەرگێکی نوێی هەمان عەقڵیەتی کۆن دووبارە بێتەوە، کە مرۆڤ گەندەڵە و تاوانبارە، هەر ئەم بیرەش دەمانگەیەنێتە ئەو هزرە داڕماوەیە کە دەڵێت: (ئێمە هیچ توانایەکمان نییە و ناتوانین شەڕ ڕابگرین، چونکە مرۆڤ لە ناخیدا سروشتێکی وێرانکەرانەی تێدایە).

هەرچەندە ئەم بیرەش هەوڵ دەدرێ، بخرێتە قالبێکی هزری و بکرێتە ڕاستییەکی دروستکراو. لەڕاستیدا ئەم بۆچوونەش ناڕاستە لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: ئەوە ڕاست نییە کە ئێمە نەتوانین ڕێگە لە هەستی وێرانکەرانە ڕابگرین، ئەمە هیچ ڕاست نییە کە دەوترێت ناتوانین بەسەر ئەم هەستەدا سەربکەوین، چونکە ئەم هەستە دۆڕاندن نازانێ، بگرە ناتوانین زاڵبین بەسەریدا و دەسەڵاتمان نەشکێت بەسەریدا.

دووەم: هەڵەی دووەم ئەوەیە، کە دەڵێن هەموو شەڕەکان بەرئەنجامی هێزە دەروونییەکانی (سایکۆلۆجیانە) ناخی مرۆڤن. هەرچەندە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کە هۆکاری شەڕەکان بگەڕێنینەوە بۆ (حاڵەتی دەروونی)، چونکە هەموو شەڕەکان لە ئەنجامی ئەو بڕیارانە دروست

دەبێت کە سیاسی و عەسکەری و پیاوانی بازرگان دەیدەن، کە مەبەستی سەرەکی ئەمانیش بۆ ئەوەیە کە، دەست بەسەر زەوی زۆرتر، سامانی سروشتی، یان ئیمتیازاتی بازرگانیان دەست بکەوێت. یان بەهۆی بەرگریکردن لە هێرشی دوژمنان (بەڕاستی یان بە درۆ)، یان بەهۆی ئەوەی کە پایەی کەسایەتیی خۆیان بەهێز بکەن.

هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم پیاوانە و کەسانی ئاسایی نییە: ئەمان خۆپەرستن، بەڵام توانای نکولیکردن لە بەرژەوەندیی خۆیان، زۆر سنووردارە، بە واتایەکی تر ئەمانە نە دڕندەن و نە گەندەڵیشن. لە کاتێکدا کەسانی لەم جۆرە بگەنە دەسەلات، دەتوانن حوکمی ملیۆنەها کەس بکەن و دەسەلاتیان بەسەر کوشندەترین چەکدا بێت، ئەمانە گەورەترین زەرەر دەدەن.

ئەمانە لە ژیانی ئاساییی خۆیاندا، دەتوانن نەیارانیان لەناوبەرن، بەڵام لە جیهانی دەوڵەت، کە خاوەنی هێز و توانایەکی پتەوی سەپێنراو (مەبەستمان لە سەپێنراو ئەوەیە کە هیچ یاسایەکی ئەخلاقی نییە، ڕێگە لە هەڵسووکەوتی ئەو دەوڵەتە بگرێت)، ئا لەم حاڵەتەدا، ئەم کەسانە دەتوانن رەگەزی مرۆڤایەتی لەناوبەرن. ترس لە (کەسانی ئاسایی کە خاوەنی هێزێکی نائاساییین)، گەورەترین ترسە کە ڕووبەڕووی رەگەزی مرۆڤایەتی دەبێتەوە، بەپێچەوانەوە دێوەزمە و سادیەت رەگەزی مرۆڤ لەناو نابەن، بگرە ئەم جۆرە کەسانە هەرەشەی گەورەن.

بەڵام هەروەک چۆن مرۆڤ پێویستی بە چەک هەیە بۆ ئەوەی جەنگی پێ بکا، بەهەمان شێوەش پێویستی بەهەستی ڕق و کینە و وێرانکاری و ترس هەیە، بۆ ئەوەی ملیۆنەها کەس گیانی خۆیان بەخت بکەن و بچنە شەڕەوە و ببنە تاوانبار. ئەم هەڵچوونانەی مرۆڤ، مەرجێکی سەرەکی و پێویستن بۆ هەموو شەڕێک، بەڵام ئەمانە (هەڵچوونەکان) هۆکاری سەرەکی شەڕ نین، بگرە چەک و بۆمبەکان هۆکاری سەرەکین. زۆر لە چاودێران پێیان وایە، کە شەڕی ئەتۆمی، لە شەڕی کلاسیکی جیاوازە. چونکە ئەو پیاوەی کە دەست لەسەر دوگمەیەکی بۆمبی ئەتۆمی دادەگرێت، کە دەبێتە هۆی کوشتنی هەزاران کەس، لە ڕووی هەستکردن و ئەزموونی کوشتنی کەسێکی ترەوە، لەچاو ئەو سەربازەی کە بە قەمە و، ڕەشاش دەجەنگێت زۆر کەمترە. (واتە کەسی مۆدێرن کەم ئەزموونترە لەو کەسانەی کە پێشتر بە چەکی کۆن شەڕیان دەکرد، مەبەست لە ئەزمونی کوشتن) لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەو هەڵسووکەوتەی کە دەبێتە هۆی تەقاندنی بۆمبێکی ئەتۆمی، لە ڕووی هۆشیارییەوە، پێوەندی بە ملکەچبوونی مرۆڤ بۆ بریاری سەرووی خۆیەوە هەیە. بەڵام لێرەدا ڕووبەڕووی پرسیارێکی گرینگ دەبینەوە، ئەویش ئەوەیە: ئاخۆ لە چینەقووڵەکانی ناخی مرۆڤدا، بوونی وزەی وێرانکەرانە نییە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەستی گوێ نەدان بە ژیان (لا مبالاة بالحياة) لای مرۆڤ دروست بکا، ئەم هەڵسوکەوتەش (مەبەست کوشتن بە بۆمبی ئەتۆمی) ببێتە شتێکی ئاسایی؟

لێرەدا هەوڵ دەدەم باسی سێ دیاردەی گرینگ بکەم، کە بە بۆچوونی من هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرەو گەندەڵبوون و خراپەکاری بەرێت، لە هەمان کاتیشدا گەورەترین ترسن بۆ ژیان. ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەم: خۆشەویستی بۆ مەرگ.

دووەم: نەرجسیبوونێکی پیس.

سێهەم: سەپاندنی گیانی کوشتن.

ئەم سێ دیدە کاتێک یەکدەگرن دەبنە هۆی دروستبوونی (ئاوێتەی وێرانکاری)، ئەمانە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن، بۆ ئەوەی وێرانکاری لەبەر وێرانکاری بکا، ڕق لەبەر ڕقلێبوون بکا. لە بەرامبەر ئەم (ئاوێتەی وێرانکارییە)، (ئاوێتەی ژیان) دادەنێم.

خۆشەویستی بۆ ژیان = خۆشەویستی بۆ مەرگ

مرۆڤدۆستی = نەرجسی

سەربەخۆیی = سەپاندنی گیانی کوشتن

هەست بە گەشەسەندن و پێگەیشتنی ئەم دوو ئاوێتەیە لەناو هەموو خەڵکیدا ناکەین، جگە لە کەمینەیەکی بچووک نەبێت (واتە خەڵکانێکی کەم نەبێت)

بەڵام لە کۆتاییدا بە بێگومان دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی، کە مرۆڤ بەرەو دوو ئاسۆ هەنگاو دەنێت کە خۆی سەربەستە لە هەڵبژاردنیاندا:

ژیان یان مەرگ

چاکە یان خراپە

سەرچاوە:

ئەم وتارە لەم کتێبە وەرمگێڕاوە.

جوهر الانسان. آریش فروم. ترجمة. سلام خیربک. دار الحوار. الطبعه الاولی. ٢٠١١.

پەراوێزەکان:

* تەلعەت پاشا. لە ساڵی ١٨٧٢ لەدایک بووە لە ساڵی ١٩٢١ لە بەرلین بەدەستی شۆڕشگێڕێکی ئەرمەنی کوژراوە. تەلعەت پاشا یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ئیتحاد و ئەلتەرەقی تورکی. کە بە دایکی بیری فاشیزمی تورکی دەناسرێت. لە نێوان ساڵانی ١٩١٥ تا ١٩١٧، وەزیری ناوەخۆی تورکیا بوو. یەکێکە لە بەرپرسە سەرەکییەکانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان. جێگەی ئاماژەیە ئەم کۆمەڵکوژییەش بەیارمەتی لۆجستیکی و سەربازی ئەڵمانییەکان ئەنجام دراوە.

** هۆلۆکس. ئەم دەستەواژەیە لە پاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە هاتە ناو قامووسی سیاسییەوە. مانای کۆمەڵکوژی جوولەکەکان دەگەیەنێت، بەدەستی ئەڵمانییەکان لە کاتی فەرمانڕەوایی نازییەکان. لە ئەڵمانیا و ئەوروپادا، ملیۆنەها جوولەکە بە پیسترین شێوە لەناوبران. ئەمەش زیاتر وەکو پرۆسەی ئەنفالکردنی کورد لەلایەن بەعسییەکان و کۆمەڵکوژی توورکەکان لە دژی کورد لە شاری دەرسیم و باکوری کوردستان دەچێ.

# دەروونناسیی شۆڕش

## پێناسەی گشتگر بۆ شۆڕش

لە روانگە ئەکادیمی و لێکدانەوەی گشتییەوە، شرۆڤەیەکی ستاندەردی نێودەوڵەتی بۆ (شۆڕش) هەیە کە بەگشتی لە ٦ پێناسەی کورتدا کۆ دەبنەوە:

١- گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و گشتگیرە کە ئاڵوگۆڕی ریشەیی بەسەر ژینگەی دەوروبەری خۆیدا دێنێ.

٢- جۆرێکە لە جووڵەی تاک کە دەتوانێ دۆخەکە بۆ شوێنی سەرەتای دەسپێکی خۆی بگەڕێنێتەوە و دووبارە دەست بکاتەوە بەڕیگەیەک کە لەوانەیە پێشتر پێیدا تێپەڕ بووبێ، واتە شۆڕش دەکرێ گەڕانەوە بۆ شوێنی دەسپێکی کۆمەڵگە یان سیستەمێک بێ، سووڕانەوەی رۆژ و مانگ لە ئاسمانەکان و گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان لە خوولگەدا دەچنە خانەی شۆڕشێکی بەردەوام.

٣- روانینێکی دووبارە بۆ رابردوو و گەڕانەوە بۆ سەر وێستگەیەکی پێشووتر، بەڵام بەنەهێشتنی کۆمەڵێک شت کە پاش رابردوو هاتوونەتە ئاراوە.

٤- سەرکەوتنی چەند رووداوێکی نوێ کە ئەنجامەکانی دەبێتە هۆگەل بۆ هاتنەئارای دۆخێکی تازە و بەهۆیەوە دەرفەتێک دروست دەبێ تا رووداوەکان، کەشێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست بکەن و سەرجەم بەشەکانی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێ.

٥- چەمانەوەیەکی دۆخ و هاتنە ئارای هێڵێکی نوێیە کە ئاراستەیەکی نوێ بەرووداوەکان دەدا، دەتوانین بڵێین چەمینەوەی رووداوەکان دۆخێکی چەماوەی نوێ دروست دەکا کە هەموو شتەکان لەگەڵ پێشتر جیاوازییان هەیە، رادەی ئەو جیاوازییە پێوەندیی بەرژدی داوای

.................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان

خۆپێشاندەرانەوە هەیە.

٦- زۆرجار شۆڕش بەمانای سوورانەوە لە دەوروبەری هەندێک داواکاریی تایبەتە کە بەهۆیەوە نارازییان هاوپەیمان دەبەن تا بۆ گەیشتن بەو داواکاری و ئامانجانە یەک بگرن و بەهاوکاریی یەکتر ویستەکانی خۆیان لە مەیدانەکەدا بسەپێنن.(١)

## شۆڕشەکان چۆن سەر دەگرن؟

ئەگەر هەژاری و برسێتی هۆکاری سەرەکیی شۆڕش و ڕاپەڕین بووایە، ئەوە هەموو دنیا بەردەوام لە شۆڕشدا دەبوو، چونکە زۆربەی وڵاتانی دنیا کۆمەڵێک برسی و هەژاریان لەخۆ گرتووە و بۆیان ناکرێ چارەی ریشەییان بکەن، بۆیە لایەنی خزمەتگوزاری، زیاتر یاریدەدەری شۆڕشە نەک خودی شۆڕش، بەڵام ئاخۆ بۆ هێنانە سەر شەقامی یەک ملیۆن خۆپێشاندەر پێویستیمان بەچی هەیە بۆ ئەوەی شۆڕشیان پێ بکەین؟ شۆڕشەکان بەگشتی دوو جۆرن، کورت و خوێناوی، یان درێژ و ئاشتییانە کە پەیامی هەردوو جۆریان لە ٢٤ کاتژمێری دەستپێکدا بەهەریەک لە لایەنی یاخی و لایەنی دەسەڵات دەگا و تێگەیشتنێکی شاراوە دێتە ئاراوە و هەردوو لایەن لە هێزی هەڵمەت یان بەرگریی خۆیان دەگەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان جیاوازییان هەیە و لە هەردووکیان نموونەی زۆرمان بینیوە. لێرەدا باسی چەند شۆڕش و نارەزایەتیی دیاری ئەم دواییەی جیهان دەکەین و ٨ هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشانە بەئەزموون وەردەگرین:

١- توندوتیژی و کوشتن لەلایەن دەسەڵاتەوە، هۆکار و دەستپێکی هەرە دیاری شۆڕشەکانی جیهان لە ماوەی ٣٥ ساڵی رابردوو بووە. هەرچەندە هەندێک جار ئەو هۆکارە کارەساتی ترسناکی مرۆیی لێ کەوتووەتەوە، بەڵام ئەمەیان کاریگەرترین هۆکارە تا شۆڕش بکەوێتە سەرپێ. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ باشترین نموونەی ئەو جۆرە شۆڕشەیە. بۆ نموونە گرتن و کوشتنەکانی سیستەمی دەسەڵاتی شای ئێران لە تەنیا ٦ مانگ پێش رووخانی ئەو دەسەڵاتە بوو کە بەهۆیەوە کۆمەڵێک گرتن و لەداردان جێبەجێ کران و لە پلانێکی هێزە ئەمنییەکانی ئەو کاتی ئێران لە هاوینی ١٩٧٨دا، (سینەما رێکس)ی ئابادان سووتێنرا کە بەهۆیەوە بەلایەنی کەمەوە زیاتر لە ٣٠٠ کەس بەزیندوویی سووتان و تا ئێستەش شارەزایانی سیاسی بە چەخماخەی راپەرینی جەماوەریی ئێرانی دەزانن کە دواتر سەرهەڵدان و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی لێ کەوتەوە و پاشان کۆماری ئیسلامی جێگیر بوو.

٢- چالاکیی تاکەکەسی دژی سیستەمی دەسەڵات، هەندێک جار نواندنی گرژی و لەخۆبردوویی تەنیا یەک کەس دەبێتە هەوێنی شۆڕشی گەلێک، وەک ئەوەی سەرەتاکانی ئەمساڵ لە تونس رووی دا و محەمەد بوعەزیز لە کۆتاکانی ساڵی رابردوو خۆی سووتاند و دواتر رووخانی دەسەڵات و هاتنەئارای حکوومەتی نوێی ئەو وڵاتەی لێ کەوتەوە.

٣- بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ناڕاست، بۆ نموونە کاتێک لە پایزی ١٩٨٩ دەنگۆیەک بڵاو بووەوە کە گوایە هێزە تەناهییەکانی حزبی شیوعیی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو لە شاری پراگ

بەمەبەستی کوشتنی ٢ قوتابیی زانکۆ، لێدانێکی زۆریان لەو ٢ خوێندکارە دا ئازاریان پێ گەیاندن، بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە کە دواتر دەرکەوت راست نییە، نارەزایەتیی جەماوەری لێ کەوتەوە تا رادەیەک کە مۆسکۆی لەرزاند و زۆر لە چاودێران پێشبینییان دەکرد ئەو رووداوە هەرەس بە بلۆکی شەرق (جەمسەری رۆهەڵات) لەسەر دەستی رووسیا بێنێ.

٤- نارەزایەتیی شاراوە و کپکردنی خەڵک: وەک ئەوەی ئێستە لە چین هەیە کە زۆربەی خەڵک لە نەبوونی ئازادیی سیاسی نارازین، بەڵام لەم قۆناخەدا پێیانەوە دیار نییە. بۆ نموونە لە چین کە پاش ئەمەریکا دووەم گەورە وڵاتی ئابووریی جیهانە، لە سەرەتاکانی ئەمساڵ گەرێکی خۆپێشاندانی نارەزایەتیی جەماوەری ١٣ شاری گەورە و لەوانە پەکینی پایەتەخت و شانگهای پایەتەختی ئابووریی ئەو وڵاتەی گرتەوە، بەڵام دواتر کۆنترۆڵ کرا و تا ئێستە بەکپی ماوەتەوە.

٥- لاساییکردنەی شۆرش و ئەنجامی نارەزایەتیی وڵاتانی تر هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی لە وڵاتێک خەڵک روو لە شەقام بکا تا ئەزموونێکی سەرکەوتوو بۆ خۆی تاقی بکاتەوە. بۆ نموونە لە میسر کە خەڵک لە مەیدانی تەحریری قاهیرەی پایەتەخت کۆ بوونەوە و بەشێوەیەکی زیاتر هێمنانە باسی نارەزایەتییان لە دەسەڵات کرد، دواتر ئەو شێوازە رووی لە وڵاتانی تری ناوچەکە کرد.

٦- ماوەی فەرمانرەوایی: ماوەی هێز و دەسەڵاتداریی ئەو حکوومەتەی شۆرشی لەسەر دەکرێ زۆر گرینگە. بەجۆرێک بووەتە هاوکێشە کە تا تەمەنی دەسەڵاتێک درێژتر بێ، ئەوە تێیدا ئەگەری شۆرش زیاترە شیمانەی زووتریش هەیە تا سەرکەوتوو بێ. واتە ئەگەری سەرهەڵدانی شۆرش و سەرکەوتنی دژی دەسەڵاتێکی ٤٢ ساڵەی کەسێکی وەک معەمەر قەزافی لە لیبیا زۆر ئاسانترە تا رووخانی دەسەڵاتێکی سیاسی (بۆ نموونە) لە سوێد کە ئەوپەری ٨ ساڵە هێزێک لە دەسەڵاتدایە و جێگۆرکێی دەسەڵات دەکرێ. ئەگەر دەسەڵات گۆرانکاریی بەسەردا هات، نارازی و خۆپێشاندەران دەرفەتی ئەوەیان نابێ دژی ئەو دەسەڵاتە هێزی جەماوەری کۆ بکەنەوە و ناچارن چاوەرێی رووداو و کەسەکانی دواتر بکەن.

٧- پاڵپشتی و دەستوەردانی دەرەکی: ئەوەیان هۆکارێکی ترە تا شۆرش و نارەزایەتییەکی ناوخۆیی سەربکەوێ. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٩ کاتێک میخائیل گۆرباچۆف رێبەری ئەو کاتی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو لە بەرەنگاریی خۆپێشاندەراندا پەنای بۆ سوپای سوور برد و بەتەقە وەڵامی خۆپێشاندەرانی دایەوە، لە ئەنجامدا پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی بۆ خۆپێشاندەران دروست بوو و دەنگیان لە رووسیا دەرچوو.

٨- بروابوون بەوەی شۆرش بەبێ ئازار و توندوتیژی و قوربانی ناکرێ، واتە رۆشنبیریی شۆرش. چونکە زۆر دەگمەنە دەسەڵاتێکی باڵادەست بەرامبەر دەنگێکی نارازی کە داوای رووخان دەکات، بەئاشتییانە واز بێنێ و بەرگری نەکات. وەک ئەوەی ئێستە لە لیبیا هەیە و دەسەڵاتی قەزافی ئامادە نییە دان بەدەنگی نارازییاندا بنێ و بەنیازە وڵاتێکی وێران بۆ دەسەڵاتی پاش خۆی بەجێ بێڵێ.

زنجیرەیەک لە ١٤ شۆرش و نارەزایەتیی خۆرسکی جەماوەریی مێژووی نوێ کە هەموویان

لەسەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە بەڕێوە چوون و مەبەستی سەرەکیی خۆیان پێکا کە نەهێشتنی تەوژمی دەسەڵات بوو:

١- شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٨
٢- شۆڕشی رۆهەڵاتی ئەڵمانیا لە پایزی ١٩٨٩
٣- راپەڕینی کورد لە هەرێمی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١
٤- شۆڕشی رووسیا لە هاوینی ١٩٩١
٥- شۆڕشی ئەندەنوسیا لە بەهاری ١٩٩٨
٦- شۆڕشی سربیا لە پایزی ٢٠٠٠
٧- شۆڕشی گورجستان لە پایزی ٢٠٠٣
٨- شۆڕشی ئوکراین لە پایزی ٢٠٠٤
٩- شۆڕشی لبنان لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥
١٠- نارەزایەتیی جەماوەریی ئێران لە هاوینی ٢٠٠٩
١١- شۆڕشی تونس لە سەرەتای ٢٠١١
١٢- شۆڕشی میسر لە سەرەتای ٢٠١١
١٣- شۆڕشی لیبیا لە شوباتی ٢٠١١
١٤- راپەڕینی خەڵکی یەمەن لە شوباتی ٢٠١١

بەپێی هەموو ئەوانەی سەرەوە و بگرە شۆڕش و راپەڕینەکانی پێشووتری دنیاش، پرۆسەی دەربڕینی نارەزایەتی و رووخانی هەر سیستەمێکی دەسەڵات، راستەوخۆ پاش ئەوە دەست پێ دەکا و بەهێز دەبێ کە ئەوانەی خۆیان رۆژانێک پێکهێنەری ئەو دەسەڵاتە بوونە، ئەمڕۆ دژی دەوەستنەوە، بەو شێوەیە شۆڕش و نارەزایەتییەکان بەهێزتر دەبن، بەڵام نارازییانی ناو دەسەڵات ئەگەر سەر بەباڵی سەربازیی حکوومەت بن، ئەوە کێشەکە گەورەتر دەکەن و شەڕ و ئاژاوەی زیاتر بۆ هەردوو لایەنی نارازی و دەسەڵات دەنێنەوە. زۆرجاریش دەتوانن راستەوخۆ هەرەس بەدەسەڵات بێنن و بەهەڵەیدا ببەن. بۆ نموونە بن عەلی سەرۆکی تونس لە سەرەتاکانی زستانی ئەمساڵدا پاش ئەوە بڕیاری دا بەرەو سعوودیە رابکات کە جەنەراڵ و فەرماندەی سەربازیی وڵاتەکەی پێیان گوت سوپا ناتوانێ بەرگری لە کۆشکی سەرۆکایەتیی بکا و شۆڕش هەموو وڵاتی گرتووەتەوە. ئەو سەرکۆمارە پاش زیاتر لە ٢٠ ساڵ دەسەڵاتداری، وڵاتی بەجێ هێشت، واتە دەرکەوت کە درێژیی تەمەن و ماوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتداران، پێوەندیی راستەوخۆی بەهەڵوێستی خاوەن دەسەڵاتەکانەوە هەیە کە بەرامبەر شۆڕشەکان هەڵوێستی خێرا و دەستبەجێیان هەیە.

## لە شۆڕشەکاندا بەدەگمەن هێمنی و ئارامی دەبینرێ

شۆڕشەکان لە ٢٤ سەعاتی سەرەتای رووداوەکاندا خۆیان دەگرن و لەو ماوەیەدا داواکاریی خۆپێشاندەران و وەڵامەکانی دەسەڵاتداران ئاشکرا دەبن و رووداوەکان ئاراستەی خۆیان وەردەگرن.

ئەوەیان قۆناخێکی هەستیارە، بەڵام سەرکردەکانی هەردوو لایەنی دەسەڵات و نارازی ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە ئاڵۆزکردنی زیاتری دۆخەکە. گەنجان کە بەشێکی سەرەکیی خۆپێشاندانەکانن، هاوکات هۆکاری سەرەکین لەوەی خۆپێشاندانەکان بەرەو ئاڵۆزی ببەن، بۆیە زۆر دەگمەنە لە شۆڕشەکاندا ڕەچاوی هێمنی و ئارامی بکرێ، بەڵام دەستپێشخەرییەکی ڕوون و ئاشکرا لە سەرەتای سەرهەڵدانی نائارمییەکان دەتوانێ گۆڕانکارییەکەی خێرا و دیاری لێ بکەوێتەوە، ئەگەر لایەنەکان لەسەر کۆک بن و لە یەکتری بگەن.

لە ساڵی ٢٠٠٣ ئێدوارد شواردنادزێ سەرۆکی گورجستان کە تووشی نارەزایەتیی جەماوەری بووەوە، بەئاشتییانە دەستی لە کار کێشایەوە و تا ئەو کاتەی مرد، بەتەنیا لە ڤیلایەکی تایبەت بەخۆیدا بەئارامی ژیا و پاش ١٠ ساڵ وازهێنانی لە دەسەڵات گیانی لە دەست دا، بەڵام جێگەی ئاماژەیە کە کوڕەکەی بەناوی (تامی) هاتبووە گرتن. زۆرجار هەندێک خەڵک لەناو خۆپێشاندانەکاندا پەیدا دەبن کە تووڕەن و بەدوای دەرفەتێک بۆ ڕووخانی دەسەڵاتداران و کەسانی دەوروپشتیاندا دەگەڕێن، هەروەها لە دژی ڕێبەرە کۆنەکەی مەیدانی سیاسی خەریکی دۆزینەوەی ڕێگەیەک دەبن تا و کێشە ئابووری و سیاسییەکان شۆڕشەکە بەرێوە ببەن و هەندێک دروشم بدەن کە ئەگەر گۆڕانکارییەکانیش سەر بگرن، ئەو دروشمانە نایەنە جێبەجێکردن.(٢)

## "شەقامی عەرەب" چییە؟

ئێمە هەرگیز گوێبیستی دەستەواژەیەک بەناوی (شەقامی ئەمەریکای لاتین) یان (شەقامی ئەوروپایی) نابین. خۆپێشاندەرانی نارازیی میسر لە گۆڕەپانی (تەحریر)ی پایەتەخت و پێشتریش خۆپێشاندەرانی نارازی لە تونس کە شۆڕشی هاووڵاتییانی تووڕەی لێ کەوتەوە، دژی دەسەڵاتێکی کۆن و سەرانی پەیکەرێکی سیاسیی درێژخایەن بوو. بەشدارانی ئەو کۆبوونەوە جەماوەری و بەربڵاوە پەنایان بۆ دەستەواژەیەک بەناوی (شەقامی عەرەب) برد تا بتوانن بەهۆیەوە رای گشتیی خۆیان وەک موسڵمان بخەنە ڕوو، بەڵام بەڕاستی سەرەتای بەکارهێنانی ڕەسمیی ئەو دەستەواژەیە بۆ کوێ دەگەڕێتەوە و چۆن هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی.

لە ساڵی ٢٠٠٩، پرۆفیسۆر (تێری ریجیەر) کەسایەتیی ئەکادیمیی زانکۆی (یۆرک) لە کەنەدا لە کتێبەکەیدا بەناوی (عەرەبەکان) بۆ یەکەم جار دەستەواژەی (شەقامی عەرەب)ی بەڕەسمی بەکار هێنا و چاپی کرد، هاوکات محەمەد عەلی خەلیل لە هەمان زانکۆ لە نووسینەکانیدا ئەو دەستەواژەیەی بەکار برد. ئەوان تێگەیشتن لەوەی زمانی ڕۆژنامەکان و ڕاگەیاندنی عەرەب دەستەواژەی (شەقامی عەرەب) وەک هێمایەک بۆ بەرەنگاری و هەڵوێستی رای گشتی بەکار دەبا، واتە سەرجەم لایەنەکانی عەرەب دەگرێتەوە و تایبەت نییە بەموسڵمانەکان.

هەروەها ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەب چەند چیرۆکیان لەبارەی (شەقامی بەریتانیایی)، (شەقامی ئەمەریکایی) و (شەقامی ئیسرائیلی) نووسیوە و بڵاو کردووەتەوە، ئەوەش بەو مانایە نییە کە سەرچاوەی ئەو دەستەواژەیە بۆ عەرەب دەگەڕێتەوە. ڕەگوڕیشەی ئەو دەستەواژەیە

هەندێک ئاڵۆزە. لە فەرهەنگی زمانەوانیی ئاکسفۆرددا ئاماژە بە (ویندهام لیوز) کراوە کە نووسەر و هونەرمەندێکی بەریتانیاییە و بەرزی دەنرخێنێ لەوەی یەکەم کەس بووە وشەی (شەقام Street)ی خستووەتە ناو ئەو فەرهەنگە و لە واتەکانیدا ئاماژەی بە (رای گشتی و بۆچوونی جەماوەر)یش کردووە. ویندهام لیوز لە ساڵی ١٩٣١ لە کتێبێکدا بەناوی (سۆزێک بۆ ئەدۆلف هیتلەر) ئاماژە دەکا، لایەنە سیاسییە دیموکراسییەکان ناتوانن پاشەکشە بەدەسەڵاتی رێبەرانی فاشیست و شۆڤێنی بکەن، چونکە (دەنگی شەقام هاوکار نییە و پاڵپشتی دەسەڵاتە). هاوشێوەی هیتلەر کە لەسەر شەقامەکان پێشوازییەکی جەماوەری لە وتارەکانی دەکرا و لەناو ئاپۆرای خەڵکدا وتارە سیاسییەکانی پێشکێش دەکرد، ئەو دیاردە سیاسی و جەماوەرییەس هیتلەر و تەنانەت دەستەواژەکەی (شەقام) کە تایبەت بوو بەو دۆخە، نەگەیشتە ئەمەریکا و بەریتانیا، بەڵام لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٩ لە لبنان بینرا. نووسەرانی لبنانی وەک وڵاتێکی عەرەب دەستەواژەی (شەقام)یان بەهۆکارێک ناو برد کە هێمایەکە بەرامبەر رای گشتی لە چەوساندنەوە و پێشێلکردنی موسڵمانان و ئەو جیاوازییە چینایەتییەی لێی دەکەوێتەوە.

شارەزایان و زانایانی بواری سیاسیی ئەمەریکایی دەستەواژەی (شەقام)یان لە ساڵانی ١٩٧٠ بەکار هێنا، ئەویش هەر تایبەت بوو بەدۆخی وڵاتانی عەرەب.

کەسایەتییە ئەکادیمییەکانی ئەمەریکا لە نووسین و بەکارهێنانی دەستەواژەی (شەقام) لە نێوان زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی جیاوازییان داناوە. لە ئینگلیزیدا، (شەقامی عەرەب) زیاتر بەمانای ناجێگیری و ئاڵۆزی هاتووە. هیچ جێگەی گومان نییە کە زۆرجار لەو بارەیەوە هەڵەی زمانەوانی روو دەدا، بەوەی کە نووسەرانی عەرەب دەستەواژەی (شەقام) بەئاسایی دەزانن و پێیان وایە هێمای گەورەیی و شانازیی خۆیانە، وەک ئەوەی لە ئەمەریکا هەیە، بەڵام لە راستیدا لێکدانەوە بۆ (شەقام) لە ئەمەریکا و وڵاتانی عەرەبی جیاوازییەکی زۆری هەیە. بۆ نموونە لە ئەمەریکا (شەقام) بۆ پێشاندانی ناوونیشان بەکار هاتووە، بەڵام لەلای عەرەبەکانەوە جۆرێکی ترە. بەکارهێنانی (شەقامی میسری) بەمانای هێما و ناخی دانیشتووانی ئەو وڵاتە دێ، هەروەک چۆن حەسەن نەسروڵا سەرۆکی رێکخراوی حزبوڵای لبنانی (شەقامی ئیسرائیل)ی بەرز نرخاند لەوەی بەرەنگاری سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ئیسرائیلی دەبنەوە.[٣]


سەرچاوەکان:

١- ماڵپەڕێکی نێودەوڵەتی بۆ شیکردنەوە چمکە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان

http://thinkexist.com/dictionary/meaning/revolution/

٢- مارک ئەلۆند، مێژووناس لە زانکۆی ئاکسفۆردی بەریتانیا و خاوەنی کتێبی (راپەڕین) کە بەرهەمێکی سیاسییە و چوارچێوەیەکی سیاسیی بەگۆڕانکارییەکی دنیا بەخشی

http://www.bbc.co.uk/news/world-middle-east-12431231

٣- برایان پاڵمەر لە ناوەندی توێژینەوەی (سلەیت)ی نێودەوڵەتی

http://www.slate.com/id/2283169/

## پێڕست


شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شاعیرێکی هەجووکاری کورد. لە ئینگلیزییەوە: فەرهاد شاکەلی ........ 3
سیاسەت و تەکنەلۆجیا و دیموکراسی "هزرگەلێکی بەرایی". لە عەرەبییەوە: عەبدورەزاق عەلی ........ 14
کۆچ بەرەو بەدیهێنانی خەونەکان. محەمەد فەریق حەسەن ........ 23
بناوانی لێبووردەیی لە هزری عەرەبی... لە عەرەبییەوە: عەبدورەڕاق عەلی ........ 33
کەسێتیی تاکی عێراقی – بەشی شەشەم: وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 46
ئەو بەرهەمانەی لە ناوەندی ئایینیی دنیای ئیسلامدا هەرایان ناوەتەوە. عومەر عەلی غەفوور........ 65
مێژووی سالآنی شا و پێغەمبەرانی سەر زەوی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 85
مالمێکی جوولەکە چ لە محەمەد فێر دەبێ لە ئینگلیزییەوە: مامکاک ........ 101
داهاتووی کوردستان بەرەو کوێ دەچێ؟ وەرگێڕان لە ئینگلیزی بۆ کوردی: فوئاد رەحیم ........ 107
ئاسەوارە ئابوورییەکانی ڕووداوەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود ........ 122
دەوڵەتی فاشیل چییە. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 127
زیادبوونی ڕۆڵی ئاین لەناو کۆمەڵگە و سیاسەتدا. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 146
بنەما ئەخلاقی و یاساییەکانی رۆژنامەوانی. لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر ........ 160
پەرەپێدانی مرۆیی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود ........ 170
خوێندنەوەیەک بۆ ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. و: ئەمیر مەحموود ........ 175
بنەماڵەیەک کۆریای باکور حوکم دەکات. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ........ 183
چەند پەیڤێک لەبارەی ڕەفیق حەریری–یەوە. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 190
کامیلیا راستییەکان بدرکێنە. ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ........ 199
نامەی دڵداریی کەسایەتییە ناودارەکانی جیهان. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ........ 223
جوێرن ئوتزن و تەلاری ئۆپێرای سیدنی. ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 250
شێوەکار عەبدوڕەحمان وەحید گلحو. ئاغالە ........ 257
ریفۆرمی پرۆتستانی تاکباوەڕی و مۆدێرنیتە. لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری ........ 273
نامە بۆ هاوڕێیەکی ئەڵمانی. لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی ........ 289
شارلۆت برۆنتە خوڵقێنەری چیرۆکی "جین ئایەر". لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر ........ 308
جوانکاری و هێماکانی جەستە لە سینەمای پازۆلینیدا. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 312
ژنەکانی دەوروبەری مەولانا جەلالودینی ڕۆمی... لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی ........ 318
ئاخۆ مرۆڤ گورگە یان بەرخ؟ لە عەرەبییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا ........ 334
دەروونناسیی شۆڕش. لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان ........ 342